# وریابوونەوەی کورد

## مێژوویێکی سیاسی

## ١٩٠٠ ـ ١٩٢٥

جەرجیس فەتحوڵڵا

# وریابوونەوەی کورد

## مێژوویێکی سیاسی

## ١٩٠٠ ـ ١٩٢٥

باسی ئەو ململانێیە دەکا کە لەکۆمەڵەی گەلاندا ـ عصبە الامم ـ سەبارەت بەباشووری کوردستان روویدا لەگەڵ بەڵگەنامە و یادداشتە پەیوەندیدارەکان بەو کێشەیەوە

**بەرگی یەکەم**

**حەسەن جاف**
**لەعەرەبییەوە کردوویەتی بەکوردی**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **وریابوونەوەی کورد** (مێژوویێکی سیاسییە)
- **نووسینی:** جەرجیس فەتحوڵڵا
- **وەرگێڕانی بۆ کوردی:** حەسەن جاف
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **پیتچنین:** دەزگای موکریانی
- **بەرگ:** محەمەد هاشم
- **چاپ:** یەکەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٥٠٢
- **نرخی هەردوو بەرگ:** ١٠٠٠٠ دینار
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٥٤)

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

## ناوەڕۆك

### بەشی یەكەم


**مێــژوو** ........ ٢٧
فەسڵی یەكەم ........ ٢٩
فەسڵی دووەم ........ ٥٧
فەسڵی سێیەم ........ ٧٢
فەسڵی چوارەم ........ ٩٥
فەسڵی پێنجەم ........ ١٠٤
فەسڵی شەشەم ........ ١٢٤
فەسڵی حەوتەم ........ ١٣٧
فەسڵی هەشتەم ........ ١٦١
فەسڵی نۆیەم ........ ١٧٩
فەسڵی دەیەم ........ ١٩٩
فەسڵی یازدەیەم ........ ٢١٩
فەسڵی دوازدەیەم ........ ٢٤٣
فەسڵی سێزدەیەم ........ ٢٥٧
فەسڵی چواردەیەم ........ ٢٧٩
فەسڵی پانزدەیەم ........ ٣٠١
فەسڵی شازدەیەم ........ ٣٢٣

**دەربارەی بارودۆخی دانانی ئەم کتێبە**

((من دڵنیام کە یەکێك ئەمڕۆ کتێبێ دەنووسێ بۆ سبەینێ دەڵێ: ئەگەر ئەمەم بگۆڕیبایە باشتر بوو، ئەگەر ئەمەم لێ زیاد بکردایە باشتر بوو، ئەگەر ئەمەم پێش بخستبایە باشتر بوو، ئەگەر ئەمەم دانەنایە جوانتر بوو، ئەمەش مەزنترین پەندە و بەڵگەی ئەوەشە کە مرۆڤ لەکەم و کوڕی بەدەر نییە))

ـ العماد الاصفهانی ـ

۱۱۲۵ ـ ۱۲۰۰

# دەربارەی بارودۆخی دانانی ئەم کتێبە

بۆ دانانی هەر کتێبێك چیرۆکی ئاوس بوون و بەرە ژان و زایین هەیە، لەپشت هەر نووسینێکیشەوە پشتێنەیەك یان هزرێك هەیە. ئەوەی لەم کتێبەدا ـ وریابوونەوەی کورد ـ دەینووسم شتی سەیری وێکچوو و هەڵبەز و دابەزی هێڵەکان بەرە و پێش و بەرە و دوای تێدایە، بەڵکو دەتوانم بڵێم کە (مفاجات)ی وای تێدایە کە هەر رۆمان نووسێ دەتوانێ بیکا بەئێسك بەندێ (هیکل) بۆ چیرۆکێکی بەچێژ، وامنیش لێرەدا بەکورتی دەیخەمە روو.

ساڵی ١٩٧٣ بەختم منی هاویشتە بەبروت کە دەبایە بەناچاری لەوێ بم، بەڵام ئەوەشم بەهەل زانی بۆ ئەوەی هەندێ گرێ بەست مۆر بکەم بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هەندێ لە نووسین و وەرگێڕانەکانم، هەروەها دەست کردن بەدانانی کتێبی دیکەش.

کەناچاریش بووم راڤە و روونکردنەوە لەسەر ئەو کتێبانە بنووسم کە لەژێر چاپدا بوون دەبایە بچمە کتێبخانەی زانکۆی ئەمریکی، لەوێش ئەو مامۆستایانەی زانکۆ کە دۆست و برادەرم بوون زۆر یان یارمەتی دام بۆ ئەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە رێم پێ بدرێ تاکو سەردانی ئەو بەشە تایبەتییە بکەم کە بەشی تایبەتی بەڵگەنامەی کتێبخانە بوو، ئەمەش تەنها بۆ نووسەران و توێژەران دەرەخسا.

لەوێ دەقی تەواوی ئەم راپۆرتەم دۆزییەوە کە لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێو دەوڵەتی سەر بەکۆمەڵەی گەلان ـ عصبە الامم ـ ئامادەی کردبوو سەبارەت بەناکۆکی و ململانێی سنوور لە نێوان تورکیا و دەوڵەتی  تازە دامەزراوی عیراقدا، بەپێی ئەو راپۆرتە چارەنووسی (باشووری کوردستان) کە ولایەتی مووسڵی عوسمانی بوو، بڕیاری لەسەر دەدرا.

لەلاپەڕەیەکی راپۆرتەکەدا نووسرابوو کە لە ساڵی ١٩٢٥ لە چاپخانەی لوزان بەفەرمانی نووسینگەی سکرتاریەتی کۆمەڵی گەلان چاپکراوە. هەروەها بەهەردوو دەقی فەڕەنسی و ئینگلیزی چاپکراوە و لە نێوانیاندا هێڵێك هەیە بەدرێژایی لاپەڕەکە و نەوەت لاپەڕەی پارچەی گەورە پڕ دەکاتەوە و چەن نەخشەییێکی وەك پاشکۆ لەگەڵدایە کە بوارەکانی بزاڤی لیژنەکە دەستنیشان دەکات.

من وەك ئەو کەسەم لێهات کە بەبێ مەوعید و بێ گەڕان شتێکی گرانبەهای دۆزیبێتەوە. هەرچەندە ئەم راپۆرتەش لەو شتە نووسراوە دەگمەنانە نەبوو، بەڵام گرنگی پێدانی من بۆ



ئەوەی دانەییێکم لێی دەستکەوێ زۆر زیادی کرد دوای دەرچوونی کتێبەکەی مێجەر (إدمونز) ـ کرد و ترك و عرب ـ لە ساڵی ١٩٥٧، بەتایبەتی لەدوو فەسلی کۆتاییدا کە ئیشو کارەکانی ئەو لیژنەیە باس دەکاو لە نزیکیشەوە چونکە خۆی یەکێك بوو لەراوێژکارەکانی و خاوەن رۆڵێکی گرنکیشی بوو بەتایبەتی و تەئکیدی ئەوەی کردبوو کە ـ هەڵوێستی زۆرینەی کورد لەویلایەتەکەدا کە کێشەکەی کۆتایی پێ هێنا و لیژنە نێو دەوڵەتییەکەی والێکرد بۆ ئەوەی بڕیاری راست و دروست بدەن کە لەدواییدا کۆمەڵی گەلان پەیڕەوی کرد.

ئەم دوو فەسلە نهێنی شاردنەوەی راپۆرتەکە لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە ئاشکرا دەکا، کە نەیهێشتووە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی هەرچەندە ئەو راپۆرتە یەکێکە لەبەڵگەنامە مێژووییە هەرە گرنگەکان، ئەگەر لە هەمووان گرنگتر نەبێ بەڵکۆ سەرچاوەییێکیشە کە هیچ توێژەرێ کە باسی پێکهێنای دەوڵەتی نوێ ی عیراق دەکا ناتوانێ پشتی پێ نەبەستێ و نەگەڕێتەوە سەری.

هەروەك چۆن حکوومەتە یەك لەدوایەکەکانی عیراق ئەم ئەرکەیان بەجێ نەگەیاند توێژەر و مێژوونووسە عیراقییەکانیش پشت گوێیان خست. بایی ئەوەندەی من ئاگاداربم لەهیچ کتێبێکی چاپکراودا دەقێکی لێوە وەرنەگیراوە، هیچ نووسەرێ یان مێژوونووسێ بەسەرچاوەیەکی سەرەکی یان لاوەکی ی داینەناوە، رەنگە یەکێکیان لابەلا و بۆ مەبەستێکی تایبەت سووکە ئاماژەییێکی پێ کردبێ، بەڵام بی ئەوەی رۆڵی مەزنی کورد لەو راپۆرتەدا باس بکا، ئیتر لەوە زیاتر چیدیکە نەبووە. بەرانبەر بەوەش بەخەیاڵی نووسەرە نیشتیمان پەروەرە کوردەکانیشدا نەهاتووە کە ئەو راپۆرتە بکەن بەکوردی لەکاتێکدا راپۆرتەکە یەکێکە لەچەکە هەرە کاریگەرەکان لەمەیدانی جەنگی هزری  ئازادیخوازانەی ئەم گەلە، ناشزانم ئەگەر کرابێتە تورکی ئەمەش بەدوور دەزانم.

پێش دەرچوونی کتێبەکەی (إدمونز) بەماوەیەکی کورت ـ وەك لەیادم بێ ـ لەبەغدا کتێبێك بەناونیشانی (کێشەی موسڵ ـ لێکۆڵینەوەییێك لە دیبلۆماسییەتی عیراقی ئینگلیزی ـ تورکی) دەرچوو. کە تەماشای ناونیشانەکەیم کرد و پێش ئەوەی بشی خوێنمەوە ـ لەدڵی خومدا گوتم ـ ئەوە نووسەرێکی عیراقی پەیدا بوو بۆئەوەی پەردە لەسەر پیلانی بێدەنگی سەبارەت بەراپۆرتەکەی لیژنەی نێودەوڵەتی هەڵبداتەوە، چونکە بێگومان دوای ئەوەی ئەو ناونیشانە زەقەی بۆ کتێبەکەی هەڵبژاردووە دەبێ ئەو راپۆرتە بڕبڕەی پشتی کتێبەکەی بێ یان هەر هیچ نەبێ سەرچاوەییێکی ناوەندیی ـ مرجعا مرکزیا ـ ئەو کتێبە بێ.

بەڵام دکتۆر (فاضل حسینی) دانەری کتێبەکە زۆر دڵسۆز بوو بۆ ئەو نهێنییەی حکوومەکانی عێراق دەیان پاراست و ئەنجامەکانی ئەو قەواڵە ناوەندییە ـ الوثیقه المرکزیه ـ شی لە بواری توێژینەوەکەی خۆی لەو کتێبەدا دوور خستەوە و باسی نەکرد، هەرچەندە کتێبەکەش سێ جار چاپکراوەتەوە.

وەك بینیم لاوەکی ئاماژەیێکی لابەلای لەدوو پەراوێزدا پێ داوە، کە ئەمەش دوور کەوتنەوەیێکی حەیابەرانەیە ـ فاضح ـ لە شێوازی توێژینەوەی بێ لایەن ـ البحث الحیادی ـ.

تەنها ئەگەر بەراوردێك بکەی لە نێوان ناوەڕۆکی راپۆرتەکە و لە نێوان ئەوەی لە فەسڵی پێنجەمی کتێبەکەی دکتۆر فازل حسێن دا کە بەناونیشانی (بڕیاری کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بەموسڵ)[1]هاتووە، بۆت دەرئەکەوێ کە تەنانەت لەم فەسڵە فرە لاپەڕەیەشدا، تەنها ئاماژەیێکی لابەلا و سەر پێ یی دانەری ئەو کتێبە سەبارەت بەئەنجامەکانی راپۆتەکە لەپەراوێزدا، هاتووە.

من دکتۆر فازل حسێنم نەناسیوە، بەڵام پێیان گوتووم کە ئەندامی حیزبی نیشتیمانی دیموکراتە ـ الحزب الوطنی الدیمقراطی ـ و بەیەکێك لەمێژوونووسە پێشکەوتوو ئازادیخوازەکان دادەنرێ. جا ئەگەر حاڵی ئەم وابێ دەبێ مێژوونووس و نووسەرە عەرەبە نەتەوەپەرستەکان چۆن بن؟!

بەکورتی بڵاوکردنەوەی دەقی راپۆرتەکە و بڕیارەکانی لیژنەکە رۆڵی یەکلایی کەرەوەی کوردی دەردەخست لەهێشتنەوەی ویلایەتی مووسل (باشووری کوردستان) لەچوارچێوەی سنووری دەوڵەتی عێراقیدا، لەوەش دەچێ حکوومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق نەیان ویستبێ رای گشتی لەم چاکەیەی کورد ئاگاداربی.

رێکەوت وابوو کە دەقەکەم لە سەرەتای ساڵی کۆتایی ماوەی گواستنەوە ـ الفترە الانتقالیە ـ ی بەیانی پانزەی ئازاری ۱۹۷۰ دا دەستکەوت، واشم بەباش زانی کە دەبێ ئەم هەلە بقۆزمەوە بۆ ئەوەی راپۆرتەکە وەربگێڕم و بڵاوی بکەمەوە، وەك بەڵگەیێك کەدانانی بەئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق وەك لە بەیانی ئازاردا باسکرابوو، مافێکی کۆنی ئەم گەلەیە و دوای چل و پێنج ساڵ بۆی گەڕاوەتەوە. نەشدەکرا کە دانە ئەسڵییەکە لە (خەزێنەی ـ خەزنە ـ )ی کتێبخانە تایبەتییەکەی زانکۆ وەربگرم، بەڵام چەند مامۆستایەکی برادەرم توانیان

(۱) چاپی دووەم ۱۹٦۷ بەغدا، ل ۱۳۲ و ۱۷٥



دانەیەکم بۆ لەبەر بگرنەوە لەڕێی ئەو ئاسانکارییەی زانکۆی تەکنۆلۆجی بۆیانی رەخساندبوو دەقەکەم لەگەڵ خۆم هێنایەوە کوردستان و وەرگێڕانەکەیم تەواو کرد.

لەدەقەکەدا هەندێکی کەمی هەڵەی چاپ هەبوو، هەروەها جیاوازییەکی زۆر کەمیش هەبوو لە نێوان دەقە ئینگلیزی و فەرەنسیەکەدا، بەڵام من پشتم بەدەقە فەڕەنسییەکە بەست، بێ ئەوەی گوێ بدەمە نەبوونی وتەیێك یان دوو وتە لەدەقە ئینگلیزییەکەدا، لەوەدەچێ نووسەرەکە رێی بەخۆی داوە و خۆی بەئازاد زانیوە بۆ لادانی ئەم وتە و ئەو وتە یان کورت کردنەوەیان.

بەهەرحاڵ لەڕووە دیبلۆماسییەکەوە دەقە فەڕەنسییەکە جێی باوەڕە. هەروەها ناوی هەندێ شوێنم راست کردەوە چونکە بەهۆی رێنووسەوە دیار و روون نەبوون و بەپێویستیشم نەزانی ئاماژەی پێ بکەم. زۆریش هەوڵم دا چەندم بۆکرابێ بەکورتی (تعلیق) لێ بدەم بۆیە تەنها لە پێناسەی نووسەر و مێژوونووس و جوگرافی ناس و کەسایەتییە مێژووییەکاندا کە لەو راپۆرتەدا باس کرابوون، ئەوەم کردووە.

لەدواییدا وام بەباش زانی کە پێشەکیەکی مێژوویی بۆ ئەو رووداوانەی بوونە هۆی گرفت دروست کردن لەسەر ولایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لە نێوان تورکیا و داگیرکەری بەریتانیدا، بنووسم، دوایش چۆن کار گەیشتە ئەوەی کێشەکە بخرێتە بەردەم کۆمەڵی گەلان، کە یەکەم دەزگای نێو دەوڵەتی کە کۆمەڵگای بەشەری زانیبێتی و دروستی کردبێ، پاشان چۆن کۆمەڵە لیژنەکەی بەپێی رێکەوتننامەی لوزان (۱۹۲۳) پێکهێنا.

لەو کاتەدا کە من لەناوچە رزگار کراوەکاندا بووم سەرچاوەی پێویستم بۆ نەدەرەخسا تاکو توێژینەوەیێکی بەڵگەدار کە هەموو کەس بتوانێ بگەڕێتەوە سەری و کەڵکی لێ وەربگرێ، بنووسم، مەبەستیشم نەبوو ئەمە بکەم چونکە من پەلەم بوو، بۆیە تەنها بڵاوکردنەوەی دەقەکەم لەو بارودۆخەدا بەبەس زانی بۆ دەرخستنی رووی رەوا و هەقی داواکارییە رەواکانی کورد کە شۆڕشی ئەیلوول گەیاندیە قۆناغی کۆتایی بەبەیانی یانزەی ئازار، هەروەها لەڕێی دەرخستنی بەڵگە سیاسی و مێژوویی و جوگرافی و (أثنی) ی ناوچەی باشووری کوردستان کەبایی ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ لەدوتۆی یەك کتێبدا باس نەکراوە.

پێشەکییەکەم لەچل و هەشت لاپەڕەی گەورەدا نووسی. لەکۆتایی ساڵی ۱۹۷۳ بۆ چاپ کردن ئامادەکرا و نیازیشم وابوو بەپەلە بینێرم بۆیەکێ لەخانەکانی بڵاوکردنەوە لەبەیروت ـ دور النشر ـ، بەڵام ئەوەی حیسابم بۆ نەکردبوو روویدا.

پێش بەرپابوونەوەی شەڕ لە نێوان هێزەکانی شۆڕش و حکوومەتی بەغدادا، ڕەنگە بەچەن هەفتەیێك، بەڕێز (عبد الرحمن قاسملو) لەبەغداوە هاتە دیداری بارزانی لەگەڵ هاوڕێی خوالێخۆشبوو (عبد الرحمن شرفکندی) کە بەناوی ئەدەبی (هەژار) ناسراوە. ئەوسا من لەدیلمان بووم کە بارەگای بەڕێز بارزانی لێ بوو. لەو ساتەوەختەدا سەرکردەی کورد لەدیوەخانەکەیدا نەبوو، بۆیە هەردوو میوان لەژوورەکەی مندا کە بەقەد دیوەخانەکەیەوە بوو چاوەڕێیان کرد ـ بەڕێز قاسملوـ لەو کاتەدا پەناهەندەیێکی سیاسی بوو لە بەغدا و وەك لەبیریشم مابێ فەرمانبەریش بوو لە وەزارەتی نەخشەکێشان. من نەم پرسی بۆچی هاتووە، هەرچەندە هەستم دەکرد کە هاتنەکەی پەیوەندی هەبێ بەئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان شۆڕش و دەسەڵاتەوە ئەوەی لەبیرم مابێ لێی پرسیم خەریکی چیم لە نووسین و توێژینەوە، منیش پێم گوت کە سەرقاڵی نووسینی ڕەشنووسی پڕۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمیم. شتەکەی بەلاوە گرنگ بوو و داوای کرد چاوی بە ڕەشنووسەکە بکەوێ، منیش دامێ و وابزانم قەڵەم و کاغەزێکی هێنا و هەندێ خاڵی ڕەشنووسەکەی تێدا تۆمار کرد. پاشان وەرگێڕانی ڕاپۆرتەکەی کۆمەڵی گەلانم پیشان دا سەبارەت بەکێشەی سنوور و ولایەتی موسڵ و پێشم گوت کە ئامادەیە و تەواو بووە و لەدوو فایلدایە ونیازم وایە ڕەوانەی بەیرووتی بکەم بۆئەوەی چاپ بکرێ. لەبیرم نەماوە چێ گووت، بەڵام دەزانم کەهانی دام پەلە بکەم لەچاپکردنیدا. پاشان پێیان گوتین کە بەڕێز بارزانی هاتووە و ئامادەیە میوانەکان ببینێ، قاسملو جانتای سەفەرەکەی لای من بەجێ هێشت، دواییش خوالێخۆشبوو سابیر بارزانی هات و چووینە دەرەوە بۆ پیاسەکردن و لەدیلمان دوور کەوتینەوە، کە درەنگانێ هاتمەوە قاسملو دوای دیداری بارزانی ڕۆیشتبوو.

پاشان ڕووداوەکان زۆر بەپەلە بەدوای یەکدا هاتن و هەموو شتێکیان لەبیر بردینەوە و دوایش شەڕ دەستییپێکردەوە و (دیلمان)یش بوو بەخاڵی ناوەندی بوردومان کردن بەشەو و بەڕۆژ و بارزانی و بارەگاکەی چوونە حاجی ئۆمەران و منیش دواکەس بووم کە چوومە ئەو شوێنە پاشان شۆڕش ئەوەی بەسەر هات کەهات و دەبایە وڵات بەجێ بهێڵین بۆ تاراوگە (المنفی). دەبایە بە هۆی پەلەکردن و ئەو دۆخەی تێیدا بووین، کەمترین شت لەگەڵ خۆم ببەم ئەمەشم لەو کتێبەمدا کە بەناونیشانی (سەردانێك بۆ ڕابوردوێیکی نزیك ـ زیارة لماضی القریب ـ ) نووسیبووم باس کردووە.

زۆر کتێب و (أسفار) و نووسینم بەجێ هێشت، بەڵام ئەو تێبینی و ((تعلیقات))انەی کە نووسیبووم لەگەڵ خۆم برد. ڕاپۆرتەکەی لیژنەی نێو دەوڵەتییەکەم لەبیر چوو، بڕوام وابوو کە



لەگەڵ خۆم هەڵمگرتووە و هەستم بەوون بوونی نەکرد تا لەکەرەج نیشتەجێ بووم و دەستم کرد بەگەڕان و ڕێکخستنی ئەو شتانەی کە لەگەڵ خۆم هێنابووم، بەڵام دەستنووسەکەی تێدا نەبوو. سەرەتا وای بۆچووم کە لەوانەیە لای برادەرەکەم (صالح محمود البرزانی) دامنابێ چونکە ئەو بەدوای نووسینەکانمدا دەچێت و هیچیشم لێ نەشاردووەتەوە، ئەگەر کتێب بوایە بۆ خوێندنەوە یان باس بوایە کە دەمنووسی. سەبارەت بەدەستنووسەکەم لێم پرسی ـ چونکە دەیزانی هەمە ـ بەڵام ئەو ئەوەی ڕەتکردەوە کەلای بێ و گوتیشی ئاگای لەوە هەبووە کە من خەریکی وەرگێڕان بووم، وایشی پێشنیار کرد کە پرسیار لەخوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی و بەڕێز مەسعود بارزانی کوڕانی بارزانی بکەم. کەلێیانم پرسی گوتیان ئاگایان لێی نییە.

واراهاتووم کەلەپێشدا خۆم خۆم تاوانبار بکەم لەهەر کەم و کوڕی و لەبیرچوونەوە و بێ پەروایێك پێش ئەوەی خەڵکی دیکە تاوانبار بکەم.

لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵم دا خۆم بەتاقە لێکدانەوەیێك کەلەبارە قانع بکەم، مەبەستم ئەوەیە کەکاتێ شتەکانم جیا دەکردەوە ئەوەم لەبیرچووە و ئیتر وردە وردە هەوڵم دا لەبیر خۆمی ببەمەوە و بیخەمە لیستی ئەو شتانەی ونم کردوون.

سیانزە ساڵ تێپەڕی و من لە ئێران مامەوە، ساڵی **١٩٨٧** وەزارەتی ناوخۆی ئێران بەفەرمانی وەزیری ناوخۆ بەڕێز ((محتشمی)) بڕیاریدا کە من کەسێکی نەویستراوم و مافی پەنابەری سیاسیان لێ سەندمەوە و فەرمانیان پێ کردم وڵاتیان بەجێ بهێڵم، حکوومەتی سوید ئامادەیی خۆی نیشان دا وەك پەنابەری سیاسی وەرم بگرێ و ڕێ و شوێنی دەرچونی ئێرانیان بۆ ڕەخساندم ئەوەبوو لە٢٤ ی نیسانی **١٩٨٨** ئێرانم بەجێ هێشت و شاری (کاترینهولم)م هەڵبژارد تاکو تیایدا بژیم چونکە زۆر برای کوردی پەنابەری لێ بوو و هەر ئەوانیش پێیان گوتم کە ئەو شارە هەڵبژێرم. لە نێوان ئەو گشتە کوردەی ئەو شارە شاعیر و ئەدیبی کورد (مؤید طیب) بووە هاودەم و دۆستی هەمیشەییم.

چەند مانگێك بووم کە لەوێ بووم بەڕێز (مؤید) ئەم هەواڵە سەیرەی بۆ هێنام: گووتی کەسێك کە بەناوی (ملا بختیار) ناسراوە دەڵێ دەستنووسێکی لەلایە هی منە و ناوی منی لەسەرە و ئەویش هەڵی گرتووە وەك ئەمانەتێك و پێ گوتراوە بمداتەوە. پاشان کەپرسیارم لە (مؤید) کرد گووتی: ئەم مەلا بەختیارە تازە لەئێرانەوە هاتووە و مافی پەنابەرێتی وەرگرتووە.

مەلا بەختیار لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە راو نراوە، لەکاتێکدا ئەو یەکێك بووە لەسەرکردەکانی، بەڵام پاشان لێیان جیابووەتەوە. ئیتر تێگەیشتم ئەم مەلا بەختیارەی ئەو باسی دەکا کێیە.

شتێکم هاتەوە یاد کە پێش ئەوەی ئێران بەجێ بهێڵم روویدا و منیش رۆڵم تێدا هەبوو. وەك لەبیرم بێ دەبایە لە یەکێ لەئۆتێلەکانی پایتەخت چاوم بە دوکتۆر فوئاد مەعسوم بکەوێ. ویستم ئەو هەلە لەدەست خۆم نەدەم و پێش ئەوەی بچم بۆ دیدەنی دوکتۆر فوئاد هەندێ شت لەبازارێکی تاران کە بە (کوچە عەرەب) ناسرابوو بکڕم ئەو بازارە بەوناوە ناسرابوو چونکە زۆربەی دوکان و شوێنە بازرگانییەکانی لەلایەن عیراقییە پەنابەر و دوورخراوەکانەوە دەبران بەڕێوە، ئەو عیراقیانە بەبەهانەی ئەوەی ئەسڵیان ئێرانییە دوورخرابوونەوە. رووم کردە چایخانەی بەڕێز سامی باقر ناسراو بە (سامی فەیلی) کە یەکێك بوو لەئەندامە کۆنینەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. (سامی فەیلی)م بینی سکاڵا نامەیێکی بەدەستەوە بوو ئیمزای کۆدەکردەوە و داوای بەردانی مەلا بەختیاری دەکرد کە گیرابوو و حوکمی ئیعدام درابوو. سامی ئاماژەی بۆ ژنێك کرد کە لەسوچێکدا دانیشتبوو و گوتی: ئەوە ژنیەتی و هانای بۆ ئێمە هێناوە چونکە دەترسێ شتێکی لێ بکەن، بۆیە بڕیارمان دا ئەم یادداشتە بنووسین و پێشکەشی یەکیەتی نیشتیمانی بکەین پێش ئەوەی بیکوژن.

من مەلا بەختیارم نەبەشێوە و نەبەناوبانگ نەدەناسی و نەشمدەزانی هۆی گرتنەکەی چی بوو. شتێکم بەمێشکدا تێپەڕی و بە (سامی)م گوت واز لەو سکاڵانامەیە بهێنە چونکە من ئێستا دەبێ بچم بۆلای دوکتۆر فوئاد مەعسوم و تۆش لەگەڵم وەرە تاکو بزانین هۆی گرتنی ئەم پیاوە چییە و هەوڵیش دەدەم ببمە هۆی خێر و چاکە بۆ بەردانی. وردەکارییەکانی هۆکاری ئەو (اجراءات)تانەی دژ بەمەلا بەختیار کراون و دوکتۆر فوئاد باسی کردن، بەباشی لەبیرم نەماون، هەروەها ئەوەشم لەبیر نەماوە کە ئەو باسی کرد سەبارەت بەیاخیبوونی مەلا بەختیار و گرتن و راکردنی، بەڵام تەئکیدی کرد کە نە یەکیەتی و نەسکرتێرەکەی نیەتێکی ئەو تۆیان نییە کە ئەو گیراوە لەناو بەرن. بەڵێنیشی دامێ کە تکای تایبەتی من بگەیێنێ بە (مام جەلال) سەبارەت بەبەردانی. هەروەها بەڵێنیشیدا کە کەس و کاری دڵنیا بکەین کە رێ و شوێنی باشی حەسانەوەی بۆ دابین دەکا و ئاسانکاریش دەکا تاکو کەس و کاری سەری لێ بدەن.



ئەمە هەموو ئەو شتانە بوون کە لەبیرمدا مابوون سەبارەت بەهەڵگری دەستنووسەکە، بەڵام سەریشم سووڕمابوو و نەمدەزانی چیی بۆ هێناوم، بەڕێز ((مؤید)) گووتی خۆی دێ تاکو دەستنووسەکە بەدەستی خۆی بداتەوە دەستت.

بەڕێز بەختیار هاتوو بەناوی راستەقینەی خۆیەوە خۆی پێشکەش کرد (حکمت محمد کریم) و وەرگێڕانی راپۆرتەکەی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بەکێشەی سنوور بەهەردوو فایلە ئەسڵییەکەی خۆیانەوە دایە دەستم، بی کەم و کورتی و بەتەواوی و بەدەسخەتی خۆشم، ئەو راپۆرتەی سیانزە ساڵە لێم ون بووە و لەبیری خۆمم بردبووەوە. شتێکی ئاسایی بوو کەیەکەم پرسیارم ئەوەبێ چۆن ئەو دەستنووسەی دەستکەوتووە و کێش داویەتی تاکو بیگەیێنێتە من، ئەو کەسەش کە ئەم ماوە دوور و درێژە هەڵی گرتووە کێیە؟ گوتی: دوای ئەوەی یەکیەتی نیشتیمانی بەری دا چووە مەهاباد و میوانی ماڵی (قاسملو) بوو و لە ماڵی براکەی قاسملۆی شەهید کە ئەو پێی دەگووت (آقای مهندس) میوان بوو، (آقای مهندس) لێ ی پرسی کەلەسەر سەفەر بوو بۆ سوید ئایا (جرجیس فتح الله) دەناسێ کە لەسوید دادەنیشێ. ئەمیش وتبوی بەڵێ. ئەویش داوای لێکرد ئەو دەستنووسە کە لەناو شتەکانی براکەی (عبدالرحمن)دا دۆزیبوویەوە و ناو و ئیمزای منی لەسەر بوو، بگەیێنێـەوە من.

مەسەلەی چۆن ئەو دەستنووسەی کەوتە لای (عبدالرحمن قاسملو) وەك نهێنییەکی تاهەتایە نێژراو دەمێنێتەوە. من بۆ خۆشم ناتوانم ئەوە بڵێم کە هەروا لەخۆڕا دەستم لەو دەستنووسەی کە دانەیێك زیاترم لێی نەبو، هەڵگرتووە و داومە بەقاسملو کە پێشتر نەمناسیوە و پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵیدا نەبووە تاکو ئەو دەستنووسەی ئامادەکرابوو بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بدەمێ و لای دابنێم، لەکاتێکیشدا کە هەموو دیتنی من ئەو ماوە کورتە بوو لەدیلمان دیم و ناسیم کە دوا دیداری ئەو بارودۆخە بوو کە ئێمەی بەیەکتر ناساند. ئەوەی لەو یەکتر بینینە لەبیرم مابێ ئەوەیە کە دەستنووسەکە لەسەر مێزەکەم بوو کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو سابیر بارزانی ژوورەکەم بەجێ هێشت. (عبدالرحمن)ش دەبایە بەژوورەکەی مندا تێپەڕێ تاکو جانتاکەی هەڵبگرێ دوای دیداری بارزانی. لە خۆشی گەڕانەوەی (ڕۆڵە بزرەکە ـ الابن الضال ـ ) ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون وێنەیێك بۆ من و هەڵگری دەستنووسەکە بەڕێز (حکمت محمد کریم) بگرن، ئەویش ئەم وێنەیەیە کە لێرەدا دەیبینن، کاتی خۆیش بەڵێنم دایێ کە ئەم وێنەیە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەدا بڵاوبکەمەوە، ئەمەش کەمترین شتە کە بەمن بکرێ تاکو سوپاس و پێزانینی خۆمی پێ رابگەێنم.



**دانەر لەگەڵ حکمەت محەمەد کەریم**

لەو کاتەدا کە دەستنووسەکەم پێ گەیشت کێشەی کوێت لەدەوری خۆی سەر و ژێری هەوری پێکدادانی چەکدارانەی کۆدەکردەوە. منیش خۆم بەرپێرەوی پەلەی ڕووداوەکان سەقاڵ کرد پاشانیش هەرئەمە وای لێکردم بیر لەوە بکەمەوە کتێبێك دەربارەی ئەو (مغامرە) سیاسییە ترسناکە دابنێم و خۆم بۆ ئەوە ئامادە بکەم. ئەو تێکشکانە سەربازییەی دووچاری ڕژێمی بەغدا هات ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر کوردستانی عیراق بەو شێوەیەی کە هەموو جیهان ڕووداوەکانی دیت و ئەمەش وای لێکرم ئەو کتێبەی پێشتر دامنابوو لە هەموو شتێکی دیکەم دوور بخاتەوە.

پێشتر و لەسەرەتای ئەم قسەیەمدا بۆ خوێنەرم باس کردبوو بۆچی ئەو هەلەم قۆزتەوە کە لە ئەنجامی دارمانی بەیانی ئازاری ١٩٧٠ تاکو بەڵگەنامەیێکی گرنگ لە مێژووی سیاسیی کوردیدا پێشکەشی رای گشتی عەرەبی و کوردی بکەم، ئەو بەڵگەنامەیەی مەبەستی سیاسی و توندڕەوی نەتەوەیی وایکردبوو دووربێ لەدەست و زانینی میللییەوە. چونکە لەوە زیاتر لەو حکومەتانە و قەڵەمانەی خەریکی پشتگوێ خستنی فەزلی کوردە عیراقییەکانن لەبنیات نانی دەوڵەتی نوێی عیراق، چاوەڕێ نەدەکرا. لەواقیعیشدا بەیانی ئازاری ١٩٧٠ بریتی بوو لەدەنگدانەوەیێکی دووری ئەو بیرو رایانە کە لیژنە نێو دەوڵەتییە پێی گەیشتبوو سەبارەت بەدوا ڕۆژی باشووری کوردستان لەو



دەوڵەتە نوێیەی بەریتانیا دروستی کردبوو و بۆ پێویستی شاردنەوەی ڕۆڵی مێژوویی کورد لەدروست کردنی ئەو دەوڵەتەدا. ڕاپەڕینی چەکدارانەی یەك لەدوایەکدا کە بەرپا دەبوو لە جەوهەردا بریتی بوو لە داواکاری هێنانەدی ئەو پێشنیارانەی لیژنە نێو دەوڵەتییەکە پێشکەش بەکۆمەڵەی گەلانی کردبوو.

دوای ساڵی ١٩٩١ کە زۆربەی باشووری کوردستان لەڕووی ئیدارییەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەقینەی کوردەوە. بەجددی بیرم لەبڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو دەستنووسەکردەوە. بەڵام پاشان ئەو پێشەکییەی بۆ ڕاپۆرتەکەم نووسیبوو بەلەبار نەزانی و مەبەست ناپێکێ و پێویستە پێشەکییەك وەك لێکۆڵینەوەیێکی مێژوویی دوور و درێژی بۆ دابنێم و پێشی بخەم ئیتر بەم جۆرە بیرۆکەی دانانی ئەم کتێبە لەدایك بوو و ڕاپۆرتەکەش بوو بەبەش و کتێبەکە بەئەسڵ ئەمجارەیان دۆخەکە وەك ساڵی ١٩٧٣ نەبوو کە هیچ سەرچاوە و پێویستییەکی پرۆژەیەکی لەم جۆرەم لەبەردەستدا نەبوو.

ئێستاش دوای نۆ ساڵ لەگەڕانی (جدی) بەبایەخی نێوان سەرچاوە و بەڵگەنامەکان توانیم ئەو شتانەی مەبەستمە کۆبکەمەوە ئەمە جگە لەو ئازادییە تەواوەی بۆم ڕەخسا کە هەموو دانەرێ ئاواتی پێوە دەخوازێ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕای تازەی نەبینراو و نەبیسراو.

پاشان بەلەبارم زانی کە لەگەڵ کتێبەکەدا هەموو ئەو شتانەی زانیومن و بینیومن لەیادداشتی ئەو کەسانەی بەشدارییی ئەو لیژنەیەیان کردبوو بەشدارییان لەچالاکییەکانیدا کردبوو بڵاوبکەمەوە. ئەوەبوو چوارم دۆزییەوە. یەکەمیان جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان بوو کە بەشداری لە پێکهێنانی لیژنەکە کردبوو و سێرف. ب والترز بوو. پاشان ئەو دوو فەسڵەی مێجەر ئەدمونز لەکتێبەکەیدا (کورد، ترك، عەرەب) نووسیبووی و لە ساڵی ١٠٥٧دا بڵاوی کردبووەوە منیش لە ساڵی ١٩٧٠ وەرمگێڕاو بڵاوم کردەوە، ئەویش لەو لیژنەیەدا وەك ئەفسەری پەیوەندی ـ ضابط إرتباط ـ لەلایەن بەریتانیاوە دانرابوو و کاری کردبوو.

جگە لەمەش ئەو شتانەی کەلەو بارەوە لەیادداشتەکانی بەڕێز ـ عبدالعزیز القصاب ـ پارێزگاری موسڵ لەو کاتەدا نووسرابوو. هەرچەندە من خۆم ئەو کتێبەم دەس نەکەوت، بەڵام هاوڕێم توێژەری ناسراو مامۆستا (نجدت فتحی صفوت) کە ئێستا لەلەندەن دەژی فریام کەوت و بۆی هێنام. دوای ئەوەش یادداشتەکانی بەڕێز (آڤ. دی ڤیرسن)ی سویدی کە بەشێکی زۆری لەو کتێبەی کە لە سوید ساڵی ١٩٤٢ چاپکرا بۆ تەرخان کردبوو. ئەو کتێبە پڕ بوو لەوێنەی مێژوویی دەگمەن کە خۆی بەو بۆنەیەوە گرتبوونی. لێرەشدا ئەدیب و شاعیر (مؤید طیب) فریام کەوت و بۆی وەرگێڕام و زۆر سوپاسی دەکەم.

لەیادداشتەکانی (ڤیرسن)دا شتێکم بەرچاو کەوت کە سەرنجی راکێشام و لەسەری وەستام. (ڤیرسن) ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو شتانەی ئەندامی دووەمی لیژنەکە کە سەرهەنگی بەلجیکی (العقید البلجیکی)، پاولس بوو تۆماری کردبوو خوێندووەتەوە، دەربڕینەکە نادیار بوو بەڕادەییێك کە نەتوانی راییێکی بنبڕی لەبارەوە بدەی کە ئایا ئەو یادداشتانەی پاولس چاپکراو بوو یان ڤیرسن بەدەستنووس لێی وەرگرتبوو. ئەم نادیارییە رێی ئەوەی لێ نەگرتم کە بێ وچان بەدوایدا بگەڕێم، گەڕانەکەم منی گەیاندە کتێبخانەی نیشتیمانی لەپاریس، پاشان بۆ کتێبخانەی (ستراسبووغ)ی گشتیی بەناوبانگ. لەدواییشدا پەنام بردە بەر کتێبخانە دەوڵەتییە فەرمییەکان لەبروکسل ـ مکتبات الدوله الرسمیه ـ بەڵام هیچ شوێنەوارێکی ئەو یادداشتانەی دراونەتە پاڵ سەرهەنگ (پاولس)م نەدۆزییەوە. پاشان وای بۆچووم کە لەوانەیە هەر دەستنووسێکی ئاسایی بێ لەفەرمانگەی بەڵگەنامەکانی کۆمەڵی گەلان لەجنێف دانرابێ. بۆ ئەویش چووم و لەوێش گەڕام، بەڵام گەڕانەکەم بێ سوود بوو. پاشان خۆم قەناعەتم بەخۆم هێنا کە یادداشتەکانی سەرهەنگ پاولس چاپ نەکراوە و ئیتر وازم لەگەڕان هێنا.

لەم راپۆرتەدا (مفاجأە)ییێکی بچووکی دیکە چاوەڕێی دەکردم، ئەمەش دوای ئەوەی هاوپەیمانان دوای جەنگی کوێت کوردستانیان لەهێرشی ئاسمانی حکوومەتی بەغدا پاراست و رێیان پێ نەدا. منیش خوی ئەوەم هەیە کە ئەو شتانەی دەمەوێ بیاننووسم بیخەمە بەر دیدی خوێنەران لەکەس نەشارمەوە وەك چۆن سیحرباز کەروێشکێ لەژێر کڵاوەکەیەوە دەردێنێ، پاشان پێویستیی گەڕان و دابین کردنی سەرچاوە و بەڵگەنامە کە دەبایە دەستم بکەوێ و پێویستم پێیان هەبوو ناچاری دەکردم کە باسی نووسینەکەم بۆ زۆرترین ژمارەی برادەرە یارمەتی دەرەکانم بکەم. بۆیە بەلامەوە سەیر نەبوو کە رۆژێ لە شاری (جنێف)ەوە تەلەفۆنم بۆکرا. قسەکەرەکە خۆی بەناوی (کیللر) بەمن ناساند و گووتی ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنەکەمی لەچەن ناسیاوێك دەسکەوتووە کە لەلەندەن ئیش بۆ مەسەلەی کورد دەکەن لە عیراق و ئەویش راسپێردراوە کە کار لەگەڵ کۆمەڵێکیان بکا، ئەوەشی زانیوە کە من بەدەستمەوەیە کتێبێك سەبارەت بەکێشەی ویلایەتی موسڵ دابنێم، بۆیە خۆی و ئەو گروپەی وەك شارەزا و (لوبی) کاریان لەگەڵدا دەکا حەز دەکن هاوکاریم بکەن.

منیش ئاگام لەوە هەبوو کە هەندێ لە سەرۆك هۆزە کوردەکان، لەوانەی دابوویانە پاڵ حکوومەت لە دژی هێزی پێشمەرگە و (افواج خفیفه) یان دروست کردبوو، ئەوانە دوای ئەوەی سوپای عیراق شکستی هێنا ئەمانیش هۆی (ارتزاق) یان لێ برا ویستیان دەست بەکاری سیاسی بکەن لەکوردستاندا وەك مەڵبەندێ لەمەڵبەندەکانی هێز ـ مراکز القوی ـ لەوێ. ئەمانە کۆمەڵێکیان دروست کردبوو ناوی خۆی نابوو (پارتی پارێزگاران) بە سەرۆکایەتی سەرکردەییێکی



عەشایری کە ناوی (عومەر سوورچی) بوو، هەر ئەمانە بەپایتەختەکانی ئەورووپادا دەگەڕان بۆ ئەوەی جۆرێك لەجۆرەکانی شەرعییەتی هەڵسوکەوت و کارکردن لەگەڵیاندا دەرۆزە بکەن وەك هێزێکی سیاسی لەپاڵ یان وەك ئەو (تعامل)ەی لەگەڵ دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستان دەکرا کە دوای لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی، کاریان پێ دەکرد و شەرعیەتیان پێ درابوو بەمانیش بدرێ، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەوان وەك هێزی سێیەم بێنە گۆڕەپانەکەوە. هەروەها بۆشیان باسکردم کە ئەوان هەندێ بێگانەی پسپۆڕیان بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی مەبەستەکانیان منیش وای بۆچووم کە (کیللر) یەکێك بێ لەوان و هەرواش دەرچوو.

لەبیرمە کەپێم گووت من نازانم تۆ کە باسی ویلایەتی موسڵ دەکەی مەبەستت چییە و چۆن دەتەوێ من هاوکاریت بکەم، هەروەها تۆ نازانی مەبەستی من لەدانانی ئەو کتێبە چییە. بەڵام من دەمەوێ ئەم خاڵە روون بکەمەوە. گوزارەی ـ ولایەتی موسڵ ـ کە زاراوەییێکی ئیداری عوسمانی بوو ئێستا لەئالوگۆڕی سیاسی نوێدا هیچ جێی نابێتەوە. ئێمە ئێستە گوزارەی ـ باشووری کوردستان ـ یان کوردستانی عیراق بەکار دێنین. ئەوەی منیش دەیکەم توێژینەوەییێکی مێژوویی سیاسییە هیچ پەیوەندییەکی بەڕووداوەکانی ئەمڕۆی کوردستانی عیراقەوە نییە، بەڵکو وەك بەشێکی پشتگوێ خراو لە مێژووی نوێی عیراق باسی دەکەم، هەرچییەك لەدەرەوەی ئەم مەسەلەیەبێ لەلایەن منەوە بایەخی پێ نادرێ کاتی خۆی ئەمەم پی گووت، بەڵام دیسانەوە جارێکی دیکە پەیوەندی پێوە کردم و بەپۆستە هەندێ کاغەز و یادداشت و دەقی بۆ رەوانە کردم کە نێررابوو بۆ چەند لایەن و کەسایەتی سیاسی ئەورووپا و ئەمریکا، کە خۆی نووسبوونی و هەندێکیشیان ئیمزای (عومەر سوورچی)ی لەسەر بوو لەگەڵ کەسانی دیکە. هەندێکیشیان بەناونیشانی پارتی پارێزگاران لەکوردستاندا بوو، منیش گوێم نەدایێ و وەڵامم نەدایەوە و ئیتر پەیوەندی پێوە نەکردمەوە.

پاش ماوەیەکی کورت برادەرێك کە رامسپاردبوو هەندێ بەڵگەنامەم لە مەڵبەندی کۆمەڵی گەلان بۆ لەبەر بگرێتەوە ـ فۆتۆکۆپی ـ ئەم حیکایەتەی بۆ گێڕامەوە.

((لەیەکی لەبەشەکانی بینای کۆمەڵە چەند کوردێ سەرنجیان راکێشام کە بەجل و بەرگی کوردییەوە لە یەکێ لە هۆڵەکاندا بوون. منیش لە نێوانیاندا دانیشتم و ئەوەی قسەی دەکرد یەکێکی ئەورووپی بوو باسی کاروباری تایبەت بەکوردستانی عیراقی دەکرد. یەکێکیان لێم نزیك بووەوە و پرسیاری لێ کردم من کێم، منیش پێم گوت من عیراقیم خەڵکی کوردستانم و لە سوید نیشتەجێم. داوای لێکردم لەو ئۆتێلەی لێی دابەزیون من ببینن بۆ ئەوەی لەپێشنیارێکی گرنگ بکۆڵینەوە. منیش بۆ ئەوەی بزانم مەسەلە چییە و چییان دەوێ لە کاتی دیاریکراودا چوومە

ئۆتێلەکەو لەوێ پێنجیانم بینی و پێیان گووتم ئەوان خاوەن مەسەلەیێکی زۆر گرنگن، بەڵام ئێستا بوون بە (کوشتی ـ ضحیه ـ ) کابراییێکی چاوچنۆکی ترسنۆکی فێڵباز، کە هەر ئەوکەسە بوو لەکۆبوونەوەکەدا قسەی دەکرد و ناوی (کیللر)ە. ئەم کابرایە پارەمان لێ دەکێشێتەوە و ئێمەش دەمانەوێ لەدەستی رزگار بین، ئایا تۆ دەکرێ ئەم مەسەلەیەمان بۆ بگریتە ئەستۆ بەتایبەتی کە تۆ هاوڵاتی ئێمەیت.

برادەرەکەم گووتی: زووۆر سەرسام بووم بە نەزانی و گێلی ئەم نەفامانە کە بڕوایان داوە بەیەکێکی وەکو من کە پێشتر نەمن ئەوانم دیوە و ناسیوە و نەئەوان منیان دیوە و ناسیوە. پاشان بۆیانم روونکردەوە کە من لێرە ناژیم بەڵکو لەسوید نیشتەجێم، بەڵام ئەم قسانە ئەمانی لەداواکارییەکانیان پەشیمان نەکردەوە و بەڵێنیان دامێ کە مەسرەفم بکەن و پارەیێکی باشیشم بۆ ببڕنەوە، بەڵام من داوای لێبووردنم کردو بەپەلە ئەم کۆمەڵە نەفامەم بەجێهێت بێ ئەوەی هیچ بایەخی بەئامانجیان بدەم یان بزانم دەیانەوێ چی بهێننەدی(٢) ئەمە رێك ئەو شتە بوو کە بەڕێز (د. أ. ز) بۆی باس کردم.

پاش ماوەییێك لەیەکێ لەرۆژنامە سویسرییەکاندا ریکلامێکم خوێندەوە کە لەلایەن نووسینگەی شتە پارێزراوەکانی نەتەوەی گەلانەوە دەرچوو بوو هەروەها لەلایەن دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان لەجنێف، کە ئاماژە بەوە دەکا ئەم (کیللر)ە قەدەغەکراوە بێتە ناو ئەو دوو دەزگایەوە و هیچ پەیوەندییەکی بەهیچ کامێکیانەوە نییە لەوەش دەچێ کە پارتی پارێزگاران پارەکەیان تەواوبووبێ یان خاوەنەکانی نەیانتوانی بێ (لوبی)یێکی نوێ ئامادە بکەن کە ئامانجی سوود بەخشتر و واقیعیانە تریان لەولایەتی مووسل بۆ وێنە بکێشێ و دیاری بکا، بۆیە پەرت و بڵاوبوونەوە و شوێنەواریان نەما.

سەبارەت بەتەواوی و کەم و کوڕی، من ناتوانم و بە هەچ پلەیێکی بڕوا دەپێوی، کە ئەوەی بڵێم ئەم بەرهەمەم تەواوو بێ کەم و کوڕییە. لەئەسڵێشدا وەك گوتم مێژوویێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو تەنها راپۆرتێکی زۆر گرنگ بوو کە حکوومەتەکانی عیراق بەدەستی ئەنقەست پشتگوێیان خستبوو و مێژوونووسانیش بەئەنقەست و کەم تەرخەمییەوە خۆیان لێ غافڵ کردبوو. ئەم ماوەی من لێوەم دەدوێم وەك باسم کرد ماوەی ((تازەگەری)) بوو لە ژیانی هۆشیاریی نەتەوەیی کوردیدا کەبەچارەکە سەدەیەك دیاریم کردووە بۆ ئاسانی نەك لەبەر هۆی دیکە، هەروەها بۆ ئەوەش کە ئەم کتێبەم ببێتە چوارچێوەیەکی روون بۆ دیاردەییێکی دیاریکراو.

---

(٢) لەبرادەری دڵسۆزم ((محمد دزەیی))م پرسی کە ئایا شتێ لە بارەی ئامانجی ئەم کۆمەڵەیەوە دەزانێ گوتی ئەوان دەیانەوێ خۆیان بسەپێنن وەك هێزی سێیەم لەگۆڕەپانەکەدا ئەمەش وای لێکردوون سەردانی تورکیا و سووریا بکەن بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن (ئاوا!!) لەلکاندنی ویلایەتی موسڵ بەیەکێك لەو دوو دەوڵەتەوە، بێگومان هیچ هاودەنگییەکیان لێیان نەبیست.



رێڕەوی گشتی مێژوو وادەخوازێ ئەم ماوەی ((تازەگەری))یە بەچوار قۆناغی کاریگەردا تێ بپەڕێ. کە شۆڕشی دەستوورییە لە ئێران ١٩٠٧ و کودەتای عوسمانی و گەڕانەوە بۆ دەستوور ١٩٠٨ و جەنگی گەورە ١٩١٤ ـ ١٩١٨ و ماوەی گۆڕانکاری کردن لەنەخشەی جیهاندا ١٩١٩ ـ ١٩٢٥ بەلە دایك بوونی کۆمەڵی گەلان کە یەکەم دەزگای نێو دەوڵەتی بوو.

هەر قۆناغێکیش لەچوار قۆناغە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەگەشەکردن و نەش و نما کردنی هۆشیار نەتەوەیی کوردی یان دەرکەوتنی ((مەسەلەی کورد)) وەك گرفتێك لەگرفتە نەتەوەییەکان لەجیهاندا. بەدەستی ئەنقەستیش لەپەراوێزدا ژمارەییێکی زۆری سەرچاوەم تۆمار نەکرد هەرچەندە کەڵکیشم لێوەر گرتن و تەنها ئاماژەم بەوانە داوە کەلای خوێنەر گومانێکی زۆر دروست دەکەن کەبگەڕێن بێ ماندوو بوون و پشو بەدوای کەم و کوڕی و ناتەواوییەکاندا تاکو ئەوەی راستە لەوەی لەدروست کردنی خەیاڵە جیا بکەنەوە. ئەسڵیش بڕوایە و بڕواش ناکەم کەس هەبێ لەوانەی کتێبەکەم دەخوێننەوە خۆیان ماندوو بکەن و سەفەر بکەن بۆ سەردانی خانەی بەڵگەنامەکانی بەریتانی لەلەندەن، یان کاتێکی زۆر بەخەرج بدەن پارەیێکی زۆر خەرج بکەن بۆ ئەوەی بەدوای راستی سەرچاوەکاندا بگەڕێن بۆ ئەوەی بڵێن من هەڵەم کردووە یان لەدیارکردنی رووداوەکاندا راستم نەکردووە. من ئامۆژگاری ئەوانە دەکەم کە گومان لە بەڵگە و ئاماژەکانم دەکەن لەبری ئەوەی خۆیان ماندووبکەن و بگەڕێن بەداوی راستی سەرچاوەکانمدا کە ئەم کتێبەم لەپەنجەرەکەوە تووڕ بدەن. سەبارەت بەبیروڕاکانی خۆشم کە لەدووتۆی ئەم کتێبەدا تۆمارکراوە کە دەکرێ بەڕووبەڕوو بوونەوە (تحدی) و بوێری (جرأە) ناوزەد بکرێ هەرچەندە کەمیش بن ئەوا من بڕوام بەسنگ فراوانی خوێنەر هەیە و ئومێدیش دەکەم کە راستی بکاتەوە و بەراوردی بکا دوور لەسۆز و دیاریکردنیان وەك شتی بەڵگەنەویست کە قابیلی تانە لێدان نییە.

بۆ خۆشم قەت نەمگوتووە (معصوم)م یان شتێکم خستوەتە بەردەستی خوێنەر کە توێژینەوەیەکی هەمە لایەن و گشتگیرە ئەوەی من لەخوێنەرانم دەوێ بەتکاوە کە ئەم کتێبەم بەهەولێك دابنێن، هەولێکی سەرەتایی بۆ توێژینەوە لەم ماوە ناروونە لە مێژووی کورد و کوردستان، یان وەك رێگە خۆش کەرێ بۆ توێژینەوەییێکی زۆر فراوانتر.

جەرجیس فەتحوڵڵا

سەلاحەددین

٢٠٠٢/١/١

## ووشەێیك كە دەبێ بنوسرێ

ئەم كتێبە كتێبێكی دانسقە و نایابە و پێویستە هەموو كوردێ زۆر بەوردی و دیقەتەوە بیخوێنێتەوە... گرنگی ئەم كتێبە لەوەوە دێ كەباسی سەردەمێك دەكا، نووسەرو مێژوو نووسە عەرەبەكان خۆیان لێ لاداوە بەئەنقەست باسیان نەكردووە.... مەبەست لێرەدا چۆنیەتی دروست كردنی ئەم دەوڵەتە پینەوپەڕۆیەی (پیرسی كوكس) و (مس بیل) دروستیان كردو ناوی (عیراق) یان لێنا تەنانەت ((ئالآ)) یەكیشییان بۆ دروست كردو (مەلیك) ێكیان بۆ قوت كردەوە... ئەمەش هەر هەموو لەسەر حیسابی كورد و دوا رۆژ و ئاواتە نەتەوەییەكانی كورد بوو... نووسەر و مێژوو نووسە عەرەبەكان هەر لەم مەسەلەیەدا وایان نەكردوە بەڵكو لە زۆربەی هەرە زۆری رووداوە مێژوویەكاندا تەنها ئەوەی بەكەڵكی ئەوان هاتووە باسیان كردووە و نوسیویانە و ئەوانی دیكەیان پشت گوێ خستوە. تەنانەت لەنامە ئەكادیمیەكانیشدا وەك ماجستیر و دوكتۆرا كە دەبێ ئەو پەڕی دەسپاكی زانستی و ئەمانەتی مێژوویی تێدا رەچاو بكرێ.. خۆ لەم بابەتەی ئێمەدا نامەی دوكتۆراكەی (دوكتۆر فاضل حسین) باشترین نموونەیە چونكە باسی هەمان كات و سەردەم دەكا كە كێشەی موسڵە واتە كێشەی باشوری كوردستان و لكاندنی بەهەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسراوە، ئەویش وەك مامۆستا جەرجیس فەتحوڵلا دەڵێ خۆی لە زۆر راستی لاداوە... هەر لەبەر ئەمەشە كە دوكتۆر (طە حسین) لە كتێبی (فی الادب الجاهلی) دا دەڵێ هەموو مێژوو و ئەدەبی عەرەبی لەسەردەمی ئومەویدا نووسراوەو دروست كراوە و پێشتر هیچی ئەو تۆیان نەبووە شایانی باسكردن بێ... ئەم عیراقەی ئێستا كە وەك گوتم (پیرسی كوكس) و (مس بیل) دروستیان كرد... بۆ ئەم مەبەستە پەنایان بردە بەر جۆرەها درۆ و تەڵەكەبازی و فێڵ و شێواندنی راستی و بیرو ڕای خەڵكی كوردستان تەنانەت درۆشیان لەگەڵ حكوومەتەكەی خۆشیاندا كرد و جۆرەها مەهانەو پاساوی درۆیان دەهێنایەوە



تاكو قەناعەتیان پێ بكەن باشوری كوردستان — ولایەتی موسڵ- بەویلایەتی بەغدا و بەسراوە بلكێنرێ و ئەم دەوڵەتە پینەو پەڕۆیەی لێ دروست بكرێ، كە هیچ كاتێ و لە هیچ سەردەمێكی مێژودا شتێ نەبووە بەم نەخشە و جوگرافیایە و ناوی عیراق بێ... بەڵكو ئەمەی ئێستا قەوارەیەكی دروست كراوە- مصطنع- و لەسەر حیسابی كورد و هیواو ئاواتە نەتەوەییەكانی كورد دروست كرا..! ئەم راستیەش لە خوێندنەوەی كتێبە كەوە دەردەكەوێ كە هیچ كەس جگە لەو دوانەی ناومان هێنان لە بەریتانیا لەگەڵ ئەوەدا نەبون مافە نەتەوەییەكانی كورد پشت گوێ بخرێ و كەم و زۆر دەیانویست كوردیش هەندێ مافی نەتەوەیی وەدەس بێنێ ئەگەر مافی تەواویش نەبێ كە دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردییە كە هەندێ لە بەریتانییەكان لەگەڵیدا بوون وەك مێجەر نوئیل و چەرچل.

بێ لەمەش هەندێ راو سەرنج و تێبینی هەیە حەز دەكەم خوێنەری لێ ئاگادار بكەمەوە مامۆستا جەرجیس رۆحی شاد و جێ بەهەشت بێ ئیشێكی زۆر باش و نایابی كردوە، بەڵام بەداخەوە هەندێ لادانیش لە راستی لە كتێبەكەدا دەبینرێ كەلەو نەدەوە شایەوە وەك نوسەرێكی بابەتی و بێ لایەن و راستی پەرست... هەر بۆ نموونە لەمەسەلەی (سمكۆی شكاك)دا مرۆڤ وا هەست دەكا كە مەسەلەی كوشتنی مار شەمعون بە دەست سمكۆ وای لە مامۆستا كردوە بە جۆرێ باسی سمكۆ بكا وەك هەر دز و جەردە و پیاو كوژێ، نەك وەك پاڵەوانێكی بزاڤی كوردایەتی كە بێگومان لە هەڵەو كەم و كوڕی بەدەر نەبوە...

ئەوجا مەسەلەی برا ئیزدیەكان كە مامۆستا بێ هیچ روونكردنەوەو پەراوێز بۆ دانانێك قسەكانی نوسەرە عەرەب و بێگانەكان و رۆژهەڵاتناسەكانی وەك خۆی نوسیوەتەوە، هەندێ جاریش بۆچونی ئەندامانی لیژنەی كۆمەڵی گەلانیش و خۆیشی، ئەو برایانەی بە شەیتان پەرست و ئاگر پەرست و مەجوس ناوبردووە كە هەموو كەس دەزانێ ئەو ناو ناتورەیە نوسەرە عەرەبەكان و ناحەزانی كورد بەو برایانەوەیان لكاندوە و كردوشیانە بە مەهانە و پاساوی هێرش كردنە سەریان و هەوڵی لەناو بردنیان. من بەلای خۆمەوە یەك دو پەراوێزم نوسیوە، هەق بۆ مامۆستاش وای بكردایە...!!

مەسەلەی دیكە ئەوەیە كە مامۆستا لە زۆر شوێندا قسەی نوسەرە عەرەبەكان دەجوێتەوە و بۆ خۆیشی جاروبار وا دەڵێ گوایا موسڵ شارێكی عەرەبیەو عەرەب دروستی كردوە و زۆربەی دانیشتوانی عەرەبن...!! من هەر ئەوەندە دەڵێم چۆنە ئەم شارە ((عەرەبیە)) لەناو جەرگەی كوردستاندا قوت بوەوە و پەیدابوو..!!

موسڵ قەت و قەت نە شارێکی عەرەبیە و نەهیچ پەیوەندیەکیشی بەعەرەبەوە هەیە، ئەوەندە هەیە کە ئەو شارە لە ناوچەی بیابانی عەرەبیەوە نزیکەو هیچ بەربەستێکی سروشتیش نیە لەو بیابانەی جیا بکاتەوە بۆیە عەرەبی رەوەند رویان تێکردوە بۆ لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەکانیان.. هەواری ئەو مەڕ و ماڵات لەوەڕاندنە پێی دەگوترا (دیار) وەك (دیار ربیعە) و (دیار بکر)... هەر بۆیە موسڵ پێش زۆربەی شارەکانی کوردستان. تووشی تەعریب و نیشتەنی ((إستیطان)) عەرەبی بوو...

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیام ئەگەر ئێستا سەر ژمێریەکی بێ لایەن و لە لایەن لێژنەیەکی بێ لایەنەوە بکرێ و لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان یان هەر رێکخراوێکی نێو دەوڵەتی (نزیە) و بێ لایەنن، دەردەکەوێ کە ئێستاش هیچ نەبێ لە سەدا شەستی (٦٠٪) دانیشتوانی شاری موسڵ کوردن و لە هۆزەکانی هەرکی و زێبار و سورچی و مزوری و زرارین.. هتد لەگەڵ کوردی دیکەش کەلەوشارەدا هەن بەڵام بوون بە عەرەب و بەعەرەبی قسەدەکەن...

مەسەلەیەکی دیکە ئەو وشە بەکارنەهێنراو و لە بیر چوانەیە کە مامۆستا بەکاری هێناون، کە هەمووشیان وشەی ئاسانتر و لەبارتر هەیە و زانراوە و ئەو بەکاری نەهێناون... من یەك نموونە دەهێنمەوە کە وابزانم بەسەر بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم مامۆستا وشەی (جعول) ی بەکارهێناوە کە دەڵێ ئیشیان دەکرد (لقاء جعول ثابتة) کە بە فەرهەنگی (المنجد) دا گەرام چاپە تازەکەی، چونکە لەکۆنەکەدا نەبوو- تەماشادەکەم ((جعول)) بەمانای ((أجور)) دێ. ئیتر نازانم بۆچی نەیگوتوە (القاء أجور ثابتة) و ((جعول)) بەکارهێناوە... ئەوا لیستێ لەو وشانە دەخەمە بەر دیدی خوێنەری بەڕێز کە هەندێکیانم دۆزیەوە بەڵام هەندێکی دیکەم نە دۆزیەوە لەو فەرهەنگانەی لەبەر دەستمدا بوون: وشەکانیش ئەمانەن ((حزون، تلاع، یتقتت، متطامنە، قلیلة التعادی، جذامیر، الأباطح، باقعە، جعول، طوار، مرواز، المصاقبە، قزهە عن العیوب، ضاهینا، بلق یباب)) جگە لەمانەش من زۆر وشەم هاتوەتە بەرچاو نەمزانیوە چۆن دەگوترێ

-تلفظ- دەکرێ لە زمانە ئەسڵیەکەدا، وەك ناوی ئەندامانی لیژنەو شارەزا و ئەوانەی پرس و رایان پێ کراوە لە بێگانەکان.. بۆیە وەك خۆی و هەر بەڕێنوسە عەرەبیەکەی مامۆستا جەرجیس نوسیومەتەوە و دامناوە... هەر ئەمەشم لە دووشتی دیکەدا کردوە، لەناوی شارو گوندو ناوچەکاندا کەلەم کتێبەدا باسکراون.. هەندێکیانم دەزانی و دەمزانی چۆن دەگوترێ



((تلفظ)) و دەنوسرێ، بەڵام هەندێکی دیکەیانم نەدەزانی، بۆیە ناوەکانیشم هەر بەڕینوسەکەی مامۆستا جەرجیس هێشتەوە و دەسکاریم نەکرد.

ئەوی دیکە مەسەلەی زاراوەو پلەو پایەی سەربازیە کە ئێمە نیمانە وەك ((عقید، فیلد مارشال، رتل، ثکنە... هتد)) جگە لە هەندێ زاراوەی ئابووری و جوگرافی و ئەثنوگرافی و تۆبۆگرافی... و هتد ئەمانەشم وەك خۆیان هێشتەوە و دەسکاریم نەکردن بەڵام خستمنە نێو کەوانەوە...

لە کۆتاییدا ئومێد دەکەم بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە کە لینێکم لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ کردبێتەوە و رۆڵەکانی نەتەوەکەشم سوودی لێ ببینن و دڵنیاشم کە سوودی زۆرە.

حەسەن جاف

هەولێر ٢٠٠٩/١/٢٨

# بەشی یەکەم

# مێـــــژوو

# فەسڵی یەکەم

هەموو بایەخ پێدانی نووسەران و مێژوونووسانمان کە لەهۆشیاری نەتەوەیی کوردییان دەکۆڵییەوە و باسی گەشەکردنیان دەکرد، تەنها باسی ئەو بەشەیان دەکرد کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوو، زۆر کەم ئەو بەشەی دیکە کە لە ژێر دەسەڵاتی فارسیدا بوو ئاوڕی لێدەدرایەوە جا سەر پێ یی بوایە یان بۆ مەبەستێ.

لێرەشدا هۆم بەدەستەوەیە کە بەبێ دەسەڵاتی و بێ توانایی تاوانباریان نەکەم، بەڵکو وام لێدەکا کە داوای لێبووردنیان لێ بکەم. چونکە گومانی تێدا نییە کە گەشەکردن و بەرە و پێشەوە چوونی هۆشیاری نەتەوەیی کوردی بەچەمکی نوێ: لە دایك بوون و ئەوانەی بانگەشەیان بۆ دەکرد و پەیامەکەیان بڵاودەکردەوە و جیهادیان لە پێناودا دەکرد، خەریکە بڵێم لەو ماوەیەی من بۆکتێبەکەمم دانابوو تەنها لەکوردستانی عوسمانیدا هەبوو، مێژووش بیرمەندێکی نەتەوەیی کوردی یان کەسێکی بانگەشەکەر یان کۆمەڵێك یان گروپێك کە پەیامی بیری نەتەوەیی هەڵگرتبێ لە وڵاتی فارسدا باس ناکات بەو رادەیەی سەرنجی نووسەر رابکێشێ و هانی بدا بۆ بەدوادا چوون.

ئەگەر کۆکردنەوە و هاندانی عەشایری لێدەرچێ کە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری توانی رێکیان بخاو سەرکردایەتیان بکا دژی دەسەڵاتی فارسی لە ساڵی ١٨٨٢، لەوە بەدەر نووسەر ناتوانێ هیچ چالاکییەکی نەتەوەیی یان سەربەخۆ خوازی بۆ کوردەکانی فارس تۆمار بکا.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە نیو سەدە بەسەر لەناوبردنی حوکمی کوردە ئەردەڵانییەکان کە حوکمێکی نیمچە سەربەخۆ بوو. ئیتر دوای ئەم دوو ڕووداوە دەبایە کوردەکانی فارسی چاوەڕێی ئەوە بکەن کە گڕی جەنگی یەکەمی مەزن ١٩١٤ ـ ١٩١٨ بەکڵپە بڵێسەدارەکەی بیانسووتێنێ. چونکە وڵاتی کوردستانی فارس بووە گۆڕەپانی هێرش و پەلاماردانی سوپاکانی روسیا و تورکیا و بەریتانیا، ئەمیان دەهات و ئەوی دیکەی دەردەکرد پاشان ئەو دەهاتەوە ئەمی دەردەکرد، ئیتر بەو جۆرە، ئەمە لەکاتێکدا دەوڵەتی فارس بۆ خۆی لایەنێك نەبوو لەو جەنگەدا.

بەهۆی ئەو بەرەڵڵاییە کۆمەڵایەتییەی کە کوردەکانی فارس دووچاری هاتبوون، کودەتای دەستووری فارس لە ١٩٠٦ هیچ ئاسەوارێکی لەکۆمەڵگەی کوردیدا لەوێ بەجێ نەهێشت، بەپێچەوانەی ئەو کاریگەرییەی کودەتای دەستووری عوسمانی دوای ئەو بەدوو ساڵ (١٩٠٨) کە توانی گۆڕانێکی گرنگ لەهیوا و ئاواتە نەتەوەییەکانی کورددا بهێنێتە ئاراوە.



سەدەی نۆزدەمان بەجێ هێشت بێ ئەوەی هەست بەمانەوەی شوێنەواری شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بکەین، ئەمە مێژوونووسانیشی سەرسام کرد ئایا ئەم شۆڕشگێڕە بەراستی دەیویست کورد رزگار بکا و دەوڵەتیان بۆ دابمەزرێنێ؟ ئایا ئەو ((مغامرە)) فارسییەی ئەو پێشەکییەك بوو بۆ پرۆسەیێکی فراوانی رزگاری کە هەموو خاکی کورد و هەموو کورد دەگرێتەوە؟

بەبێ هودەی دەزانم هەوڵ بدەم وەڵامێکی قەناعەت هێن بۆ ئەم پرسیارانەم بدۆزمەوە کە بگاتە رادەی ئەوەی وەك ((مسلمات)) مێژوویی قابیلی گومان نەبێ، بەتایبەتی کە ئەو بارودۆخەی پێش شۆڕش و ئەو شوێنەوارانەی لە پاشی بەجێمان، هیچ ئاماژەیێکی ئەو تۆی تێدا نەبوو کە هەستی نیشتمانی لەهەردوو بەشی کوردستاندا بگاتە ئاستی هەوڵدان بۆ رزگاری و سەربەخۆیی، بەڵێ لە ساڵی ١٨٨٦ دا ماوەیێکی کورت هەبوو بۆسەرکەوتنی بزاڤێك کە توانی ئۆتۆنۆمیەك لە سابلاخ (مەهاباد) دا بهێنێتە ئاراوە بەسەرکردایەتی (والی) موکری، بەڵام ئەو لەڕووداوێکی لاوەکیدا مرد و بزاڤەکەشی لەگەڵ خۆیدا مرد. پاشان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٠ دا شێخ قازی فەتاح سەرۆکی مەلاکانی شاری مەهاباد سەرکردایەتی بزووتنەوەیێکی کرد کە ژمارەیێکی کەم لەسەرۆك هۆزە داخ لەدڵەکان پشتگیریان کرد و دیارتریانیان ئاغاکانی مەنگوور بوون.

پشتگیرکردنی مەنگورەکان بەوە لێکدەدرایەوە کە بۆ تۆڵەسەندنەوەی بوو لەسەرکردەکانی مامش، کە ئەمانیش دایانە پاڵ حکوومەت بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەکە[1] دەبێ ئەوەش بگوترێ کە گەورەترین شت ئەو هەستە کوردییە هەوڵی بۆ دەدا لەبەشە عوسمانییەکەدا چاکسازی و تازەکردنەوە بوو، هەروەها کوردستان لە تاریکیی سەدەی ناوەڕاست دەربهێنرێ بەڵام لەچوارچێوەی عوسمانیدا واتە کۆمەڵەی عوسمانی ـ الجامعە العثمانیة ـ.

بەڵام شۆڕشی دەستووری فارسی لەساڵی ١٩٠٦ کە بە (المشروطە) ناوی دەرکرد هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی فارس و هۆزە کوردییەکاندا نەبوو کە شەڕی ناوخۆ و هێرشی بۆسەر یەکتر و پیلانی خوێناوی بۆ سەرکردایەتی گرتنە دەست و هەموو ئەمانە لە کوشتار و کاری خراپە، ئەو کوردانەی پارچە پارچە کردبوو و کردبوونی بەدوژمنی یەکتر.

من هەرچەندە پاکانە بۆ نووسەرانی پێش خۆم دەهێنمەوە کە چارەنووس و حاڵ و باری کوردەکانی فارسیان پشتگوێ خستبوو، بەڵام من بڕیارمدا لەم مەسەلەیە بدوێم هەرچەندە

---

(١) لەدوای سەرنەگرتنی بزووتنەوەکەی (قازی فەتاح) دڵنیا کرا کە هیچی لێ ناکرێ و دەبێ بێتە تەورێز تاکو داواکارییەکانی بخاتە بەردەم حکوومەت کە گرنگترینیان بریتی بوو راگرتنی زیاد کردنی باج و دانانی والییەکی نوێ بۆ سابلاخ لەخەڵکی شارەکە. بەڵام داواکارییەکانی قبول نەکران و گیرا لەتەبریز و بەدەس بەسەری رەوانەی تاران کرا.

سەرچاوەی کەمە وکەمتریش رۆڵی هەبووە لەبزووتنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی گشتی، هەروەها ناچاریشم کە خستنە روویێکی مێژوویی دوای ئەوە بنووسم سەبارەت بەلایەنێکی گرنگی مێژووی نوێی ئێران (کە ئەوسا فارسی پێدەگوترا) چونکە وەك من بۆی چووم پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بەوەی کە من دەمەوێ باسی بکەم.

کاریگەری کودەتای عوسمانی ساڵی ١٩٠٨ لەسەر نەش و نما کردنی بزووتنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کوردی ئەوەندە روون و ئاشکرایە کە تەنانەت ئەو قەڵەمانەش کە زۆر رقیان لە حوکمی عوسمانی بوو نەیانتوانی چاوپۆشی لێ بکەن یان لە رۆڵی کەم بکەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لێکۆڵینەوەی من لەبەشەکانی داهاتوودا.

لەکاتێکدا هیچ کاریگەرییەکی کودەتای دەستووری فارسی (المشروطە) لەسەر وریا بوونەوەی نەتەوەیی کورد نابینم. بەڵام لێکۆڵینەوە لە قۆناغەکانی ئەو کودەتایە و رەنگدانەوەی بەسەر کوردستانی فارسدا بێگومان یارمەتیمان دەدا بۆ تێگەیشتنی هۆیەکانی دواکەوتنی هۆشیار و هەست کردن بەپێناسەی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستاندا، ئەم قۆناغەش بەبڕوای من دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە.

جیاوازی نێوان ئەم دوو کودەتایە زۆر روونە. کودەتای عوسمانی ١٩٠٨ ـ ١٩٠٩ کە سوڵتان عەبدالحمیدی لەسەر کار لابرد و دەستی بەکارکردنەوە کرد بەدەستوور، ئەم کودەتایە، ئەوەی ئامادەی کرد و پێی هەڵسا کۆمەڵەیێکی نهێنی بوو کە ئەندامەکانی سڤیل و عەسکەری بوون و سوپای عوسمانیش بەهۆی ئەفەسەرەکانییەوە جێ بەجێیان کرد. لەکاتێکدا کودەتای فارسی لەلایەن چینی بازرگانەوە (یان بازاڕ) و بەسەرۆکایەتی و رێنمایی زاناکانی شیعەهاتە کایەوە و فتیلەکەی داگیرسێنرا. گوتیان: هۆی بنەڕەتی شۆڕشی دەستووری (المشروطە) دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری رۆژاوا و سەرنەکەوتنی بنەماڵەی قاچار کە بنەماڵەی حوکمران بوو لەگەڵ میرەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوای قاچاری[٢] و سەرکردەکانی سوپا لەکۆکردنەوەی باج بەزوڵم و زۆر تارادەی کوشتن و ئازاردان یان ئابڵۆقە خستنە ئەو شارە یان گوندەی باجی دەبێ و بەتۆپ لێیان دەدا.

چینی بازرگان یان بازاڕ چینێکی زۆر گرنگە لە ژیانی ئابووری ئێرانیدا و هەر ئەوانیش دەستیان بەشۆڕشی دەستووری کرد، دوای ئەوەی لەگەڵ پیاوانی ئایینیدا رێکەوتن کە کە دوکانەکانیان داخەن تاماوەیێکی دیاری نەکراو بۆ ئەوەی ژیانی ئابووری تووشی ئیفلیجییەکی تەواو بکەن لە تاران.

(٢) ئەم بنەماڵەیە حوکمی وڵاتی فارسی کرد بەشەش پاشا، یەکەم و دامەزرێنەریان لەساڵی ١٧٩٥ محەمەد خان قاچار بووو دواترینیشیان ئەحمد شا بوو کە ساڵی ١٩٢٥ لابراو رەزا پەهلەوی هاتە جێی.



ئەمانە هەمیشە پەیوەندی رۆحی و ژیانی یان هەبووە لەگەڵ چینی پیاوانی ئایینیدا، ئەمانیش لەگەڵ ئەواندا هاودەنگ و هاوڕا بوون، جا ئەگەر بازاڕ لەدەست درێژییەکی حکوومەت سکاڵای کرد، یەکسەر رۆحانییەکان دەس دەکەن بەفەتوا دەرکردن بۆ وروژاندنی خەڵکی. دەڵێن پەتای شۆڕش لەتاران بڵاوبووەوە تاکو بوو بەیاخی بوونێکی مەدەنیی گشتی و دەنگ بەرز بووەوە و داوای دەستووریان دەکرد، ئەم پەتایە گەیشتە هەموو شارەکانی دیکەی ئێران و خەڵکیش بوون بەدوو بەشەوە، بەشێ لەگەڵ دەستووردایە و بەشی لەگەڵ شاکاندایە، ئەمەش بووە هۆی دابەشبوونێکی توند لەبیروڕای (مەرجع)ە ئایینییەکان[٣] دوایش کارەکە بەوە کۆتایی هات کە (فەرمان)ێك لەلایەن

(٣) کارەکە بەو جۆرە بەئاسانی رووینەدا. لەمەجلیسدا زانایان بوون بەدووبەشەوە، بەشێ لەگەڵ دەستوور و تیۆری حوکمی دەستووریدا بوون. بەشێکیش دژی حوکمی دەستووری بوون (مەلەکییەکان) شێخ (فضل الله نوری) سەرکردایەتی ئەم بەشەی دەکرد، دوای ئەوەی رۆڵێکی گەورەی گێڕا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی کودەتادا کەچی دوای ئەوە هەموو توانا و دەسەڵاتی خۆی خستە پاڵ ئەو بەشەی دژ بەدەستوور بوون، ئەمەشی بەوە پاسا و دایەوە کە مەبەستی ئەسڵی بزووتنەوەکە دامەزراندنی ئەنجوومەنێك بوو کە یاسا بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلامی دابنێ هیچی دیکە نا. ئەم ئەنجوومەنەی ئێستاش ئەم ئەرکەی بەجێ نەهێنا ((لەبەرئەوەی ئەندامی تێدایە لەتایفەی نوێ و ناوخۆ)). لەگەڵ ئەوی زۆربەی موجتەهید و زانایان ئەو گۆڕانکارییانەیان قبوول کرد کە ئەم بەشە لە رەشنووسی یاسای بنەڕەتیدا کردیان و هەموو ئەو یاسایانەشیان قبوول کرد کە پێشنیار کرابوون، بەڵام شێخ (فضل الله) و لایەنگرەکانی لە ئەنجوومەن کشانەوە وەك ناڕەزایی دەربڕینێك لەسەر کارەکانی ئەنجوومەن. پاشان شێخ (فضل الله) پەنای بردە بەر (شا عبدالعظیم) ـ لەتەمموزی ١٩٠٧ ـ وەك نارەزایی دەربڕینێك و دەلیلێك بۆ ئەو ناڕەزاییە.
ئیتر دوای ئەوە کەزانی سەلامەتە دەستیکرد بەبەیان دەرکردن دژی کاروکردەوەی دەستوورییەکان. پاشان دژایەتی خۆی پەرەپێدا و زیادی کرد دژی (دەستوورییەکان) و سەرلەبەری دایە دواوە و بەو بەهانەیەی لەئەوروپاوە هێنراوە و لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ و کەواتە (بدعە)یە لەجیاتی (دەستوورییە) داوای (مشروطەی مشروعە)ی کرد مەبەستیش لەمە بنیات نانی حکوومەتێکی دەستووری لەسەر بنەمای شەریعەت یان هەر هیچ نەبێ لەگەڵیا بگونجێ. (دەڵێن: سەید محەمەد تورکمان و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی دژی شاە ١٩٧٩ ئەم بەیانەی دووبارە بڵاوکردەوە بەناونیشانی ((نامەی راگەیاندن. نووسین و روزنامەی شێخی شەهید ـ فضل الله نوری ـ چاپی تاران ١٩٨٥). پاشان دروشمەکەی شێخ کورتکرایەوە لە (مشروطەی مشرۆعە) بۆ (مشروعە). دوای ئەوەش زانایان و موجتەهیدەکان بوون بەدوو بەشەوە یەکێکیان بە (مشروطە) ناسرا، ئەوی دیکەیان بە (مشروعە). ئەم ناکۆکییە مەبدەئیە لەنەجەفدا رەنگی دایەوە و (آیة الله البهبهانی) و (آیة الله الطبا طبائی) دەرکەوتن و لایەنگرانیان چوونە پاڵ دەستوورییەکان (المشروطە) لەکاتێکدا شێخ (فضل الله نوری) لەوێ لایەنگری هەبوو. بەڵام (آیة الله العظمی السید محمد کاظم الیزدی) (ت ١٩١٩) کە باڵاترین مەرجەعی شیعە بوو لەو سەردەمەدا، بێ لایەن مایەوە، پاشان لەداوییدا مەیلی بەلای ئەوەدا چوو کە بەرهەڵستی (المشروطە) بکا. لەمەشدا شیعە عەرەبەکان و حکوومەتی عوسمانی تاراگەیاندنی

شاهنشاوە دەرچوو بۆ هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەوەی ئەنجوومەنێکی نوێنەران هەڵبژێردرێ تاکو دەستوورێك بۆ وڵات دابنێ ئەوەبوو لەیەکی / کانوونی یەکەمی /١٩٠٦ دا ئەنجوومەنەکە کرایەوە و یەکسەر لیژنەیێکیان پێکهێنا بۆ دانانی دەستوور، ئەوەش کراو شا (مظفرالدین) لەکانوونی دووەمی ١٩٠٧ دا رەزامەندی لەسەر دا، هەر دوای ئەوەش بەماوەییێکی کورت کۆچی دوایی کرد.

---

کودەتای عوسمانی پالپشتی یان دەکرد و لایەنگری بوون. باشترین و دیارترین وەڵام بۆ شێخ (فضل الله نوری) بەقەڵەمی موجتەهیدێکی نەجەفی گەورە نووسرا کە (آیة الله میرزا محمد حسینی التائبینی) بوو (ت١٩٣٦) کە یەکێك بوو لەوانەی لەسەر دەستی چاکخواز ـ مصلح ـ و تازەکەرەوەی (مجدد) گەورە (الأخند الخراسانی) خوێندبووی. لەکتێبەکەیدا (تنبیه الأمه وتنزیه الملە) تۆمەتی بیدعەی دایەوەبەڕووی ـ فضل الله نوری ـ و حیزبەکەیدا و گوتی دانە دواوە و قبوول نەکردنی ـ الدستوریه ـ پاڵ بەنوری و لایەنگرانییەوە دەنێ کە پشتگیری زوڵم و زۆر و ئیستبداد بکەن کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بدعەیە. ئەوەشی رەت نەکردەوە کە (الدستوریه) دیاردەیەکی تازەیە بەڵام ئەو وای بۆ دەچوو کە هۆیێك بێ بۆ سنووردانان بۆ دەست بەسەردا گرتنی دەسەڵات لەکاتی دیار نەبوونی ئیمامی چاوەڕوان کراو. ئەم بەڵگەیەی خۆشی بە شێوەی خەونێك لێك دایەوە کە گوایا ئیمامی چاوەڕوانکراو هاتووەتە خەوی و قسەی لەگەڵدا کردووە. ئەوەی سەرنج راکێشە لێرەدا ئەوەیە کە هەردوو گروپە زانای دژ بەیەك پشتیان بەهەمان هۆ دەبەست و لەسەر یەك زەمینە وەستا بوون. ئەوان رێك بوون لەسەر ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران (الاشتراعی) دەبێ لەچوار چێوەی (العرفیات) دەرنەچێ، واتە ئەو شتانەی لەشەرعەوە هەڵێنجراون. هەروەها رێکیش بوون لەسەر ئەوەی سەربەستی بیروڕا دەربڕین نابێ ئەو سنوورە ببەزێنێ کە ئیسلام دایناوە، یەکسانیش نابێ رەها بێ وەك یەکسانی تەواو لە نێوان موسڵمان و غەیرە موسڵماندا و لە نێوان پیاو ژندا. بەڵام ئەم خاڵانەی تیایاندا بەیەك دەگەیشتن (هی دیکەش زۆربوو)، و رۆژانی سۆزو هانابردنی هەر لایێك بۆ هاوپەیمانی تەکتیکی لەو کاتەدا لێکی دوورخستنەوە.

لەم لاوە زانا دەستوورییەکان و مەدەنیە لیبراڵەکان لە ئەنجوومەندا کە لایەنێك بوون. لەو لاشەوە زانا و موجتەهیدە کۆنەپەرستەکان لەگەڵ خەڵکانی سەر بەدەرباری شاە لایەنێکی دیکە بوون، کۆمەڵێکی دیکە هەبوون لەزانایان کە زیاتر بایەخیان بەیەکگرتوویی ئێرانی ئیسلامی دەدا و لەگەڵ ئەوانەدا نەبوون کە دەستووریان بەهۆیەك دەزانی بۆ ئەم مەبەستە. ئەمەش زۆر بەڕوونی لەکاتی هێرشی روسیا لە ساڵی ١٩١١ دا دەرکەوت، لەو کاتەدا زانایان ناکۆکییەکانی خۆیان وەلاخست و هەر هەموویان راپەڕین بۆ بەرگری کردن لە خاکی ئیسلام دژبە هێرشبەران، تەنانەت پێش ئەمەش، دەستوورییەکان زۆر لەناو و ناوبانگی خۆیان دۆڕاند و کاتێ کە هێزە شۆڕشگێڕەکان ساڵی ١٩٠٩ شێخ (فضل الله نوری) یان لەسێدارەدا، هەروەها رەشکوژ ـ إغتیال ـ کردنی (السید عبدالله البهبهانی) ساڵی ١٩١٠ بەدەستی کۆمەڵێ لەو توندڕەوانەی لایەنگری باڵێك بوون لە ئەنجوومەن، بەهۆی ئەمەوە وەك گوتیان (آخند الخراسانی) لایەنگریی خۆی بۆ ئەنجوومەن کێشایەوە، لەهەمانکاتدا (آیة الله النائینی) هەرچی ژمارەییێك لە کتێبەکەی مابوو، کەپێشتر باسمان کرد، فڕێ دایە ئاوی دیجلەوە. بەڵام ئەو کتێبەی لەبیرنەکرا چونکە لە ساڵی ١٩٥٥ دا (آیة الله الطالقانی)ی بەناوبانگ کە یەکێك بوو لەسەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامی دووبارە چاپی کردەوە و پێشەکییەکیشی بۆ نووسی شایەتی دەدا بۆ راستی و دروستی رایەکانی ئەو، واتە (آیة الله النائینی).



ئەم ناکۆکی و جیاوازییە فیکرییە لە هەموو شارەکانی فارسدا رەنگی دایەوە، کوردەکانیش نەلەئەنجوومەندا و نەلەکودەتادا هیچ ئامادەگییەکی نەتەوەیی یان هەرێمی یان نەبوو و نەلەو ناکۆکییە عەقائیدیەدا بەشداریان هەبوو. ئەمەش شتێکی سەیر نییە لەبەر سروشتی کودەتا و مەبەستەکانی. بەڵام ئێمە وای بەباش دەزانین و زۆر گرنگیشە کە کورتە وەسفێکی ئاسەواری ئەم رووداوانە لەکوردستاندا باس بکەین لەگەڵ پشتێنەی ئەو رووداوانە. بالێرەدا سەرەتا شاری (کرمنشاە) کە گەورەترین شاری کوردییە لەباشوور وەك نموونە بهێنینەوە.

لەو هەرێمەدا یان لەو (حاکمیە)تەدا هۆزی کوردی رەسەنی تێدا نیشتەجێیە و بۆ ئاسانکاری ناوی باشووری کوردستانی فارسی لێدەنێم.

پێشتر گوتمان کە یەکێك لەهۆیەکانی شۆڕش هەوڵی قاچارییەکان و فەرمانبەرەکانیان بۆ ئەوەی باج بەتوندوتیژی لە خەڵك بسەنن لەوانەش باج لەسەر بەروبوومی کشتوکاڵی و گیانەوەر، نائومێدی گشتیش لەحوکمی بنەماڵەی قاچار بووە هۆی دروست کردنی هاوپەیمانییەکی بەرهەڵستکار لەزانایان و رۆشنبیران لەگەڵ بازرگانەکانی تارانی پایتەختدا، جگە لە شارە گەورەکانی هەرێمەکانی دیکە وەك تەبریز و (کرمنشاە) و هی دیکەش. ئەمجۆرە هاوپەیمانیەتییە لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا پشتیگیری خاوەن زەویە کشتوکاڵییەکان و سەرەك هۆزەکانیشی وەدەس هێنا. لەمانەش بەشێ لە هۆزی بەختیاری و لوڕ کە گڕی رەشەبای توندی باجی قاچارییەکان دەم و چاویانی دەبرژاند، بۆیە ئەوانیش بوونە پاڵپشتی بزووتنەوەی دەستووری نوێ، نەك لەبەر ئەوەی لێی تێگەیشتبوون و ئامانج و مەبەستەکانیان دەزانی، بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی دەرگایێکیان بۆ دەکاتەوە تاکو لەزەبر و زەنگی قاچارییەکان رزگاریان بێ.

هەلەکە بۆ دەستوورییەکان لەبار بوو تاکو بەئازادی کار بۆ ئەوە بکەن سنوور بۆ دەسەڵاتی شا دابنێن بێ ئەوەی لەدەس تێوەردانی روسیا بترسن کە شا بپارێزێ یان لایەنگری بکا لەبەر ئەوەی یابان سەرکەوت بەسەر روسیادا لە جەنگی ساڵی ١٩٠٥ پاشان هەڵگیرسانی شۆڕشی ناوخۆ لەمۆسکۆدا.

کەواتە بەرهەڵستکاران دەستیان گرت بەسەر پایتەختدا و شایان ناچار کرد ئەنجوومەنی شوراو دەستوور دابنێ. دوای ئەوەی یەکسەر بازرگانەکان و خاوەن کاروپیشەکان لەشارە گەورەکاندا راپەڕین بۆ پشتگیری کردن لە دەستوورییەکان. لەکوردستانیشدا کرماشان و چەند شارێکی بچووك وەك ورمێ و سابلاخ (مهاباد) و هەندێ شارۆچکەش وەك سنە و سەقز دەستیان کرد بەپێکهێنانی (ئەنجوومەنی) میللی بۆ رووبەڕووبوونەوەی خاوەن دەسەڵاتە ناوخۆییەکان. وەك لە هەموو لایێکی

وڵاتی فارسدا روویدا، بەڵام مەسەلەکە لای سەرەك هۆزە کوردەکان جیاواز بوو چونکە ئەوان بەگشتی لایەنگری پاشایەتی بوون وەك پارێزەرێکی رژێمی دەرەبەگایەتی، کە ئەوانە خۆیان بەشێك بوون لەو رژێمە.

ئەمانە هەر لەسەرەتاوە دژایەتی دەستوور و چاکسازی دەستووریان کرد، بەڵام بەتایبەت زۆر دژی بنەماڵەی قاچاری و فەرمانبەر و نوێنەرەکانیان بوون و دژایەتیان دەکردن بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە نەیاندەتوانی لەگەڵیاندا لێك بگەن. زۆر بە وریایی و گومانەوە چاودێری هەموو هەوڵ و دەستتێوەردانی چینی حوکمڕانیان دەکرد لەکاروباری عەشایریاندا، هەروەها زۆرتریش رقیان لەتەماع و چاوچنۆکییان بوو لە مەسەلەی کۆکردنەوەی باجدا. زۆر بە هۆی باج سەپاندنەوە ئەم سەرەك هۆز یان ئەو یاخی دەبوو، ئەمەش دەبووە هۆی پێکدادان و روبەڕووبوونەوەی چەکدارانە و هاتنە ناوەوەی سەربازانی حکوومەت بۆ گوندەکانی ئەو سەرەك هۆزە تاکو دەست بکەن بەکوشتن و گرتن و تاڵانی. زۆرجاریش هێزە چەکدارە عەشایرییەکان لەحاکمە لاوازەکان کە سەرباز و چەکی کەمیان لەبەردەستدابوو بەهێزتر دەبوون و هێرشیان دەبردە سەر مەڵبەندی کارکردنی حاکمەکە و لەشارەکەدا بەرەڵایی و ترس و تۆقاندنیان لەناو خەڵکیدا بڵاو دەکردەوە و زۆریش تاڵانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد و لەناو فەرمانبەر و بنەماڵە دەست رۆیشتوەکانی شاریشدا خەڵکیان بەبارمتە دەگرت، زۆرجار حاکمی شارەکەشی تێدا دەبوو، پاشان بە هەموو تاڵانی و دیلەکانەوە لە شار دەردەچوون بێ ئەوەی لە سەربازەکانی حکوومەت بترسن.

زۆرجار ئەم هۆزانە هاوپەیمانییەتێکی هێرش بەریان پێکدەهێنا، لەو کاتانەدا کە لەحاکمەکەیان بێزار دەبوون یان کە دەیویست لە دەسەڵاتیان کەم بکاتەوە و دەس بخاتە ناو کاروباری عەشایریانەوە، لەڕێی لابردنی سەرەك هۆزێك و دانانی یەکێکی دیکە لەباتی ئەو بەسەرەك هۆز. بەکورتی سەرەك هۆزەکان حوکمێکی ناوخۆیی زاتییان پێ باش بوو، بەڵام قەتیش وەك چینێك کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبێ کاریان نەدەکرد، بەڵکو هەریەکێ لەوان تەنها بیری لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەکردەوە. بەڵام زۆریش رقیان لە چالاکی سیاسیی خەڵکی شارەکان بوو، هەروەها زۆر بەڕاشکاوی دژایەتی خەڵکی ساباڵاخ و ورمێ و سەقز و سنە و کرماشان و خوی و سلماس و ژمارەیێك لە گوندە گەورەکانی کوردیان کرد، کاتی کەبینیان مەیلیان بەلای بزووتنەوەی دەستووریدایە یان بەواتاییێکی دیکە دەیانەوێ لەدەس حکوومەتێکی زاڵمی گەندەڵ کەوالی و حاکمەکان و دەرەبەگ و سەرەك هۆزەکان پشتگیریان دەکەن رزگاریان ببێ. بۆیە هیچ سەیر نەبوو کە سەرەك هۆزە کوردەکان و ئاغاکانیان زۆر دژایەتی ئەو لیژنانەیان (أنجمن) کرد، بەڵکو هەندێکیان دەیانویست هەر لەناویان



بەرن. بۆنموونە (اسماعیل آغا ـ سمکو ـ) سەرۆکی (العیدوی) کە لقێکە لە عەشیرەتی شکاك یارمەتیی بێ سنووری خانی ماکۆی دا بۆ لەناوبردنی ئەو لیژنانە (أنجمن) لەوێ. ئەو والیەش بەوە پاداشتی دایەوە کە کردی بەحاکمی (قتور). هەروەها سمکۆ رۆڵی هەبوو لە لەناوبردنی لیژنەکانی (خوی) و (سلماس). لیژنەی (سلماس)ش تۆڵەی خۆی بەوە کردەوە کە هانی لقێکی عەشیرەتی شکاکی دا کە لەگەڵ سمکۆدا نەبوون بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر گوندەکانی سمکۆ و تاڵانی بکەن و بیسوتێنن[٤]. هیچ کام لەم ئەنجوومەنانە هەستێکی نەتەوەیی یان رەگەزی ـ عنصری ـ یان نەبوو، بەڵکو تەنها داوای ئەوەیان دەکرد بەشداری بکەن لە بەڕێوەبردنی ئیداراتی ناوخۆ و دەسەڵاتی والی و فەرمانبەرەکان کەم بکرێتەوە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی میللی. خەڵکەکە دەیانویست لەدەست والیە گەندەڵە چاوچنۆکەکان کە حکوومەت بەزۆر سەپاندبوونی بەسەریاندا رزگاریان ببێ. هەروەها دانیشتوانی گوند و لادێکانیش دەیانویست خۆیان ئامادە و بەهێز بکەن دژی خاوەن زەوییە کشتوکاڵیەکان کە زۆربەیان سەرەك هۆزەکان و شێخەکان بوون. ئامانجی هاوبەشی خەڵکی شار و لادێکان کەمکردنەوەی دەسکەوتی دەرەبەگەکان بوو، جا ئەو دەسکەوتانە خاوە ـ أتاوە ـ بوایە یان کارکردن و سوخرە بوایە کە بەسەر گوندیەکانیاندا دەسەپاند یان سەپاندنی نرخی بەرز بوایە بەسەر ئەو بەروبوومە خۆراکیەی کە دەیاننارده بازاڕ بۆ فرۆشتنی. بۆ نموونە، ئەگەر یەکێ لەو ئەنجوومەنانە هەوڵی بدایە نرخی گۆشت کەم بکاتەوە، ئەم سەرکردە و دەرەبەگانە زووبەزوو دژی دەوەستان بەو پێیەی ئەمە مەترسییەکی راستەوخۆیە کە هەڕەشە لەدەسەڵاتەکانیان دەکات. بەمجۆرە دەبینین کە سەرچاوەی دڵسۆزی لەو سەردەمەدا لەکوردستاندا بەرە و لایەنە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەکە بوو نەك رووە و هێڵە نەتەوەییەکە بڕوات[٥].

بەکورتی هیچ ئاماژە و بەڵگەیێك نادۆزیتەوە پیشانت بدا کە هەستی نەتەوەیی کوردی هەبووە بۆ بەڵگە و وەك نموونەییەك نووسەر یان شاعیر یان ئەدیبێك نادۆزیتەوە زمانی کوردی بەهەر جۆرێك بێ بەکار بێنێ لە هەموو لاییێکی کوردستانی فارسیدا، هەروەها ناشتوانی یەکێ بدۆزیتەوە لەناو

---

(٤) دیڤید مکداول ل ١٠١ و ١١١ نیویورك ١٩٩٧تاریخ حدیث الکرد

David Mc Dowell:

Modern History of The Kurds

(٥) هەندێ جار و بەهاندانی دەستوریەکانی تاران ئەم لیژنانە دەیانتوانی رای خۆیان بسەپێنن، بۆنموونە لیژنەی ساباڵاخ توانی ی شێخ (قاضی فتاح) کە لەتاران لەساڵی (١٩٠٠)ەوە گیرابوو بەربدا (تەماشای پێشتر بکە) و هاتەوە دووبارە بووەوە بەسەرۆکی (ئەنجوومەن)ی شار.

هەزار کەسدا کە خوێندن و نووسین بەکوردی بزانێ. محەممەد عەلی شای تازە کە لەسەر کورسی پاشایەتی دانیشت (١٩٠٧) هەوڵێکی زۆریدا دەستوورەکە نەهێڵێ، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت و لەدواییشدا ناچار بوو دەس لەدەسەڵات هەڵبگرێ و وڵات بەجێ بهێڵێ. هۆی شکستەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەی تەوەری ـ محور ـ شۆڕشگێڕە تەبریزییەکان ـ و کۆنفیدرالیەتی بەختیاری. بەڵام ئەنجوومەنی شوورا (ئەنجوومەنی نوێنەران) و لەئەنجامی ناکۆکی توندی نێوان (المشروطە) و (المشروعە) و لەپاش نەمانی کۆسپی محەمەد عەلی شا بوو بەدووبەشەوە لە نێوان توندڕەوەکاندا کە هەوڵی چاکسازی کۆمەڵایەتیان دەدا و پارێزگارەکانیش کە دەیانویست پاشایەتی دەستووری و پایەی ئایینی لە پێکهاتەی سیاسیدا بپارێزن. هەردوو لاش نەیانتوانی بگەنە هیچ ڕێککەوتنێك و ئەم ناکۆکییەش لە شارەکانی فارسدا بەگشتی ڕەنگی دایەوە و بووە هۆی تێکچوونی باری وڵات و ئاژاوەیەکی زۆر لەدەسەڵاتدا لە دەرەوەی پایتەخت و لە لادێکاندا.

هەندێ لەفیدراسیۆنەکانی هۆزە کوردەکان کە لایەنگری لایەنی پارێزگاران بوون هەوڵیان دا بەسەر فیدراسیۆنی بەختیاری و شۆڕشگێڕە تەبریزییەکاندا سەر بکەون، بەڵام شکستیان هێنا و سەرنەکەوتن.

ئەو هۆزانەش کەسەر بەهەرێمی کرماشان بوون و لەدەروبەری نیشتەجێبوون، بۆیان دەرکەوت کە دەتوانن ئەم ململانێ سیاسیە بەکاربهێنن بۆ سوودی خۆیان و کەڵکی لێ وەرگرن.

ئێمە لێرەدا بۆیە کرماشان و دەوروبەریمان بەجیا و بەتایبەت باسکرد، چونکە ئەمە یەکێکە لەشارە گەورەکانی کورد، هەروەها ڕەنگدانەوی بزووتنەوەی دەستووری تیایدا لە شوێنەکانی دیکە زیاتر و دیارتر بوو، ئەمە جگە لەوەی کوردەکانی ئێرە یان شیعەی دوانزە ئیمامن ـ إثناعشريە ـ وەك زۆرینەی فارسی، یان لە تایفەی ـ اهل حق ـ (علی إلاهيە)ن. لە باشووری کوردستاندا هیچ جۆرە ناکۆکی یان گرژیەکی گەورە لە نێوان شیعە و ـ أهل الحق ـ دا نەبوو وەك ئەو ناکۆکییە تایفەییەی لەباکووری کوردستاندا بوو. لەو سەردەمەدا ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بەپەنجا هەزار دەخەمڵێنرا، هەروەها زۆریش گرنگ بوو چونکە دوا وێستگەی سەرەکی بوو لەسەر ڕێی قافڵەی نێوان فارس و وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە (عراق). هەرچی لە دەرەوە دەهات بۆ فارس زۆربەی لەبەندەر بوشیر و بەدیجلەدا و بەرەو بەغدا دەهات و لەوێشەوە لەڕێی خانەقین ـ قەسر شیرین کە دوو شاری سەر سنوور بوون لە نێوان هەردوولاوە دەگوێزرایەوە بۆ وڵاتی فارس.

بەڵام پەیوەندییەکی زۆر لەمە گرنگتر و هەستیار تر هەیە کە پایەیێکی تایبەتی بەکرماشان دەبەخشێ، ئەوەیە کە هەموو ساڵێ لەکرماشانەوە نزیکەی (١٢٠٠٠٠) کەس دەچێتە زیارەتی



شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لەنەجەف و کەربەلا، هەروەها نزیکەی (٨٠٠٠) مردووش دەبرێ بۆ ئەوەی لەو دوو شارەدا بنێژرێ. ئەمە جگە لەوەی ئەو هۆزە کوردانەی لەنزیك ڕێگەکەن پارە لەو دوو سەرچاوەیە وەر دەگرن و ڕێگە لەهەوڵەکانی حکوومەتیش دەگرن کە دەیەوێ (حامیە) لەسەر ڕێگەکە دابنێ یان پۆلیسی سنوور، یان هێزی (درك) بۆ پارێزگاری قافڵەکان ئامادە بکات وەك لەباتییەك ـ بدیل ـ بۆ ئەو پارێزگارییەی گوایا هۆزەکان ئامادە یان دەکرد و پارەیەکی زۆریشیان لێ دەکێشانەوە، ئەگەرنا ئەو زیارەتکەرانە دەبوونە قوربانی هێرشی ڕێگرەکان کە هەر هۆزێك بەشی خۆی لەم ڕێگرانە هەبوو.

زۆرجار عەشایرەکان لەسەر ئەمە ڕکابەریی یەکییان دەکرد و دەبوو بەشەڕیان.

لە دەوروبەری کرماشاندا هۆزی کەڵهوری شیعە و گۆرانی (أهلی حق) بەسەرۆکایەتی ساداتی حەیدەری (جگە لەمەنگور کە لەدەوروبەری سابڵاخ بڵاو بووبوونەوە) بەهێزترین دوو هۆز بوون لە ناو هەموو فیدراسیۆنەکانی هۆزە کوردییەکانی فارسدا.

هۆزەکانی سنجابی و گردزی و زەنگەنە کە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە ژیانی باشووری کوردستاندا، چوونە ناو یەکێتی کۆنفدرالی گۆران.

بە ماوەیێك لە بەشی هەرە باشوور، یەکێتی هۆزەکانی لوڕ (کە کوردی فەیلین) و بەختیاری هەبوو، لە نێوان ئازربایجان و ناوچەی کرماشان هۆزە کوردەکان بڵاو بووبوونەوە کە زۆربەیان سوننە بوون و حاکمیەتی ئەردەلان ڕێکی دەخستن (ئێستا پێی دەڵێن هەرێم یان حاکمیەتی کوردستان) و لەدواییشدا باسی دەکەین ئەوەی لە سەرەتای سەدەی بیستدا ڕوویدا ئەوەبوو کە (داودخان) کە پیاوێکی ناڕەسەن (أصل و ضيع) بوو وەك گوتیان، توانی بەهۆی هێز و ئاواتی بێ سنووری خۆیەوە سەرکردایەتی کەلهور لە ١٩٠١ دا داگیر بکات بۆ خۆی لەڕێی بەکارهێنانی دلڕەقی و توونذوتیژیی بێ ڕەحمانە و بێ ویژدانانە ـ خۆی کرد بەئێلخان و ئێلخانی شەرعییشی دەرکرد و ڕەوانەی کرماشانی کرد. بەڵام زۆر بەو سەرکردایەتییە شاد نەبوو و کوڕەکەی (جوان) لێی یاخی بوو و جەنگی دژی بەرپا کرد و بەسەریشیدا سەرکەوت. داودخان شکا و دەوروبەر ودەس و پێوەندەکانی بڵاوەیان لێکرد و بۆ خۆشی رایکردە کرماشان.

(جوان)ی سەرکەوتوو بەخۆی و هەشت سەد و هەشتا جەنگاوەرەوە هاتە ناوشار. بەڵام زانایانی ئایینی لەدوا ساتدا توانییان باوك و کوڕ ئاشت بکەنەوە و کەڵهوڕەکانیش گەڕانەوە شوێنی خۆیان و داودخانیش بووەوە بەسەرۆکی هۆزەکە.

داودخان دوای ڕێککەوتنەکە سوور بوو لەسەر ئەو کارەی دەستی پێکردبوو یان نیازی وابوو بیکا، کارەکەشی بریتی بوو لەمل کەچ کردنی سنجابیی ئەهلی حەق بۆ حوکمڕانیی و ژێردەسەڵاتی خۆی. ئەمانە بە شێوەیێکی تەقلیدی لایەنگری حکوومەت بوون و سەرکردەکەشیان بە شێوەیێکی ئاسایی دەبوون بەحاکمی (قصر شیرین) لەو کاتەدا (شیرخان سنجابی) سەرۆکی هۆزەکە بوو کە بە (صمصام الممالك) نازناوی دەرکردبوو و دوژمنێکی سەر سەختی داودخانیش بوو.

له ساڵی ١٩٠٨ لەتاران ناکۆکیی نێوان دەستوورییەکان و و ناحەزەکانیان زۆر توند بوو، حکوومەتیش ویستی (ضهير الملك زنگنه) بەوالیی کرماشان دامەزرێنێ. (ضهير الملك) سەرۆکی هۆزەکەی خۆی بوو و خاوەن موڵك و ماڵ و زەوی و زاری کشتوکاڵییەکی فراوان بوو. داودخان توانیی لەگەڵیدا رێك بکەوێ بۆ ئەوەی پەیوەندیان توندوتۆڵ بێ بەهۆی خوازبێنی کردنی کچەکەی (ضهير الملك) بۆ (جوان)ی کوڕی داودخان.

لە ئەنجامەکانی ئەم هاوپەیمانیەتییە ئەوەبوو کە فەرمانێکی همایونی دەرچوو بەدانانی داودخان بە (سەرۆکی هۆزەکان) واتە پلەی سەرکردەی هەرە گەورەی سەرەك هۆزەکانی هەرێمە کوردییەکە، لەبەرانبەر ئەمەشدا دەبایە دەهەزار جەنگاوەر پێشکەش بە شا بکا بۆ دژایەتی کردنی دەستوورییەکان. بەمجۆرە (داودخان) لە هەموو کاتێ زیاتر بەهێز تربوو. (شێرخان سنجابی)یش دەیزانی ئەم ناحەزەی هەرکاتێ هەلی بۆ هەڵکەوێ لەناوی دەبا، چونکە شێرخان هاوسۆزی دەستوورییەکان بوو.

ناکۆکی نێوان لایەنگرانی مەلیك (الملکیین) و دەستوورییەکان تێکچرژانی خوێناویی لەچەند شارێکی فارسدای لێ کەوتەوە، ئەمەش کرماشانیشی گرتەوە.

شارەکە لە ساڵی ١٩٠٧ دا لایەنگرانی شایان ـ الملکیین ـ دەرکردبوو و والیەکی دەستووریان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو. لە دەرەوەی شاریش هیچ ئاسەواری دەسەڵاتی حکوومەت نەمابوو. ئەم نەمانەش دوو کاریگەری لێکەوتەوە. هەست کردنی سەرەك هۆزە دراوسێکان بەئازادی و بۆ ئەوەی هەر کارێکی نایاساییان بوێ بیکەن، دووەمیش ئامادەش بوون بچنە ژێر باڵی هەر لایەنێك کە زۆرترین قازانجیان پێ دەگەیێنێ.

بەهاتنی ساڵی ١٩٠٨ هەوڵی دەس گرتن بەسەر کرماشاندا بووە هۆی زنجیرەیەك شەڕ لە نێوان کەلهور و هێزێکی بچووکی سنجابی لەناوشارەکە خۆی، یەکەمیان خۆی بەلایەنگری شاە دەزانی دووەمیشیان خۆی بەلایەنگری دەستوورییەکان، داودخان هێزەکانی کردە سەر سنجابی لە یەکێتی گۆران ـ اتحاد گوران ـ ئەوانیش پێش ئەوەی شەڕ دەس پێ بکا مل کەچی خۆیان راگەیاند و



گوتیشیان ئامادەن هەر فەرمانێکیان پێ بکرێ بیکەن. بۆیە شەڕ رووی نەدا و سەرکردایەتی داودخان یان قبوول کرد و ئەویش هەرکەسێکی بویستایە دەری دەکرد و لەبری ئەو یەکێکی دیکەی دادەنا بە(سەرەك هۆزەکان)، بەهەزار چەکداریشەوە و لەئەنجامی بانگهێشت کردنی (ظهير الملك) چووە ناو کرماشانەوە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتە لەرزۆکەکەی لەشارەکەدا. بەڵام (ظهير الملك) پاش ماوەیێك شکاتی زۆر لێدەکرا، لەسەر کار لابراو (نظام السلطنه) جێی گرتەوە کە هەوڵی دا بەفێڵ و سیاسەت لە دەسەڵاتی داودخان کەم بکاتەوە، بەڵام هەوڵەکەی سەرنەکەوت. لەلایێکی دیکەوە حکوومەتی دەستوورییەکان لەتاران رازی نەبوو ئەو پارانەی (شێرخان سنجابی) لەگیرفانی خۆی خەرجی کردبوو بۆ ئامادەکردنی پێنج سەد کەس لەسوارە لەسەر حیسابی دەستوورییەکان و بۆ شەڕکردن دژی کەلهور، ئامادە نەبوو ئەو پارانە بداتەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ گیرفان و بۆ کەرامەتی شێرخان بۆیە بەیەکجاری کشایەوە ئیتر کەلهور و باجەلانییەکانی هاوپەیمانیان بوون بەخاوەنی رێگای نێوان کرماشان و خانەقین و خاوە (أتاوات)یان لەزیارەتکەران و قافڵە وەردەگرت. هەروەها داودخان سەرکردەیێکی عەشایری باجەلانی بەناوی (کریم خان) وەك جێگری خۆی لەحوکم کردنی (قصر شیرین دا) دانا، ئەم دامەزراندنە چەند تیرەیێکی لەگۆران تووڕە کرد چونکە دامەزراندنەکە مانای وابوو (واردات) ی (قصر شیرین) بدرێ بەکەریم خان، بۆیە ئەمانیش لەگەڵ (سنجابی)دا کە لەداودخان جیا بووبوونەوە و وازیان لێ هێنابوو و ببوون بەلایەنگری (شێرخان)، یەکیان گرت، ئیتر ئاژاوە و ناکۆکی بڵاوبووەوە و هۆزەکان بوون بەدوو بەشەوە و (داودخان)یش هێرشی کردە سەر گوندەکانی سنجابی و هەر چیی دەسکەوت، لەو ناوچەیەی پێوانەکەی دووسەد میلی چوارگۆشە دەبوو، بردی و بەیەکجاری و بەتەواوی وێرانی کرد و دێهاتی دیکەشی تاڵانکرد. بەڵام لەدواییدا شکستی هێنا و باشووری کوردستانی فارسیش لەم حاڵی بەرەڵڵایی و شەڕ و شۆڕەدا تا جەنگی جیهانیی یەکەم مایەوە و بارودۆخەکەی باکووری کوردستانی فارس(٦) بەتایبەتی ناوچەی سنوور زۆر جیاوازی هەبوو لەوەی باشوور. لێرەدا تەماعی عوسمانییەکان بۆ ئەوەی ئەم بەشە بخەنە سەر وڵاتی خۆیان جەنگ و ئاژاوەی دروست دەکرد نەك لە نێوان ئێران و تورکیا بەڵکو بەزۆری لەنێوان رووسیا و تورکیادا، تائەو کاتەی بەریتانیاش وەك لایەنی چوارەم هاتە ناو کێشەکەوە. من نامەوێ خوێنەر رابکێشم لەساڵی ١٨٨٢ دوور تری ببەم،

(٦) سنووری ئەم ناوچەیە بەو شوێنانە دیاری دەکرێ کە هۆزە کوردە سوننە مەزهەبەکانی تێدا نیشتەجێیە، لەڕووی جوگرافیشەوە بەوێنەکێشانی هێڵێکی خەیاڵییەوە کە لەخانەقینەوە سەردەکەوێ بەرە و سنە و بەدرێژایی سنوور دەکشێ.

که تاران لەو ماوەیەدا زۆر نیگەران بوو لەنیازو تەماعی ئەو دوو دەوڵەتە سەبارەت بەوەی مولکییەتی ـ بەتایبەتی دوای ئەوەی قەناعەتی هێنا کە هێرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەو ساڵەدا[٧] بۆ ئەو ناوچەیە بەرەزامەندی ـ الباب العالی ـ و بەڵکو خودی سوڵتانی عوسمانی خۆیشی بو. پاشان و دوای شەش شاڵ (١٨٨٨) عوسمانییەکان لەوان و (باشقك) کە نزیکی سنوور بوون هێزێکی گەورەیان هێنایە سەر سنوور کە لەشەش هەزار سەرباز پێکهاتبوو بۆ تۆقاندنی تاران کە ئەوسا هێشتا سوپای نەبوو.

بەمجۆرە نیازی عوسمانییەکان ئاشکار بوو کە دەیانەوێ ئەم بەشە سوننەیە بکەن بەمولکی خۆیان، ئەمەش ئەگەر بەو ئیجرائاتانە و هۆیەکانی لێکدانەوەی راڤە بکرێ زۆر راست دەردەچێ. هەروەها وەك (تعویض)یش دێتە بەرچاو بۆ ئەو زەوی و مۆلکانەی لە ئەوروپا لەدەس ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەرچوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٠ بایەخ پێدانی رووسیش بەم بەشە بەروونی دەرکەوت و ئەو بەبەشێ لەئازاربایجانی دادەنا، بۆیە دەستیکرد بەناردنی (نێردەی بانگهێشت کردنی ئایینی ـ بعثات تبشیر دینیە ـ) بۆ ئەوەی ئاشوورییەکانی کوردستان لەنەستورییەوە بگۆڕن بۆ کەنیسەی ئەرسوزوکسی رووسی وەك رووبەڕووبوونەوەیەك بۆ نێردەکانی فەڕەنسی و بەریتانی و ئەمریکی. ئیتر دوای ئەوە تاران ترسی لێ نیشت کە رووس نیازی وایە ناوچەی ئازربایجان لەرۆژهەڵاتی ورمێ بخاتە سەر زەوی و مولکی خۆی. عوسمانییەکانیش بەرانبەر بەمە هەندێ شتیان کرد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچە کوردیەکاندا کە گرنگییەکی ستراتیجی هەبوو بسەپێنن پێش ئەوەی رووس بگەنە ناوچەکە، بەتایبەتی ئەو زەویانەی بەدرێژایی سنوور دەکشێن و هێشتا تا ئەو مێژووە بڕیار نەدرابوو هی کێیە[٨]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا لەدوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەدا لەوەش دەترسان کە دەس تێوەردانی سەربازی ئەمان ببێتە هۆی دەس تێوەردانی رووسی. لەو کاتەشدا تاران زۆر لەوە لاوازتربوو بتوانێ هیچ شتی بکا جگە لەیادداشت ناردن و نارەزایی دیبلۆماسی دەربڕین بۆ بەربەست کردنی ململانێ ی داهاتوو لەسەر هەرێمە سنوورییەکان. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا عوسمانییەکان هەستیان کرد کە دەتوانن هەندێ کردەوەی سەربازی بکەن، ئەمەش بەکەڵك وەرگرتن

(٧) بگەڕێرەوە بۆ بەشی یەکەمی کتێبەکەم ـ دووباس لەپەراوێزی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ـ چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠١.

(٨) سنور لە دوای رێکەوتننامەی ئەرزەڕۆمی دووەم لە ١٨٤٧ تاجەنگی جیهانی یەکەم دیاری نەکرابوو بە هۆی راگرتنی کارەکانی دوا لیژنەی، نەخشەکێشانی سنوور کە لەچەند لیژنەیێك پێکهاتبوو.



لە ئەنجامە وێرانکەرەکانی ئەنجامی شەڕی رووسی و ژاپۆن (١٩٠٤ ـ ١٩٠٥) کە روسیای تێدا تێکشکێنرا، هەروەها لەو شۆڕش و ئاژاوە و پشێویە ناوخۆییەی کە بەدوای ئەو جەنگەدا هات، ئەمە جگە لەپشێویی سیاسیی فارسیی کەپێش (المشروطه) کەوت و پاشانیش بوە هۆی کەرت بوونێکی فیکریی زۆر توند. ئاژاوەی سیاسی لەم ماوەیەدا (١٩٠٥ ـ ١٩٠٧) گەیشتە باکووری کوردستانیش هەروەك چۆن لە باشووریشدا هەمان شت روویدا، بەتایبەتی لەشوێنە ئاوەدانەکاندا (شار و لادێ ـ الحواضر ـ) و بەرادەیێکی سنووردار و جیاواز، ئاغا و شێخەکان لەسەرەتادا دایانەپاڵ حکوومەت کە لەشادا بەرجەستەبوو، لەکاتێکدا کۆمەڵە کوردانی شار و لادێکان دایانە پاڵ دەستە شۆڕشگێڕەکان ـ الفصائل الثوریە ـ کە بە (فدائیان) ناسرابوون. لێرەدا من نامەوێ پێش رووداوەکان بکەوم و رۆڵی ئەمانە لەباکووری کوردستانی فارسیدا و لەکاتی شۆڕشی دەستووریی فارسیی و مەشروطە دا باس بکەم، لەو سەردەمە و دوای ئەویش، چونکە هەوڵەکەم لای خوێنەر وەك هەوڵێکی نەزۆك دەکەوێتەوە، ئەگەر بمەوێ زنجیرەیێکی زەمەنی ورد بۆ ئەو رووداوە خوێناوییانەی لەئەنجامی ململانێی سەر دەسەڵات لە نێوان عوسمانییەکان و رووسەکاندا هاتنە کایەوە بەرانبەر بەئیفلیجی تەواوی حکوومەتی فارس و هەروەها بە هۆی فراوانی ناوچەی ململانێکە و تێکچرزان و بەداویەکدا هاتنیان و هەوڵی هەردوو دوژمنەکە بۆ گورز وەشاندن لەوی دی، باس بکەم و بنووسم. دەڵێم، سوڵتان عبدالحمید کە هەمیشە چاوی بڕیبووە کوردستانی فارسی و دەیویست دەستی بەسەردا بگرێ، ویستی کەڵك لە تێکشکانە سەربازییەکەی روس ١٩٠٥ وەربگرێ، بەتایبەتی کە رووسیا سەرقاڵی چارەسەرکردنی برینەکانی شۆڕشی ناوخۆ بوو کە یەکێك بوو لە ئەنجامەکانی ئەو تێکشکانە. لەم بارودۆخەدا سوڵتان عەبدالحەمید وایزانی دەتوانێ ئەو هەلە بقۆزێتەوە و دەست بەسەر بەشی هەرە گەورەی کوردستانی نزیك سنوور تا ورمێ، بگرێ و بیکا بە مولکی خۆی بەکەڵك وەرگرتن لەو ناکۆکییەی کە لەسەر سنوور و وەرگرتنی پارەی گومرگ لەلاهیجان و مەڵبەندەکانی دیکەی نزیك ئەو، هاتە کایەوە. ئەوەبوو لە مانگی ئابی ١٩٠٥ دا فەرمانی دا بەهەردوو هۆزی (الحیدرانلی) و (دلیان) و هی دیکەش لەوانەی (ألآلایات الحمیدیە)[٩] دا جاش بوون (مجند) کە ئامادەن، هەروەها فەرمانی دا بەسوپای شەشەم بەفەرماندەیی (محمد فاضل پاشا الداغستانی) کە بەوەکالەت والییش بوو لە موسڵ، لەگەڵ چەن هەزار جاشی دیکە، سنووریان بەزاند و بێ شەڕ زۆربەی هەرێمی سابڵاخ یان داگیرکرد. پاشان هێزەکە بوو بەدووبەشەوە، بەشێکیان

(٩) لە فەسڵی دووەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژی باسی (الآلایات الحمیدیە) دەکەین.

رووی كرده رۆژهەڵات و ئەوی دیكەشیان بەرە و باكوور بزوا. سەرچاوە دیبلۆماسییەكان ئەو هێزەی هاتە ناوەوەی كوردستانی فارسی بەدوانزدە هەزار تفەنگ كە نیوەیان سوارە بوون، خەمڵاند. هەروەها سەرچاوە دیبلۆماسییەكان ئەو كوردانەی لە سوپاكەدابوون لەگەڵ (الآلایات)ە كاندا، ئەمانیشیان بەنزیكەی بیست و پێنج هەزار كەس خەمڵاند، ئەم خەمڵاندنانەش لەلایەن رووسەكانەوە كراوە و زۆریش زیادە رۆیی تێدا كراوە. ئەم هێزانە بۆ ماوەیێك لەو زەویانەی داگیریان كردبوو مانەوە، پاشان ناچاركران بەهۆی فشاری دیبلۆماسی توندی رووسیا و بەریتانیا بۆ سەر (الباب العالی ـ سوڵتانی عوسمانی ـ) هێزەكانیان بكێشنەوە، بەڵام هۆزە كوردەكان توانیان ئەو بۆشاییە پڕ بكەنەوە كە لەئەنجامی كشانەوەی هێزەكانی عوسمانی پەیدابوو بێ ئەوەی تاران بتوانێ پڕی بكاتەوە وەك چاوەڕوان دەكرا. حكوومەتی عوسمانی تەنها بەوە رازی بوو كە ئەو هۆزانەی خاوەن دەسەڵاتن لەو ناوچایەدا خۆیان بەدڵسۆز و لایەنگری ئەوان بزانن. زۆر جاریش ئەو هۆزانە وەك پەردە یان بەربەستێ بوون كە تەماع و چاوچنۆكی عوسمانییەكان لەپشتیانەوە خۆیان مەڵاس دابێ ـ بۆنموونە لە شوبات و نیسانی ١٩٠٦ دا شێخ محەممەد سادقی كوڕی شێخ عوبەیدڵڵای نەهری بەسەرۆكایەتی هێزێكی عوسمانی تێكەڵەوە (لە نیزامی و ((باش بوزق)) چووە ناو تەرگەوەر و مەرگەوەر و دەشتاییەكانی دەشت (سهول دشت) و فەرمانبەرەكانی گومرگ و پاسەوانەكانیان لەسەر سنوور هەموویان راو نان، بەڵام دوایی كەزانی واهێزی ئێران كۆدەبنەوە و بەپەلە دەیانەوێ هێرش بكەنە سەری، هێزەكانی خۆی كشانەوە. لە بەهاریساڵی ١٩٠٧دا سەرەك هۆز و ئاغا ناوخۆییەكان هانایان بردە بەر سوڵتان بۆ ئەوەی لەزوڵم و زۆری فەرمانڕەوا ناوخۆییە فارسەكان بیانپارێزێ بەو پێ یەی رەعیەتی سوننەی سوڵتانن، ئەوەبوو هێزەكانی (الآلایات) ی حەمیدییە و سەربازی نیزامی لە تەمموزی ١٩٠٧دا لەشاری (وان)ەوە هێرشیان برد و گەیشتنە رۆژاوای ورمێ و لەگەڵ هێزەكانی فارسدا كەوتنە شەڕەوە لە نزیك گوندی تەرگەوەڕی مەسیحی لە دەشتی (گەوەر)ی فراوان كە گوندەكانی سەر سنووری نێوان فارس و توركی تێدا بڵاو بووەتەوە. لەم شەڕەدا فارسەكان زیانێكی زۆریان لێكەوت لەكوژراو و بریندارو هێزەكانیان كشانەوە و ناوچەكەیان هەموو بەجێ هێشت بۆ توركەكان، بەڵام ئەو ناوچانە بەتەواوی چۆڵ بووبوون دوای ئەوەی كوردەكان و مەسیحییەكان وەك یەك بەجێیان هێشت. ئیتر هێزەكانی تورك بێ ترس بەرە و پێشەوە چوون و بەرزاییەكانی دەوروبەری شاری (ورمێ)یان داگیركرد، لەگەڵ هاتنی مانگی (ئاب)یشدا شارەكە بەتەواوی دەست تورك كەوت و لەكۆتایی هەمان ساڵدا كونسوڵی عوسمانی لەوێ داوای لە دانیشتوانی شار و گوندەكانی دەوروبەر كرد كە بەبێ جیاوازی بێن داوای رەگەزنامەی عوسمانی



بكەن، لەگەڵ ئەوانیشدا هۆزی (قره پیاغ) كە لە باشووری سابڵاخدا بوون و توركی شیعە بوون، بەڵام هەمیشە پەیوەندیان لەگەڵ كورددا زۆر باش بوو.

رۆژنامەی (نوردار)ی ئەرمەنی بەو بۆنەیەوە باسی ئەوەی كردبوو كە سوڵتان عەبدالحەمید نیازی وابووە ئەو شوێنانە بە (فعلی) ببن بە بەشێك لەوڵاتەكەی، نامەیێكی نارد بۆ (جمشید الملك) فەرمانڕەوای سابڵاخ و تیایدا پێی گوتبوو كە ناوچەی لاهیجان بە (شارەكەوە)بووە بەبەشێك لە موڵكی دەوڵەتی عوسمانی و خەڵكەكەش رەگەزنامەی عوسمانییان هەیەو داواشی لێكردبوو كە بارەگایێ بۆ سوپای عوسمانی لە سابڵاخ ئامادە بكا چونكە بەم زووانە دێ داگیری دەكا. لەگەڵ هاتنی مانگی كانوونی یەكەمدا هێزەكانی عوسمانی و ئەو هۆزانەی سەر بەوان بوون ناوچەیێكی فراوانی رۆژهەڵات و باكووری ورمێ یان بەمیاندوا و بانە و سەردەشتیشەوە، داگیركرد و پاشان چوار دەوری سابڵاخیان گرت و لەدواییشدا ئەوێشیان گرت.

ئەو هێزە نیزامیانەی چوونە ناو سابڵاغەوە بەهەزار و پێنج سەد كەس مەزەندە دەكرا لەگەڵ دوو ئەوەندە لەسوارەی عەشایری كوردیدا. هەركە فەرماندە عوسمانییەكە شوێنی خۆی قایم كرد هەموو سەرەك هۆزەكانی بانگ كرد پێی راگەیاندن كە ئەوان ئێستە مل كەچ و گوێ رایەڵی سوڵتانن نەك شا.

زۆرجار ئەمەی ئێستاش باسمان كرد یەكێكە لەو جارانە ـ هێزە نیزامییەكان لەشارە كوردییەكان و ناوچەكانی دیكەدا زۆر نەدەمانەوە، چونكە لە ئەنجامی فشار خستنە سەر و هەرەشەی دیبلۆماسی ناچار دەبوون ئەو شوێنانە بەجێ بێڵن و لە دوای خۆشیانەوە بۆشایی دەسەڵات بەجێ دەما ئەمەش یەكسەر لەلایەن سەرەك هۆزە كوردەكانەوە پڕ دەكرایەوە، كە هەمیشە لەشەڕ و شۆڕ و جەنگدا بوون لەسەر سەرۆكایەتی باڵا ـ الرئاسە العلیا ـ و بەمجۆرەش ژێرخانی ئابووری لە ئەنجامی دەركردنی بەزۆرە ملێی جووتیاران و وێران كردنی كێڵگە و گوندەكان و راوڕووت و تاڵان كردن، بەتەواوی وێران دەكرا.

هەندێ جار سەركردە عوسمانییەكانی سەر سنوور (وان ـ موصل) لەگەڵ سەرەك هۆزەكاندا رێكدەكەوتن بۆ پاراستنی ئەو كاروانانەی بەو شوێنانەدا تێدەپەڕن بەرانبەر بەپارەیەكی دیاری كراو رێك وەك ئەوەی هۆزەكانی باشووری كوردستان دەیانكرد لە پاراستنی كاروانی حاجییە فارسەكان كە دەهاتن بۆ شوێنە پیرۆزەكان لە نەجەف و كەربەلا.

ئەفسەرە عوسمانییەكانی سەر سنوور هەمیشە ئەفسەرە فارسەكانیان ئاگادار دەكردەوە لەو دیو سنوور كە ئەگەر تاران ویستی كوردەكان بخاتە ژێر ركێفی خۆی و مل كەچی حوكمی فارسیان بكا ئەوا ئەمان یەكسەر دێنە ناو مەسەلەكەوەو قبووڵی ناكەن.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ماوەیێك بەسەر دەرچوونی هێزەکانی عوسمانییەکانی لە ورمێ و ئەو ناوچانە تێپەڕیبوو، هەروەها لە سەردەمی شۆڕشی دەستووریدا ئەنجوومەنێك پێکهات کە نوێنەرانی کورد لەناو ئەندامەکانیدا هەبوون، بەڵام دیارترین چالاکی بۆ شۆڕشی (المشروطه) لەکوردستانی فارسی باکووردا لەو ئەنجوومەنانەدا دەرکەوت کە لە هەرێمی ماکۆ و خوی دا بوون. لە مانگی ئازاری (١٩٠٧)دا راپەرینێك دژی (مرتضى قلی خان) کەبە (إقبال السلطنه) ناسرا بوو و (والی) ماکۆ بوو، لەسەر دەستی کوڕەزاکەی (عزت خان) روویدا، (عزت خان) هانای بردە لای هۆزە کوردەکان کە بەرە و ماکۆ دەهاتن و داوای یارمەتیی لێ کردن. (إقبال السلطنه) نەیدەتوانی روبەڕووی ئەو راپەڕینە ببێتەوە، ناچار رای کرد و داوای یارمەتی لەرووسیا کرد. هەر لەم کاتەدا دووبارە خەیاڵی دەست بەسەراگرتنی کوردستان لەلای سوڵتان دەستی پێکردەوە و فەرمانی دا بەفەرماندەی سوپای چوارەم لەئەرزەڕۆم چوار هەزار لە (آلایات) ی حەمیدییە رەوانەی ناوچەی هۆزەکانی دزەیی بکات لە موسڵ و ناوچەکانی دیکە. هەروەها فەرمانی دا هەشت فەوجی نیزامی پیادە و حەوت (آلایات)ی حەمیدییە لە موسڵەوە بەرە و سنوور بڕوات، سەرچاوە بەریتانیەکان ئەم هێزەیان بەپانزە هەزار کەسی تفەنگ هەڵگر خەمڵاند. بەڵام ئەم هێزە لە شوێنی خۆی نەجولا بەهۆی ئاگادارکردنەوەی (إنزار) هاوبەشی رووسیا و بەریتانیا کەبەرە و رووی (الباب العالی) کرایەوە. ئەوجا سوڵتان پەنای بردە تەکتیکێکی دیکە و پەیوەندی کرد بەسەرکردەکانی جەلالی و میلانی و مەنگور و شوکاك و هەرکی بە شێوەیێکی تایبەت و بەهی دیکەشەوە و چەك و فیشەك و پارەی بەسەردا دابەشکردن. و داوای هەندێ ئیشی کەمی لێکردن لەسەر سنوور وەك داگیرکردنی مەڵبەندەکانی گومرك و و دەرکردنی فەرمانبەرە فارسەکان لەو شوێنانە هەروەها دەرکردن و لەناو بردنی حامیە بچووکەکانیش. لە چوار چێوەی ئەم رووداوانەدا (آلایات)ی حەمیدییە بەشداری کرد لە هێرش بردنە سەر ناوچە سنوورییەکان بەگشتی و هێرشی بردە سەر گوندەکانی رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و بۆ لێدانی گوندە مەسیحییەکان بەتایبەتی، ئەو ماوەیە ماوەیێکی زۆر ناخۆش و پڕ مەترسی بوو بۆیان و جووتیارەکانیش زۆر بەدەستییەوە تلانەوە و کارەکەشی واهاتە پێش چاو وەك سزایەك بێ بۆیان چونکە پێشوازییان کرد لە (فدائیان ـ شۆڕشگێڕانی المشروطه ـ) و داڵدەیان دان. پاشان سەرکردەکانی مامش و زەرزە و بەشێ لەمەنگوریش هاتنە پاڵ ئەم هۆزانە. لە هەمان مانگیشدا (ئازار ١٩٠٧) کە فەرماندەی ماکۆ رایکرد ئەم سەرکردانە قەواڵەیێکیان ئیمزا کرد و تیایدا گوتیان ئەوان وەك ئەهلی سوننە خۆیان بە رەعیەتی سوڵتانی عوسمانی دەزانن. لەسەردەشت زانایانی ئایینی ئەم بانگەشەیەیان بڵاوکردەوە و داوایان لە خەڵکی کرد کە گوێڕایەڵی فەرمانی شا نەبن. دوابەدوای



ئەوەش عوسمانییەکان هێزی سەربازی خۆیان جوڵاند و فەرمانیان بەفەرماندەیی فەیلەقی شەش لە (عیراق) کرد کە بەرە و سەردەشت بکشێ. ئەم بزووتنەوەی جیاوازی خوازیەش گەیشتە بانە و شنۆ و (حسنویك) و (سرمایە).

پێدەچێ مل کەچی هۆزەکانی کورد بۆ عوسمانییەکان تەواو نەبوو، یان زۆر بایەخی پێ نەدەدرا، بۆیە پێویست بوو هێزی نیزامیش بەشداری بکا. ئەم هێزە لەئایاردا مەرگەوەر و دەشتی داگیرکرد و لە حوزەیرانیشدا سەردەشت و لە تشرینی یەکەمیشدا چووە ناو شنۆ. ئەمەش هەڵێك بوو کە عوسمانییەکان قۆستیانەوە بە هۆی سەرقاڵی سوپای رووسەوە کەبەرەو ناوەوەی ئازربایجانی فارسی ملی دەنا (بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەوێ)وەك حکوومەتی رووسیا بڵاوی دەکردەوە.

دەسەڵاتی (عزت خان) لە ماکۆ دوای بڵاوە لێکردنی ئەو هۆزە کوردیانەی هاوکاریان دەکرد، لاواز بوو. بۆیە لێرەدا پێویستە بگوترێ کە زۆربەی دانیشتوانی گوند و شارۆچکە کوردییەکان لە ناوچە هەرە دوورەکانی باکوور، یان لەژێر کاریگەری رووسیا یان تۆپۆگرافیەت یان ئابووریدا یانیش بە هۆی هەموو ئەمانەوە بەیەکەوە، جگە لەپەیوەندی عەشایری لەرزۆك ـ دوور مانەوە لە چالاکی سەربازی عوسمانی، بەپێچەوانەی ئەو ناوچانەی دەکەوتنە باشووری ئەو شوێنانە ـ کە بەچەك و بەپارە یارمەتی دەدران وەك باسمان کرد.

(عزت خان) وای بەباش زانی پەنا بباتە بەر ئەو ئەنجوومەنانەی لەتەبریز و خوی دامەزرابوون، بۆ ئەوەی چەك و جبەخانە بۆ شەڕکەرەکانی کە ژمارەیان کەم بوو چەکیشیان زۆر خراپ بوو دەس بکەوێ، بەڵام ئەو ئەنجوومەنانە گیرۆدەی پشێوی و ئاژاوە ببوون و رێکخستن و سەرکردایەتییان ناتەواو بوو جگە لەناکۆکی بیرکردنەوە یان سەبارەت بەمەبەست لەراڤەکردنی دەستوور و ناکۆکی ناوخۆش خەریك بوو تێکی دەدان و لەبەریەك هەڵیدەوەشاندەوە. ئالەو کاتەدا رووسەکان دوای ئەوەی لە کاریگەری شکستی ١٩٠٥ و ئەو شۆڕشە ناوخۆییەی کە بەدوایدا هات، بەئاگا هاتنەوە، ئەوجا زۆر بەدیقەت سەرنجی مەترسی دەس تێوەردانی عوسمانییان دەدا لەبەرژەوەندییەکانیان و ناوچەکانی دەسەڵاتی ئەوان لەو وڵاتە بێگانانەی حکوومەتەکانیان ناتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن.

بەتەواوی دەسەڵاتی فارس شوێنەواری دیار نەبوو، بۆیە ئەمجارە ململانێکە کەوتە نێوان دوو دەوڵەتی تەماعکار کە بەرواڵەت باسی دیاری کردنی سنووری جیاکەرەوەی دەسەڵاتی هەر دوولایان دەکەن، زۆرجار هێزی سەربازی ـ لەدۆخێکی دیاریکراودا ـ ئەمەی دەسەپاند بەسەریاندا کە هەمیشەش دووچاری گۆڕانکاری دەبوو.

بۆیەکە ـ إقبال السلطنة ـ پەنای بردە بەر رووس و داوای یارمەتی لێکردن (سەرنج بدە پەنای نەبردە بەر تاران) بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ حاکمیەتی ماکو، یەکسەر و بەپەلە یارمەتییان دا، دوای وەرگرتنی رەزامەندی شا، ئەمەش پێچەوانەی ئەو رێکەوتنەی نێوانیان بوو سەبارەت بەهێڵی جیاکەرەوەی دەسەڵاتی هەردوو لایان. لەو کاتانەدا ناوچەکانی سەلماس و سابلاغ دووچاری پشێوی و ئاژاوەییەکی عەشایری بێ وێنە ببوون ـ بەدرێژایی و بەپانی کۆمەڵە چەکداری عەشایری ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد و خەریکی دزی و تالانی بوون و دەیان گوندی کوردی و مەسیحی چەندین جار تووشی ئەم کێشانە بوون و بوونە بەقوربانی ئەم چەکدارە دوژمنانە، هەندێکیان تەنانەت لەکوشتن و وێرانکاری رزگاری نەبوو. روسەکان پاڵیان بەئیسماعیل سمکووە نا کە ئەوسا هاوپەیمانیان بوو کە لەگەڵ فەرماندەی ماکۆدا رێك بکەوێ، هەروەها هانی سەرکردەکانی میلانی و جەلالیان دا ئەوانیش بچنە ئەو هاوپەیمانییەتەوە، ئیتر لێکدانی چەکدارانە لە نێوان ئەمان و شۆڕشگێڕە دەستوورییەکان دەستی پێکرد. دەستوورییەکان بەشێوەییەکی سەرسوڕهێنەر سەرکەوتن لەوەی ژمارەییەکی زۆر لە جووتیار و خاوەن مەزراکان لە دانیشتوانی ئەو گوندانەی لە دەرەوەی پابەندبوونی ـ الولاء ـ عەشایرییەوە بوون کە بچنە پاڵ دەستوورییەکان، ئەمانیش ئاغاکانیان دەرکرد و لیژنەی تایبەتیان دروست کرد کە بەڵێنی بەرگری کردن لە ناوچەکانی ماکۆی دابوو جگە لە سابلاغ و سەلماس. ئەم بەرگریە چەندین مانگی خایاند، (بەڵام ـ إقبال السلطنە ـ و سمکۆ و هاوپەیمانەکانیان لە دواییدا توانییان بزووتنە میللییەکە لەناو بەرن و دەسەڵاتی تەواوی خۆیان سەپاند بەسەر هەرسێ ناوچەکەداو ئەنجوومەنەکان لەناوبران و رژێمی دەرەبەگایەتی گەڕایەوە و بووەوە بەسەرکردەی ئەو ناوچانە وەك پێشوو[10].) لە دوای سەرکەوتنیش دەستیان کرد بەسەربڕین و کوشتن و تالانی و وێران کردنی هەموو ئەو گوندانەی دەستیان پێی گەیشت و هەموو ئەو سەرکردانەی مقاوەمەت کەبەر دەستیان کەوتن.

لەواقیعیشدا رووسیا هێزی نیزامی خۆی بەکارنەهێنا لە هەوڵی گێڕانەوەی (إقبال السلطنە) بۆ بنکەی دەسەڵاتی خۆی بەڵکو رۆڵی بریتی بوو لەپێشکەش کردنی پارە و چەك و خۆراك بۆ ئەو

(١٠) دکتۆر م. س. لازاریڤ ((مەسەلەی کورد لە ١٨٩١ ـ ١٩١٧)) ئەکبەر ئەحمەد کردویەتی بەعەرەبی. چاپی مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەسلێمانی ساڵی ٢٠٠١ ل١٨٣ (وەرگێڕ ئەو سەرچاوەیە دیاری ناکا کەئەم دەقەی لێوە وەرگرتووە. کتێبە وەرگێڕدراوەکەش لیستی سەرچاوەکانی تێدانییە. ئەمەش بەبێ ئاگایی نووسەر نازانین، وەرگێڕیش باسی ئەو زمانە ناکا کە لێوەی  وەرگێڕاوە. ئایا لەسەرچاوە ئەسڵییەکەیەوە یان لەزمانێکی دیکەوەیە. بەڵام ئەقسەیە لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی ئێمە پەنامان بۆ بردوە رێك دەکەوێ.



هۆزانەی لایەنگری خۆی بوون، ئەمەش رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە لەچالاکی چەکدارانەی نوێی عوسمانی نەدەترسا، یانیش لەبەرئەوە بووبێ کە نەیدەتوانی بزاڤێك دروست بکا بەرانبەر بزاڤی عوسمانییەکان کە وەها دەهاتنە پێش چاو لەو کاتەدا، لایەنی عوسمانییەکان بەهێزتربن بە هۆی پەیوەندی ئایینی و خزمایەتی جگە لەوەی هێزی زەبر وەشێنی زۆر و باشتریان هەبوو لەنزیك ناوچە سنوورییەکان، پوختەی قسە، ماوەی نێوان (١٩٠٥ ـ ١٩٠٧) باشترین هەل بۆ تورکە عوسمانییەکان لەوەش باشتر قەت نەدەبوو تاکو سیاسەتێکی فراوانخوازی پەیڕەو بکەن لەسەر حیسابی کوردستانی فارس. بەڵام ئەم دۆخە لە ساڵی ١٩٠٨ و شەش ساڵی دوای ئەو کە بەجەنگی گەورە ـ جەنگی جیهانی یەکەم ـ کۆتایی هات، زۆر گۆڕا. لەم ماوەیەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تووشی ئاژاوە و بەرەڵلایی بوو رێك وەك ئەوەی لە رووسیای قەیسەری دا روویدا دوای جەنگی ژاپۆن. تورکیا لە جەنگی بەلقان و لیبیادا تێکشکا و دۆڕاندی و هەموو موڵکەکانی خۆی لە ئەوروپادا لەدەس چوو، پاشان چووە قۆناغی ناکۆکی سیاسیی ناوخۆی توندوتیژ دوای سەپاندنی دەستوور و لابردنی سوڵتان لە١٩٠٩ کە دوای ئەوە ئاژاوە و شەڕ لەسەر دەسەڵات هەڵگیرسا. بەرانبەر بەمەش نزیك بوونەوە و لێك تێگیشتنێکی پەلە لەسەر پەیڕەو کردنی یەك سیاسەت لەنێوان پەتروسبۆرگ و لەندەن سەبارەت بەهەڵوێستی هەردوو دەوڵەت لەو ناوچانەدا، هاتە ئاراوە. هەردوو لایان زۆر لەدەستتێوەردانی ئەڵمانی لەناوچەکەدا دەترسان، ئەمەش شتێك نەبوو شاراوە بێ دوای ئەوەی کودەتاچیە تورکەکان بەئاشکرا مەیلی خۆیان بەلای ئەڵماندا دەربڕی، هەروەها بە هۆی بایەخ پێدانی لەپڕی ئەڵمانیا بەناوچەکە لەرێی پرۆژەی راکێشانی سکەی شەمەندەفەر لەبەرلینەوە بۆ بەغدا و پاشانیش بۆ کەنداو. ئەم پرۆژەیە بایەخ و گرنگییەکی ستراتیجی مەزنی هەبووو زۆر بەپەلە کاری بۆ دەکرا.

لەم کاتەدا رووسیا یادداشتێکی ناڕەزایی دەربڕینی توندی ئاراستەی تاران کرد و داوای لێکرد هێرشی کوردەکان لە تورکیاوە بۆ سنوور رابگرێ، هەروەها ئەڵمانیشیان تاوانبار کرد بەوەی کە عوسمانییەکان هان دەدەن ئەو هێرشانە رێك بخەن بە هۆی هێڵی سکەی رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ[11]:

(١١) ئەندرای لوبانوڤ روستوفسکی: رووسیاو ئاسیا. چاپی نیویۆرك ١٩٣٣، ل١٨١ لوزاریف (سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥) دەڵێ جێگری کونسوڵی ئەڵمانی لە موسڵ (أندریس) چووە وان و گەڕایەوە بارەگای خۆی لەرێی تارانەوە. کونسوڵی رووسی (نزمینی) بڕوای وایە کە ئەم ئەڵمانیە جاسووسێکی نهێنی سەربازی بووە و بەتایبەتی نێردراوەتە موسڵ بۆ چاودێری کردنی رێڕەوی کردە سەربازییەکانی عوسمانییەکان و راوێژکاری تورکەکانیش بووە. (نزمینی) دەڵێ

بەڵام ئەم نارەزایی دەربڕینە یەکێك بوو لەچەند نارەزایی دەربڕینی دیکە کە هیچ ئەنجامی نەبوو، چونکە حکوومەتی ئێران بەتەواوی بێ توانا لەوەی بتوانێ شتێك بکا بۆ راگرتنی ئەو هێرشە، هەرچەندە زۆر باش لەنیازی عوسمانییەکانیش تێگەیشتبوو و دەیزانی سەرکەوتوانە سەرەك هۆزە کوردەکان بۆئەم مەبەستە بەکاردێنێ. بانگەشەی ((العثمانیە)) لەوەش زۆر زیاتر رۆیشت و ئەوجا هەوڵێدا ئاشوورییەکانی ورمێ بەلای خۆیدا رابکێشێ بۆ رکەبەرایەتی کردنی رووسیا بەتایبەتی دوای ئەوەی نێردەکانی بانگەشەی ئەرسەزۆکسی رووسی سەرکەوتنیان وەدەس نەهێنا، بۆیە بایەخی تایبەتی پێیاندا بەتایبەتی هەوڵی ئەوەیان دەدا سەرکردەکانیان بەلای خۆیاندا رابکێشن.

بەڵام عوسمانییەکان وەك پێشتر باسمانکرد توانییان کوردەکانی مامش و زەرزە و مەنگور و جەلالی قەناعەت پێ بکەن دان بەدەسەڵاتی خەلیفەی عوسمانیدا بهێنن، لەگەڵ بەگزادەکانی ناوچەی سەردەشت کە لەبەهاری ساڵی ١٩٠٧ بانگەشەی ملکەچی خۆیان بۆ سوڵتان ئاشکرا کرد بەوپێیەی ئەمان ئەهلی سووننەتن و داوایان کرد لەفەرماندەی هێزەکانی تورکیا کە سوپا بنێری بۆ داگیرکردنی سەردەشت. هۆزەکانی بانە و شنۆ و (سرمایە) هەمان شتیان کرد.

رووسەکان زۆر نیگەران بوون بەتایبەتی لەبەر کاروکردەوەی عوسمانییەکان کە هەوڵ دەدەن (عثمنة) بەعوسمانی کردنی بەشە کوردییەکانی سەر سنوور پەیڕە و بکەن، یان ئەو شوێنانەی داگیریان کردووە وەك فەرمانبەر دامەزراندن و زەوی دابەشکردن بەسەر سەرۆك و ئاغاکاندا و هەوڵی گۆڕینی لایەنگری سەرکردەکان و لەرووسەوە بۆلای خۆیان. راپۆرتەکانی کونسوڵەکانی رووسیا و بەریتانیاش لەو ناوچانە مەترسی خۆیان پیشان دەدا سەبارەت بەو کارانە و زۆریش مەترسییەکانیان گەورە و بەرجەستە دەکرد و بێ دەسەڵاتی حکوومەتی تارانیشیان باس دەکرد کە بەتەواوی بێ دەسەڵاتە و هیچی پێ ناکرێ و ناتوانی رووبەڕووی هێز بەهێز بوەستێ. هەروەها سوپایێکیی نیزامی ئەوتۆش نییە کە بتوانێ بەرەنگاری عوسمانییەکان بێتەوە و هێرشەکانیان کە بەهێزی غەیرە نیزامی، بەڵام بەسەرکردایەتی ئەفسەری تورك دەکران، بداتە دواوە.

مینۆرسکی و ویلیام مللر و ڤاسیل نیکیتین و ئەوانی دیکەش باسی هۆیەکی دیکەی جەوهەری دەکەن لەبارەی نەبوونی بڕیار و ئیرادەی کوردی لەگۆڕەپانی ململانێ لەسەر دەسەڵات و حوکمڕانی و دەڵێن ئەوان لەکوردستانی فارسیدا نەگەشتبوونە ئەو رادەیەی لەهۆشیاری نەتەوەییدا و بیری نەتەوەییش نەگەیشتبووە لایان بەو رادەیەی بتوانن چینێك یان توێژێك پێك بهێنن هەست بە

کونسوڵی فەرەنسی هاورێ (نزمینی) کە زۆر چاك کونسوڵی ئەڵمانی بەشەخسی دەناسی لەگەڵ ئەم رایەدا بوو (ئەو سەرچاوەیەی لازاریف زانیارییەکانی لێوە وەرگرتووە لەدەقە وەرگێردراوەکەدا نەنووسراوە.



لێپرسراوی نەتەوەیی بکا و توانای ئەوەشی هەبێ شتێکی کەمی سنووردااریش بێ سەبارەت بەئازادییەکان و سروشتی ملکەچی عەشایری و سنوورەکەی دیاری بکا و بڵاو بکاتەوە. ئەو سەربازە ون و نەناسراوانەش کە مێژوو مافەکەیانی خوارد تەنانەت لەپاراستنی ناوەکانیشیاندا بۆ ئێمە نەیاندەتوانی، هەرچەندە گرنگی ئەو ئەنجوومەنانە یان دەزانی کە لەهەموو لایێکی فارسدا هاتە کایەوە دوای دانانی دەستوور و پێکهێنانی ئەنجوومەنی شورا، کەدەکرا گۆڕانکاری لەشار و لادێکانی کوردستاندا بەزۆرە ملێش بێ بسەپێنێ، بەڵام نەیاندەتوانی رێکخستن و پێکهاتەی لاواز و بچووکی خۆیان کە بەهاندانی دەستوورییەکان پێکیان هێنابوو بپارێزن بەرانبەر دەسەڵات و هێزی سەرکردە تەقلیدییەکانی خاوەن بەرژەوەندی گەورە و زەوی و زاری زۆر.

لەلایێکی دیکەوە (الآلایات الحمیدیە) لای زۆر لە جوتیار و ئەوانەی لە زەویی ئاغاکان یان سەرۆکەکاندا کاریان نەدەکرد، وەها دەهاتە پێش چاویان کەرۆڵی رزگارکەر ببینێ بۆ ئەمانەی لەزەلیلی و چەوساندنەوەی دوولایەنە بەو لاوە هیچی دیکەیان نەزانیوە، چەوساندنەوەی سەرکردەکانیان لەلایێکەوە و فەرمانبەرە دڵ رەق و بێ بەزەییەکانی حکوومەتی شا لەلایێکی دیکەوە، هەرچەندە ئەم پێکهاتە حەمیدیەیەش زۆر کاری نابەجێ و ناقانوونیشیان دەکرد.

لە نیسانی ١٩٠٧ دا یەکێ لەموجتەهیدەکانی شیعە لە ئەنجوومەنی شورای فارسیدا پێشنیاری ئەوەی کرد کە جەنگ دژی عوسمانییە کافرەکان هەڵبگیرسێنرێ، کەئەوسا عوسمانییەکان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر ناوچەکانی ورمێ و سەردەشت دا هەبوو بۆیە ئەو موجتەهیدە داوای لە حکوومەت کرد سوپا بنێرێ بۆ دەرکردنیان، بەڵام ئەو پێشنیارە پشتگوێ خرا لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: ئەنجوومەنەکە خۆی ببوو بەدووبەشەوە لە بارەی راڤە کردنی چەمکی دەستووریی دەسەڵات، بۆیە زۆر دووربوون لەم مەسەلەیەی کەڵێیان نەدەزانی، هۆی دووەمیش ئەوەبوو کە حکوومەتی تاران لەو کاتەدا هێزی سەربازیی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێ تەنانەت ئاسایشی پایتەختی پێ بپارێزێ نەك بنێردرێتە بەرەی جەنگ و بتوانێ خۆی بگرێ و هۆی ئاشووب و ئاژاوە لەناو بەرێ و لیژنە شۆڕشگێڕەکان بپارێزێ و لە لەناوچوون بیانپارێزێ(١٢).

(١٢) باشترین نموونە لێرەدا باس بکەین هەوڵی فەرمان خان فارما والی تەبریز کە ئامۆزای شاش بوو. ویستی رووبەڕووی عوسمانیەکان ببێتەوە، بەڵام ناچار کرا رابکا بۆ رووسیا. لەکۆتایی ١٩٠٧ و سەرەتای ١٩٠٨ کە سەرەتای ململانێی رووس و عوسمانی بوو، هەوڵی دا دەسەڵاتی حکوومەت بگەڕێنێتەوە سابلاغ، بەڵام پارەی نەبوو بۆیە رووسەکان یارمەتیان داو پێنج هەزار تمەنیان بۆقەرز کرد لە بانکی (السلف والاعتماد)ی رووسی بۆ ئەوەی هێرش رێك بخا، بەڵام نەیوێرا لەگەڵ عوسمانییەکانا شەڕ بکا، لە بری ئەوان هێرشی کردە سەر کوردە لادێییەکان بێ جیاوازی و دێهاتەکانیانی سووتاند و زۆریشی لێ کوشتن، ئەمەش وای کرد زۆریان بدەنە پاڵ دەستوورییەکان و هاوکاریان بکەن و

لە ساڵانی پێش جەنگی گەورەی یەکەم ململانێکە ڕێڕەوێکی دیکەی تازەی وەرگرت.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٨ کونسوڵی گشتی رووسی لەورمێ ئەمەی نووسی بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی

((گرنگی مەزنی دەس تێوەردانی عوسمانییەکان لێرە لەوەدا دەردەکەوێ کە عوسمانییەکان نیازیان وایە نفووزی خۆیان لەناو کوردەکاندا بچەسپێنن و بیانکەن بەئامرازێ بۆ فشار خستنە سەر حکومەتەکانی فارس لە مەسەلەی ئەو ناکۆکییەی هەیە سەبارەت بەسنوور و بەمەبەستی نەخشەکێشان و چەسپاندنی سنوورەکە بەو شێوەیەی بەرژەوەندییەکانیان دابین دەکا. بەداخەوە هیچ شوێنەوارێ بۆ دەستتێوەردانی رووسی لەم مەسەلە جەوهەرییەدا لەئارادا نییە)).

لاپەڕەیێکی نوێ لە هاوکاری نێوان رووسیا و بەریتانیا کرایەوە و هەردوو لایان هەڵوێستی خۆیان یەکخست سەبارەت بەمەسەلەی (بەعوسمانی کردن (عثمنە)ی کوردستانی فارس. ویستی رووسیا بۆ دەسەڵات سەپاندن بەسەر ئازربایجانی فارسیدا ناکۆك نەبوو بەڵکو گەنجاویش بوو لەگەڵ ستراتیجییەتی بەریتانیای هاوپەیمانی لەناوچەکەدا، کەلەجەوهەردا بریتی بوو لە پاراستنی قەوارەی فارس بەهەر چۆنێك بێ و راگرتنی فراوانخوازیی عوسمانی لەناوچەکانی باکووری رۆژئاوای وڵاتدا، بەتایبەتی دوای لێك نزیك بوونەوەی (اتحادی) پەتوورکەکان لەگەڵ ئەڵمانەکاندا، کە لە هاوکاری سەربازی ئابووریدا رەنگیدایەوە. لەسەر ئەم بنەمایە رێکەوتننامەی ٣١/ی ئابی ١٩٠٧ مۆرکرا لە نێوان قەیسەر نیقۆلای دووەم و ئێدواردی حەوتەم، پاشان هەردوولا دەستیان کرد بەفشار خستنە سەر (الباب العالی) لەپاڵ مۆڵدانی هێزی رووسی لە قەفقاس و پاشانیش هەرەشە کردن بەبەکارهێنانی سوپا.

دوای هاتووچۆنێکی زۆر و فشاری چڕی بەریتانییەکان لە ١٦/ی کانوونی دووەمی ١٩٠٨دا سوڵتان فەرمانی دا بەکشانەوەی هێزەکانی تورك لە ساباڵغ و دەوروبەری و بەڵێنیشی دا کە چیتر هیچ کێشەیێك لەسەر سنووری ئێستا درووست نەکات و رازی بێ بەو بڕیارانەی لیژنەی چواری سنوور (لجنة الحدود الرباعية) کە بەمەبەستی دیاریکردن و چەسپاندنی یەکجارەکی سنوور پێکهاتبوو، رازی ببێ و قبوڵیان بکا.

لە ٢٢/ی حوزەیرانی ١٩٠٨ (الصدر الاعظم) فەرمانی بەتاهیر پاشا کرد کەوالی موسڵ بوو و ئەندامی لیژنەی چەسپاندنی سنووریش بوو کەلەلایەن تورکیاوە دانرابوو، فەرمانی پێکرد کە دەبێ

یارمەتیی نێردەکانیان کە لەتارانەوە هاتبوون بدەن. هەندێ هۆزی کوردیش دژی سەرکردەکانیان وەستان چونکە لایەنگری والی تەبریز بوون. ئەنجامەکەشی بەوە کۆتایی هات کەشکا و نەیتوانی دەسەڵاتی حکومەت بگەڕێنێتەوە و لەمەیدان کشایەوە.



هەموو هێزەکانی عوسمانی لەو زەویانەی جێی مشت و مڕ و ناکۆکین بکشێنێتەوە و ڕێگەش نەدا بەهۆزە کوردەکان سنوور ببەزێنن، هەروەها بەڵێنیش لە سەرکردەکانیان وەربگرێ لەم بارەوە، تەنها ئەو هۆزانە نەبێ کەرەوەندن و ئەمدیو و ئەو دیوی سنوور دەکەن بەپێی ڕێککەوتننامەکانی پێشوو.
بەڵام ئەو سنوورە هەروەك خۆی مایەوە بەدیار نەکراوی. ڕێککەوتننامەی ئەرزەرۆمی دووەم لە ١٨٤٧ دا کە دوارێککەوتننامە بوو لەم بارەوە، سنووری بەجۆرێك دەسنیشان کردبوو کەگشتی بوو و دەکرا مشت و مڕی زۆری لەبارەوە بکرێ. بۆیە هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە ڕێزی ئەو ڕێککەوتننامەیەیان نەگرت، ئیتر لیژنەیێکیان پێك هێنا بۆ ئەم مەبەستە کە لەدوو نوێنەر پێکهاتبوو یەکێکیان رووسی و ئەوی دیکەیان بەریتانی بوو(١٣).

پێویستیش ناکا ئەوە بڵێین کە ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامە رووسی و بەریتانیە بریتی بوو لەرێگرتن لەوەی هەموویان بەشێ لەکوردستانی فارس بخرێتە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی جا بەبیانووی زانکۆی سوننی ئیسلامییەوە بێ یان بێ ئەو ـ الجامعة السنية الاسلاميه ـ. هەروەها ڕێککەوتننامەکەش وای پێ باش بوو کە باکووری ئێران دابەش بکرێ بەدوو ناوچەی دەسەڵات. بۆیە کوردستانی فارس کەوتە بەر ناوچەی دەسەڵاتی رووسی ـ النفوذ الروسی ـ، ئەم ناوچەیەش لە سنووری عوسمانی لەخانەقینەوە دەس پێدەکات و سەردەکەوێ بەرە و یەزد و لەیەزدیشەوە دەگاتە سنووری ئەفغانی رووس لەرۆژهەڵات. لەکاتێکدا ناوچەی دەسەڵاتی بەریتانی ـ النفوذ البريطانی ـ بەشی باشووری رۆژهەڵاتی دەگرتەوە لەکرماشانەوە بەرە و باشوور و بەندەر عەبباس و کرمان و بیر جندی نزیك سنووری ئەفغانی.

دوای ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێڕەوێکی تازە لەبەکارهێنانی هۆی کوردیدا و بە شێوازێکی دوولایەنە هاتە کایەوە: هاندانی هەستی نەتەوەیی کوردی و باوەش گرتنەوە یان هاندانی هەڵمەتی رۆشنبیری وریاکردنەوە کە نیشتیمان پەروەرە کوردەکان دەیانکرد، هەروەها راکێشانی سەرەك هۆزە کوردەکانی سەر بەوان لەسەر سنوور و بەکارهێنانیان بۆ ((پاراستن))ی ئەو کاروانانەی بەسنووردا تێدەپەڕن لەچوون و هاتنەوەدا. جگە لەمەش ئاگادارکردنەوەی عوسمانییەکانیش بەردەوام بوو بۆهێزی بەرانبەر کە ئەمان سنوور دەبەزێنن ئەگەر تاران هەوڵ بدا دەست بەسەر ناوچە کوردییەکانی نزیك سنووردا بگرێ یان هەوڵ بدا رایانکێشێتە بەرەی خۆی.

(١٣) بۆ زیاتر زانین بگەڕێرەوە فەسڵی دەیەم (سنووری تورکی فارسی ١٦٣٩ ـ ١٩١٤ لەکتێبی ئەدمۆنز (کورد و تورك و عەرەب) کە ئێمە کردوومانە بەعەرەبی ل١٠٨ ـ ١١٦.

بەمجۆرە بۆشایی دەسەڵات بەدەس کوردەوە مایەوە سەرکردەکانیشیان ئازادی تەواویان بۆ رەخسا تاکو دەست بگرن بەسەر هەموو ناوچەکانی دەوروبەری خۆیان بەگۆڕینی دۆستایەتی و پابەندبوون و سەنگەری خۆیان گۆڕینێکی لەناکاو لەلاییەکەوە بۆلاییەکی دیکە. دیارترین نموون ئەوەبوو کە سمکۆی شکاك هەستا و ورمێ ی ئابلۆقە دا (لە ئازاری ١٩٠٩) دا ئەمەش بوە هۆی شەڕ دروست بوون کە لە ئەنجامدا بەشکانی رووس کۆتایی هات و سەرکەوتنی عوسمانییەکان و کوردە هاوپەیمانیەکانیان، لەنزیك ئەو شارە و دوای تەنها دوو مانگ.

لە کۆتایی ئەو ساڵەدا رووسەکان هێزەکانی خۆیان زیاتر کرد و ئامادەیان کرد و لەوەش دەچوو نیازیان وابێ ئەو سەرکەوتنەی عوسمانییەکان لە ١٩٠٥ ـ ١٩٠٧ دا وەدەسیان هێنا ئەمانیش هەمان شت بکەن. لەکانوونی یەکەمی ١٩١١ رووسیا و بەریتانیا رێکەوتن لەسەر (کردەوەییێکی هاوبەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە بازرگانەکانیان لەناوچەکەدا) پاشان ئەم رێککەوتنە لەژێر ناوی (پروتۆکۆلی سنووری تورکی ـ ئێران)دا ئیمزا کرا. دوا بەدوای ئەوە رووسیا تورکیای ئاگادار کردەوە کە دەبێ هێزەکانی بکشێنێتەوە ئەوناوچە سنووریانەی کە ساڵی ١٩٠٥ داگیری کردبوو. بەڵام عوسمانییەکان گوێیان نەدا بەو داواکاریە، بۆیە رووسیا هێزێکی زۆری لە (خوی) کۆکردەوە بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەبوونی عوسمانییەکان لەو ناوچانەدا، بەڵام تورکەکان وایان بەباش زانی بکشێنەوە، ئەوەبوو لەتشرینی یەکەمی ١٩١٢ کشانەوە. دوای ئەوە هێزەکانی رووسیا چوونە ئەو هەرێمە کوردیانەی عوسمانییەکان و هاوپەیمانەکانیان داگیریان کردبوو لەسەلماس و ورمێ و سابلاغ.

لەواقیعیشدا ئەم هێزە کە لەفیرقەییێك زیاتر نەبوو (نزیکە دە هەزار سەرباز) نەیدەتوانی بەتەواوی دەسەڵاتی روسەکان بسەپێنێ، چونکە نیوەی لە ئازربایجان مایەوە و نیوەکەی تریشی بریتی بوو لەچەند (حامیە) ییێك کە لەناوچەییێکی فراواند بڵاوبووبوونەوە لە نێوان (خوی) و (سابلاغ) بۆیە رووسەکان ناچار بوون سەرکردەکانی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن تاکو هاوکارییان بکەن، ئەمەش بۆ ئەو سەرکردانە هەلێکی باش بوو بەتایبەتی ئەوانەی دەیانویست شوێنی خۆیان لەناوچەکەدا قایم بکەن. ژمارەییێکی زۆریان ئامادەیی خۆی پیشاندا بەرانبەر بەپارێزگاری لێ کردنیان یان یارمەتی دانیان دژی نەیارە ناوخۆییەکانیان بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەعوسمانییەکان بوون و پەیوەندی خۆیان بەنهێنی یان بەئاشکرا لەگەڵیاندا نەپچڕاندبوو. ئەمەش رێك ئەو شتەبوو ئیسماعیل سمکۆ کردی بۆ ئەوەی سەرکردایەتی خۆی لەکۆنفدرالییەتی شکاك دا مسۆگەر بکا و پشتی قایم بێ بەرانبەر نەیارە ناوخۆییەکانی لەدوایشدا، دوای دووساڵ پشتی کردەوە رووس و چووە پاڵ تورکیا.



بەمجۆرە رووسیا هاتە کێشە و گرفتە عەشایرییەکانی کوردەوە و بوون بەلایەنێك لەشەڕ و تۆڵەدا، یان بەپاراستنی هۆزێك دژی هۆزێکی دیکە، یان بەپاراستنی هێزەکانی خۆیان لەهێرشی هۆزە کوردە تووڕە و داخ لەدڵەکان. بەڵام کوردستانی فارس بۆی رێککەوت ببێ بەخاوەنی رۆڵێکی ناوەندی لەو شۆڕشەی کە (سالار الدولە) ی برای شا ئەحمەدی دوور خراوە لە ساڵی ١٩١١دا بەرپای کرد، ئەو ساڵەش هەمان ساڵ بوو کە تیایدا هەوڵی شای دوورخراوە بۆ گەڕانەوە بۆسەر عەرش تێکشکێنرا. (سالار الدولە) کە لەدەوروبەری سەقزدا بوو بانگەشەی شۆڕشەکەی خۆی داو و توانی هۆزە کوردە داخ لەدڵەکان هان بدا و هەر بە هۆی ئەوانیشەوە لەهەمان ساڵدا چووە ناو (سنە) و لەدەوروبەری سابلاغ و سەلماس و سولدوز گەڕا و پەیوەندی بەتورکەوە کرد و ئەوانیش چەن ئەفسەرێك و هەندێ لە هێزی نیزامی تورکیان دایێ بۆ مەبەستی سەرکردایەتی کردن و مەشق پێ کردن. پاشان گەڕان بەناو سەرکردەکانی هۆزە کوردییەکان. (میللر)[١٤] دەڵێ تورکەکان ئەوکاتە ئەو بایەخ و گرنگیەیان بەکوردستانی فارس و دوارۆژی سیاسیی ناوچەکە نەدەدا، بۆیە (سالار الدولە) شیان هان دەدا تاکو بتوانن چالاکی رووسەکان لە ئازربایجان کەم بکەنەوە کە دەیانویست بەهێزی کورد هێرش بکەنە سەر تەبریز. ئیتر هانیان دا کەپشت بەکوردەکان ببەستێ و وایان پێ بڵێ گوایا دەیەوێ دەوڵەتێکی کوردی دروست بکا بەسەرۆکایەتی خۆی و لەئێرانیش جیا دەبنەوە. هەربەو مەبەستە شێخی نەقشبەندی تەوێڵە (شیخ علاء الدین الحسینی) کەپایەییێکی ئایینی گەورەی هەبوو لەناو کوردەکاندا، ئامادە کرا بۆ پشتگیری (سالار الدولە)، ئەویش توانی چەن سەرکردەی گەورە قەناعەت پێ بکا تاکو پشتگیری (سالار الدولە) بکەن، وەك محەممەد پاشا لەبەگزادەکانی جاف و محەممەد ئاغا خەسرە و لەهۆزی زەنگەنە و سەردار مزەففەر لەسەرکردەکانی کەلهور و هەندێ لەئاغاکانی موکریش. واباس دەکرێ کە نامەی پێ بووە لە شێخ عەبدولقادری نەهری و هی دیکەش لەگەورە زانایانی (السنیە)، کە تیایاندا هانی کوردەکانی فارسیان دەدا پشتگیریی بکەن و ئاماژەش بەوە کرابوو کە هەر بەرهەڵستی یان روبەڕووبوونەوەییێك لەگەڵیدا مانای وەستانە دژی (شیخ الاسلام) لەئیستانبوڵ!!

لەواقیعیشدا بەرێککەوت نەبوو کە (سالار الدولە) بەشە کوردییەکە ئێرانی هەڵبژارد وەك سەر شارێك بۆ بزووتنەوەکەی چونکە پەیوەندیەکی باشی هەبوو لەگەڵ سەرکردەکانی کوردی باکوور و لوڕەکان لە باشوور لەوکاتەوە کە فەرمانڕەوای لوڕستان بو ساڵی ١٩٠٦، هەروەها کچی والیی

(١٤) بگەڕێرەوە لیستی سەرچاوەکان لە کۆتایی فەسڵەکەدا.

(پشتکۆ)شی هێنا کە کورد بوو، ئەوسا کە لەو ولایەتەدا بوویری لەوە کردبووەوە کە دەوڵەتێکی کوردی دابڕاو و جیاکراوە لە هەموو وڵاتی فارس دابمەزرێنێ.

(سالار الدولە) داوای لەسەرکردەی هۆزە کوردییەکان کرد کە سەرکردایەتیان بکا لەجەنگدا دژی حکوومەتی دەستووری لە تاران بەمەبەستی هێنانەوەی شا بۆ سەر حوکم، ئەوەی هانی دا ئەم داواکارییە لە کوردەکان بکا ئەوەبوو کە زۆر لەو سەرکردانە دژایەتی حکوومەتی دەستوورییان دەکرد بەگشتی هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەوەی کە سەرکردەکانی سنجابی و کەلهور ئاشت بکاتەوە، بەڵام کە لەگەڵ داودخان قسەی کرد ئەم دوودڵ بوو، بەڵام لەدواییدا پەنای بردە بەر فێڵ و هەڵخەڵەتاندن، لەلایێك بەڵێنی بە (سالار الدولە) دەدا لەلاییێکی دیکەشەوە بەتاران و حکوومەتە دەستوورییەکەی. بەڵام دوایی کە (سالار الدولە) داوای لێکرد فەرمانڕەوایەتی کرماشان بگرێتە ئەستۆ دوو دڵییەکەی کۆتایی هات و ئەمیش وەك سەرکردەکانی دیکە چووە پاڵی.

(سالار الدولە) توانی هێزێکی گەورە لە کوردەکان پێك بهێنێ کە نزیکەی دە هەزار جەنگاوەری هۆزەکان دەبوون، بەڵام سووپاییێکی بێ ریکخستنی پڕ ئاشووب کە هیچ شتێکی بەبڕوا کۆی نەکردبوونەوە جگە لە مەسەلەی تاڵانی و راوڕووت، بۆیە لەدەورووبەری (سلطان آباد) کە هەشتا میل دەکەوێتە رۆژئاوای تاران، (سالار الدولە) تێکشکا و هۆزە کوردییەکان بڵاوەیان لێ کرد و لەگەڵ پاشماوەی هێزەکەیدا کشایەوە کرماشان لە١٩١١.

داودخان جارێکی دیکە لەگەل (سالار الدولە) رێك کەوتەوە بۆ جاری دووەم هێرش بکەنە سەر تاران، بەڵام خۆی و (جوان)ی کوڕی لەشەرێکدا لەنزیك (سهنه) کوژران و ژمارەیێکی زۆری کەلهورەکانیش بەرەشاش لەناو بران و (سالار الدولە) ش رایکردە لورستان[١٥]. بەمردنی داودخان ئەو هۆیەی هەمیشە رێگر بوو لەبەردەم ئاشتبوونەوەی هۆزە کوردەکانی دەوروبەر، لەناوچوو. لەپاش ئەویش هەردوو کوڕە گەنجەکەی سلیمان خان و عەباس خان جێ یان گرتەوە ئەمە بارودۆخی

(١٥) (سالار الدولە) ماوەییێك لای هۆزە لوڕەکان مایەوە پاشان لەسەرەتای رۆژانی جەنگی یەکەم و دابەزینی هێزەکانی بەریتانیا لەبەسرە پەنای بردە بەر عیراق. ئەدمۆنز باسی دەکا (بڕوانە وەرگێڕانی ئێمە بۆ کتێبی کورد ـ تورك ـ عەرەب. چاپی دووەم هەولێر ل٨٣) ((لەساڵی ١٩١٩ تاکە ئەرکێ کە بەمن سپێردرا ئاگاداری گوزەرانی ـ سالار الدولە ـ بم کە لەخەیمەیەکی عەسکەریدا لەناوەڕاستی تەلی دڕکاوی و لە ناوەندی سەرباز گەلێیکی تۆز و غوباری زۆر کە پلەی گەرما لەسێبەردا دەگەیشتە ١٠٥ پلەی نەهرنهایت، دەژیا. ـ سالار الدولە ـ کوڕە ئاژاوەچی بنەماڵەی فەرمانڕەوای قاچارییەکان لە ئێران. دیسانەوە لەسەر سنووری تورکیا و ئێران و لەناو هۆزە کوردییەکاندا پەیدابووەوە و دەستی کردەوە بەئاژاوە و کێشە نانەوە. پاشان قەناعەتی هێنا خۆی تسلیم ئێمە بکا.



کوردستان بوو کە ناکۆکی و کێشە توندبووبوو لەنێوان ئەوانەی سەر بەپاشایەتی بوون (المشروعة) و ئەوانەی سەر بەدەستوور بوون (المشروطە) ئەمەش لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بوو.

لە نێوان کوردەکاندا رۆشنبیر و خاوەن هزر یان چینێکی خوێندەوار یان بورجوازی نەبوو دروست نەبوو، کە ئەمانەش خاڵی پەیدابوونی هەستی نەتەوەیین، هەروەها پێشەنگی بەشداریکردن بوون لە جەنگی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی کە خەریك بوو سەری دەردەهێنا. هۆزە کوردییەکان لەلایەن سەرکردەکانیانەوە سەرکردایەتی دەکران، ئەمانیش بەپێی بەرژەوەندی هۆزایەتی خۆیان جارێ سەر بەحکوومەت و ئەنجوومەن دەبوون، جارێکی دیکە بایان دەدایەوە بەلای شادا، ئەمە جگە لەوەی ئەمان هەر بەسروشت دوژمنی تەقلیدی خەڵکی شار بوون وەك باسمان کرد.

بۆیە و لەبەر ئەم بارودۆخە ناتوانین ئەم قۆناغەی کوردستانی فارس لەچوارچێوەی بزاڤی وریابوونەوەی نەتەوەیی کوردستانیدا دابنێین، بەهەر شێوە و بەهەر پلەیێك بێ[١٦].

(١٦) لەم فەسڵەدا پەنام بردووەتە بەر گەلێك سەرچاوە کە هەندێ شتم لێ وەرگرتوون و لە دەفتەری تێبینی خۆمدا تۆمارم کردوون، بێ ئەوەی گوێ بدەمە تۆمارکردنی ناوی سەرچاوەکە، کە هەندێکیان فارسین و هەندێکیان ئینگلیزین. ئێستا تەنها سیانیانم بەبیردا دێ کەسێ سەرچاوەی سەرەکین، لەگەڵ راپۆرتەکەی مێجەرسۆن و راپۆرتەکانی ئیدارە لەعیرقدا کە هەندێکیان بەقەڵەمی (مس بل)ن ـ دیارترین سەرچاوە کە پشتم پێی بەستبێ:
بەرگی حەوتەم لەکتێبی مێژووی کەمبروج بۆ ئێران
The Cambridge History of Iran.
هەروەها کتێبی: ئێران لە نێوان دوو شۆڕشدای پەروەند ئیبراهیمیان Ervand Ibrahim چاپخانەی پرنستون ١٩٨٢ و کتێبی حەسەن ئەرفەع: لە سەردەمی پێنج شادا Undal Five shahs Hasan irfa چاپی لەندەن ١٩٦٤ و کتێبی ویلیام میللەر: ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و خەلیفەکانی ١٨٠١ ـ ١٩٢٧ The Ottoman and it's successors کەمبریدج ١٩٣٤ و کتێبی فلادیمێر مینۆرسکی: توێژینەوە لە مێژووی قەفقاس
V.Minorsky: studies in cau casianHistory
زنجیرەی رۆژهەڵات ژمارە ٦ کەمبریج ١٩٥٣ و کتێبی ئەندرای لۆبانۆڤ ـ روستۆڤسکی: روسیا و ئاسیا
Andrei Lobanov – Rostovsky: Russia and Asia
نیۆیۆرك ١٩٣٣ و کتێبی م. س. لازاریف: مەسەلەی کورد ١٨٩١ ـ ١٩١٧ کە ئەکبەر ئەحمەد وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی (ئاماژەمان بەهەندێ شت کردووە کە لەو کتێبەمان وەرگرتووە).
سەرچاوەی دیکە زۆر، بەڵام ئێستا ناوەکانیانم بەبیردا نایێت و مەبەستیشم نەبووە بیاننووسم.

## فەسڵی دووەم

لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا چەن کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری کورد بەشداریان کرد لە بزووتنەوەی چاکسازیدا و هەمیشە هەوڵیان دەدا بەشداری کاری سیاسی بکەن بۆ گۆڕینی حاڵ و باری گشتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی عوسمانیدا وەك تورك و عەرەب و ئەرمەن و هی دیکەش. هیچ کام لەو نەتەوانە لەو سەردەمەدا بیریان لەجیابوونەوە و سەربەخۆیی نەدەکردەوە و هەستە نەتەوایەتییەکان لەچوارچێوەی عوسمانیەتدا سنووری بۆ کێشرابوو، لەوەش دەچێ هێشتا کاتی باسکردنی سەربەخۆیی یان کارکردن بۆ سەربەخۆیی نەهاتبوو.

ئەو دیاردەیەی کە لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە جۆرێك لەبەدەنگەوە چوون و ڕێکی لە نێوان ڕۆشنبیرەکانی دانیشتووی شارەکان و نێوان دانیشتوانی لادێ و بەشێکی فراوانی هۆزەکانیش هەبوو، بەڵکو جۆرێك لەویستێکی یەکگرتوو هەبوو بۆ بانگەشە کردن بۆ چاکسازی، ئەم دیاردەیەشی بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەبوو کە لەبەشە فارسییەکەی کوردستاندا بینیمان. لەوێ سەرەك هۆزەکان هۆزەکانی خۆیان ڕاپێچ دەکردە سەنگەری بەرهەڵستی کردنی چاکسازی و جەنگی خوێناویشیان بۆ ئەم مەبەستە بەرپا کرد، ویستی خەڵکی شارەکان هیچ جۆرە دەنگدانەوەیێکی لای گوندنشین و کۆمەڵگەی عەشایردا نەبوو.

سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی جاسووی و پۆلیسی نهێنی و هەواڵدز هێشتا ئەمانە هەموویان نەیانتوانی چاکسازی خوازەکان لە چالاکی و بەردەوام بوون لەسەر کاری خۆیان بوەستێنن، بەڵام توانیان ناچاریان بکەن خۆیان و کۆمەڵەکانیان بەنهێنی و بەدزییەوە ئیش بکەن.

لەسەرەتای سەدەدا، ڕەنگە پێش ئەوە بەدە ساڵ یان بیست ساڵێك چەن کۆمەڵێکی سەربازی و مەدەنی هەبوون کە بەنهێنی کاریان دەکرد، لەوانە چەن کۆمەڵێکی کوردیش، بەتایبەتی لەپایتەختی ئیمپراتۆریەت و لەشارە گەورەکان و مەڵبەندی ویلایەتەکان، تەنانەت لەلادێکانی کوردستانیشدا، لەو کاتەدا شارەزاییەکی قووڵ هەبوو لەبواری گەڕان بەدوای ناسنامەی نەتەوەییدا وەك منیش بۆی بچم ئەمە لەبنەڕەتدا کاردانەوەی ئەو گرفتە سیاسی و ئابوورییە بوو کە دوچاری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ببوو، بەڵام ئەو چارەسەرەی هەموو لایێك بەگشتی لەسەری ڕێك کەوتبوون دەبوو لەچوارچێوەی عوسمانی دابێ.



تۆ تورك بی یان کورد، عەرەب بی یان ئەرمەن، ئەمە هیچ کێشەیەکی دروست نەدەکرد بەڵکو هەموو یەکێ لەمانە ئامادە بوو وشەی تورك یان کورد یان عەرەب یان ئەرمەنی لەپەنجەرەوە فڕێ بداتە دەرەوە و لەبری ئەوە عوسمانی بکا بەناسنامە ئەگەر ئەم ناسنامەیە یەکسانی تەواو لەئەرك و مافەکاندا بەدی بهێنێ.

لەسەرەتای سەدەدا ئاواتی سیاسی نەتەوەیی لە ئارادا نەبوون بەڵکو ئەوی هەبوو هەست کردن بوو بەغەدر لێکردنی نەتەوەیی و پێویستی چاکسازی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و بەپێچەوانەی چینی ڕۆشنبیرە هۆشیارەکان، ڕێڕەوێکی دیکەی کوردی هەبوو کە زۆر لەمە جیاواز بوو، خاوەنی ئەم ڕێڕەوە و لەبەر چەندین هۆ ـ ئەندام بوون ((لەبرایەتی)) ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا و بەهەر سیفەتێك بوایە، بەلایانەوە بەس بوو چیتریان نەدەویست. ئەم کۆمەڵە لەگۆڕانکاری سیاسی دەترسان و زۆر پابەندی سوڵتانی خەلیفەی موسڵمانان بوون. جۆرێك لە (کوردبوون) کە بەپابەندبوون بەداب و نەریتە عەشایرییەکان و ئایینیش بەپێکهاتەی کۆمەڵگەی گشتیانەوەی دەبەستنەوە، ئەمەش ڕێك ئەو بوو کە ئەو ڕژێمە مەبەستی بوو و هانی دەدا. بۆیە دەبینین سوڵتان عەبدالحمیدی دووەم (١٨٤٢ ـ ١٩١٨) کە پیاوێکی فێڵباز و زیرەك بوو پەنا دەباتە بەر هۆزە کوردەکان بۆ پێکهێنانی (آلایات)ەکانی کە ڕێکخراوی نیمچە سەربازی بوو و (آلایات الحمیدیە) بەناوی خۆیەوە ناونرابوو ناسرابوو[1] حیزبی یان کۆمەڵەی (الاتحاد

(١) لەساڵی ١٨٩١ سوڵتان فەرمانێکی دەرکرد بەپێمکهێنانی یەکەی سوارە نانیزامی لەئەندۆڵی ڕۆژهەڵات (کوردستانی تورکیا) چونکە گومانی لە سوپای نیزامی و لەئەفسەرەکانی هەبوو. وای دانابوو کە ئەم هێزەی دروست دەکا دەبێتە چەقی پارسەنگ ڕاگرتن یان ڕووبەڕووبوونەوەی هەر بزاڤێك کە سوپا بیەوێ دژی ئەو بەرپای بکا. هەندێ نووسەر پێش من هۆی دیکەیان بۆ ئەم مەبەستە هێناوەتەوە نەك ئەمەی من گوتیان لاسایی تیپەکانی قەوزاقی ڕووسیای دەکردەوە، کە ڕووسەکان سەرکەوتوانە بەکاریان دەهێنان بۆ هێرش بردنە سەر سنووری لای قەفقاس. هەندێکی دیکە گوتیان مەبەستی دامەزراندنی ئەم (آلایات)انە بەربەست کردنی کوردەکان و لێدانی کۆمەڵگاکانی ئەرمەنی و ئاشووری بوو ئەگەر ویستیان یاخی بن.

ئەم (آلایات)انە لەهۆزە سونیە کوردەکان بەتەنها پێکهات کەسەرکردەکانیان خۆیان بەمل کەچ و لایەنگری سوڵتان دەزانی. هەر (آلای)ێکیش لە(٦٠٠) سوارە پێکهاتبوو کە لەیەك هۆز وەردەگیران، فەرماندەکەی سەرۆکی هۆزەکە خۆی بوو، دوای ئەوەی پلەی سەربازی (پاشایەتی یان بەگ یەتی) پێدەدرا بەپێی یاسای نازناوی عوسمانی.

سەرەك هۆزەکان زۆر پەرۆشی ئەوەبوون کەبچنە ناو ئەم (آلایلری حمیدیە)یەوە بەهۆی ئەو دەسکەوتانەی لەو ڕێگەیەوە بۆیان دەهاتەدی. جگە لەپلەی سەربازییەکە (ئەمەیان لەگەڵ بەرگی ڕەسمی مەدالیای حەمیدی بۆ سەرۆك) جگە لەمە،

ئەندامانی ئەو ـ آلایات ـ ە بەرگێکی گرانبەهایان، وەك بەرگی قەوزاقەکان، دەدرایێ، کە دروشمی هومایونی لەسەر نەخش کرابوو، ئەو دروشمە بریتی بوو لە (طره او طغراء ) لەمس دروست کراو کە لەکەسانی دی جیایان دەکاتەوە. ئەو هۆزەی دێنە ناو ئەم رێکخراوەوە لەزۆر باج و ئەرکی دیکە کە حکومەتی ناوەندی یان حکومەتی ویلایەت دەیسەپێنێ دەبەخشران. داوا لەسەرۆك هۆزەکان دەکرا کوڕەکانیان بنێرنە یەکێك لەقوتابخانە عەشایرییە تایبەتییەکان لەئەستەنبول (عشیرت مکتبلری) یان لەهەندێ شاری گرنگی کوردستان (دیار بەکر) و (سیواس) بۆ ئەوەی لەوێ بخوێنن و لەکۆمەڵگەی مەدەنی عوسمانی دا بتوێنەوە و فێری مەدەنیەت بن، پاشان بگەڕێنەوە و بن بەئەفسەر لەو (آلایات)انەدا دوای ئەوەی خوێندن لەو قوتابخانە سەربازیانانەدا تەواو دەکەن پاشا دەسەڵات لە هەندێ گوند و شارۆچکە گرنگەکان قوتابخانەیان دروست کرد بۆئەوەی دانیشتوانی لادێکان بخوێنن.

سەرکردایەتی گشتی ئەم (آلایات)انە بەفەرماندەی سوپای چوار لەئەرزەرۆم کە بەپلەی (مشیر یان مهیب)بو سپێردرا ئەم کە فەرماندەێ گشتی بوو لە ئەستەنبول دادەنیشت واشی دانابوو ئەو یەکانە لەسەربازگەدا نەبن بەڵکو دابەش بن بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا واتە ئەم هێزانە سروشتێکی ناوخۆییان هەبوو مەگەر لەو حاڵەتانەدا کە پێویست بەخزمەتی فیعلی بکا. بیرۆکەی ئەم هەنگاوەش ئەوەبوو کە زۆربەی پیاوەکانی ئەم (آلایات)انە ئەگەر لە شوێنی نیشتەنی خۆی و هۆز و خێزانەکەی دوور بخرێتەوە یەکسەر وازی دەهێنا.

زۆر بەسەر پێکهێنانی ئەم یەکە نیمچە سەربازیانەدا تێنەپەڕی کەناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی لەناو یەك هۆزدا دەستی پێکرد و سەرەك هۆزەکانی ناو ئەو (آلایات)انە دەستیان کرد بەشەڕ لەسەر پلە و پایە و کێ پلەی باڵا و شوێنی هەرە بەرزی هەبێ لەناو هۆزەکەیدا، ئەمە جگە لەوەی سەرکردە ناوخۆییەکان جیاوازیان لە نێوان دوژمنی هۆزەکانی خۆیان و دوژمنەکانیان لەسوارەی حەمیدییە نەدەکرد. بۆ نموونە هۆزی (جبرانلو)ی سوونی کە چوار (آلایات)یان هەبوو (واتە ٢٤٠٠ سوارە)، یەکسەر هێرشی کردە سەر (الخورماك) کە هۆزێکی کوردییە لەتایفەی عەلەوی، ماڵیان تاڵان کردن و دەریان کردن و زەوییەکانیان داگیر کردن. دەسەڵاتی ناوخۆیش تەنها تەماشای دەکرد و هیچی نەکرد. شەڕ و هێرشی (آلایات)ی حەمیدیە گەیشتە هۆزە کوردییە سوننییەکانیش کەبەنیان باش نەبوو لەگەڵ هۆزەکانی حەمیدییە، ئەمانیش دووچاری هەمان دەست درێژی و داگیرکردنی زەوی تاڵانکردنی گاوگۆل و مەڕ و ماڵاتیان بوون، زۆر جار ئەم کارە ناپاسایبە یان دەگەیشتە شار و شارۆچکەکانیش، بەڵکو سڵیان لەوەش نەدەکردەوە کە چەتە (عصابە) درووست بکەن و بەجل و بەرگی رەسمییەوە هێرش بکا و تاڵانی ببا. خەڵکی ناویان نان (تنکلی) واتە خاوەن تەنەکە بەهۆی دروشمی هومایونی کە لەسەر کڵاوەکانیان دانرابوو. لنج H.f.b.Lynch لەکتێبەکەیدا (ئەرمینیا: گەشت و توێژینەوە
Armenia: Travels and stadies
لەندەن ١٩٠١ بەرگی ٢، ل٢١٩)
باسی گەشتێکی خۆی دەکا لە هەرێمی ئەرزەرۆم و دەڵێ: فەرمانبەرەکان دەترسان کە لەراپۆرتەکانی خۆیاندا ئاماژە بەوە بکەن کە ئەو تاوانانە ئەندامانی (آلایات)ی حەمیدییە دەیکەن. بۆیە دەیانگوت: ئەمە لەکردەوەی ئەو چەتانەیە



و الترقی)ی نهێنی باشترین نموونەیە کە لێرەدا باس بکرێ، ئەم کۆمەڵەیە بوو کە کودەتای عوسمانی بەسەر سوڵتان عەبدولحمیدا لە ساڵی ١٩٠٨دا کرد. ئەم کۆمەڵەیە نموونەیێکی زیندووە بۆ دەرخستنی دیاردەی نانەتەوەیی کۆمەڵگەی عوسمانی ـ کەلە زانکۆی عوسمانی ـ (الجامعە العثمانیە) رەنگی دایەوە و سەرچاوەی هێزیشی بوو. مێژوونووسانیش پێناسەی دامەزرێنەرانی

(عصابات)انەیە کە جل و بەرگی سەربازییان لەبەردایە. فەرمانگەی (المشیر) لەئەستەنبول نەیدەتوانی مووچەی فەرماندەی (آلایات)ەکان بدا بۆیە مافی ئەوەیان پێدەدان کەباج لەگوندەکانی ئەرمەن وەربگرن کەڵەو ناوانەدان. ئەمانیش هەرچی بەخەیاڵیاندا دەهات لە توندوتیژی و بەندکردن و جەلدە لێدان و داگیرکردن تاوای لێهات بوون بەسەرچاوەی نەگبەتی و چەوساندنەوەی ئەرمەنی و کوردە بێوەیەکان (المسالین) بێ ئەوەی سوپا یان ئیدارە هیچیان پێ بکرێ بۆ بەربەست کردنیان.

بەڵام سەبارەت بە (آلایات)ی حەمیدییە لە باشووری کوردستان بەتایبەتی لەهەردوو ناوچەی کەرکووك و هەولێر کە دوو ناوچەی هۆز گەری بوون (قبائلی) هیچ کار و کردەوەیێکی ناپاسایی لەم شوێنانەدا تۆمار نەکرا. بەڵام بەشداریکردنی هۆزە عەرەبییەکان لەخوارووی دیاربەکر و جزیرە لە (آلایات) حەمیدییەدا زۆر کەم و لاواز بوو و تەنها کورد مایەوە وەك چەقی قورسایی ئەو رێکخراوە.

بیرۆکەی (آلایات)بەتەواوی شکستی هێنا بەتایبەتی لەرووی مەبەستی دامەزراندنییەوە و خراپترین شوێنەواریشی لە پێکهاتەی هۆزایەتی کوردیدا بەجێ هێشتن چونکە لەجیاتی ئەوەی پەیوەندی هۆزایەتی توند بکا لاوازی کرد، بە هۆی بوژاندنەوەی رك و کینە و ئەو دەسەڵاتە بێ سنوورەی لەلایەن حکومەتەوە پێیان درابوو کە بەسەر هۆزەکانیاندا پیادەی بکەن. ئەم رێکخراوە وەك سەرچاوەی دڵەڕاوکێ لە کوردستاندا مایەوە. لەساڵی ١٩٠٢ فەرماندەی گشتی مشیر زەکی پاشا هەوڵی دا سنوورێك بۆ کردەوەکانیان دابنێ و هەندێکی سزادان و هەندێ فەوجیشی هەڵوەشاندەوە. سەیرەکە لەوەدایە کە حکوومەتی (إتحاد و ترقی) دوای رووخانی عەبدلحمیدی دووەم، ئەم تەشکیلاتەی هێشتەوە بەڵام ناوەکەیان گۆڕی بۆ (عشیرت آلایکری ـ آلایاتی عەشایر) و قەتیش نەیتوانی خراپەکارییەکانیان راگرێ و نەهێڵێ، یان هەر هیچ نەبێ چاکیان بکا. بەڵام هەندێ لەو هێزانەی نارد بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشەکانی بولگاریا و مەقدۆنیا و ئەلبانیا (لە ١٩١١) و لەیەمەنیش ساڵی ١٩١٢ (کاتێ کە یەکێکیان دەیگوت ئەو مەهدی چاوەڕوانکراوە و شۆڕشی هەڵگیرساند)، بەڵام ئەم (آلایات)انە لە هیچ کام لەو مەیدانانەدا سەرکەوتنیان بەدەس نەهێنا بەڵکو زیانێکی زۆریان لێکەوت و ناوبانگە خراپەکەشیان بەو کوشت و بڕەی کە کردیان لەو شوێنانەدا خراپتر بوو، ئەوەبوو لە پاییزی ساڵی ١٩١٤دا هەڵیانوەشاندنەوە بگەڕێرەوە بۆ ((مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و تورکیای نوێ ١٩٠٨ ـ ١١٧٥)) لە نوسینی ستانفورد و شووکورال بەرگی ٢ چاپی کمبردج ١٩٧٧، ل٤٢٦
Show, Stan ford and Kurral: History of the Ottoman Empire and Modern Turkey (1908 – 1975)

(الاتحاد و الترقی) دەگەڕێننەوە بۆ تورك و كورد و عەرەب و ئەرمەنی. ناشتوانین بەدوای قۆناغەكانی وریابوونەوەی هەستی نەتەوەیی كوردیدا بچین بێ ئەوەی باسی شۆڕشی دەستوور لەتەمموزی ساڵی ١٩٠٨دا نەكەین، ئەو شۆڕشەی (الجون ترك = تركیا الفتاة)[٢] توركیای لاو هێنایە دی، بۆخۆشیان لقێكی كۆمەڵەی (الاتحاد و الترقی)بوون. ئەو شۆڕشە كاریگەرییەكی زۆری هەبوو لەسەر چارەنووسی گەلانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەوانیش گەلی كورد.

ئەم شۆڕشە كۆتایی پێ هێنان بوو بەساڵەهای چالاكی سیاسی نهێنی لەناوەوەی توركیا و لەدەرەوەیدا كە لەدەوری كۆمەڵە یان حیزبی (الاتحاد والترقی)[٣] دا كۆببوونەوە لەهەمانكاتیشدا

---

(٢) وەرگێرانی دروست و راستی زاراوەی (جون ترك) (توركانی لاو)ە، بەڵام مێژوونووسە عەرەبەكان بە(توركیا الفتاة) وەریانگێڕابوو ئێمەش هەمان شتمان كرد وەك ئەوان، بەڵام ئێمە وامان بەباش زانی زۆربەی جار ناوە ئەسڵییەكە وەك خۆی بەكاربهێنین

(٣) ئەم كۆمەڵەیە لەئەستەنبول ساڵی ١٨٨٩ دروست بوو، دامەزرێنەرە سەرەتاكانی (إسحق سكوتی و عبداللە جودت) كە هەردووكیان كورد بوون و (ابراهیم تیمو) ئەلبانی بوو و (محمد رسید) چەركەسی بوو ئەمانە ئەوسا قوتابی بوون لەكۆلێجی نوژداری سەربازی (الطب العسكری). لیژنەی یەكەمی لەدوانزە كەس پێكهات لەناو كۆلیج. لەشێوازی كاركردنیدا پەیڕەوی ڕێ وشوێنی كۆمەڵەی (كاربوناری)ی دەكرد. راستی بوونی زۆربەی دامەزرێنەرانی ئەم كۆمەڵەیە كە كوردبوون، هۆی دامەزراندنی كۆمەڵەكە نەبوو. بەڵكو مەبەستی دامەزراندنی چاكسازی بوو لە هەموو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. لەدامەزرێنەرانی ـ عبداللە جودت ـ بوو كە خەڵكی گوندی ـ عربكیر ـ بوو، خوێندنی دواناوەندی لە (ألزیك ـ معمورە العزیز ـ) تەواو كرد پاشان لە ساڵی ١٨٨٤ چوە ئەستانبول و لەوێ خوێندی. لەساڵی ١٩٨٢ كە هێشتا دەیخوێند كۆمەڵەكە ئاشكرا بوو و ژمارەیێك لەئەندامانی گیران. لەوەش دەچێ نەبەرانبەر بەخۆی و نەبەرانبەر بەسكوتی هیچ ئیجرائاتێكی دادگایی نەكرابێ، بەڵام دوای ئاگاداركردنەوە بەردران. بەڵام لەبەر ئەوەی بەردەوام بوون لەچالاكی سیاسیدا لەپاڵ خوێندنەكەیاندا دیسانەوە گیرانەوە و (جودت) بۆ تەرابولس لە باكووری ئەفریقیا دوور خرایەوە. (سكوتی)یش بۆ دوورگەی (رودس). بەڵام هەردووكیان توانییان رابكەنە ئەورووپا لەڕێی تونسەوە. (جودت) لەرووی هزریەوە (فكریەوە) زۆر چالاك بوو و لایەنگری داواكارییەكانی ئەرمەنی كرد، هەروەها بانگەشەی ئەوەشی كرد كە یەكێتی كاركردن لە نێوان كوردو ئەرمەندا دروست بێ. بەڵام نەیانتوانی بەردەوام بن وردە وردە لاوازی و راڕایی یان دەركەوت كاتێ كە لەگەڵ رژێمی سوڵتاندا رێكەوتنە بەناوبانگەكەیان كرد. هەردووكیان لە (جنوە)ی ئیتاڵیادا رۆژنامەی (عصمانلی)یان لە ساڵی ١٨٧٩ ەوە دەردەكرد بەیارمەتی (عبدالرحمن)ی كوڕی میر بەدرخان و خەڵكی دیكەش. لە ساڵی ١٨٩٩ رازی بوون رۆژنامەكە رابگرن و هاوڕێ كانیشیان لە (جون ترك) قەناعەت پێ هێنا كە رازی بن بەو قوربانیە لەبەرانبەر بەردانی بەندە سیاسییەكان و دوورخراوەكانی ناوەوەی وڵات كە لەقەڵای (طرابلس)ی ناوبانگ زۆر



ڕۆشنبیریشیان تێدابوو كە چارەنووسی ئیمپراتۆریەت و ڕۆڵی نەتەوەی كورد تیایدا لایان مەبەست بوو و بایەخیان پێ دەدا دامەزرێنەرانی كۆمەڵەی (الاتحاد و الترقی) كەوتنە ژێر كاریگەری مەبدەئەكانی شۆڕشی فەرەنسا لە ئازادی و یەكسانی و برایەتی دا. ئەوەش كە كۆی كردبوونەوە رقەكەیان بوو لە حوكمی سوڵتان عەبدلحمید و هەست كردن بە هاوڵاتی بوون و پێویستی چاكسازی لەبەر ڕۆشنایی بیروبۆچوونە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكەی رۆژاوا. لەسەر هەمان ڕێڕەوی كۆمەڵە نهێنییەكانی ئەوروپا كاریان دەكرد وەك كۆمەڵەی كاربۆناری ئیتالی و كۆمەڵە ماسۆنییەكان و هی دیكەش.

جگە لە (اسحاق سكوتی) و (عبداللە جودت) ژمارەیێكی دیكەی كوردیش لەدەرەوەی توركیا و ناوەوەیدا بەشدارییان كرد لە كۆمەڵەدا. لە ساڵی (١٩٠٢)دا لقی (جون ترك) ی كۆمەڵەی (الاتحاد

---

خراپ گیرابوون. ئەم ئیشەیان كارێكی مرۆڤانەی سۆزدارانە بوو، بەڵام پێچەوانەی ئامانجەكانی (جون ترك) بوو و پشێوێكی زۆری خستە نەخشە و پلانەكانیانەوە، بەمەشەوە نەوەستان بەڵكو ساڵی دواتر ئیشێكی دیكەی خراپتریان كرد كە بەهیچ شێوەیێك پاساوی نەبوو، ئەوەبوو كە هەردووكیان دوو پلەی ناسیاسیان قبووڵ كرد لە دوو باڵوێزخانەی عوسمانیدا. (جودت) لەباڵوێزخانەی (ڤینا) و سكوتی لەباڵوێزخانەی رۆما. بەمجۆرە هەردووكیان لە ئامانجی كۆمەڵە دەرچوون و پێشێلیان كرد، بەڵام بڕیارێكی رەسمی بەدەركردنیان دەرنەچوو. سكوتی لەفەڕەنسا لە ساڵی ١٩٠٢دا مرد و عەبدوالرحمن بەدرخان لەرۆژنامەكەیدا (كردستان) لەسەری نوسی و زۆربە بەدڵسۆزی ئەودا بۆ خاكی كوردستانی هەڵدا، بەڵام ئەمە هیچ كەڵكێكی ئەو تۆی نەبوو بۆ پاكانە كردن بۆ ئەو ئیشانەی كە كردبوونی. (عبداللە جودت)یش بەدور خراوەیی مایەوە و هەندێ رێزی بۆ گەڕایەوە (رد إعتبار) كە بەئەندام وەرگیرا لە حیزبی (اللامركزیە) كە سەربە (جون ترك) بوو دوای ئەوەی ئەو حیزبە لەساڵی ١٩٠٢دا دامەزرا. بەڵام بەو ئیشانەی كە كردبوونی هەموو ئاوات و ئامانجێكی سیاسی خۆی كوشتبوو بۆیە لە ساڵی ١٩١١دا گەڕایەوە ئەستانبول، هەرچەندە دوایی چوە ریزی یانەی كوردی لە كۆتایی جەنگدا، بەڵام لە ماوەی جەنگدا هەر بانگەشەی بۆ (الامركزیە العثمانیە) دەكرد.

دەربارەی كۆمەڵەی (الكار بوناری) كە (جون ترك) ڕێڕەوی ئەوانیان پەیڕە و دەكرد و كردبوویانن بەنموونەی خۆیان وەك گوتمان: ناوەكەیان ئیتالییە Carbonari مانای خەڵووز سوتێنە، ئەمەش كۆمەڵەیێكی شۆڕشگێڕ و نهێنی بوو، كە لە سەرەتای سەدەی نۆدا بەدیار كەوت لە ئیتاڵیای پارچە پارچە كراودا، دەیویست لە سەرەتادا بنەماڵەی بۆربۆن ـ ی فەرمانڕوا بگەڕێنێتەوە سەر عەرشی ناپۆلی، بەڵام لەداوییدا كەوتە رێكەوتن و هاوكاری كردن لەگەڵ كۆمەڵەی (ئیتاڵیای ـ الفتاة ـ) ی نهێنی كە لەسەر دەستی نیشتمان پەروەرەی ئیتاڵی گەورە (جوزیپی مازینی) ١٨٠٥ ـ ١٨٧٢ دروست كرا و چەندین شۆڕشی ناوخۆیی هەڵگیرساند دژی رژێمە كۆنە پەرستەكانی ئیتالیا تا لەدواییدا یەكێتی ئیتالیان لە ١٨٦٢ هێنایە دی ناوی كاربۆناری لەلایەن چەندین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەفەڕەنسا و ئیسپانیا و پورتوگالدا، بەكارهێنرا.

و الترقی) یەکەم کۆنگرەی خۆیان لە پاریس و لەژێر ناوی کۆنگرەی ئازاد دا بەست. لەو کوردانەی بەشدارییان تێدا کرد عەبدلرەحمان بەدرخان و حکمەت بابان، جگە لە ژمارەیێکی زۆری دیکە کە پلە و پایەی گرنگیان پێ درابوو لەکۆمەڵەدا وەك ئیسماعیل حەقی بابان ئەندامی ئەنجوومەنی ـ المبعوثان، لەبەغداوە (نوێنەری بەغدا) و دۆستی دێرینی رۆژنامەی (الطنین) کەزمانحالی رەسمی (الاتحاد و الترقی) بوو، لە دوای کودەتاش کرایە وەزیری (الانشاءات العامە ـ بنیات نانی گشتی ـ)، هەروەها (سلیمان نظیف) کە لەدواییدا بوو بەوالی موسڵ، ئیداریەك و رۆژنامەنووسێکی زۆر توندڕە و داواکارێکی زۆر دڵسۆزی کردەوەی بەتورك کردن بوو هەرچەندە خۆشی کوڕد و باوك و دایکیشی کورد بوون لە نێو جەماوەری رۆشنبیری کوردیدا کە بایەخیان دەدا بە چارەنووسی ئیمپراتۆریەت دوو بنەماڵەی بەناوبانگ دەر کەوتن، یەکێکیان بنەماڵەیێکی ئایینی و ئەوەی دیکە یان عەلمانی. یەکەمیان سەیدەکانی نەهری (شەمدینان) دووەمیشیان میرەکانی بەدرخان. هەردوو بنەماڵە لەو کاتەدا بایەخیان دەدا بەدۆزینەوەی چارەسەرێ بۆ مەسەلەی کورد لەچوارچێوەی عوسمانیدا، بەڵام دواتر لێك جیابوونەوە و هەریەکەیان رێگەیێکی گرتە بەر لەئەنجامی ئەوەی سەر بەدوو بنەماڵەی خاوەن (نفوز)ی گەورە بوون لەبەشەکانی کوردستانی ناوەندا. ململانێی ئەو دوو بنەماڵەیە نموونەی جیاوازی و بەربڵاوی ولێك نەگەیشتن بوو لەئاواتەکانی نەتەوەیی کوردیدا.

شێخ (عبدالقادر النهری) ئەندامی هەرە چالاکی هەردوو بنەماڵەکەبوو، دوای مردنی باوکی رێی پێدرا بگەڕێتەوە ئەستەمبول، بەڵام رێیان نەدا بگەڕێتەوە کوردستان بۆلای شێخ محەممەد سادق کە لەجێی باوکی دانیشتبوو شێخایەتی دەکرد.عەبدلقادر لەم دوورخستنەوەیە لەسەرکردایەتی روحی زۆر داخ لەدڵ بوو چونکە ئەو وای دەزای کە لە جیێ باوکی دانیشتن مافی ئەمە نەك براکەی. پاشان رووی کردە سیاسەت بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی و بووە ئەندام لەکۆمەڵەی ـ الاتحاد و الترقی ـ لە ساڵی ١٨٩٦دا یەکێك بوو لەو گیراوانەی کە بەپلانێك بۆ رووخاندنی عەبدولحمید تۆمەتبار کران و دەوڵەت توانیی ئەو پیلانە پێ بزانێ ئەوەبوو خۆی و بنەماڵەکەی دوورخرانەوە. بەمجۆرە شێخ عەبدولقادر بۆی دەرکەوت کە تاکە رێگای هێنانەدی ئاواتەکانی بەستراوە بەچاکسازی خوازە عوسمانییەکانەوە، و نەگەڕایەوە ئیستەنبول تاسەرکەوتنی کودەتا.

میرەکانی بەدرخانیش تۆمارێکی سیاسی ناسەقامگیرییان هەیە کە زۆر هەوڵی سەرنەکەوتوی تێدا بەدی دەکرێ. کوڕانی میر بەدرخانی بۆتانی بەناوبانگ قەت بەدۆڕاندنی باوکیان رازی نەبوون و قبوڵیان نەکرد. ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٧٩دا دوان لەکوڕەکانی شۆڕشێکی کورتخایەنیان لە بۆتان هەڵگیرساند ئەو دوو کوڕەش (عثمان و حسین) بوون لەساڵی ١٨٨٠ کوڕێکی دیکە بەناوی (بحری



بگ) دەستی کرد بەگەمەیێکی دووسەرە لەنێوان ئەستەنبول و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری[٤]. لەساڵی ١٨٨٩ دوو کوڕی دیکە (مدحت أمین عالی) هەوڵیان دا هۆزەکان بوروژێنن، بەڵام زوو پێیان زانین و هەردووکیان گیران پێش ئەوەی بتوانن هێزێکی زۆر کۆبکەنەوە، ناشزانرێ کەی بەردران، بەڵام (مدحت) لە ساڵی ١٨٩٠ لە قاهیرە سەر دەردێنێ و لە نیسانی ١٨٩٨دا رۆژنامەیێکی دەرکرد بەناوی (کوردستان) بەهەردوو زمانی تورکی و کوردی کرمانجی. لەلاییێکەوە پشتگیری (اتحاد و الترقی) ی دەکرد، لەلاییێکی دیکەوە هەستی نەتەوەیی کوردی دەوروژاند بەسەرۆکایەتی شێخ و کەسایەتییە دیارەکانیان. پاشان رۆژنامەکەی گواستەوە جنێف، پاشان لەندەن، دوای ئەوەش بۆ شاری فولکستونی قەراغ دەریا لەئینگلتەرە.

---

(٤) سەبارەت بەو و بە مەسەلەی ئەرمەن: بگەڕێرەوە بۆ کتێبەکەمان دور توێژینەوە لەپەراوێزی شۆڕشی شێخ عوبەیدڵڵای نەهری. چاپی دەزگای ئاراس ـ هەولێر ٢٠٠١. لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٧ لە قاهیرە چاپخانەیێك هەبوو بەناوی (چاپخانەی زانستی کوردستان) زۆری دەربارە نازانم و ناشزانم کێ ئیشی تێدا دەکرد. بەڵام کتێبێك بەناوی (تأویل مختلف الحدیث لأبن قتیبە الدینوری) کە یەکێك لەوانەی بەشداریان هەبوو لەو چاپخانەیدا چاپی کرد ناوی (محمود شا بندر زادە البغدادی). ئەمەم لە لاپەڕە (٢٧)ی کتێبی (عیون الاخبار)ی (ابن قتیبەالدینوری)دا دیت. وای بۆ دەچم کە ئەمە بەشێك بێ لەچالاکی بەدرخانییەکان لە میسر لەو سەردەمەدا و ناوی (محمود شا بندر)یشی ناوێکی خوازرا و بێ.



شێخ عەبدولقادری نەهری و دوکتۆر کوچران ورمێ ١٨٨



سەید تەهای نەهری



هیچ هۆیەکی لە بار بۆ ئەم گواستنەوە و هێنان و بردنە نازانرێ مەگەر ئارەزووی ئەوەبێ کە بیەوێ نزیك بێ لەبەرهەڵستکارە دوور خراوەکانی تورك لەو شارە و بەتایبەتی لە ئەوروپا. پاش ماوەیێکیش وازی لەسەر نووسەری هێنا بۆ عەبدولرەحمان و حکمەت بابان کە پێشتر باسمان کرد.

کۆنگرەی ئازادی (جون ترك) کە لەپاریس لە ساڵی ١٩٠٢دا بەسترا، بەقۆناغێکی جیاکەرەوە دادەنرێ لە چالاکی سیاسی (الاتحاد و الترقی)دا، چونکە جیابوونەوەیێکی یەکجارەکی لێکەوتەوە لە نێوان لیبرالیە عوسمانییەکان و نەتەوەییە تورکەکاندا. ئەم ناکۆکییە کاتێ بەتەواوی بەدیار کەوت کە لیبرالییەکان داوایان کرد پشتگیری ئەرمەنییەکان بکرێ کە داوا دەکەن ئەو رێککەوتننامە نێو دەوڵەتیانەی دەیانپارێزێ و دان بەتایبەتمەندییە نەتەوەییەکەیاندا دەنێ جێ بەجێ بکرێ، لەکاتێکدا نەتەوەییە تورکەکان دژی وەستان و سوور بوون لەسەرئەوەی هیچ هۆکارێکی دەرەکی بۆی نییە دەس بخاتە ناو کاروباری ناوخۆی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

عەبدولرەحمان چووە پاڵ لیبرالییەکان، پاشان بووە ئەندام لە حیزبی (اللامرکزیە)ی عوسمانیدا، ئەم حیزبە داوای دامەزراندنی سیستەمێکی فیدرالی تەواوی دەوڵەتی دەکرد. بەڵام حیزبەکە نەیتوانی هاوڵاتییە مەسیحییەکان بەلای خۆیدا راکێشێ، چونکە زۆربەیان دوای دروشمی بریقەدار و سەرنج راکێشتر کەوتن کە دروشمی (جون ترك)ی نەتەوەیی تورکی بوو. لەلایێکی دیکەوە، عەبدولحمید پەنای بردە بەر بەهێزکردنی گیانی ئایینی بۆ بەربەرەکانی کردنی چاکسازی خوازەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە (آلایات)ی حەمیدیە نائومێد بوو، ئیتر کەوتە هاندانی سۆفیەت و تەکیە و پەیمانگا ئایینییەکان و نزیك کردنەوەی زانایان و پێدانی (امتیازات)ی زۆر پێیان لە هەموو لایێکی ئیمپراتۆریەتدا و بەتایبەتی لە کوردستان. بەڵام عەلمانیەتی (جون ترك) رەگی داکوتابوو و گەیشتبووە ئەفسەرەکانی سوپا و چینی خوێندەواری هەموو گەلانی ئیمپراتۆریەت، ئەمەش شۆرشی ١٩٠٨ ی لێکەوتەوە. ئەوەی رێی بۆ کودەتا خۆشکرد، رێککەوتننامەی ئەنگلۆ رووسی بوو. لەحوزەیرانی ١٩٠٨ لە ریغا (تالین) رێککەوتننامەیێك بەسترا لە نێوان ئەدواردی حەوتەم و قەیسەر نیقۆلای دووەم لەگەڵ لێك تێگەیشتنێك ـ تفاهم ـ سەبارەت بە تورکیا.

هەردوولا باسی ئەوەیان کردبوو کەپلانی هەمەلایەنیان داناوە بۆ فەرزکردنی چاکسازی کە لەئەنجامدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکاتە ناوچەیێکی لەچەك داماڵراو. باڵی سەربازی (جون ترك) ئەم رێککەوتنەی پێ ناخۆش بوو و بە گورزێکی توندیان لەقەڵەمدا بۆهەموو ئەفسەرانی سوپا بەگشتی، بۆیە بریاریان دا یەکسەر کاربکەن بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو رێککەوتنە سەر بگرێ. ئەفسەرە پلە بچووکەکان و فەرمانبەرانیش بەشدارییان کرد لەو بزووتنەوەیەی کە رەشمالی (الاتحاد و الترقی) کۆی

کردبوونەوە و سولّتان عەبدولحمیدیان ناچار کرد کە کار بەدەستووری ١٨٧٦ بکا کە لەساڵی ١٨٧٨ ەوە پشت گوێ خرابوو و کاری پێنەدەکرا، ئەمەش وەك سەرەتاییێك بۆ چاکسازی زیاتر و باشتر.

(جون ترك) ویستیان بۆ دەوڵەتە گەورەکانی بسەلمێنن کەتورکیا بێ توانا و ئارەزوونییە لەوەی خۆی کاروباری خۆی چاك بکا و چاکسازی بکات بێ ئەوەی پێویست بەدەستێوەردانی بێگانە بکا. کودەتا لە هەموو ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتدا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، کوردەکانیش زۆریان پێ خۆش بوو لەگەل گەلانی دیکەی ئیمپراتۆریەت وەك عەرەب و ئەرمەن و تورك و ئەلبان و پیرۆزباییان لەیەکدی کرد و سوێندیان بۆیەکتر خوارد کە ناکۆکییەکانی رابردوو لە بیر خۆیان ببەنەوە و کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی و خێر و پێشکەوتنی نیشتمانی عوسمانی گەورە بکەن، بەمجۆرە وادەهاتە پێش چاو کە سەردەمێکی تازە لەبرایەتی و پشتی یەکترگرتن لەئاسمانی ئیمپراتۆریەتدا هەڵهات. کۆمەڵەی (الاتحاد و الترقی) چوە سەر حوکم و حکوومەتی دانا هەروەها بڕیاری دووبارە کارکردنەوە بەدەستووری راگەیاند لەگەل یەکسانی تەواو لەنێوان هەموو عوسمانییەکاندا موسڵمان و غەیرە موسڵمان و پاشانیش بڕیاری هەڵبژاردنی گشتی دا لە پێناو دامەزراندنی حکوومەتێکی دەستووریدا. بەڵام ئازادی (حریت) و یاسای بنەڕەتی (دستور) و حکوومەتێکی دەستووری (مشروطیت) کە ئەو دروشمانە بوون شۆڕش بانگەشەی بۆ دەکردن بەتەواوی بەپێچەوانەوە لە هەموو لاییێکی ئیمپراتۆریەتدا لێی تێگەیشتبوون وەك لەدواییدا باسی دەکەین.

شۆڕش دەنگدانەوەییێکی فراوانی هەبوو لە نێو رۆشنبیرانی گەلانی ئیمپراتۆریەتدا و بەدڵخۆشییەوە پێشوازییان لێ کرد هەرچەندە وەك دیاریش بوو سوور بوو لەسەر دووپات کردنەوەی برایەتی عوسمانی ـ بەڵام پێناسەی نەتەوەیی پێش شۆڕش باسکرابوو تەنانەت لە نێو کوردەکانیشدا هەرچەندە لە بازنەییێکی تەسکیشدا بووبێ. هیچ کوردێك هەستێکی تایبەتی نەبوو سەبارەت بەپێناسەی کوردی، بەڵکو زۆر لە رۆشنبیران و کەسایەتییە دیارەکانی کورد بڕوایان بەئایدیۆلۆجیای رەسمی واتە کۆمەڵەی عوسمانی (الجامعة العثمانية) هەبوو، وەك ئیسماعیل حەقی بابان کە پێشتر باسمان کرد وەك کەسایەتییەکی دیاری نێو کۆمەڵەی (الاتحاد و الترقی) چونکە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (باڵا) بوو. هەروەها بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندەی کە هەیبوو لەگەڵ رۆژنامەی رەسمی (الاتحاد)دا کە رۆژنامەی (طنين) بوو وەك ئەو ئەدیب و شاعیر و سیاسی کورد (سليمان نظيف) والی موسڵ لە ١٩١٤، کە دڵسۆزی خۆی بۆ تورك گەیاندە چڵەپۆپە بەکوشتنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و ئەو رێ و شوێنە توند



و دڵرەقانەیەی کە بەرانبەر شۆڕشەکە نواندی[٥] بەڵام هەندێ کەسایەتی دیاری کورد لە پایتەخت ویستیان پشتگیری خۆیان بۆ (إتحاد)یەکان دەرببڕن لەڕێی شانازی کردن بەپێناسەی نەتەوەیی خۆیانەوە و بەهۆی دامەزراندنی ژمارەییێك کۆمەڵەی کوردییەوە کە ئێمە شتی زۆر کەمیان دەربارە دەزانین.

---

(٥) لەم بوارەدا کەسایەتییەکی دیکەی کورد هەیە کەسەرنج راکێشە. ئەویش کەسایەتی (محمد ضياْ گوك ألب)ی دیاربەکرییە. ئەمە کوڕی فەرمانبەرێکی بچووك بوو لە ئیدارەی دیاربکر. (گوك ألب) وەك تورکێك پەروەردە کرابوو کە زۆر رقی لەکۆمەڵگەی کوردی لادێ نشین دەبووەوە. بەلاوی حەزی لە خوێندنەوەی کتێبەکانی (عبدالله جودت) دەکرد، هەروەها ئەو کتێبانەش کەلە زمانە بیانییەکانەوە وەریگێڕابوون. وەك سیاسییەکی نەتەوەیی لەکۆنگرەی (الاتحاد و الترقی) کە لە ساڵی ١٩٠٩ گیرا خۆی نواند هەروەها نوێنەری دیاربەکریش بوو لەو کۆنگرەیەدا و بەئەندام لەلیژنەی باڵای ـ الاتحاد ـ دا هەڵبژێردرا. زۆری سەبارەت بەنەتەوەیی تورك نووسی و لە نێو بەرهەمەکانیدا هیچ شتێکی تێدا نەبوو کە مەیلی یان هەستی نەتەوایەتی کوردی تێدابێ. لە داوی مردنی لە ١٩٠٤ بەمجۆرە باسی نووسینەکانی ئەو کرا بوو لەبواری تورکیدا (بەمجۆرە بیروبۆچوونی ئەو بزووتنەوەییێکی رۆشنبیری داهێنا کە رۆڵی هەبوو بۆ گۆڕینی عەقلی میللی لەبیرۆکەی ئیمپراتۆریەتەوە بۆ بیرۆکەی گەل.

لەرێڕەوێکی ئایینییەوە بەرەو عەلمانییەت، لەرۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژاوا، (لە

show, Stan ford and kurral: History of the Ottoman Empire and Modern Turkey

بەرگی ٢، ل٢٠٨ لەندەن ١٩٥٢) وەرگیراوە

گوك ئەلب هێرشی کردە سەر رژێمی ئاغایەتی لە کوردستان و کودەتای عوسمانی بەهۆی لەناوبردنی ئەو رژێمە دانا. لەم بارەوە نووسیبوی (هەرکە ئاغای گوند خۆی لەیەکێك لەئەندامانی ئەنجوومەنی بەرێوەبردن نزیك دەخاتەوە، بەو رێ و شوێنە تایبەتی و هونەرییەی خۆرە پێش خستن لای خاوەن دەسەڵات ئیتر ئەویش یارمەتی دەدا بەوەی لاوەکانی گوندەکەی کە لەتەمەن سەربازیدان لە سەربازی ببەخشێ، یان ئەو تاوانبارانەی لاین راپێچی دادگا ناکرێن و ئەوانەشی بۆ رزگاردەکا کە باجیان نەداوە و لەفەرمانبەرانی باج وەرگرتن دەیانپارێزێ، بەمجۆرە وەك فەرمانڕەواییێکی سەربەخۆ لەگوندەکانی خۆیدا دەژی، بە هۆی ئەم خزمەتانەی پێشکەشی دەکا و ئەو (واسطە)یەی هەیەتی، ئیتر پارە بەزۆر لە خەڵك وەردەگرێ لەوانەی تاوان دەکەن یان ژن دێنن یان ژن دەفڕێنن و شتی دیکەی زۆر. ئەو گوندنشینانەی واهەست دەکەن کە لەهەموو ئەمانە قەرزار باری ئەون ئەو پارانەی دەدەنێ کە لەبری باجی ئاژەڵ دەیدەن و بەهەمان رێژە کە دەیدەن بەفەرمانبەری باج وەرگرتن. هەر بۆ ئەوەی جگە لەئاغاکە کەسێکی دیکە نەبێ پارە وەرگرێ و کۆی بکاتەوە هەرچی خراپە دەیکەن و خەڵکی دیکە تاوانبار دەکەن و تاوانی درۆیان دەدەنە پاڵ و شایەتی درۆ دەدەن و هەرچی پێویست بێ دەیکەن.

بەڵام یەکەمین و لەهەمووشیان دیارتر کۆمەڵەی (کوردستان تعالی و ترقی جمعیتی = جمعیه کردستان للنهضه والتقدم)[٦] واته کۆمەڵەی کوردستان بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن که (أمین عالی بدرخان و (الشیخ عبدالقادر النهری) دایانمەزراندبوو، هەروەها جەنەراڵ محەممەد شەریف پاشا که بابانی و خەڵکی شاری سلێمانی بوو و بڕوای بەلامەرکەزیەت هەبوو دوژمنی (جون ترك) بوو، لەگەڵ (الداماد المشیر ذوالکفل باشا)[٧] کەسانی دیکەش کۆمەڵەی هاوشێوەیان لەدیاربەکر و بەتلیس و موسڵ و بەغدا دا دروست کرد. هەروەها کۆمەڵەیێکی ڕۆشنبیری لەئەستەنبول درووست بوو بەناوی (الجمعیه الکردیه لنشر التعلیم) و قوتابخانەیێکی کردەوە بەسەرپەرشتی (عبدالرحمن بدرخان) بۆ خزمەتکردنی سی هەزار

(٦) حکوومەتی (اتحاد)یەکان تووشی دۆخێکی ترسناك بوو لەدەرەوە ئەوەبوو له ٥/ تشرینی یەکەمی ١٩٠٨دا بولگاریا بەهاندانی رووسیا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، دوای ئەوە بەدوو ڕۆژ حکوومەتی نەمسا و مەجەر بەرەسمی هەردوو هەرێمی بۆسینا و هرزگوڤینا (البوسنه والهرسك)ی خسته سەر وڵاتی خۆی. هەڵوێستی بەریتانیا و ئەڵمانیا روون نەبوون، بەڵام بەریتانیا هاوپەیمان بوو لەگەڵ رووسیا، نەمسا و مەجەریش هاوپەیمان بوون لەگەڵ ئەڵمانیا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی ناوخۆ هەبوو. ئەو حیزبە کۆنەپەرستانەی سەر بەسوڵتان بوون خۆیان ئامادەکرد بۆ ڕاپەڕین و کردەوەکانی (جون ترك)یش لیبرالییەکانی تووشی نائومێدی کرد و دەسته و دایەرەی سوڵتان و کۆنەپەرستەکانیش سەر لێشێواوی و بێ توانایی حوکمی تازە لەبەرهەڵستی کردنی مەیلی جیابوونەوە که تەوەری قسه و باسی کۆمەڵه کۆمەڵایەتییەکان بوون که سروشتێکی نەتەوەییانه هەبوو، ئەمانەیان بەهەل زانی، بۆیه شۆڕشی دژ له نیسانی ١٩٠٩ له ئەستنبول دەستیپێکرد و ئەوانەی ئەو شۆڕشه یان هەڵگیرساند توانییان ژمارەیێکی زۆر له (اتحاد)یەکان سەر ببڕن و حوکم بگرنه دەست له ئەستەنبول. که سوڵتان نەیتوانی تاوانباران سزا بدا (اتحاد)یەکان پەنایان بردە ئەو یەکە سەربازییانەی کەلەمەقەدۆنیا بوون بەسەرکردایەتی (محمود شوکت پاشا) که بەئەسڵ چەرکەسی بوو، بەڵام لەبەغدا لەدایك ببوو و ژیابوو. شۆڕشی دژ لەناو براو سوڵتانیش لەسەر حوکم لابرا بگەڕێرەوە بۆ (ویلیام میللرWilliam Mieller ـ الامبراطوریه العثمانیه وخلفاؤها ـ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و خەلیفەکانی ١٨٠١ ـ ١٩٢٧ چاپخانەی کمبردج ١٩٣٤ ل٤٧٨).

(٧) (محمد علی عونی) لەپەراوێزی (٤٠٤)ی وەرگێڕانی کتێبەکەی ـ محمد أمین زکی ـ (خلاصه تاریخ الکرد وکردستان من أقدم العصور التاریخیه حتی الان) چاپی دووەم ل٢٢٥ (١٩٦١). دەڵێ که کۆمەڵەیێکی کوردی هەبوو لەم کۆنتر ئەویش کۆمەڵەی (العزم القوی الکردستانیه). لەمەشدا پشتی به نامیلکەیێکی تورکی بەستووە بەناونیشانی (امین بدرخان) که (لطفی) بەناوی کۆمەڵەی کوردان ـ جمعیه الاکراد ـ له ساڵی ١٣٢ك / ١٩٠١ز و له چاپخانەی (اجتهاد) چاپ کرا که خاوەنەکەی (عبدالله جودت) بوو.



٣٠,٠٠٠ منداڵی کورد لەئەستەنبولی پایتەخت و دەستیان بەکارکردن کرد بەکردنەوەی قوتابخانەیێکی سەرەتایی. ئەوانەی لەو قوتابخانەیەدا چالاك بوون و بایەخیان پێدا (السید نوری البتلیسی) بوو که ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو لەناو کوردەکانی ئەستەنبولدا، هەروەها دەسەڵاتیش. بەهۆی نووسینەکانییەوە که داوای خۆبەستنەوەی دەکرد بەپێناسەی کوردی زمانی کوردییەوە، لێ بێزار بوون. ئەو وتارانەی (عبدالحمید) و پیاوانی ئاسایشی زۆر لێ داخ لەدڵ کرد و بەڵکو گومانیشیان لێ پەیداکرد کاتێ که پێشنیاری چاکسازی ئایینی و لەوێشەوە بایەخ دان بەگەلی کورد بەتایبەتی دەکرد، هەرچەندە بەهیچ جۆرێ بۆنی جیاوازی خوازی لێ نەدەهات. پێش لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید له ١٩٠٩ ڕەنگە بەچەن هەفتەیێك عەریزەیێکی دابێ که پێشنیاری ئەوەی دەکرد تیایدا مامۆستای کورد که زمانی کوردی باش دەزانن بنێردرێنە کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گشتی عەلمانی ـ لەعەریزەکەدا نووسرابوو: ((لەئیشه بنەڕەتییەکان دروست کردنی کادیرێکی فێرکردن که کوردی باش دەزانێ، ئەمەش دەبێته هۆی ئەوەی ئاستی پیاوانی هۆزە کوردییەکان لەرووی فیکرەوە بەرز بکاتەوە و بیانکات به هاوڵاتییەکی چاکی عوسمانی...)) هەروەها داوای کردبوو که گۆڕانکاری له قوتابخانە ئایینییەکاندا بکرێ و زانیاری هاوچەرخی تێدا بخوێنرێ هەروەها زانکۆیێکی ڕۆژهەڵاتیش وەك زانکۆی ـ الازهر ـ بۆ خوێندنی باڵا دابمەزرێنرێ.

سەید نەورەسی جیاوازی خواز نەبوو، بەڵام دوای دوو ساڵ بتێپەڕ بوون بەسەر کودەتادا داوای دامەزراندنی حوکمێکی ناوخۆیی کرد لەدیاربەکر. ئەمەش بێگومان بەدڵی ـ اتحاد ـ یەکان نەبوو و نەشیاندەویست سەید نەورەسی لەگەڵ کۆمەڵەی (الاتحاد الاسلامی)دا پەیوەندی هەبێ، چونکە ئەو کۆمەڵەیە بەوە تاوانبار کرا که دەستی هەبوو لەهەوڵی کودەتای حەمیدییەکان که دژ بەحکوومەتی (الاتحاد) بوو له نیسانی ١٩٠٩. ئەمیش وەك شێخ عەبدلقادری نەهری سوور بوو لەسەر یەکێتی عوسمانی و هەر لەسەر ئەو بڕوایەش مایەوە. خەمی سەید نەورەسی ئەوەبوو گەلی کورد له نەخوێندەواری و دواکەوتنی ژیاری رزگار بکات. له ١٩١٠ قوتابیانی کورد لەئەستەنبول کۆمەڵەیێکیان دروست کرد بەناوی (هیڤی کورد جمعیتی) ـ کۆمەڵەی هیوای کورد ـ له دامەزرێنەرەکانی (خلیل خیالی الموکنی) که خەڵکی موکت بوو هەروەها عومەر و قەدری له بنەماڵەی جەمیل پاشا زادەی دیاربەکری و فوئاد تەیموور بەگ لەوان، زەکی دیاربەکری و هی دیکەش. ئەم کۆمەڵەیە له چالاکی خۆیدا بەردەوام بوو تا هەڵگیرسانی جەنگ که ئیتر ناچار بوو ئیشەکانی ڕاگرێ، بەڵام دوای جەنگ دەستی کردەوە بەچالاکی تاسەرکەوتنی کەمالییەکان و داگیرکردنی ئەستەنبول له ١٩٢٣، ڕۆژنامەیێکیشیان هەبوو بەناوی (ڕۆژی کورد) جگە لەمەش کۆمەڵەی دیکەش

هەبوو کە کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی بوون، بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگدا نەمان و لەبیر چوونەوە. هەندێ رۆژنامەش دەرچوون. یەکێکیان رۆژنامەیێك بوو بەزمانی تورکی (کرت تیڤون و ترقی = التقدم والتعاون الکردی المتبادل) کە کۆمەڵەیێك بەهەمان ناو دەری کرد. ئەوەش یەکەم رۆژنامەی کوردی بوو کەبەرەسمی لەلایەن دەسەڵاتی نوێ وە رێ پێدرا.

(کوردستان) کە لەبەریتانیا دەردەچوو گەڕایەوە ئەستەنبول و (ثریا)ی کوڕی ئەمین عالی بەدرخان سەرپەرشتی دەکرد بەم رۆژنامەیەش پێشبڕکێ و ململانێ بەدرخانییەکان و نەهرییەکان دەستپێکرد، ئەوەبوو عەبدولقادری نەهریش رۆژنامەی (هەتاوی کورد)ی دەرکرد. عەبدولقادر بێگومان لەبەدرخانییەکان زیاتر ناوبانگ و ناوی هەبوو دەستی دەڕۆیشت بەڵگەشمان ئەوەیە کە (اتحاد) یەکان پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی دەوڵەتیان پێ سپارد جگە لەوەی کە ئەندامیش بوو لە ئەنجوومەنی ـ الشیوخ (پیران) ـ. بۆیە بەدرخانییەکان نەیاندەتوانی بەربەرەکانی بکەن لە ئەستەنبول و لەکوردستانیش. بەڵام گۆڕانکاری سیاسی ئەم ململانێیەی شاردەوە و پەردەیێکی پێدادا.

کودەتا دڵی خەڵکی زۆر خۆش کرد و ئەمەش هەموو لایێکی ئیمپراتۆریەتی گرتەوە و گەلانی ئیمپراتۆریەت رێکەوتن لەسەر ئەوەی رابورد و لەبیر بکەن و بەدڵسۆزی کار بۆ بنیات نانی دوارۆژ بکەن، بەڵام ئەمانە هیچیان نەهاتنە دی. هەرکە دەنگ و سەدای کودەتا کز بوو، ئەو کەسانەی دژی (الجون ترك) بوون دەستیان بەچالاکی کردەوە و هێزە بەرهەڵستکارەکان زیادیان کرد بە هۆی ئەو شکستە سیاسییەی لەدەرەوە تووشی هاتن جگە لە خراپی بەڕێوەبردن و ئاژاوەی ناوخۆ و هەڵوێستی دژ و خۆبەزل زانینی رژێم بەرانبەر هەموو کۆمەڵە رەگەزی و نەتەوەییەکان کە چالاکی سیاسیان زیادی کرد و داوای ئازادی زیاتر و وشەی (الامرکزیە) لەگەڵ زیادکردنی هەستی نەتەوەیی بەرە وپێشەوە دەچوو ئەمانەش هەموو رووبەڕووبوونەوەیێکی ترسناك بوو بۆ (اتحاد) یەکان و سەرچاوەی دڵەڕاوکێیەکی گەورەش بوو بۆ (الجون ترك) کە حکوومەتیان پێك دەهێنا ـ (جون ترك) دەترسان داوا کردنی (لامرکزیە) ت زووبێ یان درەنگ ببێتە هۆی داوا کردنی ئۆتۆنۆمی کە ئەمیش، ئەگەر سنوورێك بۆ ئەم داواکارییەی ـ لامەرکەزیە ـ تە دانەنرێ، درەنگ بێ یان زوو دەبێتە هۆی دەستێوەردانی دەرەکی. لەئەنجامی تاقیکردنەوە مێژووییەکان دەیانزانی هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی دەبێتە هۆی لەدەس چوونی زەویی ئیمپراتۆریەت، بەپێکەوە لکاندن بێ یان بەجیابوونەوە. ئەوەش لەدەس چوونی بولگاریا و بۆسنە و هرسك لەبەرچاوە، کە رووداوێکن لەبیر ناچن.

هەرکە (اتحاد) یەکان شۆڕشی دژیان لەناوبرد ئەوجا بڕیاریان دا بەرهەڵستی بەتەواوی لەناو ببەن جا لە لیبرالییەکانەوە بێت یان لەپارێزگارانەوە یان لەنەتەوەییەکانەوە، هەمووی وەکو یەك لەناو ببەن.



# فەسڵی سێیەم

شێخ سەعیدی بەرزنجی شێخی تەریقەتی قادری سۆفیگەری و سەرکردەی گیانی ـ روحی ـ کە هیچ کەس نەیدەتوانی شان لەشانی بدا لەناوچەکەدا و هاوڕێی سوڵتان عەبدولحەمیدیش بوو.

هەرکە زانی دەستوور زیندوو دەکرێتەوە و دەسەڵاتی سوڵتان سنووردار دەکرێ شۆڕشی دژی رژێمی تازە هەڵگیرساند. شێخ لەلای سوڵتان شوێنی خۆی هەبوو چونکە سوڵتان وای دەزانی کە کوڕە خۆشەویستەکەی بە هۆی دوعای شێخەوە چاك بووەوە. دەڵێن لەلایەن (الباب العالی)یەوە رێ پێدراو بوو کە بەهەوەسی خۆی رەفتار بکا و پارە کەڵەکە بکاو زەوی و زاری خەڵکی داگیر بکا لەسەر حیسابی خەڵکی سلێمانی هێز و توانای زۆر زیاتر و توند تر بوو کە لەگەڵ هەمەوەندەکاندا ژن و ژن خوازی کرد، هەمەوەندیش ئەو هۆزە ئازایە بوون کە ماوەیێك خەریکی تاڵان کردنی کاروان و هامشۆکەرانی نێوان سلێمانی و کەرکووك بوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرکردەکانیان لەدوور خراوەیی گەڕانەوە[(١)] لەترسی ئەوەی نەبادا (اتحاد)یەکان

(١) لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا بیرۆکەی دەرکردنی کورد و نیشتەجێ کردنیان لە دەروەی کوردستان هاتە کایەوە. سەرەتا هۆزی هەمەوەند هەڵبژێردرا و کەناری رۆژاوای تورکیا بەباشترین شوێن، دانرا بۆ نیشتەجێ کردنیان، بەڵام لەدواییدا بڕیار درا بگوازرێنەوە بۆ لیبیا. عوسمانییەکان بەم کارەیان دەیانویست شۆڕشەکانی کورد لەناو بەرن و رێگا لەو هەموو زەرەر و ماندووبوونەش بگرن کە بە هۆی ئەو شۆڕشانەوە روویان دەدا. ئەم هۆزە لە سەرەتای ئەو لیستەدا بوو کە ناوی هۆزەکانی تێدا بو بۆ دوورخستنەوە چونکە گەورەترین هۆزە کە لەدەوروبەری سلێمانی نیشتەجێ بوون. دەسەڵات ویستی شۆڕشەکانی ئەو هۆزە بەناردنی سوپای عوسمانی زۆر و گەورە لەناوبەرێ، کەچی زۆربەی کات تووشی شکست و تێکشکانی حەیابەرە دەبوو.

ئەم مەسەلانە بەدوور و درێژی لەکتێبەکەی (هنری فیلد) (باشووری کوردستان: لێکۆڵینەوەیێکی ئەنسرۆ بۆلوجی)دا باسکراوە. ئەم کتێبە دەزگای ئاراس وەرگێڕانە عەرەبییەکەی کە ئێمە کردبوومان چاپ کردووە (ل٥٢ ـ ٥٥). بەتایبەتی راپەڕینی گەورەی ساڵی ١٨٩٠ کە سوپای عوسمانی توانی لەناوی ببا. ئەم کتێبە باسی گەڕانەوەی ئەو جەنگاوەرانە دەکا کە بەزۆر لەدوور خراوەیی گەڕانەوە، بەڵام باسی دوورخستنەوەیان بۆ لیبیا و گەڕانەوەیان ناکا. ئەمەش بەڕاستی داستانێکی درامیە کە (خانەی دەسنووسە مێژووییەکان ـ دار المخطوطات التاریخیە ـ) لەتەرابولسی رۆژاوای پایتەختی ئێستای لیبیا، یارمەتی زۆری داین بۆ زانین و بەدوادا

چوونی ڕووداوەکانی. چونکە ئەو خانەیە دۆسییەکی تایبەتی تێدایە سەبارەت بەکوردە دوورخراوەکان کە قەواڵەی گەلێ گرنگی تێدایە و تیایدا باسی دەرکردنی هەمەوەند دەکەن بۆ لیبیا کە لەسەردەمی ولایەتی (أحمد راسم باشادا) بووە لەترابولسی ڕۆژاوا. ئەم والیە ماوەیێکی زۆر حوکمی لیبیای کرد (١٨٨٢ ـ ١٨٩٦). لەو بەڵگەنامەیە ئەوە دەردەکەوێ کە ئەو بۆ خۆی ئەو پێشنیارەی دابووە حکوومەتی ئەستەنبول کە ئامادەیە لە نێوان ١٠٠ ـ ٢٠٠ خێزانی کورد بگرێتە خۆی و جێیان بکاتەوە بەمەرجێ ئەستەنبول ئەوەی پێویستە لەخۆراک و تۆ و کە پێویستە بۆ کشتوکاڵ هیچ نەبێ لە ساڵی یەکەمدا بگرێتە ئەستۆ.

نووسەری کتێبی (پرۆژەی زایۆنی بۆ نیشتەجێ کردنی جولەکە لە لیبیا) خانەی عەرەبی بۆ کتێب ـ چاپی لیبیا ـ تونس ١٩٧٥، ل٢٥ لە دانانی ـ مصطفی عبدالله بعيو ـ): دەڵێ: بەمجۆرە بزووتنەوەی نیشتەجێ کردن شێوازی (نفی) کردنی وەرگرت. کوردەکانیش زۆر بەهێز و توانا و خۆشەویستی وڵاتەکەیان و سروشتە شاخاوییەکەی ناسراون، بۆیە ئەو هەوڵە دەست درێژی و زوڵمێکی زۆر گەورەی بوو کە لێیان کرا.

حکوومەتی عوسمانی ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر پێشنیارەکانی ـ أحمد راسم باشا ـ و ژمارەیێك لەخێزانە هەمەوەندییەکانی ڕەوانەی ـ طرابلس ـ کرد و لەناویاندا هەندێ سەرکردەی کورد هەبوون کەمەترسیان دروست دەکرد بەسەر دەوڵەتەوە، پێش ئەوەی بیان نێرێتە تەرابولس لەناوچەی ئەزمیر لەکەناری ئەنەدۆڵی ڕۆژاوا ئەم سەرکردانە دەس بەسەر بوون. کۆمەڵێکی دیکەی ڕەوانەی (بنغازی) کرد بۆ ئەوەی لەناوچەی (الجبل الاخضر) نیشتەجێ بکرێن. بەڵام ئەو کۆمەڵەی نێردرانە تەرابولس قبوولیان نەکرد حکوومەتی ویلایەت بەڵێنی دانێ کە هەرچییەکیان پێویستە لەتۆ و پارە بۆ دەست پێکردنی ژیانی نوێیان لەوەش بڕینەوەی یەك (قرش صاغ ترکی) بۆ هەریەکێ لەئەندامەکانی خێزانە دوورخراوەکە.

دوای ئەوەی پرۆژە کشتوکاڵییەکەیان قبووڵ نەکرد ـ احمد راسم باشا ـ هەوڵی چارەسەرێکی دیکەی دا. ئەوانەی ڕەبەنن خستنییە ناو هێزی نیزامی و هێزی دەریایی لە کەشتییەکانی عوسمانیدا کە لەبەندەرەکانی لیبیادا لەنگەریان خستبوو. هەندێکی دیکەیانی خستە ناو هێزی (الدرك) و ئاسایش. بەڵام ئەمانەیان قبوڵ نەکرد و سووربوون لەسەر داواکردنی گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان، ئەمەش وای لەوالی کرد کە نامەیێك بۆ حکوومەتەکەی بنووسێ و تیایدا سەرنەکەوتنی خۆی لە هەموو ئەو هەوڵانەی کەدای بۆ قەناعەت پێکردنی کۆچ پێکراوەکان تاکو ژیانی نوێ قبووڵ بکەن، دەرخستبوو، ئەمەشی بەوە پاساو دابووەوە کە ((ئەو کۆمەڵەی نێردراونەتە سێرت لەو جووتیارانە نین کە ژیانیان پشت بەکشتوکاڵ دەبەستێ، بەڵکو ئەمانە لەو هۆزانەن کە ڕەوەند بوون و هەمیشە لەکۆچ و باردا بوون لەگەڵ هەموو ئەو دیاردانە و هەڵسو کەوتە تایبەتەی ڕەواڵەتی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەوەندەکانن، کە هیچ کاتێ بەپارچەیێکی دیاری کراوی زەوییەوە خۆیان نەبەستووەتەوە)) ئەمانە وڵاتی ئەسڵی خۆیان لەبیر نەکرد و ئەوەندەش هۆگری بوون کەوای کرد لە هەندێ لە سەرکردەکانیان



کردەوەیێکی (گسك دان و پاك کردنەوە ـ کنس و تنظيف ـ) پیادە بکەن شێخ سەعید شۆڕشی دژی (دەستووری کافر) هەڵگیرساند، بەهاندان و پشتگیری هەمەوەندەکان کە لە دوو ساڵی ڕابوردوودا هەر خەرێکی دزی و تاڵانی بوون لەو ناوچانەدا، دەسەڵاتیش ئەو هێزە سەربازییەی نەبوو ڕووبەڕووی هەمەوەندەکان ببێتەوە، بۆیە پەنای بردە بەر شێوازی نەرم و نیان و قەناعەتی بەشێخ هێنا بچێتە موسڵ بۆ ووت و وێژ. لە ئازاری ١٩٠٩ دا خۆی و دوو کوڕ و هەندێ دەس و پێوەند هاتنە موسڵ و لەوێ بەپیلانێك کوژرا، پیلانی دەسەڵات بووبێ یان بەرێککەوت بووبێ، بووە هۆی هەڵگیرساندنی ڕق و تووڕەیی خەڵکی سلێمانی، ئەمەش وایکرد شێخ مەحموودی کوڕی کە ڕزگاری ببوو لە کوشتن، لەگەڵ هەمەوەندە هاوپەیمانەکانیدا دەست بداتە چەك و ناوچەکە تاماوەیێکی زۆر دووچاری پشێوی و کاری نائاسایی بوو، هەروەها یاخی بوونێکی چەکدارانەش لە باشووری ڕۆژاوای کوردستان ڕوویدا کە ئیبراهیم پاشای سەرۆکی یەکێتی هۆزەکانی (مللی) سەرکردایەتی کرد. ئەم سەرکردە عەشایریە پلەی (میری میرانی) هەبوو لە (الآلايات الحميدية) دا و دوای دەرکردنی سوڵتان بەهەزار و پێنج سەد چەکدارەوە

---

بەسەرکردایەتی محەممەد ئاغا سلێمان و ڕەشید فەتاح و عەبدولقادر حوسێن بەگ و حوسێن عەلی و مستەفا کامل حەسەن بەگ و کەریمی فەتاح ـ کە ڕۆڵێکی دیاری گێڕا لەڕووداوە توندەکانی کوردستانی عیراق وەك لەدواییدا باس دەکرێ ـ، ئەمانە ڕایان کرد و ڕێگەی ڕۆژهەڵاتیان گرتە بەر، بەڵام هێزەکانی وڵات گەیشتە سەریان و بووبەتەقە و پاشان گیران و چەکەکانیان لێ سەندن و سەرکردەیان (حسين بگ) کوژرا. لە ١٩/ ی ذی القعدەی ١٣١٠ ك لێکۆڵینەوە یان لەگەڵدا کرا، بەڵام والی هیچی بۆ نەکرا و نەیتوانی وایان لێ بکا لەناو کۆمەڵگەی نوێدا بتوێنەوە و بەو واقیعە ڕازی بن، بۆیە ناچار بوو لە ساڵی ١٨٩٣ نامەیێك بۆ دەسەڵات ڕەوانە بکا و تیایدا داوای بەردانیان بکا و ڕەزامەندی حکوومەتی وەرگرت و ئەمانەی گەڕاندەوە ئەزمیر و لەوێشەوە کردەوەی بەناوبانگی گەڕانەوە یان بۆ نیشتیمانی خۆیان کرد و هێنایە دی.

(بۆ ئەم کورتەیە پشتمان بە (١) فایلی کوردی ژمارە ٢٧١٩ ی خانەی دەسنوسە مێژووییەکان بەست لەتەرابولس، بەڵگەنامەی ٢٩/ ی تشرینی دووەمی ١٣٠٧ ك. حەسەن کاکە حوسێن حەیدەر (هەمەوەندی کۆچڕە و پێکراو) و کتێبی (أحمد صدقی الدجانی) بەناوی ـ لیبیا پێش داگیرکردنی بەریتانیا یان تەرابولسی ڕۆژاوا و دوا سەردەمی عوسمانیدا ١٨٨٢ ـ ١٩١١ ـ چاپخانەی ـ الفنية الحديثة ـ قاهیرە ١٩٧١، ل٦٠) لەداویشدا کتێبی ئەنتۆنی. ج.

کاشیا: لیبیا لەژێر داگیرکاریی دووەمی عوسمانیدا ١٨٩٥ ـ، ١٩١١ ل١٩٥.

Antony – J – Cachia: Libya u under The second Ottoman Occupation

هێرشی کردە سەر دیمەشق و بەناوی سوڵتانەوە داگیری کرد. بەڵام لەدواییدا ناچار کرا پاشە کشە بکا و بەپەلە بگەڕێتەوە بارەگای خۆی لە (ویران شهر)[٢].

ئەم شەڕ و شۆڕانە هیچیان ناوەڕۆکێکی نەتەوەییان نەبوو.

حوکمی (اتحاد)یەکان هەندێ لایەنی باشەشیان هەبوو، سەبارەت بەپەیوەندیە نەتەوەییەکان، لادێ ی کورد وەك لادێی ئەرمەنی هەستیان بەرادەیێکی زۆری ئاشتی و ئاسایش و کرانەوەی ئابووری کرد کەلەوە و پێش ئەو دوو نەتەوەیە بەخۆیانەوە نەدیبوو، هەروەها کەش و هەوای ئازادی ـ هەرچەندە رێژەیی ((نسبی))یش بوو ـ بووە هۆی لێك نزیکبوونەوەی رۆشنبیرانی هەردوو نەتەوەو لێدوان و قسەکردن سەبارەت بەبرایەتی و تەبایی و یەکێتی چارەنووس لە نێوانیاندا. ئەمەش سەرچاوەی نیگەرانیی (اتحاد)یەکان بوو چونکە ئەم ئاشتی و لێك نزیکبوونەوەی هەردوو نەتەوەی دراوسێ لای (اتحاد)یەکان هەرەشەی دروست دەکرد بۆ سنووری رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەت. ئەمەش شتێك نییە خەون و خەیاڵ بێ، بەڵکو بەڵگە و ئاماژە هەبوو کە ئەم مەترسییەی دروست دەکرد. بۆ نموونە شێخ عەبدولقادری نەهری لە پایزی ساڵی ١٩٠٩دا بەناوچەی شەمدینان گەڕا و لەگەڵ ئەوەی کە سەرۆکی ئەنجوومەنی دەوڵەت بوو، هەولێ دا کۆنگرەیێکی کوردی ـ ئەرمەنی ببەستێ وتارێکی تێدا خوێندەوە، کە تیایدا دڵسۆزی خۆی بۆ (اتحاد) یەکان و پابەندبوونی خۆی بە بنەماکانی ـ مبدأ ـ ئەوانەوە دووپات کردەوە، بەڵام ئەوەی نیگەرانی کردن ئەوەبوو کە لە باسکردنی پەیوەندیی نێوان ئەرمەن و گەلی کوردا گوتی ((دەبێ ئێمە وەك برا لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا بژین، دەبێ زەوییەکان ـ کە داوای دەکەن و هێشتا پێیان نەدراوەتەوە ـ بگەڕێنینەوە بۆیان. بەیەکەوە کار دەکەین بۆلێك گەیشتن و یەکێتی لەگەڵ برا عوسمانییەکانی دیکەمان...))

گوتیشیان کە چەند کۆبوونەوەیێکی تایبەتی لەگەڵ سەرکردە ناوخۆییەکان کردبوو.

هەرکە گەڕایەوە ئەستەنبول گرتیان.

لە پایزی ١٩١٠ دا (سید نورسی) بەدیاربەکردا تێپەڕی و لەگەڵ گەورە پیاوان و خوێندەوارانی شارەکەدا کۆبووەوە و قسەی لەگەڵدا کردن و وتاری بۆ خوێندنەوە و خۆیشی زۆر

(٢) (ابراهیم پاشا الملّی) لە ناوچەی ـ جبل عبدالعزیز ـ دا کاتێ لەگەڵ چەکدارانی عەشیرەتی جبور کە (جون ترك) ناردبوونی بۆ ئەوەی رێی لێبگرن دوای کشانەوەی لە دیمەشق، کوژرا.



لەوە پاراست کاتێ کە هانی کوردەکانی دا بۆ یەکێتی و لە گۆڕانی ناکۆکییەکان، کە تەئکیدی دڵسۆزی خۆی بۆ (اتحاد)یەکان دووپات بکاتەوە

(کوردستان هی کورد و ئەرمەنە و هی تورك نییە) یەکێتییش گرنگترین ئەرکی ئەم کاتەمانە و خۆشەویستی و یەك ویستی ئەسڵە و سروشتی گرێدراوی ئەو یەکیەتیەیە. دەکرێ ئەوانەی موسڵمان نین قەناعەت پێ بکەین کە یەکێتی ئێمە هێرشە بۆ سەر سێ نەخۆشی ـ نەزانی و هەژاری و لێك جیا بوونەوە ـ شقاق ـ.

چالاکی نەتەوەییە کوردەکان لەکوردستاندا رێڕەوێکی ـ جدی ـ ی گرتە بەر، لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی نەتەوەیی کە رۆژنامە و چاپەمەنی جگە لەدیدارە کەسییەکان ـ اللقاء ات الشخصیە ـ بەنهێنی بڵاویان دەکردەوە. هەروەها پروپاگەندە و دەنگوباسی نەتەوەیی و سیاسی ئامێز بووە تەوەری قسە و باسی مەجلیس و کۆبوونەوە تایبەتەکان و لە بابەتە هەرە دڵگیرەکانی ئەو مەجلیسانەبوو.

شتێکی ئاسان نەبوو تۆ لەناو گەلێکی نەخوێندەواردا بتوانی بیروبۆچوونی قەدەغە و نامۆ بچێنی. گەلێك کە لەپاڵ نەخوێندەواریدا جۆرەها پابەندبوون و خۆبەستنەوەی دژ و نادروست لەت و پەتی کردبوو. ئەو زەحمەتییەی دووچاری نەتەوەییە کوردەکان بوو شتێکی ئاسان نەبوو بەهیچ جۆرێ، جگە لەمەترسی گەورە کە ئەو بانگەشەیە دروستی دەکا.

لەو شتانەی هاوڕێی کۆچ کردومان (محمد صدیق الدملوجی) باسی دەکرد کە خۆی هاوچەرخی ئەو سەردەمە بوو تیایدا ژیا بوو، دەیگوت هەندێ لەوانەی چاپەمەنییە نهێنییەکانیان پێ دەگەیشت دەچوون دەیاندایە دەسەڵات هەر بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆیان بسەلمێنن یان لەترسانا و نەبادا یەکێك بچێ خەبەریان لێبدا. دەشی گوت ئەمە ئیشێکی ئاسایی و باو بوو، یان رەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ئەو کەسانە خۆویست بوون یان هەستی نەتەوەییان کز و لاواز بوو، گومانیشی تێدا نییە کە هەندێ لەمانە چالاکی بواری نەتەوەییان بەجۆرێك لەهاندان و خیانەت دەزانی دژی دەسەڵاتی شەرعی واتە خەلیفە یان سوڵتان و دەوڵەتی ئیسلامی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بیروباوەڕی نەتەوەیی شوێنی خۆی کردەوە و رێی گرتە بەر بەرە و تەکیە و خانەقای سۆفیەکان و لەوێش دۆست و پاڵپشتی بەهێزی لەناو شێخەکاندا دۆزیەوە. ئەمە گۆڕانکارییەکی مەزن بوو لە مێژووی هۆشیاری نەتەوەیی کوردیدا. ئەو گرنگی و مەزنیەش لەوەوە دێ کە ئەو بیرو بۆچوونانەی لەو خانەقا و تەکیانەوە بڵاو دەبێتەوە شێوەی وەسیەت و فەرمان وەردەگرێ و یەکسەر قبوڵ دەکرێ و پابەندی دەبن. ئەمە جگە لەوەی ئەو

قسانەی لەدەمی زانایان و پیاوانی بەڕێزی ئایینییەوە دەردەچێ ڕەواڵەتێکی زانستی و زانیاری هەیە کە بەهیچ جۆرێ ئەوانەی دەیلێن گومان لەڕەوشت و پایەیان ناکرێ. بێ لەمەش ئەو پاکژیە ـ عصمة ـ ڕێژەییەکە سروشتی ئایینی و شێخایەتی تەکیەکانە لەدەست تێوەردان و راوانی دەسەڵات دەیپارێزێ.

شێخەکان وەك چینێك بەشێکی گرنگی هەڵبژاردەی ـ نخبە ـ کوردین، زۆربەیان ـ وەك بینیمان ـ نەتەوەیی بوون و زۆریش نەتەوەی خۆیان خۆش دەویست بەپێچەوانەی گەورە پیاوان و کەسایەتییە دیارەکانی کوردە شارییەکان کە ببوون بەتورك. ئەمانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەبوو بەجەماوەری کوردەوە و بەبڕوا ـ عقیدە ـ و لێکۆڵینەوە لەڕێزی دەوڵەتی تەقلیدی ئیسلامیدان و دژی دەوڵەتی نوێی عەلمانین. ئەم دەوڵەتە عەلمانیەش حکومەتی (الجون ترك) بوو، بۆیە بڕوایان بەفەرمانڕەوا تازەکانی ئەستەنبول نەبوو، هەروەها لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدیش رقی ئەمانی ئەستوور تر کرد دژیان. ئەم سوڵتانە سۆزی هەبوو بۆ کورد و ئیسلام و لەدیدی ئەواندا خەلیفە و سوڵتانی نموونەیی بوو، بۆیە هەر لەسەرتاوە خۆیان خستە خەندەقی بەرهەڵستکارانی رژێمی نوێ لەڕووی سیاسی و ئایینیشەوە.

هەرچەندە زۆربەی شێخەکان سۆزداری مەسەلەی نەتەوەیی کوردی بوون، بەڵام ئامادەش نەبوون بەئاشکرا ئەمە دەربڕن نە بۆ خۆیان و نەلای ئەوانەش ئەو بانگەشەیە دەکەن، نەشیاندەوێرا راستیی هەستی خۆیان دەربڕن، بەپێچەوانەی ئەوانەی ئەوەندە بەهێز و توانای خۆیانەوە دەنازین کەبەئاشکرا پشتی نەتەوەییەکان بگرن و لەگەڵیاندا هەستی نەتەوەییی و داوای چاکسازی بڵاوبکەنەوە. لەپاڵ ئەمانەدا کۆمەڵێکی دیکە هەبوو ئەو هێز و پایەی لەخۆیدا نەدەدیت کە هەستی خۆی بەئاشکرا دەربڕێ، بەڵکو وای بەباش دەزانی ئاگای لە خۆی بێ و خۆی تووشی مەترسی نەکا، ئەمانە لەدڵەوە ئاواتیان دەخواست بزاڤی نەتەوەیی سەر بکەوێ.

باشترین نموونەش کە لێرەدا بیهێنینەوە سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی بیرڕای نەتەوەیی و دەسەڵاتی بەسەر بیروبۆچوونی سیاسی شێخەکاندا، ئەو بروسکەییەیە کە ژمارەییێك لەسەرکردە کوردەکان و شێخەکانی هەرێمی بادینان بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولسلام بارزانی و شێخ نور محەممەد بریفکانی دوای کودەتای ١٩٠٨ ناردیان بۆ ـ الباب العالی ـ و پەرلەمانی عوسمانی. ئەم بروسکەیە ئەوانەی ئیمزایان کردبوو لەدهۆکەوە ناردیان بۆ ئەستەنبول.

ئەم بروسکەیە بەڵگەی بڵاوبونەوەی بیری نەتەوەییە تا ئەوڕادەیەی بگاتە شێخێکی صۆفی لەناوچەیەکی شاخاوی ی سەخت و دوور لەمەڵبەندەکانی بڕیار دەرکردن یان بڕیاردان، پاشانیش کە بتوانێ بیست و شتێ لە سەرەك هۆز و ئاغاکانی ئەو ناوچەیە قەناعەت پێ بکا کە ئیمزای خۆیان بخەنە پاڵ ئیمزای ئەوان.



ئەو داواکاریانە لەحەوت خاڵداچڕکرابوونەوە:

یەکەمیان: زمانی کوردی ببێ بەزمانی ڕەسمی لەقەزاکانی زێبارو ئاکرێ و دهۆك و ئامێدی و زاخۆ.

دووەم: زمانی کوردی ببێ بەزمانی خوێندن لەپاڵ زمانی تورکیدا.

سێیەم: قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لەوفەرمانبەرانە هەڵبژێردرێن کە زمانی کوردی بەباشی دەزانن.

چوارەم: مادامەکی ئیسلام ئایینی دەوڵەتە دەبێ ئەو ((احکام)) انەی دەردەچن بەپێی ئوسوڵی شەرعی ئیسلام بن.

پێنجەم: بۆ پلەی قازی یان مفتی دەبێ لەسەرانسەری کوردستاندا لەوکەسانە دابمەزرێنرێن کەسەربەمەزهەبی ((شافعی)) ین چونکە زۆربەی کورد پەیڕەوی ئەم مەزهەبە دەکات.

شەشەم: باج بەپێی ((احکام)) ی شەریعەت وەردەگیرێ و ئەو باجانەی پێچەوانەی ((احکام)) ی شەرعن دەبێ نەمێنن.

حەوتەم: ئەوباجانەی بەرامبەر بەخشین لەکارکردن وەردەگیرێ دەمێنێ و کاری پێ دەکرێ بەمەرجێ تەرخان بکرێ بۆ ڕێ و بان چاك کردن لەنێوان ئەو پێنج قەزا کوردیەی ئاماژەی پێ کرا.

ئەوەی هێزی بڵاوبونەوەی بیری نەتەوەی لەناوچەیەکی فراوانی کوردستاندا دەسەلمێنێ و پشتگیری دەکا ئەوەبو کە ئەوکەسانەی یاداشتکەیان ئیمزاکردبوو چەند دانەیەکیان لێ ڕەوانەکرد بۆ هەریەك لەشێخ عبدولقادری نەهری و ئەمین عالی بەدرخان و جەنەراڵ شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای سلێمانی، ئەمانەش ئەندام بوون لەکۆمەڵەی ((تعالی و ترقی الکردیە)) کەدوای ڕاگەیاندنی دەستور پێکهێنرا. (٣)

(٣) دەمەلۆجی لەپەراوێزێکداباس دەکات شیخ عەبدولسەلام سوربولەسەرئەوەی هەریەك لەوزاتانە دانەیێك لەبروسکەکەیان بدرێتێ بەپێچەوانەی ڕای ئەوانەی ئیمزایان کردبوو کە دەیانویست بروسکەیەکی ڕەسمی بێ(بگەڕێرەوە بۆمیرنشینی بادینانی کوردی یان میرنشینی ئامێدی) چاپی دووەم هەولێر١٩٩٩ل٨٧



شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ناوەڕاستدا دانیشتووە

لەم بروسکەیەدا هیچی وای تیانەبوو کە بۆنی سەربەخۆی یان جیابەنەوە یان داواکردنی ئۆتۆنۆمی لێ بێ. بەڵام سوربونیان لەسەر لایەنی زمان لەو داواکاریانەدا، زمانیش بنەمای بنەڕەتی ی پێناسی نەتەوەیە، زەنگی مەترسی لە گوێ ی ((جون ترك)) دالێداو ئەم بروسکەیە وەك یاخیبوون لەقەڵەم درا کەدەبێ بەهێز پان بکرێتەوە و بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەمان لەشەڕەکەیاندا لەگەڵ حیزبی ((سوڵتان)) لە١٩٠٩سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

بەرزبونەوەی کەف و کوڵی نەتەوەیی و بێزاری ی کورد لەزەبروزەنگی (الجون ترك)، جێ ی بایەخپێدانی روسیای قەیسەری بوو کەدووژمنی هەمیشەی عوسمانیەکان بوون، سیاسەتمەدارە رووسەکان نەیاندەتوانی چاو لەوەبپۆشن، هەربۆیە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بایەخێکی زۆریان دەدا بەزیادبوونی بێزاری کورد لە سوڵتان، لێرەشەوە بیرۆکەی ڕاکێشانی کورد بەرەو خەندەقی روسی لەلایان چەکەرەی کرد و دەیانویست ئەم ڕاکێشانە لەڕێ ی وەدەس هێنانی متمانەو بڕوای کوردەوە بهێننە دی، کە تاڕادەیێك و بە پلەی جیاواز تیایدا سەرکەوتن.مس گیرترودبیل زۆر سەرکەوتوانە و بەووردی و بەکورتی وێنەی ئەم شێوازەی روسیا دەکێشێ و دەڵێ:



((ناتوانرێ بە ڕوونی هەڵوێستی هۆزە کوردیەکان پێش جەنگ و بەدرێژای سنوری تورکی روسی دیاری بکرێ، بەڵام دەکرێ بەگشتی بگوترێ کەرووسەکان زۆر دوودڵ بوون و گومانێکی جەوهەریان هەبوو سەبارەت بەهەڵوێستی خۆیان لەئەنجامی ڕاڕایی و دوودڵی کوردەکان لەمەڕ بەپیرەوەچوونی نزیك بوونەوە لێیان.خراپی حوکمی عوسمانی پاڵی بەکوردەکانەوە دەنا کەبەناچاری و بەپێچەوانەی ویستی خۆیان پاڵ بدەن بەڕوسیاوە. لەسەر ئەم بنەمایە چەند سەرکردەیێك لەناوچەی موسڵەوە وەك شێخی بارزان کەناچاربووپەنابباتە بەر ڕوسیا,دوای ئەوەی چەندین ساڵ بوئەو داواکاریەی ڕوسیای قبوڵ نەدەکرد. لەبەهاری١٩١٤وبڵاوبوەوە کە هەمەوەندو جاف و دزەیی، دوای ئەوەی لەو چاکسازیەی لە حکومەتی عوسمانیان دەویست بێ ئومێدبوون ئامادەیی خۆیان دەربڕی کەداوای یارمەتی لە ڕوسیابکەن.[٤]

(4) G.Bell:review of hie civil administration of Mesopotamia 1914-1920 london H.M.
Stabionary of 1920

باسکردنی ئیدارەی مەدەنی لەمیسۆپۆتامیا١٩١٤-١٩٢٠چاپی ڕەسمی.

دوکتۆر حەسەن جاف لە وتارێکیدا کە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی بڵاوکرایەوە باسی رۆڵی سەرکردەکانی هۆزی جافی کردووە(بەگزادە) وبەتایبەتی سەرکردەی گەورە(مەحمودپاشا) و کوڕەکانی لەبزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیدا لەسەرەتای سەدەیبیستەم. هەروەها پەیوەندی مەحمودپاشا بەکۆمەڵەی(الاتحادوالترقی) لەوکاتەدا کەلەئەستەمبوڵ بوو,بەتایبەتی پەیوەندی لەگەڵ شێخ عوبەیدولای‌نەهریدا.لەم بارەوە لەسەرزاری باوکیەوە کەریم بەگ دەگێڕێتەوەو دەنوسێ(مەحمودپاشا-دوای ئەوەی لەئەستەمبوڵ ڕایکرد-لەباکۆنامەیەکی بۆ قەیسەری ڕوس نوسی تیایدا داوای یارمەتی لێکردبوو تاکو شۆڕشێ لە عیراق هەڵگرسێنێ، بەڵام هیچ وەڵامێکی لێوە بۆنەهات. ئیترباکۆی بەجێهێشت و بەسواری پاپۆر چوو بۆ ئێران و لە (بندر انزلی) لەقەزوێن دابەزی و لەوێش فەتاح بەگی‌برای لەپێشوازیدابوو وگەڕایەوە ناوهۆزەکەی خۆی,ئەمە لەکاتێکدا سوڵتان عەبدول حەمید داوای لەوالی بەغداو والی موسڵ کردبوو کەبیگرن)) هەروەها نوسەر شتێکی دیکەی لەزاری ((پیرەمێرد)) ی شاعیرەوە دەگێڕێتەوە کەدەڵێ ((مەحمود پاشا بانگی‌کردمە ماڵی کوڕەکەی کەیخەسرەوبەگ کەخۆیشی لەوێ بووداوای لێکردم بەیانێك و دەستورێك بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەتێکی کوردی ئامادەبکەم)) بەڵام شاعیر ئەمەی‌نەکردوو بۆی‌ڕونکردەوە کەقەت سەرکردەکانی کورد یەکناگرن لەبەرئەوململانێیەیان لەسەردەسەڵات و سەرکردایەتی. هەروەها باسی‌ئەوەشی کردووە کەفەرمانی گرتنی مەحمودپاشا ناچاریکردبو کەپەنابباتە بەرچیای زمناکۆ لەبەرئەوەی هێزێك بەسەرکردایەتی (کەریم بەگ خانزادی‌جوانی) ی‌سلێمانی بەدوایەوەبوو بۆگرتنی.پاشان نوسەر باسی هەندێك ڕوداوی دیکەدەکا کەبەگزادەکانی جاف بەشداریان کردوە

ئامادەگی ڕووسیا لەم ماوەیەدا لەشۆڕشی شێخ عەبدوسەلامی بەرزانی و یاخی بوونی چەکدارانەی بەدلیس دا خۆی دەنوێنێ.

ڕەنگە شێخی بارزان (عەبدوسەلام) بەهێزترو بەتواناترین سەرکردەی کوردبێ کە حکومەتی عوسمانی لەماوەی نێوان (١٩٠٨-١٩١٤) دا ڕووبەڕوی بوبێتەوە.ناکۆکی نێوان شێخ و (الجون ترك) لوتکەی ناکۆکی بوو لە نێوان شێخەکانی بارزان و دەسەڵاتی عوسمانیدا ئەمەش لەوەوە دەستی پێکرد کەشێخەکانی بارزان سوربوون لەسەرئەوەی دەسەڵاتیان هەمووناوچەی بارزان-زێبار بگرێتەوە، لەو کاتەشدابوو کە حکومەتی عوسمانی توانیبوی هەموو (الایالات) - میرنشینە-کوردیە نیمچە سەربەخۆکان لەناوبەرێ وەك میرنشینی بابان لەسلێمانی و میرنشینی سۆران لە رواندز و میرنشینی ئامیدی لە بادینان.

شێخەکانی بارزان توانییان بەسەر دوژمنەکانیان و ئەوانەی چاوی تەماعیان تێ بڕیبون سەربکەون.

ئەم سەرکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆشەرکەرە ئازاکانیان (مرید) کە کوێرانە گوێ ڕایەڵی شێخەکانی بارزان بوون بەڕادەیێك دوژمنەکانیان کە زۆر ئەم دڵسۆزیەیان لا نەنگ بوو ناویان نابوون (دێوانە) کان.

نوسەران گەلێك هۆیان بۆ دەست نیشان کردووین سەبارەت بەهۆی ململانێ ی نێوان شێخ عەبدوسەلام و (الجون ترك). دەمەلۆجی دەیباتە سەر پیلان و دەسیسەو هاندانی ئاغاکانی زێبار. چونکە دوای ئەوەی لەمەیدانەکانی شەڕدا زۆربەخراپی تێکشکان، هانایان بردە بەر فیتنەیی و هاندانی حکومەتە ناوخۆیەکان و بەیارمەتی فەرماندە ئیدارییەکانی ناوچەکە کە لە ڕاپۆرتەکانیاندا بۆ سەروو خۆیان بارزانیەکانیان وەك یاخی ی و لەیاسا لادەر پیشان دەدا.هەندێ جاریش هۆی دیکەیان دەخستە پاڵ کە بریتی بوولەو قسەو قسەلۆکانەی دراوسێ دوژمنەکانیان دەیاندایە پاڵیان سەبارەت بە هەڵس و کەوتی نادروستی ئایینی بارزانیەکان. ناشتوانین لێرەدا هۆیەکی دیکە پشت گوێ بخەین کە ڕەنگە لەهەمووان کاریگەرتربوبێ، ئەویش ئەوەبوو کە هۆزەکە ئامادەنەبوون ئەوباجە زۆرو ناعادیلانە بدەن کەبەسەریاندا دەسەپێنرا، ئەمە جگە لە گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی کەلە بروسکەکەی دهۆکدا ڕەنگی داوەتەوە.

---

لەبزوتنەوەی هۆشیاری نەتەوەیدا، بەڵام ئێمە زۆرسودمان لێ نەدیت چونکەنەساڵەکانی تێدانوسراوەو نەڕوداوەکانیشی بەپێی کات و شوێن دەس نیشان کردوە.



((ویگرام)) هەوڵی بنەماڵە دیارەکان و خاوەن دەسەڵاتەکانی موسڵ بۆ هاندانی دەسەڵات لە ڕێ ی پیلان گێڕان و دەسیسە دژی کوردەکان,دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەمان خۆیان دەس بگرن بەسەر گوندەکانی کوردداو لەدەس خاوەنە شەرعیەکانیانی دەربهێنن.بەنمونەش (محمد پاشا الصابونچی) دەهێنێتەوە کە ئیشی بۆئەوە دەکرد فەرمانبەرەکانی دەوڵەت دەس بگرن بەسەر ژمارەیێك لە گوندەکانی بارزاندا و سووربونی شێخ عەبدوسەلامیش بۆ بەربەرەکانی کردنی ئەم هەوڵانە,هەر لەبەر ئەم هەڵوێستەشی بوو، کەبەوە تاوانباریان کرد کە شێخ پیلان دژی دەسەڵات دەگێڕێ، ئەمەش وایکرد هێزی چەکداری لەساڵی[5] ١٩٠٩ دایکەنەسەر مەعرووف جیاووك[6] ئەم ئیشە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەوڵی دەسەڵات تاکو سەر ژمێریەکی گشتی دانشتوان و مەڕومالات بکا لەناوچەی بارزان، بەڵام شێخ و خەڵکی بەتوندی دژی وەستان، ئەمەش وایکرد حکومەت هێزی چەکداری بکاتە سەر تاکو بەهێز ئەو کارەیان بەسەردا بسەپێنێن.

دەتوانم لێرەدا هۆیەکی دیکە بخەمە سەرهۆیەکانی ئەو ناکۆکی و دوژمنایەتیەی نێوان ئاغاکانی زێبار و شێخەکانی بارزان، کە پاڵی پێوەدەنان پیلان بگێڕن و دژایەتیان بکەن دوای ئەوەی لە مەیدانی جەنگدا سەر کەوتنیان بەدەس نەهێنا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی هەمیشە بارزان و تەکیەی شێخەکانی پەناگەو دالدەی جوتیار و هۆزەکانی زێباربوون کە ئاغاکانیان زوڵمیان لێدەکردن و دەیانچەوساندنەوە، ئیتر لەوێ لەسایەی شێخەکانی بارزاندا هەڵس و کەوتی باشیان لەگەڵدا دەکراو دەپارێزران، ئاغاکانی زێبار وای بۆچوبون,کەبەڕاستیش هەروابوو، شێخەکانی بارزان بەم هەڵویستەیان هۆزەکەیان لێ تێکدەدەن و بەرەکە لەژێر پێیان دەردێنن.

(فریق محمد فاضل پاشا الداغستانی) کە فەرماندەی هێزە سەربازیەکانی ولایەتی موسڵ بوو هەروەها بریکاری (والی) یش بوو,فەرمانێکی دەرکرد بۆ شێخ عەبدوسەلام کەبچێتە لای و وەڵامی ئەو تۆمەتانە بداتەوە کەدراونەتە پاڵی، بەڵام شێخ بەمەهانەی (ئیش و کاری تایبەت)ەوە نەچوو بۆ موسڵ. ئیتر فەریق بەسەرکردایەتی هێزێك کەلە شەش هەزار سەربازی

---

(٥) بگەڕێرەوەبۆ وەرگێڕانی ئێمە بۆکتێبی((مهد البشریە-لانکەی مرۆڤایەتی:ژیان لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا-چاپی٣هەولێر ساڵی٢٠٠٠

(٦) (کارەساتیبارزانیزوڵم لێکراو) چاپی بەغدا١٩٥٤ ل٥٥و دای ئەو.

نیزامی و غەیرە نیزامی (باش بزق) کە جاشیشی تێدابوو هێرشی کردەسەروشەڕو پێکدادانی توند لەنێوانیاندا ڕویدا و شێخ توانی زیانێکی زۆر بەو هێزە بگەیێنیٚ بەڵام لەدوایدا ژمارەزۆری ئەوان شەڕەکەی بەشێخ دۆڕاندو گوندی بارزان داگیرکراو تەکیەکە وێران کرا و فەقیٚ عەبدولڕەحمان فەرماندەی هێزەکانی بارزان کوژرا و شێخ عەبدوسەلامیش رایکردو هەموو ئەندامانی خێزانەکەی گیران و بۆخۆیشی پەنای بردە بەر چیاکانی هەکاری و لەناو هۆزی تەیاریی ئاشوریدا خۆی شاردەوە.

(نازم پاشا) والی ی نویٚ ی بەغدا کرا بەوالی ی موسڵ بەوەکالەت، ئەمیش یەکێك بوو لەو فەرمانبەرە ئیدارییە تورکانەی کە زیرەك بوو حەزیشی بە دادپەروەری دەکرد بۆیە پەیڕەوی سیاسەتێکی نویٚ ی کرد کە پێش خۆی هیچ والیەك وای نەکردبوو.

سیاسەتی نازم پاشا بریتی بوو لە هەوڵی رازیکردن و هەڵس و کەوتی نەرم و دادپەروەرانە.بە ماوەیەکی کورت بۆی دەرکەوت ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ شێخی بەرزان زۆر بیٚ مانان بۆیە یەکسەر ئەو تۆمەتانەی لەسەر لابردو داوایکرد بگەڕێتەوە تەکیەکەی و ئەو زەرەرو زیانەی لە ئەنجامی هێرشەکە بەرخۆی و هۆزەکەی کەوتووە,بۆ ببژێردریٚ.پێدەچیٚ (عقید صفوت بگ) سۆزی زۆری هەبو بۆشێخ و هۆیەکانی هێرش کردنە سەری دەزانی، بۆیە ڕۆڵێکی گرنگی لەم ئاشتبونەوەیەدا گێڕا. هەروەها لەلایەن (فریق اسعدباشا الدرزی) کە فەرماندەی فەیلەقی دوانزەبوو بۆماوەیەکی کورتیش بەوەکالەت والی موسڵ بو,ئەمیش سۆزی بۆ شێخ هەبوو و لەو تۆمەتانەی بۆی هەڵدەبەسترا گەیشتبو بۆیە داوایکرد کەمەدالیای مەجیدی لەپلەی سیٚ (الوسام المجیدی من الدرجە الثالثة) بە شێخ بدریٚ.

بەڵام پیٚ دەچێت ئەمە وەك ئاشتبونەوەیەکی کورت خایەن بووبیٚ، چونکە هەردوای چەندمانگیٚ دوای ئەوەی هەکاری ی جێهێشت و هاتەگوندی (مام شڤان) لەناوچەی مزوری ژیری نیشتەجیٚ بوو، نازم پاشا بانگ کرایە ئەستەمبول و دووبارە محمد فازل پاشا کرایەوە بەوەکیلی والی و ناردی بەدوای شێخدا کە بێت بۆ گوندی بارزان.کە شێخیش پیٚ ی گووت گوندەکە وێرانەو ماڵەکەی خۆیشی بەتەواوی لەئەنجامی هێرشی سەربازی کاول و وێران بووە و زۆر زەحمەتە بتوانیٚ لەو وێرانەیەدا بژی، داغستانی بەهێرشێکی دیکە وەڵامی دایەوە و لەدەربەندی (باب شڤان) هێزەکانی شێخ هێرشەکەیان تێك شکاند و دوو (فەوج) یشیان بەدیل گرت جگە لەزەرەرو زیانێکی زۆریش کە فەوجەکانی دیکە توشی بوون.شێخ سەبازەکانی بەرەڵلاکرد و نامەیێکی بۆدەسەڵات نارد تیایدا دڵسۆزی خۆی دەربڕیبو و هەموو ئەو تۆمەتانەی درابونە پاڵی بەدرۆ



خستەوە و تکاشی کردبو کە داغستانی لابریٚ. حکومەتی (اتحادیە) کانیش بەهەوڵ و کۆششی عەقید سەفوەت بەگ ناچاربوو داغستانی لاببات و هەموو ئەو تۆمەتانەی درابونە پاڵ شێخ لەسەری لا ببا. هەرکەداغستانی گەڕایەوە بەغدا شێخ یەکسەرچووە بارزان و دەستی کردبە بنیات نانەوەی تەکیەکەو خانوەکە خۆیشی هەروەها قوتابخانەیێکیشی بۆ منداڵان دروست کرد و لەموسڵیشەوە بەدەنگ داواکاریەکەیەوە چوون و بەپەلە مامۆستایان بۆقوتابخانەکە رەوانەکرد.

لەماوەی دووساڵی دوای ئەو رووداوانە (١٩٠٩-١٩١٩) پەیوەندی شێخ لەگەڵ حکومەت و دەوروبەرو دراوسیٚ زۆرباش بوو و سەردانی موسڵیشی کرد و لەگەڵ والی کۆبوەوەو هاوکاری دەسەڵاتی کردبۆپاراستنی ئاسایشی ناوچەکە و جڵەوگرتنی هەندێك هۆزی کورد کەدژی حکومەت وەستابوون و ئاسایشی ئەوناوەیان تێکدابو بەهێرش کردنەسەرگوندەکان بەمەبەست تاڵانی و ڕاوڕوت.

بەڵام ئەوەی ئەستەنبوڵی نیگەران کردبو پەیوەندی توندی شێخ بوو لەگەڵ ئەو کوردانەی بانگەشەی چاکسازی دەکەن بەتایبەتی پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ شێخ سەیدتەهای شەمدینان(٧)، کەجم و جۆڵ و چالاکیەکانی (اتحاد) یەکانی زۆرترساندبو. ئەم شێخە نەقشبەندیە دوای ئەوەی سەردانی ڕوسیای کرد لە گوندی (ڕاژان) لە کوردستانی فارسیدا نیشتەجیٚ بو، ئەم گوندەش لەو کاتەدا دەکەوتە ئەو ناوچانەی ڕووسەکان داگیریان کردبوو، ئیتر خۆی خستبوە بەر پارێزگاری ڕوسەکان. بۆیە هیچ سەیر نیە ئەگەر (اتحاد) یەکان بە گومانێکی زۆرەوە بڕواننە ئەم پەیوەندیە توند و بەهێزەی هەردوو شێخ، هەروەها فەرمانیش لە ئەستنبولەوە دەربچیٚ بۆ چاودێری کردنی چالاکی هەردوکیان زۆر بە وردی. دەبیٚ ئەوەش بڵێین کە هەندیٚ لەو نامانەی بۆ یەکتریان دەنوسی کەوتبوە دەست دەسەڵات و بەگوێرەی (اتحاد) یەکان مۆرکی (خیانەتیان) لی دەخوێنرایەوە لە یەکیٚ لەو نامانەدا شێخ عەبدولسەلام هانی برادەرەکەی دەدا کە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ڕوسەکان پەرە پیٚ بدا و باشتری بکا و دەست بەرداری نەبیٚ. لەو نامەیەدا شێخ دەڵیٚ ((تورك جیٚ ی باوەڕ نین، بۆیە هەر ئەو ڕۆژە دیٚ کە کورد پێویستی بە پاڵپشیتکی بەهێز بیٚ، سەرچاوەی ئەم پاڵپشتەش بێگومان ڕوسن)) (٨)

(٧) سەبارەت بە پەیوەندیی روحی و مێژوویی کە ئەم دوو بنەماڵە نەقشبەندیە بەیەکوە دەبەستیٚ بڕوانە کتێبەکەمان (دوو توێژینەوە لە پەراوێزی شۆڕش شێخ عوبەیدوڵلای نەهری) چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠١.

(٨) ئەم باسە لە زۆر سەرچاوەدا هەیە و دیومە، بەڵام من زۆر قەرزاری وتارێکم کە توێژەر و ڕۆژهەڵات ناس بازل نیکیتین لە ژمارە (٢٣٠) ساڵی ١٩٢٥ (لاپەڕە-١٥٤- و دوای ئەویش) ی گۆڤاریٚ بە ناونیشانی

عەقید سەفوەت بەگ کە پاڵپشتی بەهێزی شێخ بو کوردیش بوو و هەستی نەتەوەیشی هەبوو، بۆیە پێشتر ئاگاداری کردبوەوە لەغەدری تورکان، بەڵکو ئامۆژگاریشی کردبوو کە بەدەنگ بانگکردنیەوە نەچێ کە یەکەمجار بانگیان کرد بۆ موسڵ. بەڵکو لەوەش زیاتر هانی دا هەمان ڕێڕەوی سەید تاهای شەمدینان و میر عەبدولرەزاق بەدرخان[9] بگرێتە بەر و پەنا بباتە بەر ڕوسیا. لەوەش دەچێ کە دەسەڵات لەم پەیوەندیە کەوتبوە گومانەوە کە بەو جۆرە و بە توندی لەنێوان ئەم ئەفسەرە و شێخ عەبدولسەلامدا هەیە، ڕەنگە ئەویش بۆ خۆی هەستی بەو گومان و نیاز خراپیە کردبێ بۆیە یەکسەر سنوری بەزاند و پەنای بردە بەر ڕوس. دوای ماوەییێکی کورد (اتحاد) یەکان هەستیان بەو بارە کرد و زانیان کە کاتی ئەوە هاتوە ئەو بارودۆخە زۆر بە توندی و بێ دواکەوتن چارەسەربکەن. بۆ ئەم مەبەستەش (اتحاد) ێکی توندڕەویان هەڵبژارد کە والی ی نوێ (سلێمان نظیف بگ) بوو[10]. ئەویش هەر کە گەیشتە شوێنی خۆی ناردی یە دوای شێخ

---

Li Asia  Racontes Par Enxmeme Francaise Les Kurdesبلاوی کردبوەوە.

(٩) ئەمە کوڕی (محمد نجیب پاشا بدرخان) و کوڕەزای بەدرخانی گەورەبوو.ئەم لەئەستەمبوڵ کاتێ کە عەلی شامل پاشای مامی بەوە تاوانبارکرا کەلەساڵی١٩٠٦ دەستی هەبووە لەکوشتنی (رضوان پاشا) سەرۆکی شارەوانی(اسکودار)،بۆیە لەگەڵ مامی دورخرایەوە بۆتەرابلوسی ڕۆژئاوا.

(١٠) ژیانی ئەم ئیداریە عوسمانییە کۆمەڵێك لەڕەفتاری دژ و گۆڕانی ناکاوە کە هیچ شتێ بەیەکیانەوە نابەستێ جگە لە تەبیعەتی ڕارای ئەم کابرایەکە پاڵی پێوەدەنێ خراپترین کاربکا و توندوتیژترین رەفتار پیادەبکا و هەندێ جاریش شتی زۆرچاك و بەکەڵك. ناوی ئەسڵی وندکارە و(سلێمان نظیف) نازناوێك بووپاشان بۆخۆی هەڵبژاردو ناوەکوردیەکەی خۆی فڕێدا، ئەم کابرایە کوردەو لەباوك و دایکێکیکوردەو لە خەڵکی دیاربەکرەو هەرلەوێش لەدایك بوە(دوایخانەنشین کردنی لەئەزمیر ژیا). ساڵی ١٨٦٨ لەدایك بوو و کوڕی گەورەی ئیداریەکی پلە بەرزی حکومەتی عوسمانی بوکەناوی سەیدپاشابوو ویەکێك بوولەوالیەکانی عوسمانی.لەگەنجیدا رویکردە نوسین و شعر پاشان چووە پاڵ چاکساز خوازە دەستوریەکان و بووبەئەندامێکی دڵسۆزی کۆمەڵەی(الاتحادالترقی) ینهێنی.پاشان ناچاربوو فەرمانێکی ئیداری باش بەجێ بهێڵێ و ڕابکاتە ئەوروپا و چووە ناو بزاڤی دژایەتی کردنی سوڵتان، دوای کودەتا گەڕایەوەو لە تشرینی دووەمی١٩١٣داکرا بەوالی موصل و ساڵ و مانگێك لەوپۆستەدا مایەوە پاشان گوازرایەوە بۆبەغدا.لەموصڵ ئەوتاوانە بێزراوەیکردوو دژایەتی یاسایکرد وەك باسمان کرد.

ئەم کابرایە بەوتوندڕەویە بۆ(اتحاد) یەکان و دژایەتی کردنی نەتەوەکەی خۆی نمونەی کەسایەتیەکی ڕێزپەڕ -شاذ- کە ئەنجامی توندڕەویە بۆ بیرۆکەیەك لەم نمونانەش ئێمە کەلەسەرەتای دروست بوونی ژیانی کۆمەڵگەی عیراقیدا ژیاین,شتی سەیرمان بینی کەمایەی تێڕامان و بێزهاتن بو وەك ئەوانەی کە ئێمە دەماننناسین لەهیتلەر نازیتربوون هەروەهابەم

عەبدولسەلامدا کە بێتە موسڵ. کە شێخیش ڕازی نەبو بچێ والی بڕیاری دا کە شێخ سەرپێچی کردوە و یاسای بەزاندوە بۆیە هێزێکی ڕەوانەی بەرزان کرد لەگەڵ هەزاران جاشدا. شەڕ و شۆڕ مانگێکی خایاند کە زۆ ر توند و تیژ بو گەلێکیشی تێدا کوژرا لە هەردوو لا. لە کۆتاییدا شێخ تێکشکاو ڕایکردە ورمێ پاشانیش پەیوەندیی لەگەڵ ڕوسدا بەست. (سلێمان نظیف) جاسوس و هەواڵدزی زۆر بۆ تەرخان کرد بۆ گرتنی و پاداشیشی دانابوو بۆ کوشتنی.

---

دوایەش لەناو کورددا خەڵکیوامان بینی کەلەعەفلەق دڵسۆزتربوون بۆ بەعس. ئەو دژایەتیەی ئاماژەم بۆکرد لەوەو دێ کەئەمانە ژمارەیان زۆرکەمە لەناوشاعیرە تورکەباشەکان و نوسەرەناسراوەکانیزمانی تورکی.

ئەم کابرایە قەت نەزانراوەبایەخی بەوەدابێ بەزمانی کوردی شتێ بنوسێ و بڕواش ناکەم بەزمانی دایکیشی قسەیکردبێ کەکوردیە.نوسەری عیراقی(میربصری) لە کتێبی (اعلام الکرد) باسی کردوە (لاپەڕە ٦٦-٦٩ لەندەن ١٩٩١) و ناوی هەندێ کتێب و نوسینی کردوە لە بواری مێژوو و ئەدەب و شیعردا. لەوانە کتێبێك دەربارەی شاعیری تورکی و نوسەری بەناوبانگ (نامق کمال) و دەربارەی شاعیر (فضولی) و کتێبی (فراق عراق) و کتێبی (چالنمش اولکە) — دەربارەی ئەو زەویانەی سوڵتان عەبدولحەمید دەستی بەسەریاندا گرتبوو — هەورەها کتێبی (ناصر الدین شاە و البابیە) و کتێبی (المدافع والنار) جگە لە چەند وتاریش. لەو شتانەی کە بەتەواوی دژی ئەوەن کە لەسەرەوە باسمان کردن، ئەوەیە کە (میر بصری) لەزاری ئەو عیراقیانەوە نوسیویەتی کە هاوچەرخی بوون و پەیوەندیان لەگەڵیدا هەبووە، کە ئەم کابرایە لەپڕ بووە بە دژی (اتحاد) یەکان و دوژمنایەتیانی کرد و دژی توندڕەوی نەتەوەیی کە تۆرانیەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد تاوانباری کردن کە دژی برایەتی تورك و عەرەب بوون و داوایان دەکرد وشە عەرەبیەکان لەزمانی تورکی دەرهاوێژن. (محمود صبحی الدفتري) کە لە وەزیرەکانی سەردەمی پاشایەتی بوو لە عیراقدا و برادەری (سلیمان نظیف) یش بوو دەیگێڕایەوە کە ئەم برادەرەی لە ڕۆژنامەکانی ئەستەنبولدا وتاری دەنوسی بۆ بەرگری کردن لە عەرەب.

لەهەموو شتێ زیاتر کە سەرنجی ڕاکێشام لە سروشتی جیوەیی و وەرگەرانی لەناکاو و پەلەی ئەم پیاوە ئەوەبوو کە لە پڕ دەستی کرد بە بانگەشە کردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان وەك لە بڕگەییێکەوە دەردەکەوێ دەربارەی ژیانی کە مامۆستا (بصری) لە کتێبی (غوستاف گوتیرو) بەناوی (فرەنسا لەسوریا وکیلیکا) کە لەساڵی ١٩٢٠ دا چاپکراوە، وەری گرتوە. لەوێدا دەڵێ (دوای تێکشکانی تورکیا لە جەنگی یەکەمدا و داگیرکردنی هەرێمی کیلیکا و (ادنە) کە بنکەی کیلیکا بوو لەلایەن هێزەکانی فرەنسا و بەریتانیاوە لە کۆتایی ١٩١٨، تورکەکان کەوتنە چالاکی و سەرکردە کوردەکانیان لەناوچەی ماردین و دیار بکەر هان دەددا کە داوای سەربەخۆیی کوردستان بکەن. (سلیمان نظیف بگ) لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانەوە بوو کە هەوڵیان بۆ ئەوە دەدا و لەگەڵ (عبد اللە جودت) و کەسانی دیکەش.





وندکار کە بە (سلێمان نظیف) ناسراوە

لەسەرەتای ساڵی ١٩١٤ لە کاتێکدا کە شێخ بەناوچەی نزیك سنوری تورکیا و فارسدا دەسوڕایەوە و دەیوست لەگەڵ (سمکو ئاغا) ی سەرۆکی عەبدوی لە هۆزی شکاك کۆ بێتەوە، لەلایەن کۆمەڵێ چەتەی سەر بەم هۆزە گیرا و ڕەوانە کرا بۆ لای والی ی (وان) بەو ئومێدەی پاداش بکرێن.

پاشان لە ژێر چاودێرییەکی توندا ڕەوانەی موسڵ کرا و لەوێش درایە دادگایێکی (عرفی) سەربازی و پاشان لەگەڵ هاوەڵەکانی بەفەرمانی والی و بێ ئەوەی ئەو حوکمە لە لایەن ئەستەنبولەوە(١١) ((تصدیق)) کرابێ وەك پێویست

---

(١١) لەهەموو ئەو سەرچاوانەی بەردەستم کەتون و باسی گرتنی شێخ عەبدولسەلامیان کردوە، هەموویان وەك کارێکی تاکەکەسی باسی دەکەن کە لە لایەن کۆمەڵە کەسێکەوە لە هۆزی شکاك کراوە، ئەو کۆمەڵەی خیانەتی لە داب و نەریتی میوانداری کردوە بە تەماعی ئەو پاداشەی حکومەتی عوسمانی وەك نرخێك دایناوبو بۆ گرتن و تەسلیم کردنەوەی بێ ئەوەی هیچ بایەخێك بە پێشینەی سیاسی ئەم مەسەلەیە بدرێ و بیکا بە پیلانێك و لە مۆرکی تاکە کەسی دەربکا کە تەنها بۆ تەماعی پارەکە بووە. من لە لای خۆمەوە گومانم لەم لێکدانەوەیە هەبوو کە لێکدانەوەیێکی ڕووکەشە، بە بۆچوونی من و تێروانینی وێنەی ڕاستەقینەی بارە سیاسیە گشتیەکە، کە لەو سەردەمەدا باو بوو، بەتایبەتی وەرچەرخانی شێخ عەبدولسەلام و ئەوانی دیکەش لە چاکسازی خوازەکانی کورد بەرەو لای ڕوس، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە دەسەڵاتی عوسمانی بێ ئومێد بوون. پاشان ململانێ ی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بۆ ڕاکێشانی کوردەکان هەریەکە و بەلای خۆیدا و بەتایبەتی بادانەوی ئیسماعیل (سمکۆ) ی شکاك بەرەو لای ئۆردوگای تورکی وپەیوەندی پچڕاندنی لەگەڵ ڕوسیادا تاڕادەی هێرش کردنە سەر ئەو کەسانەی لایەنگری ڕوسن، لێرەوە من مەیلم بۆ لای ئەوە ئەچو کە دەشێ سمکۆ دەستی هەبێ لە گرتنی شێخ عەبدولسەلامدا، سەرەڕای هەوڵی زۆر لە نوسەرانی کورد بۆ ئەوەی دووری بخەنەوە لە وکارەی چەند کەسێکی ناسراوی هۆزەکەی کردیان کە مل کەچی ئەون یان هەر هیچ نەبێ زۆر لێی دەترسان و لە سزادانی توندی تۆقیبون ئەگەر کارێك بکەن ئەو نەیەوێ یان ڕازی نەبێ بیکەن، پاشان هیچ ناچێتە عەقڵەوە ئەم کەسانە ئەو (تاڵانیە) بەنرخەی خۆیان بە درێژایی دوو سەد کیلۆ مەتر بگەیێننە (وان) و دیلەکەیان تەسلیم بکەن و پاداشەکە وەربگرن بێ ئەوەی ئەم هەواڵە نەگەیشتبێتە سەرۆکی هۆز سمکۆ، ئەگەر واشمان دانا کە ئاگای لێ نەبوە، بێگومان گرتنی ئەم

بو بکرێ، لە سێدارە درا. پاشان والی کەوتە وێزەی ئەو شێخانەی دیکە کە داواکاریەکە یان ئیمزا کردبوو ئەوەبوو شێخ نور محەمەد بریفکانی یان گرت و لە بەندیخانەی موسڵیان قایم کرد کە پاشان هەر لەوێ مرد. لەوەش دەچێ وەك (الدملوجی) دەڵێ هەمان چارەنوس چاوەڕێ ی شێخ بەهائەددین نەقشبەندی ی بارمەنی ی دەکرد بەڵام (سلیمان نظیف) ئامۆژگاری کرا کە ئەوە نەکا و ئەویش وازی لێ هێنا. لەساڵی ١٩١٣ شۆڕشێکی گەورە لە بەتلیس هەڵگیرسا کە ژمارەیێك لە پیاوە ئایینیەکانی کورد سەرکردایەتیان دەکرد و توێژەری تورك (یلماز أمین أحمد) بەمجۆرە باسی دەکا ((شۆڕشی بەتلیس لە لایەن کونسولی ڕوسیاوە لەو شارە، ڕێك خرابوو، دوای ئەویش قەسابخانەی ئەرمەنیەکانی بەدوادا هات، مەبەستیش ئەوە بوو کە هۆی دەستێوەردانی ڕوسیا دروست بکرێ، بەڵام بەرێکەوت ئەم هەوڵە سەری نەگرت[١٢].

ئەم نوسەرە زۆر لە ڕاستیەوە دوورە، چونکە ئەوەی ڕوویدا بە تەواوی پێچەوانەی ئەمە بو.

دەڵێین مەلا سەلیم کە بەچالاکی ئایینی ناسرابوو و لە نێوان شێخەکانی ناوچەی (خیزان) وەك عەلی ئاغا و شەهابەددین چالاکیی دەنواند بۆ ئەوەی دژی (اتحاد) یەکان ڕاپەڕن.

---

نێچیرە بەنرخە پلەو پایەی ئەو لای تورکەکان بەرز دەکاتەوە کە تازە هاوپەیمانی ی لەگەڵیاندا بەستبوو. بەم بۆنەیەوە دەمەوێ لێرە دەقی پەراوێزی لاپەڕە ٤٣٢ ی وەرگێڕانی عەرەبی ی کتێبەکەی لازاریف(مەسەلەی کورد) بنوسم:

((ڕاپۆرتی مینۆرسکی لە ٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩١٤: (ناصر الدولە کارکواز) واتە لێپرسراوی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە تەبریز، گوتی تورکەکان دەیانەوێ عەبدولسەلام قەناعەت پێ بکەن ببێتە لایەنگری ئەوان و سەرکردایەتی ی هێرشێ بکا بۆ سەر ورمێ. بە گوێرەی هەواڵەکانی (نیکیتین) تورکەکان لە زوەکەوە خۆیان مەلاس داوە دژی شێخ عەبدولسەلام بارزانی، بەڵام شێخ (سید) تاها ئامۆژگاریی بارزانی کردووە کە خۆی بشارێتەوە، بەڵام ئەو گوێ ی پێ نەداوە. نیکیتین دەنوسێ: شێخی بێ ئومێد عەبدولسەلام لە پیلانی سیاسی نەدەگەیشت، ئەو پیاوە کوردێکی سادەبوو، بۆیە ڕۆژگاری کورت بوو. بارزانی دەستی بە ووت و وێژ کرد لەگەڵ سمکۆ، ئەویش گرتی و تەسلیم بە تورکەکانی کرد و نرخی خیانەتەکەی لە والی ی (وان) جەودەت پاشا وەرگرت و عەبدولسەلام بەدەس بەسەری ڕەوانەی موسڵ کرا و لەوێش خۆی و چوار کەسی کە لەگەڵیدا بوون لە سێدارە دران)

ئێمە گومانمان لەدەس پاکی ی وەرگێڕهەیە هەرچەندە وەرگێران لە ڕوسیەوە زەحمەتە، بەڵام ئێمە نازانین ئایا لەگوێ نەدان (إهمال) ەوە بووە کە وەرگێڕ سەرچاوەکانی نوسەری باس نەکردوە، نەك هەر لێرە بەڵکو لە هەموو کتێبەکەدا، یانیش کتێبەکە خۆی سەرچاوەی تێدا نە نوسراوە. چونکە ئەم گێرانەوەیە دراوە پاڵ دوو زانای ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ کە بە وردی و بابەتی ی ناسراون، لەو دەستەواژەیەش وا تێدەگەین کە سمکۆ دەستی هەبوە لە گرتنی بارزانیدا و وەك شتێکی بەڵگە نەویستیش باسکراوە.

(١٢) Yelmaz Amin Ahmad: Turkey in the world war

تورکیا لە جەنگی جیهانیدا – چاپخانەی زانکۆی بێل وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ١١٩٣٠ ل ١٦١



(خیزان) بنکەی تۆڕێکی تەریقەتی سۆفیگەری بوو کە پەل و پۆی زۆر بڵاو ببوەوە و گەیشتبوە بەدرخانەکان لە بۆتان لە لایێك و بەرهەڵستکارانی کورد لە ئەستەنبول لە لایێکی دیکەوە. هەروەها ئەم تۆڕەی مەلا سەلیم پەیوەندیی لەگەڵ ڕوسەکاندا هەبوو کە پێشتر هاتبوونە ناو سنوری ئێران و هێزەکانی خۆیان لە نزیك سنوری تورکیا بڵاوکردبوەوە و هانی ئەو کەسانەشیان دەدا کە داوای لامەرکەزیەتیان دەکرد لەو ناوچانەدا. مەلا سەلیم سەرکردایەتی هێرشێکی عەشایری کوردیی کرد و سەرەتاش هەندێ سەرکەوتنی بەدەس هێناو دەڵێن گەیشتە دەوروبەری بەتلیس. بەڵام دەسەڵات هێزێکی گەورەی دژی کۆ کردەوە و توانی ی شۆڕشەکە لەناوبەرێ و سەرکردەکەشی (مەلا سەلیم) ناچار بو پەنا بباتە بەر کۆنسولگەریی ڕوسی لە شارەکەدا و دوو ساڵی تێدا مایەوە، تا تورکیا چووە شەڕەوە دژی هاوپەیمانان و هەر لەگەڵ دەس پێکردنی شەڕیش تورکەکان چوونە ناو کونسولگەریەکەوە و مەلا سەلیمیان گرت و بەئاشکرا و لەبەرچاوی خەڵك لە سێدارەیان دا. لەساڵی ١٩١٢ کە بیرۆکەی لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی بۆ کورد هاتە کایەوە، ئەمە شتێك نەبو نامۆ بێ و هەروەها دەستەواژەی (حوکمی زاتی) یش ئەمانە هیچیان تازە نەبون و تازەش دورست نەکرابون، چونکە کورد لە نیشتمان پەروەرە ئەرمەن و عەرەبەکان ئەمانەی بیستبو، پێش ئەوەی کوردەکان خۆیان بانگەشەی بۆ بکەن. ئێمەش ئاگاداری ئەوەین و بە بڕوای تەواوەوە دەڵێین، کە ئەو کەسانەی ئەم بانگەوازە یان دەدا بە گوێ ی خەڵکیدا و لەسەر و هەموشیانەوە بنەماڵەی بەدرخانیەکان، هەر لە کۆتایی ساڵی ١٩١١ ەوە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی و بانگەشە بۆ کردنی لە بۆتان، هەروەها پەیوەندیشیان دەکرد بەو عەشایرانەی کە داخ لەدڵن لە (اتحاد) یەکان.

بانگەشەکەیان ناوچەیێکی فراوانی گرتەوە کە لە بۆتانەوە تا سنوری فارسی دەگرتەوە لە ڕۆژهەڵات و لە باشوریشەوە دەگەیشتە بادینان و سۆران، بەتایبەتی سلێمانی.

لەمانگی ئابی ١٩١٠ عەبدولرەزاق بەدرخان کوڕی محەمەد نەجیب بەدرخان لەدوور خراوەیی (لە پاریس) گەڕایەوە و چووە تەبریز بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕوسەکان پەیوەندی بکاو باسی دامەزراندنی حوکمێکی زاتی ی کوردی بکا لە ژێر چاودێری و پارێزگاری ڕوسەکاندا.

لە کانونی یەکەمی ساڵی دواتر (١٩١١) دیسانەوە سنوری بزاندەوە و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەوەی گوایا حکومەتێکی ئەرمەنی لە ئەنەدۆڵدا دروست دەبێ و دەشیگوت ڕوسیا دەتوانێ لە ژێر پارێزگاریی خۆیدا جۆرە ڕژێمێکی سیاسی بۆ کورد دەستەبەربکا، هەروەها گوتیشیان کە پەیوەندیی کردوە بە سمکۆی شکاك کە لەوکاتەدا لە تورکەکان

هەڵگەڕابوەوە و پەیوەندیی لەگەڵ ڕوسەکاندا دروست کرد بوو. (اتحاد) یەکان دڵنیا بوون لەوەی کە ڕوسەکان نیازیان وا یە دەوڵەتێکی کوردی دروست بکەن هەردوو ئیمپراتۆریەت لێك جیا بکاتەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو ژمارە زۆرەی، کە هەر لە زیاد بووندا، لە کوردەکان کە لەگەڵ بانگەوازی ڕوسەکاندا هاوئاهەنگ بوون سەید تاهای نەهری کە دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٩١١ شێخایەتی ی گرتبوە دەست، چوە پاڵ عەبدولڕەزاق بەدرخان و کامل بەگی مامی، لە دوایشیدا ڕوسەکان عەبدولرەزاق بەگ و کامل بەگیان بەکارهێنا وەك دواتر لە ساڵی ١٩١٣ دا باسی دەکەین کوردەکان دەیانتوانی کۆمەڵێکی بەشان و شەوکەت لە نەتەوەییەکان پێشکەش بکەن لە گۆڕەپانی سیاسی تێکچڕژاودا وەك حوسێن بەدرخان و عەبدولرەزاقی ئامۆزای و کامل بەگی مامی و شێخ عەبدولسەلام بەرزانی و شێخ عەبدولقادری نەهری و سەید شێخ تاهای نەهری و ژمارە یێك لە سەرکردەکانی یەزیدیەکان و مارشەمعون بنیامین (هاوپەیمانی) زۆر گرنگ.

حکومەتی (اتحاد) وای بەباش زانی بگەڕێتەوە بۆ ڕژێمی ئاغایەتی کە سەلماندیان دەتوانن دوژمنێکی سەرسەخت بن لە بەربەرەکانی کردنی هۆشیاری نەتەوەیی و بانگەشەی لامەرکەزی کوردی دا، ئیتر بڕیاریان دا تەشکیلاتی حەمیدیەی نیمچە سەربازی زیندوو بکەنەوە کە شۆڕشی دەستوریی کاتی خۆی هەڵیوەشاندبوەوە. لەساڵی ١٩١٠ والی ی (وان) شێخ محەمەد سادق نەهری ی ڕەوانەی ئێران کرد بۆ ئەوەی سەرکردەکانی سیستەمی (الالایات الحمیدیە) کە ڕایانکردبوە ئێران قەناعەت پیێ بکا بگەڕێنەوە. پاشان بڕیارێکی دەرکرد سیستەمی (الالایات) ی گەڕاندەوە بەڵام بەناوێکی تازەوە (الالایات الخفیفە) ی سوارەی هۆزەکان. ئەوەبو سەرەتا هەوڵی ئەوە درابوو دەسەڵاتی ئاغاکان تێکبشکێنرێ کەچی ئێستا سیاسەتێك کە بەتەواوی پێچەوانەی ئەوە پەیڕەو دەکرێ و هەوڵ دەدرێ سەرکردە کوردەکان بە درێژایی سنووری ڕۆژهەلات بەهێز بکرێن. چەند ئاغاییێکیشیان خستە ناو لیژنەکانی لقەکانی کۆمەڵەی (الاتحاد والترقی) لەشار و لادێدا.

هەروەها سیاسەتی نوێ هەوڵی ئەوەشی دا کە داب و نەریتە ئاینیەکان زیندوو بکاتەوە و گیانی ئیسلام گەرایی بەهێز بکا بەمجۆرە ڕێگە لە هەوڵی نەتەوەیە کوردەکان دەگیرێ کە دەیانویست جۆرێك لە نزیك بوونەوە و برایەتی و زەمینەی کاری هاوبەش لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا پەیڕەوبکەن. لەم ڕووەوە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و وتارنوسین لە ڕۆژنامەکاندا سەبارەت نیاز خراپی ی ڕوس کە دەیانەوێ پشتی ئەرمەنیەکان بگرن لەسەر حیسابی کورد. هەر



لە مانگی تشرینی یەکەمی (١٩١٠) ەوە (اتحاد) یەکان دەستیان کرد بە ناردنی نوێنەری خۆیان لە ئەستەنبولەوە بۆ ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات تاکو سەرکردە کوردەکان دژی ئەرمەنیەکان بوروژێنن. لە کۆتایی هەمان ساڵێشدا هەموو پشکنەرە (اتحاد) یەکان –المفتشین الاتحادیین- کە ئەندام بوون لە کۆمەڵەی یەکێتی ئیسلامی-جبهە الوحدە الاسلامیە — بەناو هۆزەکاندا دەسوڕانەوە و سەرکردەکانیان هان دەدا کە پێویستە خۆ ئامادە بکەن بۆ جەنگی ڕوس.

دوای کودەتای عوسمانی بەماوەیێکی کەم پلانی میر (باسکیڤتش) سەبارەت بەو سیاسەتەی دەبێ ڕوسیا لەبارەی کوردەوە پیادەی بکا ئاشکرا کرا (باسکیڤتش) یەکەم فەرمانبەری بەرپرسی ڕوس بوو کە هەستی بە گرنگی ستراتیجی مەزنی نیشتمانی کوردی کرد لە ساڵی ١٨٢٨ بۆ ڕوسەکان، زۆریش گرنگی بەوەدا بوو کە پەیوەندیەکی باش لەگەڵ کوردەکاندا دروست بکرێ لە بواری نەخشەی سەربازی حکومەتەکەی بۆ گرتنی ئەنەدۆڵ، بۆ ئەمەش سێ مەرجی دانابوو لەوانە گەیشتن بە لێك تێگەیشتنێك لەگەڵ هۆزە کوردەکان لە بانی ئەرمینیا و دۆڵی سەروی فورات(١٣) یەك سەدە بەسەر ئەم پلانەدا تێپەڕی و لەبیر چوەوە بەهۆی ئەو هەموو جەنگەی لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتدا قەوما هەروەها بەهۆی دەستێوەردانی ئەڵمانیا و ئینگلتەرە و فەرەنسا لەو جەنگانەدا، جگە لەوەی ڕوسیا سەرقاڵی بایەخدان بوو بە چارەنوسی ئەرمەنیەکان لە تورکیادا. بەڵام کودەتای ١٩٠٨و ئەو ڕووداوانەی کە دوا بەدوای ئەو کودەتایەدا هاتن، بەتایبەتی گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی کوردی. هەموو ئەمانە وایان کرد کە چاوێك بە پلانەکەی (باسکیڤتش) دا بخشێنرێتەوە و زۆر بە دیقەتیش یان لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین تۆز یان لێ تەکاند تا وای لێهات وەك بڵێیت ڕوسەکان سیاسەتێکی بوێرانەتر لەم بوارەدا پەیڕەو دەکەن بەڵام بە ئاماجێکی دوو لایەنە، یەکەم ڕاکێشانی کورد بەلای خۆیاندا پاشان ئاڕاستەیان بکەن دژی حکومەتەکانیان تورك لە پێشدا و لەدوایشدا فارس. بۆ هێنانە دی ی ئەمەش پارە و چەکیان بەکار هێنا لەگەڵ بەڵێن و پەیمانی نانەوەی ئاژاوە و ڕاپەڕین. ئەوەبوو پارەیان دا بە (سمکۆ ئاغا) تاکو هێرش بکاتە سەر زەوی ی تورکیا و ڕاوروت بکا و ڕێگە ببڕێ و دێهات و کێڵگە تێك بدا و مولکەکانی سەرسنور وێران بکا، جگە لەمەش هاندانی ڕاپەڕینی بەتلیس وەك پێشتر باس

---

(١٣) W.E.D. Allen and Paul Murat off:Caucasian Battle field: A History of the war on the turco caucasian borders 1828-1921>
کمبردج. چاپخانەی زانکۆی کمبردج ١٩٥٣ ل٣٢ (دوو مەرجەکەی دیکە لەو نەخشەیەدا (١) مسۆگەر کردنی ناردنی سەرباز بۆ بەرەی ئەنەدۆڵ (٢) مسۆگەرکردنی ئاشتیەکی ڕەها و توند لەگەڵ وڵاتی فارسدا.

کرا[١٤]. گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی کوردی هەلێکی باشی بۆ ڕوسەکان ڕەخساند تاکو بیقۆزنەوە بۆ چالاکیی سیاسی خۆیان لەنێو کورددا و هەرواشیان کرد و زۆر زیرەکانە کەڵکیان لێ وەرگرت. (ڕائد-مێجەر-) نوئیل دەڵێ (ڕوسەکان بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردیان بە شێوەیێکی فراوان هان دا و ئەوانەی ڕاو دەنران یان پەنا بەرە نەتەوەییەکان بێ دوو دڵی پەنایان دەبردە بەر ڕوسیا و داوای یارمەتییان دەکرد. ئەم بزاڤە نەتەوەییە کوردیە هەلێکی باشی ڕەخساند بۆ ژمارەییێکی زۆر لەسەرکردە کوردەکان تاکو چالاکیی بنوێنن و پشتگیری ڕوسەکان بکەن، ئەم کارەش کە پێش بیست ساڵ یان سی ساڵ بەخیانەت دەژمێردرا ئێستا لەبەر چاوی زۆر لە کوردەکان بۆ بە نموونەی پاڵەوانیەتی و میر خاسی[١٥].

دوای ئەوەی ڕوسەکان ئازربایجانی فارسی یان داگیر کرد ئیتر ڕێگە خۆش بوو بۆ پەیوەندی کردنی کوردەکان لەگەڵ ڕوسیادا کە لە تورکیاوە بە دزیەوە دەهاتن و ئەم پەیوەندیەش لە مەڵبەندە کوردیەکانی وەك ورمێ و ماکۆ و خوی و سابڵاخ دەکرا. و هەر لە ساڵی ١٩١٠ ەشەوە ژمارەی ئەو سەرکردە کوردانەی سنوریان دەبەزاند بۆ ئەوەی هاوکاریی ڕوسەکان بکەن، زیادی کرد لۆنگریك باسی ساداتی نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و بەگزادەی جاف دەکا ئەمە و جگە لە ((مطران) و سەرکردە ئاشوریەکان (مالك)، و دەڵێ ئەمانە تەنها کەس نەبوون کە دەچوونە لای ڕوسەکان و پەیوەندیان لەگەڵدا دەبەستن[١٦] ڕوسەکان مەبەستیان چی

(١٤) لە وتارێك لە نوسینی پرایس price بەناونیشانی (روسیا و کورد) russia and the kurd کە لە گۆڤاری مانچستەر گاردیاندا ژمارە (١١) لە ١٤ ئەیلول ١٩٥٠ دا بڵاو کرایەوە.

(15) Edward william charles Noel: notes on the kurdish situation

ادوارد ویلیام چارلس نوئیل (سەرنج دەربارەی هەڵوێستی کورد) ل ١١.

(16) Stephen. H. Longrigg: Iraq (1955-1950) Apolitical social and Economic History

چاپی لەندەن ١٩٦٨ ل ٦٧ (عراق لە ١٩٠٠ بۆ ١٩٥٠ مێژوویێکی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابوری). ئەم دەستەواژەیەم لە وەرگێڕانەکەی (سلیم طه التکریتی) دا نەدیت، کە کتێبەکەی بەدو بەرگ وەرگێڕابوو و لە بەغدا ساڵی ١٩٨٨ چاپی کرد. ئەمەش خوی ئەو پیاوە بوو وەك بۆم دەرکەوت. زاتی ئەوەی کرد بوو کە بەشێکی زۆری چەند فەسڵێك لەو کتێبە لا ببا لەبەرئەوەی لەگەڵ میزاجی نەتەوەیی عەرەبیدا ناگونجێ، وەك پێشەکی ی ئەو باسەی لە کتێبەکەدا هاتووە سەبارەت بە کێشەی ئاشوریەکان و قەسابخانەکەی ١٩٣٣، هەروەها بڕگەی دیکەش کە بەدڵی نەبوە یان ترساوە کێشەی بۆ دروست بکا. ئەم وەرگێڕە لە زۆربەی ئەو کتێبانەی وەریگێڕاون زۆر بە خراپ کارەکەی کردوە چونکە نە لە عەرەبیدا باش بوو نە ئینگلیزیەکی باشیشی دەزانی کە بتوانێ باش تەرجومە بکا بۆیە کەوتوەتە هەڵەی واوە کە مایەی پێکەنینە.



بوو؟ چیان لەم بادانەوە لەناکاوە سیاسیە دەویست؟ هیچ سەرچاوەییێك نیە ئەمەمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

بازل نیکیتین وتارێکی لە ڕۆژنامەی مانچستەر گاردیاندا نوسی کە لە ژمارەی ڕۆژی ٢١ / ئەیلولی ١٩٥٠دا بڵاو بوەوە و دەڵێ: لەساڵی ١٩٠٩ دا عەبدولرەزاق بەدرخان هاتە (بطر سبرغ) ی پایتەختی ڕوسیا و پرۆژەیەکی دەربارەی کوردستانی سەربەخۆ پێ بوو، بەڵام حکوومەتی ڕوسیا ڕەزامەندی لەسر پڕۆژەکە دەرنەبڕی و بەتەواویش — وەك ئەوسا گوتی — حکومەتی ڕوسیا نەبەتەمابوو نەنیازی هەبوو قەوارەییێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێنێ، هەر بۆ ئەوەی پیشانی بدا کە وڵاتەکەی ئەم مەسەلەیەی لا مەبست و گرنگ نەبوە دەڵێ سوپای ڕوسیا کە لە قەفقاس بوو لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا هیچ نەخشەییێکی وردی کوردستانی لانەبوو، هەروەها کەسێکیشیان تێدا نەبوو کوردی بزانێ.

پاشان دەڵێ ئەو بەو سیفەتەی لەکاتی جەنگدا کونسولی روسیا بووە لە ورمێ هیچ ڕێنماییەکی دەربارەی چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ کوردەکاندا بەدەست نەگەیشتوە. پاشان بەمجۆرە کۆتایی بەقسەکانی دێنێ: ((من وای بۆ دەچم کە بە پێچەوانەی مەسەلەی ئەرمەنیەکان و نەستوریەکان (ئاشوری) یش تا ڕادەییێك نە وەزارەتی دەرەوەی ئێمە و نەجێگری قەیسەریش لە تەفلیس هیچ سیاسەتێکی کوردی دیاریکراو یان نەبوو بەڵام مێجەر نوئێل بە پێچەوانەی ئەو، بۆ چونێکی دیکەی هەیە، مێجەر نوئێل ئەفسەرێکی بەتوانای هەواڵگری — استخبارات-ی بەریتانی بوو و یەکێك بوو لە شارەزا هەرە دیارەکانی کاروباری کوردی و هەروەها زۆر بە وردیش ئاگای لە چالاکی روسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو بەدوایدا دەچوو. لە ڕاپۆرتێکی ڕەسمیدا کە مێژووی مانگی تەمموزی ١٩١٩ی بەسەرەوەیە دەنوسێ و دەڵێ گوایا چەند بەڵگەنامەی ڕەسمی ی ڕوسی ی لە تەفلیس دەس کەوتوە کە لەکاتی جەنگدا دەرچوون ڕوناکاییەکی سەیر دەخەنە سەر لایەنێکی دیاریکراو لەلایەنەکانی سیاسەتی روس لە کوردستاندا و دەڵێ: لەو بەڵگەنامانەی دەستم کەوتون کەهی فەرماندەیی ئەرکانی گشتی یە لە

هاوڕێم تکریتی کە بەیەکەوە خوێندومانە هیچ بایەخێکی بە دەس پاکی و ئەمینی نەداوە لەوەرگێڕاندا، ئەمەش بۆ ڕاگرتنی هەست و دڵی لایەنە سیاسی و نەتەوەییە عیراقیەکان بوو، بۆ ئەوەی بە خراپ بۆی لێك نەدەنەوە، چونکە ئەو خۆی لە چەپەکان بوو پێشتر بەڵام ئەوەی زۆر بەلامەوە خراپ بوو ئەو تەعلیق و پەراوێزە بێ مانایانە بوو کە بۆ خوێنەران دەینوسێ و خۆی وا پیشان دەدا گوایا بیروڕای جیاوازی هەیە کە لەبیرو ڕای دانەری ئەسڵیی کتێبەکە جیای دەکاتەوە بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە لەوانەیە گومانی تێدا بێ و دژی خۆی بوەستێتەوە. تازە مردوە و خوای لێ خۆش بێت.

تەفلیس (تبلیس) لە ساڵی ١٩١٧، بۆم دەرکەوت کە روسەکان دانیان بەوەدا ناوە کە کوردەکانیان وەك هۆیەکی پارسەنگ راگرتن —موازنە-لەگەڵ ئەرمەنەکاندا بەکارهێناوە و لە نیەتیشیاندا نەبوە بوارێکی ئازاد برەخسێنن بۆ ئەرمەنیەکان کە داوای زەویەك بکەن زۆربەی دانیشتوانی کوردن.

نوئێل بڕوای وابوو کە ڕوسەکان دوبارە بایەخ دانی خۆیان بە کوردستان زیندوو دەکەنەوە، تەنانەت هانی حکومەتەکەی خۆی دا کە ئەو هەلە بقۆزێتەوە و هەوڵ بدا جێ پێ یەك بۆ بەریتانیا لەو ناوچانەدا بدۆزێتەوە ((بەهۆی ئەو پەیوەندیە توند و تۆڵەی لەنێوان میزۆپۆتۆمیا و کوردستاندا هەیە، هەروەها ئەو ژمارە زۆرەی کوردیش کە هاتنە ناو ئیدارەی میزۆپۆتیمیای ئێمەوە. زۆر بەگرنگی دەزانم کە کوردستان لە روس دوور بخەینەوە و هاوبەشی بکەین لە دیاری کردنی بواری چالاکی یان لەو شوێنەدا[١٧]

---

(17) Noel: On Special duky in kurdistan from june 4th to september 21st.1919 .
بەسرە. چاپخانەی حکومەت ١٩٢٠ ل ١١

مامۆستا دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە کتێبە باشەکەیدا کە بەڕاستی کتێبێکی چاکە ((کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا)) (وەرگێڕانی عەرەبی. بەغدا ١٩٧٧ ل (٤١-٦٧) بە درێژی باسی بایەخ پێدانی روسەکان دەکا بە نوسەر و توێژەر و گەشتیار و ڕۆژهەڵاتناس و مەڵبەندەکانی دەسەڵاتیش هەندێ جار، و ژمارەیێکی زۆریش سەرچاوە و بەرهەمی قەڵەم دەهێنێتەوە کە کتێبخانەی روسی ی پێ دەوڵەمەند بوە لەو کاتەوە کە قەیسەرەکانی ڕوسیا چاویان بڕیبوە باشوری کیشوەری ئاسیا، لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە و بەرو ژوور. نووسەر پاشان کۆتایی بە قسەکانی دێنێ سەبارەت بەم بابەتە و ڕاکانیشی لە هینەکانی نیکیتین دەچێ: ئەمەش دەقی قسەکانیەتی ((بەمجۆرە دەبینین کە روسیا سەرەرای ئەوەی چاوی بڕیبوە کوردستان و سامانەکەی وەك دەوڵەتەگەورەکانی دیکە — سامانی نەوت لەو کاتەدا جێ ی باس نەبوو — بەڵام هێڵێکی سیاسی روونی سەبارەت بە کوردستان نەبوو، زۆر جار سیاسەتی روسیا بەگوێرەی پێویستەکانی کات و شوێن دەگۆڕا. کونسوڵی روس لە ورمێ لەیەکێ لە بەڵگەنامە نهێنیەکانیدا دانی بەوەدا ناوە کە ڕووسەکان کە تەماشای مەسەلی کورد و دوارۆژی کوردستانیان دەکرد، بەپلەی یەکەم لە گۆشە نیگای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەرمەنیەوە بووە. ئەمەش هۆیەکی سەرەکی ی دوور کەوتنەوەی کوردەکان بو بەوانەشەوە کە لەسەر سنوور دەژیان لە روسیا کە بە روونی دیار بوو دوو سیاسەتی جیاوازی پیادە دەکرد سەبارەت بە کورد و ئەرمەن. قەتیش یارمەتیەکی تەواو و باشی کوردیان نەدەدا لە هیچ مەسەلەیەکی گرنگدا وەك ئەوەی بەردەوام یارمەتی ئاشوری و ئەرمەنیان دەدا، بەتایبەتی ئەرمەنیەکان کە لەکاتی پێویستدا چەکیان دەدانێ.)) لە نوسراوێکی ڕەسمیدا میر شاخوفسکی لەم بارەوە دەنوسێ ((هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی بزاڤە سەربازیەکان (لە جەنگی جیهانیدا) ئێمە پشتمان بە ئەرمەن بەستبوو.. ئەوەبوو فیرقەیێکی ئەمەرنی ی دروست کرا، کەچی هیچ جۆرە بایەخێك بە کورد نەدرا)) تێ بینی: کەوانەکان ئێمە دامانناون.٠



# فەسڵی چوارەم

(اتحاد) یەکان قوماریان بە چارەنوسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە کرد، کاتێ کەبوونە لایەنگری وڵاتانی ناوەند —دول الوسط- و کوردستانیش بە هەردوو بەشی عوسمانی و فارسی بو بە مەیدانی شەڕ و پێکدادان لە نێوان سوپای روسیا و عوسمانیەکان لە ماوەی سێ ساڵ و شەش مانگی یەکەمی جەنگدا، پاشان بەریتانیا لە دوا ساڵی جەنگدا هاتە ناو گۆڕەپانی کوردیەوە کاتێ کە هێزەکانی بەرەو باکور کشا تاکو هەرێمی باشوری کوردستان لە باکوری بەغدا داگیر بکاو لە ڕووی سەربازیەوە لە هەرێمی کوردیدا و بەدرێژایی سنوری فارسی لە ڕۆژهەڵات بەرەو خانەقین و کرماشان بوونی سەربازیی هەبێ هەرێمی کوردی لە باکوری بەغدا بەشێك بوو لەو یەکە ئیداریە کە ویلایەتی موسڵی پێ دەگوترا و ئەو ئازار و ناخۆشیەی کوردەکانیش چەشتیان لە باسکردن نایێ.

کوردستانی باکور بە درێژایی سنووری هەردوو ئیمپراتۆریەتی روس و عوسمانی دەکشێ و ڕێگەی پێکگەیشتنیشە بۆ سوپای هەردوو دەوڵەت، بۆیە لە قۆناغەکانی سەرەتای جەنگدا بووە مەیدانی شەڕ نەك بە تەنها لە نێو سنوری ڕوسیادا، بەڵکو گۆڕەپانی شەڕ فراوان بوو و هەر لە (سری کمیش)ەوە لە باکور تاکو خانەقین لە باشور، لەدەوروبەری (موکری) یشەوە لە ڕۆژهەڵاتی —أرضروم- تا ئەرزنجان لە ڕۆژاوا.

چەند بەشێکی ئەو ناوچە فراوانە ئەم دەس و ئەو دەسی دەکرد بە گوێرەی ڕێرەوی شەڕ لەملا بۆ ئەولا و بۆ چەند جارێکیش. لەوەش دەچێ هەر دوو لایەنی شەڕکەر دەستیان لە هیچ تاوان و خراپەیێك نەدەپاراست بۆیە بەکاری دڕندانە و نامرۆڤانە ئەو ناوچانەیان کردبوو بە مەڵبەندی ترس و تۆقاندن ئەمەش شتێك نیە سەیر بێ بەهۆی ئەو رك و کینەیەی لەنێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا هەبوو، ئەوەی ئاگری رك و کینەی خۆشترکرد و خراپە و دڕندەیی زیاتر کرد ئەوەبوو کە سوڵتان بانگەشەی جیهادی دا. لە هەموان داخ لەدڵتر ئەرمەن و ئاشوریەکان بوون کە ڕوسەکان وەك هێزی —احتیاط- بەکاریان دەهێنان جگە لەمەش بۆ سزادانی خەڵکی ناو شارەکان یان شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردەکان کە داگیرکرابوون، ئەم رکەش هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ قەسابخانەی ئەرمەنیەکان کە (اتحاد) یەکان بە زۆر و بە هەڕەشە و بە مەبەستی ئەوەی دەستیان بە خوێنی کەسانی بێ تاوانی بەستەزمان سوور ببێ. ئەوەیان پێ کردن. شەڕ بەشی خۆی بەزیادەوە لە هێزی مرۆیی کورد خوارد. ئاسانیش نیە ژمارەی کوردە شەڕکەرەکان کە لە سوپای عوسمانی دا شەڕیان دەکرد بزانرێ یان بخەملێنرێ لێرەدا پەنا دەبەینە بەر بۆچونی مێژونوس و سەربازێکی کورد کە جێ ی بڕوایە، لەبەرئەوەی کە لە هەیئەی ئەرکانی سەرکرادیەتی عوسمانیدا بوو بۆیە زۆر باش ئاگادارە لە ((ملاك)

اتی سوپاکانی عوسمانی، هەروەها بە حوکمی پلە بەرزەکەشیەوە. محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ ((کوردەکان زۆربەی سوپای یازدەیان پێك دەهێنا کە بارەگاکەی لە (معمورە العزیز) بوو هەروەها سوپای دوازدە کە بارەگاکەی لە موسڵ بوو، جگە لە سەدو سی و پێنج بلوك (کتیبە) ی سوارە وەك یەکەی —احتیاط- واتە چوار فیرقە و لیوابێك. جگە لە هەندێ یەکەی پارێزگاری سنوور و تەواوی —الایات- فەوجەکانی جەندرمە و پیاوانی ئاسایش. بێ لە هەموو ئەمانەش کوردەکان زۆربەی ئەفسەران و سەربازی سوپای نۆیان پێکدەهێنا کە بارەگاکەی لە —أرضروم- بوو، هەروەها سوپای دەش کە لە سیواس بوو. بێ لەمانەش دەبایە گەلی کورد ئازوقەی ئەم سوپایانەش دابین بکا.

لەبەرئەوەی شەڕ ماوەییەکی زۆری خایاند دەبایە ئەم گەلی کوردە ئەم گشتە کارەسات و نەگبەتیە —تحمل- بکا و بۆ چەند جارێکیش، چونکە چەندین جار داوای لێکراوە کەمیی ئەم سوپایانە تەواو بکا لە ڕووی سەربازەوە، هەروەها لە ڕوی ئازوقەشەوە[1] ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی هۆزەکانی کورد چون بەدەنگ بانگەوازی جیهادەوە و خۆیان فڕێ دایە مەیدانەکانی جەنگ بۆ بەرگری کردن لە ئاینی پیرۆز وەك ئەوانەی لە ژێر فەرماندەیی شێخ مەحمود و هێزەکانی جافدا لە شەڕی (شعیبە) دا بەشداریان کرد لە خواروی عیراق. هەروەها هێزی عەشایرە کوردەکانیش دژی پێشڕەوی کردنی روس لە تورکیا و باکوری ڕۆژئاوای ئێران بەکارهێنرا.

---

(١) کورتەی مێژوی کورد و کوردستان لە کۆنترین چەرخەوە تا ئێستا بەرگی یەکەم ل ١٧٩ چاپی دووەم ١٩٩١- بەڵام شاعیری سلێمانی مەلا حەمدون (١٨٦٠-١٩٢٠) لە چامەیێکی درێژدا وێنەیێکی زیندوی ئەو ڕۆژگارە ڕەشەمان بۆ دەکێشێ کە خەڵکی سلێمانی توشی ببون بەهۆی ئەو جەنگەوە ئەمەش بڕگەیێکە لەو چامەیە:

ژەندرمە ئەسوڕێتەوە وەك واشەی برسی
لولاشەیی میللەت بەفرو فیڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوخرەکەر و قاتر و یابوو
حوشتر سەقەت و شل بوە گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نیە حەتتا لە بەهارا
ترسی هەیە نەك بیخەنە ژێر باری تەزاوە
بۆ گرتن و بۆ کوشتنی ئەم عالەمەیە کە
ئەم عەرصی ئافاتە ئەبیبی حەلقەیی داوە
هەرشەش جیهەتی گرتوە ئاشوبی مسیبەت
مێشولە مەجالی نیە بفڕێ لە هەواوە.



محەمەد ئەمین زەکی زیانەکانی گەلی کورد لەم جەنگەدا بە سێ سەد هەزار کەس لەلاو و تەمەن ناوەند دەخەملێنێ، لەسەر ئەو بنەمایەی کە کۆی گشتی ی کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی سێ ملیون کەس بوون. هەرچەندیش خوێنەر زێدە ڕۆیی لەم خەملاندنانەدا ببینێ، هێشتا هەر گومانی تێدا نیە کە ئەگەر نیوەی ئەو ژمارەیەش ڕاست بێ ئەوا زیانەکە زۆر زۆر گەورەیە. دەبێ خوێنەر ئەوەشی لەبیر نەچێ کە ئەوەندەی بەهۆی سەرما و برسیەتی و نەخۆشیەوە مردن ئەگەر لەوانەی لە مەیدانی جەنگدا کوژران زیاتر نەبێ ئەوا لەویش کەمتر نیە.

کوردەکان هیچ پاداشتێکیان بەهۆی ئەم قوربانی دانەوە وەرنەگرت، وەك عەرەبەکان وەریان گرت، چونکە بەختی کورد ئەوانی خستە بەرەی دۆڕاوی شەڕەکەوە.

سوپای عوسمانی کە لە کوردستاندا بوو، حاڵی زۆر خراپ بوو، برسی بوو و لەبەر جل و بەرگە دڕاوەکەیەوە نیمچە ڕووت بوو، هەروەها هۆی هات و چۆی نەبوو جگە لەوەی فیشەك و تەقەمەنیشی زۆر کەم بوو.

دەزگا سەربازیەکان ناچار دەبون بۆ تێر کردنی زگە برسیەکانیان کە زۆر لە خەڵکی بکەن ئازوقە و شتی دیکەیان پێ بە هەرزان بفرۆشن و بەو نرخەی کە خۆشیان دیاریان دەکرد، هەروەها زۆر پارەی کاغەزیان دەدانێ کە چارەکی نرخە ڕاستەقینەکەی خۆی نەدەکرد. زۆر جار ڕێ و شوێنی سوپا داگیرکەرە کۆنەکانیان پەیڕەو دەکرد بەوەی پێویستیان بە هەرچیەك بوایە دەیانبرد و پارەشیان نەدەدا. جوتیارەکان زەویەکانی خۆیان بەجێهێشت و قبوڵیان نەکرد کشت و کاڵی تێدا بکەن، بۆیە نەخۆشی و برسیەتی لە شارەکاندا بڵاو بوەوە بەرادەیێك کە خەڵکی لە جادەکاندا دەکەوتن و دەمردن. لە سلێمانی خەڵکی زۆری بەدەس ئەو برسیەتیە کوشندەیەوە چەشت بەڕادەیێك کە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە کەم بوەوە و گەیشتە نزیکەی دەیەکی بەپێ ی خەملاندنی مێجەرسۆن.

((نفوسی سلێمانی لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩١٤ بە بیست هەزار دەخەملێندرا، کەم بوەوە تا گەیشتە دوو هەزار و پێنج سەد کەس لەمانگی تشرین دووەمی ١٩١٨ دا، کاتێ کە ئێمە شارەکەمان داگیر کرد برسیەتی و نەخۆشی ئەو خەڵکەی زۆر بە خراپ لەناو دەبرد))[2]

---

(2) Soans: Report on Sulaimaniyah Distirict of Kurdistan with some notes of the frontier Tribes of Turkey and Persia and History of the Frontier Question of the countries 1920.

ڕاپۆرتێك دەربارەی ناوچەی سلێمانی ی کوردستان لەگەڵ هەندێ تەعلیق دەربارەی هۆزەکانی سنوری تورکیای فارسی و مێژووی کێشەی سنور لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا.

چاپخانەی کالکوتای حکومەتی لە ١٩٢٠.

بەڕێوە بردنی پرۆسە سەربازیەکان زۆر بێ ڕەحمانە و دڕندانە بەڕێوە دەچوو. شەڕکەرەکان هیچ بایەخێکیان نە بە ژیانی خەڵکی و نە ماڵ و موڵکیان نەدەدا وێران کاریەکی زۆر فراوان، هەژاری و نەداریەکی زۆر و ئەوەی کە زۆر خراپتری دەکرد ئەوەبوو کە شەڕەکە هەرجارەی بەلایەکدا دەکەوت، بەرەو پێشە چوون، پاشە کشە، هێرش، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کوشتن و دەس بۆ ناموسی خەڵکی بردن و وێرانی و تالآنی ڕوویان دەدا، بۆیە زۆر ناوچەی کوردستان چۆڵ ببو و زیندەوەری تێدا نەمابوو.

وا لێرە دا هەندێ نمونە بۆ خوێنەری دەهێنینەوە بۆ ئەوەی بزانێ جەنگ چ وێرانکاریەکی تووش کورد کرد، کاتێ کە ڕووسەکان چونە ناوچەی (بایزید-ألشگر) ی باکوری کوردستان لە کانونی یەکەمی ١٩١٤ دا، دەیانگوت لە شمشێری یەکە ئەرمەنیەکان کە لەگەڵ سوپای روسدا بوون تەنها یەك لە دە ڕزگاری بوو[٣]. دوای بەرپابوونی شۆڕشی روسیا (شۆڕشی ئۆکتوبەر) و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی سوپای روسیا لە ١٩١٧دا. یەکە ئەرمەنیەکان لە کۆت و بەندی (ئینزیبات) ی سەربازی روس رزگاریان بوو ئیتر بە هەوەسی خۆیان چوونە ناوچەی (ارضروم —ارزنجان) و قەسابخانەیێکی گشتی یان دروست کرد کە ژمارەیێکی زۆری کوردی تێدا چوو. ژمارەی قوربانیانی ئەو قەسابخانەیە نزیکەی چل هەزار کەس بوو، ئەمەش ڕەتکردنەوەی قسەکەی (جمال پاشا السفاح) ە کە یەکێك بوو لەو سێ کەسەی حوکمی تورکیایان دەکرد لەکاتی جەنگدا، کە دەیگوت ژمارەی کوژراوی کورد و تورك گەیشتە ملیون و نیوێك[٤].

ناوچەیێکی دیکە هەیە کە دووچاری هەمان شت بوو ئەویش ناوچەی (شمدینان —رواندز) بوو لە ناوەڕاستی کوردستان.

---

(٣) یلماز ئەمین ئەحمەد — سەرچاوەی پێشوو ل٢١٨-٢١٩ (ئەم راپۆرتە زۆر بە ئاگاوە دەبێ وەربگیرێ.

(٤) جەمال پاشا: یادداشتەکانی سیاسیەکی تورك D.Hamal pasha: Memories of a Turkish state man 1913-1919. چاپخانەی هشنستن: لەندەن ل ١١٤.





تەلعەت پاشا



ئەحمەد جەمال پاشا



ئەنوەر پاشا

لەسەد گوندی هۆزی باڵەك تەنها سیان یان چواریان مایەوە، ئەوانی دیکە سوتێنران و لەگەڵ زەویدا تەخت کران. هەروەها لەسی گوندی ناوچەی (رواندیك —برادوست) نە پیاو نە ژن و نە منداڵی تێدا نەما[5] سەبارەت بەهۆزی برادۆست، هەردوو روس و تورك بەیەکەوە (٥٢) گوندیان لە (٨١) گوند کە ئەو هۆزە هەیانبوو پێش جەنگ، وێران کرد،، هەروەها ژمارەی هۆزەکە (١٠٨٠) خێزان بوو تەنها (١٥٧) خێزانیان لێ مایەوە [6]هۆزی ((کۆرەك)) یش کە سەد و پەنجا خێزان دەبوون، لە دوای جەنگ لە (١٩١٩) دا تەنها حەوت خێزانیان لێ مایەوە. هەروەها گوترا کە لەو دووسەد و پەنجا ماڵەی لە گوندی (نهری) بوو تەنها دە ماڵی لێ مایەوە، جگە لەوەی دوو هەزار ماڵ لە ڕەواندز هەبوو دوای جەنگ تەنها شەست ماڵی لێ مایەوە میسن[7] تەئکیدی ئەوە دەکات کە یەکە ئەرمەنیەکانی ناو سوپای روس لەژێر فەرماندەیی جەنەڕاڵ (جیرنوزوبوڤ) پێنج هەزاریان لەپیاو و ژن و منداڵ لە ناوچەی رواندز و خانەقین و دەورو بەریان کوشت لەبەررئەوەی لایەنی تورکیان گرت بۆ بەرپەچ دانەوەی هێرشی روسیا لە ١٩١٦، جگە لەمەش توشی جۆرەها کارەسات هاتن تا ئەو کاتەی کە داگیر کران (نیسان —حزیران١٩١٧) ئەو هەرچی مەڕ و ماڵات هەبوو، و هەرچی ئازوقە هەبوو، هەر هەمووی دەستیان بەسردا گیرا، جگە لەوەی بەماڵاندا دەگەڕان و بەڕۆژ و بەشەو، خەڵکیان دەگرت، ئەمەش بووە هۆی بڵاوبونەوەی برسیەتی کە خەڵکێکی زۆری لێ کوشتن. پاشان تورکەکان دوای ئەوەی هاتنەوە ناوچەکە لەپاش کشانەوەی هێزەکانی روسیا ناوچەکە یان وێرانترکرد و چەند کەسێکیشیان لەسێدارە دا بە تۆمەتی ئەوەی (گاوگۆل —ماشیە-) یان ناردوە بەقاچاغ بۆ باکور کاتێ کە بەریتانیەکان هاتنە ئەوێ لەوە دەچو کەسێ تیا نەمابێ (گیرترود بل) نوسیبوی.

(لەهیچ بەشێکی میزۆپۆتۆمیا شوێنێکمان نەدیت بەقەد خانەقین توشی کارەسات و وێرانکاری هاتبێت، ئەم شارە رووسەکان بە تەواوی خەڵکە یان (درەو — حصاد-) کردبوو، پاشان کە تورکە کانیش هاتن بە چاکی و بێ ماندوو بوون گسکیان لێ دا و کە بەجێشیان هێشت بۆ

(٥) نویل: سەرچاوەی پێشوو

(٦) Kenneth Mason:Central kurdistan((کینیپ میسن)) گوتارێکی ئەو کەلە گۆڤاری کۆمەڵەیجوگرافی شاهانەدا بڵاوکرایەوە ژمارە(٦) (١٩١٩) ل٣٣٩ بەناونیشانی کوردستانیناوەند

(٧) هەمان سەرچاوە ل(٣٢٩-٣٣٠) نیکیتین ئەم قسەیە بەتوندی ڕەتدەکاتە وە چونکە خۆیلەگەڵ سوپای قەفقاسیادابوو کاتێ کەچووە ناوشارەوە



برسیەتی و نەخۆشی جێیان هێشت. هەرچەندە ئێران بەبێلایەن مایەوە لەوجەنگەدا کەچی کوردستانی فارسی بووە گۆرەپانی شەڕو کوشتار

دوای هەڵگیرسانی جەنگ بە ماوەییێکی کەم، و لە ئەنجامی ئەو شێوازە دڕندانەیەی هەردوو سوپا پیادەیان دەکرد چەندین ناوچە بە تەواوی وێران کرا و دانیشتوانی ئەو ناوچانەش کەوتنە ژێر بارێکی قورسی نەبونی و ماڵ وێرانیەوە. ئەوەشی لەکاتی هێرش و پاشەکشە نەکوژرا برسیەتی و نەخۆشی لەناوی برد، کە بەهەزاران کەس مەزەندە دەکران. ئەو سوپایانەی بەو ناوەدا تێدەپەڕین، تورك بانایە یان روس، دێکەیان وێران دەکرد و کاولەیەکیان لە پاش خۆیان بەجێدەهێشت، داری بنمیچەکانیان دەر دەهێناو هەر پارچە دارێکی دیکە یان دەس کەوتبا دەیانبرد و بۆ سوتاندن بەکاریان دەهێنا. باران و بەفری زستانیش دەهاتن دیوارە رووتە لەقوڕ بنیات نراوەکانیان کاول دەکرد و دەیانڕوخاند کیلگەکان چۆل کرابون و کەس نەبو بیانکیڵێ، ئەگەر یەکێکیش هەبایە بیویستایە زەویەکە بکێڵێ ئەوا برسیەتی لە پەل و پۆی خستبوو و نەیدەتوانی ئیش بکا. بەراستی هیچ پەناگە و حەشارگەیێك نەمابوو هەموو وڵاتی فارسی توشی برسیەتی هاتبوو [8] فارس لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕ بێ لایەنی خۆی ئاشکرا کرد و جار لە دوای جار داوای لە روسیا دەکرد سوپاکەی لە ئازربایجان بکشێنێتەوە، بەڵام ئەو سوپایە لەبەرئەوەی دۆستایەتی ی هەبوو لەگەڵ حاکمی ولایەتی تەبریز دا مایەوە و نەکشایەوە و هەر لەوێشەوە بەرەنگاری هێزەکانی تورك بوەوە.

تورکیا دەیتوانی لەم حاڵەتەدا فارس بە وڵاتێکی بێ لایەن دانەنێ و شەڕ بباتە خاکیەوە و نامەشی بۆ سەرەك هۆزەکانی کورد ڕەوانە کرد و داوای لێکردن کە ئەگەر یارمەتی تورك نەدەن لەو (جیهاد) ەی دەیکەن بۆ ئەوەی لە روس ڕزگاریان بێ ئەمە هاوتای خیانەتە.

لەباشور شێخ عەبدولقادری نەهری و شێخەکانی تەوێڵەی نەقشبەندی و هەروەها ئەو هۆزانەی هیچ سودێکیان لە بونی سوپای روس نەبینی کە لە ساڵی (١٩٠٩ ەوە لە ناوچەکەدا بوون، هەموو ئەمانە چوون بە پیر بانگەوازی جیهادەوە. ئەو هۆزانە ئەمەیان بە هەل زانی بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ ڕوسەکاندا بکەن و زیانیش بەو هۆزە کوردانە بگەیێنن کە لایەنی روس بوون لە کاتێکدا هەندێ لەم هۆزانە هەڵوێستی خۆی گۆڕی و ئەو لایەنەی هەڵبژارد کە کەڵکی لێ دەبینێ

(٨) گیرترودبل:ڕاپۆرتێ دەربارەی ئیدارەی مەدەنیمیسۆپۆتامیا١٩١٤-١٩٢٠

G.Bell:Review of the civil Administration of Mesopotamia 1914-1920لەندەن چاپخانەی ڕەسمی ل٤٤-٤٦

و دەسکەوتی لێ ی دەبێ. هۆزەکانی شکاك و مامش و مەنگوڕ و زەرزە و هەرکی و بەگزادە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە بلاوکردنەوەی تیرۆر و تۆقاندن و هەموو کارێکی ئاشوب و خراپە لەناوچەکەدا.

لەبەهاری ١٩١٥دا تورکەکان خۆیان ئامادە کردبوو هێرش بکەنە سەر روس و وایان بەباش زانی هەموو ئەو هۆزانەی لایەنگری روسن و لەنزیك سنوورن، دوور بخەنەوە، ئەمانەش ئەرمەن و کۆمەڵێکی دیکە لە تایفە مەسیحیەکان وەك (کلدان، یعاقبە، النساطرە الاشوریون، السریان الکاثولیك) بوون و کۆمەڵە خەڵکێکی گرنگی ناوچەکە بوون.

لەبیست و حەوتی ئایاری ١٩١٥ ئەنجومەنی وەزیران لە ئەستەنبول ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر دەرکردنی گشتی هەموو ئەو دانیشتوانانەی (گومانی خیانەت یان جاسوسی یان هاوکاریی دوژمنیان لێ دەکرێ)

لە واقعیشدا پرۆسەی دەرکردن و کوشتار پێش دەرچونی ئەو بڕیارە دەستی پێکرد. زۆرجار کوردەکان دەچون بەهانای قوربانیە مەسیحیەکانەوە بە گیانی دراوسیەتی و هاوڕێیەتی کە پێکیانەوە بەستبوو یان لەبەرئەوەی لە (رعیە) تی سەرکردە و ئاغاکانن بۆیە دەبێ بپارێزرێن، بەلاّم ئەمە نابێ و راست نیە وەك ((قاعدە)) حیسابی بۆ بکرێ. چونکە ئەو کوردە بەشەرەفانەی بەهانای مەسیحیەکانەوە دەچوون هەڕەشەیان لێدەکرا لە لایەن دەسەلاّتەوە ئەگەر فەرمانی دەرکردن یان کوشتن جێ بەجێ نەکەن. لەناو ئەو کوردانەدا، کوردە عەلەویەکان (قزلباش) زۆر دیارن بەوەی دەرکراوەکانیان پاراست و شوێنی حەوانەوە یان بۆ دابین کردن، لەوانەشە ئەم هەڵوێستە یان لەو پەیوەندیە چارەنوس سازەوە هاتبێ کە هەموو تایەفە و کەمایتیە چەوسێنراوەکان بەیەکەوە دەبەستێ.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و لەپاش چوار ساڵ لە توند و تیژی و وێرانی، بەهەزاران کوردمان بینی ی کە بەرەو ورمێ ڕەویان دەکرد و دەگەڕان بە دوای نان و ماڵدا، حاڵیان ئەوەندە خراپ بوو دڵڕەقترین کەسی دەهێنایە گریان. تەنانەت ئەو ئاشوریانەش کە غەدری سمکۆ کە لە سەرکردە گیانیەکەیان —الزعیم الروحی-مارشەمعون و دەس و پێوەندەکەی کرد هێشتا هەر لە بیریان بوو، بەلاّم هەستی مرۆڤانەیان جولاّ و لەگەڵ کوردەکاندا هەر چیەکیان هەبوو لە خۆراك و پۆشاك بەشیان کرد ولای کۆمەڵەی بە هاناچوونەوەی ئەمریکی دا —لجنە الاغاثة الامریکیە — هەوڵیان بۆ دەدان

ئەمەش قسەی ئەمریکیەکە کە بە چاوی خۆی هەموو شتێکی دیبوو ((ئاشوریەکان ماڵ و بەشە کەمەکەی خۆیان لەگەڵ کوردە ماندوو و برسیەکاندا بەش کرد و هەموو (اسقف) و گەورە



پیاوەکانیان تکایان لە ئەمریکیەکان کرد کە ئەو کوردە لێقەوماوانە یارمەتی بدرێن، ئەگەر دۆست بن یان دوژمن[٩] چەندین پرۆسەی دەرکردنی کورد لە ڕۆژانی جەنگدا پیادەکرا ئەمە جگە لەوانەی ماڵ و گوند خۆیان بەجێهێشت و رایان کرد لەو کاتەدا کە سوپای روس پێشڕەوی دەکرد لە کوردستانی عوسمانیدا، دەسەلاّتدارانی عوسمانی دەرکردنی بەزۆرە ملێ ی کوردیان ڕێکدەخست و فەرمانێکیش لە سولتان محەمەدی پێنجەمەوە دەرچوو کە بەدرێژی باسی پرۆژەی دەکردنی کوردەکان دەکا و پاشان نیشتەجێ کردنیان —ئەو پرۆژەیە کوردەکان دابەش دەکا بەچەند کۆمەڵەیەکی بچووکەوە و پاشان نیشتەجێ کردنیان لە ڕۆژاوای ئەنادۆڵ بەمەرجێ ڕێژەی کورد نەگاتە سەدا پێنجی دانیشتوانی ئەو ناوچانە. سەرکردە و شێخەکانیشیان لەشار و شارۆچکەکاندا نیشتەجێ دەکران و نەدەبوو بە هیچ شێوەیێك پەیوەندیان بکردایە بە پیاوەکانی هۆزەکانی خۆیانەوە.[١٠] بلەج شێرکۆ ئاماژە بەوە دەکا کە تۆماری ئیدارەی پەنا بەرانی تورکی باسی (٧٠٠٠٠٠) کورد دەکا کە ناچارکران شوێنی خۆیان جێ بلێن، زۆریشیان بە برسیەتی و نەخۆشی مردن پێش ئەوەی بگەنە ئەو شوێنانەی بۆیان دیاری کرابوو.

---

(٩) ولیەم.ت.اللیس(قازی ئەمریکی) وەقائیعی ئەو خزمەتگوزاریانەی لەفارس لەکاتی جەنگی مەزن و پێش ئەویش هێنرایە دی

William.T.Ellis:The yanki Cadi.Being Account of the Services Preformed in Persia Hcld during and before The great war

هەروەها کونسوڵی روسی داوای لەهەمان لیژنەی فریا کەوتن کردکە هەرچی پێدەکرێ بۆیارمەتیدانیان و کەم کردنەوەی ئازارەکانیان بیکات. ئەمەش لەو کتێبەیدا باسکراوە les Kurds Etude socialogique Historiqus

کورد:لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەلاّیەتی مێژووی.پاریس١٩٥٦ل٢٩٧-٢٩٨ دەڵێ ((لیژنەکە ئەوەندەی پێی کرا هەوڵیدا خۆراکیان بۆ دابین بکات، بەلاّم ئەوان وەك مێش دەمردن، هەرچەندە زۆریش هەوڵماندا یارمەتیان بدەین، بەلاّم هەموو هەوڵەکانمان تەنها توێکڵی نەهامەتی و ئازاری ئەوانی دەگرتەوە

(١٠) بلە ح شێرکۆ:مەسەلەی کورد بنەماکانی و هۆیەکانی:بەزمانی فەرەنسی Bletch Chirguh:La Question Ses orginues etses Cause قاهیرە:١٩٣٠ ل٣٢-٣٣ هەروەها بگەڕێرەوە بۆنۆیل(سەرچاوەی پێشو) کەچەند شتێکی لەو فەرمانە نوسیوە

# فەسڵی پێنجەم

تورکەکان هیچ گومانیان نەبوو و هەستیشیان نەکرد بەوەی کە دەبێ هەندێ رێ و شوێنی تایبەت بگرنە بەر بۆ سەرکوت کردنی گەشەکردنی بزاڤی نەتەوەیی کوردی لەکاتی جەنگدا جگە لەمەش هیچ گومانیشیان لە دڵسۆزی و پەرۆشی ی کورد نەبو بۆ ئەوەی لەو جەنگەدا بەشداری بکەن، لە کۆتاییشدا ژمارەییێکی زۆر کەم کە لە ژمارەی پەنجەکانی هەردوو دەس تێپەڕناکا کەڕوسەکان توانیبویان ڕایانکێشنە لای خۆیان.

هاوکاری کورد و ئەرمەنیش کە نەتەوەییە کوردەکان زۆر هەوڵیان بۆدا سەرکەوتنی بەدەس نەهێنا بەهۆی جەنگەوە و لەبەرئەوەش کە جەنگاوەرە ئەرمەنەکان دایانە پاڵ ڕووسەکان. لەواقعیشدا لە ئۆردوگای روسیدا لەو کوردانەی کە لە بواری نیشتمانی دا کاریان دەکرد و خاوەن پایە بوون و خەڵك گوێ لیدەگرتن تەنها چوار کەس بوون: سەید تاهای شەمدینان (نەهری) شێخ عەبدوسەلام(تارادەییێك) و عەبدولرەزاق بەدرخان و کامل بەدرخانی مامی. ئەم دوانە دوایی لە تەفلیس زۆر هەوڵیان دا جێگری قەیسەر دۆقی گەورە –نیقولاس- (الدوق الاکبر-نیقولاس-) قەناعەت پێ بکەن بە گرنگی بایەخ دان بە مەسەلەی کورد بەڵام هەوڵەکە یان هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

لەوانەش بوو مەسەلەکە ئەوە بووبێ کە ئاواتەکانی کورد لەگەڵ ئەوەی ئەرمەنیدا دژ دەوەستان و لە ڕاستیشدا لەبەرژەوەندی روسیای قەیسەرەی دا نەبوو دەستی ئازادیخوازە کوردەکان بگرێ و پرۆژەی سەربەخۆی ئەوان بکاتە ئامانجی خۆی لە پاڵ سەربەخۆییەکی دیکە بۆ ئەرمەنیەکان، چونکە لە واقیعدا ئەو ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵاتی بۆ خۆی دەویست. بەڵام بزاڤی هۆشیاری نەتەوەیی ئامانجەکانی خۆی لە چەند کۆمەڵێکی بچووك بەڵام کۆڵنەدەر و عیناد لە نیشتمان پەروەرانی تاراوگە –منفی- دۆزیەوە کە بێ کۆڵدان کاریان بۆ هێنانەدی ی ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان (ئەمجارە) نەك لامەرکەزی کەپێشی جەنگ رووگەیان (قبلە) بوو، بەتایبەتی لەدوو ساڵی دوایی جەنگ کە ئیتر روون و ئاشکرا بوو کە خۆری ئیمپراتۆریەتی عوسمان بەرەو ئاوا بوون دەچێ.

بانگەشەی نەتەوایەتی کوردی لەناو ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای عوسمانی لەکاتی جەنگدا بڵاو نەبوو بوەوە وەك لەنێوان ئەفسەرە عەرەبەکاندا و لەو ماوەیەدا بانگەشەی نەتەوایەتی



عەرەبی بڵاوببوەوە، هەموو ئەوانەی لە مەسەلە نیشتمانیەکەدا چالاك بوون مەدەنی بوون جەنەڕاڵ شەریف پاشای سلێمانی ی لێدەرچێ، ئەمیش ئەفسەر نەبوو لەناو سوپادا بەڵکو لە بواری دیپلۆماسیدا کاری دەکرد. ئەفسەرە کوردەکان هیچ ڕۆڵێکی دیاریان نەبوو لەو بوارەدا تا دوای کۆتایی هاتنی جەنگ. کەسیش لە ئەفسەرە کوردەکانی نەبیستبوو کە هەستێکی نەتەوەیی دەربڕن، بەڵکو ئەمانە ئەفسەری پیشە بوون –محترف بایەخیان نە بە سیاسەت و نە بە چالاکیی نەتەوەیی کوردی لەکاتی کودەتای (اتحاد) یەکان نەدەدا نە لە پایتەخت و نەلە کوردستان. ئەوەی سەرنج ڕاکێشیشە ئەوەیە کە ژمارەییێکی بەرچاوی ئەفسەرە کوردەکان چونە پاڵ ئەفسەرە عەرەبەکان و بەگەڵ شەریفی مەککە حوسێنی کوڕی عەلی کەوتن کە شۆڕشی هەڵگیرساند. ئەو شۆڕشەی ئینگلیزەکان هەڵیانگیرساند و پشتگیریان کرد لەساڵی ١٩١٦ و دوای ئەو ساڵەش.

بەریتانیەکان لەساڵی ١٩١٥ و لەپڕ وازیان لە سیاسەتە کۆنە درێژخایەنەکەی خۆیان هێنا کە هەوڵیان دەدا پارێزگاری لە قەوارەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکەن کەچی وائێستا لە ١٩١٦ سیاسەتی تازە پیادە دەکەن و دەیانەوێ لەت و پەتی بکەن و بیانبەستنەوە بەو ئیمپراتۆریەتە مێژووییە لەناوچووە.

لەبەر گرنگی ئەم گۆڕانە لە ناکاوە و کاریگەریی لەسەر چالاکی نەتەوەیی کوردی و ڕەنگدانەوەی لەسەر داوڕۆژی کوردستان و چارەنوسی گەلی کورد هەوڵ دەدەم بە زەمینە سازکردنێکی مێژوویی کورت لە یەکێك لە کاریگەریەکانی بدوێم و چۆنیش ئەنجامەکەی بەوە شکایەوە کە کوردستان جارێکی دیکە پارچە پارچە بکرێ.

لە ساڵی ١٧٩٨ دا سوپای فەرەنسا بە سەرکردایەتی ناپلیۆن پۆناپارت هێرشی کردە سەر خاکی میسر و داگیری کرد پاشان روویکردە سوریا و لەوێشەوە بەرو (بابل) و لە دواییشدا دەپەڕیەوە بۆ هیند وەك خۆی بڵاوی دەکردەوە، بەڵام ئەم نەخشەیەی سەری نەگرت وەك مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە سوپای ناپلیون لای شوراکانی عەککا وەستا و پاشەکشەی کرد و لە دواییشدا لەساڵی ١٨٠٥ دا میسری بەجێهێشت. وەڵامی بەریتانیا بۆ ئەم هەڕەشەیە بەهێزکردنی ڕژێمە ناوخۆییەکان بوو لە ڕۆژهەڵات دژی فراوانخوازی ی ئەوروپی. بەریتانیا نەیدەویست ئەوم ناوچانە بگرێ یان بیانخاتە ژێر دەسەڵات و (نفوذ) ی خۆی، بەڵکو ئەو بەدرێژایی سەدەی نۆزدە هەوڵی دەدا وڵاتە ئەوروپییەکان نەگەنە ئەو ناوچانە و بیانکەن بە ناوچەی دەسەڵات (نفوذ) ی خۆیان. لەپێناو ئەمەشدا چووە زۆر جەنگەوە بۆ یارمەتی دانی دەوڵەتی عوسمانی وەك جەنگی (القرم) لەساڵی ١٨٥٤، هەروەها دژی تەماعکاری روسیا لەجەنگەکانی دواییدا وەستا و هەموو مەبەستیشی ئەوەبوو ئەو بارودۆخەی

هەیە بپارێزێ. لەچوار چێوەی ئەم سیاسەتەیدا، سیاسەتی پاڵپشت و پشتگیری کردن و یارمەتی دانی دەوڵەتە ئیسلامیە لەرزۆکەکانی ئاسیای پیادەکرد و دوژمنی سەر سەختی ئەویش روسیای قەیسەری بوو و بەدرێژایی یەك سەدە وەها دەهاتە پێش چاو کە هیچ خەمێکی نەبێ جگە لە چاودێری کردنی جم و جۆڵی روسەکان و تێکشکاندنی پلانەکانیان.

لە ئەنجامی ئەم هەوڵ و کۆششەی چەند وەچەیێکی — أجیال - لە فەرمانبەرە مەدەنی و سەربازیەکان دروست کرد کە زۆر بە گیانفداییەوە بەشداریان لەم گەمە گەورەیەدا کرد (اللعبە الکبری — the great game) وەك نوسەرە سیاسیەکان ناویان لێ نابو سیاسەتمەداری گەورە لورد (جورج کرزن) بەمجۆرە باسی ئەم گەمەیەی کردوە ((ترکستان؟ ئەفغانستان؟ قەزوینی رۆژهەڵات؟ وولاتی فارسی؟ ئەمانە چەند ناوێکن کە بۆ زۆر کەس هێمای شتێکی زۆر دوور دەبەخشن... بەڵام بۆ من —دان بەوەشدا دەنێم —تەنها چەند بەردێکن کە لەسەر پارچەکەی شەترەنجدا ریزکراون و لەسەریاندا یاریی دەست گرتن بەسەر جیهاندا دەکرێ))[1].

پێش بەرپابوونی جەنگی مەزن بە چەند مانگێ، سێر مارك سایکس گەورە شارەزای پارتی پارێزگران لە کاروباری تورکیدا، ئەنجومەنی گشتی (مجلس العموم) — پەرلەمان- ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێ لەناوچونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەنگاوی یەکەمی لەناوچونی ئیمپراتۆریەتەکەی ئێمەیە. زۆر کەسیش هاوڕابوون لەگەڵیدا لە گەورە سیاسەتمەدارانی بەریتانیا وەك دۆق ولنگتۆن[2] و کاننگ[3] و پالمر سنۆن[4] و دزرائیلی[5] ئەم گۆڕانکاریە مەزنە لەسەد ڕۆژدا ڕوویدا و سیاسەتی سەد

(١) (جۆرج نشنائیل کرزن) (١٨٥٩-١٩٢٥) سیاسەتمەدارێکی بەریتانیە کەپۆستی جێگری مەلیکی هەبولە هیند(١٨٩٨-١٩٠٥) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا(١٩١٩-١٩٢٤) بەشداریکرد لە کۆنگرەی ئاشتبونەوەی دوای جەنگ و لەدامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان-عصبە الامم- و سەرکردایەتی کردنی(ئەمە لە کتێبی-وڵاتی فارس و مەسەلەی فارس-) لەندەن ل٣

G.N.Curzen:Persial and the Persian Question

(٢) Arther Welleslygton(1792-1852) ئەو جەنەڕاڵە بوو کەناپلیۆنی تێك شکاند لەشەڕی واترلۆی یەکلاکەرەوەدا(١٨١٥) پاشان بوبەسەرەك وەزیران(١٨٢٨-١٨٣٠).

(٣) George Canning(1770-1827) سیاسەتمەدارێکی بەریتانیە. بوبەسەرەك وەزیران، لەوساڵەی تیایدامرد بۆیە هەرچەن مانگێ لەوپۆستە مایەوە،بە هەوڵی هێنادی سەربەخۆی یۆنان ناسرابوو

(٤) Henry John Palmerston (1865-1784) یەکێك لەسیاسەتمەدارە بەناوبانگەکانی بەریتانیایە لەسەدەی نۆزدەدا بە(سیاسەتی دەسدرێژکردن) ناسرابو ویەکێك بوو لەوانەی بەرگریان مانەوەی ئیمپڕاتۆریەتی



ساڵی لەناو برد. لەو کاتەوە دەس پێدەکا کە تورکیا جەنگی ڕاگەیان، ئیتر بەریتانیا دەستی بە هەوڵێکی بێ ووچان کرد بۆ لەناوبردنی ئەو ئیمپراتۆریەتەی چووە چەندین شەڕەوە بۆ هێشتنەوەی. لەسەرەتای جەنگدا پێویست بوو سروشتی بوونی بەریتانیا لەمیسر و قبرص روون بکرێتەوە کە ئەمانە هەردوکیان بە رەسمی بەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. بەریتانیان لە پێشدا وای بەباش زانی بیانکات بە بەشێك لە وڵاتەکەی خۆی، چونکە ئەو بە فیعلی میسری داگیر کردبوو دوای شۆڕشی (عرابی) پاشا لە ١٨٨٢ دژی خدێوی کە بەڕەسمی جێگری سوڵتان بو یان نوێنەری ئەو بوو لە میسر ((کاتی خۆی و دمگۆ بڵاوبووە کە خدێوی دەیەوێ لەقەبی خەلافەت لەسوڵتان داماڵێ و بیکا بە هی خۆی و جێ ی ئەو بگرێتەوە لە حوکم کردنی هەموو ئەو وڵاتانەی بە عەرەبی قسە دەکەن واتە دابەشکردنی وڵاتی عوسمانی بۆ دووکەرت))[6] بەڵام نوێنەری باڵای —المندوب السامی- بەریتانی لە قاهیرە، کە خاوەن دەسەڵاتی فیعلی بو دژی ئەم کارە وەستا. (رولاند —ستورز) ی سکرتێری رۆژهەڵات بۆ نوێنەری باڵا —المندوب السامی- کە پیاوێکی چالاکی مەزن و خاوەن (نفوز) و دەسەڵات بوو، ئەمەی بە پێشێل کردنی بەڵێنێکی بەریتانی لە قەڵەم دا کە تەمەنی چل ساڵە، ئەو بەڵێنە بریتی بوو لە چۆڵ کردنی خاکی میسر بەو پێیەی بوونی سوپای بەریتانی لە میسردا بوونێکی جارەکیە (مۆقت) بەمجۆرە ئاواتی خدێوی خنکێنرا.

لەکۆتایی ساڵی ١٩١٤دا (سیر هنری مکما هون) کرا بە (معتمد) ی بەریتانی لە میسر لەجێ ی (لورد کتشنر) کە بوو بەوەزیری جەنگ. (هنری مکما هون) فەرمانبەرێکی (مستعمرات) بوو کە خاوەن توانایێکی سنوردرا بوو و نزیك خانەنشین کردنیش ببوەوە، لەگەڵ ئەمیش جەنەڕال (ریجنال ودنگیت) حاکمی گشتی سودان و فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لەمیسر، ئەمە کەسایەتیەکی زیرەك و زمانی عەرەبیشی زۆر بەباشی دەزانی. (گلبرت

عوسمانی دەکرد هەروەها پاراستنی ئاشتی لە ئەوروپا.هەر ئەمیش بو سەرکەوتنی بەریتانیای لەجەنگی(قرم) دا هێنایە دی.سەرەك وەزیران(١٨٥٥-١٨٥٨) و(١٨٥٩-١٨٦٥).

(٥) Benjamin Disraeli(1804-1881) ناودارترین سیاسەتمەداری بەریتانیە لەپارتی پارێزگاران و جولەکەش بوو.چەندین پۆستی گەورەی هەبوو، دووجاریش سەرەك وەزیران بووە ناوبانگی بەوە دەرکرد کەسەهمەکانی کۆمپانیای نۆکەندی سوێسی کڕی و خستیە ژێردەسەڵاتی بەریتانیاوە.لەساڵی١٨٧٧ چوە جەنگەوە لەگەڵ عوسمانیەکان دژی روسیا.

(٦) ایلی خضوري: متاهات) ی ئەنگلۆ عەرەبیEli Kadoury:The Anglo-Arab Labyrinthکەمیردج ١٩٧٦ ل١٣.

کلایتون) نوێنەری (دنگیت) بو لە قاهیرە، ئەمیش وەك ئەو کەسێکی بەتواناو زیرەك بو و واش ڕێککەوت کە ڕۆڵێکی بنبڕی —حاسم— لە گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بینی لە کاتی ئەو گۆڕانە لەناکاوەی بەسەر سیاسەتی بەریتانیادا هات سەبارەت بە چارەنوسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.[٧]

بەریتانیا دەبایە فەرەنسای هاوپەیمانی والێبکا بەشداری لە روخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بکا، بەڵام کارەکە لەسەرتادا ئاسان نەبوو. وەزیری دەرەوەی فەرەنسا (دیلکاسیە) وای بۆ دەچو کە پارێزگاری کردنی ئیمپراتۆریەت زۆر لەوە گرنگترە کە سوریا بکا بەهی خۆی وەك بەریتانیا پێشنیاری دەکرد.[٨]

ئەوەی کە ڕووی دا ئەوەبوو، کاتێ کە (مکما هون) بەپاریسداتێپەڕی بۆ ئەوەی بچێتە میسر و لەوێ کاربکا نەیتوانی وەڵامی روون و قەناعەت هێن بداتەوە سەبارەت بەو سیاسەتە کە حکومەتەکەی دەیەوێ پیادەی بکا دەربارەی هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی کەبەعەرەبی قسەدەکەن و بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، ئەمەش لەئەنجامی کالفامی و کەم عەقلی ئەو کابرایەوە بوو. بەڵام فرەنسیەکان ئەم بێعەقڵی و نەفامیەی ئەویان بە زیرەکی و فێڵبازی لێکدایەوە وای بۆچون کە ئەو بەدەستی ئەنقەست و بەخۆلادان لەوەڵامدانەوەی راستەوخۆ دەیەوێ راستیەکان لەوان بشارێتەوە. ئەوبەهەڵەدا چونە وای لە(مسیو مللران) ی وەزیری جەنگ کرد بگاتە ئەو قەناعەتەی کە بەریتانیەکان نەخشەی هێرش کردنە سەر سوریا دەکێشن[٩] هەر ئەمەش بوو کەپاڵی بەفرەنساوەنا بەپەلە هێزێك ئامادەبکەن بۆئەوەی بینێرنە سوریا ئەگەر بەریتانیەکان شتی وابکەن.

---

(٧) کلایتۆن (لەنقیب)ەوە دەستی پێکرد تابوبە جەنەراڵ.کەسایەتیەکی باش و خاوەن ڕەوشتێکی بەرزبو ولەو گەنجە سەرکەشانەبو وەك(لۆرەنسی عەرەب-لورنس العرب-) و قوتابیەکانی ئارکیۆلۆجیا و ڕۆژهەڵاتناسە بچوکەکان کە لەنوسینگەی عەرەبی —المکتب العربی-دا کاریان دەکرد کەفەرمانگەی ئەم بو.کەس نییە بەشان و باڵیدا هەڵ نەدا و تواناکانی مەدح نەکا.لەدوایدا باسی دەکەین.

(٨) فەرەنسا لەسەرەتای ساڵی١٩١٤د نزیکەی ٤٥٪ لە کۆی دارایی خۆی کە تەرخان کرابو بۆدەرەوە لە ئابوری عوسمانیدا بەکاردەهێنا. هەروەها ٦٠٪ قەرزی گشتی عوسمانی هی فرەنسابو(یاداشتەکانی ستورز:نیۆیۆرك١٩٣٧ ل٦Stores Memoirs

(٩) (کریستوفر اندرو) و(کانیا فورستر) لوتکە فراوانخوازی فرەنسا١٩١٤-١٩٢٤ Christopher Andrew and Kanya Forester





عەبدولرەزاق بەدرخان

بەڵام دوایی لەکۆبونەوەیێکدا لەنێوان هەردو وەزیری دەرەوەی بریتانیاو فەرەنسا لۆرد (ادواردگری) بۆ هاوڕێ فرەنسیەکەی ڕونی کردەوە و تەئکیدی کرد کە بەریتانیا هیچ تەماعێکی لەسوریادا نییە، ئەوجا هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بەریتانیا بەرهەڵستی بونی فەرەنسا نەکات ئەگەر جەنگ بەوەشکایەوە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پارچەپارچەبکرێ، ((هەرچەندە ئەگەر نەکرێ باشترە)) لەکۆتاییدا بەریتانیا بڕیاریدا لەنوسینگەی خۆیەوە لەقاهیرە پەیوەندی بەعەرەب و سەرکردە موسڵمانەکانەوە بکا بۆئەوەی جۆرێك لەڕێکخستن لەنێوانیاندا هەبێ.

بەڵام لەنێوان دوو ساڵی ١٩١٤-١٩١٥ هیچ پەیوەندیەکی کوردی روینەدا نە لەلایەن نوسینگەکەی قاهیرەوە و نە لەلایەن نەتەوەییە کوردەکانەوە، لەکاتێکدا وەك پێشتر باسمان کرد، ژمارەیێك لە کەسایەتیە کوردەکان پەیوەندییان بە ڕوسیای هاوپەیمانی ئەو دوو دەوڵەتەوە کرد.

بەڵام عەبدولرەزاق بەگ و کامل بەگی بەدرخان پەیوەندیان کردبوو بە فرەنسیەکانەوە کاتێ کە دوور خرابونەوە بۆ پاریس دوای کودەتای (الجون ترك) لە ١٩٠٨دا بۆ زانینی نیازی فرەنسیەکان، بەڵام ئەمان هیچ بایەخێکیان بەوە نەدا کە ئەو دوو کەسایەتیە پێشکەشیان کرد.

بۆیە ئەوانیش چالاکی خۆیان گواستەوە روسیا وەك پێشتر باسمان کرد. شایانی باسە کە روسەکان ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵیان لەسەرەتای ساڵی ١٩١٧ دا داگیر کرد کامل بەگ و عەبدولرەزاق بەگی بەدرخانیان کرد بە والی لە ولایەتی ئەرزەروم و بتلیس. مێجەر نوئێل لە یادداشتەکانیدا باس دەکا کە عەبدولرەزاق پێشەنگی چالاکی نەتەوەیی بوو لە بۆتان تا لە

---

چاپخانەی زانکۆی ستانفۆرد ١٩٨١ ل٢٠. The Climax of the French Expantion 1914-1924

ساڵی ١٩١٨ دا تورکەکان زەهر خواردیان کرد[١٠] و لەناویان دا پێش ئەوەی ئیمپراتۆریەتەکەیان هەرس بێنێ و نەمێنێ.

ئایا دەکرێ دامەزراندنی ئەم دوو کەسایەتیە نیشتمانیە کوردە لە لایەن روسەکانەوە بەحاکمی دوو ولایەت کە زۆر بەیان کوردن وەك بەڵگە بهێنینەوە کە گۆڕانێکی کت و پڕ لە سیاسەتی روسیای قەیسەریدا ڕوویدابوو سەبارەت بە هیوا نەتەواتیە کوردیەکان؟ زەحمەتە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، چونکە ئەو ولایەتە چەن هەفتەیێکی خایاند کە دوای چەند مانگێ بەلێك هەڵوەشانەوەی سوپای روس کۆتایی هات لە ئەنجامی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

لەقاهیرە ئەندامێکی دیکەی بنەماڵەی بەدرخان هەبوو ئەویش (ثریا) بوو کە کوڕی گەورەی ئەمینی عالی ی کوڕی میری گەورە بەدرخان بەگ — ئەم میرە خۆی تەرخان کردبوو بۆ چالاکی ی نەتەوەیی کوردی لە پایتەختی میسردا و هەر لەویش ڕۆژنامەی کوردستانی ئازادانە و بەناوی خوازراوی (عزیز احمد) دەردەکرد و بێ گومان بەرەزامەندی بەریتانیەکان.

گومانی تێدا نیە وەك دواتریش دەیبینین هێشتا بەریتانیەکان کوردیان نەختبووە هاوکێشەی سیاسی خۆیانەوە سەبارەت بە دوا ڕۆژی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

لەگەڵ ئەمەشا بایەخیان بە پەیوەندیی روسەکان لەگەڵیاندا، دا. بۆ نموونە گیر ترود بیل دەڵێ ((روسەکان زۆر بایە خیان بەسەید تاها دەدا و بارەگاییێکی هەمیشەییان لە راژانی نزیك ورمێ بۆ ئامادە کردبوو و واش بلاو دەکرایەوە کە ئەگەر کوردەکان سەربەخۆییان وە دەس هێنا، سەید تاها دەکرێ بەسەرۆکی ئەو دەولەتە و لە ژێر پارێزگاری روسیادا [١١]. بەڵام لە دواییدا بڕوایان پێ ی نەما دوای ئەوەی بۆ یان زانی لەگەڵ تورکەکاندا و هەردوو لاش، هەریەکە بە نۆرەی خۆی، گرتیان بەڵام روسەکان زۆر رقیان لێ هەڵسا بە تایبەتی لەبەر ئەو پەیوەندیە باشەی کە لەگەڵ ئەڵمانەکاندا هەیبوو هەروەها لەبەرئەوەش کە نامە

(١٠) نۆئیل (سەرچاوەی پێشو ل٦٣.لە کاتێکدا گوترا کە کامیل بەگ لەئەیلولی١٩١٩دا لە(تفلیس) بوول«سەبارەت بەچالاکی کامل بەگ و ژیانی.بگەڕێرەوە بۆکتێبی-بەدرخانیەکانی جزیرو بۆتان-لەدانانی مالمیسانژ، وەرگێڕانی شکورمستەفا.هەولێر١٩٩٨ ل١٤٤-١٥١.لەساڵی ١٩٣٤ مرد و لە-تفلیس-نێژرا».

(١١) هەمان سەرچاوە ل٦٥.



ناردن و هینان لە نێوانیاندا هەبوو، بۆیە تۆڵەیان لێ کردەوە و ماڵەکەیان لە (نهری) کە ساڵی ١٩١٦ بەوێدا تێپەڕین، روخاند و وێران کرد.[١٢]

نیکیتین پێمان دەڵێ کە لە دەوروبەری ١٩١٧ دا نامەیێکی لە کۆمەڵەیێکەوە پێگەیشت کە ناوی خۆی نابو (استخلاص کردستان جمعیتی — کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان) کە لەلایەن سەید تاهاوە نێردرابوو و تیایدا داوای لە نیکیتین دەکرد کۆبونەوەییێکی بۆ ڕێك بخا لەگەڵ فەرماندە سەربازیەکانی روس بۆ ئەوەی نەخشەیێکی کاری هاوبەش دابنێن لەپێناو ڕزگارکردنی کوردستان[١٣] هەروەها گیر ترود بیل ئاماژە بە پەیوەندیەکانی سەید تاها و شێخ عەبدولقادری مامی دەکا بە دیپلۆماتەکانی روسەوە لە تاران و تفلیس. چی بو ئەوەی رێ ی لە بەریتانیەکان دەگرت کە لە سەرەتای جەنگ بایەخ بە کێشەی کورد نەدەن؟ هیچ کە م و کوڕیەك لای نیشتمان پەروەرە کوردەکان نەبوو جگە لە هەوڵەکانی (ثریا) بەدرخان لە قاهیرە، کەسایەتیەکی نیشتمان پەروەری دیکە هەبوو کە بەو ئاراستەیەدا کاری دەکرد. لە کانونی یەکەمی ١٩١٤ جەنەڕاڵ محەمەد شەریف پاشا خەندان[١٤] داوای لە بەریتانیا کرد کە پەیوەندی و هاوکاری

(١٢) سەرچاوەی پێشو ل٦٩.

(١٣) کورد(نیکیتین) سەرچاوەی پێشو ل١٩٥.

(١٤) جەنەراڵ محمەد شەریف خەندان ئەم داواکاریەی خۆی لە حوزەیرانی١٩١٨دا دوبارەکردەوە دوای ئەوەی ئەنجامی جەنگ ڕون و ئاشکرابوو. گێرترودبیلْ دەڵێ ئەوە لەمارسیلیا لەنێوان ئەو و سێر بێرسی کۆکس دا روویدا کە گەورە ئەفسەری سیاسی بەریتانیابوو ولەگەڵ حەملەکەشدابو، لەکاتێکدا ولّس لە((الولاءات-Layalities)) بەرگی دووەم دەڵێ ل١٣٠ کەئەو چاوپێکەوتنە لەلەندەن بو (ئاماژەبەبروسکەتان لە٦ئایار، سێر بێرسی کۆکس بەشاری مارسیلیادا لە ٢ی حوزەیراندا تێدەپەڕێت، تکایە دیدارێکی بۆڕێك بخەن لەگەڵ جەنەڕاڵ شەریف.ئەمەش نامەیەکی سێربێرسی کۆکسە بۆ سایکس لە٨/ی حوزەیرانی ١٩١٨دا.

ئازیزم سایکس: وت و وێژم لەگەڵ شەریف پاشادا کرد وایاداشتێکت سەبارەت بەوەی ڕویدا بۆدەنێرم کەلەبری باسکردنە،دانەییکیشم لەوە ناردووە بۆ(شکبرە) لەگەڵ ئەم پۆستەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێنمایانەی کەلەوەزارەتی دەرەوەوە هاتووە.چاوم بە جەنەڕاڵ شەریف پاشا کەوت لەمەرسیلیا لە٣/حوزەیرانی١٩١٨دا.ئەمە لەکوردەکانی هۆزی جافەو خەڵکی ناوچەی سلێمانیە، بەڵام لەمنداڵیەوە کوردستانی باشوری نەدیوە، سەبارەت بەئێمەش ئەو دەڵێ یاداشتێکی بۆ نوسیوین لە ٢٣/ی تشرینی دووەمی١٩١٤داو ئامادەی خۆی دەربڕیوەبۆ ئیش کردن چونکەئەو لەمێژە و لەپێش جەنگەوە پەیوەندی بەکاروباری کوردیەوە هەبووە، ئامادەم هەر پێشنیارێکت هەیە قسەی لەسەربکەین، لەوەڵامدا گوتی لەبەرئەوەی من کوردم بایەخ بەکێشەی نیشتمانەکەم

لەگەڵ ئەو هێزە سەربازیەدا هەبێ کە نیاز وایە بنێردرێتە مسیوپۆتامیا بۆ پاراستنی چاڵە نەوتەکانی عەبادان و لەدواییشدا بە جەنگی عیراق کۆتایی بێت.

دەبوایە دڵنیای بکەن سەبارەت بەدوا ڕۆژی کوردستان بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرت و کەس گوێی نەدایێ، ڕەنگە لەبەرئەوەش بووبێ کە بەریتانیەکان وایان دەزانی پرۆسە سەربازیەکەی باشوری مسیۆپۆتامیا دووریان دەخاتەوە تا کوردستانی باشور.

---

دەدەم زۆر مەبەستیشمە کە ئینگلیز هەنگاوی ئەرێتی-ایجابی-بنێ بۆیەکگرتنەوەی کوردەکان هەمویان، بۆهێنانە دی ئەم مەبەستەش پێویستە وتەێك سەبارەت بە سیاسەتی داهاتومان دەربارەی کورد بدەین وەك بەدیهێنانی حوکمی زاتی بۆکورد.

ناونیشانی یەکێ لەکورەکانی خۆی دامێ کەلەئەسکەندەریە دەژی و گوتی مولکی هەیە لەبەسرە و داوای لێکردم ئەوکورەی ببینم هەرکاتێ چومە ئەوێ بەتەماشم هەروابکەم)).

لەوەش دەچێ جۆرێك پەیوەندی لەنێوان سێرپێرسی و جەنەراڵ شەریف پاشادا هەرمابێ، چونکە لەیاداشتێکدا کە کوکس بۆ حکومەتەکەی نوسی fo-371-5069 بەمێژووی ٨ / ی حوزەیرانی ١٩٠٩، تیایدا باسی ئەوە دەکا کە شەریف پاشا بە نیەتێکی پاك کار ناکا بەڵکو بە هیوای ئەوەیە کە ببێتە سەرۆکی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ لەدواڕۆژدا. بەڵام ئەو (کە ئەوسا حاکمی مەدەنی گشتی بوو) بەشیاوی ئەو پۆستەی نازانێ لەبەرئەوەی تەمەنی گەورەیە، هەروەها لەبەرئەوەش کە ماوەیێکی زۆرە لە پاریس دەژی — لەدەرەوەی کوردستان.

وادیارە ئەم دیدەنیە دوای ئەو بروسکەیەی لۆرد داربی ی باڵوێزی بەریتانیا لە پاریس لە ٢٦/ ی ئایاری ١٩١٨ دا ڕوویدا بێ. وەڵامی وەزارەتیش (fo. 371-3398) لە ٢٨/ ئایار

جەنەراڵ شەریف پاشا بەناوی شەریف سەبریشەوە ناسرابوو. لە ئەستەنبول لەدایك بووە و کوڕی سەعید پاشای ئەلفەریق (سعید پاشا الفریق) کە یەکێك بوو لە وەزیرەکانی دەرەوەی عوسمانی و بە ڕەچەڵەك خەڵکی سلێمانیە و لە سوپای عوسمانیدا گەیشتە پلەی —فریق- میرخانم ((الأمیرة)) ئەمینە عەبدولحەلیمی خواست کە لەنەوەی محەمەد عەلی پاشای گەورە بوو، هەروەها خوشکی (الصدر الأعظم) سەرەك وەزیرانی عثمانی محەمەد سەعید پاشا بوو. لە ١٨٩٨دا نێردرایە سوید وەك وەزیری —مفوض- و پەیوەندیەکی زۆر باشی لەگەڵ مەلیکی سوید دا هەبوو هەر ئەمەش نهێنی ی ئەوەبوو کە ماوەیێکی زۆر لەو وڵاتەدا مایەوە —لە ١٩٠٩ گەڕایەوە ئەستەنبول و بە تۆمەتی بەشداری کردن لە کوشتنی مەحموود شەوکەت پاشای (الصدر الأعظم- سەرەك وەزیران-) لە ١٩١٣ تاوانبار کرا، بەڵام توانیبوی ڕابکا بۆیە بە (غیابی) حوکمی ئیعدامی بەسەردا درا لە مارسیلیا و مۆنت کارلو نیشتەجێ بوو لە ماڵەکەیدا هەمیشە کۆمەڵێ لە بیرمەندان و نوسەر و پیاوانی سیاسەت و هونەرمەند هات و چۆیان دەکرد و کۆڕیان بۆ ڕێك دەخرا. لەفەرەنسا لەساڵی ١٩٤٤ دا مرد.





جەنەراڵ محەمەد شەریف پاشا خەندان



جەنەراڵ محەمەد شەریف پاشا خەندان

هۆیەك هەیە كە لەمە كەمتر نیە ئەو بیرۆكە گشتیەی زاڵبوو بەسەر دروست كەرانی سیاسەتی بەریتانیدا لەو كاتەوە بەریتانیا چووەتە ناو كێشە و ململانیٚ ی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست، ئەو بیرۆكەیە هەر وەك خۆی مایەوە هەرچەندە بەریتانیا سیاسەتی خۆی گۆڕی لە پشت گرتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە بۆ ئیش كردن بۆ لەناودانی، هیچ نەبیٚ لەماوەی سیٚ ساڵی یەكەمی جەنگدا — (وایت هۆڵ) جیهانی ئاینی ئیسلامی وەك بینایەكی ناوەندی ی دەهاتە پێش چاو كە خەلیفە — سوڵتان بەرزترین پلەی تێدا هەیە. ئیسلامیس یەكیەتیەكی تەواوە.

لەهەمان كاتیشدا ڕێكخراوێكە مل كەچی سەركردەكانیانن و فەرمانیان جیٚ بەجیٚ دەكەن، دەكریٚ بكردریٚ یان ئاراستەبكریٚ یان هەرچیەكی دیكە لەڕیٚ ی فەرمان پێكردن بەسەركردەكەیان، لێرەوە ئە بیرۆكەیەیان لا گەلاڵە بو كە هەركەسیٚ بتوانیٚ سوڵتان مل كەچ بكا دەتوانیٚ هەموو ئیسلام بەگەلان و نەتەوەكانیەوە مل كەچ بكا، بۆیە ئەوسا زۆر بایەخیان بە هەستی نەتەوەیی نەدەدا. ئەمەش هەمان شت بوو كە ئەو كەسانەی لە نوسینگەی عەرەبی كە بەشێك بو لە فەرمانگە (معتمد) ی بەریتانی لە قاهیرە، بڕوایان پیٚ ی هەبوو. بەلاٚم لە دواییدا كاتیٚ كە لەگەڵ شەریف حوسێن كوری عەلی ی میری مەككە بۆ ماوەییێك كاریان كرد بۆیان دەركەوت بەهەڵەدا چوبوون. هەڵەكەیان ئەو كاتە بۆ دەركەوت كە (وایت هول) پێشنیاری كرد كە لایق ترین كەس بۆ (خلافە) ت و لەهەمووشیان دیارتر میری مەككەی عەرەبیە كە لە كۆتایی هاوینی ١٩١٤ دا پەیوەندیان پێوە كردبوو — بەلاٚم لە دواییدا بینی یان هیچ شێخیٚ یان میرێكی عەرەب نیە لە دورگەدا — جزیرە — ئامادە بیٚ دانیشیٚ لەگەڵ میریٚ یان شێخێكی دیكەی عەرەب یان رازی بیٚ بەسەركردایەتیی ئیمامی شەریفیش لە مەككە هیچ نرخێك یان كاریگەریەكی نیە لەم بوارەدا، بۆیە بریتانیەكان زۆر یان پیٚ ناخۆش بوو دوو بارە و لەسەرەتاوە چاو بە سیاسەتەكانیانا بگێرنەوە[١٥]. لەوكاتەدا (كلاتیون) پەیوەندیی دەكرد بە ژمارەییێك

(١٥) (ستورز) لە یادداشتەكانیدا ئاماژە بەوە دەكا كە سەرچاوەی ئەم زانیاریانەی ئەفسەری خانەنشینی عوسمان (عزیز علی المصری) بوو كە دامەزرێنەری كۆمەڵەی پەیمان بوو — جمعیە العهد-، كە ڕێكخراوێكی نهێنی سەربازی بوو بەلاٚم لە بوارێكی تەسكدا. ئەم كۆمەڵەیە لە ئەستەنبول دامەزرا و لقی لەشارەكانی دیمەشق و بەغدا و موسڵ و بەیروت و حەلەب كردەوە. ئەندامەكانی بەزۆری لەو ئەفسەرە عەرەبانە بوون كە لە سوپای عوسمانیدا كاریان دەكرد، بەلاٚم دوای كودەتای دەستوری دژی



پەنابەری عەرەب لە قاهیرە، كە لە چایخانە و شوێنە گشتیەكاندا كۆ دەبوونەوە ووت و وێژیان دەكرد سەبارەت بەوەی كیٚ عەرەبە؟ یان دەبیٚ گەلانی عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا چی بكەن؟ ئەم مەسەلەی پێناسەی نەتەوەییە لە دیمەشق و بەیروتیشدا باس دەكرا، تەنانەت جیٚ ی باس و لێكۆڵینەوەش بوو لەنێوان قوتابیە عەرەبەكان لە پاریس لە سەرەتای دوا چارەكی —الربع الأخیر — سەدەی نۆزدەوە و لە دواییشدا بوە هۆی ئەوەی چەن كۆمەڵەێكی نیشتمانی و یانەی ئەدەبی و پارتی سیاسی ی نهێنی لیٚ بكەوێتەوە.

شەریف حوسێن — كە ئەو نوسینگەیە دەستی بە پەیوەندی كردن كرد لەگەڵیا — لەبری سوڵتان حوكمی مەككەی دەكرد و هەركەسیٚ لەنەوەی پێغەمبەر بوایە ئەوجا ئەو پۆستەی پێدەدرا، ئەمەش نەریتێك بوو كە عوسمانیەكان لەو كاتەی حیجازیان خستە سەر ئیمپراتۆریەت پیا دەیان دەكرد. ١٩١٤ شەریف تەمەنی شەست ساڵ بوو، جگە لەوەش دوور بوو لەگیانی سەردەم و تازەگەری و زۆربەی ژیانیشی لە پایتەختدا بەسەر بردبوو قەتیش هەڵەییێكی لەدەس نەقەوما بوو بەڵكو پیاوێكی بەدین بوو و زۆربەی ژیانی بە نوێژ و دۆعا بەسەر بردبوو. فەرمانبەرانی نووسینگەی عەرەبی لە قاهیرە سەرسام بوون كاتیٚ كە لەهاوینی ١٩١٥ دا نامەییێكیان لەوەوە پێگەیشت بیٚ ئەوەی پێشتر ئاگاداری كردبنەوە یان بیٚ ئەوەی هیچ راڤە كردنێك —تفسیر- بۆ ئەو هەڵوێستەی باس بكا لەنامەكەیدا دەڵیٚ كە هەموو عەرەبی ئاسیا بخرێتە ژێر دەسەلاٚت و حوكمی ئەو لەشانشینێكی سەربەخۆدا، بیٚ ئەوەی ئەوەشی لەبیر بچیٚ كە بەشێكی گەورەی نیشتمانی كوردستانیش تێبخا، كە كوردستانی عیراقە كە ئەوسا لە چوار چێوەی ویلایەتی موسڵدا بوو بەو سنورەی كە ئەوسا هەیبوو ئەمە جگە لە بەشێك لە باكوری ڕۆژهەلاٚتی سوریای ئێستا كە زۆربەی دانیشتوانی كوردن.

سیاسەتی ناوەندی (السیاسە المركزیە —ڕاوەستان كە (اتحاد) یەكان پەیڕەویان كرد و ڕازی نەبوون دەسەلاٚتێكی زیاتر لەوەی دەسەلاٚتی ناوەندی، بدەن بەو ولاتانەی كە بەعەرەبی قسە دەكەن. هەروەها زۆریش داخ لەدڵ بوون سەبارەت بە سیاسەتی بەتورك كردن —التتریك- كەپیادە دەكرا، و وایان دادەنا كە ئەگەر ئەم داواكاریەیان جیٚ بەجیٚ نەكریٚ ئەوسا داوای لامەركەزیەت دەكەن، واتە حوكمێكی زیاتری زاتی بدریٚ بە ولاٚتانی عەرەبی (ستورز —یادداشتەكان- سەرچاوەی پێشو ل١٨٠).

لەوکاتەدا حەملەی بەریتانیا لە مسیو پۆتامیا توشی کێشە هاتبوو و پەیوەندیی ئەنگلۆ کوردی هەر لە ئارادا نەبوو.

ناوی کوردستان و کورد لەو ڕاپۆرتەشدا نەهاتبوو کە ئەو لیژنەیەی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا (اسکویث) پێکی هێنابوو، بەسەرۆکایەتی (السر موریس دی بنسن) MORRIS DE BUNSEN بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی دوارۆژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەریتانیا چی ی لەو ناوچەیە دەوێ و جۆری ئەو حوکمە کە بۆی دیاری دەکا. دەڵێن کە لۆرد (اسکویپ) کە ڕاپۆرتەکەی خستبوە بەردەم ئەندامانی حکومەتەکەی و وت و وێژ لەو بارەوە دەستی پێکرد سەبارەت بە دوا ڕۆژی ئەو زەویانەی لە ژێر ڕکێفی ئیمپراتۆریەتدان (((ئەم ووت و وێژەی ئێمە لە ووت و وێژی کۆمەڵە چەتەییێك دەچێ ((عصابە من القرصان)). پاشان قسەکانی خۆی روونکردبوەوە و گوتبوی ((ئێمە ئەگەر ڕێگە بدەین دەوڵەتەکانی دیکە فڕکان فڕکانی ئەوەیان بێ هەریەکە پارچەییێك لە تورکیا ببا بۆخۆی ئەوسا ئێمە بە ئەرکی خۆمان هەڵنەساوین[١٦])).

(دی نیسن) فەرمانبەرێکی دیپلۆماسی بوو ڕاپۆرتەکەشی وەك پێشنیار —توصیە- وابوو بۆ ئەوەی بەریتانیا دەبایە چی بکا ئەگەر کێشەی عوسمانی بە ئاشتیانە چارەسەر کرا. ئەم لیژنەیەش کە لە ٨/ ی نیسانی ١٩١٥ پێکهێنرا، جگە لەو نوێنەرێکی وەزارەتی هیند و وەزراەتی جەنگ و دەرەوە و دەریاوان و فەرمانگەی دیکەشی تێدا بوو. بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە خاوەن ڕۆڵی سەرەکی لەو لیژنەیەدا کە قسەکانی رەت نەدەکرانەوە و زۆربەی ئەو بۆ چونانەی لە ڕاپۆرتەکەدا نوسرابوون کە لە ٣٠ ی حوزەیران تەواوی کرد جگە لە هی (السر مارك سایکس) هی کەسی دیکە نەبوو، کە لە دوایشدا ڕۆڵێکی سیاسی ی زۆر گرنگی بینی لە دیاری کردنی چارەنوسی ئەو وولاتانەی کە بەعەرەبی قسە دەکەن لە

---

(١٦) ١٦هـ.هـ. اسکویپ: نامەبۆ

فینیتیا ستانلی H.H. Asquith:Letters to Venetia stanly

لەندەن —چاپخانەی ئۆکسفۆر ١٩٨٢ ل ٥١ —بریتون کوپر: سەرچاوەی پێشوو ل ٤٠-٤٢

(گوتمان (هربرت هنری اسکویپ // ١٨٥٢-١٩٢٨ سەرۆکی پارتی ئازایدخوازان —الاحرار- لەنێوان ١٩٠٨-١٩٢٨ سەرۆکی حکومەت بوو. پاشان ناچار بوو دەس لەکار بکێشێتەوە لەبەرئەوەی سیاسەتی لەکاتی جەنگدا سەرلێشێواوی پێوە دیار بوو، بۆیە پۆستەکەی بۆ هاوڕێکەی خۆی ((لوید جورج)) بەجێهێشت.



کوردستان[١٧]، تارادەییێك، بە هۆی ئەو و بە ڕێنمایی ئیدارەکەی ئەو ڕاپۆرتە لەو ڕیەو شوێنانەی کۆڵیەوە کە بەرتانیا دەیتوانی بیکا وەك: بەستنەوەی — الحاق - هەرێمەکانی عوسمانی بە هاوپەیمانانەوە، یان دابەشکردنی ئەو هەرێمانە بەچەند ناوچەییێکی دەسەڵات — مناطق نفوذ —لەبری خستنە سەر —الضم- واز لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بهێنرێ و وەك خۆی بهێڵرێتەوە دوای ئەوەی حکومەتەکەی ناچار دەکرێ مل کەچی هاوپەیمانان بێ، ئیدارەی لامەرکەزی دروست بکرێ لەڕێ ی دروست کردنی چەن یەکەیێکی سیاسیەوە کە جۆرێك لە حوکمی زاتی ی هەبێ؟ لە دواییدا بڕیار لەسەر دوا پێشنیار درا و دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوی داواکەی شەریفی مەککە بەشێوەییێکی (جدی). بەڵام بەریتانیا ئەو کات نەیدەتوانی هیچ بەڵێنیێك بە حوسێن بدات بێ ڕەزامەندی فەرەنسا.

ئەو بیرۆکەیەی کە لە زەینی (السر مارك سایکس) دا جێگیر بوو، کە ئەو سا ببو بەیەکێ لە گەورە سیاسەتمەدارانی نوسینگەی عەرەبی و لە (وایت هول) یش شوێنی خۆی هەبوو و گوێ ی لێ دەگیرا ئەو بیرۆکەیەی بردە لەندەن، کە بریتی بوو لەوەی عەرەب لە فرەنسا گرنگترن. بەڵام ئەمە شتێکی زۆر بێ مانا بوو ئەگەر بە ژێر بێژی —منطق- و

---

(١٧) دەمەوێ هەندێ باسی ئەم کەسایەتیە سیاسیە کاریگەرە بکەم کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ناوی زۆر دێ. ئەوسا تەمەنی ٣٦ ساڵ دەبوو. ئەمە لە بنەماڵەییێکی دەوڵەمەندە لەساڵی ١٩١١ بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا کاتێ لە زانکۆی کامبردج دەیخوێند و دوای ئەوەش چەند گەشتێکی کرد بۆ تورکیای ئاسیەوی و ئەو شتانەی کە دیبونی لەگەشتەکانیدا بڵاوی کردنەوە، بۆیە ناوبانگێکی باشی پەیدا کرد وەك یەکێ لە شارەزاترین ئەندامانی پارتی پارێزگران لە کاروباری عوسمانیدا. چوار ساڵ (ملحق) بوو لە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ. وێنەکێشێکی کاریکاتۆری ی زۆر خامە ڕەنگین بوو. بەهۆی بەهرەو پەیوەندیە فراوانەکانیەوە توانی پەیوەندیەکی باش لەگەڵ زۆر لە کەسایەتیە سیاسیەکان دروست بکا. کە جەنگیش بەرپابوو هەوڵی دا ئیشێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە زانیای و شارەزایی خۆی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو ئیشەدا بەکاربێنێ. لەساڵی ١٩١٤ نامەییێکی بۆ (ونستون چرچل) نوسی بەڵام وەڵامی دەست نەکەوت. بەڵام توانی بگاتە لۆرد (کتشتر) ی وەزیری بەرگری لە ڕێ ی سکرتێری تایبەتی وەزیرەوە (المقدم فیتز جیرالد) ئیتر دوای ئەوە بوو بە فەرمانبەرلە وەزراەتی جەنگدا. لەوێش هاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ برادەری کۆنی (ماکدونو) بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی —الاستخبارات العسکریە- تازە کردەوە، ئەویش لە (کتشنر) نزیکی کردەوە، ئیتر کرا بە ئەندام لە لیژنەکەی (دی بنست دا)، پاشان کرایە ئەندام لە نوسینگەی عەرەبی و بو بە یەکێ لە ئەندامە هەرە دیارەکانی. ساڵی ١٩١٩ لە پاریس مرد بە نەخۆشی (انفلونزا) ئەو نەخۆشیەی لە ئەوروپا بڵاو ببوەوە و ملیۆنەها کەسی کوشت.

تاقیکردنەوەی عەمەلی حیسابی بۆ بکرێ، چونکە فرەنسا دەوڵەتێکی پیشەسازی گەورەیە و سێ ملیۆن سەربازی ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ کردبوو، هەروەها خاوەن ((متسعمرات)) ێکی زۆر فراوانە کە لە دوای ((مستعمرات)) ەکانی بەریتانیەوە دێ لە پێوانەدا — مساحە -. بەڵام بەریتانیەکان دەستیان بە ووت و وێژ کردبوو لەگەڵ فرەنسا سەبارەت چارەنوسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێش ئەوەی حوسێن پەیوەندیان پێوە بکا. بۆیە نەیاندەتوانی هیچ بەڵێنێکی بدەنێ یان لەگەڵی دەربارەی ئەو سنورە بدوێن کە شانشینە داواکراوەکەی دەیگاتێ. لەبەر ئەمە کە (وایت هۆڵ) نوێنەری باڵا - المندوب السامی - -مکماهون- ی ڕاسپارد بەڵێنە بەناوبانگەکە لە ٢٠/ ی تشرینی دووەمی ١٩١٥ دا بدا بە حوسێن، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (ادوارد گری) داوای لە وەزیری دەرەوەی فرەنسا کرد کە شاندێك بنێرێ بۆ لەندەن تاکو باسی دوا ڕۆژی سوریا و سنورەکەی بکرێ، بۆ ئەوەش کە ڕادەی ئازادی حکومەتەکەشی دیاری بکرێ لە مەسەلەی مامەڵە کردن لەگەڵ حوسێندا (کە بڕیاربوو سوریا هەمووی بخرێتە نێو سنوری مەملەکەتەکەیەوە) [18] بۆیە نامەکەی — مکما هون- جێ ی باس و لێدوان نەبوو بەتەنها، بەڵکو ووت و وێژیش لەگەڵ فرەنسا و روسیا و لەدواییشدا لەگەڵ ئیتالیا، کرا. ئەو ووت و وێژە ڕێکەوتننامەی سایکس — بیکۆ- سازانۆف ی لێ کەوتەوە. کەلای مێژوو نووسە عەرەبەکان بەدوو ناوی یەکەم ناسراوە واتە سایکس — بیکۆ. ئەو ڕێکەوتنەی چەند بەشێکی لە کوردستانی بۆ یەکەم جار لەکاتی جەنگدا خستە نێو بازنەی ووت و وێژی سیاسیەوە.

(فرانسوا جورج بیکو) سەرۆکی شاندی فرەنسا بوو، (السر ارثر نیکلسن) یاریدەری سکرتێری هەمیشەیی وەزارەتی دەرەوە سەرۆکی شاندی بەریتانیا بوو لە پێشدا واتە لەسەرەتادا. بەڵام ئەو ووت و ووێژە گەیشتە ڕێگەیێکی داخراو وەك دەڵێن کاتێ کە (مارك سایکس) لە کانونی یەکەم گەیشتە ئەوێ و دوای چەند ڕۆژێ ئەو جێ ی (نیکلسن) ی گرتەوەو بوو بە سەرۆکی شاندەکە.

(مارك سایکس) لە مەزهەبی کاسولیك بوو فرەنساشی خۆش دەویست و لەناخی دڵیشیەوە حەزی دەکرد ئەو وت و وێژە سەربگرێت، بۆیە نەك نەیدەویست بەڵکو

---

(١٨) سوریا و لوبنان و فەلەستین و ئیسرائیلی ئیستای دەگرتەوە.



بەپێویستیشی دەزانی کە فەرەنسا پارێزگاری مەسیحیەکانی سوریاو لوبنان و فەلەستین بکات.

هەروەها ئەو بۆ خۆیشی خاوەنی ئەو شارەزاییە سیاسیە نەبوو کە (بیکۆ) هەیبوو، بیکۆ ئەو دیبلۆماتە زیرەکە خاوەن شارەزاییە زۆرە بوو لەکاروباری (موستەعمەرات) دا، جگە لەبیرورای پێشوی سەبارەت بە سوریا. بۆچونی گشتی لەفەرەنسا ئەوە بوو کە دەبێت فەرەنسا دەست بەسەر سوریادا بگرێت و وازی لێ نەهێنێت ((بۆ هێنانەدی پەیامە مێژووییەکەی mission historique )) وەك (مسیو پیراتین فلاندن) سەرکردەی بزاڤی فەرەنسی ـــــ سوری لەئەنجومەنی پیراندا دەیگوت. پلانەکەی (بیکۆ) وابوو کە دەیویست بە (سایکس) ڕابگەیەنێت کە فەرەنسا بەهیچ جۆرێك لە حوکمی ڕاستەوخۆی سوریا کەمتر ڕازی نابێت، ئەگەر بشیەوێت ئەم داخوازیە بگۆرێت دەبێت (تنازلاتی) دەست بکەوێت بەرانبەر ئەو گۆرانە، ئەوەشی ئەو دەیویست بریتی بوو لەفراوان کردنی بواری دەسەڵاتی - نفوذ- فەرەنسا بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵ بگرێتەوە.

لەم پیلانەیدا کە بەنهێنی دایدەنا، نەیدەزانی کە (سایکس) لەگەڵ (لورد کتشنر)[19] دەیانەوێت ویلایەتەکەی بدەنێ. چونکە ئەوان دەیانویست (نفوذ) ی فەرەنسا لە دەریای ناوەندەوە لە ڕۆژئاوا تا ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات کەسنوری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەناوچوو دەیگاتێ، بکشێ بۆ ئەوەی فەرەنسا روبەڕووی ڕوسیا بوەستێت و ببێتە هۆیەك بۆ بەربەست کردنی (نفوذ) ی ڕووسی بۆ ئەو بەری ناوچە کوردی و تورکیەکان کە ناوچەیەکە زۆربەی دانیشتوانی عەرەبن بەم جۆرەش پارسەنگیەك لەنێوان هەردوو لا دێنێتە دی.

بە ووتەیەکی دیکە فەرەنسا دەبێت ڕۆڵی ((شورای چینی ـــــ سور الصینی)) ببینێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بەریتانیەکان لەوکاتەدا ئامادەبوون تەنانەت دەست لەسەرچاوە نەوتیەکان لە ویلایەتی موسڵدا هەڵبگرن هەر بۆ ئەوەی فەرەنسا لەبەرامبەر رووسیا دابنێن وەك بەربەستێك بەڕای (ماریان کنت)

---

(١٩) H.H.kitchner (١٨٥٠- ١٩١٦) فیلد مارشاڵ وەزیری بەرگری ١٩١٤-١٩١٦ لەساڵی ١٨٩٨ دا توانی سەربکەوێت بەسەر مەهدیدا لەشەڕی (ام درمان) لەسودان و دووبارە دەست بگرێتەوە بەسەر (خەرتومدا) کاتێك کە دەچوو بۆ ڕوسیا کەشتیەکەی (لغم) ێکی دەریایی پیادا تەقیەوە و بۆخۆیشی خنکا.

((لە ڕوانگەی سەربازیەوە مەبدەئی بەکارهێنانی ئەو زەویانەی لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدان بۆ ئەوەی بەربەستێك دروست بکرێت لەنێوان هەر بوارێکی (نفوذ) فەرەنسا و لەنێوان قەفقاسی ڕووسیدا، لەهەر لایەکەوە تەماشات بکردایە هە رکارێکی باش بوو)) [٢٠]

لەلایکی دیکەوە سایکس بەهیوا بوو فەرەنسا بەهێرش کردنە سەر میسر رازی ببێت، بۆیە بە حکومەتەکەی خۆی ڕاگەیاند کەمەسیحیەکانی سوریا بەهیچ جۆرێك ڕازی نابن میری مەککە حوکمیان بکات. سەفیری فەرەنساش لەلەندەن (گامیون) ئەویش سوربوو لەسەر ئەوەی حوکم کردنی فەرەنسا لەو ناوچانەدا زۆر پێویستە بۆ ئەوەی جەنگێکی ناوخۆیی ئایینی ڕونەدات.

لە کۆتاییدا هەریەکە و ئەوەی دەویست لەوی دی دەستی کەوت: فەرەنسا حوکمی لوبنانی گەورەدەکات و (نفوذ) ی خۆی بەسەر سوریا دەسەپێنێت بێ ئەوەی کەس بتوانێت بەربەرکانی بکات، جگە لەمەش (نفوذ) دەکشێت تا ویلایەتی موسڵ. لەکاتێکدا بەغدا و بەسرە بۆ یەریتانیەکان دەمێنێتەوە. بەڵام فەلەستین مایەوە، (سایکس) دەیویست بۆ بەریتانیا بێت لەکاتێکدا (بیکۆ) سوور بوو لەسەر ئەوەی بخرێتە سەر ناوچەی (نفوذ ـــــ دەسەڵات) ی فەرەنسی. لە کۆتاییدا هەردوولا گەیشتنە چارەسەرێك کە هەردووکیان پێی ڕازی بوون ((حل وسط) بەریتانیا هەردوو بەندەری حەیفا و عەککا لەگەڵ پارچە زەویەك کە سکەی شەمەندەفەری پێدا تێپەڕ دەبێت لەو دوو بەندەرەوە بۆ میسۆپۆتامیای دەسکەوت.

ئەو دوایی لەلایەن هەیئەتێکی نێو دەوڵەتیەوە بەڕێوە دەبرێت جگە لەمانە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیك (الشرق الادنی) دەوڵەتێکی عەرەبی یان جۆرێك لە کۆنفیدراڵیان لێ دروست دەکرێت لەچەند دەوڵەتێکی بەناو سەربەخۆ، بەڵام بەشێوەیەکی (عملی) دەکەونە بەرناوچەی دەسەڵاتی (نفوذ) ئینگلیزی و فەرەنسی، بەمەرجێك رووسیا بۆی هەبێت دەست بگرێت بەسەر ئەو دوای ئەیالاتی عوسمانیدا لەباکوری ڕۆژهەڵات کە زۆربەیان کوردن هەردوولا ئەم ڕیکەوتنەیان لە (٣ی کانونی دووەمی ١٩١٦) دا ئیمزا کرد، بەڵام دەبوایە

---

(٢٠) ماریان کنت: نەوت و ئیمراتۆریەت: سیاسەتی بەریتانیا و نەوتی میسۆپۆتامیا. لەندەن ١٩٦٧ ل٨٩.
Marian kent;oil and empire. British policy and Mesopotamia oil.1900-1920.



دووای ئەوە هاوپەیمانی گەورەی سێیەم کە رووسیایە لەو ڕێکەوتنەدا بەشدار بکەن و ڕەزامەندی وەربگرن.

لەسەرەتای شوباتی هەمان ساڵدا و دووای ئەوەی ڕێککەوتنامەکە لەلایەن هەردوو حکومەتەوە پەسەند کرا، هەردوو ئەندازیاری ئەو ڕێکەوتنامەیە ڕوویان کردە (بطرسبورغ) بۆ ئەوەی ئیمزای ڕوسیایشی لەسەر دەستەبەر بکەن. سایکس بەوەی نەدەزانی کە هەردوو حکومەتی ڕوسیاو فەرەنسا گەیشتونەتە چارەسەرێك بۆ کێشەی ئاڵۆزی فەلەستین لەرێی ووتووێژی نهێنیەوە کەلە ٢٦ی نیسانی ١٩١٦ دا کردبوویان، و تیایدا ڕێك کەوتبون لەسەر ئەوەی سنوری ناوچەی دەسەڵات (نفوذ)ی هەردوو لا دیاری بکرێت دووای لەناوچونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، جگە لەمەش ڕووسیا بەڵێنی دابوو بە فەرەنسا کەلە ووتوێژی فەرەنسا و بەریتانیا دەربارەی جۆری حکومەتی پێشنیار کراوی فەلەستین ڕوسیا پشتی فەرەنسا بگرێت. هەروەها دانیشی بەوەدا نابوو کە ئەو ڕیککەوتنەی کە لەکانونی دووەمی ١٩١٦ دا سەبارەت دەسەڵاتی فەرەنسا و جۆری ئەو دەسەڵاتە پێی گەیشتبوون ئەم رێککەوتنە کۆتایی نیە و مەسەلەیەکە تەنها پەیوەندی بەفەرەنساوە هەیە.(سیرجی دیمترۆڤتش سازانۆڤ) وەزیری دەرەوەی روسیا ڕێککەوتنامەکەی (سایکس- بیکۆی) ئیمزانەکرد[٢١] تاکو پاشکۆیەکی بۆ زیاد کراو تیایدا بەشی روسیا لە کوردستاندا دیاری کرا.[٢٢]

---

(٢١) وتەی بەلفۆر بە دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە تا ٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ بڵاونەکرایەوە، بۆیە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە باسنەکرا، نەلەکاتی وتوێژی دوو قۆڵی و نەلە (سان بترسبورغ) یش. شایانی باسە ڕوسەکان هیچ جۆرە سۆزێکیان نە بۆ جولەکە و نە بۆ داواکاریەکەیان سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەبوو، لەپایتەختی ڕوسیا قەناعەت بە سایکس هێنرا کە زایۆنیزم هێزێکی ترسناکی دژ بە ڕوسیایە، هەروەها دوژمنی وڵاتانی دیکەشە. بەڵام سایکس بە وەزیری دەرەەی خۆی گوت کە ئەو بەبیکۆی گوتوە کە بەریتانیا گوێ بەوەنادات کە فەلەستین هی ئەو بێت، بەڵام ئەمە داوای زایۆنیەکانە و دەیانەوێت و دەبێت کە هاوپەیمانان حیسابیان بۆ بکەن و ئەگەر بیانەوێت لە جەنگدا سەربکەون دەبێت پارچەیەکیان بدەنێ.

(٢٢) لەم پاشکۆیەدا سنوری ئەوبەشەی کە دەبێتە هی ڕوسیا لەنیشتیمانی کوردستان دیاری کرا و بەم جۆرە: هەرێمی باشوری وان و بەدلیس لەنێوان تەوەری (محوەر) موش-سعرد –دجلە –جزیرە ابن عمر –لە هێڵی لوتکە شاخاویەکان کە دەڕوانێت بەسەر ئامێدی و مێرگە سوردا کۆتایی دێت.

بێگومان میری مەککە بەم دابەش کردنەی نەدەزانی. لەمیسر سایکس بیکۆی هاوڕێی بەچەند گەورە پیاوی عەرەبی دورخراوە ناساند، پاشان بردی بۆ دورگەی عەرەبی بۆ سەردانی شەریف و دەڵێن گوایا باسی ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵدا کردبوو، بەڵام ئەمە ڕاست نیە چونکە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە بەتەواوی دژی داخوازیەکانی حوسەین و ئاواتەکانی بوو، بەڵگەشمان بۆ ئەمە کە گوێ لە بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنە بوو دووای بڵاوکردنەوەی لە١٩١٨ زۆری لاناخۆش بوو. بەلام نوسینگەی عەرەبی ئینزاری سایکسی کرد کە بوونی فەرەنسا لە ڕوژهەلاتی نزیك لەوانەیە کارەساتی لێبکەوێتەوە. بەڵام سایکس بەردەوام بوو لەهەولی نزیك کردنەوەی بیکۆ لە حوسێن و کورەکانی. لە کۆتاییدا بروسکەیەکی ڕەوانە کرد بۆ حکومەتەکەی (بیکۆ لەگەل عەرەبەکاندا گەیشتنە لیك گەیشتن و ڕێك کەوتن).




**دابەشكردنی سوریا و عیراق و كوردستان**
**بەگوێرەی رێككەوتنامەی سایكس – بیكۆ- سازانۆف ١٩١٦**



## فەسڵی شەشەم

لەوكاتەی كە نوسینگەی عەرەبی لە قاهیرە چاوەڕێی دەكردو هانی بەرپابونی شۆڕشێكی عەرەبی دەدا كە كۆتایی بەچارەنوسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بهێنێت، دوای تێپەڕ بوونی هەژدەمانگ، لەسەرەتای دەست پێكردنی جەنگەوە، بەسەر وتووێژێكی بێ ئەنجام لەگەڵ شەریف حوسێن و هاتوچۆی شاند و نامە گۆرینەوە، دووای هەموو ئەمانە لەپڕ وەزارەتی هیند داوا لەنوسینگەی ناوبراو دەكات كە شوێنەواری ئەو هێرشە بێ ماناو ئەنجام خراپە لە رێڕەوی جەنگ دژی تورك، كەهێرشی میسۆ پۆتامیایە پاك بكاتەوە و راپیماڵێت، چونكە ئەو (حەملەیە) هەرچەندە لەبوارێكی تەسكیشدا بوو بەڵام ئەنجامە سەرەتاییەكانی سەرنەكەوتن و كارەساتی لێكەوتەوە ڕەنگە لەحەملەكەی (غالیبولی) بۆسەر پسفۆر خراپتر بوو[1]

پێش هەڵگیرساندنی جەنگ بەیەك مانگ لەندەن فەرمانی دا هێزێك لە هیند ئامادە بكرێت و ڕەوانەی كەنداوی فارس بكرێت بەمەبەستی پارێزگاریكردنی ناردنی نەوت لە پاڵاوگەی عەبادانەوە، لە نێوان هۆزەكانی ((قشتای)) و بەختیاری لە فارس، لە چالاكی سیخوڕو بەكرێگیراوانی ئەڵمان نەبادا تێكی بدەن. ئەم هێزە لە ١٦ی تشریتی دووەم بەرەو كەنداو كەوتە رێ، ئەم رۆژەش هەمان رۆژ بوو كە بەریتانیا بریاری بەر پاكردنی جەنگی دژی توركیادا.

فاو دوای بۆردومانكردنی بەتۆپ بۆ ماوەیێكی كورت گیرا، دوو هەفتە دووای ئەو هێزی پیادە بەسرەی گرت كە سەد و دە كیلۆمەتر لە زاركی كەنداوەوە دورە، كە ئەم كارەش پێچەوانەی ئەو ئەركە بوو كە پێی سپێرا بوو، ئەركی پاراستنی چاڵە نەوتیەكانی لە هێرشی فارس.

بەرەبەرەكانی توركان لاواز بوو بەسرەش سەدان كیلۆمەتر لە مەڵبەندی مۆڵدانی هێزەكانی توركەوە دووربوو كە دەكەوتە نزیك بەغدا، بۆیە هێزەكانی بەریتانیا توانیان هەموو دژە هێرشەكان تێك بشكێنن و هێزە نیزامیەكان و هێزە عەشایەریەكانیش كەبەدەنگ بانگەوازی

---

(١) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە كتێبی: سی جی لوو.م.ل.اوكیل: سراب السلطه (تاراوگەی دەسەڵات) بەرگی ٢ سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا ١٩١٤ -١٩٢٢ لەندەن ١٩٧٢ ل ٢٨٨٩ و دواتریش
C.J. LAW AND M.L. OKEILL:THE MIRAGE OF POWER VOL 2: BRITISH FOREIGN POLICY 1914-1922

جیهادەوە چووبوون بەئاسانی لەشەڕی (الشعبیە)دا پەرت و بڵاویان بکەن و بەسەریاندا سەربکەون.

بەڵام فەریق (سەرجۆن نیکسن) کە تازە دانرابوو بۆ سەرکردایەتی کردنی هێرشەکە، سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی وایلێکرد کەلە خۆی بایی ببێت ئومێدی زۆرتری هەبێت، هەرکە سەرکردایەتی لەنیسانی ١٩١٥ وەرگرت یەکسەر هێزێکی بەفەرماندەیی (أمیر اللوا چارلس ڤیرس طاونسند) ڕەوانە کرد، کەبەر ڕۆخی دیجلەدا سەربکەوێت بۆ هێنانەدی سەرکەوتنی نوێ، ئەوهێرشە زۆر بەپەلەو بێ لێکدانەوە بوو، رەنگیشە گەران بووبێت بەدووای ئامانجێکی ستراتیژی دیاریکراودا، لەدووایشدا نیکسۆن فەرمانی بەهێزەکە کرد بەرەوە بەغدا بکشێت، سەرەرای نارەزایی طاونسند کە زۆر لەو هێرشەو ئەنجامەکانی دەترسا، چونکە نێوان بەغداو بەسرە لە شەش سەد کیلۆمەتر زیاترە و بڕینی ئەو ماوە دوورو درێژە لە گەڵ شیمانە (احتمال) ی هێرشی دوژمن و شەڕ بەرپابوون، پێویستی بە شارەزاییەکی سەربازی زۆر و هێزی گەورەو هۆی هاتوچۆی ناو ڕووبار و کەلوپەلی نەخۆشخانەی مەیدانی و تۆپ و تەقەمەنی و ئازووقە هەبوو،لەو کاتەشدا حکومەتی هیند نەیدەتوانی هەموو ئەمانە دابین بکات بۆ ئەو هێرشە.

هێزەکانی طاونسند بە زەویەکی چۆڵ و زەلکا و و هۆردا تێدەپەڕی کە نەرێگەی تێدا بوو نەسکەی شەمەندەفەر، بۆیە دەبایە ئەو هێزە بەرۆخی دیجلەدا بکشایە کەتەنکاو پێچی زۆری تێدایە و هەندێ جار ئاوەرۆی دیجلە لەناو هۆرەکاندا ون دەبوو و پێویستی دەکرد کەرەوە بەلەمێك (اسطول من الزوراق) هەبێت بشێ بۆ ئەو جۆرە شوێنانە، ئەمە جگە لەبڵاوبونەوەی لەرزوتا، مەلاریا و نەخۆشی دیکەی زەلکاوەکان کەپێویست دەکات نەخۆشخانەی مەیدان و ئامێرو خزمەتگوزاری پزیشکی هەبێت و ئامادەبێت و سەرەرای هەموو ئەمانە جەنەراڵ بە سەبر و بەعینادەوە شەڕی دەکرد و ڕێگەی خۆی دەبڕی، بەبەهرەیەکی سەرکردایەتیانەوە کە دەگەیشتە رادەی بلیمەتی و زۆری نەمابوو سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت کەکەم وێنە دەبوو لە مێژووی جەنگدا ئەگەر لەکاتی گونجاو دا ئەو چەك و تەقەمەنی و ئازوقەو یارمەتیەی داوای کردبوو پێی بگەیشتبایە.

لەگوندی سەلمان پاك کەبە (٣٣ کیلۆمەتر) دەکەوێتە باشوری بەغدا هێزە بچوکەکەی لەوێدا مۆل دابوو، لەوکاتەدا هەواڵی پێگەیشت کە (فیلد مارشاڵ گولمان فون در گولتسە) کەیەکێك بوو لە گەورە ستراتیجیکانی سەردەمی خۆی بووە بەفەرماندەی باڵای سەرجەم هێزەکانی عوسمانی لە میسۆپۆتامیا،هەروەها هەواڵی ئەوەشی پێگەیشت کە (٣٠ هەزار)



سەربازی تورك ئامادەکراون کە بێن بەهانای ئەو ئەو سیازدە هەزار سەربازەی ترەوە کە ڕووبەڕووی ئەم وەستاون، ئەمە لەکاتێکدا کەهێزەکانی تاوسەند ژمارەیان نەدەگەیشتە ئەوەندە و بەو حاڵە خراپەوەی کە باسمان کرد.

(طاونسند) زانی کەنزیکترین شوێن کە دەتوانێت تیایدا خۆی بگرێت لەڕووی ئەم هێزانەدا نزیکەی (٣٥٠) کیلۆمەتر لەبەغداوە دوورە و دەکەوێتە رۆخی دیجلە. بەڵام ئەو نەفامانە پەلەی کردو بڕیاریدا کەسەربازەکانی لەبەرئەوەی زۆر ماندوون ناتوانن بکشێنەوە و ئەو هەموو ڕێگەیە ببڕن بەڵام دوای کشانەوەیەکی زەحمەت و بڕینی سەدو حەفتا کیلۆمەتر، کەلەو ڕێگەیەشدا چەندین جار تورك هێرشیان کردە سەری، بڕیاریدا بوەستێت و لای کوت خەندەق لێبدات، بەڵام دووای ئەوەی هەزار کەس لەهێزە بچووکەکەی لەناوچون، کوت لەوکاتەدا شارێکی بچوك بوو،ماڵەکانی لەقوڕ دروست کرابوون، دەکەوتە پێچێکی دیجلە کەلە سێ لاوە ئاوەکەی دەورەی دەدا، طاونسند چووە کوت و لای بەری چوارەمی خۆی قایم کرد، ئیتر وەك بڵێیت لە قەڵای قایمدا بێت و خۆی تیایدا حەپس کردبێت و بەزەحمەتیش هەم خۆی و هەم تورکەکان، دەیانتوانی بچنە ناوی یان لێی بێنە دەرەوە. بۆیە (فیلد مارشاڵ) ی ئەڵمانی هێزێکی لەوێ بەجێهێشت و گەماڕۆی دا تاوەکو هێزی بەریتانی نەتوانێت بچێتە ناوی.

طاونسند پەنای بردە بەر پلانێکی سەرکەوتوو بۆ ڕزگارکردنی هێزەکەی، بەڵام ئەوەندە پەلەی تێدا کرد کەهەلی سەرکەوتنی پلانەکەی لەناودا. چەك و تەقەمەنی و ئازوقە ئەوەندە هەبوو کەتا نیسانی ١٩١٦ بەشی بکات بەڵام کە بروسکەی کردو درۆی تیادا کردو وتی تاکانونی دووەم ئازوقەو تەقەمەنی هەیە. بۆیە ئەو هێزەی کەتەرخانکرابوو گەمارۆکە بشکێنێت نەدەکرا لەوماوەیەدا ئامادەبکرێت کەئەو دیاری کردبوو بەڵکو چەند هەفتەیەکی دیکەی دەویست، بەلام بروسکە یەك لە دووا یەکەکانی ئەو هێزەی دەکرا و دانرابوو ڕزگاری بکات، ناچاری کرد کە بچێتە شەرێکی نابەرابەرەوە و هەوڵی شکاندنی گەمارۆکەش سەری نەگرت. بەڵام ئەگەر طاونسند چاوەڕێی بکردایە هێزێکی تەواو ئامادە بکرێت دەکرا هێڵی هێزەکانی تورك بشکێنرێت و هێزەکەی لەو گەمارۆیە ڕزگاربکات.

لە ٢٦ی نیسان ئازوقەی طاونسند تەواو بوو، وەزارەتی هیند داوای لە نوسینگەی عەرەبی کرد شتێك بکات، نوسینگەکە (لورنس) و (کاپتن ئوبری هربت) وەك نوێنەری نوسینگە دیاری کرد (کاپتن ئوبری هربت) ئەندامی پەرلەمان و دۆستێکی ناسراوی تورك بوو پێش جەنگ.

گەمارۆکەی کوت (١٤٦) ڕۆژی خایاند، ئەو بەرگریەی کرا لەداستانەکانی قارەمانیەتی دەچوو بەلام مەلاریا هەموو تواناکانی طاونسند لەناوبرد. بۆیە ملیۆنێك پاوەندی دانا بۆ تورکەکان لەبەرامبەر هەڵگرتنی گەمارۆکە، بەڵام (لورنس) و هاورێکەی دووقاتی ئەو پارەیان بە (خەجاڵەتیەوە) پێشکەش کرد بەڵام بەتوندی ئەم سەوداو مامەڵەیە لەلایەن (ئەنوەر) ی وەزیری جەنگەوە درایە دوواوە و قبوڵ نەکرا، لەوەش دەچوو ئەنوەر زۆر کەیف ساز بوو بەزەلیل کردنی بەریتانیەکان. طاونسند هەرچی تۆپ و تەقەمەنیەکی هەبوو هەمووی تێکدا و لەناوی برد، بێ هیچ مەرجێك خۆی دا بەدەستەوە، بۆخۆی ڕەفتارێکی باشی لەگەڵدا کرا لەئەستەنبوڵ بەڵام سەربازەکانی ١٧٠ کیلۆمەتر بەپێ تابەغداد بردنیان و لەوێشەوە ٨٠٠ کیلۆمەتر دیسانەوە بەپێ تا ئەنادۆڵ، پاشان بەزۆر ڕەوانەی شوێنی دانانی سکەی شەمەندەفەریان کردن تاکو لەوێ ئیش بکەن ژمارەیەکی زۆر کەمیان لەمردن ڕزگاریان بوو.

لەنێوان پێنج و دەی حوزەیرانی ١٩١٦ شەریفی مەککە شۆرشی بەرەسمی دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرپاکرد[٢]، ئەمەش کۆتایی ئەو دانوستانە بوو کە لەنێوان ئەو و نوسینگەی عەرەبی و زیاتر لە هەژدە مانگی خایاند وەك باسدەکرا لەو ماوەیەدا شەریف بەرتیل و پارەی لە هەردوولای تورکی و بەریتانی دەدرایێ.

لەواقیعیشدا شەریف ناچارکرا شۆرش بەرپابکات، دووای ئەوەی کە بەرگوێی کەوت (الجون ترك) بەتەمان هێزێکی سەربازی بنێرن بۆ لادانی. لەمانگی نیسانی هەمان ساڵدا ولەرێی جەمال پاشاوە پێیگەیشت کە هێزێکی هەڵبژاردەی زۆر باشی مەشق پێکراو کەبریتیە لە سێ هەزارو پێنج سەد سەرباز ئامادەن بەرەو حیجاز بێن بۆئەوەی بگەنە لای باشوری دورگەی عەرەب، لەوێ شارەزایان لە ئەفسەرانی ئەڵمان بەتەمان وێستگەیەکی تەلەگراف دابنێن. ئەم هێزەش دەیتوانی دەسەڵاتی شەریف لەناو بەرێت کاتێك بەو زەویانەدا تێدەپەڕێت کەلەژێر دەسەڵاتی ئەودان بۆیە ئەویش دەست پێشخەری کردو شۆرشی بەرپاکرد، لە پێشدا داوای پارێزگاری لە کەشتیگەلی بەریتانی کرد کەبەدرێژایی کەناری حیجاز بڵاوبووبوونەوە، لەکاتێکدا هەر پێش یەك مانگ داوای (٥٠) هەزار لیرەی زێڕی کرد لە ئەستەنبوڵ گوایا دەیەوێت هێزێك ئامادەبکات بۆشەڕکردن لەگەڵ بەریتانیەکان. لەهەمان کاتیشدا (١٠٠) هەزار پاوەنی ئیستەرلینی لەبەریتانیەکان وەرگرتبوو بۆئەوەی هێزێك ئامادەبکات و دژی تورکەکان

---

(٢) لە نوسینە عەرەبیەکاندا ئەم ڕووداوە بە مێژووی کۆچی تۆمارکراوە: نۆی شەعبان.



شەڕبکات[٣] ئیتر کەشتیگەلی بەریتانی کەوتە خۆیی و بەدرێژایی کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای سور کەوتە جموجوڵ و بۆئەوەی ڕێگە لەهێزەکانی تورکی –ئەڵمانی بگرێت و نەهێلێت یەك هەنگاو بێنە پێشەوە. نوسینگەی عەرەبی ئاهەنگی بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنە مەزنەوە گێراو (السرمارك سایکس) بەشی دروومانی لە سوپای بەریتانی تەرخانکرد بۆ ئەوەی هەزار ئاڵا بۆ شۆرش کە خۆی لەرەنگی سپی و سورو رەش و سەوز دایناب‌وو[٤] بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت لەسەر

---

(٣) لەمبارەیەوە واباشە بگەرێینەوە سەرکتێبی (ارنست داون) لە عوسمانیەتەوە بۆ عەرەبایەتی لەندەن ١٩٧٣ ل ٣٣ و دوای ئەویش

EDRENST DAWN:FROM OTTOMANISM TO ARABISM

(٤) (السرمارك سایکس) گوتی ئەوان لەنوسینگەی عـەرەبی بەمێـژووی عەرەبـدا چـونەتەوە بینیـان کـە دروشـمی عەباسیەکان ڕەش بوو، عەلەویەکانیش سەوزو ئومەویەکانیش لە جەنگەکانیاندا ئاڵای سوریان هەڵدەکرد، لەکاتێکدا ڕەنگی سپی باشترین گوزارە بوو لە حوکمی خەلیفەکانی ڕاشیدین.

PS.244.4، 588(اوراق سایکس - نوسینەکانی سایکس)

مامۆستا نەجدەت فەتحی سەفوەت لەو پێشەکیەی کە بۆ یادەشتەکانی جەعفـەر عەسـکەری نوسـیبوو: چـاپی لەندەن ١٩٨٨-پەراوێزی ل٢-٣ کەئەویش لە کتێبی ململانێی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە دایك بوونی هەردوو دەوڵەتی سوریاو لوبنان کە هاوڕێی کۆچ کردومان دوکتۆر: زین نورالدین زین دایناوە وەری گرتبوو ئەمـەش دەقەکەیەتی (.... بەڵام جەعەفەر پاشای عەسکەری لەو یاداشتانەیدا کە بڵاونەکرایەوە دەڵێت: ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٩١٧ دا کە لە قاهیرە بوو،(کلایتون) ئاڵایێکی پیشانداو پێی گوتبوو: ئەمە ئاڵا عەرەبییە چوار ڕەنگەکەتانە، و شەریف حوسێن بۆ خۆی دایناوە) مامۆستا سەلمان موسا لە کتێبەکەیدا ((الحركه العربیه)) (بزوتنەوەی عـەرەبی) هەمان شتی گێراوەتەوە (ل٣٨) کەلەوەوە وەریگرتووە، هـەروەها ئاماژەیـشی بەکتێبەکـەی -زیـن نورالـدین زیـن- کردووە.

ووردبینی و بەراووردو دەست پاکی لە وەرگرتنـی بەڵگەنامـەو نوسـراوەکاندا، هـیچ کاتێـك مەبەسـت نـەبووە لای ژمارەییێکی زۆری نوسەرو مێژوونوسانی هاووەچەی (جیلنا) ئێمە لەو وڵاتانەدا کە بەعەرەبی قسە دەکەن بەتایبـەتی کاتێ مەسەلەکە پەوەندی هەبێت بە ڕووداوێك یان شتێکەوە کەمایەی شانازی و پێوە نازین بێت یان بۆ گەورە کردنی کەسایتیەکی عەرەبی بێت من بڕواناکەم کەسیان لەم مەسەلەیەدا درۆیان کردبێـت لە جەعفەر عەسـکەریەوە بـەرەو خوار، بەڵام مەنطقی دروست و ئەوەی زیاتر زەین بۆی دەچێت ئەوەیە کە (کلایتون) کە یـەکێك بـوو لـە داڕێـژەرانی ئەندازەی ئاڵای عەرەبی، بۆیە ئەو درۆیەی کردووە چونکە دەیویست جەعفەر هانبدات بچێتە پاڵ شۆرشەکەی شەریف کە ئەوکاتە لە قاهیرە دیل بوو هـەروەها رەنگـە بـۆ -مبالغـە- زیـادە ڕۆیـی کـردنیش بوبێـت تـاکو جەعفـەر وا

لێشێواوی ئاڵای عەشایەرەکان، وەك خۆی گوتبووی نوسینگەی عەرەبی وای بۆ چوبو کە هەڵگیرساندنی شۆڕش دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو جیهانی ئیسلامی کە بە عەرەبی قسەدەکەن بدەنە پاڵی و پشتگیری بکەن دەتوانین بڵێین کە تێنەگەشتنەکەیان گەیشتە ئەو ڕادەیەی وای بۆ چووبوون کە زۆربەی عەرەبی سوپای عوسمانی دەدەنە پاڵ شۆڕش و هەزاران سەربازو ئەفسەر پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکەن. بێگومان فەرمانبەرانی نوسینگەی عەرەبی بەهەندێك زێدە ڕۆیی چەند ئەفسەرێکی دیلی عەرەب هەڵخەڵەتابوون، هەروەها فەیسەڵ و باوکی نامەیان نارد بۆ نوسینگە و سوربوون لەسەرئەوەی کە ئەوان بەتەمان نزیکەی سەد هەزار سەربازی عەرەب کە سێیەکی کۆی سوپای عوسمانیە -بەپێی بۆچونی خۆیان- دەدەنە پاڵ ئەوان و پشتگیری شۆڕش دەکەن(٥). ئەوەی ڕوویدا، ئەو شۆڕشەی حوسێنی هەڵیگیرساند یان بە ئومێد بوو هەڵبگیرسێ قەت ڕووی نەدا، هیچ یەکەیێك لە سوپای عوسمانی چەند بچوکیش بێت نەیدا بە پاڵ شۆڕش هیچ کەسایەتیەکی دیاری عوسمانی، سیاسی یان سەربازی، نەیدایە پاڵ ئەو یان هاوپەیمانان. ئەو کۆمەڵە نهێنیەی کەبە کۆمەڵەی (العهد)(٦) ناسرابوو کە نوسەرانی مێژووی عەرەبی زۆر بەشان و باڵیدا

تێبگەیەنێت کە شۆڕشی گەیشتووەتە پلەیەکی بەرزی ڕێکخستن و سەرکردەکەشی کە شەریفی مەککەیە پیاوێکی خاوەن پلە و مەقامی بەرزو ڕۆشنبیرێکی زۆرە، بەتایبەتی کە جەعفەر عەسکەری ئەوسا هیچی لەبارەی شەریفی مەککەوە نەدەزانی، بەڕاستیش غەدر لە شەریف حوسێنی کوری عەلی دەکەین ئەگەر داهێنانی ئاڵایەکی جیهادی بدەینە پاڵ ئەو (چونکە ئەو زانیاریەکی زۆر کەمی هەبوو سەبارەت بە مێژووی عەرەبی هەروەها پیاوێکی سنگ فراوان نەبوو) هەردوو رەنگی (سورو رەش) هێمایە بۆ دوو دەوڵەتی عەرەبی کە حوکمیان لە دەس بنەماڵە عەلەویەکەی بەزۆر دەرهێناو گەلێکیشیان لێ کوشتن لە باب و باپیران و خزم و کەس و کاری بە درێژایی دەسەڵاتی ئەو دوو دەوڵەتە لە واقیعیشدا ئەم ئاڵایە بەسەریدا سەپێنرا وەك بەسەر ئەو سەرۆك هۆزانەشدا سەپێنرا کە بەشدارییان لە شۆڕشدا کرد هیچیشیان جگە لە زێری بەریتانیا لایەن و مل کەچی هیچی دیکە نەبوون.

(٥) بەڵگەنامەیەکی بەریتانی fo.882.vo11.19kew ab-16-5 بە قسەی سایکس (سەرچاوەی پێشوو) ئەوان دڵنیایان کردبوو کەوای بۆ دەچن چارەکە ملیۆنی سەرباز بدەنە پاڵ شۆڕش، ئەمەش نزیکەی هەموو سوپای عوسمانی بوو لەو بەرەیەدا.

(٦) لە کتێبی (وریابوونەوەی عەرەب) ی جۆرج ئەنتۆنیۆس The araba waiking وەرگێرانی عەرەبی (دارالمعلم لملاین) ١٩٨٠ بەیروت گوتراوە: لەسەرەتای ١٩١٤ عەزیز عەلی دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی نەخشەیەکی دیکە، ئەوەبوو ڕێکخراوێکی دیکەی سەربەخۆی دامەزراند جگە لە کۆمەڵەی یەکەم و لەکەسانی مەدەنی تەنها دوو کەسی تێدا وەرگیرا کەلەبەر نیشتیمان پەروەری و دەستپاکیان هەڵبژێردران. لەبەر ئەوەی عیراقیەکان ژمارەیان زۆر بوو لە



هەڵدەدەن، کەلەسەر دارو پەردوی چەند کۆمەڵەیێکی نهێنی عەرەبی دروست کرابوو، نەیوێرا خۆی دەربخا یان تەنانەت بانگەشەی ئەوە بکات کە هەیە، لە کاتێکدا سەرۆك و دامەزرێنەرەکەی (عزیز علی میسری) لە قاهیرە هاوکاریەکی تەواوی دەکرد لەگەڵ نوسینگەی عەرەبی وەك شارەزاو وەك ڕاوێژکار نەك وەك قسەکەر بەناوی کۆمەڵەیەکەوە.

شۆڕشێکی حیجازی - عەرەبی قەت ڕووی نەدا، لەبری ئەوە چەند هەزار کەسێك لە پیاوانی عەشایر پارەو بەخشینی بەریتانیا کۆی کردبونەوە، ئەمانەش کۆڵەکەی سەربازەکانی حوسێن بوون، سوپایەکی مەشق پێکراوی نەبوو هیچ جۆرە یارمەتی یان پشتگیری - ماددی یان ئەدەبی نەلە حیجاز و نەلەجەزیرەو نەلە هیچ بەشێك لەبەشەکانی ئەو جیهانەی کەبە عەرەبی قسەدەکەن بۆ شۆڕش نەبوو ئەو دە ئەفسەرەی کە هیچیان خەڵکی حیجاز نەبوون و دایانە پاڵ حوسێن لە دیلەکانی جەنگ یان دوور خراو بوون ئەویش ئەفسەرە بەریتانیەکان قەناعەتیان پێکردن کەبدەنە پاڵ حوسێن، هەندێکیشیان بەم ڕێگەیەوە توانی خۆی ئازاد بکات لە دیلی، لە نێوانیشیاندا چەند ئەفسەرێکی کورد هەبوون.

ئەم کتێبە نایەوێت لەمە زیاتر باسی ڕووداوەکانی شۆڕشی عەرەبی بکات، بەڵام ئێمە ئەمەمان بەپێویست زانی لەبەرئەوەی پەیوەندی هەبوو بە دواڕۆژی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردەوە، بەتایبەتی داواکاریە سیاسیەکانی حوسێن لە ڕێکەوتنەکانی پاش جەنگ.

لەبەریتانیا وەزارەتێکی بەسەرۆکایەتی (لوید جورج) پێکهێنزا بەم جۆرە لە (ئیتلافی) (اسکویپ) و وەزیری دەرەوەکەی (لورد گری) ڕزگاریان بوو، چونکە هەردووکیان دژی ئەوەبوون (نفوذ) ی بەریتانیا تا ڕۆژهەلات و ڕۆژهەلاتی نزیك -الشرق الادنی- بکشێت. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچونە ئەوەیە کاتێك کە جەنەراڵ شەریف پاشا لەسەرەتای جەنگدا ئامادەیی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی کورد لەگەڵ بەریتانیا،کەچی (اسکویپ) و حکومەتەکەی بەپیریەوە نەچوون، بەڵام سەرەك وەزیرانی نوێ بڕوای بە گرنگی مەزنی ڕۆژهەلاتی نزیك هەبوو لە مەسەلەی سەرکەوتن لە

سوپای عوسمانیدا، بۆیە هێزی خۆی هەبوو لە ئەنجومەنەکانی کۆمەڵەی (العهد) و لقیشی کردەوە لە بەغدا و موسڵ ئیتر ئەم کۆمەڵەیە بۆ ئەفسەرەکان وەك کۆمەڵەی (العربیە الفتاە) وا بو بۆ مەدەنیەکان. هەرچەندە هەردوو کۆمەڵەکە بەیەکتریان نەدەزانی لەسەرەتادا، بەڵام چالاکی هەردوولایان هەریەکەیان لە گۆرەپانی خۆیدا تەواوکەری چالاکی ئەوی دیکە بوو تا ساڵی ١٩١٥ کە هەردوو کۆمەڵە لە دیمەشق بەیەك گەیشتن شێوازی کاری خۆیان یەکخست بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی عەرەبی.

جەنگدا، یەکەم هەنگاویشی کەنای بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە، ئەوەبوو کە فەرمانیدا بەهێزەکانی لە میسر بۆ ئەوەی دەست بکەن بە هێرش و یارمەتی هێزەکانی میسۆپۆتامیا بدەن بۆ ئەوەی دیسانەوە هێرش بکەنە سەر بەغدا و سەرووی بەغدا و باشوری کوردستانیش.

کارەساتی کوت حکوومەتی لەندەن و رای گشتیی بەریتانی تووشی شڵەژانێکی توند کرد کە ئەنجامەکەی بەوە شکایەوە پاکسازیەکی سەربازی فراوان لە سەرەوە دەستی پێکرد سەرکردایەتی هێرشەکەش بە جەنەراڵ مۆد سپێردرا کە دووبارە دەستی کردەوە بە کردەوەی سەربازی لە ژێر فەرماندەیی وەزیرێکی باش و جێگری نوێی مەلیك لە هیند. و بەشەرێکی رێك و پێك و وریا توانی لە ١١ی ئازاری ١٩١٧دا بچێتە ناو بەغدای پایتەختی ولایەت. تائەو کاتە ئامانجی هێرش کردنەسەر بەغدا روون نەبوو و نەشدەزانرا خزمەتی چ دەکا لە ستراتیجیەتی جەنگ بەشێوەیەکی گشتی. بەڵام داگیرکردنی پایتەختی خەلافەتی دێرین. کە ناوبانگەکەی زیاتر بە ((الف لیلە و لیلە))وە پەیوەستە کە وەرگێرانەکەی بەشێوەیەکی زۆر فراوان لە ئەوروپادا بڵاوبوەوە و کاری کردبووە سەرخەیاڵی سەرەك وەزیرانی نوێ و بەمەش ناوبانگێکی باشی لای رای گشتی مسۆگەر کرد. ئەم سەرکەوتنەی میسۆپۆتامیا بووە مایەی سەرسامی ئەوانەی رێککەوتنامەی سایکس-بیکۆ- سازانۆف داناو رەزامەندی هەرسێ دەوڵەتیشیان لەسەر وەرگرت، ئەمە بەخەیاڵی (السر مارك سایکس) بەتایبەتی و دووای ئەویش بە خەیاڵی حکومەتەکەیدا نەهاتبوو.

لەئەنجامەکانی ئەم سەرکەوتنە ئەوەبوو کە دووبارە دەبایە چاو بخشێنرێتەوە بە دووا رۆژی ئەو هەرێمانەی عوسمانی کە داگیر دەکرێت و نەکەتووەتە نێو ئەو رێککەتنامە سێ قۆڵیەوە بەتایبەتی دووای ئەوەی رێگە درا بەجەنەراڵ مۆد بەردەوام بێت لە کردەوە سەربازیەکانیدا و بەرەو باکوری بەغدا، حکومەتی هیند دەیویست هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە ببەستێتەوە بە خۆیەوە ئەگەر بەیەکجاری لە ئیمراتۆریەتی عوسمانی داماڵران، بەڵام سایکس و نوسینگەی عەرەبیی و دۆستی عەرەب ئەمەیان لا باش نەبوو. لە یاداشتێکدا کە (سایکس) لە کۆتایی ساڵی ١٩١٦ دا نوسیبوی بۆ حکومەتەکەی ئاگاداری کردبوونەوەو گوتبوی ((ئەگەر لەهیندستانەوە دەست بەکارکردن بکەن ئەوسا هەموو نەریتە کۆنەکانمان بە دوو بنەمای رەش وسپی تەماشا دەکرێت و ناشتوانن عەرەب راکێشنە مێزی رەش و سپی))(٧) ئەمەش لەبەر رێك کەوتنەکەی خۆی بوو کە دەترسا بیمرێنن.

---

(٧) بریتون کوپر پوچ: هیندی بەریتانی و عەرەب ١٩١٤-١٩٢٤ چاپخانەی زانکۆی کالیفۆرنیا مێژووی چاپی بەسەرەوە نییە.
BRITON COOPER BUSCH:BRITAIN Indian and the arabs 1914-1921





سوپای بەریتانی دێتە ناو بەغدا — ١١ی ئاداری ١٩١٧

لەمیسۆپۆتامیا (سیربرسی کوکس) سەرۆکی فەرمانگەی حەملەکە، سەرقاڵی دارشتنی بەیانێك بوو کە بۆ خەڵکی بخوێنرێتەوە، تیایدا داوای لێکردبوون هاوکاری ئیدارەی جارەکی -مؤقت- بەریتانی هیند بکەن. بەڵام لەندەن لەو بەیانە رازی نەبوو فەرمانی پێکرد کە بڵاوی نەکاتەوە. پاشان رەش نوسی دیکەی زۆر نوسرا بۆ ئەو بەیانە و لەدووای لێدوان و مشتومرێکی دورو درێژ وەزارەتی جەنگ ئەو دەقەی هەڵبژارد کەسایکس نوسیبووی وەك بناغەیێك بۆ شێوازی کۆتایی کە دوایی بڵاوکرایەوە، لەو بەیانەدا داوالەسەرکردە عەرەبەکان (بێ ئەوەی کەس دەست نیشان کرابێت) کرابوو بەشداری حکومەت بکەن و هاوکاری دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی بکەن. جگە لەمە کۆمەڵێك دەستەواژەی بریقەداری تێدابوو سەبارەت بە ئازادی و رزگاربوون و شکۆمەندی رابوردو و دوارۆژی مەزن، کە چاوەرێی وڵات دەکات لە دوا رۆژدا بەو هیوایەش کە نەتەوەی عەرەب رێگای روونی خۆی دەدۆزێتەوە بەرەو یەکێتی لەباکورو باشورو رۆژهەڵات و رۆژئاوا، هەروەها بەشێوەیەکی لێڵیش ئاماژە بە کۆن فیدراڵیەتێکی عەرەبی کراوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەسەرکردایەتی مەلیك حوسێنی سوننی سەرەرای ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی بەغداو بەسرە شیعەن.

جەنەراڵ بەشێوازەکەی سایکس رازی نەبوو و وای بەپێویست دانابوو وەك کەسێکی سەرباز کە دەبێت ئیدارەیەکی بەریتانی دابمەزرێت بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش، چونکە هێشتاکە شەر بەردەوامە. هەروەها وایشی بەباش زانی کە پێشکەش کردنی جۆرێك لە بەرێوەبردنی ناوەخۆیی -ادارە محلیە- بۆ عەرەبەکانی بەغدا کارێکی باش دەبێـت. بەڵام ئەوبەیانەی کە بڵاوکرابویەوە هیچ حیسابێکی بۆ ئەو واقیعە نەکردبوو کە زۆربەی دانیشتوانی بەغدا ئەوسا عەرەب نەبوون، بەڵکو تێکەڵ بوون لەچەند نەتەوەیەك، بەڵام دەقەکەی سایکس بەزۆر سەپێنرا بەسەر جەنەراڵدا و ئەمەش بووە هۆی ئاشوب و پشێویەکی زۆر. بەرواڵەتیش بەیانەکە دەیگوت هێزەکانی ئەنگلۆ هیندی داگیرکەر حوکمی میسۆپۆتامیاناکەن، بەڵام روونیشی نەکردبووەوە حاکمەکەی کێ دەبێت.

لە ١٦ی ئازاری ١٩١٧ وەزارەتی جەنگی بەریتانی لیژنەییێکی پێك هێنا بەناوی (لیژنەی بەرێوەبردنی میسۆپۆتامیا) بەسەرۆکایەتی (اللۆرد کرزن) وەزیری دەرەوە، و بەو لیژنەیە سپێردرا جۆری ئەو شێوازەی حوکمی وڵاتی داگیرکراوی پێ دەکرێت، دیاری بکا. لیژنەکەش بریاری دا ویلایەتی بەسرە راستەوخۆ لەلایەن ئیدارەی بەریتانیاوە ببرێت بەرێوە، ویلایەتی



بەغداش یەکەیەکی سیاسی عەرەبی تایبەت بێت لەژێر پارێزگاری بەریتانیادا و هەموو فەرمانبەرەکانی سەربە حکومەتی هیندی لێ بکێشرێتەوە. هەر کە بریارەکە گەیشتە جەنەراڵ مۆد بەم بروسکەیە وەڵامی دایەوە:.((بارودۆخی ناوخۆ رێگە نادات هیچ کەسێك جگە لە ئەفسەرە بەریتانیە بەتواناکان کە دەتوانن هەڵسوکەوت لە گەڵ دەسەڵاتی سەربازی و خەڵکیدا -الاهالی- بکەن. دابنرێت پێش ئەوەی هیچ کردەوەیەکی دروست کردنی رەواڵەتێکی راستەقینەی عەرەبی پیادە بکرێت، بەپێویستی دەزانم کەبنەماکانی یاساو نیزام بەراستی بچەسپێنرێـت))[8] ئاشکرایە کە لەندەن نەیدەزانی کە ئەو دوو ویلایەتەی میسۆپۆتامیا خەڵکەکەی تێکەڵن، هەروەها هیچ بایەخیشی نەبەوەدا و نەبەو رك کینەیەی کە پشتاو پشت ماوەتەوە لەنێوان کەمایەتی سوننە و زۆرایەتی شیعەدا، هەروەها ململانێی توندی عەشیرەتگەری و دابەشکردنی مێژووی و جوگرافی بەتایبەتی دوای ئەوەی کە پێشەنگەکانی سوپای بەریتانیا نزیك ویلایەتی موسڵ (کوردستان) کەوتبونەوە.

کێ کاروباری بەرێوەبردن و دادگاو شارەوانی بەرێوەدەبات؟ لیژنەکەی (لورد کرزن) لەلەندەن هیچ بیرۆکەیەکی لا گەڵاڵە نەبوو سەبارەت چۆنیەتی بەرێوەبردنی ئەم ئیش و کارانە دوای دەرکردنی فەرمانبەرە عوسمانیەکان و هەڵوەشاندنەوەی ئیدارە، هەروەها کێش کاروبار بەرێوەدەبات لەکاتێکدا هێشتا جەنگ بەردەوامە و سوپای بەریتانیایش سەرقاڵی راونانی تورکەکانە لە هەرێمەکانی ویلایەتی موسڵ.

لەکۆتاییدا دەسەڵاتی سەربازی ناچاربوو فەرمانبەرەکانی ئیدارەی هیندی بهێڵێتەوە بە پێچەوانەی رای لیژنەکە. ویلایەتی بەغدا و بەسرە یەکەم و دووەم یەکەی ئیدارەی عوسمانی بوون کە بەریتانیەکان داگیریان کرد بە جەنگ، ئیدارەکە وەك ئیدارەیەکی سەربازی مایەوە، بۆ ماوەیەك و پاشان (سرپیرسی کوکس) وەك حاکمی مەدەنی گشتی دامە زرا.

دەریش کەوت کە (وایت هول) سەرنەکەوت لەهێنانەدی ئەو بەڵێنە زۆرەی دابویان بە هاوڵاتیان لەبەیانە بەناوبانگەکەیاندا. ئەم سەرنەکەوتنەش زەنگی دوارۆژێکی خراپی لێدەدا لەو وڵاتەی لە دووایيدا داگیر دەکرێت، لەگەڵ بەشی خواروی کوردستانی عوسمانی.

بەم جۆرە دەرکەوت کە سایکس و هاورێکانی باشی بۆ نەچوو بوون کاتێك بەپەلە سیاسەتێکیان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پێشنیار کرد بێ ئەوەی حیسابی ئەوە بکەن ئایا

(٨) سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە

دەکرێت سەرکەوتوانە (تطبیق) بکرێت لەبەر ڕۆشنایی وەزعی ئەو کاتە؟ یان بزانن ئایا ڕێگە دەدرێت بەو ئەفسەرە بەریتانیانەی لەوێ دەژین و لەکارو فەرمانی مەدەنیدا دامەزراون بەعەمەلی جێبەجێی بکەن. هاندانی بیرۆکەی سەربەخۆیی یەك هەنگاو نەچووە پێشەوە وەك ئەو هەنگاوە پەلەو خێرایەی سوپای بەریتانی دەینا بۆ داگیرکردنی ولایەتی موسڵ، بۆیە هەرلە سنوری قسەدا مایەوە، قسەکەشی ئەو بەڵێنانە بوو کە سایکس و وەزارەتی دەرەوە هەڵیان ڕشتبوو.

سیربرسی کۆکس ناچاربوو بەغدا بەجێ بهێڵێت و پۆستی وەزیری بەرگری بەریتانیا (المفوض) وەربگرێت لە تاران. دووای ئەو ئیدارە بە (العقید السر ارنولد ویلسن) سپێردرا کە ئەفسەرێك بو لەئیدارەی هیندی و بڕوای بەوە نەبوو سەربەخۆیی بەو وڵاتە بدرێت کە بەڕێوەی دەبات و هیچ هۆیەکیشی نەدەدیت شایانی ئەوەبێت بایەخ بە شەریف حوسێن بدرێت کەلە دوور نیشتەجێیە، بۆیە هیچ پاساوێکیش نیە بۆ ئەوەی خۆی لە کاروباری عیراق هەڵقورتێنێت.

یاریدەدەری ویڵسن (مسس گیرترود بیلٚ) ی بەناوبانگ بوو کەلە شوباتی ١٩١٨ دا نامەیێکی بۆ هاوڕییەکی کۆنی خۆی (چارلس هاردنگ) نوسی کە جێگری سکرتێری وەزارەتی دەرەوە بوو:((هەنگاوی گرنگمان ناوە بەرەو پێکهێنانی ئیدارەیەکی حکومەتی ڕێك و پێك، هیچ شتێکی گرنگ دژمان نەوەستاوە هەرچەندە بتوانین چنگی خۆمان گیر بکەین ئەوەندە زیاتر خەڵکەکە ڕازی دەبن و هەست بە ئاسوودەیی و خۆشی دەکەن. ئەوەی لێی دەترسن (نیمچە چارەسەرە -انصاف الحلول). لە هیچ شوێنێکدا نیە نەلە بەغدا و نەلە بەسرە بیر لەدامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ بکاتەوە))[٩] ئەمە ئەو دەنگدانەوە زۆر دوورەی ئەو بەیانە بوو کە

---

(٩) وتستن: گیرترود بیلٚ WINISTON GERTRUDE BELL: لەندەن ١٩٧٨ ل ٢٠٢. بریتون پوچ: سەرچاوەی پێشوو ل ١٥٦: ئێمە دەڵێین کە هیچ شوێنەوارێکی ئەم نامەیەمان لە و وەرگێرانە عەرەبییەدا نەدیت کە مامۆستا -جعفر خیات- بۆ کۆی نامەکانی کردبوی کە پێشتر خاتو بورگوین (خێزانی باوکی) لە ساڵی ١٩٦١ دا بلاوی کردبویەوە

ELIZABETH BURGOYNE بەناونیشانی Ger trude Bell، from here personal papers

خاتو بێڵ بەوە بەناوبانگە کەنامە زۆر دەنوسێت بۆ هاوڕییان و خزمانی ئەوەی مامۆستا جعفر خەیات وەری گێرابو بەناونیشانی (عیراق لەنامەکانی مسس بیلٚ) دا تەنها بەشێکە لەوەی نوسیبووی و ڕەوانەی کردبوو.



(سایکس) نوسیبووی مۆدیش کاتێك چووە ناو بەغداوە خوێندیەوە. واش دەهاتە پێش چاو کە هەموان دەیانویست ڕێککەوتنامەکەی (سایکس- بیکۆ - سازانۆڤ) لەناوبەرن. لەوانە (کلایتۆن)ی زیرەك و لۆرد کرزن و نوسینگەی عەرەبیش لە دووایيدا، تەنانەت (سایکس) خۆیشی! هەروەها سەرەك وەزیران (لوید جۆرج) کە رای وابوو ڕووداوەکان ئەوەندە بەپەلە ڕۆیاندا پێش ڕێك کەوتنەکە کەوتن و کوشتیان. لە واقیعیشدا ئەمە رای ئەو بوو وەك کلایتۆن باسی دەکرد و دەیگوت ((ئەو ڕیککەوتن نامەیە لەهەرلایەکەوە تەماشای بکەی سەخیفە))[١٠]

تەنانەت (سایکس) خۆیشی لەدووایيدا رازی بوو ڕێککەوتن نامەکە بنێژرێت. قەتیش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و کشانەوەی ڕوسیا لە ڕێکەوتن نامەك هۆی کوشتنی نەبوو چونکە ئەو بۆخۆی پێشتر مردبوو.

لە ٣ی ئازاری ١٩١٨ (سایکس) نامەیێکی نوسی بۆ جەنەراڵ (وینگیت) و (مقدم کلایتۆن) گوتی

((دەبێت ڕێککەوتن نامەکە واز لێ بهێنین و ئیهمالی بکەین، بەهۆی یەك بەدووایەکدا هاتنی چەند ڕووداوێك وەك بەشداری کردنی ئەمریکا لەجەنگدا و ئەو چوارده خاڵەی سەرۆکەکەی بانگەشەی بۆ دەکات، شۆڕشی بەلشەفی پاشان بلاوکردنەوەی ڕێککەوتن نامەکە لەلایەن پۆلشەفیکەکانەوە کە بووە هۆی تورەیی رای گشتی جیهانی))[١١]

بەلام لوید جۆرج دوای کۆتایی هاتنی جەنگ دەگەرایەوە سەر ئەوەی بەجدی بیر لەشوێنەواری ئەو ڕێککەوتن نامەیە بکرێتەوە هەروەها لەسودەکانیشی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە باشوری کوردستانەوە هەیە (ویلایەتی موسڵ) کە گرتنی دوا کرداری سوپای بەریتانی بوو، ئەمە جگە لەگرتنی فەلەستین و سوریا، کە ئەمەش لە فەسڵی داهاتودا دێینە سەری.

---

چونکە دەیان نامەی تایبەتی دیکەی هەیە کە بۆ هاوڕێکانی لەوانەی پلەی حکومەتیان هەیە دەینارد. هەندێکیان لە کۆمەڵەی دیکەدا هەن لەو نامانەی چاپکراون پێش ئەونامەیەی کە دووای مردنی بڵاوکراونەتەوە.

(١٠) کلایتۆن سەرچاوەی پێشوو یاداشتەکانی جەنگ بەرگی ٤ ل٨٢ war memories

(١١) کلایتۆن سەرچاوەی پێشوو ل ٨٣ و دوای ئەو.

# فەسڵی حەوتەم

لە کۆتایی ساڵی ١٩١٦ سەرکردایەتی باڵای ڕوسیا هێزێکی قەفقاسی ئامادەکرد بۆ هێرش بردنە سەر باشور تاکو ئەو ناوچانە داگیر بکەن کە ڕێککەوتننامە سێ قۆڵیەکە بەخشیبوی بە روسیا لە خاکی کوردستان بەڵکو دوور تریش بەهاوکاری و ڕێکخستن لەگەڵ ئەو هێزەی بەریتانیا  کە بەرەو بەغدا دەڕۆیشت. تەنانەت بڕیار وابوو ڕەتڵێکی ڕوسی لەگەڵ هێزەکانی بەریتانیاوە بچێتە ناو بەغداوە لە کاتێکدا ڕەتڵێکی دیکە بەرەو موسڵ دەڕوات لە تەوەری (ڕەواندوز _هەولێر) بەڵام ئەو شکستانەی توشی ئەو هێزانە بوو بەتایبەتی تێکشکانەکەیان لە خانەقین بوە هۆی ئەوەی نەتوانن بگەنە هێزەکانی بەریتانیا کە لە ١١/ی ئازاری ١٩١٧[*] چووە ناو بەغدا.

جەنەراڵ مۆد فەرمانی دا بەهێزەکانی بەرەو باکور بڕۆن تاویلایەتی موسڵ، ڕوسیایان لەگەڵدابێت یان نەبێت بڕیاریش وابوو بەشی عەرەبی ئەم ویلایەتە بخرێتە سەر حەلەب (دوای داگیرکردنی) و حکومەتێکی عەرەبی تێدا دابمەزرێت لەژێر پارێزگاری فەرەنسادا دووای ئەوەی بەشە کوردیەکانی لیَ جیادەکرێتەوە و دەخرێتە سەر ناوچە کوردیەکانی دیکە کە خرابوونە ژێر دەسەڵاتی ڕوسیا.  لەبەرئەوەی کەس بەرێککەوتننامەی (سایکس _بیکۆ_ سازانۆڤ) ی نەدەزانی لە جیهاندا، تورك و ئەڵمانەکان ئەوبەیانەی جەنەراڵ مۆد کە ئاراستەی عەرەبەکانی ویلایەتی موسڵی کردبوو کاتێك کە سوپای بەریتانیا گەیشتە سنوری ویلایەتەکە، ئەو بەیانەیان (استغلال) و ((بەکاریان هێنا بەجۆرێك کە دژی بەرژەوەندی ئێمەیە و لەناوو کورددا پەخشیان بلاّو کردەوە کە دەڵێن بەیانی بەریتانی ئەوانی پشت گوێ خستووە و مافەکانیانی خواردووە و ئەگە هەر مانایێکی هەبێت ئەوە هەر ئەوەیە کە دەخرێنە ژێر پێی ئەو عەرەبانەی کە رقیان لێیانە و بەچاوی سوك تەماشایان دەکەن[1].

---

(*) لەوە دەچێت فەرمانڕەوایانی بەغدا نەیاندەزانی ئەم مێژووە لەگەڵ مێژووی راگەیاندنی ڕیکەوتننامەی ١١/ی ئازاری ١٩٧٠ یەکدەگرنەوە دڵنیاشم ئەگەر بیانزانیبایە، ڕۆژێکی دیکەیان هەڵدەبژارد بۆ ئەوە.

(١) ا.ت. ولسن (ولات میسوبوتامیا) تۆمارێکی کەسی و مێژوییە ١٩١٤-١٩١٧ لەندەن ١٩٣٠ ل ٣٨
apersonal and historical record،a.t Wilson loyalties Mesopotamia



وەك گوتمان دوو ڕەتڵی رووسی بەرەو میسۆپۆتامیا دەڕۆیشت، لە خاکی ئێرانەوە وبەهەمەئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی بەریتانیا و بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی هەردوو هاوپەیمان لەسەری ڕێك کەوتبوون ولّسن باس دەکات کەلە ٢٢/ی ئازاری ١٩١٧ سەرەك ئەرکانی گشتی بەریتانی، فەرمانی بەجەنەراڵ مۆد کرد کە هەوڵ بدات هەمە ئاهەنگیەك لەبزوتنەوەی هەردوو سوپای ڕووسی و بەریتانیدا دروست بکات بەمەرجێك تەنها بۆ پێویستی سەربازی بێت بەدەر لەمەسەلەی ناوچەی (نفوز) ی سیاسی کە هەرسێ دەوڵەت لەسەری ڕێك کەوتبوون. لەواقیعیشدا شۆرشی ڕوسیا رۆژێك پێش چوونە ناو بەغدا لەلایەن جەنەراڵ مۆدەوە، ڕووی دابوو نەخشەکە وابوو کە دەبایە ڕەتڵی یەکەم بەفەرماندەیی جەنەراڵ (بارتوڤ) لەتەوەری کرماشان _خانەقین _بەغدا هێرش بکاتە سەر ناوەراستی عیراق.ڕەتڵی دووەمیش کەبەفەرماندەیی جەنەراڵ (جرنا زوبوڤ)  بو لەتەوەری (رایات _ ڕەواندوز _هەولێر _ موسڵ) ئیش دەکات. ئەم ڕەتڵە لە ٧/ی ئایاری ١٩١٧ چووەناوسنوری ویلایەتەکە لەبەری ڕۆژهەلاتەوە لە ١٣/ی ئایار ڕەواندوزی گرت، بەڵام لەئەنجامی دژە هێرشێکی تورك ناچاربوو بەجێی بهێلێت، لە کاتێکدا ڕەتڵی دووەم چووە ناو خانەقین، بەڵام لەئەنجامی بەرپابوونی شۆڕشی سۆسیالیستی ئەویش خانەقینی بەجێهێشت، ئەم دوو سوپایە ئەوەندە ئیشی خراپ و دڕندانەیان کرد کە زۆر بەقێزەوە باس دەکرا، هەروەك رەوە کوللە کوردستانیان وێران کرد، تا ئەو رادەیەی کەخەڵکی کورد ناچاربوون هاوکاری تورکی دوژمنیان بکەن بۆ دەرکردنیان.

لە ٢٦/ی نیسانی ١٩١٧ (السرولیم روبرتسن) سەرەك ئەرکانی سوپاکانی ئیمپراتۆریەت فەرمانی دا بەجەنەراڵ مارشاڵ کە دوای مردنی جەنەراڵ مۆد ئەو دانرا لەسەر کردایەتی گشتی هێزەکانی نێوان دوو ڕووبار کە هێرش بکاتە سەر کەرکوك و بیگرێت دووای ئەوەش بەرەو ڕۆژهەڵات بڕوات بەرەو سلێمانی. مەبەستیش لەم فەرمانە بەپەلەیە تەنها پەیوەست بوو بەکاریکی سەربازی ستڕتتیژی بەپلەی یەکەم هەروەها بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەرە هێزەکانی ڕوس و ڕێگەش لەو هێزانەی تورك بگیرێت کەبەرەوە ئازەربایجان دەڕۆن.

---

ئەم کتێبە بەشی یەکەمی ئەو کتێبەیە کە مامۆستا فوئاد جەمیل وەریگێراوە بۆ هەمان نوسەر و لەبەغدا چاپی کرد بەسێ بەرگ بەناونیشانی (بلاد مابین النهرین بین ولائین).



جەنەراڵ مۆد — فەرماندەی ئەو هێزە بەریتانیایەی بەغدای داگیرکرد



سێرپێرسی کوکس



(سیربرسی کوکس) سەرۆکی ئەفسەرە ساسیەکانی حەملەکە زەمینەی ئەم کارەی بەوە خۆش کرد کە نامەو نێردەی کەسی رەوانەکردە لای سەرۆك هۆزەکانی کورد لە کەرکوك و سلێمانی کە بەڵێنی سیاسی و ئابوری بۆ هەڵرشتبوون داواشی لێ کردبوون هاوکاری سەربازی ئەو هێزانەی بەریتانیا بکەن کە بۆ دەرکردن و لەناودانی حامیەکانی تورك لە کوردستان ڕووی کردووەتە ئەوێ.

لەوەش دەچێت ئەو وەڵامانەی وەری گرتنەوە رازی کردبێت و هانی دابێت بۆیە یەکسەر بۆچوونی فەرماندەی گشتی سەلماند و لایەنی گرت، واتە چونە ناوجەرگەی ویلایەتی موسڵ و بەرەو کوردستان و هەموو بەرهەڵستیەکی ئەفسەرەکانی ئەرکانی ناوخۆیی _ المحليين _ نەهێشت کە دەیان گوت ئەمەسەرکێشیەکی (مغامرە) سەربازیە واتە داگیرکردنی شاری تەبرێزو هەرەشەی هاتنیش بەرەو باشور لەلایەن ئەنوەر پاشای فەرمانەدەی تورکیەوە. لە ٢٨/ی نیسانی ١٩١٧ واتە دوای دەرچوونی ئەو فەرمانە بە دوو ڕۆژ جەنەراڵ (ایگرتن) شاری (کفری) گرت ڕۆژی دواتر (دوز خورماتو)یشی گرت، تورکەکان لەو شوێنانە بەرگریەکی کەمیان کرد و پاشان کشانەوە. لە ٧/ی ئایار بەهۆی سوربوونی لەندەن چووە ناو شاری کەرکوکیشەوە.

ویڵسن دەڵێت: (( ڕەنگە سوربونی لەندەن لەسەر گرتنی کەرکوك و سلێمانی بۆ ئەوەبێت کە فشاری تورك لەسەر ئازەربایجان کەم بکاتەوە لەلایەن هێزەکانی ئەنوەر پاشاوە. بەڵام جەنەراڵ مارشاڵ بۆ وەزارەتی جەنگی روون کردووەتەوە کەلەبەر چەند هۆیەکی تەکنیکی (فنی) ناتوانێت سلێمانی بگرێت، هەروەها ناشتوانێت کەرکوك لەژێر دەستی خۆی بهێڵێتەوە لەبەر زەحمەتی هاتوچۆ... ئەمە هەنگاوێکی پەلە بوو خەریك بوو ئەنجامەکەی بەکارەسات کۆتایی بێت))

هۆزە کوردەکان ئەو پەیمانەیان پاراست کە دایان بە گەورە ئەفسەرە سیاسیەکانی (کوکس) و هۆزەکانی هەمەوەندو ئێزیدی پەیوەندیان کرد بە هێزەکانی بەریتانیاوە[٢] لە سلێمانییش

(٢) ئەمە هەموو بەشداری کورد بو لەجەنگدا لەباشوری کوردستانە، بەڵام من شتێکی دیکەم دۆزیەوە کە پەیوەندی بەکوردە ئێزیدیەکانەوە هەیە لە ڕۆژهەڵاتی چیای شەنگار کە ئیسماعیل بەگ چولو سەرۆکی ئەمیری دووەمی تایەفەکە باسی کردبوو بۆ نوسەر و تیۆریستی عەرەبی مامۆستا(قسطنطینی زریق) ئەویش لەو کتێبەیدا کەلە بەیروت لەساڵی ١٩٢٥ چاپکرا بەناونیشانی (الیزیدیە حاضرهم وماضیهم) باسی کردبوو وە نوسیبووی، منیش وا لێرەدا ئەوەتان بۆ دەنوسمەوە چونکە بەلامەوە شتێکی سەیربوو جگەلەمەش کەئەمە تاکە سەرچاوەیە کەباسی کردبێت.

ئیسماعیل بەگ گوتی :لەشوباتی ١٩١٨ ئەنوەر پاشا بڕیاری دا (ئەوسا سەرکردایەتی سوپاکانی ڕۆژهەڵاتی تورکی دەکرد و هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە هێرش دەکاتە سەر تەوریز و لەوێشەوە بەرەو باشور) کە کاتی ئەوە هاتوە سنورێك بۆ هەڕەشەی ئێزیدیەکان لە هێلی هاتوچۆی خۆی دابنێ بۆیە لەشکرێکی ئامادەکرد کە بریتی بوون لەسەربازەکانی سوپاکەی لە قەفقاس لەگەڵ ئەو عەرەبانەی لایەنگیریان دەکرد، ئەم هێزە بەپاڵپشتی (بطرية) یەك تۆپ کە گا ڕایدەکێشا ڕووی کردە تەلەعفەر، لە پێش لەشکرەکەوە چەند نێردەیەکی ڕەوانە کردە لای ئێزیدیەکانی چیای شەنگار و داوای لێکردن ئەو ئەرمەنیە پەنابەرانە لەگەڵ ئەو تفەنگانەی کە لە سوپا دزیبوویان هەموویان بدەن بەدەستەوە (تسلیم) بکەن. هەرەشەیەکی زۆر توندیشی لێ کردبوون ئەگەر داوا کاریەکەی جێ بەجێ نەکەن، بەڵام ئێزیدیەکان نامەی هەرەشەکەیان دڕی و نێردەکانیشیان بە ڕووت و قوتی (وەك کاتی لەدایك بوونیان) ناردەوە بۆی.

سەرکردە کەیان ئیسماعیل بەگ چولو ئامۆژگاریکردن  کە ژن و منداڵە کانیان لەگەڵ موڵك و ماڵ و مەڕو ماڵات و گاو گۆڵ هەر هەمویان ڕەوانەی شاخ بکەن بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆ هەر ڕووداوێك و لێقەومانێك، بەڵام ئەوان بەقسەیان نەکرد بۆیە گوندەکانیان توشی کێشەو گرفتی زۆر هاتن لە ئەنجامی هێرشی تورکەکان بۆ سەریان. ئێزیدیەکان ئەنجومەنێکی جەنگیان بەست و بڕیاریان دا هەوڵ بدەن ئیسماعیل بەگ بنێرنە لای هێڵەکانی پێشەوەی سوپای بەریتانی لە سامەرا، ئەویش لەگەڵ دوو کەس لە پەنابەرە ئەرمەنیەکان ڕۆیشت کە یەکێکیان  بەناوی (استاذ) ناسرابوو کاتی خۆیشی هەوڵی دابوو سوڵتان عبالحمید بکوژێت. ئیسماعیل بەگ بەرێگایەکدا ڕۆیشت کەلە قەراغ بیاباندا بوو لەگەڵ هەندێك عەرەبی نەناسراودا شەڕی بوو بەڵام دوایی گەیشتە هێڵە سەربازیەکانی بەریتانیا لە سامەرا. (لێرەدا ئیسماعیل بەگ زۆر بەباشی باسی ئەو پێشوازیە گەرمە دەکات کەلە لایەن ئەفسەرەکانی سوپای بەریتانیاوە بەرانبەری کراوە و زۆریش بایەخیان پێی دا کاتێ ئەو پێشنیارەی پێشکەش کردن کەبریتی بوو لە هێرش بردنە سەر پایتەختی ولایەتی موسڵ کە شاری موسڵ بوو لە دوو بەرەوە، ئەگەر بەریتانیەکان سێ هەزار تفەنگ و بیست تۆپی ڕەشاش و فڕۆکەیەکی پشت گیری (اسناد) و فەسیلێك لە سوپای هیندیان بدەنێ. ئەوانیش ڕەوانەی بەغدایان کردوو لەوێ چاوی بەفەرماندەی گشتی جەنەراڵ مارشاڵ و ئەرکانی جەیش کەوت (گیرترود بیل) یش ئامادەبوو، بە دوورو درێژی قسەی لەگەڵ مسس بێل کرد ئەویش چەند نەخشەیەکی تایبەت بە ناوچەکەی پیشاندا و ئیسماعیل بەگ هەندێك هەڵەی تۆبۆگرافی ئەو نەخشانەی چاك کردەوە بەڵام گەرمای هاوین ڕێگەی نەدا هیچ کردەوەیەکی سەربازی بکرێت. لە مانگی تەموزدا ئیسماعیل بەگ گەرایەوە لەگەڵ فەسیلی سوارە بە فەرماندەیی ئەفسەرێك لەبەشی ئەندازە بەناوی (النقیب هاری هستن Harry haston)  کەتەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو یاریدەدەرەکەشی (النقیب کامپل مونزو Campell munro)  کە پزیشك بوو لەسوپای هیندی. هۆزی (شمر جربە) ی عەرەبی کە لایەنگیری



کۆبوونەوەیەکی فراوان کرا لەسەرکردەی هۆزەکان و کەسایەتیە دیارەکان و بڕیاریان دا حکومەتێکی کوردی جارەکی دابمەزرێنن و شێخ مەحمودی حەفیدیان بەسەرۆك هەڵبژارد و نازناوی حوکم داری کوردستانیان پێ بەخشی.

ئەم حکومەتە دایە پاڵ هێزکانی بەریتانیا و چەند فەسیلێکی سوارەشیان رەوانەی کەرکوك کرد و شێخ مەحمود نامەیێکی بۆ جەنەراڵ مارشاڵ نارد (دوای دیباجە) گوتبوی:.

((لەبری گەلی کورد، حوکمتان پێشکەش دەکەم و پێم خۆشە نوێنەری هێزە داگیرکەرەکان بم لە حوکم و لەڕێوەبردندا لە ژێر ئالاَی بەریتانیادا. خەڵکی کوردستان زۆر خۆشحاڵ بوون بەو سەرکەوتنانەی سوپای بەریتانی وە دەستی هێناوە، ئێستاش کە لە زوڵم و زۆری تورکان ڕزگارمان بووە بەدەستی ئەم سوپایە، ئومێدەوارین کە گەلی کوردستان ئازادی و پێشکەوتن و گەشەکردنی بۆ بێتەدی وەك بۆ عیراق هاتە دی (؟) لەسەر دەستی ئێوە، ئومێد دەکەین کە حکومەتێکی کوردی دابمەزرێت و مەڵبەندەکەی  سلێمانی بێت لە ژێر پارێزگاری بەریتانیادا. تکادەکەین ڕێگەنەدەن بەهیچ جۆرێك و بەهەر ناوێك و هۆیەکەوە بێت حوکمی تورکی بگەڕێتەوە کوردستان)) .

بریکاری حاکمی مەدەنی گشتی نیازی وابوو شێخ مەحمود لەو پۆستەدا جێگیر بکات و هەر وایشی کرد بەڵام ڕووداوەکان پێش ئەو کەوتن و لە ٢٤/ی ئایار بڕیارێکی فەوری هات بە

ئینگلیزەکان بوون و لە ڕۆژئاوای بەغدا دادەنیشن خەڵکیان دانێ کەشارەزای ڕێگەکە بوون هەروەها حەیوانی (رواحل) خێراشیان دانێ، ئیتر بەشەو و بە لێواری روباری (ثرثار) ی وشکدا دەرۆیشتن تا گەیشتنە باشوری چیای شەنگار، لەوێ حەیوانەکانیان گۆریەوە و بەئەسپ کەبردیانی بۆ بارەگای (حمو شیرو) کەلە شەنگار خۆی شاردبووەوە.

سەرۆکەکانی ئێزیدی باسی باری خراپی خۆیان کرد بەدەستی نۆپەکانی عوسمانیەوە کەگوندەکانیان تۆپ باران دەکات و گوتیشیان ئێزیدیەکان بەبێ یارمەتی بەریتانیا ناتوانن هێرش بکەنە سەر موسڵ بەڵام لەهەمانکاتدا زانیاری زۆر گرنگیان دابەو فەسیلە بەریتانیە پاشان بەریتانیەکان بەهەمان ڕێگادا گەرانەوە  لەگەڵ ئیسماعیل بەگ و (ونسەی). کچی کەتەمەنی ١٨ مانگ بوو بەسەلامەتی گەیشتنە تکریت کە ئەوسا کەوتبووە دەست سوپای بەریتانی.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە جون. ب. گست (مانەوە لەناو کورددا)  (البقاء بین الکرد) :مێژووی ئێزیدیەکان
John. b.guest:      survival among the kurds: a history of the yazidis
لەندەن و نیویۆرك١٩٩٣

چۆڵکردنی شاری کرکوك و بکشێنەوە دواوە بۆ باشور و سوارەی هەمەوەند و هێزی عەشایەر کەلە سلێمانیەوە نێردرابوون بۆ پەیوەندی کردن بە هێزکانی بەریتانیاوە لە کەرکوك، ئەوەیان بۆ نەکراو گەرانەوە زۆریش لەوە نیگەران بوون کەلەسەردەستی سوپای تورك چاوەڕێیان دەکات.

فەرماندەی فیرقەی سیانزە کە پاشەکشەی دەکرد ئەم سکالایەی لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی پێگەیشت جێگیرکردنی شێخ مەحمود لە پۆستەکەیدا لە نامەییێکدا باس کرابوو کەلە حاکمی مەدەنی گشتیەوە رۆژی کشانەوەکە نێردرابوو گەیشت و تیایدا گوتبووی کەدان بەئیدارەی شێخدا دەنێت و مافی ئەوەشی دەداتێ کە نوێنەری دەسەڵاتی داگیرکەر بێت.

ئەو بڕیارە بە ئاشکرا بلاْونەکرایەوە، بەڵام لە دواییدا ئاشکرا بوو و یەکێك لە پیاوە ناسراوەکانی کەرکوك بەجەنەراڵ خەلیل پاشای ڕاگەیاند کە فەرماندەی نوێی سوپای شەشی تورکی بوو، کەشێخ مەحمود پەیوەندی کردووە بەدەسەڵاتی داگیرکەرەوە وحکومەتێکیشی لەسلێمانی دامەزراندوە کەلایەنگری ئەوانە.ئەویش فەرمانی دابە (العقید مصطفی بگ) فەرماندەی حامیەی سلێمانی کەشێخ و دەست و پێوەندەکانی ئەوانەی لە حکومەتەکەیدا بەشدارییان کردووە یان پشتگیری یان کردووە، هەموویان بگرێت. شێخ مەحمود بەگیراوی ڕەوانەی کەرکوك کرا و لە دادگاییێکی سەربازیدا دادگایی کرا کە حوکمی مردنی لە یەك دانیشتندا بەسەردا سەپاند. بەڵام تورکەکان دوو دڵ بوون لە جێبەجێ کردنی ئەو حوکمە، رنگە لەبەر ئەوە بوبێت کەلە کردەوەی تۆڵە سەندنەوە لە هێزەکانیان دەترسان، شێخ خرایە بەندیخانە تابڕیارێك لەبارەیەوە دەدرێت، پاش چەند هەفتەیەك خەلیل پاشا گواسترایەوە و لەبری ئەو جەنەراڵ عەلی ئیحسان پاشا دانرا کە فەرماندەیەکی لێهاتوو دوربین و سیاسیەکی زیرەك بوو، بەپەلە داوای کرد شێخ بنێردرێتە بارەگاکەی لە موسڵ و بڕیاری بەخشینی (عفو) بۆ دەرکردو زۆریش ڕێزی گرت و پارەیەکی زۆریشی دایێ بۆ ئەوەی هێزی عەشایەر ڕێك بخات و هاوکاری هێزی نیزامی بکات، ئەوسیفەتە سیاسیەی بەشێخ بەخشرابوو بۆی چەسپاند (تثبیت)، بەمەرجێك دوای سەرکەوتن لە جەنگ جۆری پەیوەندیەکە دیاری بکرێت، پاشان نامەییێکی بۆ فەرماندەی حامیەی سلێمانی نوسی و داوای لێکرد یارمەتی ئەو هێزانە بدات کە شێخ ڕێکیان دەخات.

دوای چۆڵ کردنی کەرکوك و گەرانەوەی تورك شەڕ بۆچەند مانگێك لە کوردستاندا ڕاگیرا، بەڵام ئەو سەرکەوتنەی کە بەریتانیەکان لە فەلەستین و سوریا بەدەستیان هێنا و دەرچوونی بولگاریای هاوپەیمانی تورك لەشەڕ، هانی فەرماندەیی باڵای بەریتانیای دا کە فەرمان بەجەنراڵ مارشاڵ بکەن بۆ ئەوەی دوبارە هێرش بکەن و بە هەردوو بەری دیجلەدا سەربکەون، بۆ



داگیر کردنی هەموو ویلایەتی موسڵ، ئەم فەرمانە لەڕێگەی وەزارەتی جەنگەوە گەیشتە مارشاڵ لە ٢/ی تشرینی دووەم.

((دەرچوونی بولگاریا لە جەنگ و ئەوسەرکەوتنانەی بەدەستیان هێنا لە سوریا و فەلەستین ئەوشیمانەیە _احتمال_ نزیك دەکاتەوە کە تورکیا داوای شەڕ ڕاگرتن (هدنە) بکات، بۆیە پێویستە بەهەردوو بەری دیجلەدا پێشرەوی بکرێت بۆ داگیر کردنی ویلایەتی موسڵ)) جگەلەم هۆیە هۆی دیکە هەبوون کە زیاتر سیاسی ئامێز بوون کەبوونە هۆی دەرکردنی ئەم فەرمانی هێرش بردنە.

پێشتر باسمان کرد کەجەنەراڵ شەریف پاشا خەندان هەوڵێکی سەرنەکەوتوی دا بۆ ئەوەی پەیوەندی بکات بە هێزی بەریتانیاوە لە عێراق، بەڵام ئەو قەت بێ ئومید نەبوو لە هاوکاری کردنی ئەنگلۆ _کوردی، لە حوزەیرانی ١٩١٨ کە هێشتا ئەنجامی جەنگ بەتەواوی نەزانرابوو، پەیوەندی کرد بە (سێربرسی کۆکس) ی گەورە ئەفسەری سیاسی کەلەگەڵ هێزەکەدا بوو. هەردووك لە (گێرترود بیلێ و السر ارنولد ولسن) سەرە رای جیاوازیان لە کات و شوێندا بڕوانە پەراوێزی ١٤ی بەشی پێنجەم) یەك ران لەسەر ئەوەی کە شەریف پاشا سیاسەتێکی بوێرانە و باشی بەگوێرەی کورد پێشکەش کردووە بۆ بەریتانیا، ئەگەر ئەو پێشنیارانە جێبەجێ کرابان بناغەییێکی چاکی بۆ هاوکاری کوردی دادەڕشت. (ولسن) پێشنیارەکانی شەریف پاشای، بەوە وەسف کردبوو کە هێڵی زیرەك، دەکێشێت بۆ ڕژێمی (ماندات _انتداب) و سەرپەرشتی (وصایە) و جەنەراڵ بەتوندی داوای لە حکومەتی بەریتانیا کرد کە رێ و شوێنی فەوری بۆ رێکخستن و ئامادەکردنی کورد وەربگیرێت لەرێگەی بڕیاردانی سیاسەتێکی دروست سەبارەت بە هیوانەتەوەییەکانی کورد.

بۆ گەیشتن بەم مەبەستە داوای کرد کەیەکسەر لێدوانێکی ڕەسمی سەبارەت بەنیازی بەریتانیا بۆ دوا ڕۆژی سیاسی کوردی دەربکرێت. هەروەها پێشنیاریشی کرد کوردی باشوری کوردستان بەڵێن و گرنتی حوکمێکی زاتیان بدرێتێ لەژێر پارێزگاری بەریتانیادا و فەرمانبەری بەریتانیش تەرخان بکرێت بۆ یارمەتی دان لە ئیدارەکردنی ناوچەی حوکمی زاتی و رێکخستنی کاروباری دارایی ناوچەکە[3]. ئامۆژگاری بەریتانیایشی کرد کە پەنانەبرێتەبەر (بەستن —ضم-)

(٣) (ارشارك سافرستیان) کورد و کوردستان Arshar; safrstian: kurds and kurdstan
چاپخانەی هارڤیل لەندەن ١٩٤٨. ل ١٠١-١٠٢ (ولاوات) (السر توماس ارنولد) بەرگی ٢ ل١٣.سەرچاوەی پێشوو.

یان (خستنەسەر — إلحاق-) کە ئەمەش بۆچونێك بوو وتەبێژانی بەریتانی دووبارەیان دەکردنەوە. سوربوونی شەریف پاشا لەسەر باشوری کوردستان لەو بۆچونە دروستەیەوە هەڵقوڵابوو کەسەرکردایەتی بەریتانی لە میسۆپۆتامیا ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر دەکەوێتە دوای سوپای تورکی بۆ داگیرکردنی هەموو ویلایەتی موسڵ. هەروەها بەرگریشی لەو بۆچوونە دەکرد کەدەبێت دەوڵتێکی کوردی ئۆتۆنۆمدار نەك لە باشور بەتەنها بەڵکو لەهەموو کوردستاندا بەگشتی دابمەزرێت. هەروەها گرنگی دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردی بەریتانی کارا _فاعل_ ڕوون کردبووەوە لەوناوچانەی داگیرکراون بۆ ئەوەی کۆنگرەی ئاشتی (لە حاڵەتی بردنەوەی جەنگدا) بخرێتە بەردەم ئەمری واقیع، چونکە شتێکی زۆر ناشیرین و ناشایستەیە کارەکان بەجێبهێڵرێن وەك خۆی تاکو کۆنگرەی ئاشتی دەبەسترێت چونکە ئەگەر ئەم کارە پشت گوێ بخرێت دەبێتە هۆی ئاژاوەو پشێوی و گومان لە هەموو ناوچە داگیرکراوەکاندا. هەروەها گوتی:. بەریتانیا دەبێت بەڵێنی چی بەعەرەب داوە، هەمان شت بۆ کورد بکات. (السیربرسی کۆکس بەڵێنی دایێ کە پێشنیارەکانی بگەیەنێتە لەندەن و هانیشی دا بەردەوام بێت لەپەیوەندی کردن پێیەوە. لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨ شەریف پاشا دوبارە پەیوەندی کردەوە بە دەسەڵاتی بەریتانیاوە و بۆی نوسین کە هەڵوێستی سیاسی لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچێت بەهۆی سەرکەوتنی تورك لە چاندنی تۆوی دوو بەرەکی و رق و کینە لە نێوان کوردو ئەرمەندا ئەرکی سەرەکی بەریتانیاش _ وەك بۆی چوبو _ لەوەدایە کە ئاشتی و تەبایی بگەرێنێتەوە نێوان ئەو دوو گەلە و هەوڵ بدەن ئاشتیان بکەنەوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە دەستەیێك بۆ ئاشتبونەوە لە سەرکردەکانی کورد و ئەرمەن پێك بێت لە لەندەن(٤) لەوە دەچێت هەوڵەکانی (السیربرسی کوکس) لە گەیاندنی پێشنیارەکانی جەنەراڵ شەریف پاشا بایەخی پێدرابێت، یان لەوانەشە لەو کاتەدا گەیشتبێت کە سیاسەتی بەریتانیا گۆڕانێکی لە ناکاوی بەسەردا هاتبێت دووای ئەوەی چوونە ناو زۆربەی ویلایەتی موسڵەوە و کەوتە دەست سوپای بەریتانی، ئیتر پێویست بوو بیر لە دووا ڕۆژی ئیدارە و لە پاشاندا لە چارەنوسی سیاسی بکرێتەوە.

(٤) E. J. R. Precis of affairs in southern Kurdistan و قائیعی بنەڕەتی بوو ئیش و کار لە باشوری کوردستان. بغداد. چاپخانەی حکوومەت ١٩١٩ ل٦ (نووسەر نەزانراوە) هەروەها بڕوانە. سفرستیان سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٦ (ئەم لێژنەیە پێك نەهات. بەڵام شەریف پاشا لە گەیشتن بـە رێکـەوتنێ لەگـەڵ سـەرکردەکانی ئەرمەندا لە کۆنگرەی ئاشتبوونەوەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا وەك لە دواییدا دەبینین.



لەپاڵ ئەمەشدا هەوڵێکی دیکەی کوردی هەبوو لە قاهیرە بۆ سەرنج راکێشانی بەریتانیەکان. ئەوە بوو کە (لیژنەی سەربەخۆیی کوردستان) داوای لە نوسینگەی بەریتانی کرد لەوێ لە کانونی دووەمی ١٩١٩ کە یارمەتی کورد بدرێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. ژمارەییێکی زۆر کەم لە دوور خراوە کوردەکان بە سەرۆکایەتی (سورەیا بەدرخان) کەلەوانە نەبوو بەنوێنەری راستەقینەی گەلی کورد دابنرێن، بۆیە زۆر بایەخیان پێ نەدرا بەڵام پەیوەندی ئەوان بەنوسینگەی عەرەبییەوە لە قاهیرە نەپچرا و بەیناو بەینیش وتووێژیان لەنێواندا دەکرا.

بەدەنگەوە چوونێکی پەلە لە سەرەك وەزیران (لوید جۆرج) هاتە ئاراوە، ئەوەش کە هانی دا بەپەلە ئیش بکات ئەوەبوو کە دەیویست شتەکان کۆتایی پێبێنێت پێش ئەوەی وڵاتە یەکگرتوەکان دەستی تێوەردات، هەروەها ڕێگەش لەوە بگرێت کە هاوپەیمانان هەندێك ڕێو شوێن و چارەسەری دیاری کراو سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بسەپێنن.

لێرەدا بڕگەییێکمان لایە لە یادداشتەکانی (مورلس هانکی) سکرتێری ئەنجومەنی باڵای وەزاری جەنگ لەبەریتانیا کە مێژووی ٦/ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ ەی بەسەرەوەیە، وتەیەکی زۆر ڕوونی سەرەك وەزیرانی تێدا تۆمار کراوە سەبارەت بەوەی دەیەوێت لەم بوارەدا بیکات، هانکی دەنوسێت(( لوید جۆرج هەڵوێستێکی زۆر رەقی نواند، ئەو دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتننامەی (سایکس بیکۆ سازانۆڤ) بۆ ئەوەی فەلەستینی دەست بکەوێت و ویلایەتی موسڵیش راکێشێتە ناوچەی دەسەڵاتی نفوذی ئێمە، بەمەبەستی دوور خستنەوەی فەرەنسا لەناوچەکە، ئەگەر ناچاریش بوو فێڵێ بەکاربهێنێ کە فێڵێکی زۆر زیرەکانەیە، ئەویش ئەوەیە کە فەلەستین و سوریا بداتە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی فەرەنسیەکان ناچار بکات فەلەستین و ویلایەتی موسڵی بدەنێ بەرانبەر بەوەی سوریایان بۆ بمێنێتەوە. هەروەها زۆریش گاڵتەی بەسەرۆکی ئەمەریکی وڵسن دەکرد و بایەخێکی باشیشی دەدا بە دابەشکردنی تورکیا لەلانێوان فەرەنسا و ئیتالیا و بەریتانیدا پێش ئەوەی قسە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا بکرێت.

وایشی بۆ دەچوو کە ئەو قازانجە بێ شومارەی کە لە جەنگدا بەدەستمان دەکەوێت، کەمتر سەرنج ڕاکێش دەبێت ئەگەر بەشی خۆمان لەم کاتەدا لە تورکیا قوت داو لە دووایشدا لە (مستعمراتە) ەکانی ئەڵمانی دا(٥)))

(5) (ایروسکیل هانکی) :. (رجل السر- پیاوی خاوەن نهێنی) Eroskin hanky: man of secret بەرگی یەکەم. ل٦٠٩ لەندەن ١٩٧٠-١٩٧٢

لەیەکی مانگی کانونی یەکەمی ١٩١٨ (کلیما نصو)[٦] لەگەڵ لوید جۆرج لەبارەگای سەرۆکایەتی وەزارەت لە (داوننگ ستریت) و لە دووای مانگێك لە راگرتنی شەڕ پێش دوو مانگ لە مێژووی بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لە (ڤەرسای) هەروەها پێش گەیشتنی سەرۆکی ولاّتە یەکگرتووەکان لە کۆتایی ئەو مانگەدا بۆ لەندەن تاکو بیرو را ئایدیالیەکانی سەبارەت دووا ڕۆژی گەلە ڕزگارکراوەکان بخاتە ڕوو. هەردووکیان یەکیان دیت بێ ئەوەی کەسی سێیەمیان لەگەڵدا بێت بی ئەوەی کەسیشیان هیچ تێبینیەك بنوسن. بەڵام ڕووداوەکان نوسران، دووای هەشت مانگ بەلفۆری وەزیری دەرەوە خستیە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران، سەرچاوەکەشی لوید جۆرج خۆی بوو لە یادداشتەکانیدا سەبارەت ڕێککەوتننامەکەی ئاشتی نوسیبووی و پشتگیری کردبوو.

لەکاتی پەیڤیندا کە بەکاروباری ئەوروپی دەستی پێکرد مەسەلەی ڕۆژهەلاّتی ناوەراست هاتە گۆڕێ و (کلیما نصو) پرسی:. چ جۆرە گۆرانکاریەك بەریتانیا دەیەوێت بکرێت لە داخوازیەکانی فەرەنسادا ؟

لوید جۆرج گوتی "موسڵ"

کلیمانصو گوتی: موسڵ بۆ تۆ دەبێت، چی دیکە هەیە ؟

لوید جۆرج گوتی : فەلەستینیش

کلیمانصو گوتی : ئەمەشت بۆ دەبێت[٧] .

کلیمان صۆ بەدرێژایی ماوەی وتوێژەکانی کۆنگرەی ڤەرسای سوربوو لەسەر قسەکەی خۆی، هەرچەندە هیچ ڕێککەوتننامەیێکی نوسراویان لە نێواندا نەبوو[٨].

(٦) Georg Clemenceau سیاسسەت مەدارێك و ڕۆژنامە نوسێکی فەرەنسی، دامەزرێنەری کۆماری سێیەم و دوو جار سەرۆك حکومەت (١٩٠٦-١٩٠٩) و (١٩١٧-١٩٢٠) لەسەردەمی سەرۆکایەتی دووەمیدا بەشداریەکی گەورەی کرد لەبردنەوەی جەنگی جیهانی یەکەم و یەکێکیش بوو لە ئەندازیارانی ڕێککەوتننامەی ڤێرسای.

(٧) یادداشتی (لورد بلفۆر) کە (ئیلیزابیس مونرد)Elizabeth Monroe

لە کتێبەکەی خۆیدا (ماوەی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست) نوسیبووی ١٩١٤-١٩٧٢

Britain moment in the middle east 1914-1972

ل ١٠٦ ضاثخانةى زانكؤي جون هوبكنس١٩٨١



فەرەنسیەکان(تنازل) یان کرد، بەڵام بەریتانیەکان نەیان زانی کە هاوپەیمانەکەیان چاوەڕێی پاداشت دەکات بۆ ئەو (تنازول)[٩]ەی. کلیمان نصۆ بەدرێژایی تەمەنی سیاسی ئامادەبوو

(٨) دەڵێن کاتێك مەسەلەی موسڵ خرایە بەرباس و (کلیمان نصۆ) بڕیاری دەس لێهەڵگرتنی ئاشکرا کرد، یەکێ لە ڕاوێژکارەکانی چپاندیە گوێی و گوتی: ((مەیدە، چونکە نەوتێکی زۆر تێدایە. کلیمان نصۆش بە گاڵتە پێکردنێکەوە گوتی چی ؟ من کە پێویستم بەنەوت هەبێت دەچمە ئەجزاخانە.

(٩) دەرچوونی ویلایەتی موسڵ(باشوری کوردستان) لەبازنەی دەسەڵاتی (نفوزی) فەرەنسی و چوونە ناو بازنەی دەسەڵاتی (نفوز) ی بەریتانیاوە گرفتێکی سیاسی گەورەی لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا دروست کرد. و لەبەر گرنگی ئەم لاپەرە لێڵەی کتێبی ڕێککەوتن و دابەشکردن کە پاش ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هاتە ئاراوە و لەبەر پەیوەندی توندی بە باسەکەمانەوە هەوڵ دەدەم کورتەی ئەوەی ڕویدا باس بکەم:.

لەسەرەتای ساڵی ١٩١٩ نوسینگەی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا لە (داوننگ ستریت) یادداشتێکی نهێنی دا بە ڕۆژنامەکان بۆ بلاّوکردنەوە بەمەبستی ئەەی دەری بخەن کە هێزەکانی میر فەیسەڵ کوڕی حوسێن کە پشتگیری جەنەراڵ (اللنبی) ی کرد لە گرتنی سوریادا پێش ئەوەی هێزەکانی (اللنبی) بچێتە (دیمەشق و حومص و حەما و حەلەب) هێزەکانی میر فەیسەڵ چوونە ناو ئەو چوار شارە گەورەیەی سوریا.

ئەمەشیان کەکرد وەك هێزێکی بیانی داگیرکەر کەلە حیجازەوە هاتوە نەیانکرد، بەڵکو وەك هێزێکی نیشتیمانی ناوخۆیی ئەو کارەیان کرد، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری ئەو سەربازە عەرەبانەی یارمەتی ڕزگارکردنی سوریایان دا خەڵکی ویلایەتەکانی ئەوێ بوون، مەبەست لەمەش ئەوەبوو، کە سوریا وەك یەکێك لەو ولاّتانەی بەعەرەبی قسە دەکەن، خۆی راپەری و خۆی ڕزگار کرد، بۆیە هەرهەوڵێك بۆ ناچار کردنی یان ملکەچ پێکردنی بۆ حوکێکی بیانی پێچەوانەی بنەماکانی کۆنگرەی ئاشتیە (نوسینەکانی لوید جۆرج) بەڵگەنامەی ژمارە ٩ف: 205-3no9) ئیتر دووای ئەوە پەیڤین و مشتو مڕ سەبارەت دووا ڕۆژی سوریا و درێژەی کێشا. بەریتانیەکان پشتگیری (فەیصەڵ) یان کرد کەبەرگری لەسەربەخۆیی سوریا دەکرد، دوای ئەوەی کرا بەمەلیك لەوێ. فەرەنسیەکانیش چەند سەرکردەیەکی سوپاییان هێنا کە دژی (ادعاء) ی فەیسەڵ بوو سەبارەت بە عەرەبایەتی سەریاو مشت و مڕێکی زۆر لە ڕۆژنامەکانی فەرەنسادا لەم بارەیەوە کرا و ئەو سورییایانەی بەسەرکردایەتی فەیسەڵ ڕأزی نەبوون بەشدارییان تێدا کرد، بە بەهانەیەی کە یەکێتی زمان و ئاین بەڵگەی یەکێتی ڕەگەز نیە و سوریەکانیش عەرەب نین بۆیە شایانی ئەوەن دەوڵەتێکیان هەبێت لە ژێر چاودێری _وصایە_ فەرەنسادا (کلیمان نصۆ) سەبری نەماو (لوید جۆرج) ی ڕاگەیاند کە رای گشتی سیاسی فرەنسا هیچ ڕێگەیەکی بۆ ناهێڵنەوە جگە لە دەست بەسەرداگرتنی سوریا. هەروەها وتی ئەو خۆی زۆر بایەخ بە ڕۆژهەلاّتی نزیك نادات بەلاّم فەرەنسا هەمیشە خاوەنی رۆڵێکی دیاربووە لەو ناوچەیەدا، پاشان هاواری کرد ((ناتوانم لەوە زیاتر تنازل بکەم سەبارەت بە تەفاسیلی ئەم مەسەلەیە بگەڕێرەوە بۆ کتێبی (کریستۆڤەر. م. اندرۆ"نهایە التوسع فرنسی" Chirstotopher. M. Andrew’’the end of freanch expantion

پاشان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاتە ناو مەسەلەکەوە. دووای ئاگادار کردنەوەکەی (اللنبی) کە بێگومان درۆ بوو کەلەوەیە جەنگ لەنێوان عەرەب و فەرنسادا ڕووبدات سەرۆکی ئەمەریکی بەو درۆیە هەڵخەڵەتاو مەسەلەکەی بە جیددی وەرگرتو کاردانەوەکەی زۆر بەپەلە بوو هەردوو حکومەتی فەرەنسی و بەریتانی سەرسام کرد، کاتێك کە (لیژنەییێکی بۆ گەڕان بەدووای راستیدای رەوانەی ڕۆژهەلاَت کرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە ویست و ئارەزووی خەڵکەکە) هەردوو حکومەت ئەم کارەیان وەك کارێکی منداڵانە ناو زەند کرد چونکە ئەوان بروایان بەوە نەبوو کە ڕای گشتی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا وەك ئەوەی لە ئەوروپا و ئەمەریکادا هەیە.(کلیمان صۆ) ڕازی نەبوو نوێنەر بنێرێت تاکو لەو لیژنەیەدا بەشداری بکەن و (لوید جۆرج) یش حەزی دەکرد بەشداری بکات لەو لیژنەیەدا بەڵام لە ترسی ئەوەی لەگەڵ فرەنسا تێکبچێت و ئەو ڕێککەوتنامەیەی لە نێوانیاندایە سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ هەڵیوەشێننەوە بۆیە ئەویش نوێنەری نەنارد.

کاتێك ئەو لیژنەیە هات کەبەلیژنەی king-crane ناسرا بۆئەوەی ڕای خەڵکی بزانێت، تەنها چوونەسوریا بەڵام بۆ عیراق نەچوون چونکە بەریتانیا راستەوخۆ هەرسێ ویلایەتەکەی بەڕێوە دەبرد و دانپێدانانی ئەمەریکایان دەستە بەر کرد بوو سەبارەت بە حوکمەکەیان بۆیە کاروباری ناوچەکە خرایە دەرەوەی ئیش و کاری کۆنگرەکە (لیژنەکە بەو ناوەوە ناسرا بەهۆی ناوی نوێنەرەکانیانەوە کەسەرۆك (وودر ویلسن بۆ خۆی داینابوون، یەکێکیان (الدکتور هنری.س. لنگ) راگری کۆلیجی ابرلین و ئەوی دیکەش (چارلس.ر. کرین) کەیەکێك بوو لەشارەزا بەناوبانگەکانی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست).

بەڵام دوکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر لەکتێبە قەواڵەیی و (وثائقي) یە گرنگەکەیدا (کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا دووای جەنگی جیهانی یەکەم :. دەڵێت ئەو لیژنەیە لەلێکۆڵینەوەکانیدا گەیشتە ئەستەنبوڵ، بۆیەهەندێ لەوکوردانەی خاوەن ڕابوون پەیوەندیان کرد بەلیژنەکەوە وەبیروڕای خۆیان لای تۆمار کرد سەبارەت بەمەسەلەی کورد بەگشتی وەمەسەلەی کوردستانی باشوور بەتایبەتی و چەند پێشنیارێکیان دانێ کەلیژنەکە لەژێر ناونیشانی (هەندێ نوێنەر لەوویلایەتەکانی ڕۆژ هەڵات)تۆماری کرد.لەویاداشتانەدانووسرابوو (جاروبار نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردی دەهاتنە لامان و داوای حکومەتێك کوردیان دەکرد لەوناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن،داوای وویلایەتەکانی (خربوط،دیاربەکر و وان و تبلیس و بایەزیدوهەموو موصلێ)دەکەن لەلایەکی دیکەوە کوردەکان پێدەچوو حەزیان لەحوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی)بێ لەژێر (ماندات-انتداب-)بریتانیا و لەچوارچێوەی عیراقدا.کوردستان نیشتیمانی ئەوانە و ئامادەشن دان بە دەوڵەتێکی ئەرمەنیدا بنێن لە دەرەوەی وولاتی خۆیان)کتێبەکە دکتۆر(أبوبەکر)لەواقیعدا کۆمەڵە ووتارێك بووکە بە٣١ئەڵقە لەگۆڤاری —الثقافة- لەبەغدادولەنێوان مانگی ئابی ١٩٧٩بڵاوی کردەوەهەرچەندە ئاماژەش بەوسەرچاوەیەدەکات کە ((تعلیق))ەکەی لێوەرگرتووە —هنری هوارد-ەH-Haward:King-Crane Commissioin بەڵام خراپی چاپ وای کرد کەنەتوانینی ئەو ئاماژەیە یان ئەو لاپەڕەیەی لێوەرگیراوە یان ئەوەی پێویستە سەبارەت بەناساندنی کتێبی دانەرەکە ئەو سەرچاوەیەی پشتی پێ بەستووە،بزانین و ساغی بکەینەوە.



دەست لە هەموو ئەوشتانە هەڵبگرێت کەبەریتانیا داوای دەکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بۆ ئەوەی گەرەنتی ئەوەی بدرێتیێ کەلە ئەوروپا هەیەتی دژ بە ئەڵمانیا، بەڵام چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە وڵاتەکەی لە سوریاش بێبەش بێت. بەڵام فەرەنسیەکان بڕیاریان دابوو کە هەردەبێت سوریا بۆ ئەوان بێت و (سایکس) یش کەلە دوواییدا زۆر پەشیمان بوو بەوەی رازی بوو فەرەنسا هاوبەش بێت لە (دەست کەوتەکانی-غنائم) ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بەڵام هیچی بۆ نەکرا و ١٦/ی شوباتی ١٩١٩ بە پەتای ئەنفلەوەنزا لە پاریس مرد.

ئەمانە دوای ئەوەی بەریتانیەکان لە٣٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ بە تەواوی ویلایەتی موسڵیان گرت دوای شەڕێکی یەکلاکەرەوە لە باکوری شەرقات سوپای تورکی زۆرخراپ تێکشکاو {بەقسەی ولسن —لە الولاە —دا تەنها (١٦٥٠ سەرباز و ٣٢ لیێ مایەوە وکشایەوە یۆ موصلێ. هەروەها نزیکەی(١٥٠٠ سەرباز) و(١٢تۆپ)لەئاڵتون کو پڕی ی باکوری کورکوك. ئەمەهەموئەوەبو کەلەسوپای شەش تورکی مابوەوە) } لە ٢٤ی تشرینی یەکەم جەنەراڵ (کا سلتر) فەرماندەی هێزە هێرش بەرەکە، لەو کاتەی کەلە —حمام علی — کە نزیکەی (٣٢) ك لە موسڵەوە دورە بە ئاگربەستی زانی کە (علی احسان پاشا) دوو ئەفسەری ناردبووبەنامەیەکەوە بۆجەنەڕاڵ(مار شال)وەتێدا دەڵێ کەشەڕلەنێوان تورکیاو بەریتانیادا ڕاگیرا وەرێکەوتنامەی راگرتنی شەڕ لەسەر (البارجە-پاپوری) بەریتانی ((اغا ممنون)) لەبەندەری مودرس کەدەکەوێتە دوورگەی —لمنوس-ی یۆنانی ئیمزا کرا[١٠].

دوای چەند سەعاتێ فرۆکەیێکی بەڕیتانی بروسکەیەکی لەم بارەوە گەیاندە جەنەڕاڵ. دەبایە بەپێی مەرجەکانی شەڕ راگرتن هەموکارە جەنگیەکانیان ڕاگیرێ و هەردوو لای شەرە کە لەو شوێنەی خۆیاندامێنێتەوە کە کاتی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکەی شەڕڕاگرتندا لێی بوون، بەڵام بروسکەیەك لەوەزارەتی جەنگی بەڕیتانیاوەگەیشتەفەرماندەی گشتی لە٢ ی تشرینی دووەم کەمەرجەکانی

(١٠) دەقی بروسکەکە : بۆسەرکردایەتی سووپای شەش ئێمە —هدنە — مان لەگەڵ دەوڵەتانی هاوپەیمانانندا راگەیاند-ئەم-هدنە-یە لە (٣)تشرینی یەکەمی ساڵی ١٣٤٤ی ڕۆمی جێبەجێدەکرێ-نوێنەری ئەودەوڵەتانەی ناویان هاتوە ئەم فەرمانە یان گەیاندەی فەرماندە سەربازیەکان لە بوولگاریاو سوریاو عێراق —دەبێت ئێوپابەندی مەرجەکانی —هدنە-بێت و جیێ بەجیچیان بکەن لەگەلگەیشتنی ئەم فەرمانەو ئاگادارمان بکەنەوە.لەدوایشدا —تفاصیل —تان بۆدەنێرن ئەحمەد عیزەت. سەرەك وەزیرانی، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی جەنگی فەرماندەی باڵا.

شەڕڕاگرتنی –هدنە- تێیدابوو وڕاشکاوانە فەرمانی پێدابوو کەبەردەوام پیّ لەهێرشبردن تاداگیرکردنی پایتەختی ویلایەت بەگوێرەی مادەی( ٦) و (١٧) ی مەرجەکانی شەر راگرتن[١١] لە٢٧ ی تشرینی یەکەم هێزەکانی بەڕیتانیا دووبارە کەرکوکیان داگیرکردەوە، وواتەپێش چوارڕۆژ شەڕڕاگرتن –هدنە- پاشان پردیّ کە (٦٥) کیلۆمەتر لەباکوری کەرکوکەوە لەوێشەوە بەردەوام بوو لە هێرشبردن –نەخشەی بەڕیتانیا بریتیبوو لە داگیرکردنی هەموو ویلایەتی موصلّ (هدنە بێت-یان نەبێت).

- ولسن – دەڵیّ: ((چەندمانگێك و بەڕیّ کەوتنی تەواو لەگەڵ فەرماندەی گشتی پەیوەندیم بە حکومەتەکەمەوە هەبوو داواشم دەکرد کەپێویستە بوواری ئامانجە سەربازیەکانمان فراوان بکەین تاموصلّ یش بگرێتەوە. هەمومان ڕێککەوتین لەسەرئەوەی ئەو ناوچەیە بگیریّ پێش ڕاگرتنی کردەوەسەربازیەکان جا-هدنە- هەبیت یان نەبێت. هەروەها ئەوویلایەتە ببێتەبەشی ئێمە یان فەرەنسا وەك یەك وایە. منیش پێغەمبەرنیم لە –غەیب- بزانم تاکوبتوانم بڵێم کەی ئاشتی دەکرێت لەگەڵ تورکیا، دوای پێنج ساڵ لە مێژوی ئەم سوربونەی من ناتوانم ئەوەدیاریبکەم ئایاتورکەکان ڕازیدەبن لەداواکاریەکانی خۆیان وازبێنن لەم ویلایەتە دووای هەشت ساڵ بەڵام دڵنیابوم کەباڵندەیەك لەدەستی سەربازیماندا لەدە باڵندە باشترە کەلەتۆڕی دیبلۆ ماسیەدا وەلە پێچو پەناکانیدا بێت. جوری ئەو حوکمەی نیازی وایە لەوڵاتی نێوان دووروبارەکەدابمەزریّ،هەرچونێك بێت،پێویستە لەو سیّ ولایەتە بێت: بەصرە و موصلّ و بەغداد. بو ودامەزراندنی ئەم حکومەتە مەبەست و ئامانجی ئێمە بیّ)) بیّ لەمەش فەرماندەی گشتی ڕێنمای تایبەتی خۆی لەلابو کەلەوەزارەتی هیندەوەپێگەیشتبوو تییایدا دەڵێت کە حکومەتی بەریتانیاو هاو پەیمانانی پێیان باشەو بەرژەوەندیەکانیان واپێویست دەکات کەویلایەتی موصلّ داگیربکریّ)) لەسەر ئەم بنەمایە بە (علی احسان پاشا)) راگەێنرا کە دەبیّ لە نیوە شەوی ١-٢ی تشرینی دووەم (پێش ناردنی ئاڵا ی شەر ڕاگرتن –هدنە-بە چەند سەعاتیّ) موسلّ چۆڵ بکات، بەڵام نێرودەی

---

(١١) دەقی ئەو دوو ماددەیەیە

م٧: هاوپەیمانان مافی ئەوەیان هەیە هەر خاڵێکی ستراتیجی داگیر بکەن ئەگەر بارودۆخەکە هەرەشە لە سەلامەتی هێزەکانیان بکات.

م١٦:هەموو(حامیە) تورکەکان کەلە حجاز وعیسرو یەمەن وسوریاو وڵاتی دوو رووبارەکەدان،خویان بە دەستەوە بدەن بە نزیکترین فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان، تەنها ئەوە نەبێت کە پێویستە بۆپاراستنی هێزەکانی ناوخۆ وبە مەرجێکیش ئەوە بە پیّ هەردوو ماددەی پێنج وحەوت لەرێکەوتنامەی –هدنە-ببێت




بریگاری حاکمی مەدەنی گشتی عەقید. تی. ای. ولسن


سێر هێنری دوبس – نوێنەری باڵا

(شەڕراگرتن –هدنه –) كە ناردبوی داوای لە جەنەراڵ مارشاڵ كرد كە هێزەكانی بكشێنێتەوە بۆ شارۆچكەی (القیارە) ئەویش ئەو خاڵە بوو كە هێزەكانی بەریتانیا لە گەڵ ئیمزا كردنی ((الهدنە)) پێی گەیشتبوو. لە بەیانی رۆژی دووەمی تشرینی دووەم (العقید لیجمن) نامەیەكی لە جنراڵ (كاسلز)ەوەرەوانەی موسڵ كردوو تێدا بەوالی وفەرماندەی سوپای ڕاگەیاندبوو كە ئەو فەرمانی پێگەیشتووە داوای لێدەكا موسڵ داگیر بكاو بۆیە داوای لێكردبوو كە هێزەكانی بكشێنێتە دەرەوەی شار. بەڵام (لیجمن) قبوڵ نەكردنی (عەلی احسان پاشای) هێنایەوە كە تیبدا دەڵێ شار چۆڵ ناكا لەگەڵ ئەو گردانەی باشور كە دەروانئە سەر شار وگردەكانی (ابوسیف)ی پێ دەڵێن، ئەگەر سوریشن لەسەرئەم مەسەلەیەدەبێ بێن داگیری بكەن جەنەڕاڵی بەریتانی سەری سوڕما ونەیدەزانی چی بكا چونكەئەگەر هێرش بەرێ وموسڵ داگیربكا بێ هیچ هۆیەك، ئەمە مانای وایەمەرجەكانی شەڕ ڕاگرتن – هدنه-پێشێل دەكەن – بۆیە ناچاربوو پێشنیارەكەی عەلی احسان قبوڵ بكا ولەگەڵیا كۆببێتەوە، ئەمەش لە٤/ی تشرینی دووەم دا روویدا –لەوكۆبونەوەیەداجەنەراڵ وسیاسە تمەداری زیرەكی تورك توانی ی هاوشێوەبەریتانیە كە قەناعەت پێ بكا هێڵێكی جیاكەرەوە لەنێوان هەردووهێزدا دروستبكرێ لەشوێنێك كەدەكەوێتە دووری دوومیل لەباشوری موسڵ. كە (كاسلز) فەرماندەی باڵای خۆی ئاگادارکردەوە لەورێكەوتنامەیە ئەم بروسكەیەی پێ گەیشت لەوێوە ((بڕگەی حەوتەم لەڕێكەوتنامەی –هدنە –ماف دەدا بەهاوپەیمانان بۆ گرتنی خالەستراتیجیەكان، بۆیە دەبێ ئەم بڕگەیە جێبەجێ بكرێ بێ گوێدانە شوێنی هێزەسەربازیەكان لەنزیك موسڵ. هەروەك لەفەرمانی پێشومدا هاتبوو)) ئەوجافەرماندە –كاسلز –فەرمانی بەهێزەكانی دا بجولێن، ئەوانیش چونە پێشەوەوخاڵە سەربازیەكان وسەرە رێگاكانیان داگیركرد، بۆیە – عەلی احسان) پەنای بردەبەر بەڵگەیەكی دیكە بۆئەوەی موسڵداگیرنەكرێ، ئەوگوتی موسڵ دەوروبەری بەشێك نیە لە ولاتی نێوان دووڕووبارەكە، بۆیە بەریتانیكان مافی ئەوەیان نیە بەگوێرەی بڕگە ی حەوتەمی رێكەوتنامەی (مودروس) داگیری بكەن، ئەمەجگەلەوەی سوپاكەی ئەوسوپایەمەیدانەو ((حامیە)) نیە بۆیە ئەوپابەندنیە بەگوێرەی بڕگەی ١٦ی ریكەوتنامەی – هدنە ی- شارەكە بدابەدەستەوە.

جەنەڕاڵ مارشال بەپەلە ڕۆیشت تاكوبگاتە هێزەكانی پێشەوەوئاگاداری عەلی احسانیش بكا كەئەوسەرەرای هەمووشتێ موسڵ هەر دەگرێ. ئیتر دوای چەند پەیوەندیەك لەنێوان هەردوو فەرماندەدا وە لە كۆتایدا لە حەوتی مانگدا كۆبونەوە، لەو كۆبونەوەیەدا فەرماندە بەریتانیەكە



روونی كردەوە كە ئامادە نیە باسی ئەو دوو خاڵە بكا كە فەرماندە توركەكە وروژاندنی بەپێی ئەو فەرمانەی رونەی لە حكومەتەكەیەوە پێیگەیشتنوە پێشرەوی دەكاو موصڵ دەگرێ ئەگەر بە شەریش بێ. ئەوجا مەرجەكانی خستە بەردەم فەرماندە توركەكەو داوای لێكرد ئیمزای بكاو هەرهەمووی بە سەر یەكەوە جێبەجێبكا،كە ئەمەش گرنگترین ئەو مەرجانەیە:

**یەكەم:** ویلایەتی موصڵبەتەواوی لەهەموو یەكەسەربازیەكان لەماوەی دەرۆژدا چۆڵ بكرێت.

**دووەم:** گۆڕینەوەی دیلەكانی جەنگ دەست بەجێ و بێ دوواكەوتن.

**سێیەم:** بەندی خانەی ناوەندی ویلایەت لەگەڵ هەموو گیراوەكان تەسلیم بكرێ.

**چوارەم:** قەدەغە كردنی دەرچوونی خەڵكی لەگەڵ سوپا بەزۆر بێت یان خوایشت.

**پێنجەم:** تەسلیم كردنی هەموتۆمارگەو بەڵگەنامە رەسمیەمەدەنیەكان.

**شەشەم:** پیشاندان و دەستنیشانكردنی شوێنی حامیەسەربازیەكان لەهەموناووچەكانی ویلایەتی موصڵ و فەرمان بدرێ بەفەرماندەكانیان كەلەكاری خۆیان بەردەوام بن تاكوو فەرمانبەری بەریتانی دێ وشوێنەكانیان لێوەردەگرێ.

**حەوتەم:** فەرماندەمەدەنیەعوسمانیەكان بەویستی خۆیانە دەیانەوێ بمێننەوە لەسەركار و فەرمانی خۆیان یان بەجێ ی بێلن. (ولسن)[12] فەرماندەی مەدەنی گشتی لە گەڵ جەنەراڵ مارشالدا بۆ كاتێ لە گەڵ عەلی احسان پاشا لە ١٧ تشرینی دووەم لە موصڵ كۆبوەوە دەڵێ جەنەراڵ سوربووە لە سەر ئەوەی ئامادە نییە ئەو مەرجانە باس بكاو بدوێ لە بارەیانەوەو بریاریشی داوە هەر دەبێ هەموو ولایەتەكە داگیر بكاو، بۆیە عەلی احسان هیچ چارەیەكی نەما ومەرجەكانی بە ناچاری وبە نابەدڵ مۆركرد و پێیان رازی بوو. فەرماندەی بەریتانی گشتی یەكسەر فەرمانێكی دەركرد و(العقید لچمن) ی دامەزراند بە فەرماندەی سەربازی ولایەتی موصڵ وئەفسەری سیاسی شارەكەش لە هەمان كاتدا ئەمیش یەكسەر دەستی بە كار كرد ((هیچ رۆژێ لە رۆژانی ژیانی بەو جۆرە چوست وچالاك نەبووە، وەك من لەو كاتەدا بینیم، یەك سەعاتی بە فیرۆ نەدا، گورج فەرمانی داو هاتوچۆی لە دوای خۆرئاواوە قەدەغەكرد،

(١٢) سەرچاوەیەك بۆ ئەم ڕووداوانە نیە باشتر بێ لە چاپی دووەمی كتێبەكەی (سرتوماس ارتولد ولسن)جێگری حاكمی سیاسی گشتی لە ولاتی نێوان دوو رووبارەكە بە ناونیشانی.
Miso potamia clash of loyalties
كەلە ساڵی ١٩٣٦ چاپ كراوە.چاپ خانەی زانكۆی ئۆكسفۆرد بەشی كۆتایی فەسڵی حەڤدەیەمی كتێبەكە.

وبەتونديش فەرمانی دا هەركەسێ دووای ئەوكاتە ببينرێ لەهەر شوێنێكی گشتيدا يەكسەر تەقەی لێدەكرێ، بەيارمەتی ئەو ئەفسەرانەش كە (كاسلز) بۆی ڕەوانەكردبوو توانی ماڵی زۆرفەرمانبەری تورك بپشكنێ ودەست بەسەر تۆمارگاكانيدا بگرێ وگەلێكيشيان لێگرتن و هەندێ دزوو جەردەش كوژراون))[١٣]

---

(١٣) دوو گێرانەوەم لە بيرماوە سەبارەت بەو ماوەيە حەزم نەكرد خوێنەری لێبێ بەشی يەكەم، بەتايبەتی هەردووكيان پەيوەنديان بەو ڕوداوانەوە هەيە كە لەو ماوەيەدا روويداندا كە ماوەی گواستنەوەی دەستەڵات بو لە دەستی عوسمانييەكان بۆ بەريتانيەكان. يەكێكيان باوكم دەيگێڕايەوە كە خۆشی خەڵكی ئەو شارەبوو.

گوتی: پڕوپاگەندە بلاوبويەوە لەناو شارەكە سوپای بەريتانی نزيك موصل بووەتەوە، سەرچاوەی ئەو قسانە ئەو سەربازە بريندارانە بوون كە لە بەرەی جەنگەوە دەهێنرانە نەخۆشخانە (كەيەكێك لەخاڵەكانم ئەجزاچی بوو لەوێ). ڕۆژێكيان هەر ئەوەندەمانزانی هەرچی ئەفسەرو ئەندازياری ئەڵمانی هەيە كە لە ڕاكێشانی سكەی شەمەنەفەرەكدا كاريان دەكرد هەرهەمويان لەپڕ ڕۆشتون، ئەمەش ئەم دمگۆو پڕوپاگەندانەی بەهێز تركرد.

پاشان ئەو پڕوپاگەندانە تەئكيد يانكردكەسوپای بەريتانی گەيشتە (حمام علی)، بۆ ڕۆژی دوای لەگەڵ خۆرهەڵ هاتندا سوپای عوسمانی دەستی بەكشانەوەكرد لەپردەكەوە بەرەوبەری دیجلە، بەخۆوتۆپوشتە قورسەكانيانەو حەيوانەكانيشيان، ئيتركەزانيمان ڕزگارمان بوو بەتايبەتی دوای ئەوەی سوپای عوسمانيما ن بينی دەستيكردبە ڕەشماڵ دانان لەوبەر ڕوبارەكە دوای ئەوەی بە(جسر القارب) دا پەڕينەوە كەشار بەبەری چەپی دیجلەوە دەبەستێ ئيتر دەستمان كرد بە پيرۆزبايكردن لەيەكتر.بەلام نائومێدی و غەم دووبارە جێی خۆشی ی ڕزگار بونی لە عوسمانيەكانی گرتەوە كاتێ كەسوپای عوسمانی بينی بۆ ڕۆژی دوای ديسانەوە بەلەمەكنی پردەكە پێك دەيە ستێتەوە ورەشماڵەكانيدەپێچێتەوە بۆئەوەی بگەرێتەوە شار (دوای ڕۆژيك يان دووان هەوالی –المتاركە- شەر راگرتن بەتوركی – بلاو بوەوە ئيتر بەتەواوی ترساين و غەم دايگرتين ئەمە هۆی گەرانەوەی سوپای عوسمانی بوو بۆ موصل ئيتر دلنيا بوون كەنارۆن و دەمێننەوە، بۆيە زۆركەس خۆی لە چاوی –جندرمە – شاردەوە نەبادا لەبەر ئەوە ی دڵخۆشی خۆيان دەربڕيبو بەڕۆشتنی عوسمانيەكان تولەيان لێ بكەنەوە و سزايان بدەن، بەتايبەتی هەستی خۆيان بەوروژشتنەيە بەشێوەيەكی – إستفزازی –دەربڕيبو، ئەوخەڵكەماتەم دايگرتن، دووبارە بەسەر ماڵی هەندێ لەپياوە ناسراوەكان وگەوروفەرمان بەرەكان ئالای عوسما نی بەرزكرايەوە، بەلام زۆری نەبرد كاتێ كە بينيمان سوپای عوسمانی ديسانەوە پەڕينەوە بەری چەپ و ئەمجارەيان ڕانەوەستان وەرەشماڵيان هەڵنەدا بەڵكو بێ وەستان دەڕۆيشتن، ئيتر گێرانەوەی دووەم هی خوالێخۆشبو (پيدعبدلكريم رسام)مە كەپور زامە.ئەوسا لاوێك بوو لەتەمەنی بيست ساڵيدا و وەرگيرابوو لای ئەندازيارە ئەلمانيەكانی سكەی شەمنەفەرەكە وبەهەرەيەكی سەيری هەبوو لە فێربوونی زماندا. گووتی: دوای ئەوەی ئەڵمانەكان شاريان بەجێ هێشت بێ ئيش مامەوە،منيش خێزانێكی گەورەم بەسەرەوەيە دوايش كەسوپای عوسمانی



---

رۆيشتن دلنيا بوم لەوەی بەم زوانە شارداگيردەكرێ. لەدلی خۆمدا گوتم بابەختی خۆم تاقی بكەمەوە هەول بدەم لەگەڵ داگيركەری تازەدائيش بكەم. ئيتر رۆيشتم بەرەوبەشی باشوری شار چونكە فەرمانگەكانی حكومەت لەوێبوون. خەلكەكەپێش ئەوەی‌گوێيان لەهەوالی قەدەغەكردنی هات وچۆيێ خۆيان هات وچۆيان لەخۆيانقەدەغەكردبوو، بۆيە كۆلان و جادەكان هەرهەمووچۆل بوون مەگەر هەندێ سەگوو پشيلەی بەرەلا نەبێ كەلەوناوەبوون.گەيشتمە نزيك –دارا لولايە – مەلبەندی ولايەت ((السراى) ) و كەسم نەبينی پێم بلێ بگەرێرەوە تاكو لەم كردەوە شێتانەيەی نەبونی ناچاری كردم بيكەم پەشيمان ببمەوە چاوەری هاتنی سوپام دەكرد بەلام هيچ رووی نەدا لەجياتی ئەوەی‌دوای زياتر لە سەعاتێ كابرايەكی بالا بەرزم بينی لێم نزيك دەبێتەوە، كابرا عابايەكی لەخۆيەوە پێچابوو عەگالی كردبوەسەرو دارێكی بەدەستەوەبوو.لێم نزيك بووە بەسەرسورمانيكەوە تەماشای كردم منيش لەو زياترم لاسەيربووئەو كابرايەببينم.پاشان بەزمانێكی عەرەبی ((بدوی)) يانە قسەی لەگەڵ كردم و پرسی تۆكێ و چی دەكەی لێرە. منيش بە كورتی وەڵامم دايەوە و خۆم پێ ناساند وجۆری ئيشەكەشم پێ گوت كەلەگەڵ ئەندازيارە ئەلمانەكاندا دەمكرد ئەويش لێ ی پرسيم چيت خوێندووەو چ زمانێك دەزانيو وسەرت لە چيدەر دەچێت، منيش بەدووايدا ڕام دەكرد لەكاتێكدا ئەو بەرەو سەرای حوكومەت دەچوو وەلامم دايەوە :كەمن لەپەيمانگای (الدومنيكان)ی ئاينی خوێندوومە و ئەوزمانانەم بژمارد كەدەمزانی ئەوەی سەرنجی ڕاكێشام ئەوەبوو هەرچەندە پێستی ئەسمر بوو بەلام شێوەی لە عەرەب نەدەچو،بۆيەدلنيابووم كەئەمە (جاسوسە) و خۆی گۆڕيوە.بەپەلەوەڵامی دامەوە :دوام كەوە تۆم بەوەرگێر دامەزراند، منيش بەپەلە دوای كەوتم و لە خۆشيا وەختبو باڵ بگرمەوە.

بەسەر پليكانە چۆلەكانی سەرا دا سەركەوت تاچوينە سەربانی بيناكە چوەنزيك ئەوشوێنەی ئالای توركی لێ هەلكرابوو داوای لێكردم يارمەتی بدەم و ئالاكە داگرين، منيش يارمەتيم دا ئالاكەمان داگرت، پاشان لە باخەلی ئالايەكی بەريتانی دەرهێناو بەهەردووكمانەوە هەلمانكرد، ئەم پياوە (بدوی) يە (عقيد لجيچن)بوو بەم جۆرە پايتەختی ويلايەت دگيركرا، خزمەكەم وەك دەورگێر لای (ليچن) و لای ئەو ئەفسەرە سياسيانەی داوی ئەو هاتن ئيشی كرد تا موصل يان چۆڵ كرد لەسەرەتای تشرينی يەكەمی ١٩١٩، پاشان وەك (وەرگێری يەكەم –مترجم اول -) لە (متصر فيە)ی ليوادامەزرا تا لەسەرەتای پەنجاكاندا خانە نشين كرا.

ئەم ئەفسەرە بەڕينانيە شوێنێكی دياری هەيەلەمێژوی داگير كردنی عراق لەلايەن بەڕيتانياوە وەناوی تەواويشی (جيرالد اڤلين ليچين Gerald evelyn leachman ١٨٨٠-١٩٢٠) يەكێك لەهاورێكانی كە –ميجر برای-يە كتێبێكی لە بارەی ژيانەوە داناوە، (سليم طه التكريتی) بەشێكی لێ وەرگيراوە بەلام زۆربەخراپ وكەمترخەميوە، كە هيچ كام لەوكتێبانەی رئەم كابرايە لە ئينگليزييەوەيەوە بەعەرەبيە خراپ و لاوازەی خۆی وەريگێراون، كتێبی مێژوی بێت يان گەشت يان ژننامە هەمويەو جۆرەخراپەوەرگێراوە و دەست كاری كردووەو لێی لابردوە و پەراوێزی بيمانای بۆ نوسيون ژيانی (ليچين) لەوكاتەوە كەلەگەڵ سوپای بەريتانيدا لەساڵی ١٩١٥ پێی نايە ولاتی دوو ڕوبارەكەوە ئەفسانە يەك بوو بۆ خۆی وپرە لەئيشی باش و(مغامرات) پاشان ژيانی بە فيشەكێك كۆتای هات كاتێ شێخ (ضاري) لەپشتيەوە تەقەی لێكرد لە شوێنێك كەپێی دەلێن (خان نقطة) وەدەكەوێتە نيوەی ڕێ لەنێوان بەغدادوو فەلوجە.

پێش ئەوەی علی ئیحسان پایتەختی ویلایەت بەجێ بهێڵێ و دووبروسکەی نارد، یەکێکیان بۆ فەرماندەی حامیدی عوسمانی لە سلێمانی تیایدا داوای لێدەکا ببێتە (تابع)ی شێخ مەحمودی حەفید دووەمیشان بۆشێخ خۆی تیایدا دەستەڵاتی بەڕیوەبردنی (متصرفیە)تی شارەزور بەناوی حوکمەتی عوسمانییەوە پێیدایوو _ پاشان یەکێکی خەڵکی موصڵی کردە جێگری والی بۆ ماوەی یەك ڕۆژ لەبەری چەپ دا مایەوە چاوەڕێی ڕێنمای نوێی حوکومەتەکەی دەکرد ولەوانەشە دەنگۆوباسی شەڕڕاگرتن —هدنە- وەرگرتبێ بەڵام شێخ نامەکەی پشت گوێ خست بەناوی حووکومەتی عوسمانیەوە حوکمی نەکرد،بەڵکو چوە سەرحامیەو چەکی کردن هەمویانی تەسلیم بەدەستەڵاتی داگیرکەرکرد لە کەرکوك ئەوموسڵاویەش کە ئیحسان پاشا بەجێگری خۆی دای نابو، لەماڵی خۆی دانیشت. بۆبەیانی حەوتی تشرینی دوەم کەهەمان ڕۆژ بو هەردوو سەرکردەی هەردوو عوسمانی و بەڕیتانی چاویان بەیەك کەوت لەموصڵ وەك پێشتر باسم کرد،هەردووحوکومەتی بەڕیتانی و فەرنسی و تە بەناوبانگەکوی خۆیان سەبارەت بەچارەنووسی وڵاتە داگیرکراوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بلاوکردەوە،ئەمەش دەقەکەیەتی ((ئەوئامانجەی فەڕانساو بەڕیتانیا دەیانویست لەجەنگ لە ڕۆژهەلاتدا ئەوجەنگەی ئاگرەکەی تەماعکاری ئەڵمانیا دایگیرساند، بۆ ڕزگارکردنی ئەوگەلانەبو کەچەندین —جیل- نەوەیە بەدەست زوڵم وزۆروچەوساندنەوە ی تورکەوەدەناڵێنن، ڕزگارکردنیان دامەزراندنی حوکومەتی نیشتیمانی وئیداراتی مەدەنی کەدەستەلاتی خۆی لەئیدارەی دانیشتوانی رەسەنی وڵاتەکەو هەڵبژاردنی ئازادی ئەوانەوە سەرچاوەدەگرێ، فەرنسا و بەڕیتانیا بڕیاریان داوە پشت گیری ئەمە بکەن ویارمەتیان بدەن بۆدامەزراندنی ئەو حکومەتە و ئیداراتە نیشتیمانیە کانیان لە سوریا و هەرسێ (ایالات)ە کەی وڵاتی نێوان دوڕو بارەکە، ئەمەش ئەوخاکانەن کەهاوپەیمانان بەتەواوی ڕزگاریان کردوە لەگەڵ ئەو خاکانەی کەهەوڵ دەدەن ڕزگاری بکەن، هەروەها بڕیاریشیان داوە کەیارمەتی ئەم ئیداراتە بدەن و کەدامەزراش دانی پێدابنێن، فەڕنسا و بەڕیتانیا هیچ نیازێکیان نیە بۆ ملکەچ کردنی ئەم هەرێمانە بۆهیچ جۆرە حوکمێك جگەلەوەی خۆیان هەڵی دەبژێرن،تەنها ئامانجێ ئەوان ئەیا نەوێ بیهێننەدی ئەوەیە کەبەیارمەتی وچاودێری ئەوان کاروباری حکومەت و ئەو ئیداراتەی خەڵکەکە ئازادانە هەڵیان دەبژێرن، گەشە بکات وپێش بکەوێت، هەردوو دەوڵەتی ناوبراو دادپەروەروەری و دەستپاکی و یەکسانی و لەمامەڵەدا دەستەبەردەکەن و هەوڵ دەدەن کاروباری ئابوری چاك بکەن وخاوەن بەهرەو تواناکان هانبدەن و زانست بڵاوبکەنەوە و وڕق و کینەو ناکۆکی کۆن کەلە ئەنجامی سیاسەتی تورکەوە دروست بوو



لەناوی بەرێت و نەیهێڵت. ئەمەیە ئەوئامانجانەی کەهەردوو هاوپەیمان دەیبیانەوێ لە ولاتە رزگارکراوەکاندا بهێننەدی)) وەزارەتی هیند ئەووتەیەی بۆرۆژی دوای بەبروسکە رەوانەکرد بۆ ئیدارەی بەریتانی، هەروەها کوردستانیشی لێ ئاگادارکرایەوە کە (دوانزەخالەکەی ویلسن) یشی پێ گەیشتبو، جگە لەمەش لەلەندەن وپاریس ونیو یۆرك وقاهیرەش بلاوکرایەوە. هەرچەندە وەك سەرچاوە عەرەبیەکان باسی دەکەن ئەم وتەیە لەئەنجامی رووداوەکەی بەیروت وبەهۆی ئەوەوەدەرچوە[١٤]. بەلام سەرچاوەکانی دیکە دەڵێن کە مەبەست هەمووئەوگەلانە بو

(١٤) بونمونەی بڕوانە (جورج انطونیوس ((وریابونەوەی عەرەب یقظة العرب-کەهەردوودوکتۆر —ناصرالدین اسد- ودکتۆر احسان عەباس-کردوویانە بەعەرەبی. چاپی شەشەم ١٩٨٠ —((درا العلم لملا ین) )ل ٣٨٣) دەرچونی ئەم وتەیە دەگەرێتەوە بۆ ئەو بار گرژیەی لەپڕلەولاتانی عەرەبیدا هاتە ئاراوە هۆی سەرەکی ئەمەش (رووداوی ئالأی عەرەبی)بولە بەیروت.لەبیست وسێی ی تشرینی یەکەم واتە پێش چەند رۆژێ لەگەیشتنی پێشەنگی سوپای بەریتانی یان فەرەنسی بۆ ناو شاری بەیروت (لەشکری پاشا الایوبی) کە یەکێك بوولەنەوەی (صلاحەدین) سەروەری عەرەبی راگەیاند وئالأی عەرەبی بەناوی میر فەیسەلەوە هەڵگرد. فەرەنسیەکان ئەم کارەیان زۆر پێ ناخۆش بوو داوایان لە جەنەرال (اللنبی) کرد ئەو ئالایەداگرێ،ئەویش فەرمانی داگرتنی داو ئەمەش هەرایەکی توندی لێکەوتەوە لە دیمەشق، تەنانەت فەیسەل خۆی هەولێ دەدا ئاگری خۆئامادەکردن بۆیاخی بون لەناوسوپاکەیدا بکوژێنێتەوە، ئەم کەف وکو لە کە ئەنجامی ئەو رووداوە بوو، دانەمرکایەوە کە خەلکەکە زانیان بەیروت و بەندەرەکانی دیکەن کەناری سوریا دەخرێتە ژێر داگیرکردنی فەرەنساوە، هەروەها لە دیمەشقیش دەنگوباسی چالاکی زایۆنیەکان لەفەلەستین بلأوبووەوە ئەمە هەموی ئاگرەکەی خۆشترکرد، پاشان گرتنی هەردوو شاری دیمەشق وحەلەب سەرکردەکانی عیراق وسوریا ی کۆکردەوە، ئەوانەی لەڕیزی شۆرشدا شەریانکرد، لەگەڵ ئەوانەی لەولاتی خۆیاندا بەناچاری مانەوە، دوورخرابونەو لەژێرباری چەوساندنەوەی تورکدادەیاننالاند.ئەم بەیەگەشتنە بووە هۆی بیرۆراگۆرینەوە بەتایبەتی ئەوانەی کەلەنیشتیماندا مابونەوە هەواڵی زۆریان لابوو کەلەسەرچاوەی تورکیەوە وەوەریانگرتبوو گەیاندیان بەبڕاشەرکەرەکانیان، ئەمەش بەلگەی نوێ ی دایە دەستیان کەدووبارەچاوبخشێننەوە بەرادەی راستگوی هاوپەیمانانـدا.فەیسەل لەگەڵ (اللنبی) کۆبووەوە وپێی راگەیاند کەچیتر ناتوانێ جڵەوی هێزە عەرەبیەکان بگرێ،ئەگەریەکسەر و تەیەك بەرەسمی لەلایەن هاوپەیمانانەوەرنەچێ تیایدا بەروونی نیەتی خۆیان دیاری نەکەن...بۆیە هەردوو دەوڵەت بە پەلە ئەو وتەییان دەرکرد...هتد.

ئەمە یەکێکە لەو هەولانەی دەدرێ بۆگۆرینی رووداوەکانی مێژوی نەتەوەی نوێ ی عەرەب کەلە زۆرکتێبدا وەك ئەمەی مامۆستا (انتونیوس)کراوە، ئەمەش هەمووی لەبەر ئەوەی کە رۆڵێکی ناراست بدرێ بە بزوتنەوەی نەتەوایەتی عەرەب، لەراستیشدا ئەمە سەرچاوەی هەموو ئەو کارەساتانەیە کە توشی چەمکی نەتەوەی عەرەبی بووە

کەسوپای هاوپەیمانان (رزگاریان) کردبوو، نەك عەرەب بەتەنها- دەتوانین بلێین کە ئەم ووتەیە بەتەواوی وەلەرووی سیاسیەوە ڕێکەوتنامەی سابکی —بیکۆ —سازانوف ی لەناودا[١٥].

---

لای نەوەکانی داهاتوو لە راستیدا هۆی راستەقینەی دەرکردنی ئەم ووتەیە، ئەوەبوو کە سەرۆکی ئەمریکا (وودرولسن) بەیانە چواردەخاڵیەکەی خۆی بلاوکردەوە سەبارەت بەمافی چارەنوسی گەلان، ئەو خالانەی لەو وتارەی داخستە رووکە لە رۆژی ٤/ی تەموزی ١٩١٨ کە رۆژی جەژنی نیشتمانی ئەمریکایەلە (مونت ڤرنون) دای —بەمەش هاوپەیمانانی توشی بارێکی زۆرخراپ کردوو ئەوانیش کەوتنە خۆیان وئەو بەیانەیان دا سەبارەت بەو ولاتانەی داگیریان کردووە. ئەوەی مشتومری لەسەر نێەو هەموو مێژوونوسەکان و کتێبە مێژووییە جێی بڕواکان باسیان کردووە ئەوەیە کە بەریتانیایە و فەرەنسا، ئەوسا، دەیانویست بەهەررێگەیەك بێ ئەمریکا رازی بکەن بۆئەوەی بمێنێتەوە وبەشداری بکا لە کۆنگرەی ئاشتیدا ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە بەرێز (انتونیوس) هیچ سەرچاوەیەکی دەست نیشان نەکردووە بۆئەوەی گوایە جەنەڕال (اللنبی) لەسەر پێشنیاری فەیسەلی رازی بوە و هەرئەمەش هۆی دەرکردنی ئەو ووتەبیەبووە.وەك زانراویشە فەیسەڵ لەو کاتەدا (رتبە امرلوائ)ی جارەکی —مۆقت —ی هەبو لە سوپای بەریتانی دا، ئەمەش جەنەراڵ (اللنبی) لە ژێر فەرماندەی ئەو دا بوو وهیچ شتێکی ئەویان قسەیەکی نەبوو مەگەر لە ڕێ یاوەر ووەر گێری (اللنبی) کە (لورنس) و (موقدم جویس)بوو.هەروەها لە رۆژانی یەکەمی چونە ناوەوەی هێزی عەرەب بۆ سوریا، بە رونی بۆ هەموو کەسێ دەرکەوت کە یەکێك لە هۆیە گرنگەکانی ناکۆکی هەرێمایەتی لە نێوان چالاکیە جیاوازەکانی عەرەبیدا ئەوە بوو، کە ئەوانەی لەویلایەتی بەغدادو بەصرەوە هاتبوون، زۆ ربەیان ئەفسەری عوسمانی بوون، هەرچەندە وایان پیشان دەدا کە لەگەڵ فەیصەڵ و باوکیدان وبۆ ئەوان کار دەکەن، لە راستیدا ئەوانە ئەفسەری عوسمانی بوون و هەر بە پابەندی سوڵتانی عوسمانی مانەوە تاکو دوا ساتەکان، ئەمە جگە لەوەی بیرو بۆچونی (الجون ترك) کاری تێکردبوون وبڕوای تەواویان پێی هەبوو تاکو کۆتای جەنگ ودوژمنێکی سەر سەختی بەریتانیاش بوون بۆیە بەریتانیا مەترسی ئەوانی بەگەورەترو، (جدی) تردەزانی لە مەترسی سیاسەت مەداران و وتارخوێنانی مزگەوتەکانی دیمشق وقودس.

(١٥) حکومەتی —البلاشفە-لە تشرینی دووەمی ١٩١٧ دەقی ڕێکەوتنامەکەی بلاوکردەوە ورۆژنامەی (المانچستر گاردیان) ی ئینگلیزیش لەمانگی کانونی دووەمی ١٩١٨ دووبارە بلاوی کردەوە، لەوێشەوە رۆژنامە عەرەبیەکانی میسرش وەریان گرت وبلاویان کردەوە





عەقید چارلس لیچمان بەجلوبەرگی سەربازییەوە



عەقید چارلس لیچمان بەجلوبەرگی رەوەندەی عەرەبییەوە

# فەسڵی هەشتەم

سەبارەت بەدوارۆژی سیاسی هەرسێ ولاّیەتەکە من ئەم فەسلە بە بڕگەیەك دەست پێدەکەم کەلە باسێکی (السرپرسی کوکس)داهاتبوو لەکۆبونەوەیەکی ئەندامانی (کۆمەڵەی مەلەکی ئاسیەوی –الجمعیە الملکیە الاسبویە -) لەلەندەن لە ١٤ ی شوباتی ١٩٢٩ خوێندیەوە پێنج ساڵ پێش ئەمەش خانەنشین کرابوو.

((نەماندەزانی جەنگ چۆن کۆتایی دێ وچارەنوسی میسۆ پۆتامیا چۆن دەبێ ئەگەر هاوپەیمانان سەرکەوتن. بۆیەلەبەرهەمان هۆ هاوپەیمانان نەیاندەتوانی نیازی خۆیان بەئێمە رابگەێنن –دوای تێپەربوونی ئەم ماوە درێژەبێ زیانە ئەگەر بلێین تەنها لەیەك حالەتدا (سالی ١٩١٧ ودوای ئەوەی بەغداو بەشی خواروی موسلمان داگیر کرد) پێشنیارێکمان لە حکومەتی بەریتانیاوە بۆ هات و داوای لێ کردین رای خۆمان دەربڕین. ئەگەر پەلەمان بکردایە لە رادەربرینی خۆمان رێرەوی رووداوەکان بەتەواوی جیاواز دەبوو لەوەی بە فعلی روویدا ئەو داواکاریە پەیوەندی بە سێ ولاّیەتەکەوە هەبوو :بەصرەوبەغداو موصلّ: دەیانپرسی ئایا واباش نیە هەر ولاّیەتێك بەجیا بەرێوەببرێ، لەبەرئەوەی ئەو سێ ولاّیەتە هەریەکەو بارودۆخی تایبەتی خۆی وداواکاری خۆی هەیە.

یەکسەر بۆمان دەرکەوت کە هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە دەستمان تا کۆتایی جەنگ وتەو بەڵێنەکانمان کە دابومان بە خەلکەکە ی دەیان گرێتەوە دەبێ بەرێوە بردنیان وەك یەکێك کە نابێ دابەش بکرێ بەرێوە ببرێ. ئەم بیرۆکەیە مان وەك پێشنیار بۆ هات و باسی نەکرا لە بەر جیاوازی بیرو بۆچونی ئەوانەی لەبەغداد بوون وەریان گرت، پێش شەڕڕاگرتن یان دوای، بۆیە منیش وەك حاکمی مەدەنی گشتی بێ دوودلّی دژی ئەوە وەستام کە ئەم سێ ویلایەتەی لە یەك جیا بکرێتەوە. پاشان و لە ئەنجامی بە سەرهات و روداو ئەنجامەکانی راستی ڕای خۆمان مان بۆ دەرکەوت[1]

(١) دەقەکەمان لەکتێبی (العراق فی الوثائق البریطانیة –عیراق لەبەلّگەنامەکانی بەریتانیدا)وەرگرتوە فوئاد قازانجی وەرپگێراوە :دارا المامون بەغداد١٩٨٩ ل (٢٧-٢٨) دوای ئەوەی کەمێك دەسکاری وەرگێرانەکەمان کرد وەرگێر ژمارە (Hm٠٥-٢٥ - ٨٦ – ٦٨- ٤٣- ٠٧٣٠)بەم بەلّگەنامەیە دابوو.



ئیدارەی بەریتانی پشتی بەچەند ئەفسەرێکی عەرەب و کورد کە لە سوپادا نەمابون، بەست ئەو دەولّەتەی ئەفسەرەکان بە هەموو دلّسۆزیەك خزمەتیان دەکرد ئێستا ئامادەن لە هەر ئیدارەیەکدا خزمەت بکەن بە هەمان دلّسۆزیەوە.

بە پێچەوانەی قسەکانی (کوکس)ئیدارە بەو شێوەیە ئاسان نەبو کە (کوکس) وای دەزانی سەرکەوتوە، ناکۆکی وپشێوی لە نێو خەلّکە کەدا کە لە یەك دی بە جۆر و بە رەگەز جیاواز بوون زۆر توند بوون لە وانە بوو گرفتی راستەقینە دروست بکا لە هەموشیان مە ترسیدارتر هۆزەکانی کوردستان لە باکورو هۆزەکانی فورات لەباشور، مە ترسی ئەمەیان زۆر لەوی پێشتر گەورەتر ومەترسیدارتر بوو. ناکۆکی وململانێ هە بوو لە نێو تایفە ئاینی و مەزهەبیەکان دا،ئەم ئاشوبەیە قەد لەو رژێمانەدا نایا نبینین کە خاوەن کۆمەڵگەیەکی یەك نەتەووەو یەك پێناسەن.

ئیدارەی جارەکی –الادارە الموفتە –دوای جەنگ بە (السر پیرسی کوکس) سپێردراو (گیر ترودبل)ی بە ناوبانگ یاریدەدەری بوو.

ئەویش دەستی کرد بە پیادە کردنی ئەو سیاسەتەی کە لە وتەکە یدا باسی کردبوو، بەلاّم ئیدارەی دایە دەست جێگرەکەی (العقید السرا ر نولد ولسن) جارێکیان بەشێوەیەکی جارەکی – موفت – کە پۆستی (المفوضیة البریطانیة)ی لە تاران پێ سپێردرا دیسانەوە بە شێوەیەکی جارەکی، جاری دووەمیش لە سالّی ١٩١٩. (بل)وەك سکرتێری رۆژهەلاّت بە یاریدەدەری ئەو مایەوە. (بل)باشترین کەسە لە ئینگلیزەکان کە لە سەر ولاّتە عە رەبیەکانی نو سیبێ لەو کاتەداو ئەو دەیویست هەردوو ویلایەتی بەغدادو بەصرە بکرێن بە (محمیە)، کەچی ویلسن دەیویست ڕاستەو خۆ حوکم بکرێن.

بەلاّم لە سەرەتای سالّی ١٩١٩ چەند هۆیەك هەبوون. کە بیروبۆچونی هەردووکیانی لەیەکتر نزیك دەکردەوە، ئەمەش لەیادداشتێکدا نوسیبوی بەمجۆرە ((قسەکردن سەبارەت مافی چارەنوس پێش بەستنی کۆنگرەی ئاشتبونەوە یان دوای ئەوە مەسەلەیێکە چی تر ناو یسترێ)). پێشتر لەیەکێ لە راپۆرتەکانیدا نوسیبوی کەخەلکی میسۆ پۆتامیا دوای ئەوەی کوتایی جەنگی سەرکەوتویان بینی، بوبە شتێکی بەلّگەنەویست بو لەلایان کەولاّت لە ژێر دەسەلاتی بەریتانیدا دەمێنیتەوە زۆریش بەختیارن بەقبول کردنی بریاری جیابوونەوە (لە تورکیا).



گێرترود بل



نموونەیەك لە نامەكانی گێرترود بل بەعەرەبی



لەوەدەچێ لەندەن لەبەردڵی سەرۆكی ئەمریكی (ولس) مەبدەئی مافی چارەنوسی وەك خاڵی دەسپێك قبوڵ كردبێ یان وای نیشاندا كەقبوڵی كردووە. بۆیە داوای لە بریكاری حاكمی مەدەنی گشتی كرد بیرورای ئەو خەڵكە وەرگرێ سەبارەت بەو حوكمەی پێیان باشە یان جۆری ئەو دەوڵەتەی دەیانەوێ دابمەزرێنن، ئەویش لەوەلاّم داگوتی هیچ ڕێگایەك نیە تاكو دڵنیا بین لەرای گشتی[٢].

(ارنولد ولس) ئامادە بووهەرسێ ولایەتەكە ببا بەرێوە بەتایبەتی موصڵ كە (كلیما نصو) دەستی لێ هەڵگرت بۆیە بەریتانیەكان وەك باسمان كردوبڕیاریان دا توركیای لێ بێبەش بكەن.

بەلاّم بڕواشی نەدەكرد ئەم كەئەم سێ ویلایەتە بە كەڵكی ئەوە دێ یەكیەتییێكی پتەوی لێ دروست بكرێت هەرێمی (عراق) كەئەوناوەبوو بەریتانیەكان پێشنیاریان كرد لەبری (میسۆپۆتانیا = نێوان دوو ڕوبارەكە) ئەوەندە پەرت ونەگونجاو دەهاتنە پێش چاو كەنەدەكرا دەوڵەتێكی لێدروست بكرێت، بەلاّم ئەو مەڵبەندە ستراتیجیەی، كە ویلایەتی موصڵ هەیبوو وای پێویست دەكرد بخرێتەسەر ئەم (عراقە) جگەلە شیمانەی —احتمال-بەهێزی بوونی نەوت لەژێر خاكەكەیدا، هەرچەندەئەمە بەشێك بوو یان دانرابوو كەبەشێك بێ لە (كوردوستان) (ولس) هەوڵیدا (وایت هول) قەناعەتی پێ بكا كەئەم جەنگاوەرە كوردەئازیزانە كەخراونەتە ناوئیدارەكەی ئەوەوە وەنزیكەی نیو ملیۆن دەبن قەت بە فەرمانڕەوایێكی عەرەب ڕازی نابن.[٣]

بەلاّم بایەخدانی عەمەلی بە رای گشتی كوردی لە باشوری كوردستان بە شێوەیە كی جدی ئەو كاتەدەستی پێكرد كە هێزەكانی بەریتانیا چونە ناو بەغداوە جەنەراڵ(مارشاڵ)ی فەرماندەیگشتی ڕێگەی دا بە سوپاكەی بەرەو باكور بكشێ وهەموو ولایەتی موصڵ بگرێ

---

(٢) هوارد.م.ساكر:(تاریخ اسرائیل منذ قیام الصهیونیه حتی الان —مێژووی ئسرائیل لە پەیدابونی زایۆ نیزمە تائێستا

HOWARD M SACHER :AHISTORY OF LSRAIL
FROM THE RIZE OF ZIONISM TO OUR TIMES

١٩٧٩-٢٠٩٧ نیۆیۆرك.

(٣) (ارنولد ولس)-فەسڵی ١٧-پەراوێزی ١٣-سەرچاوەی پێشوی سەرژمێرێكی رەسمی یدانیشتوانی ویلایەتەكە حكومەتی عێراق لە ١٩٢٢ -١٩٢٤ كردبوو و ژمارەی كوردیان بە (٥٢٠٢١٤)بە موسڵمان و ئیزیدی ومە سیحیەكانیەوە.ژمارەی عەرەب (٦٦٩٤١) ئەمە جگە لە (١٠٠٠٠٠)كە هەردوو مەسیحی (كلدانی وئاشوری) یدەگرتەوە (١٦١٣٣٦)وە توركمان (٣٨٦٥٢) جولەكە (١١٨٩٧) بەم پێییە ڕێژەی كورد بۆ كۆی هەموو دانیشتوان لە صەدا ٦٥بووو عەرەبیش نزیكەی لە ٪ ٢٣

وەك باسمان کرد دوا بەدوای ئەوە فەرمانگەی حاکمی مەدەنی ی گشتی کە ئەو سا ئەو پۆستەیەبە دەستی (السرپیرس کوکس) ەوە بوو دوای ئەویش بریکارەکەی (ارنولد ولْسن) وەك پێشتر باسمان کرد، کۆمەلە ئەفسەرێکی سیاسی ی زیرەکی دانا کە پێشتر پەیوەندیان هەبوو بە کوردستانەوە شارە زاییەکی باشیان هەبووە لە کاروباری کوردیدا هەروە ها پەیوەندیەکی شەخسیش بە سەرکردەو و سەرەك هۆزەکانی ئەوێ جگە لە هەندی ڕۆشنبیر کە لەبواری نیشتمانیدا کاریان دەکرد. لەمانە (میجرسون) و(الرائد نوئیل) و(الرائد ادمونز) و(النقیب چاپمان) و (بولارد) و (کاپتن لاین) وهی دیکەش. ئەمانە ئەلْقەیەکی لاوازیان دروست کرد کە نەدەگەیشتە ئەوەی ناویان بنرێ لیژنە یان دەستەو چەند ئامانجێکی دیاری کراویان هەبوو کە بریتی بوو لە ناساندنی کورد بە نیاز باشی بەریتانیاو هانیشیان بدەن دژی تورك وببنە لایەنگری هێزە سەرکەوتوەکانی بەریتانیا لە سەرەتای سالْی ١٩١٨ واتە دوای زیاتر لە پێنچ مانگ دوای گرتنی بەغدا (میجرسون) راسپێردراو رۆژنامەیەکی کوردی دەربکا بەناوی (تێگەشتنی راستی هەر (سون) بۆ خۆیشی سەرنوسەری بوو. ئەم رۆژنامەیە رۆژنامەیەکی وەرزی بوو وبەیناوبەین دەردەکراو لە سەری نوسرابوو (رۆژنامەیەکی سیاسی کۆمەلاْیەتیە خزمەت بەیەکیەتی کوردو ئازادیان دەکا) .ئەم رۆژنامەیە نەیدەویست شۆڕشێکی کوردی دژی عوسمانیکان بەرپابکا لە باشوری کوردستان ولەئامانجەکانیشیدائەمە نەبوو وەك ئەوەی لەئامانجی (النشره العربیه —پەخشانانامەی عەرەبی) هەبوو کە لە ٦-ی حوزەیراندا لە قاهێرە دەرچوو بەمەبەستی پالپشتکردنی شۆرشی شەریف حوسێن کە(لو رنس)دروستی کردبوو. بەلْکو زیاترلە رۆژنامەی (العرب)ی دەردەکرد کە دەسەلاتی بەریتانی لە بەغداد دەریان کرد لەهەمان کات و بۆ هەمان ئامانج کە رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)ی بۆ دەرکرا. ئەم رۆژنامەیە بیست وپێنچ ژمارەی لیْ دەرچوو هیچ کاریگەریەکی لەسەر رووداوەکانی پاشتر نەبوو. مەلْبەندی دابەشکردنی بەغدا بوو وهیچ قەلەمێکی ناسراوی کورد بەشداری تێدانەکرد.وهیچ سەرچاوەیەکمان لەبەردەستانیە رادەی کاریگەری یان بلاْوبونەوەی لە کوردستان یان چەن دانەی لیْ چاپ دەکرا، هەموو ئەمانەمان بۆ روون بکاتەوە. ئەوەی دەیزانین تەنها ئەوەیە کەئەو رۆژنامەیە دوای ئەوەی کارێکی تایبەت ومەیدانی بە سەرنوسەرەکەی (سون) سپێردرا، ئەویش نەما[٤].

(٤) سەرچاوەی پێشو ل ١٥.رۆژانەکانی —یومیات —(میجری —ن نوئیل) ئەرکێکی تایبەت لە کوردستان



بەشێوەیەکی گشتی، وبە پێچەوانەی ئەوەی باسمان کرد، بزوتنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کوردی هیچ گەشەکردنێکی بەخۆیەوە نەدیت لە ناوەوەی کوردستان کە شایەنی باسکردن بیْ لە ماوەی جەنگدا. بەلاْم نیشتیمانپەروەرەکان وکۆمەلە و رێخراوەکانیان لەدەرەوە (بەتایبەتی لە قاهیرەو پاریس) زۆر چالاك بوون وهەولْیان دەدا کیشەی گەلەکەیان بخەنە بەردەم هاوپەیمانان بە هەررێگەیەك بیْ بەلاْم زۆربەی جار نائومێد دەبوون —هەلْویستی نیشتیمان پەروەرە کوردەکان لەناوەوەی کوردستانی تورکیادا زۆر قورس بوو بەتایبەتی بۆ ئەوانەی پاییەکی ئاینیان هەبوو وەك شێخ عەبدولقادری نەهری، بینیشتمان چۆن سەیەتا ها ناچاربوو خۆی بدزێتەوە وبچێتە ئەودیو سنور تاکو پەیوەندی بەروسەکانەوەبکا، هەروەها میرەکانی جافیش (بەگزادە) کە گەرمیان وکوێستان کردنیان بۆ ئێران رێ ی بۆ خۆش کردن ئەو پەیوەندیە دروست بکەن. دوای تەواو بونی جەنگ وخۆبەدەستەوەدانی تورکیا دووبارە چالاکی پەیدابوەوە. سەرکردە نیشتمانی

لە ١٤/ی حوزەیران تا ٢١ /ی ئەیلول ١٩١٩.

The daiy of majore -n-noel on special duty in Kurdistan June 14 Sep 21 -1919

(ولسن) ئەوەندە پەرۆشی دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی سەربەخۆ بوو نەك تەنها لەباشوری کوردستان بەلْکو لە باکوریش تا ئەودیوی هێلی سنور (هێلی بروکسل —خط بروکسل) ی جارەکی —موقت.بۆیە (المیجر نوئیل) یراسپارد کە ئەوسا بەئەرکێکی تایبەت لە دیاربەکر بوو، لەحەلەب لە ٢٦ /ی حوزەیران چاویان بە یەك کەوت.(نوئیل) لە رۆژانەکانیدا دەلیْ:

(عقید ولسن) کەبریکاری حاکمی مەدەنی گشتی بوو، پێشنیاری ئەوەی کرد بو بۆ حکومەتی بەریتانی (لە ١٢ /ی حوزەیرانی ١٩١٩) کە دەولەتێکی سەربەخۆی کوردوستانی لەژێر چاودێری بەریتانیا دا دابمەرزیْ و ولاْیەتی (بتلیس ودیاربەکر ومعموریه العزیز) بکرێتەوە.

ئەویش دوای ئەوەی راوێژی لەگەلْ (ولسن) کردبریار درا سەردانی ئەستەنبول بکا تاکو پەیوەندی بەگەورەکانی بنەمالْەی بەدرخانەوە بکاو لەگەلْیان رێك بکەویْ پاشان گەشتێك بە کوردستاندا بکات وهەولْبدات بەرەبەرەکانی پرو پاگەندەی ئیسلامی بکات کە تورکەکان بلاْوی دەکەنەوە بۆ هاندانی رای گشتی کوردی دژی ئینگلیز، هەروەها بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئەو خەیالەی تورکەکان دەیانەویْ لە نێو کوردانەدا بلاْوی بکەنەوە گوایا ئەوان دەکەونە ژێر بەزەیی —رحمە —ئەرمەنەکان.(میجر نوئیل) دەلیْ لە ٣/ی تەموز لەئەستەمبول لەگەلْ دیارترین کەسایەتیە نیشتمانیەکوردیەکاندا کۆبووەوە وەك شێخ عەبدولقادری نەهری وئەمین عالی بەدرخان و دوانی دیکە بنەمالْەکەی، هەروەها ئەکرەم جەمیل پاشازادە لەدیاربەکرەوە وعەبدولرەحیم ئەفەندی وهتد.

وریخراوەنەتەوەییە کوردیەکان پێکهێنانی کۆنگرەی ئاشتی کە بریار بوو لە پاریس ببەسترێ لە خەوی هەڵساندن و جەنەراڵ شەریف پاشا یان هەلبژارد تاکو لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرایەتی کورد بکا.

چۆن هەڵبژێردرا نەکۆبونەوە هەبوو ونەدەستەییێکیش کەلەو نوێنەرانەپێکهاتبێ ودەسەلاٚتی ئەوەیان پێدرابێ نوێنەرێ هەڵبژێرن بۆ هەر لایێ، بەلاٚم هەڵبژاردنی شەریف پاشا بۆ ئەو ئەرکەگەورەیە زۆر سەرکەوتووبوو لە جێی خۆیدا بوو. ئەو پیاوە دوژمنێکی سەرسەختی (اتحاد)یە کان و(الجون تورك) بوو. بەلاٚم بێ ئەوەی پشتگیری خەلافەت و سوڵتانیش بکا جگە لەو دۆستایەتی و پەیوەندیە باشەی کەهەیبوو لەکەڵ ژمارەیەکی زۆری سیاسی ودیبلۆماسیە ئەوروپییەکان کەلە ژیانی دیبلۆماسی خویدا دروستی کردبوو و ئەمەش کردبووی بەکەسایەتیەکی ناسراوو رێزلێگیراو لەکۆمەڵگەی ئەوروپیدا، هەروەهاخاوەن رای رەسەن وبووێرانەش بوو. وەك پێشتر باسمان کرد کە یەکەم کەس بوو وێرای لە سەرەتای رۆژانی جەنگدا پەیوەندی بکا بە هاوپەیمانانەوە ومە سەلەی گەلەکەی بخاتە بەردەمیان. بەلاٚم ئەرکەکەی زۆر قورس بوو. سەرەتاوای بەباشی دەزانی کە هەر پێشکەوتنێك بۆ زاڵ بوون بە سەر هەستی دژایەتی کردنی کورددا کەلە دەروونی نوینەرانی هاوپەیمانە سەرکەوتوەکاندایە، سڕینەوەیشوێنەواری خراپی قەسابخانەیئەرمەنیەکانە. لەوەش دەچێ. شەریف پاشا توانیبێتی مەسەلەی نیشتیمانەکەی بەشێوەیەکی زۆر مەزنی پوخت پێشکەش کردبێ هەروەها زور زیرەکانە وژیرانە هەڵس وکەوتی کرد بۆ ئەوەی سۆزی هیزە سیاسییەکان بەلای کورددا راکێشی ودوستایەتی ئەرمەنیش دەستە بەربکا. پێش ئەوەی بچێتە کۆنگرەی ئاشتی بە ماوەیەکی کەم توانی ی رێکەوتنامەیەکی هاوکاری و هاوپەیمانی لەنیوان کورد و ئەرمەندا ببەستێ، کە خۆی وەك نوێنەری کوردو بۆغوس نوبار پاشا[5] وئەڤیدیس ئاورنیانوەك نوێنەری ئەرمەن[6] ئەم جم وجۆڵە تورکەکانی تێگەران کرد،ئەوانیش دەستیان کرد وبرد دەست بەبەرهەڵستی کردنی

(٥) کەسایەتیەکی میسری —بەرەچەڵەك ئەرمەنیەو پاییەکی بەرزی هەبوولای ئەرمەنیەکان.

نوبارپاشا ی باوکی (١٨٢٥ -١٨٩٩) سەرۆك وەزیرانی خدێوی توفق بوو.-لەکاتی بەرێوەبردنی کاروباری پۆستەکەیدا کوژرا.

(٦) بلە ج شیرکۆ (مەسەلەی کورد —بنەماکانی و هۆیەکانی

b chirguh:laquestion kurds ses origins et ses causes

قاهیره /١٩٣٠ /ل ٢٤



مەڵبەندو چەقی مەترسی کە ئەوسا (کوردستان تعالی جمعیتی) بوو. دەسەلاٚتی تورکی داوای لێ کرد سێ نوێنەر دەستنیشان بکا بۆ لێکولینەوەی مەسەلەی کوردو گەیشتن بەچارەسەری پێویست، کۆمەلەش بەدەم ئەم داواکاریەوەچوو. لایەنی تورك بۆ ئەم مەبەستە پێك هاتبوو لە ابرایم ئەفەندی حەیدەری (وەزیری دەوڵەت وشێخی پێشوی ئسلام و لە بنەماڵە ناسراوەکانی هەولێر) ئەحمەد —عبوق —پاشا (وەزیر ئەشغالی گشتی ووزیری دەریا). کۆمەڵەشی سەیدعەبدولقادری نەهری وئەمین عالی بەدرخان ومرادی بەدرخانیان هەڵبژاد وەك نوێنەر. دوای لێکۆلینەوە گەییشتنە ئەم بڕیارانە

**یەکەم:** داننان بە جۆرێکی فراوان لە حوکمی زاتی بۆ کورد.

**دووەم:** یاسای پێویست دەربکری بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری پێشوو بێ دواکەوتن.

**سێیەم:** جێبەجێکردنی هەموو ئەو ئەرك و پەیمانانەی بەو یاسایانەوە بەندە بێ دواکەوتن.

**چوارەم:** کوردەکان بەڵێن دەدەن وەك بەشێك لە ئیمپڕاتۆڕیەتی عوسمانی بمێننەوە و دان بە دەسەلاٚتی (السلطان الخليفة) دابنیین.[7]

(٧) سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٤- ٢٥ بەم بۆنەوەیەوە والێرە باسی دەکەم: بەڵگەنامەیەکی بەریتانی باسی دیداری شێخ عەبدولقادری نەهری دەکا لەگەڵ نوێنەری بالاٚی بەریتانی ـ المندوب الـسامي البريطـاني ـ بۆ لای هاوپەیمانان کە لە ئەستەمبول دادەنیشت. ئەم بەڵگەنامەیە بۆ وەزارەتی دەرەوە نێردراوە منیش لە بەر ئەوەی پێوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە وا لێرەدا دەینووسم، ژمارەی بەڵگەنامەکە، FO 406 ،p، No 194. 425-426 لە مەلەفی ژمارە ٩٧ و بە مێژووی ٨/ی کانوونی دووەمی ١٩١٩. (١) عەبدولقادری نەهری ئەم بەیانییە سەری لێدام و گوتی کوردەکان ئێستا خۆیان لە بارێکی زۆر ناخۆشدا دەبینن نەخێر بەڵکو بارێکی پڕ مەترسی وەك گوتی: پارتی (الوفاق الحر) intent liberal کە فەرید پاشا سەرکردایەتی دەکا دەیەوێ ببێتە جێی حکوومەتی نوێ و کاروبار بگرێ بە دەستەوە، زۆر بەڵێنی باشی بە کورد داوە، وەك تێگەییشتم بەڵێنی پێداون کە جۆرێك لە حکومیان پێ بدەن بگاتە ڕادەی حوکمی زاتی لە ژێر چاودێری تورکدا، بەلاٚم فەرید پاشا کە پێشتر سەرۆکی حکوومەت بوو بەڵێنی دابوو کە زۆر فراوان بوو هەر چەندە زۆر لەو بەڵێنانەش کەمتر بوو کە لە رابردوویەکی دووردا درابوو، بەلاٚم کە دەسەلاٚتی گرتە دەست هیچیان جێبەجێ نەکرد، لە لایێکی دیکەوە حکوومەتی ئێستا چەند پێشنیارێکی خستە بەر دەمی سەبارەت پێدانی جۆرێك لە ئیدارەی زاتی بۆ کوردان کە فەرمانبەری کورد بەرێوەی ببا بەلاٚم لەهەمان کاتدا هەڵوێستێکی دژ و ئیستفزازی پەیڕەو دەکا لەگەڵ ئەو لەگەڵ برادەرانی لە (قسطنطينة).لە هەمان کاتدا مەترسی مستەفا کەمال زیادی کردووە و ئەویش واتە(عەبدولقادر) هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکا سەبارەت بەوەی مستەفا کەمال دەیەوی بیکا بە هاوکاریی (الازربيجانلي) کە خەلیل پاشا

دەیانورووژێنی لەگەڵ کەسانی دیکەی لایەنگری ئەنوەر پاشا و ئەو نرخەی دەبێ کوردان بیدەن بۆ ئەو پێشنیارەی پارتی (الوفاق الحر) دابووی، ئەوەیە کە دەبێ دژی مستەفا کەمال بوەستن. ئەوەی حکومەتی ئێستا بە سەرۆکایەتی (علي رضا پاشا) دەیەوێ ئەوەیە کە کوردەکان پشتگیری و لایەنگری بکەن و دژی مستەفا کەمال بوەستن و هاوکاری حکوومەت بکەن لەو هەلاَنەی کە دەیدا بۆ بەر دەست کردنی مستەفا کەمال و ڕێگرتن لەوەی بزاڤێکی ئاشکرا بکا. گوتی ئەو دەیەوێ ڕێگایەك بۆ خۆی هەڵبژێری کە بە تەواوی لەگەڵ هێڵی هاوپەیمانان‌دا ڕێك بکەوی، بە تایبەتی لەگەڵ ئینگلتەرە، چونکە لەو بڕوایە دایە کە چارەنووسی کوردستان بە توندی بەستراوە بە سیاسەتی بەریتانیای مەزن زیاتر لەوەی کە بەسترابی بە لایەنێکی دیکەی هاوپەیمانانەوە. زۆریشی مەبەستە کە شتێ نەکا ئێمە لێی نارازی بین یان قەبوولی نەکەین.

(٢) گەلێ زانیاری زۆر گرینگی دامێ کە بۆ من تازە بوون. بۆی باس کردم کە کورد و ئەرمەن گەییشتونەتە ڕێکەوتنامەیەك لێرە و لە پاریس و بەڵگەنامەیێکی دامێ (دانەیەکی لەگەڵ ئەم راپۆرتەدا دەنێرم) کە تیایدا باسی ئەو ئەنجامانە کراوە کە پێی گەییشتوون لە گەڵ نامەیەك کە نێردراوە بۆ سەرۆکی نوێنەرایەتی کۆنگرەی ئاشتبوونەوە کە هەر دوو شەریف پاشا و(بۆغوص نوبار پاشا) ئیمزایان کردووە. دەبێ ئەم کاغەزانە ئێستا لە وەزارەتی دەرەوە بێ وا نامەکەشتان بۆ دەنێرم کە زۆر دڵخۆشی کردم و هەستم بە ئاسوودەییێکی زۆرکرد، لە بەر ئەوەی هەر دوو نەتەوە گەییشتوونەتە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان و ڕێکەوتنی ئاشتی و ئاشبوونەوە لە نێوانیاندا. منیش پێم گوت ئەم مەسەلەیەی دەخاتە بەر دەمم زۆر زەحمەتە و سیاسەتی حکوومەتی خاوەن شکۆ کە من نیازم وایە پابەندی ببم، ئەو سیاسەتە بریتییە لەوەی بە هیچ جۆرێ دەست نەخرێتە کاروباری سیاسەتی ناوخۆی تورکیاوە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی ئازاد بێ لە هەڵبژاردنی هەر حکوومەتی کە دەیەوی بە تایبەتی لەم کاتە زۆر ناسکەدا لە بوون و مانەوەیدا. ئازاد بێ لە هەڵبژاردنی هەر سەرکردەیێك بۆ خۆی بە بی هیچ کارتێکردنی هەر هێزێکی دەرەکی لە بەر ڕۆشنایی بنەماکانی سەرۆك (دلسن). ناشتوانین هەست بە سۆز نەکەین سەبارەت بە ئارەزووی هەر نەتەوەییێك بۆ کارکردن لە پێناو سەربەخۆیی خۆیدا، بەلاَم من پێم گوت هەر چەندە ئێمە ئامادەین ویست و ئارەزووی گەلی کورد ـ کە لە یادداشتەکانیدا باس کراون بگەێیننە کۆنگرەی ئاشتی لەگەڵ هەموو ئاسانکارییەك بۆ ئەوەی بتوانی هیوا و ئاواتەکانی دەربڕی، بەلاَم لە هەمانکاتدا ئاگادارم کردەوە زۆر بە(جدی) و بە روونی کە ئەم هەڵوێستەم مانای هیچ جۆرە پەیمان و بەڵێنێك ناگەیێنێ و ئەو زانیاریانەی گەییشتوونەتە لیژنەی باڵای هاوپەیمانان ئاماژە بەوە دەکا کە بزووتنەوەی مستەفا کەمال خەریکە لاواز دەبێ بۆیێ پێویست ناکات لێی بترسێن.

پشێم گوت کە من ئەوەندە زانیاریم لە لایە بڕوابەوە بێنم کە نوێنەری باڵا لە پشتی قەفقاس (المندوب السامی في ماوراء القفقاز) توانیویەتی سەرکەوتنێکی باش بە دەس بێنی بۆ ئاشتکردنەوەی ـ الازربایجانلی ـ و ئەرمەنییەکان بۆیە بە هیچ جۆری پێویست بە ترس ناکا لەوەی لەوانەیە رووبدا، پاشان ئەو ئاماژەی بە زیندووکردنەوەی بزووتنەوەوی نەتەوەیی دا لە بەهار ئەمەش سێ یان چوار مانگ لێمانەوە دوورە، منیش لەو بڕوایە دام کە کۆنگرەی ئاشتی لەم



بەلاَم پەخشنامەیێکی رەسمی بەریتانی شێوەیێکی دیکە دەخاتە روو سەبارەت بەوەی روویدا. پەخشنامەکە دەڵی: نوێنەری لایەنی تورکی داوایان لە کۆمەڵەی کوردی نەکرد بۆ ئەوەی نوێنەری خۆیان بنێرن تاکو باسی مەسەلەی کورد بکرێ، بەڵکو ئەوان "هێنایانن"تاکوو مەبەست و چالاکی خۆیان روون بکەنەوە هەروەها ئەوەش بڵێن بەکام دەسەلاَت وتووێژ لەگەڵ بریتانییەکان دەکەن لە ئەستەنبوڵ سەبارەت بە کاروبارێ کە پێوەندی بە کوردستانەوە هەیە.

---

ماوەیەدادەگاتە جۆرێ لە بڕیار سەبارەت بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ تورکدا، بەلاَم ئەو قسەکەی پێ بڕیم گوتی، ئەمە راستە، بەلاَم دەیەوێ ئەوە بڵێ کە داواکاریی کورد بۆ هێنانە دیی هیوا و ئاواتەکانیان لە کۆنگرەی ئاشتی دەبێ نەك لە حکوومەتی تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات هەندێ شت رووبدا کۆنگرەی ئاشتی لە کاتی گونجاودا بڕیارەکانی خۆی دەربکا، بەلاَم ئەو دەپرسێ چیی پێ دەکرێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە پاشان پەندێکی عەرەبی هێناوە: دوژمنەکەت ئەگەر مێرووڵەش بێ دەبێ هەر وریا بی ـ پاشان زۆر بە ڕێك و پێکی باسی ئەو زەحمەتیانەی کرد کە دێنە ڕێی گەلی کورد بۆ ئەوەی سەربکەوی لە هێنانە دیی داواکاری سەربەخۆیی، ئەگەر هاوپەیمانان هێزی تەواویان نەبێ تورکان ناچار بکا بە تەواوی مەرجەکانی ئاشتی جێ بە جێ بکا.

(٢) لێم پرسی: ئایا ئەو رووبەڕووبوونەوەی (حزب الوفاق) داواتان لێدەکا دژ بە مستەفا کەمال بوەستن هێز بە کارهێنان دەگرێتەوە؟ گوتی: بەڵی، منیش پێم گوت پێویست بەمە ناکا چونکە بزووتنەوەکەی لاوازە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، هەروەها لەبەر ئەوەی حکوومەتی خاوەن شکۆ حەز دەکا بەوەی کە پێویستە ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێ بۆ بەرژەوەندی هەموو لایەك.

(٤) سەبارەت بەو رەفتارە خەراپەی بەرانبەر بە کوردەکان دەکرێ لە (قسطنطينة) وەك گوتی پێم گوت حکومەتی خاوەن شکۆ بە هیچ جۆری قەبوڵ ناکا هیچ لایەنێك لایەنەکەی دیکە بچەوسێنێتەوە لەرووی سیاسییەوە، ئەمەش بەندە بەوەی روودەدا، بەلاَم لە کاتی پێویست و ناکاو دا ـ الضرورة الطارئة ـ لەوانەیە بتوانین دەسەلاَتی خۆمان بەکاربهێنین بۆ ئەوەی نەهێلین ئەوە رووبدا کە باسمان کرد.

(٥) دەمەوێ ئەوە دەربېڕم کە ورە و سووربوونی شێخ عەبدولقادر لە بەردەوامی کار کردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان جیاکردنەوەی لە تورکیا زۆر کاری کردە من.

لورد کرزن لە کۆتایی راپۆرتەکە دا نووسی: پشتگیری حکوومەتی زاتی بۆ کوردستان و ڕێکەوتنی کورد و ئەرمەن دەکەم بەلاَم ئەو هێزانەمان لە کوێ بوو کە بتوانین داواکارییەکانی کوردان بهێننەدی؟

ئیمزا: ت.پ. هوهلر

(سكرتير المندوب السامی)

سکرتێری نوێنەری باڵا

فەرمانبەرە عوسمانییەکان ـ وەك پەخشنامەکە دەڵێ ئەو سێیانەی ئاگادار کردووتەوە کە ئەم کارانە هی(الباب العالی) خۆیەتی بە تەنیا هەر ئەویش بڕێکی فراوانی حوکمی زاتی بە کورد دەبەخشی.

رفعەت بەگی قسەکەر بە ناوی شێخ عەبدولقادر (لە کاتی دیدارەکەدا ئەو لەوێ نەبوو) دەڵێ شێخ وەڵامی دایەوە و گوتی کوردەکان بە گوێرەی بنەماکانی ـ مبادئ ـ سەرۆك (ولسن) کار دەکەن کە ماف بە هەموو نەتەوەیەك دەدا کار بکا بۆ رزگارکردنی خۆی. کورد دڵنیان کە بەریتانیا تاقە دەوڵەتێکە بتوانێ ئازادی و ئاسایش بۆ کوردستان دەستەبەر بکا و هەر لەبەر ئەمەش دەستیان کرد بە وتووێژ لە گەڵیاندا پاشان وەك رەفعەت بەگ دەڵێ گومانی خۆی دەربڕێ سەبارەت بە توانای تورکیا یان رازی بوونی تورکیا کە حوکمی زاتی بدرێ بە کورد لە بەر ئەوەی هێشتا دوا رۆژی خۆی روون نییە ـ لە کاتی گوتنی ئەم دەستەواژەیەدا (عبوق پاشا) بە تووڕەییەوە راپەڕی و بە وتە بێژی رەسمی کوردی گوت حکوومەتی عوسمانی لە هەموو کاتی بەهێزترە و بڕیاریشی داوە دەست لە یەك بست خاکی خۆی هەڵنەگری بۆ هیچ کەس، فرمانیش دراوە بە سوپای تورکی قەفقاز کە رووبەرووی هەر سوپاییێك ببێتەوە و رێگەش نەدا هیچ جۆرە (تعویض ـ قەرەبوو) یێك بۆ پەنابەرە ئەرمەنییەکان خەرج بکرێ لێرەدا (عونی پاشا) تووڕەیی (عبوق پاشا)ی دامرکاندەو و رایگرت.[٨]

دوای شەڕڕاگرتنی (هدنە) مودروس بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی دەستی کردەوە بە چالاکی و ئەو کۆت و بەندەی جەنگی داماڵی، جا سەبارەت بە کۆنگرەی ئاشتی بێ یان لە سەر خاکی کوردستانی عوسمانیدا بێ، ئەمەش ئەنجامی ئەو چالاکی و کردەوانەیە کە ژمارەیەکی زۆر نەتەوەییە کوردە گەڕاوەکان لە دوورخراوەیی ـ منفئ ـ دەیاننواند بە رێکەوتن لەگەڵ ئەوانەی لەوێ بوون. دەستپێکردنەوەی چالاکی نەتەوەیی کوردی لە تورکیا ئەنجامی زوو بە زوو (فوری) و دووری لێکەوتەوە و ئامادەکردنی هێزە نیشتمانییەکانی لە هەموو جێگایەك زیاتر قەوارە گەورەتر کرد، جگە لە هەوڵی چەند کەسایەتییەکی دیار بۆ دەس بە سەر داگرتن بە سەر چەند ناوچەی دیاریکراوی کودستاندا ـ کۆمەڵە کەسێك کە هەر یەکەو مەبەستی تایبەتی و دژ بە یەکتری هەبوو، بەرژەوەندی جیاواز، بەڵام هەر هەموویان بۆ یەك مەبەست کۆ ببوونەوە، دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ یان هەر هیچ نەبێ بەدیهێنانی جۆرێك لە حوکمی زاتی.

(٨) ئەرشاك سفرستیان (کوردستان و کورد) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.



مەبەست و ئامانجی ئەم کەسانە جیاواز بوو بە قەدەر جیاوازی خۆیان. تیایاندا هەبوو کەسایەتی نەتەوەیی و دڵسۆز بوون تیاشیاندا هەبوو کەسایەتی (طموح) بوو و ئامانجی خۆی هەبوو، هەروەها کەسانی دیکەشیان تێدا بوو کە لە سزادان دەترسان لە بەر ئەوەی بەشداریان کردبوو لە قەسابخانەی ئەرمەنییەکاندا، ئەندامی کۆنی (الاتحاد والترقی) یان تێیدا بوو کە داخ لەدڵ بوون، هەروەها ئەفسەری دەرکراو لە سوپا کە هیچ ئیش و کاریان نەبوو، تەنانەت نەتەوەیی عەرەبیان تێدا بوو کە دەیانویست کورد بخەنە نێو دەوڵەتی فراوانی عەرەبی کە شەریف حوسێن (میری مکە)خەونی پێوە دەبینی.[٩]

هەریەکەو هۆی خۆی هەبوو بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی. لەو بارووددۆخە نالەبارەدا کە هەموو شتێکی چاوەڕوان نەکراوی تێدا بوو، بزووتنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی کوردی وا دەهاتە پێش چاو کە لە دوو سەرچاوەی دژەوە هێزی خۆی دەستە بەر دەکا: یەکەمیان لایەنێکی سەر بە تورك کە لە هەستی ئایینییەوە هەڵدەقوڵێ و لە لایەن ئەو کەسانەوە پشتگیری دەکران کە بڕوایان بە یەکەتی جیهانی ئیسلامی هەبوو و ئیشیان لەگەڵ ئەو فەرمانبەر و کەسانە دەکرد کە کاری خزمەتی گشتییان پێ سپێردرابوو لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا و لەگەڵ ئەوانیش ئەفسەرەکانی سوپا کە لەو کۆمەڵە بوون دژایەتی بەریتانیایان دەکرد.

سەرچاوەی دووەم: ئەو لایەنە بوو کە لایەنگری تورك نەبوون و بە هۆی هەستی ئایینیانەوە کاریان نەدەکردبەڵکو ئاواتیان هێنانە دیی سەربەخۆییەکی تەواوی کورد بوو، ئەمەش لە لایەن نەتەوەییە کوردەکانەوە، لە هەموو شوێنێك، چاودێری دەکران. لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ناکۆکییە توانرا پردی بە یەکگەییشتن بدۆزرێتەوەو و زەمینەی هاوبەش دەستەبەر بکرێ بۆ کارکردنێکی یەکگرتوو و پشت گوێ خستنی هەموو ناکۆکیەك بەرانبەر ئامانجی کۆتایی و هەوڵدان بۆ ئەوەی نەهێڵن جیاوازی و دووبەرەکی سەردەرکا.

کۆمەڵەی نەتەوەیی کە بڕوای بە یەکێتی جیهانی ئیسلامی هەبوو قەبووڵی نەدەکرد دەوڵەتێکی ئەرمەنی دروست ببێ، ئەمە لای ئەوان مانای لە دەست دانی زەوی تورکی بوو کە نەدەتوانرا

(٩) وەك گوتمان: لە سوپای شەریف حوسێندا کۆمەڵێ ئەفسەری کورد هەبوون کە پێشتر لە سوپای عوسمانیدا بوون تا رادەییێك دەگەییشتنە ژمارەی ئەو ئەفسەرە عەرەبانەی لە سوپاکەیدا بوو. یەك ئەفسەریشیان تێدا نەبوو کە کار بۆ مەسەلەی کورد بکا، بەڵکو هەندێکیان ببوون بە عەرەب و پلەی بەرزیان دراییێ، سەربازی بێ یان مەدەنی، لەو قەوارە سیاسیانەی عێراق سووریا کە دواتر دامەزران.

بگەڕێنرێتەوە، لەگەڵ بوونی دەوڵەتێکی دراوسێی دوژمن کە رووسیایە. کە ئەم کۆمەڵە زانییان هەوڵەکانیان بێ سوودە و ناتوانن هیچ بکەن لە بەر سوور بوونی هاپەیمانان و لاوازبوونی حکوومەتی تورکیی دوای جەنگ، بە هەمووی توانای خۆیانەوە لایەنگری رێڕەوی دووەمیان کرد واتا لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بەو پێیەی (خراپترین هەڵبژاردنە ـ اهون الشرين ـ) دەوڵەتێکی کوردی قەت نرخی تەواو نابێ و دەتوانێ رووبەڕووی ئەو ئەرمیینیایە بوەستێ، کە دەیانەوێ دروستی بکەن، رەنگە بکرێ رێگە لە دروستبوونی ئەو دەوڵەتەش بگرێ.

بە پێچەوانەوە نەتەوەییەکوردەکان دژی سەربەخۆیی ئەرمەن نەبوون بەڵکو زۆریان ئامادەیی خۆیان پێشاندا کە دان بە مافی ئەرمەندا دەنێن بۆ دروستکردنی دەوڵتی خۆیان و هێنانەوەی ئاواتە نیشتیمانیەکانیان بە مەرجێك دەوڵەتی کوردیش قبوول بکرێ وەك ئەو.

لە واقیعدا هەندێ سەرکردەی کورد هەوڵی ئەوەیان دا کە بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئەرمەندا دروست بکەن و دەسخۆشیان لە شەریف پاشا کرد لە پاریس کاتی کە توانیی ئەم هاوپەیمانیە بە بەڵگەنامەیێکی نیمچە نێو دەوڵەتی بهێنێتە دی. هەر چەندە هەوڵەکانیشی لە کۆنگرەی ئاشتیدا هەندی جار ئەنجامی باشی نەدەهێنا، بەڵام ئەم کارەی بووە هۆی دڵنیاییێکی زۆری هاوپەیمانان، کە لە دواییدا بووە هۆی دان پێانان بە هیوا و ئاواتە نەتەوەییە کوردییەکەدا بە شێوەیێکی رەسمی، هەروەها بووە تەوەری بایەخ پێدانی یەریتانییەکانیش بە جیددی پێش ئەوەی رێکەوتنامەی بەدبەختی سێڤەر کە هاوپەیمانان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی تورکیادا بەستیان لە شاری سێڤەری نزیك پاریس لە مانگی ئابی ١٩٢١ ئەو ئاواتە رامالی چیتر نەکرێ جێ بە جێ بکرێ بە هۆی راپەڕینی کەمالیی تورکییەوە[10] وەك لە دواییدا باسی دەکەین.

لە کۆتاتیی کانوونی یەکەمی ١٩١٩ لە "وایت هۆڵ"نیاز وا بوو دوو دەوڵەتی کوردی دروست بکرێ کە"عازل ـ جیاکەرەوبن ـ" ئەوەی ئەمەی پێشکەش کرد (السر ارترهرزل) سکرتێری وەزارەتی دەرەوە و لە سەر پێشنیاری (ارنولدوسن) و لە بەڵگەنامەیێکی دەگمەندا کە بۆ وەزارەتی هیند نێردرابوو (دوایی بوو بە وەزارەتی ـ مستعمرات ـ).[11]

---

(١٠) لە ٢١/ی تشرینی دووەمی ١٩٢٣ شاندی تورکی لە لۆزان داوای کرد هەرچی شتێ سەبارەت بە رێکەوتنامەی سیڤەر هەیە بسردرێتەوە لە خشتەی ئیش و کارەکان، شاندی هاوپەیمانان رازی بوون و قەبووڵیان کرد.

(١١) ئەمە دەقی بەڵگەنامەکەیە 78 -1037 -5068-371 .F0 ٢٠ی کانوونی یەکەم ١٩١٩ ژمارە .P. 7701



---

(١). سەبارەت بە نامە گۆڕینەوەمان کە بە رەزامەندی من کۆتایی هات،(٧٧٠١) لە ٤/ی کانوونی یەکەم، دەربارەی سیاسەتی حکوومەتی خاوەن شکۆ لە کوردستان. نوێنەری هەمیشەی دەوڵەت بۆ کاروباری هیند (وەزیری هیند) داوای لێکردم دانەیێ لە بروسکەی ژمارە (1169) لە ٢٧/ی تەشرینی دووەم بخەمە بەردەم وەزیری دەرەوە، ئەم بروسکەیەمان لە بریکاری حاکمی مەدەنی گشتی( میسوپۆتامیا)وە پێ گەیشتووە سەبارەت بەم بابەتە.

(٢). مستەر (مونتیگو) بروسکەکەی خوێندەوە و دەستیکرد بە توێژینەوەی مەسەلەی کوردستان هەمووی، بە راوێژ لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی ئەزموونیان وەدەست هێناوە لەم بارەوە چونکە لە ناو چانە بوون.

دەبێ من ئێستا دانەیێك لە ووتوویژی لەو کۆنگرەیەکدا کرا کەبە تایبەتی بۆ ئەم مەسەلەیە گیرا لە وەزارەتی هیند (الدائرة الهندية) لە رۆژی شەممەی رێکەوتی ٦/ی کانوونی یەکەم، لە گەڵ ئەم راپۆرتەدا رەوانە بکەم.

(٣). بە گوێرەی ئەوەی ئایا دەکرێ دەست بخرێتە ناو کاروباری ناوخۆی کوردستان یان لێی بکشێینەوە، (مونتیگو) کشانەووەی پێ باشە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانی ئەوە نەڵێ کە کشانەوە (مستحيل)ە لە بەر ئەوەی دەبێ رێوشوێن دابین بکرێ بۆ بەرگری کردن لە موسڵ لە باکوور و بۆ پاراستنی رێگەی فارسی لە رۆژهەڵات. ئەو ئامۆژگاری ئەمە دەکا: ئەگەر بڕیار درا موسڵ لە نێو دەوڵەتی (میسوپوتامیا)دا بمێنێتەوە، باری ستراتیژی وا پێویست دەکا کە (زاخۆ)مان بە دەستەوە بێ، لەگەڵ زاخۆشدا (ـجزیره ابن عمرـ) لە رۆژئاوا و دهۆك لە رۆژهەڵات. هەروەها وا پێشنیار دەکا بۆ پاراستنی رێگەی فارسی و سکەی شەمەندەفەری (قورەتو) لە هێرش، جۆرێك لە دەسەڵات هەبێ لە ناوچەی سلێمانی بۆ دابین کردنی ئاسایش و حکوومەتی نوێ لەوێ. مستەر (مونتیگو) دیسانەوە دەڵی ئەگەر توانیمان ئەم دەست بەسەرداگرتنە بهێنینەدی ئەوا ژمارەیەکی کەم سەربازمان دەوێ لە سنووری (میسوپۆتامیا) لەوەی ئەگەر ناوچەکە وەك خۆی بەجی بهێڵرێ، بۆیە پێشنیار دەکا هەر چەندە کەمێ دوودڵیشە کە پێویستە کوردستان لە چاوچێوەی لێپرسراویەتی ئێمەدا بمێنێتەوە.

(٤). سەبارەت بە سنوور، ئەو مەبەستییەتی کە ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردن نەخرێنە سەر دەوڵەتی (میسوپۆتامیا)، بۆیە پێشنیار دەکا کە سنووری نێوان باشووری کوردستان و(میسوپۆتامیا)، بەمجۆرە بێ هێڵێك لە باکووری خانەقینەوە بە مەسافەیێکی کەم بڕوا بۆ کفری و پاشان بۆ کەرکووك و ئالتون کۆپری و هەولێر تا فیشخاپور. ئەم شارانە جگە لە هەولێر دەخرێنە سەر (میسوپۆتامیا). بۆ ئاغاکانی هەولێریش کە شارێکە عەرەب و کوردی تێدایە، سەربەستن لەوەی بیانەوی بخرێنە سەر دەوڵەتی (میسوپۆتامیا) یان دەوڵەتی

کوردستانی باشوور. (عقید لیچمن) وای بۆ دەچێ کە لەوانەیە بە زۆری دەوڵەتی یەکەم هەڵبژێرن، ئەم هەڵبژاردنەش زۆر زەحمەتمان لە کۆڵ دەکاتەوە، لەوانەی دێنە ڕێمان ئەگەر کارەکە پێچەوانەوە بووەوە.

سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی باشوور سنووری فارس دەبێ. سنووری باکووریش لەو هێڵەوە دەست پێدەکا کە لە خالی بە یەك گەیشتنی چیای قەندیل و وڵاتی فارس دایە، پاشان لەگەڵ لوتکەی شاخەکاندا دەڕوا تا حەریر دواییش (ئەمەیان بەندە بە هەر گۆڕانێکی ناوخۆیی کە عەقید ولسن بە پێویستی دەزانێ) بە خوار زاخۆ دا تا دەگاتە ئەو خاڵەی کە رووبار دەوڵەتی (میسوپۆتامیا)دەبڕێ. بۆ بەرگری کردن لە زاخۆ پێویستە دەست بگیرێ بە سەر (الجزیرە)دا(مستر مونتیگو) پێشنیاری ئەوە دەکا کە بنەماڵەی بەدرخان بانگ بکرێن و حوکمی (بۆتان)یان پێ بسپێردرێ تاکو (الجزیرە) ببێ بە پایتەختیان و واش باشە حامیەیێك لە هێزەکانی بریتانیا لەو شارەدا هەبێ و هەندێ یارمەتی چەك وپارەشیان بدرێتێ. بەڵام نابێ لە (الجزیرە) زیاتر بەڵێنی دیکەیان بدرێتێ یان سەبارەت بە سنووری ناوچەکە کە لە بۆتان دوورتر ناچێ کە ئەمەش مایەی بایەخ پێدانی حکومەتی خاوەن شکۆیە.

(٥). سەبارەت بە کوردستانی باشوور (مستر مونتیگو) وا پێشنیار دەکا کە یەکەم: دەوڵەتێك کە جیا کرابێتەوە لە رووی سیاسیی و داراییەوە لە (مسیوپۆتامیا) دامەزرێ، دووەم: دەبێ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێ و ئەنجوومەنی وەزیران بیبا بەرێوە و راوێژکاری بەریتانی یارمەتیان بدا، بەڵام بێ ئەوەی ئەنجومەن ملکەچیان (خاضع) بێ و دەسەڵاتی مەدەنی بەغدا دایان دەمەزرێنێ. ئەو وای بۆ دەچێ کە یەکگرتنەوەی سلێمانی لەگەڵ ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان هەر دوو زێ لە یەك دەوڵەتدا دەکرێ بە عەمەلی بێتە دی و پێشنیار دەکا کە (العقید ولسن) داوا بکرێ زوو بە زوو ئیش بۆ ئەمە بکا. بەو سەرچاوە گەورەیەی سامانی کوردستان وەك (عقید ولسن) بۆی چووبوو، ئەو دەوڵەتەی دادەمەزرێ بە ماوەیێکی زۆر کەم دەتوانی سەقامگیری ـ استقرار ـ دارایی بهێنێتە دی، ئەو دوای کە پێوەندی بە یەکگرتنەوەی گومرگ و دابەشکردنی خەرجییەکانەوە هەیە کە بوو سوودی هاوبەشی هەر دوو دەوڵەت خەرج دەکرێ، لەوانەیە هەندێ گیر و گرفتی بێتەرێ، بەڵام دەکرێ چارەسەر بکرێ.(مستر مونتیگو) پێی باشە داوا لە (عقید ولسن) بکرێ بایەخ بەم لایەنە بدا.

(٦). ئەگەر نەخشەی ئەم هێڵە سیاسییە کێشرا، سکەی شەمەندەفەری نێوان کەرکوك و کفری چیتر وەك پێویستییەکی سەربازی نامێنێتەوە، لە لایێکی دیکەوە بوونی ئەمە مەسەلەی قەبارەی حامیەی (میسوپۆتامیا) کەمتر دەکاتەوە لە بەر ئەمە و لەبەر گرینگی بازرگانی (مستر مونتیگو) پێی باشە بمێنێتەوە.

(٧). سەبارەت بە پەنابەرە مەسیحیەکان (مستر مونتیگو) زۆر بە داخە کە ئەم پێشنیارانەی زەوییێکی وەهایان بۆ ناهێڵێتەوە لە ژێر چاودێری بەریتانیادا، بۆیە هیچ رێگاییێکی دیکە نییە جگە لە پێشنیارکردن کە



بگەرێنرێنەوە بۆ دەشت و چیاکانی ورمێ کە لە نیشتمانی پێشوی خۆیان دەوڵەمەندترە، هەر چەندە (سید طە) و پیاوەکانی دەستیان بەسەریا گرتووە، بەڵام ئەم رەفتارەی دژی سیاسەتی دەوڵەتی فارسییە لە رووی هەرێمایەتییەوە (مستر مونتیگو) مەیلی بۆ ئەوە دەچێ کە حکوومەتی فارس پێی باش دەبێ ئەگەر سەقامگیریەتی مەسیحی بەهێز هەبێ لەو ناوچەیە تاکوو ببێتە بەر بەستێك لە رووی هەر هێرشێکی کوردیدا، رەنگە لەوانەشە ئامادە بێ جۆرێك لە ئیدارە بدا بە ئاشوورییەکان بەرانبەر ئەووەی هەندێ خزمەتگوزاری سەربازی بۆ بکەن (مستر مونتیگو)دەزانێ مەسەلەی گێڕانەوەی پەنابەرەکان هەندێ زەحمەتە بە تایبەتی کە حکوومەتی فارسی پێشوو، بەڵکو تا ئێستاش هەر بە ناو حکوومەت بوو، بەڵام بە ئومێدە وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی فارسیدا لەم بارەوە دەرگای دانەخرابێ بۆیە ئەم چارەسەرە دەخاتە بەردەم (لورد کرزن)

(٨). سەبارەت بە تورکەکان وەك لە بروسکەی (مستر مونتیگو)دا ٢٢/ی تشرینی دووەمی ١٩١٩دا کە بۆ (العقید ولسن) نێردرابوو، زۆر بە روونی سیاسەتی حکوومەتی خاوەن شکۆی روون کردبووەوە کە قەت ناکرێ دەسەڵاتی تورکی بگەرێتەوە کوردستان. دەریش کەوتووە کە ئەو کوردانەی شەرەکانی جەنگ هیلاکی کردوون و تووشی برسییەتی کردوون ناتوانن بەرگرییەك رێکبخەن تەنانەت لە رووی هێزی بچووکی تورکیشدا، سەرکردەی کورد هەیە هانی سەربازە تورکە دەرکراوەکان دەدەن بچنە پاڵ کۆمەڵە چەکدارەکان و لە ژنەکانیان بخوازن.لەم بارودۆخە (مسترمونتیگو) دەترسێ لە دەرکردنی تەواوی تورك لە کوردستان چیتر پێشنیارێکی عەمەلی نییە بە گوێرەی هەڵوێست لە (میسوپۆتامیا).ئەگەر ئەم بۆچوونانە لەگەڵ رای (اللورد کرزن) دەگونجێ بەو رادەیەی کە سەرکەوتوانە جێ بەجێ بکرێ، ئەوسا سنووری (میسوپۆتامیا) لە هەر دەستدرێژییەکی تورکان لە باکووری رۆژئاواوە دوور دەبێ لەبەر بوونی دەوڵەتی بۆتانی دۆست. لە باکووریشەوە لەبەر بەرگری موسڵ کە بە هێزی سەربازی قایم کراوە لە باکوری رۆژئاواوە بە دەوڵەتێکی کوردستانی ئازاد کە لە کوردستانی ناوەند جیا کرابێتەوە بە زنجیرە چیایەکی سەخت کە بە زەحمەت بتوانرێ لە زۆر شوێندا کەسی لێ بپەرێتەوە هەوەها سەقامگیری مەسیحی لە ورمێ دابین دەکا، ئەمە جگە لە گەرەنتییەکی دیکە کە(مستر مونتیگو) دەتوانێ دڵنیا بێ لە هێشتنەوەی دەسەڵاتی تورکی، بەڵام بەستراوبێ بەو هێڵەی نەخشەی بۆ کێشراوە لە نۆکەندی ئەسکەندەروونەوە تا تەرابزون دەبێتە هۆی ئاشتی لە قەفقاس یان لە (میسوپۆتامیا). بۆیە وای بۆ دەچێ کە پێویست ناکا دەست لەم پڕۆژەیە هەڵبگیرێ کە هێڵەکانی دیاریکراون بە مەرجێ دەسەڵاتی بەریتانی ئەوەندە بەهێز بێ کە بتوانێ سنووری هەر دوو دەوڵەتی کوردی بپارێزێ، بەلایەوە گرینگیش نییە ئەو مەسەلانەی کە پەیوەستە بە مەسەلە نێودەوڵەتەکانەوە لەم بارەوە باس بکرێن. لە ئەنجامدا دەبێ بڵێم کە (مستر مونتیگو)

ئەوسا (لورد کرزن) وەزیری کاروباری دەرەوە بوو لە کاتێکدا (مونتیگو) کە ناوی لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە وەزیری کاروباری هیند بوو (المستعمرات) هەردووکیشیان پێوەندی هەمیشەییان هەبوو بە فەرمانگەی حاکمی مەدەنی گشتی لە بەغدا.

ئەم بایەخ دانە بە دوارۆژی نیشتمانی کورد هێزی چالاکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە باشووری کوردستان بە تایبەتی کە ئەقڵەکان لە فشاری حوکمی تورکی رزگار بوو و چینە خوێدەوارەکە لە پڕ ئەوەندە ئازایەتی بە بەردا هاتەوە کە زمانی کوردی بەکاربێنن و بیکەن بە هۆییێك بۆ ئاڵوگوڕی بیر و بۆچوونی سیاسیی لە بری تورکی و فارسی و سلێمانیش بێ مشت و مڕ مەڵبەندی ئەم شۆڕشە رۆشنبیرییە نیشتیمانیە بوو کە وەك رەشەبا بە سەر کوردستاندا هەڵی کرد و ژمارەی خوێندەوارانی کورد زیادی کرد و لە زیادبوونیشدا بوو هەر چەندە چاپخانەکەم و سەرەتاییش بوو، ژمارەیێکی زۆری رۆژنامەی - تێگەیشتنی راستی - دەچووە سلێمانی هەروەها چەندین ژمارەش لە رۆژنامەی -کوردستان -کە دەستی بە دەرچوون کردبوو لە ئەستەمبوڵ دوای کۆتایی هاتنی جەنگ و زۆریشی پێ نەچوو کە لەم شارەدا چەندین گۆڤار و رۆژنامە دەرچوو.

---

پێی باشە پێش بڕیاردان لە سەر هەر بڕیارێکی یەکجارەکی رێگە بە (سەرپرسی کۆکسی) بدرێ ئەویش رای خۆی لە بارەی ئەم بۆچوونە سیاسییە پێشنیارکراوانەوە بڵێ. ئیمزا ١. هرزل.

دەڵێن ئەمە یەکەم دیاردەی پەشێوی بوو کە سیاسەتی بەریتانیا سەبارەت بە مەسەلەی کورد و دواتریش زۆریی بە دوادا دی





بابەکر ئاغای پشدەری — مس بێل وێنەی گرتووە

# فەسڵی نۆیەم

لە باکوور کە هەر کە ئاگربەست مۆرکرا بزووتنەوەی نەتەوایەتی شێوازێکی ڕێکی بە خۆیەوە بینی و لە لایەن چەند ئەفسەرێکی عوسمانییەوە کە خاوەن پلەو پایە بوون و هەروەها پێشتریش ئەندام بوون لە کۆمەڵی (الاتحاد و الترقی) سەرکردایەتی دەکرا. لە هەموو ئەمانە سەیرتر کە ئەو کۆمەڵە نەتەوەییە و جۆرەها چالاکی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لەم بەشەی کوردستاندا، ئەوەی هانی دەدا و پاڵی پێوە دەنا بەڵکو سەرکردایەتیشی دەکرد لەو کاتەدا ئەفسەرێکی تورکی گەورە بوو، ژەنەراڵ عەلی ئیحسان پاشای فەرماندەی سوپای شەشی عوسمانی و جێگری والیی موسڵی پێشوو بوو تەنانەت سەرچاوەی بەریتانییەکان وایان باس دەکرد کە بە فیعلی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە کوردییەی دەکرد کە لە باکووری ئەو ناوچەیە بوو کە بەریتانییەکان دەستان بە سەردا گرتبوو.

مەبەستی ئەو هاوکارییەی لەگەڵ کوردەکان و هاندانیان هاوپەیمانان (احراج) بکات بە تایبەتی بریتانیا کە ناچاریان کرد باشووری کوردستان بدا بە دەستەوە، ئەم هاوکاریە لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩ەوە دەستیپێکرد کاتێ کە ئەو هەواڵانە بڵاوبوونەوە دەربارەی بوونی ئەندامانی کۆمەڵەی (الاتحاد و الترقی) لە (خربوط) هانی کوردەکانیان دەدا داوای سەربەخۆیی بکەن لە کۆنگرەی ئاشتیدا.

لە هەمان کاتدا عەلی ئیحسان سەر قاڵی لە ناوبردنی ئەو کەسانە بوو کە بەرهەڵستی تورکیان دەکرد لە دیاربەکر و شوێنی دیکە.[1] دەڵێن کە توانی هۆزی بەرازیی کورد لە ناوچەی (سروج) هان بدا بچن بە گژ هۆزەکانی (الکتکان) لەبەر ئەوەی لایەنگری بەریتانییەکانیان دەکرد، هەروەها سەرەك هۆزی (قرقچلی)ی گرت لەبەر هەمان هۆ، هەروەها توانی چەن سەرەك هۆزێك لەو ناوانە بە پارە و چەك و ئازوقە بە لای خۆیدا ڕاکێشێ بۆ ئەوەی دژی بەریتانییەکان

(١) کوردستان و کورد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١ — ٨٢.گیرترودبل: (استعراض الادارة) سەرچاوەی پیشوو، لاپەڕە، ٦٦. هەروەها وتارێك هەیە بە ناونیشانی — مەسەلەی کورد لە گۆڤاری Persia (فارس)دا بڵاو کراوەتەوە لە نووسینی درایڤر — بەگی یەکەم ژمارە ٣ ئەیلوولی١٩٢١، ل١٩. بە درێژی باسی ئەو ڕۆڵە دەکا کە ئەم ژەنراڵە تورکە بە خۆی سپارد بووی لەو ماوەیەدا.



بەکاریان بێنی ئەگەر هەوڵیاندا دەسەڵاتی خۆیان فەراوانتر بکەن لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە باکوور. هەروەها زۆر چالاك بوو بە تایبەتی لە ناوچەکانی (جەزیرە ابن عمر) لە سەرەتای مانگی شوباتی ١٩١٩ەوە لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە مەڵبەندی بەرهەڵستی بوو، بۆیە توانی بزاڤێکی کوردی کە بەربەرەکانی دەسەڵاتی بەریتانی بکا ڕێکبخا و ئەم کارەشی بە دەستگیرکردنی چەند کەسێك لە عەرەب و ئەرمەنەکان دەسپێکرد کە لایەنگری بەریتانییەکان بوون. هەروەها ڕێی هاتووچۆی نێوان دیجلە (جزیرة ابن عمر) و ئەو شوێنانەی دەکەوێتە باشووری هێڵی ئاگربەست کە بە هێڵی بروکسل ناسرابوو، بڕی، بەریتانییەکان دەیانگوت ئەو کوردانەی بەکارهێناوە و چەکی داونەتێ بە پێچەوانەی مەرجەکانی ئاگربەست و پێشێل کردنی مادەکانی بە تایبەتی مادەی پێنج.[2] ئەم پێشێل کردنەی مەرجەکانی ئاگربەست لە لایەن کوردەکانەوە ئەستەمبوڵی ڕازی کرد و ژێراوژێریش حکوومەت و دەسەڵاتی تورکی هانی دەدان و ڕەزامەندی خۆیان دەردەبڕی لە ڕێی عەلی ئیحسانەوە کە نوێنەرایەتی دەکردن. پاشان ڕووداوەکان لە باکووری هێڵی ئاگربەست بە پەڵە بە دوایەکدا هاتن و خەریك بوو کار لە کار بترازێ ئیتر هاوپەیمانان هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازیان کرد. عەلی ئیحسان هەر پیاوێکی داخ لە دڵ نەبوو بە تەنیا بەڵکو نیشتمان پەوەرێکی تورك و سەربازێکی زیرەك و وریا و فێڵباز بوو و زۆر بە وردی و ڕوونی کێشەکانی هاوپەیمانانی دەزانی بۆیە ویستی ئەو بارودۆخە بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی بەکاربێنی و سوودی لێوەربگری. بۆیە جێی سەرسورمان نەبوو کە دوای ئەو هەموو زەلیلیەی بە دەست هاوپەیمانانییەوە چەشتی زۆر بایەخ بدا بە تەگەرە خستنە ڕێی پیلانەکانیان سەبارەت بە بەشێك کە بە پارچەیەك لە وڵاتەکەی خۆی دەزانی بۆیە مەبەستی ئەوە بوو پشێوی و هەرا و فەوزا بڵاو بکاتەوە لە ژێر پەردەی کارکردن بۆ مەسەلەی کورد. باشترین کەس کە وەسفی کردبێ فەرمانبەرێکی بەریتانیی هاوچەرخی بوو کە بەم جۆرە باسی دەکا لە گەڵ ئەوەی هەوڵی دەدا بۆ بەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ، بەڵام واپێدەچێ

(٢) دەقی مادەی پێنج لە مەرجەکانی ئاگربەسی مودروس سوپای "تورکی بە پەڵە هەڵدەوەشێنرێتەوە، تەنیا ئەو بەشانەی دەمێنێتەوە کە پێویستن بۆ پارێزگاری سنوور و ئاسایشی ناوخۆ. ژمارەی هێزەکان و بڵاوبوونەوەیان هاوپەیمانان بڕیاری لە سەر دەدەن بە ڕاوێژ لە گەڵ حکوومەتی تورکیا ". (مادەی حەوت) دەڵی: مافی هاوپەیمانانە هەر شوێنێك داگیر بکەن کە لە ڕووی سەربازییەوە ولە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی هاتۆتە ئاراوە هەڕەشە لە سەلامەتی ئەوان دەکا "بڕوانە پێشتر.

ئەمەی بۆ ئەوە بووبێ کە هاوپەیمانان (احراج) بکا، چونکە ئەوەی ئەو دەیویست وەرەی هاوپەیمانان بروخێنێ و ناچاریان بکا واز لە مەسەلەی دەست گرتن بە کوردستاندا بهێنن بۆ ئەوەی ئیتر دوای ئەوە بە هەموو هێزی خۆی کوردستان بخاتە ژێر دەسەلاتی تورکی.[٣]

ئەم سیاسەتە حکوومەتی تورکیای ناچار کرد لە ١٩/ی شوباتی ١٩١٩دا عەلی ئیحسان لە سەر کار لاببا لە بەر ئەوەی نەیتوانی ئەو( فتنە)یە بکوژێنێتەوە و ئەو پشێوی هەرایەی وایاندەزانی ئەو هەڵگیرساندوە کپ بکاتەوە.

بەڵام سیاسەتەکەی عەلی ئیحسان بەردەوام بوو سەرەڕای دەرکردنی خۆی. هەندێ برادەر و دۆستی خۆی ئیشەکەیان دەکرد و گەمەی هێنان و بردن و ڕاکێشان لەسەر هێڵی بروکسل لە نێوان بەریتانییەکان و تورکەکاندا بەردەوام بوو.

گەمەکەش لە سەر کورد بوو. لە پاڵ هەوڵەکانی عەلی ئیحسان هەوڵی دیکەی هاوچەشنە هەبوو لە دیاربەکر کە لە دەوری (یانەی کوردی ـ النادی الکردی ـ) کۆ ببوونەوە. ئەم هەوڵە پێویستە لێرەدا باس بکرێ لەبەر هیچ نەبێ، لەبەر ئەو کۆتاییە چاوەروان نەکراوەی دەبێ باس بکرێ. (میجر نوئیل) باسی ئەم یانەیە دەکا کە لە دیاربەکر و لقەکەی لە ماردین. کە خەڵکی ناسراوی هەر دوو شارەکە ئیشیان تێدا دەکرد و کاروباری چالاکییەکانیان بەڕێوە دەبرد، لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی خراپ و پلەوپایە پەرەست و هەندێکیشیان لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی (الاتحاد و الترقی) بوون. دوای ئەوەی تورکیا جەنگی دۆڕاند حیزبەکە لەبەریەك هەڵوەشایەوە، ئیتر هەندێکیان چوونە ناو(پارتی نیشتمانی کوردی ـ الحزب الوطني الکردی ـ) کە بە هاندانی حکوومەت دامەزرا و لە سەر داوای دەسەلات بە ناوی هێنانە دیی حوکمی زاتی لە ژێر پارێزگاری تورکدا بەڵام ئامانجی ڕاستەقینە بۆ ڕێپێدان بەم یانەیە لە دیاربەکر و شوێنی دیکە ڕێگە گرتن بو لە (نفوز)ی زیادبووی بەریتانی و وەستان دژی دەستێوەردانیان. بۆیە هێزێکی تێکەڵ لە کورد و تورك پێك هات و ئامادە کرا بۆ کاری سەربازی ئەگەر پێویستی کرد ئامانجی دووەمی یانەکە بەربەرەکانی کردنی چالاکی ئەرمەنییەکان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داواکاری ئەرمەنییەکان بوو سەبارەت بە خاك و سەروەری. بۆ ئەم مەبەستەش توانرا مفتیی (سیڤریك) قەناعەت پێ بکرێ فەتوایێکی ئایینی دەربکا خوێنی ئەرمەنی حەلال بکا کە موسڵمانەکان بەوە تاوانبار دەکەن لای دەسەلاتی داگیرکەر لە حەلەب کە قەسابخانەی ئەرمەنییەکانیان لە سالی ١٩١٥ ئەنجام داوە.

(٣) کورد و کوردستان — سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢



لە ئەنجامی ئەمە رك و کینە لە ناو خەڵکدا بڵاوبووەوە و هێرشکردن و شەڕ فرۆشتن بە ئەرمەنییەکان زیادی کرد و ئازارێکی زۆریان تووش بوو. ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتی تورکیدا نەدەگونجا بە تایبەتی کە لیژنەی باڵای هاوپەیمانان لە ئەستەمبوڵ بوو. بۆیە فرمانی گرتنی دەرکرد بۆ ژمارەیەك لە ئەندامە هەرە دیارەکانی (الاتحاد و الترقی)ی هەڵوەشێنراو کە هەر خۆشیان ئەندامی یانەکە بوون. ئیتر ناچار بوون رابکەن و پەنا ببەنە بەر عەشایرە کوردەکانی دەوروبەر. لەوێ دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی بیری کوردستانی سەربەخۆ. بەڵام ئەو ئەندامانەی مانەوە لە بەڕێوەبردنی یانەکەدا، بەردەوام بوون لە هێرش کردنە سەر ئەرمەن و دژی بەریتانییەکان. تەنانەت زاتی ئەوەشیان کرد کە داوا لە نیشتمانپەروەرە کوردەکان بکەن ببنە ئەندام لە یانەکە لە ژێر سایەی ئەو دوو دروشمەدا.

لە ٢١/ی ئازاری ١٩١٩ (نەورۆز). بەم بۆنە نەتەوەییەوە یانە کۆبوونەوەیەکی ساز کرد کە نوێنەری سەرکردە کوردەکان و پیاوە ناسراو و دیارەکانی تێدا بوو، لەوانە سەرەك هۆزی (سرکوچی) و سەرەك هۆزی (هازو) و موفتیی(سیڤریك) و دوو کەسیش لە پیاوە ناسراوەکانی (دێرك). لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بەرگری لە دیاربەکر و ماردین بکرێ دژی دەستێوەردانی بەریتانی.

لە بواری چالاکی یانە کوردیەکە لە ماردین کە ژمارەیەك لە گەورە پیاوانی شارەکە دەیانبرد بەڕێوە، لەوە دەترسان کە بەریتانیا شارەکە داگیر بکا، یان بەو جۆرەیان لە خەڵکەکە گەیاند، ئیتر ئەوە بوو (مضبطة)یێکیان پی نووسین و ژمارەیێکی زۆر لە خەڵکی شار ئیمزایان کرد و تیایدا گوتبوویان کە هەموو دانیشتیوان حەز بە دامەزراندنی حوکمی زاتی دەکەن. بەڵام هەندێ لە خەڵکەکە ئیمزایان نەکرد بە بەهانەی ئەوەی کە نایانەوی لە دواییدا بکەونەبەر لێپێچینەوەی دەسەلاتی تورکی. بەڵام مەسەلەی حوکمی زاتی لای ئەندامانی یانە تا دەهات زیاتر لایەنگری پەیدا دەکرد لەبەر ئەو گەشەکردنە خێرایەی هەڵوێستی نێودەوڵەتی و بڵاوبوونەوەی بنەماکانی (ولسن) سەبارەت بە مافی چارەنووس، بۆیە بڕیاریاندا هەڵوێستی سەربەخۆتر وەربگرن لە روی تورکدا و ئەندامەکانی بەئاشکرا ئەم دروشمەیان بەرزدەکردەوە و چالاکیان نواند (میجر نوئیل) کە باسی ئەم چالاکیانە دەکا(چونکە ئەوسا لە ماردین بوو) زۆر بە گاڵتەجاری و قێز و بێزەوە باسی دەکا و دەڵێ: "لەو کاتەدا وەرگێرانێکی زۆر پرشنگدار و سرنجراکێشی بنەماکانی سەرەك (ولسن) هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە هەموو کەسی بۆی هەیە هەر چی بوێ بیکا. ئەم وەرگێرانەیان لە راستیدا ئەم تێگەییشتنە لەسەرخۆ لە ئاسۆیاندا

هەڵدەهات ئیتر ئەو کوردە بە تورك بووانە (الکرد المترکون) ی پێشتر ئێستا دڵنیابوون کە دەتوانن ئەگەر بە دەنگی بەرز هاوار بکەن سەرەك (ولسن) گوێی لێیان دەبێ و ڕێیان پێدەدا بە هەوەسی خۆیان دیابەکر بەرن بەڕێوە و خەراپە بکەن و خۆیان قەڵەو بکەن بە ماڵ و حاڵی مەسیحییەکان کە لە کاتی قەسابخانەکەدا دزیبوویان ئەمانەش هەمووی بۆ خۆیان بێ، بێ ئەوەی تورکەکان بکەنە شەریك.[٤] تورکەکان بە تەما نەبوون کار بگاتە ئەم ئەنجامە، ئیتر رقیان لە یانە هەڵسا بە چاوێکی پڕ نیگەرانی و ترسەوە تەماشای چالاکی یانەیان دەکرد و لە دواییشدا بڕیاریاندا نەیهێڵن.

داگیرکردنی شاری (أزمیر) لە لایەن یۆنانەوە بوو بە کەرەسەی وروژاندن بە هۆی ئەو خراپەکاری و وێرانکارییەی کردیان لەو شارەدا، بۆیە ئەم داگیرکردنە لە شاری دیاربەکر زۆر بە باشی بەکارهێنرا بە تایبەتی دژی بەریتانییەکان چونکە تورکەکان بەریتانیایان بە تاوانبار زانی و یانەش داوای لە کوردان کرد کە ئەوانیش شتێکی لەو بابەتە بکەن لە دیاربەکر پێش ئەوەی بەریتانیەکان و دوای ئەوانیش سەربازە ئەرمەنییەکان بگەنە ئەوێ، بەمجۆرە هەستی رەگەزپەرەستی وروژێنرا و ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی یانە بەوە تاوانبارکران کە بەشداریان کردووە لە قەسابخانەی ئەرمەنییەکاندا هەر بۆ ئەوەی خۆیان لە سزا رزگار بکەن دەیانویست قەسابخانەیەکی دیکە ئەنجام بدەن، شوێنەوارو بەڵگەکانی کارە ناپەسەندەکەیان بشارێتەوە. مەسیحییەکانیش کە لەم گۆڕانکاریانە تۆقیبوون بۆیە شاندێکیان ناردە لای (میجر نوئیل) لە ماردین داوایان لێکرد کە بەریتانیا بە زووترین کات بێت بە هانایانەوە و بیانپارێزی. پاش ماوەیێکی کەم تورکەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەو بانگەوازە دوو لایەنییەیان بە خەراپ شکایەوە و ئەو سنوورەی بەزاند کە بۆی دانرابوو کوردەکانیش زۆر بە جیدی بانگەشەی حوکمی زاتییان دەکرد و لەوانەشە دوورتر برۆن و داوای سەربەخۆییش بکەن، پاشانیش بۆیان دەرکەوت هاندانیان دژی مەترسیی بەریتانی دەبێتە هۆی قەسابخانە و کاری زۆر خەراپ، لە کاتێکدا ئەوان تەنیا مەبەستیان ئەوە بوو رای گشتی کورد هان بدەن دژی بەریتانییەکان نەك مەسیحییەکان بۆیە یەکسەر دەستیان کرد بە گرتنەبەری رێوشوێنی بە پەلە بۆ راستکردنەوەی هەڵوێستەکەیان بە جۆری کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێ. چونکە بۆیان دەرکەوت کە یانە کراوە

(٤) گیرترودبل (عرض للادارة) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧. کورد و کوردستان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥، "بەڵگەنامەی دوای ئەو."



بە قۆچی قوربانی، بە تایبەتی دوای ئەوەی هەندێ رەواڵەتی رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی تورکی لێ دەرکەوت. ئیتر ئەوە بوو بە شێوەیێکی درامیانە کۆتایی بە یانەکە هێنرا، لە قەڵاوە لولەی تۆپەکانی تێکراو سەربازی زۆریشیان هێناو سەرکردەکانی یانەیان دەستگیر کرد و لە چواری حوزەیرانی ١٩١٩ هەموو شتی کۆتایی هات.

* * *

هەستی نەتەوەیی لە کوردستانی فارسیدا دوای ئاگربەست بووژایەوەو و کەسانی زۆر دڵسۆزی بۆ پەیدا بوو بەڵام لە بوارێکی تەسکدا( نوئیل)[٥] دەڵێ: ژمارەیێکی کوردی سلێمانی بەرەو فارس رۆییشتن دوای ئەوەی کردەوە سەربازییەکان راگیرا، هۆی رۆییشنەکەشیان بۆ ئەوە بوو کە بانگەشە بۆ کوردستانێکی یەکگرتوو بکەن. ئەم گۆڕانکارییە لە خۆڕا و شتێکی رێکەوت نەبوو دەرئەنجامی کۆمەڵە هۆیێکی جیاجیا بوو کە سیاسەتی عەبدولحەمیدی دووەم سەبارەت بەوە (الجامعە الاسلامیە — پان ئیسلامیزم) گیانی بەبەرداکرد، ئەو سیاسەتە لە سەر بنەمای جیهان بەخشی کەسایەتی خەلیفە — سوڵتان بنیات نرابوو و مەبەستیش ئەوە بوو کار لە دەوڵەتە گەورەکان بکرێ، لە پاڵ ئەم سیاسەتەش عەبدولحەمید سیاسەتی (الجامعە الکردیە — پان کوردیزم-)ی هاندەدا بۆ ئەوەی کوردە جەنگاوەرەکان بەلای خۆیدا رابکێشێ و بیانکات بە بەربەستێ دژی هەر هێرشێکی رووسی چاوەڕوانکراو، هەروەها بۆ بەربەست کردنی داخوازییەکانی ئەرمەن و بۆ ئامادەکردنی هێزێکی سەربەخۆی دژی سوپا کە لێیان دڵنیا نەبوو هەر وەك پێشتر روونمان کردەوە. ئەم دوو سیاسەتە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە خاکێکی بە پیتی دۆزییەوە لە کوردستانی فارسیدا کە سوڵتانی عوسمانی لە کۆنەوە دەیویست بیکا بە بەشی لە موڵکەکانی، کوردەکانیش بە دەنگ بانگەشەکەی (عەبدولحەمید)ەوە چوون چونکە ئەمانیش وەك ئەو سوننەن بە پێچەوانەی زۆرینەی شیعە وڵاتی فارس، بۆیە زۆر شانازییان بەو بانگەشەیەوە دەکرد کە لەو کەسایەتییە پایە بەرزەوە چاودێری دەکرێ. گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر ئەو هەڵوێستەدا نەهات تەنانەت دوای نەمانی عەبدولحەمیدیش، بەڵام ئەم سیاسەتە کاریگەرییێکی بنبڕی -حاسم- هەبوو لە دروستبوونی جۆرێك لە یەکیەتی بەرژەوەندی لە نێوان کوردی تورکیا و کوردی فارسە، باکوورییەکان بە شێوەیەکی تایبەت. دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە یەکێ لە رواڵەتەکانی ئەوە بوو کە رێ درا بە شێخ عەبدوڵڵای نەهری تا هێرش بکاتە

(٥) سەرچاوەی پێشوو.

سەر ناوچەکە (١٨٨٢). لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ (١٩٠٦- ١٩١١) پاشان دووبارە ناوچەیەکی فراوانی لێ داگیر کرا لە کاتی جەنگی مەزندا (١٩١٤- ١٩١٨). لە هەر دوو بۆنەکەشدا دانیشتوانی ئەم هەرێمە کوردییە دەخرانە سەر براکانیان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە ژمارەیان زۆر لەمان زیاتر بوو. بیرۆکەی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ لە خەیاڵی هەندێ سەرکردەی گەورەی کوردەکانی فارس پێش کۆتایی هاتنی جەنگ گەشەی کردبوو، لە مانگی تەموزی ١٩١٨ یەکی لە گەورە سەرکردەکانی هۆزی (موکری) لەگەڵ (العقید کوینیونcol: keunion) باسی پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کرد لە ژێر پارێزگاری بەریتانیادا.[٦] واباس دەکرێ کە ئەم سەرکردە کوردە ئاماژەی دا بە مەسەلەی پێوەندی لە گەڵ دراوسێکانی و گوتی: دروست بوونی دەوڵەتێکی ئەرمەنیی سەربەخۆ لە باکووری تورکیا کارێکە کورد پێی قایل دەبێ بە مەرجێ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆش دامەزرێ وەك بەربەستێ لە نێوان دەوڵەتە ئەرمەنییەکە و دەوڵەتە عەرەبییەکەدا. هەر کە کوردیش ئازاد بوون و کاروباری خۆیان کەوتە دەس خۆیان ئەوسا یەکسەر بە چاودێری و ناوبژیوانی بەریتانیا لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا کێشەکان چارەسەر دەکەن.[٧]

دوای کەمتر لە یەك ساڵ ئاشکرا بوو کە کەسایەتییەکی گرینگی کوردستانی فارس پلانێکی بەدەستەوەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکانی فارس ئەویش شێخ (سید تەها النهری) بوو، ئەم پلانەی لە لایەن چەن سەرەك هۆزێکەوە لەوێ پشتگیری لێ دەکرێ وەك ئیسماعیل شکاك" سمکۆ".

لە ئایاری ١٩١٩ سەید تەها هاتە بەغدا بۆ ئەوەی پشتگیری دەسەڵاتی بەریتانی بۆ پلانەکەی دەستەبەر بکا، بەڵام سەرنەکەوت. " گیرترودبل" کاردانەوەی سەید تەهامان کاتی کە وەڵامەکەی وەرگرت بەم جۆرە بۆ وەسف دەکا " کاتێ پێمان گوت نابێ چاوەڕێی هیچ یارمەتییێکی ئیمە ببێ بۆ بەدیهێنانی پرۆژەکەی، ئەوەندەی پێوەندی بە کورد و فارسەوە هەبێ،

---

(٦) ئەمە کاتێ روویدا کە کۆنسوڵی بەریتانی لە کرماشان لە ناوچەی (مبابولاق)ی دەورووبەری سەقزدا دەسووڕایەوە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

(ارنولد ولسن — ولاءات-) سەرچاوەی پێشوو بەرگی ٢، ل ١٢.

(٧) ولسن —ولاءات — سەرچاوەی پێشوو بەرگی ٢، ل ١٣.



سیمای نائومێدییەکی زۆر گەورەی پێشان داو گوتی: جیاکردنەوەی کوردستانی فارس لە وڵاتی فارس کارێکە هەر دەبێ و هەر دێتە دی با بە رەزامەندی یان قەبووڵ کردنی ئێمەش نەبێ"[٨] لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ یارمەتی دانی بەریتانییەکان بە هەر جۆرێك بێ لە پێناو دامەزراندنی قەوارەییێکی کوردی سەربەخۆ. هاتنە ناوەوەی سمکۆ بۆ بازنەی بانگەشەکەرانی سەربەخۆیی کوردستان زۆر سەیر بوو، ئەمەش بە تەواوەتی لەگەڵ کەسایەتی (جیوەیی- الزئبقیه) ناسەقامگیری کەسایەتی ئەودا دەگونجێ. لە سەرەتای مانگی ئایاری ١٩١٩ نامەیەکی سەیری رەوانە کرد بۆ بریکاری حاکمی مەدەنیی گشتی (ارتولد ولسن)، چونکە پێشتر ناسیاوییان لە نێواندا هەبوو بە پێچەوانەی مەبەستە راستەقینەکەی، زۆربەی نامەکەی تەرخان کردبوو بۆ شتی شەخسی، لەو نامەیەدا زۆر بیرئالۆز و نارەحەت دیار بوو بە هۆی ئەو هەوڵەی کە لە لایەن کاربەدەستێکی فارسەوە درابوو بۆ کوشتنی و زۆربەی نامەکە باسی ئەوەی دەکرد، ئەو شێوە تەنزئامێزەی نامەکەی پێ نووسرابوو، کەس وەك گیرتروبل بە جوانی وەسفی نەکردووە" ئەمە شکاتێکی شەخسییە و بە بۆچوونی تایبەتی ئیمە، مەسەلەیەکی لاوەکی پرپووچە بەڵام ویژدان و هەستی ئەوی داگیرکردبوو، یەکێ لە دوژمنە زۆرەکانی کە فەمانبەرێکی فارس بوو بۆمبێکی بۆ نارد کە پێچرابووەوە، کەسیش لە خۆی باشتر ئەو رووداوەی باس نەکردووە کە گوتی {کاتم لەوە زیاتر بە دەستەوە نەبوو کە فڕێی دەمە سەر براکەم و پیایدا تەقییەوە}[٩]

* * *

پشێوی و هەرا کوردستانی فارسییەوە و گرتەوە و کەف کوڵی خەڵکی گەییشتە رادەییەك کە زەحمەت بوو لایەنە رەسمییە بەریتانیەکان لێی تێبگەن یان هۆیەکەی بزانن لەوەش دەترسان ئەم بارە بگاتە کوردستانی داگیر کراو بۆ ئەم مەسەلەیە دوو لێکدانەوە هەبوو: یەکەمیان بەرهەڵستی توندی کوردەکان بۆ گەڕانەوەی پەنابەرە ئاشووری و ئەرمەنییەکان بۆ شوێنی خۆیان. ئەم بەرهەڵستیە لە لایەن بزووتنەوەی کۆمەڵەی ئیسلامیەوە ـ حرکە التجمع الاسلامی ـ کە مەڵبەندەکەی لە تەبریز بوو، سەرپەرشتی دەکرا تا رادەیەکیش لە لایەن فەرمانبەرانی

---

(٨) گیرترودبل- استعراض الادارة — سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩. نوئیل: یاداشتی دەربارەی هەڵوێستی کورد سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(٩) گیرترودبل: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

ناوچەیی دەسەڵاتی فارسەوە پشتگیری دەکرا. دووەمیشیان : لە رقی قووڵی کوردەوە بۆ حکوومەتی لاوازی فارس کە گەییشتبووە رادەیەك لە لاوازی و بێدەسەڵاتی کە نەیدەتوانی ئاشتی و ئارامی بپاریزێ کودەتا بە سەر شادا هیچ شوێنەوارێکی خێرای لە کوردستان جێنەهێشت و وێرانکاری جەنگ لە هەموو لایەك دەبینرا بۆ نمونە لەو سێسەد گوندەی دەشتی ورمێ ژمارەیەکی زۆریان بە تەواوی وێران کران و خەڵکەکەشی کە زۆربەیان مەسیحی بوون رایان کرد.

ورمێ کە ژمارەی دانیشتوانی (٢٥) هەزار کەس دەبوو تەنیا (٥) هەزار کەسی لێمایەوە. بەرەڵلایی وئاشووب هەموولایێکی گرتەوە و هۆزەکانیش ئەوەندەی بۆیان کرا هەوڵیان دەدا تالآنی و دەسکەوتەتیان دەس کەوێ لەوەی راکردوەکان بە جێیان هێشتبوو. لەناو ئەمانەدا لقی (العبدوی)ی هۆزی شکاك بە سەرۆکایەتی سمکۆ کە ئەو دێهاتانەی دەکەوتنە نێوان (خۆی) و (سلماس) کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوون هەمووی تالآن کرد. لە کانوونی یەکەمی ١٩١٨کۆمەڵی سەرکردەی کورد کە لەو هۆزانە بوون کە لە ناوچەی (سنە) و (هەورامان) نیشتەجی بوون سەردانی سلێمانیان کرد و داوایان کرد بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی بەریتانی. لە شوباتی **١٩١٩** کۆبوونەوەیەك کرا کە ژمارەییێکی زۆری سەرەك هۆزەکانی کوردی تێدا بەشداربوون، بە مەبەستی هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەی خوێناوی نێوان شکاك و مامش و زەرزە و مەنگور و هۆزەکانی دیکەی باکووری کوردستانی فارس. زۆربەی ئەمانە پەنایان دەبردە بەر بێگانان دژی دراوسێکانیان، ئەمیان داوای یارمەتی لە تورك دەکا، یەکێکی دی لە رووس، یەکێك لە حکومەتی فارسی یان فەرمانبەرە ناوخۆیەکانیان ئەوی دیکە لە بەریتانییەکان. هەمووشیان گەییشتوونە ئەوەی کە پێویستە ئەم بارودۆخە چارەسەر بکرێ و رادەییێك بۆ شەڕ و خوێن رشتن دابنرێ.

ئەو سەرچاوانەی لە بەر دەستمان دان باسی ئەوە ناکەن چۆن بیرۆکەی هەڵگیرساندنی شۆڕش دژی حکوومەتی فارس گەییشتە کۆبوونەوەکە، لەوانەشە بیروبۆچوونی چەن کەسێکی دیاریکراو بێ و لە لایەن هەموانیشەوە بە باشی پێشوازی لێکرا، چونکە هەموویان بێزار ببوون لە رێوشوێنی حوکمی فارسی، ئەم بڕیارەشیان هێشتەوە بە هەڵپەسێردراوی تاکو دڵنیا دەبن لە هەڵوێستی هێزەکانی دەوروبەر و دەوڵەتە گەورەکان سەبارەت بە کوردی فارس و مەسەلەی گەڕانەوەی پەنابەرەکان، بێ ئەوەی هیچ هەستێکی نەتەوەیی یان هۆشیاری نەتەوەیی هەبێ و خۆی لە ژێر ئەم داواکاریانەدا حەشار دابێ.



لە ١٢/ی مانگی ئایاری **١٩١٩** گوتیان کوردەکان هێرشیان کردبووە سەر دەسەڵاتداریەتی ناوخۆ و حاکمی (سلماس)یان گرتبوو و گەمارۆی شاری (کوی)شیان دابوو دەڵێن هۆی ئەمە بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ـ اشاعە ـ ئەوەی گۆیا بەریتانیەکان خەریکە پەنابەرە مەسیحییەکان بگەڕێننەوە شوێنی خۆیان. وەك هەوڵێکیش بۆ رێگرتن لەمە پەنایان بردە بەر (جاوید بگ) فەرماندەی فیرقەی یازدە لە قەفقاس و (حیدر بگ) والی وان کە پێشتر ئەندام بوو لە کۆمەڵەی (الاتحاد و الترقی) و ناوبانگێکی خراپی هەبوو و دژایەتی بەریتانیەکان و مەسیحییەکانیشی دەکرد.[١٠] لەو کاتەدا دەنگوباسی دژ بە یەك سەبارەت بە چالاکی سمکۆ بڵاوبووەوە، دەیانگوت گۆیا هێزیك ئامادە دەکا بۆ بەرهەڵستی کردنی گێرانەوەی پەنابەرەکان و نیشتەجێ کردنیان، کەچی سەرچاوەی دیکە ئەمەی رەت دەکردەوە. ئەوەی زیاتر ئاگری ئاشوب و گرژیەکەی خۆش دەکرد ئەوە بوو کە حاکمی (وان) چەکی دابەش کرد بە سەر هۆزی هەرکیدا، هەروەها هەڵوێستی حاکمی ـ تبریزـ (ولی العهد) سەبارەت بە رێگە نەدان بە گەڕانەوەی پەنابەرەکان و بەوەش ناسرابوو کە دۆستی تورك و ئەڵمانییەکان بوو.

لەم ئاشوب هەرایەدا کەسایتی سمکۆ (اسماعیل) شکاك بە دەرکەوت. ئەمە یەکێك بوو لە کەسایەتیە سەیرەکان کە کە فی مێژوو ـ زبد التاریخ ـ هەڵیدایە باوەشی گەلێك کە ژیانی پڕ بوو لە لێقەومان و ناخۆشی و کارەسات لە کاتێکدا ئەو گەڵە لەو کاتەدا زۆر پێویستی بە سەرکردەییێکی ئاقڵ و خاوەن را و دوور لە مەبەستی شەخسی هەبوو.

سمکۆ دوای ئەوەی جەعفەری برای بەدەستی (ولی العهد) حاکمی تەبرێز لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا لە سێدارە درابوو بە سەرۆکی لقێك لە سێ لقە گەورەکەی شکاك کە لقی ـ العیدوی ـ[١١] بوو هەر لە سەرەتای لاوەتییەوە بە سەرە رۆیی ومیزاجی ـ جیوەیی ـ ناسەقامگیر ناسراوبوو هەروەها فێڵباز و زۆریش دڵرەق بوو، ئەمانەش کۆمەڵە سیفاتێکن قەت خاوەنەکەی شایانی ئەوە نابێ سەرکردایەتیی بزووتنەوەییێکی رزگاریخوازی نەتەوەیی بکا. بۆیە چەن ساڵێ بەشێکی کوردستانی فارس هەر لە (قوتور) تا(بانە) لە ژێر دەستی ئەودابوون و ملکەچی بوون ئەو رێگرییەی ئەو دەیکرد لە لایەن هۆزەکەیەوە بە کارێکی نەتەوەیی دادەنرا بۆیە بوو

(١٠) کورد و کوردستان: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

(١١) دوو لقەکەی دیکە (مامدی) و (گادر) بوون. ئەمانە لە ناوخۆیاندا ناتەبا و نارێك بوون زۆر جار تووشی گۆڕانکاری خوێناوی بوون لە کاتی گۆڕینی سەرکردەکانیان لە ئەنجامی بەربەرەکانی و رك وکینەی ناو تەنانەت یەك لقیش. لە (العبدوی) خۆیدا عمر خان بۆ نموونە بەربەرەکانی سمکۆی دەکرد لەسەر سەرۆکایەتی.

به پاڵەوان لە ناو هۆزەکەی خۆیدا و دوژمنی سەرسەختی فارس و هێزێك کە حیسابی بۆ بکرێ لە لایەن تورکیا و بەریتانییەکان لە میسوپۆتامیا. پێش جەنگ سمکۆ بە نۆرە هەر جارەی هاوکاریی یەکێکی دەکرد و جارێك فارس و جارێك رووسیا. لە ساڵی ١٩١٤شەوە چەن جارێ بۆ حکوومەتی فارس ئیشی کرد و لە پاداشتی ئەو کارەیدا لەو ناوچەیەدا بە هەوەسی خۆی ئیشی دەکرد وەك حاکمێکی فیعلی ناوچەکە دەهاتە پێش چاو. بەرژەوەندی خۆی لە کوێدا بوایە بایەدایە ئەو لایە، هاوپەیمانی لەگەڵ ئەرمەن، ئاشوری، روس، تورك و فارس کرد هەر یەکە بە جیا و هەر یەکە بە جیاش دژیان دەوەستا و لێیان هەڵدەگەرایەوە. لە کانوونی یەکەمی ١٩١٤ پەیمانی پان ئیسلامیزمی کورد هەبوو بە سەرکردایەتی ئەو لە (باشقلە) مەبەستیش لە دروستبوونی ئەوە بوو رێگر بێ لە بەردەم گەڕانەوەی ئاشووری و ئەرمەنییەکان بۆ ناوچەکە لە رێی بەکار هێنانی هێزەوە. حکوومەتی فارس ویستی هێرش بکاتە سەری، بەڵام بێ پارە بوو نەیدەتوانی پێویستییەکانی ئەو هێرشە دابین بکا، بۆیە پەنای بردە بەر فێڵ و لە ١٥/ی ئایاری ١٩١٩ لە ناو سنوقێك حەڵوادا بۆمبێکی بۆ نارد، بەڵام لە بڕی ئەو براکەی کوشت.[١٢] بەریتانیا زۆر لەوە ترسا کە ئەو هەراو نائارامیە تەشەنە بکاتە ئەو ناوچانەی داگیر کراون، بە تایبەتی کە سمکۆ دوای هەوڵی کوشتنەکەی ئاوی لە ورمێ بڕی و گەمارۆیدا، بۆیە لە رێی نوێنەرەکانیەوە کەوتە هەوڵی چارەسەری کێشەکە و لە سەر ئەوە رێکەوتن کە سمکۆ ببێتە حاکمی ئەو ناوچەیەی دەکەوتە درێژایی رێگەی دەرەکی و ناوچە سنوورییەکان لە دیلمان و لاهیجان بەرانبەر هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر ورمێ. سەرکەوتنی ئەڵمانەکان لە بەرەی ئەورووپا کە بە رووخانی بەرەی رووسی کۆتایی هات وای لە سمکۆ کرد چاوێك بخشێنێتەوە بەو هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەی بەریتانییەکان توانییان لە نێوان ئەو و ئەرمەن و ئاشوورییەکاندا پێکی بهێنن دژ بە هێزی عوسمانییەکان کە لە باکووری فارسدا مۆڵیان خواردبوو، ئەمە جگە لە هۆی فریودان بە پۆستی حاکمی ورمێ کە والی تەبرێز بەڵێنی پێدابوو بیداتێ بەرانبەر بەوەی سەرکردایەتی ئاشووری کە (البطريك مارشمعون بنيامين)ە لە ناوببا ئەویش کوشتی.[١٣] بەڵام بەو پاداشە شاد نەبوو کە حاکمی تەبرێز

(١٢) گیرترودبل: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩. مینۆرسکی ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی: پێشتر باسمان کردو رووداوەکە کە راستە و جێی گومان نییە و مرۆڤ پێی سەیرە کە ئەو باوەشی براکەی هەڵبژارد لە کاتێکدا دەیتوانی فریێ بداتە دوورتر چونکە کاتی بەدەستەوە هەبوو.

(١٣) داوای بینینی مارشمعونی کرد بۆ ئەوەی لەو گۆڕانکاریانە بدوێن کە لە بەرەو پێشەوە چوونی جەنگدا هاتۆتە ئاراوە. سەرکردەی ئاشووری لەگەڵ چەن کەسێك هاتنە شوێنی کۆبوونەوە لە گوندی (کونی شهر)ی نزیك سلماس بە شێوەیێکی زۆر دۆستانە. هەر کە (البطريك)ی هاوەڵەکانی شوێنی کۆبوونەوەکەیان بە جێهێشت لە



بەڵێنی پێدابوو بیداتی  چونکە ئاشوورییەکان وازیان لێی نەهێناو ماوەیێك بە دوایەوە بوون و قەڵاکەیان وێران کرد و کوڕێکیان کوشت.

دوای کۆتایی هاتنی ئاژاوە و پشێویی تاوانی کوشتنەکە، گەڕایەوە شوێنی خۆی هەوڵی دا خۆی لە بەریتانییەکان نزیك بکاتەوە لە ناوچەی ورمێ ساڵی ١٩١٩ و بانگەشەی(سەربەخۆیی خۆی) بکا. ئەمەش رێك ئەو وشەیەیە کە بەکاری هێنا کاتی لەگەڵ ئەفسەری بەریتانی ـالعميد بيج ـ(brig. Beech) قسەی دەکرد: پیی گوت تورکەکان مردن ئێستا ئێوەی ئینگلیز دەتانەوێ خۆتان بە گەلێکی مردووەوە کە مەلیکێکی مردوو سەرکردایەتی دەکا ببەستنەوە ئێوەش وەك ئێمەی کورد بکەن لە بەری فارسی سنووردا وەك ئەوەی لەگەڵ سەید تەهای دەکەن لە دیوی ئەودیوی سنور.[١٤] دەیویست بەریتانیا چەکی بداتی ئەوانیش کاتی ئەو خۆی کرد بە سەرۆکی (حکوومەت)ێك داوای حوکمی زاتی دەکا لە کوردستانی فارس، قەبووڵیان نەکرد چەکی بدەنێ لە بەر ئەوەی بەهێزترین سەرکردەی ناوچەکە بوو ویستی تۆڵەی خۆی بکاتەوە سەبارەت بەوەی بە دەنگ داواکاریەکانەوە نەچوو، بۆیە یەکسەر دژی سەربەخۆیی بوو و پێوەندی بە تورکە نەتەوەییەکانی کرد و داوای بارمەتیێ لێکردن بەرانبەر بەوەی لە گەڵیاندا بێ دژی هەڕەشەی بەریتانییەکان و ئەرمەن و رێگەش بگرێ لە گەڕانەوەی پەنابەرەکان. ئیتر دەستی کرد بە کڕینی تفەنگ و فیشەك و ئەوانەی رایان کردبوو لە سوپای تورکی داوای لێکردن بێنە سوپاکەیەوە بەرانبەر بەو تالانیەی دەستیان دەکەوی تەنانەت لە ژنە مەسیحی و موسلمانیش. پێشتر خۆی چەن ژنی بە تالان بردبوو لە (سلماس) و ناوچەکانی دەوروبەری.

هەموو لایەکەوە تەقەیان لێکراو و (البطريك) و چەن کەسی لە هاوەڵەکانی کوژران، دواییش دەرکەوت کە لە لایەن فارسەکانەوە هاندراوە. ویگرام باس دەکا (وەرگێرانی ئیمە: ــ مهد البشريه. چاپی سێیەم هەولێر ٢٠٠٠) کە ئاشووریەکان شێت وهار بوون و هێرشیان کردە سەر سمکۆ و قەڵاکەیان داگیر کرد، لەوی نامەیەکی حاکمی تەبرێزیان دۆزیەوە (ولی العهد موفتی شمس) کەبەڵێنی دەداتی بیکات بە حاکمی ورمێ ئەگەر (بطريك)ی ئاشووری لە ناو بەری. سمکۆ دوو ساڵ لای  تورکەکان خۆی حەشاردا تا لە کۆتایی جەنگدا ئاشووریەکان ورمێ و فارسیان چۆڵ کرد.

(١٤) ١٢٢٥ـ ٢٤٨ راپۆرتێکە سەبارەت پشێوی لە ورمێ و تەفلیس دا کە لە ١٤/ی تەمووزی ١٩١٩دا نووسراوە. بیج دەڵی: سمکۆ ئەو کات بە هیوا بوو لەکەڵ تورکەکان رێك بکەوی و سەودا و مامەڵە پێکیان لەگەڵ بکا.

له سەرەتای ئەیلولی ١٩٢٠دا هەولّی دا کوبوونەوەیەك لە رۆژئاوای ئازربایجان لەگەلّ چەن سەرکردەییّکی کورددا ریّك بخا، بەلاّم سەرنەکەوت لە هەولّەکەیدا چونکە زۆر لەو سەرکردانە سەرقالّی کیّشەی ناوخۆیی خۆیان بوون، سەرکردەکانی هەرکی و بەگزادە (الداشت) ئامادە نەبووون بچنە ئەو کۆبوونەوەیە چونکە ئەوان هاوپەیمانی (بحری بگ) بوون کە یەکیّك بوو لە دوژمنەکانی سمکۆ لە ناو شکاك دا. لە هەمان کاتدا (عمرخان)ی دوژمنیشی داوای لیّکرد هیّزەکانیان یەك بخەن لە دژی سمکۆ. بەلاّم ئەو لەو کاتەدا زۆر بەهیّز بوو دەرەقەتی نەدەهاتن. چونکە ژمارەیەکی زۆر لەو راکردوانە چووبوونە پالّی ئەوەندەش هیّزی لە خۆیدا بینی کە هەرِەشە لە خەلّکی گوندەکانی (سلماس) بکا و داوایان لیّ بکا کە دەبیّ لەمەودوا خۆیان بە رەعیەتی ئەو بزانن. لەو بەلّگانەی هیّز و توانای ئەو دەسەلّمیّنن لەو کاتەدا ئەوە بوو کە چل کەسی لە خزمانی شیّخ مەحموود و لایەنگرانی دالّدادا وەك پەنابەر لە کاتیّکیشدا زۆر دژی شیّخیش بوو لەگەلّ سەید تەها دا دژی شۆرِشەکەی وەستان.

له سالّی ١٩٢٠دا حکوومەتی فارس کەوتە خۆی و هیّرشی کردە سەر بەلاّم سەرەتا شکستی هیّنا تا لە دواییدا لە مانگی شوباتی هەمان سالّدا توانی سەربکەویّ بەسەریا و سمکۆ رایکرد و ئەوانەی دەوری رایان کرد و کەسیان نەما. تەنانەت قەلاّ شاخاوییەکەی (شهرك) لە سومای نەیتوانی بیپاریّزی بۆیە پەنای بردە بەر ناوچە شاخاویە بەبەفر داپۆشراوەکان. لەویّوە داوای لیّبوردنی لە حکوومەت دەکرد، ئەویش نەفامانە چوو بە دەم داواکەیەوە بە مەرجی بەلّیّن بدا هەرچیی لە (القرقتلغ) بردوە بگەرِیّتەوە و بە پەنجا سوارەش بە سەرۆکایەتی ئەحمەدی برای بەشداری لە کەتیبەی قەوزاقی فارسیدا بکا و بەهیچ جۆریّکیش کاری بە سەر ناوچەی (سلماس) و (ورمیّ)وە نەبیّ، ئەویش رازی بوو. ئەو مەرجانە لای ئەو بەلّگەی لاوازی حکوومەتی فارس بوو، بۆیە یەکسەر بایدایەوە لای تورك، ئەوە بوو لە مانگی نیساندا لە شاری (وان) بینرا تورکەکان رەشاش و تۆپی مەیدان و شەرِکەریان دایێ. لە مانگی ئابدا مەرجەکانی لیّبووردنی پیّشیّل کرد و دەشتی (سلماس) و دەشتی (ورمیّ) و شارەکەشی ویّران کرد.

له کانوونی یەکەمدا بەلشەفیکەکان کە ئەوسا دەیانویست ناوبانگی فارسەکان تیّکبشکیّنن دەستیان کرد بە یارمەتیدانی لە رووی سەربازی و داراییەوە. دوای ئەم گشتە یارمەتییە ئاسان بوو هەموو سەرکردە ناوچەییەکان لە دیلمان بخاتە ژیّر سەرکردایەتی خۆیەوە هەروەها هیچ پیّویستیشی بە سەرکردەکانی سابلاغ و لاهیجان نەما کە یارمەتی بدەن.



له کانونی دووەمی ١٩٢١دا لە (اشنویە) کۆبوونەوەیەك کرا لە نیّوان نویّنەری سمکۆ و نویّنەری هۆزەکانی موکری و دیوکری و مامش ریّککەوتن لە سەر داگیرکردنی سابلاغ (مهاباد). لە شوباتی هەمان سالّدا هاوپەیمانەکەی سمکۆ سەید تەها حیدر ئابادی داگیر کرد کە دەکەوتە رۆخی باشووری دەریاچەی ورمیّ و هەرِەشەشی لە (سولدز) دەکرد. لە ناوچەی هەورامان لە باشوور جەعفەر سولّتان سەرکردەی نەوسوودی هەورامی داوای لیّکرد بچیّتە پالّی و هیّرش بکەنە سەر سلیّمانی. بەلاّم سمکۆ لەو کاتەدا سەرقالّی ئیشکردن بوو لەگەلّ تورکدا، هەروەها دوژمنەکانیشی لە ناوچەی کوردستانی فارسدا زۆر بوون و دەشیزانی چیتر ناتوانی بڕوای فارسەکان بگەرِیّنیّتەوە و حکوومەتی فارس بە هەموو جۆری هەولّ دەدا لە ناوی بەری و (خان ماکۆ) لە کوردستان لە دوژمنە هەرە دیارەکانی بوو. ئەم سەرکردە کوردە دەیزانی تورکەکان لە جەنگدا لەگەلّ یۆنان پیّویستیان بە گەنم هەیە و ئەمیش گەنمیّکی زۆری هەبوو، بەلّیّنی دانیّ کە گەنمیان بداتیّ بە مەرجی یارمەتی سمکۆ نەدەن، ئەوانیش هەموو پیّوەندییەکیان لەگەلّ سمکۆ بری. لەو کاتەدا تورکەکان هەزار سوارەی (غەیرە نیزامی)یان دابوو بە سمکۆ لەگەلّ پیّنج سەد پیادە. بە هۆی ئەمانەوە توانی لە ئازاری هەمان سالّدا روبەرِووی هیّزەکانی ئیّرانی ببیّتەوە کە لە شەش سەد قەوزاق پیّکهاتبوو لە قزلجە کە دەکەویّتە بەری کۆتایی باکووری دەریاچەی ورمیّ و زۆر بە خراپی بیانشکیّنی و تەنیا دووسەدوپەنجا کەسیان لیّ گەرِایەوە ئەمەش پیّش ئەوەی رەزا خانی پەهلەوی حوکم بگریّتە دەست لە شوباتی ١٩٢١دا، روویدا. دەنگۆ لە باکووری ولاّتی فارس بلاّو بووەوە کە روسەکان (پیّش ئەوەی بەلشەفیکەکان ریّکەوتنامەی دۆستایەتی و دراوسیّیەتی لەگەلّ حکوومەتی تاراندا مۆر بکەن) دیانەویّ فارس دابەش بکەن بە سەر چەند ولاّیەتیّکدا.لەو کاتەدا سمکۆ شانازی بەوەوە دەکرد کە دەولّەتیّکی مەزنی لە پشتە و هەندی کەس وادەزانیّ بەریتانیایە نەك سۆڤیەت.[١٦] لە کاتیّدا سۆڤیەت چەکیان دەدایێ. لەوە دەچیّ سمکۆ حەزی دەکرد ئەم دەنگۆیە بلاّو ببیّتەوە و باشترین ریّگەی دانا بۆ ئەوەی بگاتە ئیدارەی بەریتانی لە (مسیوپۆتامیا) بۆیە نامەیەکی بۆ نووسین و داوای یارمەتی کرد و بەم دەستەواژەیە دەستی پیّکردبوو "من دەزانم کە پیاویّکم ناوبانگم خراپە و پەنا دەبەمە بەر خیانەت و غەدر و هەلّخەلّەتاندن لە ئیشکردنمدا لەگەلّ

(١٦) بگەرِیّرەوە بۆ بەلّگەنامەی ژمارەfo.371.6347 لە ٢٦/ی مانگی ئابی ١٩٢١ کە لە نویّنەری بالاّ لە عیّراق - المندوب السامی - نیّردراوە بۆ وەزیری (مستعمرات).

حکوومەتەکان. بەڵام سوێند بە خوا و شەرەفم ئەخۆم کە ئەمجارە خیانەت لە بەریتانیا ناکەم ئەگەر یارمەتی دام"[17] لەم نامەیەدا سمکۆ بەڵێنی ئەوەی دابوو کە دژی تورکەکان لە ناوچەی برادۆست بوەستی و هەروەها بە درێژایی بەرەی رۆژهەڵاتی بەریتانی (الجناح الشرقی البریطانی)، بەڵام بەریتانییەکان وەڵامیان نەدایەوە. لە ساڵی ١٩٢١دا سمکۆ دەستی گرت بە سەر هەموو ئەو ناوچەیەی لە دەوروبەری (خۆی) و تا (بانە) بوو، جگە لە سابڵاغ کە بە دەست حکوومەتەوە مایەوە. پاشان کە زانی فەرماندەی (حامیە) دوان لە ئاغاکانی دۆستی ئەوی گرتووە، گەمارۆی دا بە زۆر چووە ناو (حامیە) هەر دیلێکی (درك)ی (حامیە) دەسکەوت کوشتی و یەکێك لە سەرکردەکانی مامشی کرد بە حاکم لەوێ، پاشان هێرشی کردەسەر بەری رۆژئاوای رۆخی دەریاچەکە و هێزی غەیرە نیزامی هۆزی قەرەداغی لە باکووری سەڵماس تێکشکان. لە ((قرەتپە))ش هێزێکی حکوومەتی لەنزیك سەلماس تێکشاند

دەڵێن لەو کاتەدا هێزەکانی خۆیان دەدا لە پێنج هەزارکەس. بەڵام ئەو شۆڕشەی سمکۆ لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان هەڵیگیرساند وەك شۆڕشی سمکۆ مایەوە نەك شۆڕشی کوردستانی فارس، چونکە بێ ئامانج و بێ بەرنامە بوو و هیچ جۆرە پێوەندییێکی نەتەوەیی یان فیکری هێزەکانی ئەوی بە یەکەوە نەبەستەوە، تەنیا مەبەست شەڕکردن بوو بۆ شەڕ و لە ناوبردنی کێشە عەشایرەکان بە زۆر و بە چەك و راوەستان دژی هەر کەسی سمکۆی بە دوژمنی خۆی دەزانی یان لە رێی ئەو و ئامانجەکانی دەوەستێ. هەر دەبوو ئەم هێزەی هیچ شتێك جگە لە دزی و تاڵانی و دەسکەوتی حەرام بەیەکیانەوە نابەستێ، هەر لە خۆیەوەیان لە ئەنجامی ناکۆکی ناوخۆ لە ناو بچێ. سمکۆ وەك کەسایەتییەکی ترسێنەر و بێزراو و جێی بڕوای هەموو ئەوانەی لە یاسا قاچاغ بوون مایەوە، نە دۆستایەتی تا سەر بوو نە قسەی جێی بڕوا بوو. بۆ نموونە لە ئازاری ١٩٢٢ ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو و هۆزی موکری هاوپەیمانی، یەکسەر پیاوەکانی نارد ماڵ و دێهاتیان تاڵان بکەن مەزرایان بسووتێنن و مەڕ و ماڵاتیان ببەن. لە باشووری کوردستان کەس بە دەنگ شۆڕشی سمکۆوە نەچوو. سەبارەت بەمە کاوان cawan کۆنسوڵی بەریتانی لە کرماشان لە راپۆرتێکدا لە ٢٥/ی ئەیلوولی ١٩٢١دا دەڵێ:

---

(١٧) نامەیەك بۆ ئەفسەری سیاسیی لە سلێمانی بە هۆی بریکاری ئەفسەری سیاسیی لە رانیە و لە رێی ئەوانیشەوە بۆ نوێنەری باڵا ـ المندوب السامی ـ نامەکە لە خانەی بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا پارێزراوە لەگەڵ راپۆرتی حاکمی مەدەنی گشتی بە ژمارە ـ fo. 371- 6347 بە زمانی فارسیشە.



"سەبارەت شۆڕشی سمکۆ، زۆری پێوەنراوە و زیادەڕۆیی کراوە. زۆربەی دانیشتوانی باشووری کوردستان ئامادەن     بێ دوو دڵی پشتگیری هەر بزووتنەوێکی نیشتمانی بکەن کە ئینگلیز پشتی بگرێ و یارمەتیی بدا و ئەگەر پارەشیان نەدرێتی ناجۆڵێن[18] (رضا پهلوی) لە سەرەتای حوکمیدا سەرقالی لە ناوبردنی یاخی بوون و ئاژاوەکانی دیکە بوو، هەروەها ئەو هێرشە لاوازانەی کە دەیکردە سەر سمکۆ تێکدەشکا و سەر نەدەکەوت، بۆیە بۆ ماوەیێك وازی لێهێنا و زیاتر بایەخی دا بە تۆڕێکی نهێنی سیاسیی فراوان کە سۆڤیەت چاودێری دەکرد بە ناوی (مەلاکان). ناسراو بوو و چالاکیشیان هەموو کوردستانی گرتەوە تا کرماشان هەروەها بەڵگەش هەبوو کە ئاماژەی بەوە دەکرد پروپاگەندەی بەلشەفیکەکان چالاکانە لە ناوچەی خانەقین بڵاوبوتەوە، لەو کاتەدا بزافی کەمالیزم پشتگیری سمکۆی کرد.[19] دوای چەند تێکشکان رەزا خان توانی هێزێك لە هەشت هەزار سەرباز ئامادە بکا بە رەشاش و تۆپەوە، لە ٩/ی ئاب شەڕێکی گەورە لە باکووری سڵماس روویدا سمکۆ شکا و کەس بە دەوریەوە نەما و ئەو هۆزانەی کە لایەنگری بوون کشانەوە بۆ شوێنی خۆیان و بەخۆی و چەن کەسێکی کەمەوە کە لەگەڵی مابوونەوە بە جێیان هێشت. هێزەکانی رەزا خان بنکەی سمکۆیان لە دیلمان گرت، پاشان لە ١٤/ی ئاب قەڵای (شاهرخ)یش. لە ١٦/ی ئاب دووبارە ورمێ گیرایەوە پاشان مهاباد (سابڵاغ)، ئیتر ناچار رای کردە ناوچە کوردییەکە لە عیراق. تێکشکانەکەی تێکشکانێکی تەواو بوو کاتی کە لە (دیرە) نزیك هەولێر لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا دەرکەوتەوە تەنیا دە کەسی بەدەورەوە مابوو.[20]

---

(١٨) لە کونسۆڵی بەریتانی لە کرماناشانەوە بۆ نوێنەری باڵا ـ المندوب السامی ـ6347 – 371

(١٩) سمکۆ لە تشرینی یەکەمی ١٩٢١دا چووبووە سابڵاغی پایتەختی کۆنی موکری و دەڵێن لەوێ رۆژنامەییێکی دەرکرد بۆ دەربڕینی ئاواتەکانی کورد لە رزگاریدا، بەڵام بە هۆی فشاری سەربازییەوە ئەوێی بە جێهێشت. مێژونووسی بەریتانی بە ناوبانگ (ارنولد توینیی) لە ئینسکلۆپیدیای گەورەی جیهانی ئیسلامی دوای سەردەمی (تسویە) ئاشتی the Islamic world since the peace settlement بەرگی یەکەم لاپەرە ٥٣٩ و دوای ئەو: حکوومەتی سوڤیەت هەوڵی دا بۆ ئەوەی حکوومەتی ئێران لە سمکۆ خۆش بێ، هەروەها بۆ ئەوەش کە جۆری لە حوکمی زاتی بدرێ بە کورد، سۆڤیەتەکان لەو کاتە پێوەندییان زۆرباش بوو لەگەڵ ئێران دوای مۆرکردنی رێکەوتنامەی بە ناوبانگەکەی شوباتی ١٩٢١. ویستیان لەگەڵ سمکۆ رێکبکەون، بەڵام ئەو چاوەڕێی نەکرد و شۆڕشی دژی ئێران هەڵگیرساند.

(٢٠) "کورد ـ ترك ـ عرب ": ئێمە وەرمانگیراوە. چاپی دووەم. هەولێر١٩٩٩،ل ٢٧٥ ـ ٢٧٦ "لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا رووداوەکان وەرچەرخانێکی سەیری بە خۆیەوە بینی کاتێ کە سمکۆی سەرکردە هۆزی

بێگومان سمکۆ هاتە ئەوێ بۆ ئەوەی داوای یارمەتی لە بەریتانیا بکات بەرانبەر بەو خزمەتەی پێش سێ مانگ پێشکەشی کردن بە بۆنەی ئەو شۆڕشەی کە (کەریمی فەتاح ئاغا) لە تەمووزی ١٩٢٢ لە سلێمانی هەڵیگیرساند. چونکە ئەو توانی هۆزە کوردیە ئێرانییەکان والێ بکا کە پشتگیری کەریمی فەتاح نەکەن و بەمجۆرە فشاری لە سەر بابەکر ئاغا پشدەری سەرۆکی هۆزەکانی پشدەر کە لایەنگری بەریتانییەکان بوو، کە کاتی خۆی رایکردبوە ئێران، کەم بکاتەوە.

پێدەچی (میجر نوئیل) هەوڵی دا کە هەندێ (اعتبار) بگەڕێنێتەوە بۆ سمکۆ کاتێ ویستی کۆی بکاتەوە لەگەڵ شێخ مەحموود و سەید تەها، بەڵام ئەم هەوڵەی سەری نەگرت. مەبەستی ئەفسەرە بەریتانییەکە لەم هەوڵەی دروست کردنی هاوپەیمانییەك بوو دژی پیلانی تورکی لە باشووری کوردستان. بەڵام بە هۆی خۆی سمکۆ کە هەر جارەی بە لایەکدا بایدەدا و رقی شێخ مەحموود لە سمکۆ لە بەر هەڵوێستی ئەو لە شۆڕشی شێخ لە ساڵی ١٩١٩. بۆیە هەر چەندە پێشوازی باشی لێ کرا لە سلێمانی، بەڵام هیچ لایەنگری لە شێخەوە پێشان نەدراو بێ دەنگ سلێمانی(٢١) بە جێهێشت بە پێچەوانەی پێشوازییەکەی و تەنانەت رۆژنامەی (کوردستان)

---

شکاك کە هەموو کەس لێی دەترسان گەیشتنە سنووری ئێران و تورکیا لە هەرێمی (قوتور). پاشان لە پڕ بێ هیچ پێشینەیەك گەیشتە (دیرە) کە ١٨ میل لە باکووری هەولێر دوور بوو. دوای ئەوەی هەموو ناوچەکانی سنووری لە ئێران داگیر کرد لە دیلمانەوە تا بانە بە بەرپاکردنی شۆڕشێك ویستی بە شۆڕشێکی نیشتیمانی کوردی پەردەپۆشی بکا. لە پڕ لە ئەنجامی کردەوەی سەربازی کە هێزی تورکی لە رۆژاوا و سوپای ئێرانی دوای ئەوەی چاکسازییەکانی رەزا خان پێشی خست و گەشەی پێکرد لە رۆژهەڵاتەوە تێکشکا ئیتر تۆپ و رەشاش و شەمەندەفەرێ پڕ لە هێستری بارکراو بە چەك، هەر هەمووی دۆڕاند جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری لێ کوژرا لەوانە ژنەکەی و منداڵێکی تەمەن شەش ساڵانی بەدیل گیراو کە زۆری خۆش دەویست، بۆیە هاتە عێراق و داوای یارمەتی کرد، بەڵام زۆر سەرسام بوو و دڵی ئێشا کاتی رێی لێ گیرا و رێگە نەدرا بێتە هەولێر.

(٢١) لە ٨/ی شوباتی ١٩٢٣ سمکۆ گەیشتە سلێمانی ئەوسا شێخ مەحموود لەوێ خاوەن دەسەڵات بوو ـ پێشوازییەکی سەربازی لێکرا و حەوت گوللە تۆپ تەقێنرا وەك رێزێك بۆ ئەو. رۆژی گەییشتنی کرا بە پشووی رەسمی. رۆژنامەی (کوردستان) بە ناوی پاڵەوانی گەورەی کوردستان ـ صاحب السعادە ـ ئاغا سمکۆ وەسفی کرد، بەڵام شێخ مەحموود زۆر بە ساردی پێشوازی کرد بۆیە رۆژنامەکە بە وشەیەك باسی رۆیشتنەکەی نەکرد.



هەواڵی رویشتنەکەی بڵاو نەکردەوە.(٢٢) ئایا ئیسماعیل ئاغای شکاك نەتەوەیی بوو و بۆ سەربەخۆیی کوردستان کاری دەکرد؟

---

(٢٢) ئەوەی بە سەر ئەم کەسایەتییە سەیرە دا هات لە دواییدا پێوەندی بە بابەتەکانی ئەم کتێبەوە نییە بە تایبەتی کە ژیانی دوای ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە مەسەلەی کوردەوە نەما، بەڵام بە مافی خوێنەری دەزانم کە درامای سمکۆ تا کۆتاییە کارەساتکارەکەی بزانێ. هیچ پێشوازییەکی باشی لە بەریتانییەکان نەدیت بۆیە چووە کوردستانی تورکیا لەوێوە سکاڵایەکی دایە دەست دەسەڵاتدارە ئێرانییەکە تیایدا پەشیمانی خۆی دەربڕیبوو لەوەی کە کردبووی و بەڵێنیشی دابوو کە ببێت بە پاڵپشت و کۆڵەکەی حکوومەتی رەزا خان. لێبووردنی گشتی و بێ مەرجی بۆ دەرچوو و گەڕایەوە کوردستان، بەڵام قەت بە ئارامی دانەنیشت و بەردەوام بوو لە چالاکی دژی دەسەڵات تا لە ساڵی ١٩٢٦ شۆڕشێکی نوێی هەڵگیرساند، کە دەیەم شۆڕشی بوو (ئەگەر ئەم رایەی ئێمە لەگەڵ رای ئیدمۆنز یەك بگرێ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٨ کە شۆڕشی ١٩٢٢ نۆیەم شۆڕش بوو)، بەڵام هێزەکانی ئێران توانیان لە نزیك (دیلمان) بەسەریا سەربکەون و تێکی بشکێنن و ناچار کرا خۆی و سەد کەس لەوانەی کە لە گەڵیدا بوون سنووری عیراقی ببەزێنێ و داوای پەنابەری کرد، پەنابەری پێ درا و حکومەتی عیراقیش رازی نەبوو بیداتەوە دەس ئێران چونکە تاوانەکەی بە تاوانێکی سیاسی دانا، بوڵام رازی بوو پێشوازی لە فەرمانبەرێکی ئێرانی بکا تاکو چاوی بە سمکۆ بکەوێ و قەناعەتی پێ بکا و خۆی بدا بە دەستەوە. {راپۆرتێ سەبارەت بەئیدارە لە عیراق ساڵی ١٩٢٦ ل٢٦}. هیچ حوکمی بە سەر سمکۆ دا نەدرا لە ئێران و لە رەواندز و لە لای دۆستی دێرینی سەید تەها مایەوە کە ئەوسا قایمقامی قەزا بوو. {بگەڕێوە بۆ ئەو راپۆرتەی دەسەڵاتی ئینتداب پێشکەشی گەلانی کرد سەبارەت بە ئیدارە لە عیراق ساڵی ١٩٢٧ کە تیایدا سمکۆ بەمجۆرە وەسف دەکا "کەسێکی خەتەرە لە سەر ئاسایش و ـ نظام ـ لە هەر دوو دیوی سنوردا: ل٢٦".
لە ئایاری ١٩٢٨سمکۆ بە ویستی خۆی عیراقی جێ هێشت، و دوای ساڵێك و چەند مانگێ دووبارە لە عیراق پەیدا بۆوە (١٩٢٩) لە گەڵ پەنجا کەسی کە لە گەڵی بوون لە شوێنێکی نزیك سنووری ئێران نیشتەجێ بوو و کاتێ کە پێی راگێینرا کە مانەوەی لە عێراقدا بەو مەرجەیە کە لەو شوێنە دابێ کە حکوومەتی عیراق بۆی دەستنیشان دەکا، کشایەوە بۆ تورکیا تا کۆتایی ساڵ لە ناوچە شاخاوییەکانی رۆژاوای رووباری حاجی بەگ مایەوە. ژیانی سمکۆ بەرەو کۆتایی چوو، کاتی کە دەعوەتێکی رەسمی لە تەبرێزەوە پێگەییشت و تیایدا لێبووردنی گشتیی بۆ دەرکرا بوو لە گەڵ پۆستی حاکمی (اشنویە). مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ چۆن ئەو شۆڕشگێرە بڕوای بەو بەڵێنە کرد لە لایەن دوژمنێکەوە کە هیچ ئاقڵی بڕوا ناگا بەزەیی لا پەیدا ببێ. سمکۆ چوە (اشنویە) و بە رەسمی پۆستەکەی وەرگرت و تەنیا سێ رۆژ تێدا مایەوە و لەو ماوەیەدا پێشوازی لە پیرۆزبایی کەران کرد لە هۆزە کوردەکانی دەوروبەر، لە رۆژی چوارەم نامەیەکی بۆ هات کە دەڵێ

بۆ ماوەیەکی کورت باسی سەربەخۆیی کرد و بەم دروشمە توانی هەندێ عەشایر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بۆ ماوەیەکی کورت هاوپەیمانی سەید تەها بوو بۆ ماوەیەکی کورتیش وایکرد بانگەشەکەی سنووری فارس ببەزێنی و ئەم سەر و ئەو سەری سنووری نێودەوڵەتی بکا. لە بەر گۆڕانی بە پەلە و خێرای لە دۆستایەتییەکانیدا زۆر زەحمەت بوو دان بە سەرکردایەتی کەسێکی دیکەدا جگە لە خۆی بنێ، نە سەید تەها نە شێخ مەحموود بەڵکو هەردووکیانی بە دوژمن و رکەبەری خۆیدادەنا. لەو رۆژگارە کەمەی ژیانی کە بۆ مەسەلەی کوردی تەرخان کردبوو هیچ بەیانێکی بڵاو نەکردەوە و هیچ پرۆگرامێکی دانەنا بۆچوونی خوی یان تێگەییشتنی سەبارەت بە نەتەوایەتی وئامانجەکانی بۆ گەییشتن بە سەربەخۆیی دیاری بکا هەر چەندە لە سابلاغ رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) بۆ ماوەی یەك مانگ دەرکرد بەڵام لە هیچ کام لەو پێنج یان شەش ژمارەی دەری کرد هێڵێکی نەتەوەیی روونی تێدا نابینی لەوەش دەچێ قەت مەبەستی نەبووبێ ئیدارەیێکی کوردی دابمەزرێنێ لەو ناوچەیەی داگیرکردبوون یان کەوتبوونە ژێر دەسەڵات و (نفوذ)ی، تەنانەت بەرنامەیێکی باج یان تاقە پرۆژەیێکی خزمەت گوزاری کۆمەڵایەتی دانەنا، تەنیا خەریکی بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتی خۆی بوو بە سەر ئەم شار یان ئەو هەرێم یان دامەزراندنی حاکمێکی عەشایری، ئەمەش لە جەوهەر دا هیچ جیاوازی نەبوو لەگەڵ ئەوەی ئێرانیەکان دەیانکرد. سمکۆ بە پێویستی نەزانی یان کاتی ئەوەی نەبوو هەوڵ بدا پێوەندییەك لەگەڵ مەڵبەندەکانی فیکری نەتەوەیی لە ئەستەمبوڵ و قاهیرە و سلێمانیش دابمەزرێنی.

---

فەرمانبەرێکی گەورەی ئێران دێ بۆ دیدەنی ئەویش چەن کەسێکی لە سەرەك هۆزەکان برد و دەرچوو بۆ پێشوازی کردنی. دوای چاوەڕوانییێکی زۆر لەو شوێنە کە رێك کەوتبوون تیایدا بە یەك بگەن، یەکێك بە سواری ئەسپ هات و پێی راگەیاند کە فەرمانبەرەکە ترومبێلەکەی پەکی کەوتووە و ناتوانی بێت. ئیتر سمکۆ گەرایەوە (اشنویە) و کە لە ماڵەکەی خۆی نزیك بووەوە لە پڕ درایە بەر دەستڕێژ، لە لایەن سەربازانی سوپای ئێرانەوە کە بوسەیان بۆ دانابوو و بە سەربانی ماڵەکاندا دابەش ببوون. سمکۆ لە گەڵ دوازدە کەس لە سەرەك هۆزەکان و پیاوەکانی خۆی کوژرا. هاملتون دەڵێ {بڕوانە وەرگێرانی ئێمە بۆ کتێبەکەی (طریق فی کردستان) ل١٢٧ – ١٢٨ چاپی دووەم هەولێر ١٩٩٩.کە سمکۆ پێش وەخت ئاگادار کرابۆوە کە بۆسەی بۆ دانراوە، بەڵام بڕوای نەکرد. سمکۆ لە ١٩٣٠دا کوژرا. (کولونیل لاین) دەڵێ: کە خورشید ئاغا هەرکی کە یەکێکە لە سەرەك هۆزەکانی هەرکی لەگەڵیدا کوژرا. کورد و عەرەب و بەریتانییەکانKurds Arabs and Britons یادداشت لە بارەی عیراقەوە ـ مذکرات عن العراق ـ ١٩١٨ ـ ١٩٤٤ چاپی لەندەن ٢٠٠٢، ل ١١٢.



هەروەها ئەوانەش کە لە سەریان نووسی یان پێوەندیان لە گەڵیدا هەبوو، ئەو نهێنیە یان نەزانی ئایا چی خوێندوە و رۆشنبیری گشتی چەندە، کە ئەمانە گرینگن بۆ ئەوەی رادەی تێگەیشتن و هەست کردنی بە رووداوەکانی بۆ دیاری بکا و لە بڕیارەکانیشدا رەنگ بداتەوە. باشتروایە ئەم شتانە و دیاری کردنی رادەی پێگەییشتنی ئەم کەسایەتییە و تاچەن شایانی ئەوەیە جێی بێتەوە لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کوردیدا، بۆ خوێنەر بە جێی بهێڵین با ئەو حوکم بدا.

# فەسڵی دەیەم

لە نۆزدەی ئازاری ١٩١٩ هەردوو مامۆستا (خیر الدین الزرگلی)[١] و (یوسف حیدر) کە خاوەنی رۆژنامەی (المفید) بوون کە لە دیمەشق دەردەچوو، وتارێکی دوور و درێژیان سەبارەت بە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان نووسیبوو بە ناونیشانی "نامەیەکی کراوە بۆ کوردەکانی باکووری کوردستان و باشووری " بەڵگەشمان بۆ ئەوەی ئەم وتارە بە مەبەستی پرۆپاگەندە نووسراو بۆ وروژاندنی رای گشتی، ژمارەیەکی زۆری بە خۆڕایی بە سەر خەڵکدا دابەش کرا لە شەقامەکانی حەلەب. وتارەکە بەوە دەست پێدەکا کە داخی خۆی دەردەبڕی لەبەر ئەوەی کورد بایەخ بە کاروباری سیاسەت و ئەوەی رووددەدا نادەن و خوێنەرانیش ئاگادار کردۆتەوە لە وتەکانی سەرۆکی ئەمریکی (ولسن) سەبارەت بە نەهێشتنی زوڵمی سەر گەڵە چەوساوەکان و شکاندنی کۆت و بەندی گەردنیان پاشان باسی شۆڕشێکی عەرەبی و ئاواتی عەرەب بۆ سەربەخۆیی و داواش لە کورد دەکا کە وریا بن و داوای ئازادی خۆیان بکەن و بۆ کوردستانی ئازاد کار بکەن کە ئەرزەرۆم و وان و بەتلیس و خەربوت و دیاربەکر و موسڵ شوێنی دیکەش، بگرێتەوە کە زیاتر لە سێ ملیۆن و نیوی تێدا دەژی.

---

(١) زۆرم لا سەیر بوو کە لە کتێبەکەی — میر بصری — {اعلام الکرد. لندن ١٩٩١} ناوی ئەم دوانە (خیر الدین) و (یوسف حیدر) نەهاتو، ە، لە کاتێکدا کە هەردووکیان کوردن، ئەمەش شتێکی نهێنی نییە. یەکەمیان(١٨٩٢- ١٩٧٦) ئەدیب و شاعیرێکی سوورییایە و رۆژنامەنووسێکە کە بە ئینسکلۆپیدیاکەی (الاعلام) کە هەشت بەرك بوو ناوبانگی دەرکرد. دووەمیشیان رۆژنامەنووسێکی ناسراو و دامەزرێنەری رۆژنامەی ـ المفید ـ ە کە رۆژنامەیەکی زۆر چاك و داوا کراو بوو لە کاتی خۆیدا، و لە بنەماڵەیەکی کوردی زۆر ناسراو لە دیمەشق لەوەش زیاتر سەرسام بووم کە ناوی رۆژنامەکە ـ المفید ـ لە نێو لیستی رۆژنامە عەرەبییەکاندا کە لە فەرهەنگی (الاعلام) تۆمارکرابوو، ناوی ـالمفید ـ نەبوو پشت گوی خرابوو (ل٦٩٢ ـ لە ـ المنجد ـ چاپی ٢٧ ـ ١٩٩٨) رەنگە مامۆستا (بصری) نەیزانیبی کە دۆستمان مامۆستا (محمد بهجه الاثري) یش کورد بوو هەروەها پیاوانی بنەماڵەی (البرازیە) لە سووریا لەوانە هەر دوو سەرەك وەزیران (حسن البرازی و محسن البرازی) و هی دیکەش لە پیاوانی سیاسەت و قەڵەم کورد بوون وەك: (حسن الزعیم) و هەندێ کەسێ بنەماڵەی ـ الایوبیە ـ کە شانازی بە کورد بوونی خۆیانەوە دەکەن چونکە لە نەوەی (صلاح الدین)ن هەموو ئەمانەم لە کتێبەکەیدا نەدی.



لە حەلەب هەندێ کەسانی نەتەوەیی کوردی نەناسراو و ئەم وتارەیان لە نامیلکەیێکدا چاپ کرد و لە حەلەب و (مدیاث) و (ازخ) و (گویان)و باکووری زاخۆ، جگە لە (نصیبین) و (جزیرە ابن عمر) و شرناخ و هەموو ولایەتی موسڵ تا سلێمانی و ناوچەی دوور زێیەکە دا بڵاو کرایەوە، بەڵام لەو وتارەدا بەشی کوردی لە وڵاتی فارس باسی نەکرابوو.[٢] ئەوەی سرنج راکێشە کە هەر دوو نووسەری وتارەکە کە پێشتر هیچ جۆرە چالاکی دیاریان لە بزووتنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کوردیدا نەبووە لە سوریا و لە دوا چارەکی سەدەی نۆزدە لە دەوری میرەکانی بەدرخان کە دوور خرابوونەوە، کۆببوونەوە لە ساڵی ١٩١٩دا (الزرگلی) لاوێکی ٢٦ سالان بوو. سوریا لە کاتی بڵاو کردنەوەی وتارەکەدا بەم سنورەی ئێستا لە ژێر دەستی یەك هێزدا نەبوو. لە ساڵی ١٩١٩ بە رەسمی بە خاکی داگیر کراوی دوژمن دانرابوو و ئیدارەی سەربازی دەیبرد بەڕێوە و ئەو هێزە عەرەبیانەش کە لەوێ بوون بە رەسمی بەشێك بوون لە هێزی هاوپەیمانان و مل کەچی فەرمانەکانی فەرماندەی گشتی هاوپەیمانان ژەنراڵ (ادموند اللنبی) بوون، ئەم هێزانە بەشی ناوەوەی سوریایان داگیر کردبوو (دمشق، حلب، حمص، حماە، دیر الزور، قامشلی. ..هتد) لە کاتێکدا بەشی رۆژاوا لە لایەن هێزەکانی فەرەنساوە داگیر کرابوو وەك لوبنان کەناری دەریایی سوریا هەر هەمووی هەر لە بەندەری (صور)ەوە تا سنووری کلیکیا لە تورکیا. ئێستا جەنگێکی سیاسی نهێنی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا لە ئارادایە سەبارەت بە سووربوونی هەردووکیان بۆ داگیرکردنی ئەوەی داگیر نەکراون و دەستگرتن بە سەر بەشەکانی ناوەوەدا. فەیسەل بە هاندانی بەریتانیەکان کرا بە مەلیك و گرفتەکە گەیشتە ئەو پەری کاتێ کە فەرەنسییەکان هەڕەشەی ئەوەیان کرد هێرش بکەنە سەر دیمەشق و ناوچەکانی دیکە. لە کانوونی دووەمی ١٩١٩فەیسەل دیمەشقی بەجێهێشت و چووە پاریس بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی ئاشتبوونەوەدا ئامادە بێ بەرگری لە مافی عەرەب و شانشینەکە تازەکەی بکا. جەنگێك لە ناو خەڵکدا هەبوو کە رۆژنامە بەرپای کردبوو، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی زۆری خەڵك لایەنگری حکوومەتی نیشتمانی بوون کە فەیسەڵ سەرکردایەتی دەکرد، بەڵام فەرەنسییەکانیش بایی خۆیان لایەنگریان هەبوو کە لە ژێرەوە دەسەڵاتی فەرەنسی هانی دەدان. ئەوەی ئاگرەکەی خۆشتر کرد ئەو دژایەتیە بوو کە لە رەفتاری فەرەنسییەکاندا بەدیار کەوت دوای دەرچوونی وتەکەی ئەنگلۆ فەرەنسی لە٧/ی تەشرینی ١٩١٨. لە نێوان ئەم وتەیەو وتارەکەی ـ المفید ـ

---

(٢) سەرچاوەی پێشوو: کورد و کوردستان، ل ٨٦.

تەنها چوار مانگ بوو. تۆ بلێی ئەو وتارە هەولێکی فەرەنسییەکان نەبووبێ بۆ ئاژاوەنانەوە بۆداگیر کەری بەریتانی لە ناوچە کوردییەکەدا کە لە ژێر دەسەلآتیدا بوو بەرانبەر هەلۆێستی پشتگیری کردنی لە فەیسەل لە سووریا.[3]

بە دەر لە مەسەلەی هاونەتەوەیی کە کوردەکانی سووریا و تورکیا و ئێران بە یەکەوە دەبەستی. سووریا کە کەوتە بەر ماندات ـ انتداب ـ فەرەنسی، هیچ کۆمەڵگەیێکی کوردی پاکژ ـ خالص ـ کە لە سەر خاکێکی دیاری کراو دەژین وەك ئەو وڵاتانەی دیکەی تێدا نیە، هەروەها مەڵبەندی تەقلیدی ژیانی هۆزایەتی کوردیشی لێ نییە وەك ئەوەی لە دیاربەکر و بەتلیس و (جزیرە ابن عمر) لە تورکیا هەروەها لە سلێمانی و رەواندز و ئامێدی و شەنگار لە عیراق (اشنویە) و (اورمیە) و (کرمنشاه) لە ئێران. لە بەر ئەمە لە سووریا کەسایەتییەکی سیاسی نەتەوەیی وەك شێخ مەحموودی حەفید لە عیراق شێخ سەعید پیران لە تورکیا پەیدا نەبوو. دیارترین ئەو کەسانەی کە لە بواری نەتەوایەتیدا کاریان دەکرد لە سووریا هەر دوو برا لە بنەماڵەی بەدرخان، کە دوو میری رۆشنبیر بوون و ناتوانین بیانخەینە ریزی سەرکردە تەقلیدیە کوردییەکان کە دەسەلآتی عەشایری پشتگیریان دەکا. نووسەری ئەم دێرانە هەولێکی زۆریدا بۆ ئەوەی پێوەندییەك بدۆزێتەوە ئەم دوو بەدرخانیە ببەستێتەوە بە هەر دوو نووسەری ئەم وتارەی رۆژنامەی ـ المفید ـ یان بوونی جۆرێك لە رێکخستن ـ التنسیق ـ لە نێوانیاندا بەڵام هیچم بۆ نەدۆزرایەوە.

هەر چەندە بارودۆخی کورد لە سووریا قەت شێوازی توندوتیژی بە خۆیەوە نەدیبوو، بەڵام ناوچەکە بێ گێر و گرفت نەبوو و کۆمەڵگەی کوردیش لەو گێرو گرفتانەش بێ بەش نەبوو.

---

(٣) ولسن ـ الولاءات ـ بەرگی دووەم ل١٢٩ سەرچاوەی پێشوو پروپاگەندەی فەرەنسا لە موسڵ بووە هۆی نانەوەی دلەڕاوکی، ئەوانەی ئەوەیان کرد لەو کەسانە بوون کە"حصانە"یان هەبوو. ئیشەکەشی دوو لایەنی هەبوو یەکەم: گوتیان گۆیا فەرەنسییەکان وەك ئینگلیز نین، ئەوانە ئازادن لە بیرو بۆچووندا و ئەوان بە یەك چاو تەماشای ئایینەکان ناکەن بەڵکو لایەنگری مەسیحییەکانن و هەوڵ دەدەن رادەی کۆمەلایەتیان پێش بخەن هەر چەندە کەمایەتین. دەسەلآتیشیان زۆر زیاد دەکا ئەگەر فەرەنسیەکان هاتنە جێی ئینگلیزەکان. بۆیە باشتر وایە داوای پارێزگاری فەرەنسا بکەن.

دووەم: ئیدارەی بەریتانی جارەکیە ـ مؤقت ـ و فەرەنسییەکان هەردێن {دەڵێن مەبەست لەم ئاماژەیەی ولسن بۆ ئەوانەی "حصانە"یان هەیە هەموو مەسیحیەکان و نێردەی دۆمەنیکانی کاسولیکی — ارسالیە الدومنیکان الکاثولیکە- کە زۆربەی ئەندامانی فەرەنسیە. جگە لە ژمارەیێکی موسڵمان کە هاوڕێیان بوون} .



دیمەشق لە ٢٤/ی تەمووزی ١٩٢٠دا داگیر کرا و مانداتی — انتداب- فەرەنسی بە تەواوی دەسەلآتی خۆی سەپاند و فەیسەلی دەرکرد. بەڵام فەرەنسییەکان کێشەیان هەبوو لەگەڵ تورکەکاندا بۆیە کوردیان بەکارهێنا کە لەوە دەچێ توانیبیشیان بڕوای ئیدارەی فەرەنسی وەدەس خەن. لە شوباتی ١٩٢١ هێزەکانی فەرەنسە لەگەڵ کەمالییەکاندا بوو بە شەڕیان و هۆزی (الملی) یارمەتی فەرەنسییەکانی دابوو بەرپەرچ دانەوەی هێزێکی غەیرە نیزامی کە دەیویست (دیرالزور) و بەشی ناوەندی رووباری فورات لە دەس فەرەنسییەکان بسێنێتەوە، لە گەرمەی ئەم کێشەیە دا فەرەنسییەکان بیرۆکەی دامەزراندنی میرنشینێکی کوردی خاوەن حوکمی زاتی کە ئورفە و (راس العین) ماردین و(نصیبین) و (جزیرە ابن عمر) بگرێتە خۆی و (ابراهیم پاشا الملی) بیبابەرێوە بلاو دەکردەوە، بەڵام دواتر لەگەڵ تورکەکاندا هەموو کێشەکانی خۆیان چارەسەرکرد و وازیان لەو بیرۆکەیە هێنا. ئەم رێکەوتنەی تورکیا و فەرەنسا بە رێکەوتننامەی (فرانکلین — بویون) کۆتایی هات لە ١٢/ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١، بە پێی ئەو رێکەوتنە فەرەنسییەکان رازی بوون لە کلیکیا و شوێنەکانی دیکە کە تورکیا بە هی خۆی دەزانی بکشێنەوە، هەروەها بەڵێنیشیاندا کە(سنجق ـ متصرفیە-) ئەسکەندەرۆنە بگەڕێننەوە بۆ تورکیا، بەڵام ئەو رێکەوتنە باسی ناوچەکانی سنووری باکووری رۆژهەلآتی تێدا نەبوو بە تایبەتی پارێزگای ـ الجزیرە- کە گەورەترین ژمارەی کوردی لێیە لە سووریا.

لەبەر ئەم هۆیانە و گەلێکی دیکەش کە ئێرە جێی باسکردنیان نییە کوردە نەتەوەییە پەنابەرەکانی لە سوریا شوێنێکی سەلامەتیان دۆزییەوە و دەسەلآتی فەرەنسی بایەخی پێدەدان و هیچ بەربەستێکی لە سەر چالاکی نیشتیمانی ئەوان دانەدەنا و رێگەی پێدان ئازادانە مەڵبەندی رۆشنبیری دابمەزرێنن لە دیمەشق و لە بەیروت.

دیمەشق بە شێوەیەکی ئاسایی مەڵبەندی پەنابەرە کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان بوو و زۆریان لە شارەکەدا نیشتەجێ بوون چونکە ئەو شارە لە رووی فکرەوە پەیوەست بوو بە مەزنترین کەسایەتی کوردەوە لە هەموو کات و شوێندا، کەسایەتی سوڵتان (صلاح الدین ابن یوسف ایوبی) کە گۆڕەکەشی هەر لەوێیە. هەروەها ئەم مەیلە زیاتر بەهێز بوو لەبەر ئەوەی مەولانا خالید کە مەزنترین سۆفی کورد و دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشیە لە کوردستان هەر لەو شارەدا وانەی دەگوتەوە و ئیرشادی خەڵکی دەکرد و هەر لەوێش ژنی هێناو مرد و نێژراش. ئەم پەنابەرانە کە زۆربەیان کوردی تورکیا بوون بەردەوام بوون لە چالاکی بلاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لە بەشی رۆژهەلآتی سووریا کە ژمارەیەکی زۆری کوردی لێیە،

ڕووداوەکانی پاش جەنگیش زۆر یارمەتیی دان بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانیان و لە سەرو هەمووشیانەوە سڕینەوەی شوێنەواری خۆبەستنەوە بە تورکیاوە کە بەتەواوی دوای شۆڕشی ١٩٢٥ بە سەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشەکانی دوای ئەویش، لە ناو چوو نەما.[٤]

لە باشووری کوردستان، تورکەکان لەو کاتە کە ولایەتیان بە جێ هێشت دەیانویست بە هەر ڕێگایەك بێت وەری بگرنەوە، بۆ ئەم مەبەستە هۆزە کوردەکان و سەرکردەکانیان بە کارهێنا لەو ناوچانەی دەکەونە باکووری هێڵی بروکسل، هەروەها هەوڵیشیان دا هۆزەکانی باشووری ئەو هێڵەش بە لای خۆیاندا ڕاکێشن کە لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادابوون.

لە بەهاری ١٩١٩دا پڕۆپاگەندەیەکی زۆر بەهێز و فراوان دژی بەریتانییەکان و مەسیحییەکان دەستیپێکرد بە تایبەتی لەو ناوچانەی ولایەتی موسڵ کە نزیکن لە مەڵبەندی وروژاندن و هاندان لە (شرناخ) (جزیره ابن عمر)لەو پروپاگەندانەدا بەریتانیایان وەك کافر لە قەڵەم دەدا کە دەیانەوێ دەسەڵاتێکی زوڵم و زۆرداری بێگانە بە سەر کوردە موسڵمانەکاندا بسەپێنن تاکو بیانکەن بە کۆیلە و بەکاریان بێنن بۆ مەبەستەکە خۆپەرەستانەکەی خۆیان و بەرژەوەندی مەسیحییەکانی ناوچەکە کە برای ئایینیانن. پڕۆپاگەندە پەنای دەبردە بەر وروژاندنی ئایینی. کە لاوازترین خاڵە لەقەڵغانی کوردیدا.

ئەو گرژیە گەیشتە ئەو پەڕی لەناوچە سنوریەکانی بەری هەردوو لا و کۆمەڵگە مەسیحیەکان کەوتنە بەر مەترسییەکی گەورەوە بەتایبەتی لە (جزیره ابن عمر) و لە زاخۆ.

ڕاپۆرتی بەریتانییەکان دانی بەوەدانا کە ئیدارەی ولایەتی موسڵ لەباروددۆخێکی نا لەباردا دامەزرا. کوردەکان کە لەگەڵ شێوازی عوسمانیدا چەند سەدەییێك بوو ڕاهاتبوون، ئامادە نەبوون بەگوێرەی شێوازی بەریتانی خۆیان ڕابێنن و نەشیاندەتوانی وابکەن. بەڵام کۆمەڵێ یادگاری تاڵ و بەڵگەی بێ بەر پەرچ دانەوە یان لەلابوو سەبارەت بەو زوڵمەی تورکەکان لێیان کردبون و ئەو وێرانکاریەی بەسەریاندا هاتبوو کە زۆر جار وادەهاتە پێش چاو نەیاندەتوانی ڕایگرن، هەندێ جاریش نەیاندەویست.

---

(٤) گرنگترین چالاکی پەنابەرە کوردەکانی سووریا دامەزراندنی کۆمەڵەی (خۆیبوون) بوو لە ساڵی ١٩٢٧. لە ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە گەیاندنی کێشەی کورد بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەڕێوەبردنی چالاکی نەتەوەیی دژی تورك. کارو چالاکی ئەم کۆمەڵەیە لە کوردستاندا لەم کتێبەماندا جێگەی ـ باس نییە. سەبارەت مەولانا خالید بگەڕێرەوە بۆ کتێبەکەمان "دوو توێژینەوە لە پەراوێزەکەی شۆڕشەکەی شێخ عەبدوڵڵای نەهری" چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠١، ل١٣٤ـ ١٢٦.



لە ١٩/ی ئازاری ١٩١٩ بەریتانییەکان نامەیەکیان گرت کە (عبدالرحمان أغا شرناخ) کە سەرکردەییێکی گەورەو خاوەن دەسەڵات بەسەر فیدراسیۆنێکی عەشایری فراواندا، ناردبوی بۆ ئەو سەرەك هۆزانەی دەکەوتنە ئەو بەشەی کە لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکاندا بوو. تیایدا هانی دەدان بێگانەکان دەربکەن و خۆی وەك سەرکردەیەکی بزوتنەوەیەکی کوردی ناساند کە تورکەکان دانیان پێدا ناوە و پالپشتیی دەکەن. هەروەها کەسایەتییە کوردیەکان و دەزگا نیشتمانییەکان لەئەستەنبول و قاهیرە و پاریس پشتگیریی دەکەن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا[٥] لەو سەردەمەدا ڕاپۆرتە ئیداریەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئەفسەرانی تورك سەردانی هەرێمی شەمدینانیان کردووە بۆ ئەوەی سەرکردە ناوخۆییەکان قەناعەت پێ بکەن بچنەپاڵ ئەو بزوتنەوەیە بەڵام زۆر بەساردی و پشت تێکردن پێشوازییان لێکرا جگە لە هۆزی (الگویان) کە چونە پاڵ بزوتنەوەکە شوێنی نیشتەجێی ئەم هۆزە ناوچەییێکی شاخاویی زۆر سەخت بوو، لەباکوری زاخۆ و مێژووییێکی دەولەمەندی ئەزیەتدانی مەسیحیەکانیان هەیە لەدانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەر. سەرکردەکانی ئەم هۆزە قەناعەتیان پێ هێنرا کە دژی دەسەڵاتی بەریتانی بوەستن ئەو کاتەش(النقیب پیرسن) یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لەزاخۆ بوو بێ ماندوبوون هەوڵی دەدا سنورێك بۆ دەستدرێژیەکانی ئەم هۆزە دابنێ، نامەیەکی لەسەرکردەکانیانەوە بۆ هات کە ئارەزوی ڕێکەوتنیان هەیە، ئەویش چوو بۆ دیدەنیان لەگەڵ یەکێکی گۆیانی کەوەك ڕێناس (دلیل) لەگەڵی هاتبوو و لەرێگەدا کەوتە بۆ سەییێکەوە کە ئەوان بۆیان دانابوو تیایدا لە ٤/ی نیسانی ١٩١٩ کوژرا. سەرچاوە بەریتانییەکان گومانیان لەوەنییەکە کوشتنەکەی لەلایەن ئەوەی لەگەڵی بوو وەك(ڕێناس- دلیل) نەخشەی بۆ دانرابو هەر بەهاوبەشیی (مشارکە) ئەویش کوژرا.[٦]

ئەم کارە گورزێکی بەهێزبوو کەبەر هەیبەتی دەسەڵاتی داگیرکەرکەوت، هەروەها کارێکی ئەنقەستیش بوو بۆ کەم کردنەوەی هەیبەت و ناویان. (لیچمن) وای بەباش زانی کە تۆڵەکە بەهەمان شێوازی تورکان بێ کاتێ شتێکی لەو بابەتە دوچاری فەرمانبەرێکی تورك دەبێ باسی نەخشەییێك کرا بۆ هێرش بردن بەڵام لەدوییدا وازیان لێ هێنا چونکە دەبایە هێڵی (بروکسل)ی سنووری ببەزێنرێ. لە کۆتاییدا وا یان بەباش زانی کە بوردومان کردن باشترین چارەسەرە.

---

(٥) (ج-ر-درایڤر) کوردستان و کورد G-R-Driver Kurdistan and The Kurdلەندەن. کارمل ١٩١٩ ل٨٩
(٦) ولسن: (الولارات) ل١٤٧ بەرگی ٢ سەرچاوەی پێشوو.

لەوەش دەچێ ئەو گورزەی بەرگۆ یان کەوت زۆر کاریگەر بوو بۆیە یەکسەر پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ تورکان راگرت و هەندێ لەسەرکردەکانیان هەوڵی ئەوەیان دا دۆستایەتییەك لەگەڵ بەریتانییەکان دابمەزرێنن، تاوای لێهات بەتەواوی هەندێ لەسەرکردەکانی شرناخ دایانە پاڵ بەریتانییەکان بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی بزوتنەوەی کەمالیزم لە باشوور و جیابوونەوەی لەحکوومەتی ئەستەنبول[٧] کەسەرەرای ئەوە خۆیان هەر بە مل کەچی دادەنا و لەژێر فەرمانیدا بوون.

---

(٧) بەڵگە نامەیێکی بەریتانی ئاماژە بەم جۆرە پەیوەندیە دەکا و ئەمەش دەقەکەیەتی فایلی ژمارە (٦١) Fo. 371- 5069-E-10033 لەسلێمان ئاغای تەتەر ئاغا- سەرۆکی (أشنات شرناخ) بۆ ئەفسەری سیاسی لەمووسڵ.

ئەم نامەیە لەگەڵ نێردەی خۆم عەبدولکەریمی بەتلیسی رەوانە دەکەم کە فەرمانبەری تایبەتی خۆمە و جێی بڕوای تەواومە و قسەی ئەویش قسەی منە.

مستەفا کەمال کوردستان و ویلایەتەکانی ئەنەدۆلی لە حکومەتی ئەستەنبول جیاکردوەتەوە و بەپێ نەخشەی لیژنەی (الاتحاد) حکوومەتێکی جارەکی- مۆقت-ی‌لە ئەنقەرە دامەزراندوە. زۆر زەحمەتە بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستان بتوانین لەگەڵ ئەم چەتە (عصابە) بێ نرخ و بێزراوە کە خیانەتی لە حکوومەتی عوسمانی کرد، بژین. لەبەر ئەوەی فەرماندەیێك نییە بتوانێ هەموو کوردستان یەکبخا لەژێر فەرماندە و دەسەڵاتی خۆیدا و ئەم (فتنە) پیلانگێرە لەناو بەرێ، کە دەسەڵاتی بەرێوەبردن و فەرماندەیی سەربازی یان گرتوەتە دەست خۆیان و ئێمە وەك مەڕ و ئاژەڵ لێدەخوڕن و تەماشادەکەن.

بۆئەوەی لێیان رزگاربین و لایان ببەین دەبێ هەموو گەلی کورد یەك بگرێ بۆ هێنانەدیی سەربەخۆیی و حوکمی زاتی لەژێر چاودێری و پارێزگاری بەریتانیای مەزندا بۆیە هەندێ سەرکردە لەبنەماڵەی بەدرخان کە بەناونگترین بنەماڵەن لە کوردستانداو ئێستا لە (قسطنطنیە) دادەنیشن، دەبێ بهێنرێنە موسڵ و زاخۆ.

مستەفا کەمال پاشا حکوومەتێکی لە ئەنقەرە دامەزراندوە و هانی عەشیرەکانمان دەدا تاکو دژی حکوومەتی بەریتانی هەڵسن و بەقسەو پروپاگەندە فشار یان دەخاتە سەر من بەپێچەوانەی ئەوە بەشەرەفم سوێند دەخۆم کە ئەوەی‌لەتوانامدا بێ بیکەم بۆ ئەوەی ئەم هاندەرانە (المحرضین) سەرنەکەون لە هەوڵەکەیاندا و هەموو بەڵێن و پەیمانێکیش دەدەم بۆ ئەوەی ئاشتی بپارێزم لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیدا. هەڵگری نامە عەبدولکەریم ئەوەی پێویستە پێتانی رادەگەیێنێ و تکاش دەکەم ئاگاتان لێی بێو بایەخی بدەنێ.

ئیمزا

"محترما" (سلێمان ئاغا)



تەقینەوەی دووەم دژی بەریتانییەکان لە ئامیدیەوە بوو، لێرەدا پروپاگەندەی تورکان هەمان رێرەوی شێوازی زاخۆی گرتبووەبەر.

(گرتردبل) لەیەکێ لەراپۆرتەکانیدا دەڵێ: هێزەکانی بەریتانیا لە کانوونی دووەمی **١٩١٩** دا گەیشتنە ئامێدی و یەکەیێکی — وحدە- سەربازییان نارد تاکو لە دووری شەش کیلۆمەتر لە شارەوە سەربازگەدابنێ، هۆی ئەم بزاڤەش ئاسانکاری کردن بوو بۆ گەڕانەوەی پەنابەرە ئاشوورییەکان بۆ نزیکترین خاڵی شوێنی نیشتەجێ بوونی پێشوویان، پاشان یاریدەدەری ئەفسەری سیاسیش بۆ بەرێوەبردنی ناوچەکە دانرا، ئەویش بارەگاکەی لەشاردا دانا. لە حوزەیرانی **١٩١٩** سەرکردایەتی بەریتانی بڕیاری دا ئەو یەکەیە بکێشێتەوە دەربەندی سوارە توکە کە نزیکەی بیست و پێنج کیلۆمەتر بەرەو رۆژاوا دوور بوو. ئەم کارە کارێکی زۆر نەفامانە بوو و کێشەوگرفتی زۆر گەورەی لێ کەوتەوە، چونکە (النقیب ویللی Willey) لەگەڵ (ملازم ماکەونالد) و (العریف تروپ) کە هەردووکیان سەربە فەرماندەیی لیڤی بوون، لەگەڵ دوو کرێکاری هیندی سەرتەلگراف ئەمانە یان لەو شارەدا بەبێ پارێزگاری بەجێهێشتن. سەرۆکی هۆزە کوردیەکان، بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی راهاتبوون لەگەڵ لاوازیی حوکمی تورکی و جۆرێك لەهەڵسوکەوت لەفەرمانبەرەکانیدا، لەم شێوازە نوێیەی فەرمانرەوایەتیی دەسەڵاتی تازە زۆر پەست و بێزار بوون جگە لەمەسەلەی جیاوازیی ئایین و رەوشت، پێدەچێ بۆ ماوەیێك سەبریان گرتبێ لەگەڵ ئەو حوکمەدا، چونکە ئەوان سوور بوون لەسەر وەرگرتنی باج و تەئکید کردنی دەسەڵاتی داگیرکەری نوێ، ئەمەش مانای سنووردانانە بۆ دەسەڵاتی سەرەك هۆز، ئەمانە ئەفسەرو فەرمانبەری چالاك و دوورن لەبەرتیل وەرگرتن و واسیتە قبوول کردن، بەڵام بێ تامیشن لەمەسەلەی تەئکیدکردنی دەسەڵاتی خۆیان و سەپاندنی فەرمانەکانیان و چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانانە تا جێبەجێ دەکرێ، کەچی سەرەك هۆزەکان لەسەردەمی تورکدا کەس دەستی وەرنەدەدایە کاروباری ناوچەکانیان، مەگەر لەهەندێ باروو

---

لەم نامەیەدا هەستێکی نەتەوەیی روون بەدیار دەکەوێ ئەمەش شتێکی چاوەڕوان نەکراوە لەسەرەك هۆزێکی نەخوێندەوار، جگە لەداخوازی سیاسی کە وەك ئەو داخوازیانە وایە کە نەتەوەییە دیارەکانی ئەستەنبول هەوڵیان بۆ دەدا.

ئەمەش ئەوە بەروونی دەردەخا کەهۆشیاری نەتەوەیی توانیبووی رێی خۆی ببڕێ و بگاتە ناوچە سنوریە کوردیە کان، یانیش دەبێ نووسەری ئەم نامەیە هەمان ئەو کەسەنەبێ کە ئیمزای کردوە.

دۆخی زۆر دەگمەن و (استثنائی) دا، کە یەکێ لەوالیەکان وای بەباش دەزانێ دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ، یان فەرمانێکی توندی (باب العالی) جێبەجێ بکا، وەك ئەوەی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا روویدا کاتی ئەستەنبول بڕیاری دا میرنشینە کوردیەکان نەهێڵێ یان دەسەلات و (نفوز)ی شێخەکانی بەرزان لەناو بەرێ.

وارێکەوت کە (کاپتن ویللی) تووشی کێشەیێ ببێ لەگەڵ هەندێ کەسی خاوەن دەسەڵاتی شاردا، ئەو کێشەیە لەتۆڵەیێکی کۆنەوە ئاگری گرت کە لە نێوان دوو بنەماڵەی دیاری شارەکەداهەبوو.

(النقیب)ی بەریتانی وای بە باش زانێ کەکێشەکە چارەسەر بکا چونکە بە بۆچوونی ئەو هەڕەشە لەسەقامگیری و ئاسایشی شارە دەکا. دەڵێن فەرمانی دا چەکی هەردوولا دامالرێ و کەفالەتی پارە لەهەردوو وەربگرێ کە ئیشی خراپ نەکەن، بەلاَم هەردوولای کردە دوژمنی خۆی. جگە لەمەش هۆییێکی دیکە هەبوو بۆ دوژمنایەتی کردنی ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەسەلاَتی نوێ هێزێکی کوردیی لە (لێڤی) پێکهێنا ئەمەش مانای ئەوەبوو کە جیاوازیی دروست ببێ لەنێوان ئەو سەربازەو سەرەك هۆزەکەی. هۆییێکی دیکەی لەمەش گرنگتر ئەوەبوو کە دەسەلاَت دەستی کرد بە پارە (سلفە) دان بە کەشتیارە بچووکەکان —صغار المزارعین- جا نەختینە- نقد- بێ یان تۆو، ئەمەش راستەوخۆ لەنێوان دەسەلاَت و کەشتیارەکاندا بەڕێوە چوو بەپێچەوانەی شێوازە کۆنەکەی سەردەمی عوسمانی کە ئەوئیشەی دەکرد بەلاَم لەرێی سەرکردە و ئاغاکانەوە و بەئاگاداری ئەوانیش. جگەلەمانەش گێڕانەوەی ئاشوورییەکان بۆ گوندە تالاَن کراوەکانیان.

"لێڤی" سەرچاوەی هەموو دەردێك بوو، چونکە دامەزراندنی دەزگای ئاسایشی کوردیی رەسمی پابەندبوون بە هۆزەوە لاواز دەکاو بە پابەندبوون بە حکومەتەوەی دەگۆڕێتەوە جگەلەوەی لەژمارەی پیاوەکانیان کەم دەکاتەوە، مەبەستی سەرەکیش لەدروست کردنی (لێڤی) چەسپاندنی دەسەلاَتی حکومەت و بلاَوکردنەوەی نیزام و سەروەریی یاسا بوو ئەمەش مانای وایە لەناوبردنی سەربەستی ئاغاکان لە هێرش بردن و دزی و جەردەیی و تالاَنی.

کوردەکان بەشێوەییێکی ئاسایی وەکو زۆربەی رۆژهەلاَتییەکان لەباج دان دەسلەمینەوە و لێی بێزاربوون، هۆی راستەقینەی ئەمەش ئەوەیە کە حکومەتە یەك لەدوایەکەکان بەزەبرو زەنگ و باجی قورسیان لەسەریان دادەنا بێ ئەوەی گوێ بدەنە توانای دارایی ئەوکەسەی باجەکەی لەسەر دادەنرێ، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار باج وەرگرتن توندونیژی و کاری وای



لەگەڵدا دەکرا رەوشتی باش پێی قبوولّ نە دەکرا[٨] هەروەها ئەو قەرزە کشتوکاڵیەی السلف الزراعیە- یەکسەر دەدرا بە جوتیارەکان دەبوە هۆی ئەوەی ئاغا و سەرەك هۆزەکان دەسەلاَتیان بەسەر رەعیەتدا نەمێنی، عادەتیش وابوو کە ئاغا و شێخ قسەیان بیستراوبێ ورەت نەکرێتەوە. لەسەردەمی عوسمانیدا لەرێی یەکێك لەم دووانە وە حکوومەت پەیوەندیی بەخەڵکەکەوە دەکرد قەتیش رووی نەدابو کە یەکسەر وا راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ جوتیار یان شوان یان کەسانی هۆزەکان بکرێ. مەسەلەی گێڕانەوەی پەنابەرەکان ترس و گومانی لای کوردی ئامێدی دروست کرد، چونکە تۆڵە و دوژمنایەتیی کۆن هەبوو لەنێوان ئەوان و ئاشوورییەکانی ناوچەکەدا، بۆیە واتێگەیشتنبوون کە مەبەستی ئیدارەی نوێی لە گێڕانەوە یان ئەوەیە کە بە پارێزگاری بەریتانییەکان رێیان پێ بدرێ تۆڵەی خۆیان بکەنەوە.

پروپاگەندەی تورکانیش رۆلی خۆی بینی لەبلاَوکردنەوەی قسەیێك گوایا رێکەوتنێك لەنێوان ئەرمەن و ئاشوورییەکاندا مۆرکراوە بۆ مل کەچ پێ کردنی کوردان، ئەم قسە و پروپاگەندانە زەمینەی ئەوەیان خۆش کرد کە ڕاپەرینێکی خۆیناوی لەلایەن ئاغاو شێخەکانەوە رێکبخرێ. ئەوان بەنهێنی کۆبونەوەێکیان کرد و بریار یان دا کە تەنها رێگا توندوتیژیە. لەم کۆبونەوەیەدا زۆربەی پیاوە ناسراوەکانی ئامێدی و دەوروبەری ئامادەبوون و لەشەوی ١٤/ی تەمموزی ١٩١٩ دا چەند کەسێ سەرکەوتنە سەردیواری ماڵی (النقیب ویللی) و خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون

(٨) (صدیق الدملوجی "إمارە بهدینان: چاپی ١٩٩٩/٢/ل٤٥-٤٦). دەگێڕنەوە کە فەرمانبەرانی باج لەبادینان کچی منداڵیان لەبری باج دەسەن لەو کەسانەی نەیانبوو باج بدەن و ئەو کچانەشیان دەدابەو فەرمانبەرە حکوومەتیانەی کە مووچەکانیان دواکەوتبوو بۆ چەند مانگی لەبری موچەکانیان. (کەسانی- الضبطیة- ئەوانەی یاجیان نەداوە بەباڵ بەستراوی دەیانهێنان و کچەکانیشیان بەدوای خۆیانەوە رادەکێشا. پرسیارم لێکردن " لێرەدا نوسەر کە ساڵی ١٩٠٥ سەردانی ناوچەی رێکانیەکانی کردبوو، دەپرسێ" بۆ چی ئەم کچانە یان لەگەڵ خۆیان هێناوە؟ لە وەڵامدا گوتیان هێناوە یانن بۆ ئەوەی لەبری باج بیاندەن بە حکوومەت، تیایاندا هەبوو تەمەنی هەشت ساڵ بوو هەشبوو سێ یان چوار ساڵان بوو، رەنگە بەگوێرەی تەمەن و جوانیشیان نرخەکەکانیان دیاری بکرێ. من کە تازە ئەرکی باج کۆکردنەوەم پێ سپێردرابوو ئەم هەواڵە رایچڵەکاندم و گوتم چۆنە شتی وا روودەدا؟ ئەفسەری- الدرك-ەکە وەڵامی دامەوە و گوتی : عادەت وایە لێرە ئەگەر یەکێ نەتوانێ ئەو باجەی لەسەریەتی بیدا بەحکوومەت، لەبری ئەوە کچەکەی کە ناتوانێ بەخێوی بکا، دەدا. گوتم ئەمە چۆن روویدا؟ گوتی: کە —صائب بگ- پێش چەند ساڵێ بوو بە قائیقام لێرە کچی لەبری باج وەردەگرت.
گوتم ئەی چیی لێدەکردن؟ گوتی دەیانیدا بەفەرمانبەرەکان لەبری موچەکانیان من بۆ خۆشم کچێکم وەرگرت.

هەموویان کوشتن هەروەها چەند پاسەوانێکی (لیڤی) کەویستیان ڕێیان لێ بگرن ئەوانیشیان کوشت و دوای ئەوە شۆڕشێکی گەورە لە ناوچەکەدا تەقیەوە. کاردانەوەکە زۆر بەپەلە و بەهێزبوو حەملەیێکی بەرپەرچدانەوەی بەهێز لەفیرقەی هەژدە پێکهات کە بارەگاکەی لەموسڵ بوو. (لواء) یێك لەو هێزە بەفەرماندەیی (الجنرال نایتنگیل) لەسوارەتوکە دانرا و (لواء) یێکی دیکە بە فەرماندەیی (الجنرال وولدریچ) نێردرایە زاخۆ. (الجنرال کاسل) یش کە ناوبانگێکی باشی لەجەنگی عیراقدا پەیدا کردبوو بوو بەفەرماندەی گشتی هێزەکە. ئەو ڕێنماییانەی پێی درابوو ئەوەبوو کە دەبێ ناوچەکە ڕامالێ و شۆڕشگێڕان سزابدا و دەسەڵات بگەڕێنێتەوە ئەو ناوچانە. ئەو هێزە دەچووە هەر گوندێك چەکەکانی کۆ دەکردەوە ئاغا کانی دەگرت.

هێزی یەکەم لەدۆڵەکانی نزیك شار کەوتە شەڕەوەو زیانێکی گەورەی بە شۆڕشگێڕان گەیاند و هەندێ لە ئاغاکانی ئامێدی کە دەستیان هەبوو لەتاوانەکەدا گیران و لەسێدارەدران. (سر عمادیە) یان ڕامالێ و سزای توندی هۆزی بەرواریییاندا کە زۆر بەحەماسەوە بەشداریی شۆڕشی ئامێدییان کردبوو. هێزەکانی بەریتانیا لە هەشتی ئابدا چووە ناوشار و چەن کەسێکیان گرت کە لە ڕاپۆرتەکانی بەریتانییەکاندا بە (تاوانباری پلە دوو) یان دانابوون. ئەم سەرکەوتنە بەئاسانی نەهاتەدەس چونکە کوردەکان زۆر ئازایانە شەڕیان کرد وەك (بل) و (ولسن) دەیانگوت. دوای ئەوە و لەکۆتایی مانگی ئابدا ئیدارەی بەریتانی دەستی کرد بە سزادانی ئەو هۆزانەی ڕۆژاوای خابور بەتایبەتی هۆزی (الگلی) کە بەشدارییان کرد لەشۆڕشی ئامێدی. لەگەڵ مانگی ئەیلولدا کە هێشتا کردەوە سەربازیەکان بەردەوام بوون لەناوچەکەدا، زۆربەی سەرەك هۆزەکانی ئامێدی و ئاغاکانی دووبارە مل کەچی ئیدارەکرانەوە.

لە کاتی کردەوە سەربازیەکان لە ناوچەی ئامێدی هۆزەکانی (گویان) هەلەکەیان قۆستەوە و هێرشیان کردە سەر گوندەکانی ناوچەی (الگلی) بۆیە فەرماندەی سوپا بڕیاری دا کردەوە سەربازیەکەیان فراوان بکەن بۆ ئەوەی ناوچەی (الگوبان) یش بگرێتەوە، ئەوە بوو (لواء) کەی جەنەرال (نایتنگل) یان ڕەوانە کردە ئەوێ بۆ بەهێزکردنی ئەو هێزەی لەوێ بوو، ئەویش گوندەکانی ناوچەکەی ڕامالێ و هەندێکی لێ سووتاندن.

ئەم تەقینەوەیە گەیشتە ئاکرێ یش کە گەورەترین شارۆچکەیە لەناوچەکەدا. بەریتانییەکان تووشی هەمان کێشە بوون کە عوسمانییەکان تووشی هاتبوون. لەو ناوچەیەدا دوو لایەن هەبوون کە ململانێ و ناکوکییان لە نێواندا بوو ئاغاکانی زێبارو شێخەکانی بەرزان. ئیدارەی بەریتانی کورت بینانە بڕیاری دا بێ لایەن بێ لە نێوان هەردووکیاندا ئەمەش هەڵەیێکی گەورە بوو کە لەدواییدا بەریتانییەکان دانیان پێدانا.



کە بەریتانییەکان ناوچەی مووسڵ یان گرت و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوە و جێگیر کردنی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچە کوردیەکاندا هەندێ دەستکاریی دابەشکردنە ئیداریەکەی سەردەمی عوسمانی یان کرد لە قەزاو ناحیەکاندا و (بارزان) یان بەستەوە بە ئاکرێ ئەمەش رقی شێخ ئەحمەدی هەڵساند، چونکە شارۆچکەی ئاکرێ قەڵای زیبارییەکان و مەڵبەندی دەسەڵاتیان بوو، بۆیە شێخ ئەحمەد بە (جدی) بیری لەوە کردەوە کە هۆزەکەی بگوازێتەوە ناوچەی ڕەواندز، لەگەڵ ئیدارەدا باسی ئەوەی کرد بەڵام وەك (ولسن)[9] دەڵێ وەڵامی باشی دەس نەکەوت. بۆ ئەوەی هیچ شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوونەدا زێبارییان لە پەڕینەوەی زێی گەورە بەرەو ناوچەی بارزان قەدەغە کرد. هیچ کام لەو دوولایەنە لە سیاسەتی ڕاگرتنی پارسەنگ — **حفظ التوازن**- ڕازی نەبوون و هەردوولاشیان لەئیدارە داخ لە دڵ بوون و تورکەکانیش ئەو هەڵوێستەیان بۆ خۆیان بەکار هێناو دەستیان کرد بە هەوڵ دان بۆ لێك نزیك کردنەوەی شێخ ئەحمەد و فارس ئاغا بۆ ئەوەی ئاشتیان بکەنەوە[10]، بەردەوامیش بوون لە پروپاگەندەکردن و هەوڵ دان بۆ ئەوەی ویلایەتی مووسڵ لەدەس بەریتانییەکان دەربکەن. لە زستانی **١٩١٩** ڕاپۆرتەکان پڕ بوون لە پروپاگەندەی ئەوەی گویا سوپای تورکی هێرشێکی بە دەستەوەیە بۆ هێنانە دیی ئەم ئامانجە و ئەنوەر پاشاش[11] لە (وان) گەڕاوەتەوە و سوپاییێکی زۆری لەگەڵ خۆی هێناوە لەسەربازی تورك و ڕوسە ڕاکردووەکان و پەیوەندیشی هەیە لەگەڵ (ستو اغا الاورماری) و سەرکردەکانی بەرواریەکان و هی دیکەش لەوانەی دژی بەریتانیان. هەروەها لەسوریاوە هاتبونە کوردستان بۆ ئەوەی هەستی ئایینی لای هۆزەکانی کورد بورو ژێنن و باسی پێویستیی دروست بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامییان دەکرد، ئەمەش هەندێ لەو هۆزە کوردیانەی تینووی ئەو ئازادییە بوون کە لە سەردەمی عوسمانیدا هەیانبوو و ئێستا لە دەستیان چووە، هاندا بچن بەپیر ئەو بانگەشەیەوە، چونکە حوکمێك لە دیمەشقی دوور لەوانەوە، ئازادیی هەڵسوکەوتیان بۆ دابین

(٩) (الولاءات) سەرچاوەی پێشوو ل١٤٨

(١٠) -الولاءات- سەرچاوەی پێشوو. " گیرترودیل نفریرالادارە" ٦٧. سەرچاوەی پێشوو

(١١) لەدووی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ هەرسێ کەسی گەورەی حوکمی (اتحاد)یەکان (طلعت و احمد جمال و انور) ڕایاننکردە ئەڵمانیا.( الصدر الاعظم- سەرەك وەزیران) سەعید حەلیم داوای کرد تەسلیمیان بکەنەوە چونکە تاوانباری جەنگن. بەڵام ئەڵمانیا خەریك بوو دەڕوخا و حکومەتەکەشی ئیفلیج بوو بوو، ڕاکردووەکان خۆیان شاردەوە پاشان ئەنوەر لە تورکستانی روسی بەدیار کەوت.

دەکا وەك ئەوەی لە سەردەمی عوسمانیدا هەیانبوو. ئەم بانگەشەیە وای لە هەندێ لە ئاغاکان کرد کە زیاتر هەست بەوە بکەن کە لە دەستیان چووە.

لە تشرینی یەکەمی ١٩١٩ (العقید لیچمن) ئەرکێکی تایبەتیی پێ سپێردرا لە باشووری عێراق و (ج.هـ.هـ. بل J.H.H.Bill) لە ئیدارەی هیندیەوە جێی ئەوی گرتەوە وەك ئەفسەری سیاسی. ئەمیش هەرکە ئیدارەی گرتە دەست یەکسەر دەستی کرد بە سوڕانەوە لە ناوچەی زێباردا بۆ ئەوەی گیروگرفتی ناوچەکە بزانێ، لەکاتی گەشتەکەیدا (غرامە)ی خستە سەر هەریەك لە فارس ئاغا و بابەکر ئاغا چونکە پیاوەکانیان تەقەیان لەو (لیڤی) یەکردبوو کە لەگەڵیدا بوو، فارس ئاغاش هانای برد بۆ شێخ ئەحمەد چونکە لەوکاتەدا (ئاغاکانی زێبارو شێخەکانی بەرزان) بە هۆی تورکەوە رێك کەوتبوون و ئاشت ببونەوە. شێخ ئەحمەد چەند کەسێکی لە پیاوەکانی رەوانە کرد. (ولسن)[12] دەڵێ: نزیکەی سەد چەکدار بەفەرماندەیی بابەکر ئاغا و فارس ئاغا بۆسەیەکیان بۆ بەرێز (بل) لە نزیك گوندی (بیرە کپرە) کە گوندی بابەکر ئاغا بوو، دانا و ئەفسەرە سیاسیەکە و (النقیب سکوت) کە لەگەڵیدا بوو و لەگەڵ دووپاسەوان، ئەمانەیان هەموو کوشت، دوو پاسەوانەکەی دیکەش چوونە پاڵ هێرشبەران چونکە لە هەمان هۆز بوون.

زێباریەکان و بارزانییەکان چوونە ئاکرێ، بەڵام بارزانییەکان رەفتاری توندوتیژیی زێبارییەکانیان پێ ناخۆش بوو کاتێ دەستیان کرد بەدزی و تاڵانی و دەس درێژی کردنە سەر خەڵك، بۆیە لێیان جیابوونەوەو گەڕانەوە بارزان.

لە ٩/ی تشرینی یەکەم هێزێکی (لیڤی) ی کورد بەفەرماندەیی (النقیب کیرك Kirk) یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە باتاس (رواندز) چوونە ناوشار و خەڵکەکە زۆر بە خۆشیەوە پێشوازییان لێکردن. ئەم هێزە هیچ بەرهەڵستیەکی نەهاتە پێش، بەڵکو بەپێچەوانەوە خەڵکەکە ئاڵای سپی یان هەڵکردبوو بۆ پێشوازی کردنی هێزەکە وەك بەڵگەیێك بۆ نیاز باشی خەڵك. ئەو هێزە ماڵەکانی ئاغاکانی زێباریان سوتاند، پاشان لەزێ پەڕینەوە بۆ ئەوەی بارزانییەکانیش سزابدەن و فارس ئاغا و بابەکر ئاغا و شێخ ئەحمەد پەنایان بردە بەر شاخەکان.

ئەم کارە لەگەڵ ویستی خەڵکەکەدا نە دەگونجا، ئەمە جگە لەوەی کوشتنی ئەو ئەفسەرە کارێکی پێش وەخت نەخشە بۆ دانراونەبوو، بەڵکو کارێك بو لەساتەوەختی خۆیدا روویدا وەك

(١٢) (الولاءات) سەرچاوەی پێشوو. بەرگی ٢، ل١٥



کاردانەوەیێکی شەخسی بۆ کردەوەیێك کە بە "إهانە" دانرا. پاشان بەریتانییەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەفسەرە سیاسیەکە پەلەی کردبوو لە سەپاندنی سزاکەدا. ئەمەش کۆتایی کێشەکە نەبوو لەم بەشەی ویلایەتی مووسڵدا، کۆتاییەکەشی ئەوەبوو کە لە ناوچەی هەولێر روویدا یان (بەشی هەولێر- قسم اربیل) وەك لە دابەشکردنەکانی بەریتانیادا پێی ناسرابوو.

کوردەکانی هەولێر و هۆزەکانی هیچ کێشەیێکیان نەنایەوە بەڵام بایە خیشیان دەدا بەوەی لە سلێمانیدا روودەدا، چونکە سلێمانی لە ئامێدی و زاخۆ نزیکترە بۆ ئەوان هەر چەندە هەواڵی ئەو دوو شوێنە شیان پێ دەگەیشت. کاتەکەش لە ئابی ١٩٢٠دا بوو. (النقیب های W.R.hay) ئەفسەری سیاسی هەولێر باسی کارتێکردنی هەموو ئەو راپەڕینانە دەکا لە کوردی هەولێر و دەڵێ. شۆڕشی شێخ مەحموود لە ئایاری ١٩١٩ سەرەتای ئەو کاردانەوەیە بوو. هەرچەندە سەرکەوتنیشی بەدەس نەهێنا (وەك لەدواییدا باسی دەکەین) بەڵام سەلماندی کە دەکرێ رووبەرووی حوکمی نوێ بوەستن و شەپۆلی ئاژاوە و پشێوی لە هەمووولاییێکی و وڵاتدا بڵاوبکەنەوە[13] شۆڕشی شێخ مەحموود کاریگەریەکی بەهێزی هەبوو بەتایبەتی لەناوچەی کۆیسنجەق و زیاتریش لای هۆزی خۆشناو. لە سەرەتای هاوینی ١٩٢٠ راپەڕینی باشووری عێراق کە مێژوو نوسان بە شۆڕشی بیست یان ناو نابوو هێمای خراپترین ئەنجام بوو و لەگەڵ کۆتایی مانگی حوزەیرانیشدا گڕی ئەو راپەڕینە گەیشتە دیالە و هەولێر و کەرکوك. لە ئابی ١٩٢٠ دا (النقیب های) لە گەڵی عەلی بەگ هێرشی کرایە سەر و زۆر سەیر بوو کە رزگاری ببێ[14]. هێزی (لیڤی) کە (النقیب لیتلد بل) فەرماندەیی دەکرد لە رەواندز و باتاسەوە کشایەوە بۆ هەولێر و (النقیب کیرك) ناچارکرا کویسنجەق بەجێ بهێڵێ. لە هەشتی ئەیلولدا (ولسن) بەفڕۆکە گەیشتە هەولێر، دەیویست بەم هاتنەی ورەی فەرمانبەرەکانی بەرز بکاتەوە هەروەها نیازی راپەڕیوەکانیش دژی دەسەڵات کە هەڕەشەی گرتنی شاریان دەکرد، پووچەل بکاتەوە، هەرواشبوو چونکە شار توانی بەرگە بگرێ تا هێزیان پاش چەند رۆژی پێ گەیشت. لەراستیشدا پاراستنی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ کردەوەی سێ کەسایەتی کە خورشید ئاغای

(١٣) (و.ر.های: سنتان فی کوردستان) ئەزموونی ئەفسەرێکی سیاسی ١٩١٨-١٩٢٠.
W.R.Hay.Two years in Kurdistan: Experience of a political officer:1918-1920
لەندەن ١٩٤١ ل١٥٩.

(١٤) های: سەرچاوەی پێشوو. ولسن: سەرچاوەی پێشوو. (ایلمر هالدین) شۆڕش لە میسوپۆتۆمیادا Sir James.Aylmer Haldane insurrection in Mesopotamia چاپی ئەدنبەر ١٩٢٢ ل١١٢

سەرۆكی گەورەی هۆزی دزەیی كە بەڵێنی ئەوەی دابوو تا دوا كەس بەرگری لەشار بكا بەخۆی و بەهۆزەكەیەوە و هەڕەشەشی لە هێرشبەران كرد كە دژیان دەجەنگێ. دووەم كەس ئەحمەد ئەفەندی عوسمانی سەرۆكی شارەوانی بوو كە توانیی بە هەوڵ و سەبر و بەو ڕێزەی لای خەڵكی شار هەیبوو ئەمن و ئاسایشی شارەكە بپارێزێ و نەهێڵێ هیچ كردەوەییەكی دژ بەیاسا ڕووبدا. سێیەمیشیان (النقیب های) بوو، كە ئازایەتی و خۆراگری و رەفتاری باشی بڕوای خەڵكەكەی بەهێزكرد و بەمجۆرەش توانرا ڕێی لە كارەسات بگیرێ.

لە هەمانكاتدا دەبایە ئیدارە هۆزەكانی سورچی كە بەشدارییان كردبوو لە گەمارۆی هەولێردا (كاتی خۆیشی لەگەڵ زێبارەیەكاندا شاری ئاكرێ یان تالاّن كرد) سزا بدرێن، بەلاّم ئەمان كشانەوە و بە هێمنی دانیشتن، بۆیە واز لە سزادانیان هێنرا، كەسیش چاوەڕێی ئەوەی نەدەكرد جارێكی دیكە دەست پێ بكەنەوە كاتێ لە نیسانی ١٩٢٠دا بە هاندانی زێبارییەكان دەستیان دایەوە چەك.

لە كانوونی دووەم هەواڵ گەیشت كە فارس ئاغای زێباری رووی كردوەتە (بجیل) لەگەڵ چەكدارەكانیدا بۆ ئەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەقشبەندی هان بدا لەگەڵیا هێرش بكەنە سەر ئاكرێ. بەلاّم هەوڵە رەشەكەی پووچەڵ كرایەوە لەرێی هێرشێكی ئاسمانییەوە كە كرایە سەر گوندەكەی و زیبارییەكانی ناچار كرد ڕابكەن پێش ئەوەی هیچیان بۆ بكرێ[١٥] بەلاّم پروپاگەندەی توركەكان لەناویاندا سەركەوتنی بەدەست هێنابوو.

لە هەفتەی دووەمی نیسانی ١٩٢٠دا سورچییەكان بۆسەیەكیان بۆ كاروانێكی سەربازی كە دەچوو بۆ ئاكرێ، داناو هەر هەموویان كوشتن پاشانیش دوای چەند ڕۆژێ هێرشیان كردەسەر ئاكرێ، بەلاّم ئەو (العریف)ە بەریتانییەی فەرماندەیی (لیڤی)یەكانی دەكرد توانی خۆی ڕابگرێ تا دوای بیست و چوار سەعات هێز هات بەهانایەوە.

لە ئەنجامی ئەوەوە هێزێك نێردرایە سەریان بێ ئەوەی هیچ بەرهەڵستیەكی دژ بكرێ، ئەو هێزە سێ مەڵبەندی سەرەكی ئەوانی لەناوچەكەدا وێران كرد بەلاّم سەركردە كانیان نەگیران چونكە، كاتێ كە هێزەكە نزیك بوبوەوە ڕایان كردبوە ناوچە شاخاویەكان، بەلاّم دوایی گەڕانەوە و بەشدارییان كرد لە گەمارۆدانی هەولێر لەگەڵ سورچییەكانی هەولێر زۆربەی سورچییەكانی هەولێر لە ناوچەی دەشتی هەریر دەژین و پەیوەندیشیان لەگەڵ سورچییەكانی ئاكرێ دا هەیە و

---

(١٥) (تقریر عن الاداره لمنطقة الموصل) لەساڵی ١٩٢٠
Adminstrotion Report of the Mosul Division for the year 1920. p10.



توانییان ئەمان ڕاكێشنە پاڵ خۆیان و دۆخەكە زۆر مەترسیدارتر بوو كاتێ پاش هەندێ دوودڵی خۆشناویش چووە پاڵیان، بەلاّم نەیاتوانی هەولێر داگیر بكەن- وەك پێشتر باسمان كرد دوای ئەوەی هێزی فریاكەوتن لە موسڵ و كەركوكەوە گەیشتە ناوچەكە[١٦]، هەندێكیان لە زێ پەڕینەوەو رك و كینەی خۆیان بەسەر ئاشوورییەكاندا باراند و هێرشیان كردە سەر سەربازگەی (جوجر) و لەگەڵ ئەوانیشا هۆزەكانی (العشایر السبعه)ش بەشدارییان كرد، بەلاّم هێرشەكەیان تێكشكا دوای ئەوەی ئاشورییەكان زیانێكی زۆریان لێ كەوت، لە دواییدا كەوتنە دوای سورچیە شكاو و بەزیوەكان كە بەرەو زێ رایانكرد و ژمارەییەكی زۆریان لێ كوشتن و ژمارەییەكی زۆرتریشان لێ خنكا[١٧] لە كۆتایی ساڵی ١٩٢٠ (شیخ قیوم) و كۆمەڵێ لە شێخەكانی ئاكرێ مل كەچی خۆیان بۆ ئیدارە لە موسڵ نواند. بەلاّم شێخ (عبدالله بجیل) كە بەهیوای ئەوە هاتبوە موسڵ بیكەن بەقایمقام لە ناوچەكەی خۆی تەماشای كرد واخەریكە بە (غرامە) حوكمی دەدەن. بەلاّم (وجی) كە یەكێك بوو لە كوڕەكانی مل كەچی خۆی نواند دوای

---

(١٦) لەوانەی بەشدارییان كرد ناوی نوری باویل زۆر دیارە كە گوتی دووبرای بەفەرمانی ئیسماعیل بەگی قایمقامی رەواندوز كوژران، و برایەكی دیكەشی كە ناوی (یوسف بەگ) بوو لە بارودۆخێكی نادیاردا مرد كاتێ كە لە هەولێر بە فەرمانی (النقیب های) گیرابوو. بۆیە هەڵسا نی سورچییەكان تارادەتێك بۆ تۆڵەسەندنەوە بوو بەتایبەتی كە چەتەی بە ناوبانگ (حەمەدە شین)یش لە سپیلك چووە پالیان.

(بۆ زانیاریی زیتر بڕوانە (هاملتون- ڕێگەییێك لە كوردستان- كە ئێمە وەرمانگێڕاوە. چاپی دووەم. هەولێر ١٩٩٩. فەسڵی شەشەم ل٧٣ و دوای ئەو و فەسڵی هەژدەم ل٢٤٢ و دوای ئەو)

(١٧) جەنەراڵ هالدین سەرچاوەی پێشوو- ژمارەی كوژراوەكان بەشەست كەس و خنكاوەكانیش بە سەدو چل كەس دەخەملێنێ (مهد البشیریه- كە ئێمە وەرمانكێڕاوە. چاپی سێیەم. هەولێر ٢٠٠١ ل ٣٢٧-٣٣٠)

بریكاری فەرماندەیی حاكمی مەدەنیی گشتی رەزامەندیی پیشاندابوو لەسەر پرۆژەی نیشتەجێ كردنی ئاشووریە پەنابەرەكان كە (بطرس البازی) ناسراو بە (اغا بطرس) پێشكەش كردبوو، كە لەجەنگی یەكەمدا بەوە ناوبانگی دەركرد كە سەركەوتوانە فەرماندەیی ئاشووریەكانی كرد دژی سوپای توركی. (بطرس) پێشنیاری كرد كە لە فەرماندەیی هەموو ئاشوورییەكان بكا دوای ئەوەی چەكی تەواویان دەدرێتێ بۆ داگیركردنی ناوچەی (گەوەر- اشنو) پلانەكەش وابوو كە جەنگاوەرەكان ناوچەكە داگیر بكەن پاشان ژن و منداڵ بەدوایاندا بێ. (سیر برس كوكس) رەزامەندیی دەربڕی لە سەر هێڵە گشتیەكانی ئەو سیاسەتە و ئاشووریەكان گوازرانەوە (مندان). لەوێ ئیتر شەڕ فرۆشتنی سورچییەكان پێیان دەستی پێكرد.

ئەویش لەهەمان ساڵدا باوکیشی هەمان شتی کرد. هەروەها لە بادیناش دوای داگیرکردنی ویلایەت هەمان شت روویدا.

***　　　***　　　***

پێك گەیشتنی فیعلی لە نێوان هێزەکانی بەریتانیا و هۆزە کوردییەکاندا رووی نەدا لە ناوچەی خانەقین تا کانوونی یەکەمی ١٩١٧ کە ناوچەکە داگیر کرا. پێش ئەوە هەندێ (اعتبارات)ی سیاسی هەبوو کە وای پێویست دەکرد بەریتانییەکان ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان فراوان نەکەن.

لەو ماوەیەی روسەکان داگیریان کردبوو ئەمان تەنها پەیوەندییان لەگەڵ (مصطفی پاشا باجلان) هەبوو و ئەو پەیوەندییەش دوای دەرکردنی خانەقین لەدەس تورك هەروەك خۆی مایەوە. لە کۆتایی ئەیلولی ١٩١٧ دا بەریتانییەکان توانیان پەیوەندی بە شێخ حەمید تالەبانیەوە بکەن و هەر لە رێگەی ئەویشەوە زانییان کە عەشیرەتەکەی ئەو عەشیرەتەکانی دیکەی دەوروبەر بە دەنگ پێشنیارەکانی تورکەوە نەچوون و ئامادەدە نەبوون ئازوقەیان بدەنێ. شێخ حەمید کۆمەڵە کەسێکی لە باکووری رۆژهەڵاتی تاوغ (داقوق) کۆکردبوەوە و پاشانیش سوارەی هۆزەکانی دیکە چوونە پاڵی وەك (داودە)ی هاوپەیمانی. لە پێشدا بەریتانییەکان بەوەندە قەناعەتیان هێنا کە پەیوەندیەکی باشیان هەبێ لەگەڵ ئەمان و هۆزەکانی دیکەی دەوروبەر کە دوور بوون لە کاریگەریتی تورك و بەر دەوامیش بوون لەوەی ئازوقەیان نەدەنێ لەکاتی جەنگدا، بەڵام هانیشیان نەدان شەڕ لەگەڵ تورکدا بکەن یان هەڕەشە لەرێی هاتوو چۆیان بکەن ئەگەر بەریتانییەکان یارمەتییان نەدەن.

پەیوەندیی بەریتانییەکان لەگەڵ شێخ حەمید تالەبانی بەهێز تربوو کاتێ لەبەهاری ١٩١٨ دا گوڕوتین کەوتە چالاکی یان و توانییان کفری لە ٢٨/ی نیسان و دوزخورماتو لە ٢٩ و پاشان کەرکوکیش لە ٧/ی ئایار دا بگرن. لەم کاتەدا کوردەکان بیریان لەجەنگی تورکەکان کردەوە. هێزێك هەبوو کە نزیکەی (٢٠٠) کەس بوون و (میجرسون) رێکی خستبوو و (النقیب گیردR.C.Geord) مەشقی پێ کردبوون. هێزەکە پێکهاتبوو لە (دیلوو باجلان و سورمیری) و لەسیرواندا لەو ناوچەیەی تا هەولێر دەکشێ لەگەڵ تورکەکاندا کەوتنە شەڕەوە.

بەریتانییەکان بایەخی زیاتریان بە ناوچەی رۆژهەڵاتی خانەقین دا. لە نیسانی ١٩١٨ دا (کلخان و کلهور) بە یارمەتی و پاڵپشتی بەهێزی بەریتانییەکان توانییان هێزەکانی سەرکردەی سەنجابی عەلی ئەکبەرخان تێکبشکێنن و پەرتوبڵاویان بکەن.



عەلی ئەکبەر لەگەڵ (سلیمان میرزا) هاوکاریی دەکرد، کە دیموکراسیەکی کوردبوو و پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ وەکیلەکانی تورك و ئەڵماندا هەبوو[١٨].

سەرچاوەی بایەخ دانی بەریتانییەکان بەم بەشە کە تا ناوەوەی خاکی ئێران دەکشێ، لەوەوەیەکە رێگەیێکی ستراتیجی سەرەکیە لە نێوان عیراق و ئێراندا، هەروەها ئەو ناوچەیە وەك مەڵبەندی پیلان و دەسیسە و شەڕ و ئاژاوە بوو بۆیە ویستیان دەستی بەسەردا بگرن و بۆ ئەم مەبەستەش هۆزە کوردیەکان کران بەدەستە چیلەی شەڕەکە (وقود). بۆ نموونە بەشێك لە هۆزی گۆڕان و باجلان هاندران کە دامەزراوەکانی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ ئێرانی وێران بکەن و ئامێر و شتەکانی دیکەی ببەنە (چیا سرخ)ی نزیك خانەقین، هەروەها کۆمەڵێ لە کەڵهور هێرشیان کردە سەر چەن روپێوێکی (مساح) ی سەربازی بەریتانی.

دوای ئەوە هێزکرایە سەر (سلێمان میرزا) و توانیان بیگرن و رەوانەی بەغدای بکەن، بەڵام (علی اکبر خان) بەردەوام بوو لە هێرش کردنە سەر بەریتانییەکان و وەکیلەکانی تورك و ئەڵمان چەك و جبە خانە یان دەدا بە هۆزەکەی ئەو و ئەو هۆزانەش کە سەر بەو بوون.

ئەم کتێبە مەبەستی نییە بەدرێژی باسی چالاکی وەکیلەکانی ئەڵمان بکا کە ناوچەیێکی فراوانی کوردستانی باشووری فارسیی گرتبوەوە و بەتایبەتیش هەوڵی ئەوەیان دەدا کە هۆزەکانی لورستان و بەختیاری بەکاربێنن و سەرکردەکانییان بکڕن بۆ ئەوەی هێرش بکەنەسەر دام و دەزگا نەوتیەکانی ئەوێ وتێکی بشکێنن و گەورەترین زیان بەبەرهەم هێنانی نەوت بگەیێنن و هەرشتێ تەگەرە بخاتە بەردەم جم و جۆڵی جەنگیی بەریتانیا لە میسۆپۆتۆمیادا بیکەن. بەڵام پشتگوێ خستنی ئەم قۆناغەش زیان بەو رێرەوە گشتیە دەگەیێنێ کە من مەبەستمە.

ئەڵمانییەکان دوای گەیشتنی بەریتانیا بۆ فاو ژمارەیێکی زۆری وەکیلیان (جاسوس) نارد و لە ناویاندا (ڤاسموس) و یاریدە دەرەکەی (ڤون دروڤیل) زۆر دیار بوون[١٩] ئەرکی ڤاسموس

---

(١٨) (الولاءات): سەرچاوەی پێشوو. (تقریر عن الادارة): ناوچەی خانەقین Report of Adminstration- khaniqin 1919 district ل٣٢-٣٣. مدراس. هیند ١٩١٩.

(١٩) Wass mus (١٨٨٠-١٩٣١) مەترسیدارترین وەکیلی هەواڵگری ئەڵمانیا بوو لەجەنگی مەزنی یەکەمدا. لەساڵی ١٩١٣دا وەك کونسوڵی ئەڵمانیا لە بوشیر دامەزرا و بەباشی فێری فارسی بوو جگە لە زۆر لەشێوە زارەکانی کوردی لە باشووری ئێرانی رۆژاوا و پەیوەندیەکی باشیشی لەگەڵ هۆزەکاندا دروست کرد و

لەوەشدا سەرکەوت کە ژمارەییێکی زۆریان هان بدا دژی هێزەکانی ئینگلیز و توانیشی بەرەییێکی شەڕیان دژ دروست بکا. ئەوەی هەوڵەکانی تووشی شکست کرد گرتنی فاو و سەرکەوتنی (میجر نوئیل) بوو لە گرتنیدا، بەڵام توانیی لەپاسەوانە ئێرانییەکانی ڕابکا و دەس بکاتەوە بە چالاکی تاکو دووبارەگیرایەوەو ڕەوانەی ئەوروپا کرا، بەڵام ئاگربەست (هدنە) فریای کەوت کاتێ دەبرا بۆ ئەوروپا و رزگاری بوو. دەڵێن یادداشتی خۆی نوسیبوەوە بەڵام چاپ نەکرا بەڵام نووسەرێکی بەریتانی کە ناوی (کریستوفر سایکس) بوو، کتێبێکی لەسەر دانا لە ساڵی **١٩٣٦** دا لەئینگلترە چاپ کرا بەناونیشانی (ڤاسموس لۆرەنسی ئەلمان) و دوای جەنگ ناوی نەماو کەس هەواڵی نەبیستەوە ئەدمۆنز لە ((کورد و تورك و عەرەبدا) کە ئێمە وەرمانگێڕاوە سەرچاوەی پێشوو ل٣٥-٣٦)) باسی یەکەم ناسینی خۆی دەکا سەبارەت بە (میجر نوئیل) کە خاوەنی گەورەترین رۆڵ بوو لەمێژووی کوردستاندا و یەکێکیش بوو لەو کەسایەتییە بێگانانەی کە نیشتمان پەروەرە کوردەکان زۆریان خۆش دەویست لە ساڵی **١٩١٣** دا ناسیی کاتێ کە جێگری کونسوڵ و یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بوو لە ئەهوار: دەڵێ: یەکەم جار کەناسیم لەو پاپۆرەدا بوکەمن پێی دەچووم بۆ بوشیر، ئەوسا (ملازم) بوو لەسوپای هیندیدا. لە بیریشمە کە باسی وازهێنانی (استقالە) دەکرد، لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا هەڵبژێردرا بو بۆ فەرمانگەی سیاسەتی دەرەوە کە چاکترین پۆستە لەفەرمانەکانی هیند دا. دوای دوو ساڵ هاتە بوشیر وەك یاریدەدەری دووەمی (مقیم)ی سیاسیی بەریتانی. و لە سەرەتای بەهاری **١٩١٥** دا بەیەکەوە کەوتینە دوای (وکلاء الجهاد- وەکیلەکانی جیهاد)ی ئەلمانی کە نێردرابوونە ئێران بۆ ئاژاوەنانەوە.

دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ خۆی دستەبەر کرد کاتێ کە بۆ خۆی (ڤاسموس)ی گرت کە بەناوبانگترین ئەو وەکیلانەبوو لە هەمووشیان زیاتر ناوی دەرکردبوو. (ڤاسموس)ی لەنزیك (بندر دیلام) کە بەندەرێکی بچووکە لە باکووری بوشیر، گرت بەڵام بۆ شەو (ڤاسموس) توانیبووی لە دەست پاسەوانە ئێرانییەکانی ڕابکا. بۆ رۆژی دوایی (نوئیل) خەریك بوو لەلایەن ئەو هۆزانەی کابرای ئەلمانی توانیبوی رایانکێشێتە بەرەی ئەلمان بگیرێ و زۆر بەفەلاکەت رزگاری بوو. دوای ئەوە بەماوەییێکی کەم گوازرایەوە بەسرە. (نوئیل) پێش جەنگ بەساڵێ یان دووان یەکێك بوو لەوانەی پاڵێوراوبوون بۆ سەرکەوتن لەپێشبڕکیی (کادیر) داکە مەزنترین ڕووداوی وەرزشییە لە هیندستان و بریتییە لەڕاوە بەراز بەرم و بەسواری ئەسپ.

(نوئیل) سوارچاکێکی باش بوو و ژمارەی (قیاسی)ی زۆری لەسەفەری خێرای لەدەشتی کارون و دیجلە یان لەچیاکانی بەختیاریدا بێ، تۆمارکردبوو.

لە پاڵ ئەمەشدا و ئەو پۆستەی هەیبوو هەوڵی دەدا کە ڕەوانەی (تفلیس) بکرێ وەك نوێنەرێ بۆلای (حملە)کەی جەنەراڵ (ونسترڤیل)، بەڵام جەنگاوەرەکانی جەنگلی لەرێگەگرتیان، ئەمانیش بەلشەفیکەکان کە لە دەریای قەزوێن بوون هانیان دابوون بیگرن و پێنج مانگی تەواو لەبەندیخانەدا مایەوە و زۆریان ئەزیەت دا، پاشان



ئەوەبو چەتە رێکبخا لە بەختیاری و لوڕ و هانیان بدا (جهاد) بکەن و هێرش بکەنە سەر چاڵە نەوتیەکان و هەرەشەیان لێ بکەن بەهاوکاریی وەکیلە تورکەکان. (میجر نوئیل) کە ئەوسا یاریدەدەری (مقیم) ی سیاسیی بەریتانی بوو لە (بوشیر) توانیی دوای بکەوێ و بیگرێ، بەڵام (ڤون دروڤیل)ی یاریدەدەری بەردەوام بوو لەچالاکیی خۆی تا ساڵی **١٩١٨** پاشان بزر بوو و دیار نەما دوای ئەوەی لەو شەڕەی باسمان کرد بریندار بوو. بەمجۆرە هەردووکیان دیار نەمان و ئەم ئازایەتیەش دەگەڕێتەوە بو (میجر گولد سمث)ی ئەفسەری سیاسیی خانەقین دوای داگیرکردنی. ئەگەر بڕوا بەو راپۆرتانە بکەین کە ئەم ئەفسەرە ئازایە دەینارد، دەبێ ئەو یەکەم کەس بێ کە ئیدارەی بەریتانیی ئاگادارکردوەتەوە لەو بارەوە، لەئەنجامی ئەو زانیاریانەی کۆی کردبوونەوە سەبارەت بەو کاتێ بە ناوچەکانی باکووردا دەگەڕا لە دەرەوەی شار (ریف)[٢٠]

---

بەهۆی رێکەوتنیامەی ئاشتبوونەوەوە دوای تێکشکانی جەنگلیەکان، ئازادکرا. لەو ماوەیەدا کە گیرا بوو هەوڵی زۆری دابوو ڕابکا بەڵام سەرنەکەوتبوو. هەموو هەوڵێکیشی کەتێکدە شکا فشاری زیاتری دەخستە سەر. پاشان دوای بەربوونی گەڕایەوە بەغدا و نێردرایە سلێمانی.

(٢٠) سەرچاوەی پێشوو: راپۆرتی ئیدارە سەبارەت بە خانەقین. لەو راپۆرتەدا گوتراوە: لەم گەڕانەدا شێخ مەحموود نوێنەرێکی ناردە دیدەنیی من و دواوای کردبوو کە دەسەڵاتی ئەوەی بدرێتێ وەك نوێنەری حکوومەتی بەریتانی لە سلێمانی کاربکا تا ئێمە دەگەینە ئەوێ. گومانی تێدا نییە سەرکەوتنەکانی ئێمە کوردەکانی سەرسام کردبوو، بۆیە بڕیاریاندا بدەنە پاڵ سەرکەوتوو هەروەها راپۆرتەکە دەڵێ کە چەندین نامە لەهۆزی هەمەوەندەوە نێردرابوو ئامادەیی خۆیان پیشان دابوو بۆ هەر هاوکارییەك کە لێیان داوا دەکرێ.

# فەسڵی یازدەیەم

بەڵێنی دامەزراندنی یەك دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی- یەك یان زیاتر- لە سەرەتادا "جدی" بوو نزیکەی هەموو راپۆرتەکانیش لەگەڵ وتوویژ و راوێژدا ئەوەی پێش بینی دەکرد کە نیازی شتێکی وایان هەیە و هەوڵەکانیش بە ڕێکەوتننامەی لەباربراوی سیڤەردا دەستی پێکرد و هەروەها بەو بایەخە ناکاوەی بەریتانیا سەبارەت بەدەس بەسەردا گرتنی موسڵ بەڵام بەڵێنەکە نەهاتەدی و ئەو نشوستیەی تووشی سیاسەتی ناسەقامگیرو گۆڕاوی بەریتانیا دەهات لە میسۆپۆتامیا وای لێکردن هەنگاو لە دوای هەنگاو پشت بکەنە ئاواتی کورد لەرزگاریدا و خۆیان لەبەڵێنەکە یان بدزنەوە. ئەو عەرەبانەی دوای بەریتانیا ئیدارەیان گرنە دەس لەوان باشتر نەبوون سەبارەت بەو بەڵێنانە. لەرووی سیاسیەوە کورد وەك نەتەوە ئامادە نەبوون و بۆیان نەدەکرا کەڵك لەهەلۆیستی نێو دەوڵەتی وەربگرن دوای جەنگ یان لەگەڵێدا بگونجێن. زەحمەتی و خراپی  و نەبوونی رێی هاتوچۆ لەنێوان بەشەکانی کوردستاندا بووە هۆی پەرتوبلاویی کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها سروشتی پەیوەندیی نێوان هۆزە کوردیەکان وایکرد کە وەرگرتنی هەلۆیستێکی سیاسی یەکگرتوو شتێکی مەحاڵ بێ. بەگشتی زۆربەی شێخ و ئاغاکان لەسەرەتادا ئامادەبوون لەگەڵ داگیرکەری نوێ دابرۆن ئەگەر پەیڕەوی هەمان شێوازی کۆنی ئیدارەبکەن کە ئەمان لەسەری راهاتبوون. بەڵام مل کەچ بوونیان بۆ حوکمی عارەبان پارویەك بوو گەدەیان نەیدەتوانی هەرسی بکا.

عەرەبەکان لەسەردەمی عوسمانیدا وەك ئەمان نەتەوەییێکی چەوساوە بوون لەپلەی دووەمی هاوڵاتیدا وەستابوون، ئەمانیش برایانن کەئێستا ملکەچی حکومەتی ئەستەنبولن و بە جورئەتەوە باسی حوکمی زاتی کوردی دەکەن لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتەکانی ئەوێ و جۆرو شێوازەکەی دیار دەکەن.

حوکمی راستەوخۆی عەرەب بەسەریاندا سەپێنرا و لە هەمان کاتدا چینێکی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا پەیدابوو، چینێکی خوێندەوار کە پابەندی هۆز نەبوون و لەشارەکانی کوردستاندا دەژیان و هەستی نەتەوەیی گەشەی کرد و شنەبای رزگاری لەدەرەوەرا هەڵیکرد. ئەوچینەی کە لەرووی مێژوویی و خەباتگێڕیەوە ئەرکی ئامادەکردنی کوردی لەرووی سیاسی و فیکریەوە وەك گەلێکی یەکگرتوو نەك چەند هۆزێکی پەرت و بڵاو کەوتە سەرشان بەڵام



لەبەختی خراپیان بەریتانیا دەستی لە بیرۆکەی سەربەخۆیی کورد هەڵگرت و نەیهێشت مافی چارەنوسی جێبەجێ بکرێ، ئەمەش رێك لەوکاتەدا بوو کە ئەو چینە خۆی ئامادەکردبوو بۆ بانگەشەیێکی نەتەوەیی گشتی، هەر لەو کاتەشدا بەریتانییەکان و عەرەب لەبەغدا چینی سەرەك هۆز و ئاغاکانییان کرد بە هۆیێك بۆ تێپەڕاندنی سیاسەتەکانیان و تەئکید و دڵنیابوون لەمل کەچ پێ کردنی کوردەکان بۆ ئەو سیاسەتە.

گەلی کوردیش لەو کاتەدا ئەوەی بۆ نەرەخسابوو کە بۆ گەلانی دیکەی عوسمانی رەخسابوو وەك فشاری رای گشتی لە رۆژنامە و هۆیەکانی راگەیاندن و حیزبی سیاسیی جەماوەری، چونکە کورد زۆربەیان نەخوێندەوار بوون و تەنها (لەسەدا نیو)ی کورد خوێندنەوەو نووسینی دەزانی، هەروەها ئەو کۆمەڵ و حیزبانەی مێژوو نووسانی کورد بەشان و باڵیاندا هەڵدەدا و زیادەڕۆیی یەکی زۆریان تێدا دەکرد هەمووی بریتی بوون لەکۆمەڵە کەسانێکی زۆر کەم کە لەپەنجەی دوو دەس تێپەڕیان نەدەکرد، ئەمانەش لەو کەسە دیارو دەسەڵاتدارەانە بوون کە کەسی گوێی لێ نەدەگرتن هەر چەندە هاواریشیان بکردایە یان لەسەر مینبەرەوە قسەیان بکردایە نووسەرە کوردەکان ئێمە یان زۆر بەهەڵەدا برد بوو کاتێ رۆڵی ئەم (تشکیلات)انەیان زل دەکردەوە ئەمانە تەنها چەند رێکخراوێکی زۆر تەسك بوون و بەبێ بنەمایەکی میللی. لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٠ دا مێژوونووسان لەپاڵ (یانەی کوردی- النادی الکردی) کە باسمان کرد پێنج حیزب  یان کۆمەڵەی نەتەوەیی کوردییان دەس نیشان کردبوو کە بۆ رزگاری کوردستان کار دەکەن.

گرنگترینیان (العصبة الکردیة المرکزیة- کۆمەڵەی ناوەندی ی (کوردی) کە ئەمین عالی دایمەزراند، پارتی دیموکراتی کورد کە دیارترین کەسایەتییەکانی (ممدوح سلیم بکیر) بوو، کۆمەڵەی (هیڤی- الامل) کە کۆمەڵەیێکی قوتابیانەی کوردی بوو، کۆمەڵەی (نشر المعارف الشعبیە- بڵاوکردنەوەی زانستی میللی) لە دوایشدا حیزبی (الاستقلال- سەربەخۆیی). جگە لەمانەش حیزب و کۆمەڵەی دیکە هەبوون کە زۆر نەژیان. چالاکی ئەم کۆمەڵانە بریتی بوو لەپێشەکەش کردنی یادداشت و بەیان و سازدانی چاوپێکەوتن، چالاکیەکانیشیان تەنها لەناوشارەکاندا بوو، لەکاتێکدا لە ناوچە عەشایرەکاندا هیچ چالاکییەکیان نەبوو بەتایبەتی لای خەڵکە ئاساییەکە (قواعد) کەچی توانیبویان هەندێ سەرەك هۆز و ئاغا راکێشنە ناو مەسەلەکەوە، بەڵام مەسەلەی کورد هەروەك خۆی مایەوە و لەیاریگای سیاسەتی نێو دەوڵەتی بەتایبەتی لە (ڤێرسای) تۆپ تۆپێنی پێ دەکرا.

گۆڕانی سیاسەتی بەریتانی کە هەنگاو بەهەنگاو دەگۆڕا سەبارەت بەکێشەی کورد، لەرەفتاری ئەواندا لەگەڵ شێخ مەحمود رەنگ دەداتەوە، هەروەها لە مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵیشدا جۆرێك لە تەم و مژ و نادیاری و ئەمسەرو ئەوسەر هەبوو کە شەش ساڵی خایاند پێش ئەوەی مەسەلەی موسل تەواوببێ، تەواوبوونی ئەویش مانای کۆتایی هاتنی چارەنوسی شێخ مەحموود بوو. ئەم تەم و مژ و نادیاریە چەند هۆیەك سەپاندیان لەوانە هەوڵی تورکەکان بۆ تێکدانی ئاسایشی کوردستان کە لەگەڵ کشانەوەی تورك و بڕیاردان لەسەر هێڵی بروکسل وەك سنورێکی جارەکی -موقت- دەستی پێکرد.

هەروەها (وایت هول) رایێکی بنبڕی نەبوو سەبارەت بە دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی جیاکەرەوە (عازل) یان لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتە نوێ کەوە تاوانی ئەمەش هەر هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی بەریتانیا. پێشتر بینیمان کە ویلایەتی موسڵیان لە فەرەنسا سەندەوە بەپێی ئەو سەودا مامەڵەیەی باسمان کرد.

بەڵام (وایت هول) دووساڵ زیاتر مایەوە و نەیدەزانی چیی لێ بکا تا لە ئەیلولی ١٩٢٠ بریاری یەکجارەکییان لێ دا. سەنجەقی سلێمانی کە مەڵبەندی تیشکی نەتەوەیی کورد بو، بەشێك بو لەو ویلایەتە. لە نیسانی ١٩٢٠ لەپڕ حکوومەتی بەریتانیا بڕیاری دا، چونکە چیتر نەدەکرا دوابخرێ کە ئەو ویلایەتە بخرێتە سەر دەوڵەتی عیراق، بەڵکو تا ئەو مێژووە شتەکە یەکلانەکرابووەوە ئایا بخرێتە ناو (نفوذ)ی بەریتانی وەك قەوارەیەکی کوردی، لەکاتێکدا پێشتر بەڵێنی ئەوە درابووبە کورد کە مافی چارەنووسی بێ هیچ بەربەستێك جێبەجێ دەکرێ ئایا چۆن ئەم مافە جێبەجێ دەکرێ، ئایا لەسێبەری (ماندات- انتداب) و بەجیابوونەوەیێکی (جزئی) لە عیراق هەمووی (انفصال جزئی) یان خستنەسەر بەڵام بە گەرەنتی (ضمانات) [(١)]، بەڵام

(١) دوای رێکەوتنی سەرەتایی لەنێوان (لوید جورج و کلمانصو) سەبارەت بە دانانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لەناوچەی دەسەڵاتی بەریتانیدا و دەرهێنانی لە بازنەی دەسەڵاتی فەرەنسی، کە دواتر بەرەسمی و بەئیمزا کردنی رێکەوتننامەی (سان ریمو) لەئیتالیا لە ٢٥/ی نیسانی ١٩٢٠ فەرەنسا دەستی لەویلایەتی موسڵ هەڵگرت بەمەرجێ و لەسەر پێشنیاری (لوید جورج) خۆی کە لە ٢٥٪ (سهم) ی دەرهێنانی نەوت لەنێوان دوروبارەکە (مابین النهرین) بدرێ بە فرەنسا، ئەمەش بەشی ئەلمانیا بوو لە (کۆمپانیای تورکی ئەلمانی بەریتانی) کە پێش جەنگ لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە ئەو (امتیاز)ە یان پێ درابوو، رێکەوتننامەی سان ریمۆ جگە لەمە بریاری دابەشکردنی ناوچەکانی (ماندات- انتداب)ی دا، بەوپێیەی سوریا و لوبنان کەوتنە بەر (ماندات- انتداب)ی فرەنسا و عیراق و فەلەستینیش کەوتنەبەر (ماندات- انتداب)ی بەریتانی. بەڵام



ویلایەتی موسل باس نەکرابوو چونکە تورکیا داوای دەکرد. بڕیارەکانی رێکەوتننامەکە بۆ رۆژی دوایی ئاشکرا کرا، بەڵام لە عیراق دوای هەفتەیێك ئاشکرا کرا، ئەمەش لە ئەنجامی رێکەوتنێك بوو لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە مەزنە و پێش رێکەوتنامەی (سان ریمو) قسەی لەسەرکرابوو، هەردوو لاش کە هاتنە کۆنگرەکە تەنها ئەوەندەیان مابووکە ئیمزای بکەن چونکە پێشتر لەسەر هەموو شتێ رێك کەوتبوون ئەمەش لەو بەیانەوە دەردەکەوێ کە (لوید جورج) لە پەرلەمانی بەریتانیدا خوێندیەوە پێش ئیمزاکردنی رێکەوتننامەکە بەمانگێ (لە ٢٥/ی ئازاری ١٩٢٠) کاتێ کە هەندێ پەرلەمانتار داوای کشانەوەی بەریتانیایان کرد لە عیراق بەومەهانەیەی کە ئەوپارەیەی لەوێ خەرج دەکرێ لە گیرفانی باج دەری بەریتانی دەردەچێ بێ ئەوەی هیچ قەرەبوویێکیش هەبێ. سەروك وەزیران گوتی "لەوانەیە دەس لە هەموو عیراق هەڵبگرین. بەڵام من تێناگەم حیکمەت چییە لە پاشەکشە کردنمان لەبەشی هەرەگرنگ کە مژدەی خێرێکی زۆر دەدا، ولایەتی موسل زۆر دەوڵەمەندە و ئەو نەوتەی تیایدایە زۆرە و لەوانەشە دەوڵەمەنترین ناوچەی دەرامەتی سروشتی بێ لە جیهاندا، چی روودەدا ئەگەر لێی کشاینەوە؟ ئەگەر ئێمە بەرێوەی نەبەین دەولەتێکی دیکە لەبری ئێمە ئەوە دەکا. ئەگەر دەوڵەتێکیش ئەم بەرپرسیاریەتە لە وڵاتی دوور و بارەکە نەگرێتە ئەستۆ ئەو وڵاتە بە دواکەوتویی دەمێنێتەوەو لەوانەشە زیاتر دوا بکەوێ، دوای ئەو هەموو پارە زۆرەی خەرجمان کرد بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە رزگار بکەین لەزولمی تورك دەکرێ بۆ پشێوی و تێکچوون بە جێی بێڵین؟ ئەگەر لەمە بێ بەشتان کردن، ئەگەر ئینکاری حکوومەتێکی ناوەندیی عەرەبیتان کرد، دەبێ حکوومەتێکی دیکەیان بۆ بخولقێن، رای ئەو گەلە وەرگیراوەو من وای بۆ دەچم کە حەز بەمانەوەی بەریتانیا دەکەن، هەموویان بێ جیاوازی جا ئەگەر ئێمە دەستمان لێیان هەڵگرت و وازمان لێیان هێنا ئەمە کارێکی زۆر خراپ دەبێ و نازانین چۆن پاساوی بۆ بهێنینەوە ئەوان تەنها لەمەسەلەی جۆری ئەو حکومەتە سەربەخۆیە جیاوازییان هەیە، ئێمەش نالێین وەك بەشێ لە (دومنیون)ی بەریتانی حوکمیان دەکەین و یاسایان بۆ دادەرێژین. نەخێر ئێمە ئەمەمان ناوێ، بەڵکو ئێمە دەمانەوێ خۆیان حوکمی خۆیان بکەن ئێمەش ئامۆژگاری و راوێژیان پێشکەش بکەین و یارمەتییان بدەین لە بەرێوەبردنی حوکمدا. بەڵام حوکمەکە دەبێ عەرەبی بێ و ئێمەش لەسەرمانە رێز لەو بەڵێنە رەسمیە بگرین کە لە تشرینی دووەمی ١٩١٨دا دامان بە هاوپەیمانەکانمان.

هەموو عەرەب دژی گەرانەوەی حوکمی تورکن و هەمووشیان حەزیان بە حوکمی بەریتانییە. ئێمەش مافی ئەوەمان نیە باسی عیراق بکەین بەو جۆرەی کە لەژێر (ماندات- انتداب) ئێمەدان و تا ئەو کاتەش کە لەگەڵ تورکیا رێکەوتننامەی ئاشتی مۆردەکرێ. کە ئەمەش بوو کۆتایی هات ئەوساکە مەسەلەی کێ و کامە دەوڵەت، عیراق دەخرێتە ژێر ئینتدابیەوە، بێ گومان ئێمە داوادەکەین کە عیراق بخرێتە ژێر (ماندات- انتداب)ی ئێمە و بەویلایەتی موسڵیشەوە))

جەوهەرترین شت کە مێشکی دەسەڵاتی داگیرکەری سەرقاڵ کردبوو دوای ئاگربەست ئەوەبوو کە ئەمن و ئاسایش بەرقەرابێ و شوێنەواری ئەو برسیەتییەی (مجاعە) کە لە دوو ساڵی دوایی جەنگدا کوردستانی گرتبوەوە نەهێڵدرێ و جۆرێك لە دڵنیایی ئابوری ناوچەکە بگرێتەوە دوای ئەو قات و قڕیەی دووچاری ببوو. بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەش بڕیاردرا (میجر نوئیل) گەشتێك بە ناوچەکەدا بکا لەنێوان زێی بچووك و رووباری دیالە (لەتشرینی دووەمی ١٩١٨) و ئەرکە کەش بەمجۆرە دیاری کرا.

ئەرکی تۆ ئەوەیە لەگەڵ سەرکردە ناوخۆییەکان رێك بکەوی بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچانەی هێشتا لەرووی سەربازییەوە داگیرمان نەکردووە. دەبێ بۆ ئەو سەرکردانە روونی بکەینەوە کە ئەوشتانەی دەیکەی لەبەر ناچاریی بارو دۆخی ئیستایە و هەموو کاتێکیش دەکرێ چاوی پێدا بگێڕیتەوە. هەروەها دەسەڵاتی ئەوەشت پێدراوە کە شێخ مەحموود وەك نوێنەری ئێمە لە سلێمانی دابمەزرێنی، ئەگەر ئەم هەنگاوەت بە باشی و لەبارزانی- دەشتوانی دامەزراندنی دیکەی هەمان شێوە لەچەمچەماڵ و هەڵەبجە و شوێنی دیکەش بکەی ئەگەر پێت باش بوو بە لە بارت زانی. دەبێ بۆ ئەو سەرکردانە روونی بکەیتەوە کە پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستی کە ئێمە نیازی ئەوەمان نیە ئیدارەیەکی بیانی نامۆیان بەسەردا بسەپێنین کە لەگەڵ داب و نەریت و ویستی ئەواندا نەگونجێ. دەبێ سەرەك هۆزەکان هان بدرێن یەکێتی (کونفدرالیات) پێك بهێنن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوخۆییەکانی خۆیان و لەژێر چاودێریی ئەفسەرە سیاسیە بەریتانییەکان [٢] لەبەر رۆشنایی ئەم رێنماییانە (میجر نوئیل) بەچالاکی و

---

وەك دەبینین هیچ شتێ نییە لەم بەیانەدا سەبارەت بە خولقاندنی قەوارەیێکی کوردی سەربەخۆی سیاسی کە جیاکرابێتەوە لەباقی عیراق.

(٢) بگەرێرەوە بۆ بەڵگەنامەی Fo-371-4192 سیاسی لە لاپەڕە (٩)ی سەرچاوەی پێشوو: (وقائع الامور Precis Affairs. کە دەقەکەی جیاوازە لەو دەقەی لەکتێبەکەی (ولسن)دا هاتوە، (الولاءات): بەرگی٢ ل١٢٧-١٢٨. ئەمەش ئەوەیە.... سلێمانی کە لە شێخ مەحموودەوە داوەت کرابوم بچم بۆ ئەوێ، چەند یەکەیێکی تورکیی تێدابوو کە پاشتر بەپێی مەرجەکانی ئاگر بەست لێی کشانەوە.

(المیجر نوئیل)م رەوانەکرد بۆ ئەوەی راپۆرتێکم بۆ بنووسێ سەبارەت بە حاڵ و باری ناوچەکە و زۆر بە خۆشی و (حماس)ەوە پێشوازیی لێ کرا کە لەنیوەی مانگی تشرینی دووەمدا گەیشتبووە ئەوێ و ئەم رێنماییانەم دایێ:

"تۆ ئێستا لەیەکی تشرینی دوەمەوە ئەفسەری سیاسی سەنجەقی (لواء) کەرکوکی. ئەم لیوایەش دەکەوێتە نێوان زێی بچووك و رووباری دیالە تا سنووری تورکی فارسی لەرۆژهەڵاتەوە بەشێکیشە لەویلایەتی موسڵ. دوا



وزەییێکی نائاساییەوە دەستی بەکارەکانی کرد شێخ مەحموودی لەجێی خۆی کەپێشتر هەیبوو دامەزراند.

شێخ پێش ئەوە بروسکەییێکی ناردبوو بۆ بەغدا و داوای کردبوو کورد لەو گەلانە جیابکرێتەوە کە راستەوخۆ لەلایەن بەریتانیاوە حوکم دەکرێن و ناشزانین ئایا ئەم داواکاریەی بۆ ئەوە بوو کە سەربەست بێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکەدا بێ دەستیوەردانی دەسەڵاتی داگیرکەر[٣]

(نوئیل) لە هەموو نوێنەرەکانی بەریتانیا زیاتر نزیك و خۆشەویست بولای کوردان چونکە کەسێکی وشیار بو هەستی بەعەدالەتی کێشەکەیان دەکرد و زۆر بە دڵسۆزیی کاری بۆ ئەو

---

چارەنوسیشی جێی بایەخ پێدانی حکوومەتی خاوەن شکۆیە. ئەم هەریمە لە ئێستادا دەکەوێتە ناوچەی داگیرکراوی سەربازییەوە و ئێمە بەڕێوەی دەبەین و هەڵسوکەوتی تۆش لەگەڵ سەرکردەکانی ئەو ناوچانە لەسەر ئەم بنەمایە و بەو سیفەتە دەبێ. ئومێدیش دەکەم کە ئەوەت لەبیر نەچێ لەوانەیە ئیدارە هێزی سەربازی رەوانەی سلێمانی بکات تا بەشێوەییێکی هەمیشەیی لەوێ بمێنێتەوە، رەنگە بۆ شوێنانی دیکەش کە دەکەونە رۆژهەڵاتی سنووری ئێستامان. لەسەرتە ئەو رێوشوینانە پەیرەو بکەی بە هاوکاریی سەرکردە ناوخۆییەکان کە ئەمن و ئاسایش سەقامگیردەکا بەتایبەتی لەو شوێنانەی دەکەونە دەرەوەی سنوری داگیرکردنی سەربازیمان.

هەروەها لەسەرتە چالاکی بەکرێ گیراوەکانی دوژمن لە ناوببەی و ئازوقەی پێویست بۆ هێزەکانمان دابین بکەی. دەسەڵاتی ئەوەشت دەدەمێ کە ئەو پارەیەی پێویستتە خەرجی بکەی لەو سنوورەی کە دەسەڵاتم پێت داوە دەبێ تۆ و سەرکردە ناوخۆییەکان ئەوەش بزانن کە ئەو تەدابیر و ئیجرائاتانەی دەیکەی لەناچاریەوە بۆیە جارەکی (موقت) دەبن و دەکرێ جاروبار چاوی پێدابگێڕدرێتەوە. هەروەها دەسەڵاتی ئەوەشت دەدەمێ کە شێخ مەحموود وەك نوێنەری ئێمە لە سلێمانی دابمەزرێنی و دەشتوانی کەسانی دیکەش لە چەمچەماڵ و هەلەبجە دابمەزرێنی ئەگەر بەپێویستت زانی و دەبێ ئەوەش بۆ ئەو سەرکردانەی پەیوەندییان پێوە دەکەی روون بکەیتەوە، کە حکوومەتی خاوەن شکۆ نایەوێ هیچ جۆرە ئیدارەیەکیان بەسەردا بسەپێنێ کە لەگەڵ داب و نەریت وویستی ئەواندا ناگونجێ. هەروەها دەبێ سەرەك هۆزەکان هان بدەی یەکێتی دروست بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەژێر چاودێری و راوێژی ئەفسەرە سیاسیە بەریتانییەکاندا. دەبێ باجی یاسایی کە بەپێی یاسای تورکەکان بەسەریاندا سەپێنراوە بدەن و بۆشت هەیە لەم مەسەلەیەدا بەپێی پێویست و ئەوەندەی پەیوەندیی بەئاسایشەوە هەبێ، خۆت بڕیار بدەی.

(٣) بروسکەکە لەراپۆرتێکدا پارێزراوە کە ئیدارە لە میسۆپۆتامیا ناردبوی بۆ وەزارەتی هیند (المستعرات) بە ژمارەی Fo.371. 3407

مەسەلەیە دەکرد، بەڵام دڵسۆزی ئەو لەگەڵ سیاسەتی حکوومەتەکەیدا دژ بەیەك بوون، ئەمەش کارەکەی ئەوی زۆر زەحمەت کرد ئەگەر (مستحیل)ی نەکردبێ. لەمانگی دواییدا (ولسن)ی حاکمی مەدەنیبەوەکالەت سەردانی سلێمانیی کرد و چاوی بەشێخ مەحموود کەوت لەگەڵ شەست کەسی دیکە لەسەرکردەکانی باشووری کوردستان و چەند سەرکردەیێکی گەورەی کوردی ئێرانیشی تێدابوو لەسنەو سەقز و هەورامانی ئێران. ماوەیێکی باش بەتەنیا لەگەڵ شێخ مەحموودا کۆبوەوە و باسی بارودۆخی سیاسی یان کردو دڵنیابوو لەوەی کە شێخ سوورە لەسەر بەرهەڵستی کردنی تورك. دوای ووت ووێژێکی درێژ رایەکی یەکگرتووی فیعلی لەسەرکردەکان دەسکەوت کە قەت قبوول ناکەن تورك بگەڕێتەوە هەروەها رێکەوتنێکی گشتی یش لەسەر ئەوەی کە هەمووان پێویستیان بە پارێزگاری بەریتانیا هەیە، بەڵام هەندێکیان گومانیان لەوە هەبوو کە بۆچی بەریتانیا کاروباری کوردستان بەڕێوەببا، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە یان سوور بوون لەسەر ئەوەی کوردستان لە عیراق جیا بکرێتەوە و لە لەندەنەوە راستەوخۆ حوکم بکرێ نەك لەبەغداوە.

دیارە ئەمانە مەبەستیان ئەوەبوو کە ئەو ئازادیە یان بۆ بهێنێ کە لەسەردەمی عوسمانیدا پیا دەیان دەکرد بەکەڵك وەرگرتن لەدووری ماوەی نێوان خۆیان و مەڵبەندی حکوومەت هەروەها (ولسن) ئەوەشی بۆ دەرکەوت لەو کاتەدا کە دەیویست شێخ بکابە حاکمی گشتی بەسەر ناوچەکەوە کە شێخ هیچ جۆرە پابەند بوون و رێزێکی لای کوردەکانی کفری و کەرکوك نییە. ئەوان گوتیان کە خەڵکی هەردوو شارەکە حەز ناکەن شێخ حوکمیان بکاو لێیان گەڕێن کاروباری خۆیان رێك بخەن بەتەنیا لەگەڵ دەسەڵاتی داگیر کەردا. بەڵام (ولسن) توانی رێکەوتنێك وەدەس بێنێ کە چل سەرکردە ئیمزایان کردبوو وەڵامەکەشی دایە دەست شێخ مەحموود و پشتگیری خۆیشی بۆ خاڵە سەرەکیەکانی پیشان دابوو لەگەڵ چەسپاندنی دەسەڵاتی شێخ.




شێخ مەحموودی حەفید


شێخ مەحموودی حەفید حوکمداری سلێمانی

لە نێو بەڵگەنامەکاندا دەقی ئەو وەڵامە نییە بەڵام ئەوەی (ولسن) باسی کردبووسەبارەت بە نامەکە و ئەوەش کە لە راپۆرتەکانی (گیرترود بل) دا باس کرابوو پشتگیری ئەوە دەکەن کە ئەو، ئەو بناغەیە بوو کە دەسەڵاتی شێخ مەحموودی لەسەر بنیات نرا. بەرامبەر بەوەش شێخ وتەییێکی بەریتانی درایێ کە دەڵێ:

" هەر هۆزێکی کورد کە لەو زەویانەدا نیشتەجێیە کە دەکەوێتە نێوان زێی گەورە و رووباری دیالە (بەدەر لە هۆزە ئێرانییەکان) بەویستی ئازادانەی خۆیان حوکمی شێخ مەحموود قبوول دەکەن و هیچ شتێکیش نییە رێ لەم مەسەلەیە بگرێ. ئێمە پشتگیریی ئەدەبیی خۆمان بۆ ئەوە دەردەبرین کە شێخ دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچانەدا جێگیر بکا کەباسکراوە لەبری حکوومەتی بەریتانی کە ئەو بەڵێنی داوە مل کەچی فەرمانەکانی بێ" ئەمەش دەقی ئەو بەڵگە نامەیەیە کە ئیمزای چل سەرکردەکەی لەسەربوو.

"لە بەر ئەوەی حکوومەتی بەریتانیا رایگەیاند کە ئامانجی لەم شەڕەدا رزگارکردنی گەلانی رۆژهەڵاتە لە حوکمی زاڵمی تورك و یارمەتیشیان بدەن بۆ بنیات نانی سەربەخۆیی خۆیان. بۆیە سەرکردە و نوێنەرانی کوردستان داوایان لە حکوومەتی بەریتانیا کرد کە قبووڵیان بکا بۆ ئەوەی بێنەژێر پارێزگاری ئەوانەوە. ئەو پەیوەندیەشی کە لەگەڵ عیراقدا دروستی دەکەن دەبێ وا نەبێ ئەمانە بێ بەش بکا لە سوودەکانی ئەم شەریکایەتییە، هەروەها تکا لە حاکمی مەدەنی گشتیی میسۆپۆتۆمیا دەکەن کە نوێنەرێکی خۆی رەوانەی ناوچەکە بکا بۆ ئەوەی یارمەتیی پێویست بگەێنێتە گەلی کورد و لەژێر چاودێری بەریتانیا دا گەلی کورد و بەرەو پێشەوە بچێ لە بواری شارستانییەت و پێشکەوتندا بە ئاشتی ئەگەر حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا بریاری دا یارمەتی و پارێزگارییان بکا ئەمانیش لەبری ئەوە بریار دەدەن مل کەچی فەرمانەکانی بن و بە ئامۆژگاری ئەوان کاربکەن[٤] (ولسن) دەڵێ کە شێخ بە دەستی خۆی ئەم بەڵگەنامەیەی دایێ. لە ناوەڕۆکی ئەو دوو بەڵگە نامەیەدا هیچی تێدانییە کە ئاماژە بە دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی بکا، جگە لەمەش هیچی ئەو تۆشی تێدانییە کە بەریتانییەکان بیرۆکەی وایان هەیە و دەیانەوێ جۆرێ لە حکوومەت یان ئیدارەیەکی کوردی دابمەزرێنن. ئەو دوو بەڵگە نامەیەش، هەردوکیان بەیەکەوە جێی رێکەوتنێکی رەسمی لە نێوان دوو لایەنی یەکسان لە دەسەڵات و سەر بەستیدا ناگرێتەوە هەرچەندە شێخ یان هەر هاووڵاتیەکی کورد وای دابنێین بەڵام گومانی تێدا نییەکە بەریتانیەکان تەنها وەك پرۆژەی کار

(٤) لە راپۆرتی ئەفسەری سیاسی (ل١٠) Fo.371-4192.P.O.A



کە شێوازێکی گشتیی هەیە تەماشایان دەکرد بێ ئەوەی هیچ پابەند بوونێکی (إلتزام)ی تێدا بێ، بەڵکو ئەو دوو بەڵگەنامەیە لەوانەیە بگۆردرێن و شێوازێکی جارەکی (موقت) یان هەبوو بریتی بوون لە رێکەوتنێك کە لەگەڵ سەرکردەییێکی ناوخۆییدا کراوە بۆ ماوەییێکی کورت و مەبەستێکی تایبەت ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە ئەو دوو بەڵگە نامەیە هیچی تێدانییە سەبارەت بەدەس نیشان کردنی دەسەڵاتی شێخ کە ئایا دەگاتە کوێ و چی دەگرێتەوە. هەروەها ئەو دوو بەڵگەنامەیە کە چل کەس ئیمزایان کردبوو بە شێخ خۆشییەوە ئەوەشی تێدابوو کە ئەو کەسانە خۆیان بە نوێنەری گەلی کوردستان دانابوو بەناوی ئەوەوە قسە دەکەن ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە دەسەڵاتی شێخ لەلایەن گەلی کوردەوە پێی دراوە نەك لە بەریتانیاوە و لە واقیعشدا ئەو خۆی وای دەبینی، بۆیە دەبایە دەسەڵاتی بگاتە هەموو کوردەکانی ویلایەتی موسڵ نەك تەنها ئەو شوێنانە بگرێتەوە بە تەنها کە بەریتانیا بۆی داناوە. بەڵام بەریتانییەکان بە پێچەوانەی ئەو و سووریش بوون لە سەر ئەوەی کە دەبێ شێخ دان بەوەدابنێ کە دەسەڵاتی لەبەریتانیاوەیە، تەنانەت حاکمی مەدەنی بە ئەنقەست ئاماژەی بەوەدا کە دەسەڵاتی شێخ لە حکوومەتی بەریتانیاوەیە، ئەمەشی زۆر بەراشکاوی و بەشێوەیەکی ناپاسەند دیاری کرد: شێخ هیچ کاتێ پشتگیری بەریتانیا وەدەس ناهێنێ لەو کاتانەدانەبێ کە فەرمانەکانی ئەوان جێبەجێ دەکا بەوسیفەتەی وەکیلی ئەوانە.

لەو دیدارەدا باس لەشتی دیکەش کرا. دەڵێن شێخ داوای کردبوو کە لێپرسراویەتی فەرمانگەکان بدرێ بە ئەفسەرە بەریتانییەکان و فەرمانبەرە کوردەکانیش لە ئیداراتی لاوەکی دا- الادارات الثانوية- یارمەتییان بدەن، نەك عەرەبەکان. هەروەها لێپرسراویەتی فەرماندەیی هێزەکانی ناوخۆش بە خۆیان بسپێردرێ لە هەموو ئەمەوە دەردەکەوێ کە بەریتانییەکان پێش ئەم دیدارە گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی کە زەحمەتە کوردستانێکی یەکگرتووی باشوور دابمەزرێنرێ، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە ناوچەکەو خەڵکەکەی زۆر دواکەوتوون هەروەها بە هۆی کێشەی عەشایری ونەبوونی رێی هاتوچۆو کەمی خوێندەواران کە بەشی ئەوەی نەدەکرد فەرمانگەکان پڕ بکەنەوەو بەڕێوەی بەرن.

راپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئیدارەی بەریتانی بۆ ماوەییێك بیری لەوە دەکردەوە کە چەند دەوڵەتۆکە (میرنیشین) یان ناوچەی ئیداری بە گوێرەی "انتساب- رەچەڵەکی" عەشایری و پێویستیە ئابوریەکان بەجیا جیا دروست بکا، بۆ ئەوەی لەدواییدا بیانخەنە پاڵ یەك و یەکەییێکی سیاسی یان لێ دروست بکەن.

لە سلێمانی کە لە پڕ بوو بە ناوەندی هەستی نەتەوەیی بەهۆی ئەو ڕۆژنامانەی دوای ئاگر بەست دامەزران، هەروەها بەهۆی هاتنی ژمارەیێکی زۆری فەرمانبەری کوردی عوسمانیی دەرکراو و لەگەڵ ئەوانیشدا کۆمەڵە ئەفسەرێ کە دەوری شێخ مەحموودیان گرت و بەفەرماندەی خۆیان دانا.

لێرەدا وتەکانی بەریتانیا و ئیجرائاتەکانی زۆر دوور دەهاتنە پێش چاو لەو پەیڤینە نێو دەوڵەتیانەی سەبارەت مافی گەلان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا و لابردنی کۆسپەکانی بەردەم خەباتی ئەو گەلانە لەپێناو سەربەخۆییدا بڵاودەکرانەوە. بۆیە بەگشتی بڕوای خەڵکی بەو تەدابیرانە لەق بوو کە بەریتانیا دەیویست لەرێی ئەوەوە کاروباری کوردستان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. هەروەها ئەو ئەزموونە تاڵەش هەبوو سەبارەت بە بەڵێنەکانی بەریتانیا لەکاتی جەنگدا کە سوپای بەریتانی لە کوردستان کشایەوە بە شێوەیەکی جارەکی (موقت) و هەموو ئەوانەی هاوکارییان کردبوو خستەبەردەم تۆڵەسەندنەوەی تورکەکان[(٥)] بۆیە کشانەوەی

(٥) ولسن: سەرچاوەی پێشوو بەرگی ٢ ل٦٨.

"بڕیاری چۆڵ کردنی کەرکوك دوای چەند ڕۆژێ لە گەیشتنی نامەکەی شێخ مەحموود جێبەجێ کرا. ناچار بوو بە کوردەکان بڵێ کە سوپای بەریتانی بەهۆی گەرما لە شارەکە و دەوروبەری دەکشێتەوە، بەڵام بەم زوانەش دەگەڕێنەوە "پاشان دەڵێ" پێشنیارەکەی شێخ مەحموودم قبول کرد کە ئەو نوێنەری ئێمە بێ ئەگەر بتوانێ و ڕێگەشم دا بەیانێك بۆ خەڵك دەربکا لەم بارەوە، ئەمەشم لە نامەیێکدا نوسی کە لەلایەن حاکمی مەدەنی گشتی یەوە ئیمزا کرابوو و ئەوی تێدا دامەزرابوو وەك نوێنەری بەریتانیا لە سلێمانی و هەموو ناوچەکە. لەهەمان کاتدا دەسکرا بە دامەزراندنی یەکەی لیڤیی کوردی لە خانەقین و هەڵەبجە بەو ئومێدەی پشتگیری حوکمی شێخ مەحموود بکەن ئەم بەیانە بڵاونەکرایەوەو تورکەکانیش گەرانەوە لە ٢٤/ی ئایاری ١٩١٨ دا کەرکوکیان داگیر کرد دوای کشانەوەی بەریتانییەکان و هێزێکیش نێردرایە سلێمانی و داگیری کرد حوکمی سەربازیی (عرفی) تێدا جاڕدرا و شێخ مەحموود و چەند کەسایەتییەکی لایەنگری ئەو گیران و هەندێکیان حوکم دران و (غرامە) خرایە سەر هەندێکی دیکەیان هەرکەسێ لە بزوتنەوەکەی شێخ مەحموود بەشداریی کردبوو تووشی زەرەر و زیان هات و خەڵکی گاڵتەیان پێ دەکردن، بەڵکو هەندێکیان زۆر شەرمەزاربوون و کەرامەتیان بریندار کرا وەك گیرتروو بیل دەڵێ( تقرير عن الاداره- سەرچاوەی پێشوو ل٤٨) پاشان دەڵێ زۆر سەیر بوکە تورکەکان توندوتیژییان بەکار نەهێنا ئەمەش لەوان نەدەوەشایەوە، پێ دەچێ لەمەدا لەوە ترسابن کە ڕاپەڕینێکی عەشایری گەورەیان دژ بەرپابێ، بۆیە پەنایان نەبردە بەر تۆڵە سەندنەوە و ئەزیەتی شێخیش یان نەدا و پاش ماوەیێکی کورت بەرەڵلایان کرد و ڕێگە یان دا بگەڕێتەوە سلێمانی و سیاسەتی خۆیان بە تەواوی



سەربازە بەریتانییەکان لە ١٩١٩ دا لە میسۆپۆتۆمیا وەك ئەوەی لە ئایاری ١٩١٨ دا رووی دا دەهاتە پێش چاویان.

لە بەریتانیادا هەرایەکی گەورە هەبوو سەبارەت بە بونی چەند فرقەیێك سەرباز لە عیراق، بۆیە حکوومەتی (لويد جورج) تووشی هێرشێکی توند بۆ سەبارەت بە خەرجییەکان و ڕۆژنامەکانیش پشتگیریی ئەو هێرشەیان کرد چونکە ئەو خەرجیانە پارەیەکی یەکجار زۆر بوو کە بۆ سوپای داگیرکەر خەرج دەکرا و دەبوو هەر هەمووی لەلایەن باجدەری بەریتانیاوە بدرێ. جگە لەوەی دەبایە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ ئەو سوپایانە بەرێ بکرابان (تسريح). لە ئەنجامی ئەمەش سوپا دەستی بەکشانەوەە کرد و واش دانرا کە هێزی ئاسمانی بەریتانی لە بڕی هێزی سەرزەمینی (القوات الارضية) ئامادەیی سەربازی سەرەکیی هەبێ لە عیراقدا. خەڵکەکەش وای بۆ چۆن کە حکوومەتی بەریتانیا ڕێگە خۆش دەکا بۆ حاکمەکانی عەرەبی، ئەگەر بۆ ئەوە نەبێ ویلایەتی موسڵ بدەنەوە تورکیا. (ولسن) دەڵێ:

«گومانی تیانیە کە کوردەکان رقیان لێمانە، چونکە جارێکی دیکە سەرمان لێیان تێکدا و تووشی گومانمان کردنەوە. بۆیان دەرکەوت کە ئەو بەڵێنانەی ئەفسەرەکان دەیاندانێ، ئەو ئەفسەرانەی جێی بڕوانەبوون، بۆیە قسەکانیشیان شایەنی ئەوە نییە پشتی پێ ببەسترێ، ئێمە هانماندان دژی تورکەکان بوەستن پاشانیش جێمان هێشتن. بەتایبەتی سەرکردەکانی هەمەوەند

گۆڕی. ئەو ئازوقەیەی لە خەڵکیان دەسەند پارەکەیان دەدانێ مووچەی لیڤی یە کوردەکان بەرێك و پێکی دەدرا. ئەم گۆڕانە کاری کردە سەر کوردەکان تەنانەت هەندێکیان چوونە پاڵ تورکەکان بۆ شەڕ.

کشانەوەی بەریتانییەکان لە کوردستان (کەرکوك) بەهۆی گەرمانەبوو وەك (ولسن) گوتی، بەڵکو بەهۆی خراپی باری سەربازی هاوپەیمانان بو لە پشتی قەفقاس (ماوراء القفقاس)بەو گریمانەیەی کە لەوانەیە ئەو هێزانەی لە میسۆپۆتۆمیادان ئەرکی دیکەیان بدرێتێ لە شوێنی دیکە. بەڵام کشانەوەکە یان زەبرێکی گەورەی گەیاندە ناوبانگیان کە تا دوای جەنگ و سەرکەوتنیشیان شوێنەواری خراپی هەر مابوو وەك (گیرترود بل) دەیگوت.. وەك چاوەروانیش دەکرا تورکەکان کەڵکی زۆریان لەمەوەرگرت.(انولد ولسن) سورە لەسەر ئەوەی کە کشانەوەکەی کەرکوکی لاشتێکی ناکاوبوو و هیچ شتێ لەو بارەوە تەنانەت لای ئەفسەری سیاسی (الميجر ريدر بولارد) کە لەوێ دامەزرابوو، نەبو ئەوەی ئەو دەیزانی بریتی بوو لەوەی کە لایەنە سەربازیەکان دەیانگوت داگیر کردنی شارەکە هەمیشەیی نییە. (بل) دەڵێ: کاریگەریەکە زۆر (انی- هەنوکەیی) و (فوری) بوو، بۆیە هەوڵی بەریتانیا بۆ دامەزراندنی هێزێکی ناوخۆیی کوردی کە بەدرێژایی ئەو هاوینە دایان بێ ئەنجام بوو، لەکاتێکدا تورکەکان توانیان هێزێکی گەورەی سوارەی کوردپێك بێنن و بە گەل سوپاکەیانی بخەن کە لەئێران بوو.

کەقەت لێمان خۆش نەبوون و ماوەیێکی دوورودرێژ و دژمنایەتییان کردین، ئەوان دەیانگوت ئەوەتا دوای ئەوەی مسیۆپۆتامیایان داگیرکرد سوپاکە یان لە ساڵی ١٩١٩ کێشایەوە و گەڕاندیانەوە بۆ وڵاتی خۆیان. ئەو بازرگان و خەڵکانەی لە بەسرە و بەغداوە دەگەڕانەوە بۆ سلێمانی، باسی ئەوەیان دەکرد کە بەسەدان سەرباز ڕۆژانە بە پاپۆر و شەمەندەفەر بەڕێ دەکرێ، خەڵکی گومانی ئەوەش دەکەن کە ئێمە لە کوردستان دەکشێینەوە و دانیشتوانە کەشی بۆ چارەنووس و پیلانی ئەوانەی هەڵپەی دەسەڵاتیانە بەجێ دێڵین. ئەم بیرۆکەیە لەدەروونیاندا چەقیبووبوو بەراستییەکی حاشا هەڵنەگر.

هۆیەکی دیکە هەبوو بۆ گومان و پشێوی، ئەویش مەسەلەی پەنابەرە ئاشوورییەکان بوو کە لە هەکاری و ورمێوە هاتبوون و کوردەکانی برادۆست لە کاتی جەنگدا لە ناوچەی ئامێدی دەریان کردبوون. لە بەهاری ١٩١٩ دا دەسەڵاتی بەریتانی لەم پەنابەرانە کە لە ئۆردوگای بەعقوبەدا بوون دوو فەوجی لیڤیی لێ پێکهێنان و بەکاریان دەهێنان بۆ کاری تەمێ کردن (التأدیب) و پاککردنەوەی هەندێ ناوچە تاکو پەنابەرەکانی تێدا نیشتەجێ بکرێ. کوردەکان زۆر لەو قسە جیددی و بە (حماسە) تەوە دەترسان کە هاوپەیمانان دەیانکردن سەبارەت بە دابینکردنی مافی چارەنووس بۆ مەسیحییەکان، هەروەها کە باسی ئەوەشیان دەکرد کە سزای ئەوە هۆزانەش دەدەن کە تاوانی جەنگیان ئەنجام داوە و هاوکاری تورکەکانیان لە قەسابخانەی ئەرمەنییەکاندا کرد.

ئیدارە تا مانگی ئایاری ١٩١٩ هیچی ئەوتۆی نەکرد بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو پروپاگەندانە تا کار گەیشتە ئەوەی بارودۆخەکە بتەقێتەوە و شۆرشێکی مەترسیدار بەرپابێ، ئەوجا ئیدارە بەیانێکی دەرکرد و ئەو قسانەی بەدرۆخستەنەوە و دووپاتیشی کردەوە کە ئەو کوردانەی بەو تۆمەتانە تاوانبارکراون داداگایی ناکرێن و لێیان ناپێچرێتەوە.

(المجر نوئیل) E. W. C. Noel ئەفسەرێکی خاوەن شارەزاییەکی دەگمەن و ئیرادییەکی پۆڵایین و چالاکییەکی کەم هاوتابوو. کاتی لەدەس خۆی نەدا بەڵکو یەکسەر دەستی کرد بەگەشتێکی فراوان و چووە ڕەواندز و هەڵەبجە و رانیەو کۆیە. لەو شارۆچکانەدا ئەفسەری سیاسیی دامەزراند و دوای لەسەرەك هۆزەکانیش کرد کاروباری هۆزەکانیان بەڕێوەبەرن بەڵام لەڕێی شێخ مەحموودەوە لای دەسەڵاتی بەریتانی بەرپرسیار دەبن. هەندێکیان وەك فەرمانبەر (مدیر ناحیە) و (قایمقام) و هەندێکی دیکەیان پارەی بۆ بڕینەوە بەهۆی سەرۆکایەتییە عەشایرییەکەیان، بە شێکیشیان بۆ ئەوەی هیچ نەکەن و ناوچەکانیان لە سنووری هۆزەکانیاندا



بە هێمنی و بێ کێشە بهێڵنەوە، پارەی نەخت و بەخششی دیکەیان دەدانێ، ئەمەش هەمان سیاسەت بوو کە لەگەڵ هۆزەکانی بلوج و پشتۆن لە ئەفغانستان پەیڕەویان دەکرد. ئەم شێوازی حوکم کردنە پەیوەندییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ئەزموونی حوکمی بەریتانی لە هیند و لە وڵاتی دیکەش کەلە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیدا بوون. چونکە سروشتی ئەو ئەرك و بەڵێنانەی کۆنفدرالیەتی باشووری کوردستانی بەیەکەوە گرێ دابوو، ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموودا بوو، یان لە دەرەوەی ئەو دەسەڵاتە، لە پەیوەندیی «السیادە والاعتماد — سەروەی و پشت پێ بە ستن-» کە لە نێوان میرنشینە هیندیە ناوخۆییە نیمچە سەربەخۆکاندا هەبوو و پێ دەگوترا «دویلات المعاهدە — دەوڵەتۆچکەی پەیمان-»: Treaty states ئەمەش مانای حوکمی ناراستەوخۆ (الحکم غیرالمباشر)ی دەگەیاند، کە (لوگارد Lugard) دایهێنا و دوای هیندیش لە نایجیریا پیادەکرا. لەم بنەمایەوە ئەو سستەمەهاتە کایەوە کە لە مێژووی ئیستعماری بەریتانیدا پێ گوترا سیستەمی ساندمان بروس Sandemon – Bruce یان سیستەمی (المالیکی Maliki).

سیستەمی ساندمان بەناوی دانەرەکەیەوە (السرروبرت ساندمان)ەوە ناونرا کە یەکێك بوو لە پیاوەکانی ئیستیعماری بەریتانی لەهیند و جێ بەجێ کەری سیاسەتی بۆ پێشەوە (الی الامام – The forward policy-) کە هەوڵی دەدا ناوچەی شاخاویە ترسناکەکەی باکووری هیند کە (بلوجستان)ی پێ دەگوترا بخرێتە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی هیندییەوە، مەبەستیش لەم سیاسەتە دوولایەنیە ئەوە بوو، لەلاییەکەوە پاراستنی دانیشتوانی سنوور لەسند لەهێرشی دانیشتوانی ناوچەشاخاویە دڕندەکان. کە هەمیشە لە مەڵبەندە شاخاوییە عاسییەکانی خۆیاندا خۆیان حەشار دەدەن و دەپارێزن. و لەلاییەکی دیکەوە هۆی بەرگری کردن لە هیند پتەوبکرێ لە ڕووی هەر هێرشێکی داهاتوودا.

سیستەمی ساندمان کە دەیویست دەسەڵاتی بەریتانی لە هەموو بلوجستاندا بڵاوبکاتەوە، پشتی بەیارمەتی دارایی دەبەست کە پێشکەش بە سیستەمە عەشایریەکە دەکرا لەرێی سەرکردەی باڵایەوە، بۆیە، لەم بارودۆخەدا ئەو پشتی بەیەك کەسی دەبەست کە بەبێ یارمەتی دارایی و «مخصصات» دڵسۆزی و پابەند بوونی مسۆگەرنەبوو، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا وەك گرێبەستێی وابو کە لایەنی کەڵك لێوەرگر لەوانەبوو لەلاییەکەوە سەنگەر بگۆڕێ بۆلاییێکی دیکە یان یاخی ببێ و رازی نەبێ ئەوکارە بکا کە پێی دەسپێردرێ، وەك پاراستنی کاروانێ،

یان ڕێگەییێکی بازرگانی، یان دابین کردنی شیویێك یان دۆلێکی ناوچە شاخاوییەکان بۆ هات و چۆ بەسەلامەتی، یانیشی جێبەجێ کردنی بڕیارێکی ئەنجوومەنی هۆز (جرگە Jirca).

ئەم سیستەمە کاتێ (بروس)ی هاوڕێی ساندمان و شەرێکی، ویستی لەهۆزەکانی (المحسود)ی پشتۆنیدا لەسەر سنووری باکووری ڕۆژاوادا تاقیی بکاتەوە شکستی هێنا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆییێك لەوانە بۆ نموونە، سەروەك هۆزەکانی (المحسود) زۆر لەوانی دیکە (دیموکراتی) ترن و پێیان دەگوترێ (ملیك)و ئەو دەسەلاتەیان نییە کە سەروەك هۆزەکانی دیکەی بلوجستان وەك (البروهی) و (البلوجی) هەیانە. (بروسی) ئاواتی دەخواست (الملیك) لە بری ئەو پارەیەی پێی دەدرێ بتوانێ جلەوی هۆزەکەی بگرێتە دەست، بەلام سەرنەکەوت، هۆیەکی دیکە هەیە بۆ ئەم سەرنەکەوتنە ئەویش ئەوەیە کە ئەو سیستەمەی پیادەکرد پێش ئەوەی لەرووی سەربازەیەوە ناوچەکانی (المحسود) کۆنترۆل بکا، ئەم ویستی (ساندمان) چیی کرد لە بلوجستان ئەمیش وابکا، بەلام هۆزەکانی (المحسود) بەپێچەوانەی (البلوجی) هەمیشە ملکەچی دەسەلاتی سەرکردە ئایینییەکان بوون کە لێیان دەترسان و هەر ئەوانیش فەرمانیان پێ دەکردن کە چەك هەلگرن دژی بەریتانییەکان وەك هاوسۆز یەك لەگەلْ ئەفغانییەکاندا کە هاو مەزەب بوون لەگەلیاندا.

لێرەدا لێکچوونێك هەیە لە نێوان ئەم هۆزانە و هۆزە کوردییەکاندا. کوردەکان وەك (المحسود) ئاشقی ئازادی و سەربەستی خۆیان بوون و زۆریش پایەندی بوون و دژی هەرکەسێك دەجەنگان کە دەیویست سەریان پێ شۆڕکا. هەروەها وەك ئەوانیش زۆر ڕێزی سەرکردە ڕۆحی یەکانی خۆیان دەگرن، تەنانەت پێش ئەوەش کە ئەو سەرکردانە بگەنە پلە و پایەی سەرکردە تەقلیدیەکانی هۆزەکان و ئاغا کان لەسەدەی نۆزدەدا [(٦)]

لەوکاتەدا کە بەریتانیەکان دەسەلاتیان گرتە دەست لە کوردستان پروپاگەندەییێکی ئایینی تورکی بەهێز و زیرەك هەبوو کە توانیبووی کۆمەلێکی زۆری کوردان بخانە سەنگەری دژایەتی کردنی بەریتانی، لەرێی پیاوانی ئایینییەوە کە لای کوردان زۆر بەرێزن و گوێ لەقسەیان دەگیرێ.

سەیرەکە لەوەدایە کە (بروس) کە کتێبەکەی بیست سالْ پێش داگیرکردنی باشووری کوردستان لەلایەن بەریتانییاوە، نوسیبوی ئەوەی (اللوردکرزن) نووسیبووی و بەرگری لە کورد کردبوو دژی ئەوە وەستابوو کە کورد دلْ ڕەقن و یاخی بوون لەسروشتیاندایە و جێی باوەڕ نین،

(٦) بگەڕێرەوە بۆ کتێبە کەمان (مبحثان علی هامش ثورة الشیخ عبدالله النهري) هەولێر ٢٠٠١.



کە دوژمنانی کورد و ئەوانی رقیان لێیانە دەیدەنە پالیان لەکتێبەکەیدا (فارسی و مەسەلەی فارسی persia and thepersian Questian) ئەمانەی هەموو خوێندبووەوە و دوای ئەوەی ئەو بەرگریەی (کرزن)ی وەرگرتبوو بەمجۆرە تەعلیقی لێدان بو «ئەگەر ناوی المحسود وەزیری — بگوڕین بەناوی کورد ئەوسا راڤە — شرح - کردنەکەمان بەتەواوی لەگەلیاندا دەگونجێ ورێك دێ [(٧)] بەلام ئەو لێرەدا بەهەلە داچوو بوو، چونکە لە بەریەك هەلۆەشانەوەی پەلەی ئەو

(٧) رتیشارد بروس (سیاسةت الی الامام ونتائجها أو خمسة و ثلاثون عاما في الحدود الشمالیة الغربیة من الهند) ١٩٠٠

Richard. L. Bruce: The for ward and ita Results or Thirty five years work Awong the Thirty five years work among the tribes on north – western frontier of India 1900 1900

ل. ١٧٠ — ١٧١

ئەو بیرۆکەیەی لای ژمارەییێك لە ئەفسەرە سیاسییەکان دروست بۆ سەبارەت بە کۆمەلگەی عەشایری کورد دوای ئەوەی هاتنە کوردستان، وای لێکردنە کە سیستەمی (ساندمان بروس) پەیڕە و بکەن بۆ چارەسەرکردرنی ئیدارە لە کوردستاندا. دەکرێ وێنەییێکی ئەم بیرۆکەیە لە راپۆرتێکی بەریتانیدا ببیستین کە ئەفسەرێکی سیاسی دیار (بارز) نووسیبووی ئەمەش دەقەکەیەتی:

«عەقلی کورد عەقلی مندالی قوتابخانەیە، بەلام دلرەقیی مندالی قوتابخانەی نیە، ئەو پێویستی بەوە هەیە رۆژێك لێی بدەن و رۆژێکی دیکە پارچە شیرنییەکی بدەنێ. زۆر توندبی لەگەلیان یان زۆر نازی بدەیتێ دەیکا بە کەسێك کە زۆر زەحمەتە رایبێنی، وەك مندالْ هەمیشە درۆ دەکا بۆ ئەوەی خۆی رزگار بکا»

W. R. Hay: nates on Rauanduz

[دیلیو. ار. های. ملاحظات عن رواندوز (٥٠٦٨ — ٣٧١، fo) December 1919]

ئەمەش رایێکی دیکەیە کە لە راپۆرتێکی رەسمیدا هاتووە «ئاغا کوردەکان دەکرێ دابەشبکرێن بۆ ئاغای باش و ئاغای خراپ. کە ئەمانە هۆی هەموو خراپە و ناپاکییەکن و پێویستە بەهەر رێگایەك بێ سنوورێکیان بۆ دابنرێ. ئەوەی ئاغا خراپەکان پالْ پێوە دەنێ دژی حکوومەت بن چاوچنۆکی و خۆی پێگەیاندیانە، بۆیە کە لووتیان بشکێنین ئەوسا خۆمان دەپارێزین و خزنەتی کوردیش دەکەین بە گشتی.

لە بەختی ئێمە ئاغا باشەکان حەزیان بە ژیانی ئاشتیانە و پارێزگاری بەرژەوەندیی جووتیارەکانیانە و دەیانەوەێ بە ئاسوودەیی و خۆشی بژین، ئەم ئاغایانەش خۆشبەختانە کەم نین. لە هەر لایێك ئەوانەمان بینی دەبێ کەلکیان لێ وەربگرین و بە هەموو توانامانەوە هەولْ بدەبن بەشداریان بکەین لە حکوم بەرێوەبردندا.

Prceis of Affairs in southern kurdistan: Reviue of civil Adwinstration Repot for Sulaimaniya Division 1914 – 1920.

سیستەمە کە لە بەرێوەبردنی باشووری کوردستاندا پیادەکرا بەڵگەی ئەوە بوو کە ناکرێ لەکوردستاندا پیادە بکرێ، رەنگە بگوترێ ئەگەر بەریتانییەکان هێزێکی سەربازییان هەبایە لەوێ بۆ ئەوەی بەزۆر بیسەپێنن یان ئەگەر شێخ مەحموود بەردەوام بوایە لە هاوکاری کردنی بەریتانییەکان، لەوانە بو سەربکەوێ. بەڵام بەریتانییەکان ئەم سیستەمەیان پیادەکرد بۆ ئەوەی هێزی سەربازی هەمیشەیی لەوێ دانەنێن، هەروەها کە حوکمێکی ناوخۆیشیان دامەزراند بەسەرۆکایەتی سەرکردەیێك کە سیفەتی ئایینی هەبوو مەبەستیان ئەوەبوو خەرجیەکان کەم بکەنەوە و (حامیە) کانیانیشیان کەم بکەنەوە و دەستیشیان کردبوو بەسەرباز دەرکردن (تسریح). رەنگە هەر هاوکاری کردنیان لەگەڵ شێخ مەحموود مانای سەرنەکەوتنی ئەوسیستەمەبو، چونکە پشت بە ستن بەیەك کەس بەتەنیها مانای وایە ئەو سیستەمەی دیانەوێ پیادەی بکەن چانسی سەرکەوتنی نییە، ئەوەش دژی دامەزراندنی حوکمێکی مەدەنی هاوچەرخ بوو لە کوردستانێکی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆمدا کە مێجەرنۆئیل بەنیازێکی پاك و بێماندووبون هەوڵی بۆدەدا.

(مجمل الشؤون في جنوب كردستان: تقرير استعراض الادراة المدنية لقسم السليمانية ١٩١٤ — ١٩٢٠-) هەڵەی ئەمە لەوەدایە کە ئەو ململانێیە هەمیشەییەی نێوان هۆزە رکابەرەکاندا و ئاغاکانی یەك هۆزدا کە قەت لەناو یەك هۆزیشدا رێك نەبون، ئەمانەی پشت گوێ خستبوو، بەتایبەتی کە ئەفسەری سیاسی دەیویست یەکێکیان هەڵبژێرێ و پرس و رای پێ بکا ئیتر یەکسەر رکابەرەکەی هەڵوێستی دوژمنایەتی حکوومەت وەردەگرێ، رێك ئەوەی فەرمانبەرە عوسمانییەکان لە رابوردوودا دەیانکرد. (النقیب های) خاوەنی ئەم بیرۆکەیە کەوتە هەمان تەڵەوە کاتێ کە هەڵبژاردنی گەورەترین ئاغاکانی خۆشناوی پشت گوێ خست و لەخۆی نزیك نەکردەوە و پرس و رای پێ نەکرد، بەڵکو یەکێکی دیکەی هەڵبژارد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دوژمنایەتی بۆ حکوومەتەکەی دروست بکا لەناو بنەماڵەی (میران) دا کە تائیستا وەك سەرچاوەی ناکۆکی لە نێوانیاندا ماوەتەوە و هەرباسی دەکەن. بۆیە نابێ بەلا مانەوە سەیر بێ وەك لەم راپۆرتەدا نوسراوە — لەکاتێکدا سیاسەتەکە دەبایە ئەفسەرە سیاسیەکان پیادەی بکەن زۆر روون بوو بریتی بولەوەی ئەوانە زەمینە خۆش بکەن بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ لە با شوری کوردستان لە ژێر چاودێر بەریتانیادا (ل١٤ی راپۆرتەکە) کەچی وا دێتە پێش چاو کە ئەوانە سوورن لەسەر مل کەچ پێکردنی کوردەکان بۆ (چاکەکانی — محاسن) رژێمی بەریتانی (الساندمانی) و سوودەکانی جا پێ یان خۆش بێ یان ناخۆش بێ. ئەلێرەوە بەبڕوای من ئەو کردەوە توند و تیژەیانەی باسمان کرد لە هەریەك لە ئامێدی و بارزان و زێبار، روویاندا دووریش نییە لە سلێمانیش لە ١٩١٩.



لە ١٨/ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ (میجر نوئێل) گەیشتە سلێمانی و تەنها پێخەفەکەی لەگەڵدابوو، بۆ رۆژی دوایی لەبەر دەرکی سەرا کۆبوونەوییێکی گەورە کرا کە هەزاران کەسی خەڵکی شار بەشدارییان تێدا کرد جگە لە عەشایری جاف و هەمەوەند و پشدەر و مەنگور ئاکۆ و بڵباس و جەباری و زەنگەنە و تالەبانی و داودە و هی دیکەش.

سەرکەوتە سەرکورسییەك و بەفارسی گوتی: (بەناوی حکوومەتی بەریتانیا و حاکمی مەدەنی گشتی لە عیراق قسەتان لەگەڵ دەکەم. ئێوە ئازادن، لە دیلی رزگارتان بۆ و شێخ مەحموودیش حوکمداری کوردستانە، منیش بەناوی حاکمی مەدەنی گشتییەوە ئەم مژدەیەتان دەدەمێ)[8] پاشان (نوئیل) گەشتێکی کرد و چووە هەولێر و رەواندز بۆئەوەی هۆزەکانی ئەو ناوچانە قەناعەت پێ بکا بێنە پاڵ کۆنفدرالییەتی باشوری کوردستان بەسەرکردایەتی شێخ مەحموود، لەسەرەتادا هەوڵەکەی سەری گرت چونکە دانیشتوانی ئەو ناوچانە و هۆزەکانیان ئامادە بوون حوکمی شێخ مەحموود قبوولٚ بکەن مادەم ئاشتی و هێمن و بارودۆخی ئابووری باش دەستەبەر دەکا بە هۆی ئەو پشتگیرییە داراییەی بەریتانیا بۆی مسۆگەر کردوون (نوئیل) هەنگاوی بە پەلەی نا بۆ فریاکەوتنی ئەو ناوچانە کە جەنگ وێرانی کردبوو لەکاتی هێرشی رووسەکان و دژە هێرشی تورکەکاندا و برێکی زۆری دانەوێڵە و ئازوقەی لە هەولێرەوە رەوانەی ئەو ناوچانە کرد و (سلفە) ی کشتوکاڵیشی دا بە جووتیارەکان. شێخ مەحموود لەلای هەموان خۆشەویست نەبوو، دوژمن و ئەوانەی بەغیلی یان پێ دەبرد و (منافس)ی بەهێزی هەبوو نەك لە کوردستان بەگشتی بەڵکو لەناو شاری سلێمانیشدا. هۆزی گەورەی جاف و باجەلان دژایەتییان دەکرد، لەنیو شێخەکانی تەریقەتدا شێخەکانی تالەبانی کەوەك ئەو (قادری)ن و شێخەکانی نەقشبەندی لە بیارەو تەوێڵە، هەموو ئەمانە دژی بوون. بێگومان شێخ نەفریشتە بوو نە پێغەمبەر و چاوەڕوانیشی نەدەکرا ئەو بەهەمان چاوی روانێژکارە بەریتانییەکانی بڕوانێتە رووداو کاروبارەکان بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بەخودی خۆی و دەسەڵاتەکەیەوە هەیە، ئەو رۆڵەی ژینگە و پەروەردەی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی کە بۆ چەند سەردەمێك لەگەڵ جۆرێك لە حکوومەت و حوکمڕانی و ئیداراتدا راهاتبو وەك ئەوەی لە رۆژاوادا هەبوو پێش چوارسەد ساڵ.

هەوڵی بەریتانییەکانیش بۆ ئەوەی شێخ بەرەو (واقعیە)تی سەدەی بیستەم راکێشن پەلەی زۆری تێدا کرا تاڕادەی هەڵەشەیی و بەسەبر و لەسەرخۆ نەبوو. ئەویش دەویست وەك مافێکی خۆی و

(٨) یادداشتەکانی رەفیق حیلمی، ل. ٣٦، محەمەد جەمیل رۆژبەیانی کردویەتی بە عەرەبی.

مافی و ئەو پۆستەی هەیەتی وەك (هنری هەشتەم) و (لویسی چواردەهەم) حوکمڕانی بکا هەروەها یە مافی خۆشی دەزانی ئەو پارە و (مخصصات) ەی لەبەر دەستیدایە بۆ کڕینی دۆستایەتی سەرکردەکانی عەشایر بەکاربێنی لە فەرمان و مەڵبەندە ئیدارییەکاندا خزم و دۆستی دابمەزرێنی و هەموو ئەوانە دووربخاتەوە کە گومانی لە دڵسۆزییان هەیە. دەڵێن — وەك سوڵتان و میرەکانی عوسمانی — داوای لە هێزەکانی سەربازی کوردی دەکرد کە سوێندی بۆ بخۆن کە دڵسۆزی ئەون، جگە لەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی دامەزراند کە ئەمش پێچەوانەی بۆچوونی (سون) بو. (مێجەرسۆن) کە دوای (نوئیل) دامەزرا بەبێزارییەوە دەنووسی «دۆستایەتیی شێخ مەحموود بەو سیفەتەی (حکمدار)ی دەوڵەتە، بەهۆی پارەی حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیاوە بو و (شعبیە)تی ئەو زیادی کرد و لە هەمانکاتیشدا هۆیەك بوو بۆ خۆش گوزەرانی و چاك بوونی باری ئابووری، ئەمەش هەمووی بە هۆی پارە و (مخصصات)ەوە بوو، دیمەنێکی دەگمەنی ئەو رۆژگارانە بوو کە سیستەمی وا لە سەرەك هۆز بکا بتوانێ خۆی و عەشیرەتەکەی موڵك وماڵی هەبێبە بێ چاودێری فەرمانبەری حکوومەت بەکاری بێنێ»[٩] بەڵام (گیرترودبل) وای بۆ ناچێ و رەخنەکانی (مێجەرسۆن) لەو سیستەمە پەسەندناکا، ئەمەش لای ئەو سەرچاوەی بێزاری و نارەزایی نەبوو، چونکە پێی وابوو کە ناکرێ دەس لە شێخ مەحموود لەو قۆناغەدا هەڵبگیرێ «بەبێ هاوکاری و پشتگیرییەکی تەواو، کە ئەمەش ئەو — مەبەستی شێخە — بۆی دەستەبەرکردین، دەبایە ئێمە — حامییە- یەکی گەورە لەوێ دابنێین، کە لەوکاتەدا نەدەکرا و — مستحیل — بوو. لەرووی سیاسییەوە دەبایە هەوڵ بدەین ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکەدا سەقامگیر بکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خۆشمان لە بەکارهێنانی هێز بۆ ئەم مەبەستە دوور بخەینەوە»[١٠] لەواقیعیدا شێخ گرنگی خۆی بۆ بەریتانییەکان دەزانی. کوردستانیش دوای ئەو هەموو کارەساتەی لە ساڵانی جەنگدا بەسەری هاتبوو، دەیویست ئارام و سەقامگیر بێ، بۆیە بە حوکمی شێخ رازی بوو بەر هەڵستکاران سەرکوت کران.

---

(٩) ل ١ — تقريدا الادارة عن قسم السليمانية ١٩١٩.

Administration Report – oathe sulaimaney a Division for the year 1919

(١٠) گیرترودبل: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣. (هەروەهاا رای ولس — الولاءات — ل ٨٦).





مێجەرسون



مێجەرسون نوئێل لە سلێمانی

سیستەمی ملکەچی عەشایری لە سەر شێوازی (الساندمانی) کەنوئێل لە باشوری کوردستان پیادەی کرد مایە رەخنەی توندی (سون) بوو کە دوای ئەو هاتە ناوچەکە و بێ ماندووبوون هەولێدا شوێنەواریشی نە هێڵێ ئەمەش بوە هۆی ئەوەی لەگەڵ شێخدا نارێك بێ. لە فەسڵێکدا کە بە ناونیشانی (چەند سەرەنجێ دەربارەی سیستەمی عەشایری لە ئیدارەدا) نووسیبووی)، باسی لایەنی خراپی ئەو سیستەمە تازەیەی کردبوو و خاڵ بەخاڵ خراپییەکانی روون کردبوەوە. لە پێشدا باسی نیەت و پێش بینی هەردوولای سەرەکیی ئەو سیستەمەی کرد بو هیچ گومانیشی نەهێشتبووەوە لەوەی کە بەریتانییەکان کاتێ ئەوسیستەمەیان سەپاندو پشتگیرییان کرد و شێخ مەحموودیش وەك ئامرازێ کە هەڵیان بژارد بۆ جێ بەجێکردنی، هەرودوولایان ئامانجی دژبەیەکیان هەبوو.،

«سیستەمی بەڕێوەبردن دەکرێ پێی بگوترێ کە سیستەمێکی عەشایری بوو کاری پێ کرا و ئەفسەری سیاسیی بەرپرس بەباشترین رێگەی دانابوو کە بەکاربێ بۆ هێنانەدیی ئاواتە نەتەوەییەکان و لە هەمانکاتیشدا بۆ پاراستنی شێوازە رەسەنەکەی تایبەتمەندییەکانی کوردستان، شێخ مەحموودیش لەلای خۆیەوە بەشێکی باشی دانابوو بۆچەسپاندنی سیستەمێکی عەشایری رەسەن کە دەتوانێ بەهۆیەوە و لەڕێ ئەوەوە بەرتیل یان هەڕەشە بکا لەسەرکردەکان بەئاسانی، هەروەها لەرێ ئەویشەوە دەتوانێ دەسەڵاتی رەهای خۆی بسەپێنێ و لە خۆیدا هەمووشتێ کۆبکاتەوە کە ئەمەش ئەو ئامانجەیە ئەو دەیەوێ و هەوڵی بۆ دەدا.

سیستەمی حوکم کردنی راستەوخۆ لەرێ فەرمانبەرانەوە، دەبێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی هۆزەکان و خولقاندنی کۆمەڵگاییێکی چالاك و تەبای دیموکرات، ئەمەش قەت لەگەڵ زەوقی ئەودا ناگونجێ، لەبەر ئەوەی ئەو — مەبەستی شێخە — راوێژکاری سەرەکیی ئەفسەری سیاسی بوو بۆیە هەوڵی دەدا سیستەمی عەشایری کەلەسەرەمەرگدایە دووبارە زیندوو بکاتەوە»[11]

زیندووکردنەوەی ئەم سیستەمەلای (سون) بزاڤێکی کۆنەپەرستانەیە لە کوردستانی باشووردا، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵگە شارستانییەکانی بە هۆی ئەو ئاشتی و ئاسوودەییەی بەخۆیەوە بینی دوای جەنگ واخەریکە لە چوارچێوە عەشاریە کە دەردەچێ. کەچی ئەو ئەفسەرە سیاسییەی بە بۆچوونی شێخ مەحموود رازی بو وائێستادەیەوێ ئەو کۆمەڵگایانە بگەرێنێتەوە ناو چوارچێوە عەشایرەکە، بەو مانایەی هەرچی سیفەتی (عەشایری) هەبێ دەبێ بخرێتە ژێردەسەڵاتی سەرەك عەشیرەت. تو بڵێی بیرۆکەی گشتی شاراوەی پشت

(١١) سون: تقرير الاداره. سەرچاوەی پێشو، ل٢.



ئەوە نەبێ کە کوردستانی باشور دابەش بکرێ بۆ چەند ناوچەیەکی عەشایری کە سەرەك هۆزەکان حوکمی بکەن؟

(سون) باسی چەند هۆزێك دەکا کە لە مێژبوو لەبەر یەك هەڵوەشابونەوە و لەناوچەی (کفری) کە ئاوهەواییکی زۆر گەرمی هەیە نیشتەجێ بوبون، کەچی داوایان لێکرا بێنەوە و یەك بگرنەوە و سەرۆکێکیشیان بۆ دانرا و دەبایە پارە و (مخصصات) یان بەگوێرەی ویستی ئەوە سەرۆکە، بۆ سەرف یکرێ.

سەرۆکی عەشیرەت کە پیادەکردنی یاسای پێ سپێردرا دەبایە دان بە شێخ مەحموددا بنێ وەك حوکمداری کوردستان حوکمەدرایش لە بڕی ئەوە پارەی بۆخەرج دەکا. ئەوە نموونەییێکی هەڵسوکەوت و سەواو مامەڵەییکی عەشایرانە بو، بەڵام مەدەنیەت کوژ بوو هەروەها بازرگانی و ئابووری و پێشکەوتن و هەموو رەواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ لەناودەبا بەڵکو هەندێ جاریش دەبووە هۆی پشێوی و ئاژاوە و تێکدانی ئاسوودەیی گشتی.

ئەو (و قائع) انەی (مێجەرسون) لە سلێمانی تۆماری کردبوون خەباتێکی بێ و چان دژی ئەنجامە سروشتییەکانی ئەم سیستەمە پیشان دەدەن. تاوانبارێکی عەشایری هەر خۆی فڕێ دەداتە ژێر پێی سەرکردە ناوخۆییەکەی بەهانایەوە دەچن و فریای دەکەون. تاوانبارێکی خاوەن پلە و پایە کە دەچێتە لای شێخ نەك هەر لێی دەبورا بەڵکو پاداشیشی دەدرایێ — تکریم-

هەر تاوانێك چەند گەورە بوایە بە هۆی ملکەچ بوون بۆ شێخ لە بیر دەکرا، چونکە شێخ لەگەڵ سەرەك هۆزە بەرپرسیارەکە رێك دەکەوت و لە تاوانبارەکە کە لە هۆزەکەی ئەو بوو دەبورا و وازی لێ دەهێنرا.

سیستەمی عەشایری سیستەمێکی ئایدیالییە لەرووی تیۆرییەوە، بەڵام کاریگەرییەکانی خراپن و رێ دەدا بە ئاشوب و بەرەڵڵایی و بوارێکی زۆر کەمیش بۆگەل و جەماوەر دەهێڵێتەوە تاکو بتوانن بەسەر ئەو زۆردارە بچوکانەدا سەربکەون بەکورتی سیستەمێکە زۆردار پەروەردە دەکا و خەڵکە دیموکرات خوازە باشەکەش لاواز دەکا.

ئەفسەرێکی دیکە سیاسی هەیە کە لەگەڵ بۆچوونەکەی (سون) دا رێکە، ئەویش (النقیب — پاشان — العمید —ستیڤن لونگریك)[12] کە پۆستی یاریدەدەری ئەفسەری سیاسیی هەبوو لە کەرکووك.

(١٢) دانەری کتێبی (العراق ١٩٠٠ — ١٩٥٠ تاریخ سیاسي واقتصادي و اجتماعي — و کتاب أربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث). دووا پۆستی سیاسی کە هەیبوو: حاکمی گشتی لە رۆدیسیا پێش سەربەخۆیی کە

لە راپۆرتێکیدا کە لە ٢٩/ی تشرینی دووەمی /١٩١٩ دا نووسیبووی دەڵێ: «لەگەڵ ئەوەی زۆر لە عەشایری کورد ئەم سیستەمەیان قبووڵە، بەڵام لەهەمان کاتدا بوە مایەی رق و تووڕەیی ئەوانەی سیستەمەکە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان ناکاتارادەی ئەوەی هەندێکیان ئاوات بەگەڕانەوەی سەردەمی (الافندیە) واتە فەرمانبەرانی تورك دەخوازن» لە وەش دەترسا کە پەردەی لەسەر لاچوو دەربکەوێ کە لە بواری چەوسانەنەوە و زوڵمدا یەکسانە بە حوکمی تورکان. پاشان راپۆرتەکەی بەوە کۆتایی پێ دێنێ کە ئەم سیستەمە دیموکۆاسییەت دەکاتە قوربانی نەتەوایەتی و لە وانەشە «ئاسان بێ لە بارودۆخی جیاواز دا — ئەگەر پەسەند نەبێ کە گوێ خۆت داخەی و گوێ لە هاواری بچووك نەگری —با ڕەواش بێ- دژی ئەوانەی ئێمە ئەوانمان خستوەتە پۆست و شوێنێ بەر پرسیاریەتی»

بەڵام دوایی لە راپۆرتێکی دیکەدا باسی هەندێ سوودی ئەو سیستەمەی کرد بو وگوتبووی: هەستی نەتەوەیی گەشە پێ دەکا لای کورد و خەڵکانی عەشایر لە چەوساندنەوەی فەرمانبەرە خراپ و گەندەڵەکان دەپارێزێ و ژمارەی تاوانباران و ئەوانەی لەلایەن داد و ئازادیەوە داواکراون دەکا بەیەك کەس «مەبەستی سەرەك هۆزە» رایێکی دیکە هەیە کە مایەی سەرنجە هی ئەفەسەرێکی سیاسیی بەریتانیاییە کە بۆ یەکەم جار ئاشنای ئەو سیستەمە بو کاتێ کرا بە یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە کفری ئەویش النقیب جاردین R. S. Jardine بوو، پاشان بووبە نوێنەری بەریتانیا لەکاتی کێشەی ویلایەتی موسڵدا.

دەڵێ: «سیستەمی عەشایری لە قەزاکەدا- کفری — خەریکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەمەش سیاسەتی تورکە — اتحادیەکان — کە بانگەشەی ئازادی و یەکسانی یان دەکرد وایکرد بەپەلە بەرەو هەڵوەشانەوە بڕوا. موختاری گوند دان بەهیچ بەرپرسێکدا نانێ جگە لە ئەفسەری سیاسی. ئەمەش شتێکی ئاسان و باشە بەتایبەتی لە کاتی کۆکردنەوەی باجدا — بەڵام سەروەری یاساو دا بینکردنی داد زۆر زەحمەت دەکات. لە زۆر شوێنی قەزاکەدا

ئێستا زیمبابۆی پێ دەڵێن، لە لەندەن ساڵس ١٩٢٥ چاپ کرا ئەمەیان لەلایەن (جعفر خیـاط)ەوە بەباشی کراوە بە عەرەبی — بەڵام کتێبەکەی دیکەی.

Stephen. H. Longrigg: four centuries of Modern lraq History Irag: 1900 – 1950 Political social and Econmic History

چاپی لەندەن ١٩٥٣ زۆرخراپ و زۆریش لێ فری دراوە (سليم طة التكريتي) کردویەتی بەعەرەبی.



بەرپرسیاریەتی پاراستنی یاسا و نیزام و ئاسایش دراوەتە دەس سیستەمی عەشایری. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەی دەدرێت بۆ ئەوەی لە کۆکردنەوەی باجدا بەکاربهێنرێ دەبنە هۆی دواکەوتنێکی زۆر یان خراپ رەفتار کردن لەگەڵ جووتیارە کاندا. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم سیستەمە (شایانی) ئەوەیە تاقی بکرێتەوە» هەرواش بو چونکە بەریتانییەکان بە شێوەیەکی کاتی پەنایان بۆ برد و لەبەر کەمکردنەوەی خەرجیی هێزە سەربازییەکانیان بە پلەی یەکەم(١٣)

(١٣) گیرتروبل لە راپۆرتە بەناوبانگەکەیدا (سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣) باسی ئەم خاڵی کـردووە و دەڵـێ: (لـە ئامانجەکانی ئەم سیاسەتە ئەوەبوو کە ژمارەیێکی زۆر لەشێخ و ئاغا و خاوەن موڵکەکان ئازاد بوون و کـەس نەیدە توانی قسەیان لەگەڵدا بکا لە کاتێکدا زۆریان زەویی خەڵکیان داگیرکرد بوو.

سەرەتا شێخ و ئاغاکان نیگەران بوون لەوەی دەسەڵاتی بەریتانی ببێتە هۆی ئەو پرسـیارە نالـەبارە دەربـارەی خاوەندارێتی زەوی. زۆربەی جاریش هیچ سەنەد و تاپۆیێك نەبوو تەنها بەزۆری زۆرداری داگیرکردن بوو. لەگەڵ ئەوەی دەس بە سەردا گرتنی ئاغا یان (السید — سەید) بەسـەر زەویـدا بـەو جـۆرە دژی بەرژەوەنـدیی گـشت خەڵکەکەبوو، بەڵام نەشدەکرا ئەو حاڵە بەربەست بکرێ و لەو بارودۆخەدا سنووری بۆ دابنـرێ. بـەڵکو دەبایـە ترسەکانی چیینە دەسەڵاتدارەکە برەوێنینەوە لەم بارەوە، بۆیـە داوامـان نـەکرد تۆمارکـانی تـاپۆ بهێنرێتـەوە بەغداد تاکو لێی بکۆڵینەوە بەڵکو بە شێوەیەکی کاتی وامان بەباشی زانی لە سلێمانی بیهێڵینەوە.

## فەسڵی دوازدەیەم

وەك پێشتر باسمان کرد شێخ مەحموود دەیویست هەموو مافێکی هەبێ بەپێی ئەو دەسەڵاتەی درابۆیە، بەڵام بێ ئەوەی ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ بکات، بەڵکو ئەو مەرجانەی وەك بەربەستێك دادە نا کە لە دەسەڵاتی کەم دەکاتەوە تەنانەت لەناوچەیێکی بچووکیشدا کە دەکەوتە باشوری کوردستان لەنێوان زێی بچووك و روباری سیروان (دیالە).

لەوکاتەدا (اب ١٩١٩) سیاسەتی بەریتانیا وەهابوو کە هیچ بەڵێنێك نەدا سەبارەت بەدامەزراندنی قەوارەی کوردیی نیمچە سەربەخۆی ئۆتۆئۆمی کە بەو ئیداراتە هەمیشەییەوە ببەسترێتەوە کە لە دواییدا لە دەشتەکاندا دادەمەزرێ. لەو کاتەوەی کە (کفری) یمان داگیرکرد ئەفسەرە سیاسییەکانمان پەیوەندیی هەمیشەییان لەگەڵ کەسایەتییە دیارە کوردەکاندا هەبوو لە کەرکووك و سلێمانی بەتایبەتی شێخ مەحموود کە گەورەی بنەماڵەیێکە بەگەورەی هەموو بنەماڵەکانی باشووری کوردستان دادەنرێ. کەرێ خۆش کرا (مێجر. ی. و. نوئیل) رەوانەی سلێمانی کرا بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە بڵاوبکاتەوە و سیستەمێکی ئیدارەی کاتیش دابمەزرێنێ کە خەڵکی لێی رازی بن و بەشێخ مەحمودیشی راگەیاند کەهەر کۆمەڵگاییێکی کوردی یان هۆزێك لەنێوان رووباری سیروان و زێی بچووکدا نیشتەجێیە و حەز بەسەرۆکایەتی ئەو بکەن رێیان لێ ناگیری و هەر ئەوانیش خۆیان مافی ئەو هەڵبژاردنەیان هەیە. بەڵام لەدواییدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو زۆر زێدەرۆیی لە ناوبانگی خۆیدا کردبوو و لە دواییشدا هەرێمە کەی بچووك بووەوە تەنها سلێمانی و چەند قەزاییێکی کەرکووکی لەگەڵدا مایەوە. نازناوی (حکمدار)ی پێ بەخشرا و راوێژکارێکی بەپلەی ئەفسەری سیاسی بۆ دانرا. یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە قەزاکانی چەمچەماڵ و هەڵەبجەو رانیە دامەزارێنران. ئەفسەری دیکەشی دامەزرا بۆمەشق پێ کردنی هێزێکی سەربازی کوردی بەناوی (لیڤی)ی سلێمانی، هەروەها بڕیاردرا دەزگای پۆلیسی لەسەر شێوازێکی نوێ ی بۆ رێکبخرێ. شێخ محموودیش هەر زوو خۆی کرد بەیەکی لەگرفتە هەرە سەختەکان و زۆریش لەوە داخ لە دڵ بوو کە دەسەڵاتی کەم کراوەتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی دیاریمان کرد.

لەسەردەمی تورکدا دەسەڵاتی توندێ خۆی بەسەر شارەکاندا بە هۆی دەس و پێوەندە چەکدارو بەهێزەکانیەوە سەپاندە بوو بێ ئەوەی سیفەتێکی رەسمی یان فەرمانێکی هەبێ. کەچی ئێستا کە



ئەو (حاکم) ە نازانێ و ناتوانێ سنووری دەسەڵاتی خۆی دیاری بکا سەرباری هەمووە ئەو بەربەستەکەم و لاوازەی (نوئیل)ی راوێژکاری بۆی دانا بوو»[1]

(گێرترو دبل) ئەوە ناشارێتەوە کە هەڵوێستی شێخ ئەنجامی کاریگەری ئەو کەسانەی دەوروبەری بوو کە لە بری ئەوەی ئامۆژگاری بکەن نەرم و لەسەرخۆ بێ هانیان دەدا توندبێ «شێخ ئامادە نەبوو هیچ شتێکمان لێ قبووڵ بکا لەوە کەمتر بێ کە لە سەردەمی تورکدا هەیبوو واتە سنواوردارکردنی دەسەڵاتەکەی. چوار دەوری بە ماستاو چی و (منافق) و خۆرە پێش خەر گیرابوو کە مێشکیان بە بیروبۆچوونی توند پڕکردبوو هانیان دەدا خۆی بە حاکمی هەموو کوردستان دابنێ. هەمیشە دەستی دەخستە ناو کاروباری ئیدارەی ناوخۆو فەرمانگەکانی پڕکرد لەخزم و نزیکەکانی خۆی[2] لەماوەیێکی کورتدا و بەهۆی ئەو سیستەمەی (نوئیل) داینا و شێخ توانی دەسەڵاتی خۆی زیاد بکا و بیگەبێنێتە ئەو رادەیەی بەرتیانیەکان واهەست بکەن کە خەریکە ئیشەکە لە دەستیان دەردەچێ. هێشتا مانگێ یان مانگ و چەند رۆژی تێنەپەڕیبو کە ناچاربوون و بە پێویستیان زانی کە دەبێ چاوێك بە هەموو هەڵویستیاندا لە باشووری کوردستان بگێڕنەوە.

«لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩١٩ دا گومان لەوە پەیدا بوو ئایا حیکمەت چییە لەوەی وازبێنین دەسەڵاتی شێخ مەحموود زیاد و تەشە نەبکا و بگاتە ئەم رادە زۆر فراوانە)[3]

سەیرەکەش لێرەدایە:

بەریتانییەکان لە گەشەکردنی دەسەڵاتێ پیاوێ بترسن و گلەییان هەبێ کە خۆیان یارمەتییان داو پارەیان پێ بەخشی و کرد یان بە یەکەم حاکمی کوردستانی ئۆتۆنۆم. بایی ئەوەندەی پێوەندی بەبابەتەکەمانەوە هەبێ دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: ئایاشێخ مەحموود لەو پلەیەی هەیبوو قەرزاری بەریتانییەکان بوو، ئەگەر وابێ چەند قەرزاریان بوو؟ ئەمە شتێکی لاوەکییە گرنگ ئەوەیە شێخ بیری لە چی دەکردەوە؟

من وای بۆ دەچم کە قەت هەستی بە دڵسۆزی نەکرد بەرانبەر بەریتانییەکان بۆیە لای ئەوان پیاوێکی (انتهازی) بوو وەردەگرێ و هیچ نادا، رێ بەخۆی دەدا یارمەتی داراییان لێوەربگرێ وهاوکارییان بکا ئەگەر کەڵکی بۆ خۆی تێدابێ، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بێ و چان هەوڵی دەدا

---

(١) سی. جی ادمنز c. j. Edmonds کرد ترك و عرب بگەڕێوە بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ عەرەبی لەلایەن ئێمەوە چاپی ٢ هەلێر ١٩١٩، خانەی ئاراس. ل٣٣.

(٢) بل: تقرير الاداره. سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

(٣) هەمان سەرچاوە. ل١٢

دەسەڵاتی خۆی زیاتر بکا و لەو سنوورەی بۆی دیارکراوە تێی پەڕێنێ بۆ هەر لایێك دەستی دەیگاتێ. نەیدەویست پەیوەندیی خۆی لەگەڵیاندا بپچڕێنێ، بەڵام زۆر ئاگاردیش نەبوو لە پیلانەکانیان، تاوای لێهات لە دواییدا تەنها بیری لە بەهێزی کردنی دەسەڵاتی خۆی دەکردەوە و چیتر گوێی نەدەدا بەرێکەوتنەکەی لەگەڵیان، و ئامۆژگارییەکانی ئەفسەرە سیاسییەکانی پشتگوێ خست، بەڵکو گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە چیتر کەڵك وەرناگرێ لە هاوکاری کردنی بەریتانیاو ئەوەندەش بەهێزە کە بەریتانیەکان نەوێرن دژی بوەستن بۆیە دەتوانێ هەموو شتێ بکا بێ گوێدانە ئەنجام. دوایی رووداوەکان دەریان خست کە زۆر پەلەی کرد و بیری لە ئەنجامی ئیشەکەی خۆی نەکردبووەوە لەگەڵ یەکێکدا کە ناتوانێ بەرەنگاری ببێ. ئەو ئەفسەرە سیاسییە باشانە کە ئاواتی هەموو خێرێکیان بۆ گەلی کورد دەخوازێ و بەهەموو پەرۆش و دڵسۆزییێکەوە کاریان دەکرد بۆ هێنانە دیی ئاواتەکانی لە سەربەخۆیی یان لە حوکمی زاتیدا، ئەوان سەریان سورمابوو تووشی نا ئومێدی ببوون بەڵکو هەندێکیان تووڕەش بوو لە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی شێخ و هەندێکیان بەهۆی لەناوبردنی هەموو ئەو شتانە یان دانا کە پێی گوترابوو بیکا و ئەمانیش هەوڵیان بۆ دەدا بۆیە هەندێکیان رەفتاری شێخیان بەمنداڵانە وەسف دەکرد و هەندێکی دیکەیان بە شێت.

بەڵام ئەمانە نەیاندەتوانی دیوی دووەمی شتەکان ببین ئەو دیوەی کە پەیوەندیی بە هیوا و ئاواتی شێخ و نەتەوەییە کوردەکانەوە هەبوو ئەوەی بیریان لێ دەکردەوە بۆ کورددستان کە زۆر دوور بۆ لە بیرکرنەوەی سیاسیانەی بەرژەوەندی خوازی بەریتانیا وەك باسمان کرد.

بمانەوێ و نەمانەوێ شێخ بیری لەوە دەکردەوە کە کورد یان هیچ نەبێ ئەوانەی لە باشووری کوردستان دەژین مافی خۆیانە دەوڵەتی تایبەتی خۆیان هەبێ و مافی ئەویشە سەرۆکی ئەو دەوڵەتەبێ. بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ئەنجامی چەند پەیڤینی رەسمی هاوپەیمانان لە کاتی جەنگ و لەدوای جەنگیش چەسپی، لەکاتێکدا بیرۆکەی سەرکردایەتی شێخ لەوەوە هەڵدە قوڵێ کە خاوەن پەیامە و لەبنەماڵەییێکی پایە بەرزی بەرزنجی با شووری کوردستانە. ئەوبنەماڵەیە ئەو پلە و پایەیەی پێ بەخشیووە جگە لە سێ پشت کە لە مێژووی کورد ناوچەکەدا رۆڵیان هەبووە و دەرکەوتوون. باپیری باپیری شێخ مارفی نۆدێیە کە شێخێکی قادری و زانایێکی گەورەی بەناوبانگە کە توانیی بەسەر مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا سەربەکەوێ و لە دەرباری بابانییەکان دەری بکا[٤] باپیریشی حاجی کاك ئەحمەدی کوڕێ مارفی خاوەن

(٤) بگەڕێوە بۆ فەسڵی (الامارة البابانية في الماثر الاجنبية و الوثائق الدبلوماسيه) لە کتێبەکەی ئێمە «أراء مخطورة في شؤون عراقية معاصرة» ستۆکهۆلم ١٩٩٤، ل١٤٣ — ٢٠٢.



(معجزە) و هێزی بێ هاوتا کە ئەفسانەی زۆری لە دەور تەنرابوو، باوکیشی شێخ سەعیدە کە پایەییێکی تایبەتی هەبوو لای سوڵتان عەبدولحەمید و رووداوی کوشتنیشی بە دەستی (اتحادیەکان) لە موسڵ بە شەهید کردن لە قەڵەم درا لە کاتێکدا رزگاربوونی خۆی بە بەخشینێکی خوایی لە قەڵەم درا و بۆە سەرۆکی تەریقەتی قادری، بەڵام ئەو کوشتنە بو بە هێمای رقی بەرزنجەییەکان لە حوکمی عوسمانی. بنەماڵەکەی شێخ جێی بنەماڵەی فەرمانرەوەای بابانییەکانی گرتەوە دوای روخانی و وەك سەرۆکی ئەو بنەماڵەیە مایەوە و خۆی بە حاکمی شەرعی شارەزوور دادەنا و هەموو والیە عوسمانییەکان کە حوکمی ویلایەتی موسڵمان کرد رێزیان دەگرت و بەقسەیان دەکرد. هەروەها لەلایەن والییەکانی ویلایەتی بەغداشەوە کاتێ سلێمانی لەرووی ئیدارییەوە بەبەغداوە بەسترابووەوە شێخ مەحموود هەرچەندە لە ڕووی تەمەنەوە لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەی بەرزنجی گەورترنەبوو (لقی نۆدێیەکان)، بەڵام وەك سەرۆك دان پێدانراوبوو و رێز و پایەیێکی تایبەتی هەبوو لەبەر بنەماڵەکەی و نەدار و هەژاریش نەبو کاتێ یارمەتیی دارایی لە بەریتانییەکان قبووڵ کرد تابگوترێ بە هۆی ئەوانەوە دەوڵەمەندبوو.

ئەو نەك حوکم کردنی ئەو هەرێمەی داگیرکەری بەریتانی بۆی دیاری کردبوو بەمافی خۆی دەزانی بەڵکو حوکم کردنی هەموو باشوری کوردستان واتە و یلایەتی موسڵی بەمافی خۆی دەزانێ، بەڵکو بەشێکی گرنگی کور دستانی فارسیش. بۆیە، لەم روانگەیەوە شێخ مەسەلەی سنووردانان بۆ دەسەڵاتی تەنها لە بەشێکی بچووکدا لەو وڵاتەی کە بە مافی خۆی دەزانێ حوکمی بکا هەوەها گوێ گرتن و بەقسەکردنی ئەفسەرێکی بەریتانی کە کەس نازانی کێیە ئەمەی بەکەم تەماشاکردنی خۆی دەزانێ.

ئەگەر بەڵگەی ئەو تۆمان بەدەستەوە نەبێ سەبارەت بەبڕوای نەگۆڕی شێخ بەدادپەروەری مەسەلەکەی و مافی ئەوەی دەبێ بەدواییدا بچێ، ئەگەر ئەو بەڵگە یەمان نەبێ، بەڵام شایەتێکمان هەیە کە قسەی (ارنولدولسن)ە کاتێ لەبەندیخانە سەری لێدابوو دوای ئەوەی خەریك بوو لەو برینەی لە شەڕی دەربەندی بازیاندا تووشی ببوو) چاك دەبوەوە. ئەم دیدارە (إنطباع) ێکی لای ئەو فەرمانبەرە گەورە بەریتانیە بەجێهێشت کە قەت لە بیر ناکرێ، هەروەها وێنەی سەرکردەییێکی رەسەنی کورد، کە دوای دەساڵ دەبارەی ئەو دەنووسێ

«لە پۆستەکەیدا لە سلێمانی لە سێ بۆنەدا بینم، لە نەخۆشخانەش بینیم کە بە شێوەیێکی زۆر گەورە و رێزەوە دەسەڵاتی داداگای سەربازی بۆ دادگایی کردنی رەت دەکردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی دوانزە خاڵەکەی (ولسن) و تەکەی ئینگلیز و فەرەنسییەکان کە لە هەشتی

(حەوتی) تشرینی دووەمی ١٩١٨دا دابویان ئەو وتەیە کرابو بە کوردی و لەسەر پەراوێزێکی سپی لەلاپەڕەییێك لە لاپەڕەکانی قورئان نوسرابوو و بەباڵیەوە بەسترابو وەك تەلیسم»[5]

ئەو دوو بەڵگە نامەیەی شێخ لەگەڵ ئایەتەکانی قورئاندا هەڵیگرتبوو، بریتی بوون لە دوان لە ژمارەیەك وتە و راوبۆچون و نامەی دیپلۆماسی بە هەموو شێوە و لە هەموو بۆنەیەکدا، ئەمە ئەو هێزانە بەرجەستە دەکا کە کاریگەرییان نەك لەسەر شێخ هەبوو بەتەنها بەڵکو بەسەر ژمارەییێکی زۆری کوردەوە هەبوو، لە وەچەی (جیل) ئەو و لە پێش هەمووشیانەوە چینی خوێندەواری هۆشیار کە لە سلێمانیی دوارۆژەکانی حوکمی ئەودا سەرچاوەی گرت دوای ئەوەی لە پاریسی و قاهیرەو ئەستەنبول د فولکستونەوە پرشنگی دا و گەیشتە چیاکانی باشوری کوردستان.

ئەگەر بمانەوێ لەو پیاوە بگەین دەبێ ئەوسێ هێزە بەراوردبکەین و بیانکێشن، پیاوێك کە رووبەرووی مەزنترین ئیمپراتۆریەت لە جیهاندا بووەوە و بەقسەو دان پێیدانانی راشکاوانەی بۆیرانەی یەکێك لە گەورەترین نوێنەرانی ئەو ئیمپراتۆریەتە. رەفتاری شێخ تەنها لەبەر رۆشنایی واقعیدا دەکرێ لێی تێبگەین. ئەو پشێوی و ئاژاوەیەی هەرسێ ویلاتەکەی گرتەوە کە بەریتانییەکان داگیریان کردبوو، لەگەڵ دەریایێك لە بیروبۆچوونی نوێ و رای ئەوتۆکە خەڵك لەگەڵیان رانەهاتبوون، هەروەها بانگەشەی سیاسی کۆمەڵە و ئایدیۆلۆجیای دژ بەیەك کە لە ململانێدا بوون. پروپاگەندە دەربارەی رووداوی خەیاڵی و پێشبینی دژبەیەکی شێوە سیاسی، وتەی لەو جۆرەی دەربارەی مافی چارەنووسی گەلانی غەیرە تورك باسمان دەکرد، کاری تێکدەرانەی تورکان و بانگەشەی — پان ئیسلامیزم — و هەوڵی راکێشانی کوردەکان بەبەڵێن و پروپاگەندەی شەریف حوسێنی کوری عەلی لە کوردستان سەبارەت بە پەیوەندیی یان ئیسلامنیزم و پروپاگەندەی بەرانبەر لە کۆمەڵەی عەرەبییەوە لەو هەرێمانەی بە عەرەبی قسەدەکەن، بانگەوازی شەریف حوسێن بۆ کوردەکان کاتی هێرش کردنە سەر تەلەعفەر چالاکیی نەتەوەییە کوردەکان لە هەموو لا و هەموو سەرچاوەییکەوە و بەهەموو جۆرێك. کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەلشەفی، بەتایبەتی ئەو کاریگەرییە گەورەیەی لەولایەتی موسڵدا هێنایەدی وەك (ولسن) دیگوت. ئەمە هەمووی جگە لە راپۆرتی دژبەیەك کە پڕبو لە قسەی ئەوانەی هەواڵ و قسە دروست دەکەن جا لە نیازی باشە وە بێ یان خراپ.

(٥) : الولاءات: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩ بەرگی ٢.



پاشان مەسەلەی ویلایەتی موسڵ دێ کە دوا رۆژی نەزانراو بو وتورکەکانیش بەهەمووشێوەیەك هەوڵیان دەدا بیگێڕنەوە ژێردەسەڵاتی خۆیان، جگە لە ناوچەی شاخاویی دوورە دەست لە کوردستان کە هێشتا بەریتانییەکان نەیگەشتبوونێ و سیخۆرەکانی تورك تیایاندا تەراتێنیان دەکرد. لە باشووری میسۆپۆتامیای وڵاتی عارەبان، ناوچەکە بەرادەییێك دەکولاّ کە لە دواییدا لە ١٩٢٠ دا ئەو تەقینەوە گەورەیەی لێکەوتەوە.

نیازی بەریتانیا سەبارەت دوارۆژی ویلایەتی موسڵ بەڵکو دوارۆژی هەموو وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە، ناروون و نادیاربوو، زۆرجار ئەو سیاسەتە وەها دەهاتە پێش چاو کە پرۆسەیەکی کاتی و ئەوزموونی بێ، کە بارودۆخی ناوچەکە پڕ بوو لە گومان بەریتانیا دەستی کرد بەکێشانەوەی هێزەکانی.

ئەم کشانەوەیە لە بەردەم خەڵکێدا رووی دەدا کە تەماشایان دەکرد و بڕوایان نە دەکرد لە کاتێکدا کە زۆرشت بەهەڵپە سێردراوی مابووەوە بەتایبەتی ئەوانەی سروشتێکی سەربازییان هەبوو.

کەسانی وەك شێخ مەحموود کە زۆری هەبوو بیپارێزێ (لە هەمانکاتدا بەریتانییەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە چیتر ناتوانرێ وەك جاران سەواو مامەڵەی لەگەڵ بکرێ).

هەموو دیاردەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئیدارەی بەریتانی ئەوەندە بە هێزەنییە کە بتوانێ ویستی خۆی بەسەردا بسەپێنێ، هەر لەم کاتەشدا بوو کە بڕیاری دا پەیوەندی لەگەڵ تورکەکان دروست بکا. ئەو راپۆرتانەی لە بەغداوە هاتن باسی ئەوەیان دەکرد کە پەیوەندییەکی لەگەڵ مەڵبەندی پروپاگەندەی تورکیدا لە (شرناخ) پەیدا کردووە جگە لە پەیوەندی کردن لەگەڵ هۆزی (گویان).

ئەم هەنگاوەی شێخ بەهیچ شتێ پاساو نادرێتەوە هەر چەندە حیسابی ئەوەشی بۆ بکەین کە لە هەستێکی نەتەوەییەوە هەڵدەقولێ هەروەها هەست کردن بەوەی کەوا بەریتانیا مەبەستی نییە بەڵێنەکەی خۆی بۆ کورد سەبارەت دروست کردنی قەوارەییێکی کوردی سەربەخۆ کە ئەو بۆ خۆی سەرۆکی بێ، مەبەستی نییە ئەو بەڵێنە جێ بەجێ بکا ئەمە ئەو هەڵە گەورەیە بوو کە شێخ تێی کەوت و ئەوەی قوڕەکەشی خەستتر کردووە ویست و ئارەزووی ئەوبو جگە لەو کەسانەی کە لە دەوری بوون و گوێی لێ دەگرتن و بەقسەی دەکردن نەك بەقسەی مامۆستا بەریتانییەکانی، بۆیە نەیدەتوانی ئەنجامەکانی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتێکی مەزندا کە لە جەنگدا سەرکەوتووبووە ئەو جەنگەی دوو ملیۆن سەربازی تێدا بەکارهێنرا جگە لە دوو ئەوەندە لە خەڵکی دیکە کە کاریان بۆ دەکردن، شێخ نەیدەتوانی چارەسەرێ بۆ ئەم کارە بدۆزێتەوە جگە لەوەی ئەوانەی

دەورپشتی وەک باسمان کرد، هانیان دەدا هەنگاوێ بنێ کە زۆر مەبەستی لە دوابو لە بری ئەوەی ئامۆژگاریی بکەن لە سەر خۆبێ. هەڵوێستی بەریتانییەنەکانیش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی ئەگەر سیاسەتێکی نەرم و هەڵوێستێکی باشتر بنوێنێ دەتوانێ بگا بە ئامانجەکانی، چونکە لە ١٩١٩ دا بەریتانییەکان ئەوەندە ماندوو بوون کە نەتوانن رووبەڕووی دوژمن ببنەوە لەکاتێکدا کێشەی نێودەڵەتی و ناوخۆیی زۆر گەورەیان تووش بووبوو، بۆیە توانای ئەوەیان نەمابو جگە لە چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەکان داوای هیچ شتێکی دیکە بکەن، ئەگەر ئەوەشیان بۆبلوێ بۆیە شێخ زۆر بەهەڵەدا چووبوو. لە هەمانکاتیشدا بەریتانیایەکان هەڵوێستێکی دیکە و بیرکردنەوەییێکی دیکە یان هەبوو «ناکرێ بڕوا بە شێخ بکرێ مەگەر ئیجرائاتی توند بکرێ بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکەی ئەگەر وانەبێ هەموو کوردستانمان لە دەس دەچێ. رەفتاری شێخ دووربینانە نییە چونکە ئەو دەڵێ گوایا دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵێکی زۆر عەشایر دەڕوا، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە بە سیاسەتەکەماندا لە باشووری کوردستان بچینەوە و ڕێبازێکی ئیداری ئەوتۆ بگرینەبەر وەک ئەوەی لە هەموولایێکی عیراقدا کردوومانە[6].

لەسەرەتای ئازاری ١٩١٩ حاکمی مەدەنی گشتی داوای کرد لە بەغدا کۆنگرەیەک ببەسترێ بۆ باسکردنی دوا بارودۆخی باشووری کوردستان. لە نێو ئامادەبواندا شارەزای وەک (نوئیل و سون و لیچمن و گوردن و ووکر و لیز) هەبون. دوای تاوتوێ کردنێکی گشتیی هەڵوێستی شێخ و دۆخی گشتی لە کوردستانی باشوور. بڕیاردرا لەسەر خۆ دەسەڵاتی شێخ کەم بکرێتەوە بەجۆرێک کە بە ئاشکرا پەیوەندییەکان نەپچڕێن[7] ئەگەر بکرێ. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە دوو بڕیاری گرنگ درا یەکەم (مێجرسون) لە بری (نوئیل) ببێ بە ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی، دووەمیشان ڕێگە بدرێ بە هەندێ ناوچە و هۆز کە بەسترابوونە وەبەشێخەوە لێی جیابکرێنەوە[8]

(٦) الولاءات: بەرگی ٢، ل ١٣٤ و تقریر عن الادارة سەرچاوەی پێشوو ل ٦٣

(٧) لیز G. m. Lees: سنتان فی کوردستان Two years in kurdistan وتارێکە لە گۆڤاری کۆمەڵەی جوگرافیایی شاهانە: ژمارە (١٥) بەرگی ٣، ١٩٢٨ – ل ٢٥٣ – ٢٥٤(الولاءات) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

(٨) دامەزراندنی (سون) بە ئەنقەست بوو بۆ ئەوەی شێخ هەست بکا کە بەریتانیا بە تەمایە بەتوندی رەفتاری لەگەڵدا بکا. چونکە (سون) زۆر رقی لە شێخ بوو قەتیش ئەو رقەی نەدەشاردەوە. ئەوەش کاتی روویدا کە (سون) بەناوی وەرگیرێکی فارسەوە خۆی لە ماڵی عادلە خانی جافدا شاردبووەوە پێش دوانزە ساڵ. بگەرێرەوە



(سون) رۆیشت بۆ سلێمانی، بەڵام لەرێ لە کفری و کەرکووک لایدا بۆ ئەوەی هەندێ قەزا و ناوحیەو هۆز لە دەسەڵاتی شێخ دەربکا و (النقیب لیز G. m. Lees)ی وەک یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە هەڵەبجە دانا.

کە لە ناوەڕاستی ئازاردا گەیشتە قایمقامییەتی کفری مانگانەی سەرکردەکانی تیرەکانی جاف و بەگزادەکانیان بۆ خۆی دابەش کرد لە کاتێکدا جاران لە شێخیان وەردەگرت، ئەمەش کارێکی نەرێنیێ (سلبی) بوو کە هیچ گومانی نەهێشتەوە لەوەی سیاسەتیان بەرانبەر شێخ گۆڕاوە و ئێستا سیاسەتێکی نوێ پەیڕەو دەکەن.

لە ئازاری ١٩١٩دا کفری و کەرکوک لە ناوچەی دەسەڵاتی شێخ دەرهێنران و (بە شێک Division)ی تازەیان لێ دروست کرا. هەڵەبجەش کە جاران لە ژێر دەسەڵاتیدا بو ئێستا بەریتانیاییەکان راستەوخۆ بەڕێوەی دەبەن.

ئەم رووداوانە دەنگدانەوەێکی زۆری هەبوو لە کوردستان و دوژمنانی شێخ زۆریان پێ خۆش بوو ئیتر دەستیان کرد بەقسە پێ وتنی و دەرخستنی کەم و کوڕییەکانی حوکمەکەی بە زێدەڕۆییەکەوە کە لە خەیاڵی خۆیانەو هەڵقولابوو چەند رۆژێ بەهێمنییەکی هەڵخەڵەتێنەر تێپەڕی کەنە دەکرا تا سەر پەردە پۆش بکرێ.

راپۆرتەکانی (سۆن) یەک لە دوای یەک باسی ئەوەیان دەکرد کە شێخ تەگەرە دەخاتە بەردەم ئیدارە و قسەی لەگەڵ ناکاوو گوێ بەڕێنماییەکانی نادا و بەچاوێکی سووک تەماشای فەرمانبەر بەریتانیەکان دەکا.

ئیدارە بیری لەوە دەکردەوە کە کێشە کە چارەسەر بکا، هەر لەو کاتەدا شێخ دەستی خۆی وەشاند. لە پڕ و بەرفەرمانی شێخ هێزێکی عەشایری لە هەورامان و مەریوانەوە بەسەرکردایەتی (محموودخان دزلی) لە نزیک سلێمانی کۆبوونەوە پاشان لە بەرەبەیانی ٢٣/ی ئایاری ١٩١٩ هاتنە ناو سلێمانی توانییان بە ئاسانی بەسەر هێزی (لیڤی) داسەربکەون کە نێردرابوون ڕێیان لێ بگرن. خەڵکانی دیکەش لە لایەنگرانی شێخ لە سلێمانی و دەوروبەری هاتنە ریزی ئەوانەوە و (المجرگرینهاوس) جێگری (سون) گیرا، بەڵام (سون) خۆی لەوێ نەبو، لەگەڵ ئەویشدا چەند ئەفسەرێکی بەریتانی گیران و شێخ خۆی بەحاکمی هەموو کوردستان دانا و هەرچی پارە هەبو لە (خزینە)دا، دەستی بەسەرداگرت و ئالای خۆی هەڵکرد و فەرمانبەر و کەسانی دیکەی لە

بۆ کیتێبەکەی to mesopo tamia and Kurdistan in Disguise لەندەن – چاپی دووەم ١٩٢٦. و (گورد و ترک و عەرەب) کە ئێمە وەرمانگێڕاوە. ل ١٣٧.

ئیدارەکەیدا دامەزراند خەتی بروسکەی نێوان کەرکوك و سلێمانی بڕی. یەکەم کەس ئەم هەواڵانەی گەیاند (النقیب لیز) بوو کە شوێنی ئیشکردنی خۆی لە خانە قین بەجێ هێشت و بە موعجیزە لە دیلی رزگای بوو.

دوای بەرپابوونی شۆڕشی بە ماوەیێکی کەم کاروانێکی حکومەتی کە لە کفرییەوە دەهاتە سلێمانی دەس شێخ کەوت کە پارە و تفەنگ ئەسپی تێدا بووە، ئەمە سەرەتاییێکی ئەنجام خراپ بوو بەریتانییەکان بریاریان دا رووبەرووی ئەم کارانە بوەستەن و فەرماندرا بە فەرماندەی (حامیە) ی کەرکوك کە (رتل)ێ بنێرێتە چەمچەماڵ لەسەر رێ گشتیی کەرکوك - سلێمانی بە مەرجێ لەوێ زیاتر نەروا، بەڵام فەرماندەی (رتل)ە کە فەرمانەکەی پشتگوێ خست و هێزێکی سوارە و پیادەی (لیڤی) لەگەڵ زرێپۆش و رەشاش کە بەسەر ترومبێلی (فورد)ەوە بەسترابوو رەوانەی دەربەندی تاسڵوجە کە (١٨) کیلۆمەتر لە سلێمانییەوە دوورە، بەڵام هێزەکە تێکشکێنراو و بۆ ٣٥ کیلۆمەتر راویان نان و ژمارەییێکی زۆری کوژراو یان هەبوو جگە لە شکاندنی چوار زرێپۆش و نۆزدە ترومبێلی (فورد).

ئەم سەرکەوتنەی شێخ لە هەموو باشووری کوردستاندا دەنگی دایەوە: (ویلسن) دەنووسێ «ئەم رووداوە بەداخەوە ئەو باوەڕەی ئەمرۆلە کوردستان بڵاوە کە ئێمە ناتوانین چیتر وەزعەکە کۆنترۆڵ بکەین، ئەوەی جێگیرکرد. شۆڕشی لە سنووری ئێران پەڕییەوە و چەند هۆزێك دژی حکومەتی ئێران راپەڕین و خۆیان بە دۆستی شێخ مەحموود لە قەڵەمدا و پشتگێری پرۆژەکەیان کرد لە کوردستانێکی ئازاد و یەکگرتوودا[٩]

دەبایە بەریتانییەکان بەپەلە کاربکەن دەنا ناوچەکانی دیکە لە دەستیان دەردەچوو «گیرتروبل» دەڵێ: «لەگەڵ ئەمەشدا و سەرەرای ئەوەی توانیبووی ئەو هێزەی ناردمان تێك بشکێنێ، شێخ ئامادە بو بۆ وت و وێژ، بەڵام تازە کارلەکار ترازابو و دەبایە بەکجاری شێخ لەناو ببەین حەملەکە (اللواء سرتیودور فریزر) فەرماندەی فیرقەی هەژدە کە لە موسڵ بوو، سەرکردایەتی دەکرد، لە کەرکووکیش دوو لیوای پیادە و (کتیبە)یێکی سوارە و زرێپۆش و بە یەکەییێکی ئاسمانی. (رتل)ێکی دیکەش لە خانەقینەوە بەرەو سلێمانی رۆیشت. هێزەکەی (فریزر) لە ١٥/ ی حوزیراندا گەیشتە چەمچەماڵ پاشان گوندی (تەکیەی کاك ئەحمەد) کە پێنج کیلۆمەتر لە دەربەندی بازیانەوە دوورە.

---

(٩) سەرچاوەی پێشوو، (الولاءات) بەرگی ٢، ل ١٣٧



بۆ رۆژی دوایی یەکە پیادەکان بە شێوەیێکی نیمچە ستوونی بە هەردوولای دەربەندا سەرکەوتن لە هەمانکاتیشدا دەربەندەکە تۆپبارانیش دەکرا کە هێزەکانی شێخ هاتنە هانای شێخەوە کەوتنە نێو دوو ئاگرەوە و هەموو لایێکیان لێ گیرا و هیچیان بۆ نەکرا، ژمارەی کوژرا و چل و هەشت کەس بوون وزیاتر لە سەد کەسیش بە دیل گیران، ئەو دوای هێزەکە بڵاوەیان لێ کرد و رایان کرد و شێخیش بە بریندار گیرا، چونکە ئەو بۆ خۆی لە ریزی پێشەوەی شەڕکەرەکان بوو سەرکردایەتی ی دەکردن. شۆڕشی شێخ مەحمود وێستگەیێکی سەرەکیی وێستگەکانی مێژووی نەتەوایەتی کوردی بۆو. شێخ لە پێشی پێشی شەڕکەرەکان و لەناوجەرگەی شەڕەکەدا بوو نەك لەدواوە بێ، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەردوو سیفەتی سەرکردایەتی تێدا بوو: ئازایەتی و بڕوای تەواو بە مەسەلەکەی هێزەکانی بەریتانیا زۆر لە چارەنووسی ئەو ئەفسەرانە دەترسان کە لەسلێمانی گیرابوون، دەترسان هەواڵی تێکشکان شێخ بگاتە ئەوێ ئەوانیش ئەو ئەفسەرانە بکوژن، بۆیە هێزێکی سوارە بەپەلە خۆی گەیاندە سلێمانی و رزگاریان کردن، پێش ئەوەی دەنگوباسی شەڕەکەیان پێ بگا، شێخ تیمار کرا تا چاك بووەوە پاشان دادگاییێکی سەربازی حوکمی مردنی بە سەردا دا، بەڵام فەرماندەی گشتی بە پێی دەسەڵاتی خۆی حوکمەکەی گۆڕی بۆ دە ساڵ پاشان گۆڕا بۆ دوورخستنەوە بۆ هنیدستان لە ساڵی ١٩٢١[١٠] شێخ (محمودغریب)ی زاوای بە پێنج ساڵ و غەرامەی دە هەزار روپیە حوکم درا[١١]

---

(١٠) «کورد و ترك و عەرەب» ادمونز، کە ئێمە وەرمانگێڕاوە، ل ٣٤ — ٣٥ و ٤٩ و ٥٣. نەمەگێرانەوەی (گیرترودبل) ە (التقریر — سەرچاوەی پێشوو) بەڵام (لیز) سەرچاوەی پێشوو دەڵێ حوکمی مردنەکە گۆڕا بۆ کاری قورس بۆ ماوەی بیست ساڵ — الاشغال الشاقة — لە کاتێکدا ادمونز دەڵێ گۆڕا بە دەساڵ پاشان دوور خستنەوە بۆ هیند. ئەمەشیان رێك ئەوەیە کە (گیرترودیل) دەیلێ — (ولسن) لە (الولاءات) دا دەڵێ گۆڕینی حوکمەکە هیچ باش نەبوو چونکە مانەوەی شێخ بە زیندوویەتی، هەرچی هیوای هێمن و ئاسوودەیی هەیە لە ناوچەی سلێمانی، لەناو دەبا.

دوای چەند ساڵێ فەرماندەی گشتی (الجزال سر جورج ماکمون (G. Mac Munn) باسی ئەو هۆیە دەکا کەوای لێکرد حوکمەکە بگۆڕێ، لەکاتی لێدوان لە موحازەرەیەکدا کە (النقیب لیز) لە ١٤/ ئازاری ١٩٢٨ بۆ ئەندامانی کۆمەڵەی ئاسییەوی ناوەندی دەیدا گوتی: شێخ مەحموویان هێنا بەدیلی لە دەربەندی بازیانەوە و دام بەدادگاییێکی سەربازی و حوکمی مردنی بەسەردادرا، من دەمزانی پیاوێکی خراپە و خەڵکی دەیانەوێ لە سێدارەی بدەم، بەڵام هیچ دادوویژدانم لەوکارەدانەدی. رێکخستنی کاروباری دوارۆژی عیراق ئەوەندە سست بۆ کە مرۆڤی تووشی سەرسوڕمان دەکرد. شێخیش هیچ پابەندی ئەوە نەبوو کە مل کەچی بەریتانییەکان نەبێ

شێخ نەیدەتوانی لە پێنج سەد کەس زیاتر جەنگاوەر ئامادە بکا بۆ شەڕ و هێزی سوارەشی نەبوو، ئەمە جگە لەوەی تەقەمەنیشی کەم بوو. دەڵێن هەندێ لەو هێزانە کە تۆپبارنەکەیان بینی و رەیان روخا و یەك فیشەکیان نەتەقان، بە تایبەتی یەکەی (لیڤی) کە بەریتانییەکان دروستیان کرد بوون. (ادمونز) دەڵێ ئەوانە تفەنگەکانیان هێنا ئێمە فەحسی بکەین تاکو بیسەلمێنن یەك فیشەکیان پێ نەتەقاندووە لە و شەڕەدا.

هەندێ راستی سەرنج راکێش هەیە کە ئەو راپۆرتانەی لە سلێمانی دەستیان بە سەرداگیرا دەری دەخەن لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە کە هیچ باسی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی و نیشتمان پەروەری یان تێدانییە. (درایڤر) دەڵێ: «بە هیچ جۆرێ باسی هۆکاری نیشتمانی کوردی لەونامە و بەڵگەنامە دۆزراوانەدا نەهاتبوو، دەس و پێوەندەکانی شێخ خەڵکیان بەناوی پاراستنی ئیسلامەوە هان دەدا[12]».

رەنگە ئەمە راست بێ و شێخ و راوێژکارەکانی وایان زانیبێ هەستی ئایینی نەك نەتەوایەتی هێزەکانی عەشایر دەوروژێنێ نەك هەستی نیشتمان پەروەری. منیش وای بۆ دەچم کەوابێ چونکە عەشایر ئەوسا، نەهاتبوون چەك هەڵگرن لە پێناو رزگاری نەتەوەیی کورددا دروشمی (نەتەوە) شتێك بوو لیّی تێنە دەگەیشتن، بەڵام (الجهاد) دروشمێکی کۆنی راکێشەری موسڵمانە.

جگە لەمەش مەسەلەی پەیوەندیی نێوان هێزەکە، هێزەکەی شێخ جگە لە خزم و کەس وکاری خۆی کە زۆریش بۆن، کۆمەڵێکی جیاجیای عەشایری جیای تێدا بو لەوانە هەروامان بە فەرماندەیی مەحموود خانی دزلی مەریوانی بەفەرماندەیی مەحمودخانی کاتی سانان و زۆربەی هەمەوەند بەفەرماندەیی سەرۆکی بالاّیان کەریمی فەتاح بەگ، و تیرەی میکا یەلّی لە جاف لەگەڵ جەباری بەفەرماندەیی سەرکردەکەیان سەید محەمەد جەباری، شێخ بزێنی بەفەرماندەیی یەکێك لە سەرۆکە کانیان فارس ئاغا. و لقێ لە سمایل عوزێری و لقێ لە شوان بەفەرماندەیی عەزیزی شەریف جەلیل هەروەها دەس و پێوەندی شێخ عەبدوڵلا عەسکەر لە قەڵا سێو کە لە ناوچەی

ئەمە جگە لەوەی کە شۆڕشەکەی کرد ئەو چواریان بە پێنج ئەفسەرەی دیل بوون لـەلای هیـچیانی نەکوشـت، بۆیە من بە هیچ شێوەییێك بە کارێکی دادپەروەرانەم نەزانی کە ئیعدامی بکـەم (لیـز: سـتنان فی کوردسـتان) سەرچاوەی پێشوو)

(١١) پارەیەکی هیندیە تا ساڵی ١٩٣٠ لە عیراق بەکار دەهات. دوایی کە پارەی عیراقی دەرچوو نرخی روپیە بە (٧٥) فلسی دانرا. لە سەدەمی خۆیدا پارەیەکی بە هێز بوو

(١٢) الکردوکردستان. سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢



ئاغجە لەر. بەڵام ژمارەی ئەوانەی لەم عەشایرانە بەشداریی شەڕەکەیان کرد کەم بوون، چونکە ئەمانە دەیانتوانی زیاتر لە دەهەزار کەس چەکدار بکەن، بەڵام ئەوەی لەشەڕەکەدا بە شدارییان کرد تەنها پێنج سەد کەس (٥٠٠) بوون. سوارەش کە (ادمونز)بە دووسەدی خەمڵانەبوون بەهیچ جۆرێ بەشداری شەڕەکەیان نەکرد دوای تێکشکانی شێخ (میجر سون) گەڕایەوە سلێمانی بۆ ئەوەی بە دەستێکی پۆڵایین حوکم بکا و ترس و تۆقاند بڵاوبکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ شتی باشی کرد. ئاشتی و ئارامی ی گەڕانەوە سلێمانی و هانی بەکارهێنانی زمانی کوردیی داو خستیە پرۆگرامی خوێندنەوە لە قوتابخانەکاندا. لە کۆتایی ساڵدا یەکەم رۆژنامەی کوردیی لە شارەکەدا دەرکرد (پێشکەوتن) کە لەلایەن خوێندەوارانی کوردەوە گاڵتەی پێدەکرا بەڵام لە دواییدا جێی خۆی کردەوە. (سون) یەکێ بوو لە پیاوەکانی ئیستعماری بەریتانی، بەڵام کابرایێکی سەیر بو هەمەوو شتێکی لێ چاوەڕوان دەکرا. بەڵام بڕواییێکی تەواو و نەگۆڕی هەبوو بە دیاری کردنی مافی چارەنووسی کورد، بۆیە کوردەکانی بەشدار کرد لە کاروباری ئیدارەی ناوخۆدا تاکو فێری رێ و شوێنی حوکم کردن بن بەڵام کات بواری نەدا، ئەمە جگە لەوەی بیروبۆچوونی ئەو سەبارەت بە دوا رۆژی کورد لە گەڵ سیاسەتی حکومەتەکەیدا نە دەگونجا. ئەوەبوو لە ئازاری ١٩٢٠ دەرکرا و پاشماوەییێك کاتێ دوا رۆژی گەلی با شوری کوردستان خرایە بەر باسی و لێکۆڵینەوە لە لەندەن و قاهیرە، ئەو لەگەڵ سیاسەتمەداری گەورەی بەریتانی (و نیسۆن چرچل) دا بوو.

(سون) کوردستانی بە جێهێشت و زۆریش داخ لەدڵ بوو سەبارەت بە سیاسەتی بەریتانیا لەوێ. دوای ئەو (مێجەر گولد سمث) دانرا، کە زۆری نەبرد تووشی کێشە و ئاشوب بوو ئاشتی یەکەی سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی تێکدا، ئایا ئەمە هەمەوو کردەوە و دەسیسەی تورکەکان بوو وەك بەریتانیەکان دەیانویست بەوچاوە ببینن؟ نەخێر بەڵکو هۆی دیکە هەبوو.

* * * *

کە کاتی ئەوەهات بەریتانییەکان بزانن کورد لە باشووری کوردستان چیی دەوێ، ئەوەندەیان زانی لە ساڵی ١٩١٩ دا تووشی چەندین کێشە هاتبوون. سەرەتا پەنایان بردە بەر (راپرسی — أستفتاء) ئەمەشیان رای سەرەك عەشایر و ئاغا و کە سانی دەس رۆشتو بوونەك رای خەڵکی (بەتاك تاك یابە نهێنی)، بەڵکو بە شێوەیەکی (جماعی) و ئاشکرا. کاتێ ئەمە شیان کرد بەریتانییەکان خۆراك و ئازوقەیان لە کوردستانی برسیدا دابەش دەکرد، لە هەمانکاتیشدا کە دەسەڵاتێکی تەواو یان بە سەر کوردستاندا هەبو بۆیە کەس چاوەڕێ ئەوەی نەدەکرد کەسی هەبێ دژیان بوەستێ و رووبەڕوویان ببێتەوە، ئەمەجگە لەو دەسکەوتە مادییانەی لە دەوڵەتێکی

یەکگرتوی وەك عیراقی ژێر چاودێری بەریتانیا دەسیان دەکەوت کە دەوری خۆی هەبوو بۆ زاڵ بوون بەسەر گومانی دوارۆژی نادیار کورد و ئەو برسییەتی و نەهامەتی یەی کە کورد دووچاری دەبێ ئەگەر لەژێر سێبەری بەریتانیادا نەبن. لێرەدا سوودی ئابووری هەیە و کورد ئەگەر جیا بێتەوە لێی بێ بەش دەبێ، جگە لە بێ بەش بوون. لە بازار و دەروازەی پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوەدا. بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەریتانییەکان دیانزانی کەویستێکی بەهێز و جیددی هەیە بۆ بەدیهێنانی بیرۆکەی باشوری کوردستانی سەربەخۆ بۆیە دەبا یەکییەتییەکی گەورەترو بەهێزتر لە یەکێتی هۆز دروست ببێ (نوئیل) دەڵێ «یەکگرتن و هاوپشتی هێشتا هۆزایەتییە نەك نەتەوایەتی[13] ئەمە کە نەدەهاتەدی، چونکە هەر کە شێخ مەحموود بە (والی) کوردستانی باشوور دانرا یەکسەر ئەوانی دیکە دژی وەستان «دەوڵەمەندەکانی کەرکوك رێگەی پێشکەوتنیان بەرەو بەغدا دەزانێ نەك بەرەو سلێمانی، ئەمە جگە لە نەبوونی هەستی نەتەوەیی لە کەرکوك و خەڵکیش زۆر لە دەسەڵاتی بەریتانی رازی بوون. هیچ سنوورێکی ئیداری لە نێوان کورد و عەرەبدانییە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا داوای پارێزگاری بەریتانییان دەکرد نەك عەرەبی»[14]

بە مجۆرە لە بیری دەوڵەتی کوردستانی باشووری پاشگەز بوونەوە و بیر یان لەوە کردەوە هەرێمێکی عەرەبی لە پاڵ ئۆتۆنۆمییەکی کوردایدا دابمەزرێ بەسەرۆکایەتی سەرۆك هۆزەکان و راوێژکارە بەریتانییەکان.

چونکە نیازی ئەوە لە گۆڕێدا نەبوو کە لە بەڵێنی جیاکردنەوەی سیاسیانەی نێوان کورد و عەرەب پەشیمان ببنەوە «ئێمە جوتیارە کوردەکانمان لە دەس دەرەبەگ و خاوەن موڵکە موسڵاوییەکان رزگارنەکرد، کە گومانی زۆر هەیە هەر عەرەب بن، بەڵام ئەوان پێیان باشە وەك چینێك چارەنوسی خۆیان بە وانەوە ببەستنەوە کە دروست بوونی حکوومەتێکی عەرەبی یان پێ باشە»[15]

ڕاپەڕینی سلێمانی و شوێنانی دیکەی کوردستانی باشوور بەریتانییەکانی هێنایە سەر ئەوە قەناعەتەی کە دەبێ بە تەواوی دەست بە سەر کاروبارە ئیدارییەکاندا بگیرێ. بەڵام

---

(١٣) نوئیل: مذکرە حول مستقبل میسوپوتامیا Fo – 317 – 4149. AMemorandum on Mesopotamia Future لە ١٥/ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨.

(١٤) سەرچاوەی پێشوو: تقریر شهري حول الادارة. ١٥/ی کانوونی یەکەم – ١٥/ی کانوونی دووەمی ١٩١٨

(١٥) مذکرە حول تقریر مصیر میسوپوتامیا. ٩/ی تەموزی ١٩١٩ لە دۆسیێی Fo. 371 - 4149



سیاسەتمەدارانی لەندەن رایێکی دیکەی دەستکاری کراوی حکوومەتی سەربەخۆی کوردستانیان هەبوو لەگەڵ بیروبۆچوونی وەکیلی حاکمی مەدەنی گشتی (ولسن) دارێك دەکەوت، (ولسن) دوای تێکشانی شێخ مەحمود بروسکەیێکی نارد بۆ وەزارەتی هیند کە تیایدا دەڵێ «ڕووداوەکانی ئەم دواییە بیروڕای منی نەگۆڕیوە کەدەبێ ئەو سیاسەتە پەیڕەو و بکەین کە حکوومەتی خاوەن شکۆ لە ١٥/ی ئایاری ١٩١٩ دا ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕیبوو سەبارەت چەند دەولەتۆکەیێکی کوردستانی خاوەن حوکمی ناوخۆیی. بەڵام رادەی چاودێری کردنەکەی دەبێ لە پێویستی وولاتەکە و (إعتبارات)ە ستراتیجییەکەوە سەرچاوە بگرێ»[16]

ئەمەش مانای جۆرە بەڵێنیکە کە شێوازێکی گشتی هەبێ و (ولسن) حەز بە (انتداب) ێکی تایبەت دەکا لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە — عصبە الامم — کە مەرجی دانانی سیستەمێکی تایبەتی حوکمرانی بۆ ناوچە کوردییەکان دیاری ناکا)[17]


سەرۆکی ئەمریکا وودرو ولسن

بەڵام کوردستان لەم قۆناغەدا بوو بە قوربانیی بانگەشەی نەتەوایەتی عەرەبی. تا ئومێدی لە حوکمی بەریتانی ی ولسنی و رقی هۆزەکانی باشوور لە حوکمێ کە دەیەوێ سنوور بۆ دەسەڵاتیان دانێ لەگەڵ گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی لەشارەکاندا. ئەمانە هەموو بونە هۆی بەرپا بوونی راپەڕینی باشوور کە بە شۆڕشی بیست ناونرا. ئەمەش بەریتانییەکانی والێکرد بە پەلە ئیش بکەن. (وکالەتی) و لسن کۆتایی پێ هێنرا وەك دەرکردن و (پرسی کوکس) هاتە جێ ی جێی کە بانگەشەی دەوڵەتێکی عەرەبی عیراقیی دا و هەوڵی دا بەهەموو شێوەیێك (وایت هۆڵ) قەناعەت پێبکا بیر لەدامە زراندنی قەوارەیێکی کوردی سەربەخۆیان نیمچە سەربەخۆ لە باشووری کوردستاندا نەکەنەوە، بەڵکو بیانبەستننەوە بەو دەوڵەتە تازە دامەزراوەوە.

---

(١٦) ولسن: سەرچاوەی پێشوو. بەرگی ٢، ل ١٤٣.

(١٧) من الحاکم المدنی العام الی وزارة المستعمرات Fo. 371 – 5067 ٤/ی شوبات ١٩٢٠.

# فەسڵی سێزدەیەم

لە مەوپێش باسی ئەوەیان کرد کە ویلایەتی موسڵ بەر فەڕەنسا کەوت، مەبەستی بەریتانیا لەمە ئەوەبوو کە ناوچەیێکی جیاکەرەوە — عازل — ی فەڕەنسی دروست ببێ لە نێوان رووس و ئەو شوێنانەی موڵکی بەرتیانیان.

پێدەچێ رووس دروست بوونی دەوڵەتێکی نوێ لەسەر سنووری دوارۆژیانی، پێ خۆش نەبووبێ، بۆیە سازانۆف لە یادداشتی ٢٩/ی شوباتی/ ١٩١٦ نارەزایی خۆی سەبارەت بەم مەسەلەیە دەربڕی، بەڵام پاشان بەیادداشتی ٢٦/ی نیسان ١٩١٧ رەزامەندی خۆی دەربڕی، بەڵام بەمەرجی ئەو ناوچانەی دەکەتنە باشووری (وان و بتلیس) بخرینە چوارچێوەی دەسەڵاتی رووسییەوە[1]، بەڵام بارودۆخەکە بەتەواوی گۆڕا کاتێ فەڕەنسا دەستی لە و یلابەتی موسڵ هەڵگرت بۆ بەریتانیا و رووسیا لە بازنەی دابەشکردنی پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەرچووە دەرەوە، بۆیە ئەو یلایەتە دوای داگیرکرنی وەك بەشێ لە عیراق دانرا تاکو بریار لەسەر دوا رۆژی دەدرێ.

لە ٢٨/ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠ کەمالییەکان (المیثاق الوطني) یان دەکرد کە ئەنجامی بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەی سیواس و ئەرزەروم بوو، ئەم (میثاق)ە رەنگدانەوەی بیروبۆچوونی کەمالییەکان بوو سەبارەت بە چارەنووسی ئەو هەریم و ویلایەتانە کە دەوڵەتی عوسمانییان لێ پێك دەهات، لەوێدا بڕیاری بنەمای ئازادی دیاری کردنی چارەنووسی وڵاتە عەرەبییەکانی باشوور هێڵی ئاگربەستی ١٩١٨ درا، بەڵام زۆر بە روونی باسی ئەوەی کرد بوو کە هەموو ئەو ناوچانەی عەرەبی موسڵمانی تێدانیشتەجێ نییە بەشێکی جیانەکراوەیە لە تورکیا[2] ئەمەش دیارە مەبەست ویلایەتی موسڵە کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردن.

(١) ڤ- مینورسکی: دراسات فی التاریخ القفقاسی ل ٩. Minorsky: studies in caucasion History کمبردج دراسات شرقیة ١٩٥٣.

(٢) بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکی لە ٢٣/ی نیسانی ١٩٢٠ درا ئەو بڕیارە بە (المیثاق الوطنی) ناسرا. ماددەی یەکەمی دەڵێ: لەکاتی پێویستدا چارەنووسی بەشەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە



ئەم (میثاق) ە یەکەم داواکاریی رەسمیی ویلایەتی موسڵە و یەکەم ئاماژەشە کە تورك نیازیان واتە دەستی بەسەر دابگرنەوە، هەروەها سەرەتای شەڕو ناکۆکی و دەس درێژیش بۆ بەدرێژایی ئەو سنووره کاتیەی ئاگربەس دیاری کردبوو کە بە هێڵی بروکسل ناسرا، ئەم دۆخە بەردوام بۆ تا بە رێکەوتنی ١٩٢٦ی ئەنگلۆ تورکی عیراقی یەکلاکرایەوەو کۆتایی هات.

ویلایەتی موسڵ چووە قۆناغی دووەمەوە کاتێ بەریتانیا قبوڵی (انتداب)ی کرد بەسەر عیراقەوە (نیسانی ١٩٢٠)، بەم پێیە و بەرەزامەندیی کۆمەڵی گەلان — عصبه الامم- بەریتانیا بوو بەلێپرسراوی هەردوو بەشی عەرەبی و کوردی ئەو دەوڵەتەی کە بەرسمی بە ناوی (العراق) ناسراو ئیتر بەریتانییەکان دەیانتوانی رووبەڕووی داواکاری تورکیا بوەستن کە داوای باشووری کوردستانی دەکرد لە بەردەم کۆمەڵەی گەلاندا — عصبة الامم — و لە لوزان و بە توندی روبەرووی تورکیای نوێ ببێتەوە بە هێز رێی لێ بگرێ لە مەسەلەی دەس بەسەر گرتنەوەی موسڵدا. هاوپەیمانان کە بڕیاری دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان دا گوێیان نەدایە - المیثاق الوطني - کە کەمالییەکان دەریان کرد، رەنگە هەر پشتگوێیان خستبێ کاتێ حکوومەتی لاوازی سوڵتان رێکەوتننامەی سیڤەری ئیمزا کرد بەهەرسێ ماددەکەیەوە (٦٢ — ٦٣ - ٦٤) کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە کورد دەدا، ئەمەش ئەنجامی کۆششی محەمەد شەریف پاشا و هاورێکانی بو لە کۆنگرەی ئاشتبوونەوە. هەرچەندە ئەم رێکەوتننامەیە سەرکەوتنەکانی کەمالییەکان هەڵیوەشاندەوە و لە بری ئەو رێکەوتننامەی لۆزان لە ١٩٢٣ دانرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا وەك رووداوێکی گرنگ دەمێنێتەوە لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیدا چونکە یەکەمجار بوو خەونی کورد لەسەر بەخۆییدا لە بەڵگەنامەیێکی نێو دەوڵەتیدا باس بکرێ و بنووسرێ.

لە ئینگیلتەرا وەزارەتی موستەعمەرات لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٠دا فەرمانگەیێکی تایبەتیی دروستکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەمووناوچەکە و ناوی (دائیرە)ی رۆژهەڵاتی

زۆرینەی عەرەبی تێدا نیشتەجێ یە و لەکاتی ئاگربەستی ٣٠/ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ دوژمن داگیری کردبوون، بە دەنگدانی ئازادی دانیشتوانی بڕیاری لەسەر دەدرێ. ئەو بەشانەی دیکەی کە زۆرینەی موسڵمانی عوسمانی یەکگرتوون لە ئایین و رەگەز و ئامانجدا، ئەمانە کە هەستی رێزی هاوبەش و مافی تەواوی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ئێستا دەگرن، ئەمانە بەشێکی جیا نەکراوەن لە تورکیا لەبەر هەرهۆیەکی (منطق)ی یان یاسایی بێ، لە ناوەوەی هێڵی ئاگربەس بێ یان لە دەرەوەی» ئەمەش بەروونی دەری دەخا کە ئەوان ویلایەتی موسڵ بە بەشێکی جیانەکراوەی تورکیا دەزانن.

ناوەڕاستی لێ نرا. لەو ئیشانەی بۆی دیاری کردبوو بەڕێوەبردنی کاروباری عیراق و بریار دان لەسەر جۆری حوکمەکەی.

وەزیری موستەعمەراتی نوێ (ونستون چەچل) لە سیاسییەکانی نەوەی نوێی بەریتانیا بوو کە خاوەن خەیاڵێکی فراوان و زۆر چالاك بوو لە چەشنی ئەوانە بوو کە ئیمراتۆریەتیان دامەزراند و لە هیچ نەدەگەڕایەوە ئەگەر بیزانیبایە سوودی ئیمپراتۆریەتی تێدایە. لە دەوری خۆشی کۆمەڵێ شارەزای کۆکردبوەوە وەك (نوئیل) و (لورنس)ی عەرەب و (روبرت یونگ). بە هەمان چالاکی دەستیکرد بە نەخشە دانان بۆ دوو کۆنگرە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رێکخستنی دوا رۆژی، کۆنگرەیەك لە لەندەن و و یەکێکی دی لە قاهیرە.

مەبەست لە کۆنگرەی لەندەن ئەوەبوو کە بگەنە رێکەوتنێ لەگەڵ تورکە نەتەوەییەکاندا (کەمالییەکان) ئەم کۆنگرەیە لە ۱۲/ی شوباتی ۱۹۲۱ بەسترا و دوو هەفتە کەمتری خایاند و لە ۱/ی ئازاردا بەرەسمی بڕیاری سەرنەکەوتنی درا کاتێ کە (بکر سامی) نوێنەری ئەنقەرە رایگەیاند کە نەتە وەییەتورکەکان ئامادەنیین بەشداری وتوێژ بکەن ئەگەر نوێنەری حکوومەتی سوڵتان ئامادەبێ، هەروەها داواکاریی هاوپەیمانیشی قبوڵ نەکرد کە رێکەوتننامەی (سیڤەر) ببێتە بناغەی وتوێژ.

لە کۆنگرەی قاهیرە کە لە ۱۲/ی ئازاری ۱۹۲۱ دا بەسترا چل شارەزا هەبوو بۆ یەکێ زیاتر لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە نێوانیدا نوێنەری باڵا — المندوب السامی — و ئەفسەرە فەرمانەدەکان لە فەلەستین وعیراق[3] و (المفوض)ی گشتی لە فارسی کە لە کەندا و دادەنیشت حاکمی سۆماڵی گشتی کە لە (عدن) دادەنیشت و یاریدەرە مەدەنی و سەربازییەکانیش. لە دانیشتنی یەکەمدا (چرچل) ئامانجی بەستنی کۆنگرەکەی روونکردەوە پاشان نەخشە و

(۳) — شاندی عیراق لە (السرپیرسی) کوکس) نوێنەری باڵا لە عیراق — المندوب السامی — بە گوێرەی بریاری (انتداب) و سکرتیرەی رۆژهەڵات (مس گیرترودبل) و فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەریتانیا لە عیراق (الجنزال سر یلمر هالدین) و وەزیری بەرگری حکومەتی عیراق جەعفەر عەسکەری ووەزیری دارایی ساسۆن حسقێل، ئەم دووانەی دوایی ئەندام نەبوون لە گۆنگرە بەڵکو وەك شارەزای راوێژکار لەگەل شاندەکە دانران و لەکاتی پێو، یستیدا رایان وەربگیرێ. لەوە دەچێ (کوکس) بە پێویستی نەزانیبێ کە شارەزایەکی کورد لە وشاندەدا هەبێ.




چەرچل

بەرنامەی داهاتوو دانرا و ئامادەبوان بوون بە دوو بە شەوە بۆ بەدواداچوونی کارەکان. لیژنەیێکی سیاسی کە _چەرچل) خۆی سەرۆکایەتیی دەکرد و لیژنەیێکی سەربازی و دارایی (السر ولتر کۆنگریف SIRWALTER CONGRAVE) سەرۆکایەتی دەکرد، بەمەرجێ هەردوو لیژنەکە ببنەوە بەیەك کاتێ پێشنیارە سەربازییەکان لەگەڵ ئەوانەی سیاسیدا رێك دەخرێ یان کاتێ بەگوێرەی نەخشەی کار باسیان دەکرێ.

کۆنگرە نزیکەی چل تا پەنجا کۆبوونەوەی لە ئوتێل سەمیرامیس لە قاهیرە کرد و دوانزە رۆژی خایاند و زۆریش بە نهێنی کرا بۆیە کوردەکان هیچیان لە بارەی ئەو دوارۆژەی بۆ باشووری کوردستان دیاری کراوە نەزانی تا ماوەیێکی زۆری بەسەردا تێپەڕی. مەسەلەی دووەمیش باسی هەڵبژاردنی سەرۆکێك بوو بۆ ئەو قەوارە تازەیە و پەیوەندیی دەوڵەتە نوێ کە لەگەڵ بەریتانیادا لە رووی داراییەوە و چۆنیەتی رێکخستنی مەسەلەی بەرگری کردن لەو دەوڵەتە. لەم رووەوە بڕیارەکان بەبێ هیچ کێشەیێك دران بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بەسەرۆك دەوڵەتەوە هەبوو، چونکە رێککەوتن لەسەر ئەوەی (فەیسەلی کوڕی حسێن) بکرێ بە پاشای عیراق دوای راپرسی. لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەدا (چرچل) ئەوەی روونکردەوە کە ئەم کۆنگرەیە بۆ ئەوەیە رێ لە خزینی سیاسەتی بەریتانی بگیرێ بەرەو ئەنجامێك کە نەزانراو ئەمین نەبێ، ئەو سیاسەتەی لە ساڵی ۱۹۲۰ ەوە دەستی پێکرد و تا سەرەتای ساڵی ۱۹۲۱ بەردەوام بوو. پاشان یادداشتی فەرمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەبارەت بە دوارۆژی کوردستان پێشکەشی بە لیژنەی سیاسی کرد کە خۆی سەرۆکی بوو بۆ لێدوان و راییکی لەسەربدەن. جگە لە سەرۆك لیژنەکە، (سرپرسی کوکس) و (مس گیر ترودبل) و (العقید ت. ی. لورنس) و میجر هربر یونگ) و (مێجر بابکوك R. D. Babcock) سکرتێری لیژنەی سیاسی تایبەت بە کوردستان و (مێجر نوئیل) وەك ئەندامی راوێژکار، هەموو ئەمانەی تێدا بوو.

لەو یادداشتەی فەرمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەراست پێشکەشی کردبو بە لێژنەی سیاسی نووسرابوو «رای بەهێزی ئێمە ئەوەیە کە ناوچە کوردیەکان نابێ بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە عەرەبییە کە لە میسۆ پۆتامیا دروست دەکرێ، بۆیە دەبێ حکوومەتی خاوەن شکۆ هەوڵ بدا و بەپێی توانا هانی مەبدەئی یەکێتی کوردی بدا و پێناسی کوردی چاودێری بکا. دیاری کردنی ئەو ناوچەیەی حکومەتی خاوەن شکۆ دەتوانێ ئەم سیاسەتەی تێدا پەیڕەو بکا، بەپێی پێویست پشت بەو مەرجە کۆتاییانە دەبەستێ کە لە ئەنجامی رێکەوتنێکی ئاشتییانە لەگەڵ تورکیادا دێنە ئاراوە. پێوانەی ئەم ناوچەیە هەر چەنێك بێ ئێمە لەو بڕوایە داین کە حکوومەتی خاوەن شکۆ ئاسانکاری بۆ بوونی جۆرێك لە سیستەمی ناوەندی کوردی دەکا کە راوێژکارێکی بەریتانیی لەگەڵ بێ، بەمەرجێ ئەم راوێژکارە سەر بەنوێنەری باڵا بێ — المندوب السامی — لە میسۆپۆتامیا و هەر لەرێی ئەویشەوە پەیوەندیی لەگەڵ حکوومەتی خاوەن شکۆدا دەبێ.

لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٥/ی ئازاری لێژنەکە، (السرپیرسی کوکس) قسەی کرد سەبارەت بە ناوەرۆکی یاداشتی فەرمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و گوتی کورد تەنها لە کەرکووك و سلێمانی و ناوچەکانی باکووی ویلایەتی موسڵ زۆرینەن کە بەشێکی جیانەکراوەی عیراقە.

(هربرت یونگ) بەرپەرچی دایەوە پێشنیاری ئەوەی کرد کە یەکسەر و بێ دواکەوتن دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ و بخرێتە ژێر چاودێری راستەوخۆی نوێنەری باڵا نەك بەشێك بێ لە عیراق یان لە بەرپرسیاریەتی حکوومەتەکەیدابێ.

(میجر نوئیل) لەوەدا لایەنگیریی کرد. (ونستون چرچل) رای وابوو کە ئەو حوکمێکی زاتی تەواوی کوردستانی باشووری پێ باشە Home Rule لەبەر ئەوەی دەیویست دەوڵەتێکی جیاکەرەوە هەبێ لە نێوان فشاری تورکی لە (دەرەوە) و پەیدابوونی بزاڤێکی عیراقیی دژ بەریتانیا لە (ناوەوە). و رەزامەندی خۆی بۆ راکانی (یونگ) و (نوئیل) دەربڕی. پاشان گوتی کە حکوومەتی داهاتووی عیراق کە خاوەن سوپایێکی عەرەبی بێ هیوا و ئاواتەکانی کورد پشت گوێ دەخاو وەك کەمایەتیش دەیان چەوسێنێتەوە. پاشان وەك ئاگادارکردنەوەیێك گوتی «ئەگەر بوار بۆ کوردەکان نەرەخسێ حوکمی خۆیان بۆ خۆیان بکەن و بەسترانەوە بە دەوڵەتی تازە دروست بوی عیراقەوە ئەوسا هەر میرێکی شەریفی (نیسبەت بۆ شەریفی مەککە و لێرەدا مەبەستی فەیسەڵە) هەرچەندە دیمەکراتی بێ وبێ لایەنانە بیر بکاتەوە کە هێزی بەدەس خۆیەوە دی دوور نییە لە رووی ئاواتی نەتەوەیی کورد و بەرژەوەندی کوردا وەك کە مایەتییەکی



رەگەزی بوەستێ، بۆیە هیچ رێگایێکی دیکە نییە کە لە بەرژەوەندی بەریتانیادا بێ جگە لە دروست کردنی دەوڵەتێکی جیاکەرەوەی Buffer State کوردی لە نێوان عیراق و تورکیا دا.

لێژنەکارەکانی خۆی کۆتایی پێ هێنا بە راسپاردەکەی (یونگ) کە داوا دەکا باشووری کوردستان بە جیاکراوەیی بمێنێتەوە نەبەسترێ بە عیراقەوە. (چرچل) و (نوئیل) و (لورنس) کە زۆرینەن لایەنگری ئەو راسپاردەیە بوو ئەوانەی دژی بوون (السرپیرس) و (گیرترودبل) بوون. رای (بابکوك) ی سکرتێر وەرنەگیراو لەوت وێژەکەدا بەشداریی نەکرد. بەڵام زۆرینە لەبەر دڵی (السرپیرسی) مەرجێکی دانا کە (ئەم بڕیارە تاسێ ساڵ کاری پێ ناکرێ بۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن رای خۆیان دەربڕن ئایا دەچنە پاڵ عیراق یان نە.

لە یەکی ئایار دا ئەم رایە بڕیاری لەسەر درا زۆرینە وای پێ باشی بوویان لە واقعیدا دەیویست باشووری کوردستان لە عیراق جیا کرابێتەوە بەمەرجێ بەرپرسیاریەتەکە بخرێتە ئەستۆی نوێنەری باڵای — المندوب السامی — بە ریتانی- فەرمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەراست پشتگیرییەکی بەهێزی (چرچل)ی کرد لەم مەسەلەیەدا. بەڵام لە داوییدا سیاسەتێکی دژ — کە مرۆڤ تووشی سەرسورمان دەکات- هاتە ئاراوە، لەدوای چەند مانگێ بڕیاری زۆرینە پشتگوێ خرا و کاری پێ نەکرا و لەبری ئەوە پلانەکەی (کوکس) جێبەجێکرا. بەهەموو ئەو کارەستانەی لێی کەوتەوە. و (کوکس) خاوەن رۆڵی سەرەکی بو لەم مەسەلەیەدا و (گیرترودبل)ی یاریدەدەریشی پشتگیریی دەکرد.

دەگوترا کە (کوکس) گوێ رایەڵی ئەو رایە بوو کە عیراقییەکان کوردستانێکی سەربەخۆیان ناوێ لەبەر ئەوەی زەحمەتە سەرکردەیەکی کورد بدۆزێتەوە مل کەچی فەرمانەکان بێ تا ئەو رادەیەی پێویست بێ و شیاوی ئەو قەرارە ئازادە بێ رەنگە (کوکس) بۆیە پابەندی ئەم سیاسەتە بۆ چونکە عەرەبەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی ناکرێ دەوڵەتێکی باش لە هەردوویلایەنی بەغدا و بەسرە دروست بکرێ.

لەگەڵ ئەم بریارەدا بڕیاریش درا فەیسەل بکرێ بە پاشای عیراق. فەیسەڵ لە ٢٠/ی حوزیران گەیشتە بەندەری بەسرە و لە ٢٣/ی ئاب دوای راپرسیەك کە ٩٦٪ رایان بۆ دا، کرا بە پاشای عیراق. نوێنەری باڵا خۆی لە ئاست بەشداری نەکردنی کەرکووك و سلێمانی لەو راپرسیەدا گێل کرد و گوێ نەدا پێ، چونکە لەو ناوچانە خەڵکی مەترسییەکی زۆریان هەبوو سەبارەت بە دوارۆژی دەسەڵاتی عەرەب بەسەر حکوومەتی بەغدادا.

لەبەر ئەمە بۆ ئەوەی بەرەواڵەت وای دەرەنجا کە نوێنەری باڵا دەیەوێ بڕیاری کۆنگرەی قاهیرە جێبەجێ بکا لە شەشی ئایاری ١٩٢١ دا و تەیێکی داو ئەفسەرە سیاسییەکانی موسڵ کەرکوك و سلێمانی و هەولێری ئاگادارکردەوە سەبارەت بەوەی کە بە دەستەوەیە بکرێ، کە لە راستیدا رێ خۆش کەر بۆ نە خشەکەی خۆی «نوێنەری باڵا بەشێوەیەکی جیدی و عەمەلی دەروانێتە ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە بنرێن سەبارەت بەرێوەبردنی ناوچە کوردییەکان لە عیراقدا. وای پێ گەیشتووە کە خەڵکی لەوە دەترسن ببەسترێنەوە بەحکوومەتی بەغداوە بۆیە هەندێکیان داوای سیستەمێکی سەربەخۆ دەکەن، لە هەمانکاتدا ئەوەشی پێ گەیشتووە کە سەرکردەکانی رای گشتی کوردی هەست بەو پەیوەندیە ئابووری و پیشەسازییە بەهێزە دەکەن کە بە عیراقیانەوە دەبەستێتەوە، بۆیە نوێنەری باڵا پێی باشە ئەگەر بکرێ رێ خۆش کرێ بۆ داواکارییە رستەقینەکانی کورد. ئەگەر دەیانەوێ لەچوارچێوەی حکومەتی عیراق بمێننەوە ئەو ئامادەیە ئەم پێشنیارە بخاتە بەردەم حکوومەتی عیراق.

١- سەبارەت بەناوچە کوردییەکانی (لواء) موسڵ کە لەناو (انتداب) ی بەریتانیدایە، لوایێکی فەرعی sub Liwa دروست دەکرێ بریتی دەبێ لە قەزاکانی زاخۆ و ئاکرێ و دهۆك و ئامێدی و مەڵبەندەکەی دهۆك دەبێ و یاریدەدەری (متصرف) ێکی بەریتانی بەرێوەی دەبا جگە لە (قایمقامی) بەریتانیانی بۆ ئەوەی دوایی کورد یان عەرەب بخرێنە جێی ئەوانە لەوانەی کوردی دەزانن و کورد پێیان رازی دەبێ. ئەم لێوا فەرعییە لەکاروباری دارایی و دادوەریدا دەبەسترێتەوە بە حکومەتی نیشتیمانی بەغداوە و نوێنەری خۆیشی دەنێرێتە پەرلەمانی عیراق. سەبارەت بەکاروباری گشتیش قایمقامەکان پەیوەندیی بە (متصرف)ـە بەریتانییەکەوە دەکەن. دامەزراندنی ئیداری لەلایەن نوێنەری باڵاوە دەبێ و بەراوێژ لەگەڵ حکومەتی ناوخۆدا.

٢- نوێنەری باڵا مەسەلەی بەشداری کردنی ئەفسەرە سیاسییە بەریتانییەکان لە ئیدارەکردنی هەولێر و کویسنجق و رواندز رێك دەخاو بەڵێنیش دەدا کە ئاگای لە ویست و ئارەزووی خەڵکەکە بێ لە دامەزراندنی فەرمانبەرانی حکوومەت لەوێ. وردەکارییەکانی ئەم شتانە هەر کە بارودۆخ رەخسا دادەنرێ.

٣- سلێمانی وەك (متصرف) بەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و (متصرف) ێك بەرێوەی دەبا و ئەنجومەنێکی راوێژکاری یارمەتیی دەدا. نوێنەری باڵا — المندوب السامی — راوێژکارێکی بەریتانی هەڵدە بژرێرێ بۆ ئەو (متصرفیە)تە. تاکو (متصرف) یش دادەمزرێ ئەفسەری سیاسی ئەو کارانەدەکا، هەروەها ئەو (متصرف)ە ئەو دەسەڵاتانەی دەبێ کە



نوێنەری باڵا بۆی دیاری دەکا دوای راوێژکردن بەخۆی و بە حکوومەتی بەغدا. لەحاڵی حازردا قایمقامەکان بەریتانی دەبن بەمەرجێ کورد لە جێ یان دابنرێ دوای ئەوەی کە سانی لێهاتو بۆ ئەو پۆستانە دەس دەکوێ» بەبڕوای من ئەم وتەیە سەرەتای لادان بو لە بڕیارەکەی کۆنگرەی قاهیرە و یەکەم نیشانەی وەچەرخان بو. راپۆرتێکی هەواڵگری (إستخبارات) لە عیراقەوە گەیشتە فەرمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەزارەتی (مستعمرات) بەمێژووی (١٥٪) ئایاری ١٩٢١. بەرای (ریدر بولارد) کە یەکێك بو لە فەرمانبەرە هەرە زیرەکەکانی ئەو فەرمانگەیە و ئەفسەری سیاسی پێشوو بو لە عیراقدا و لەگەڵ حاکمی مەدەنی ی گشتییدا ئیشی کرد بوو. (بولارد) پێ ی وابو ئەوراپۆرتە ئەگەر بەفەرمانی (کوکس) نەنوسرابێ، هیچ گومانی تیانییە کە بینیویەتی راپۆرتەکە ئاماژە بە دەرکەوتنی (سیاسەتێکی نوێ) دەکا لە ئاسمانی کوردستاندا کە دەیەوێ کەمترین و بچوکتریەن بەش لە میسۆپۆتامیا لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی بەغدا بەجێ بمێنێ. ئەوەی (بولارد) لەم راپۆرتەوەی هەڵێنجا (کوکس) خۆی روونی کردەوە لەو نامەیەدا کە بۆ (چرچل) ی نارد وتیایدا گوتبوی ئەوەی بۆ دەرکەوتوە لە ناوەڕۆکی ماددەی (٦٤)ی رێکەوتننامەی سیڤەر ئەوە یەکە بەردەوام بێ لە بەرێوەبردنی ناوچە کوردیەکاندا[٤] هەروەها وەڵامی نارەزایی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی بەوە داوەتەوە کە ئەو رێ و شوێنانەی ئەو بە پێوەیستی دەزانێ لە کوردستاندا لە دواییدا دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی کوردستان لە

(٤) دەقی ماددە(٦٤) لە رێکەوتننامەی سیڤەر: لەماوەی ساڵێکدا لە مێژووی جێبەجێ کردنی ئەم رێکەوتننامەیە، ئەگەرگەلی کورد کە لەو ناوچانەدا دەژی لە ماددە(٦٢)ی ئەم رێکەوتننامەیەدا دیاری کراوە، داواییێکی پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان — عبصبة الامم- کرد و تیایدا روونی کردەوە کەزۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە دیانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی جیا لە تورکیا دروست بکەن، ئەگەر کۆمەڵەش بۆی دەرکەوت ئەم گەلە دەتوانێ ئەومافە پیادە بکا ئەوا «أوصت - راسپاردە»ی ئەوەدەکا و تورکیاش بەڵێن دەدات کە ئەو راسپاردەیە جێبەجێ بکا و دەس لە هەموو ماف و — أمتیازات- ەکانی خۆی لەو ناوچانەدا هەڵبگرێ و وردەکاریەکانی ئەم دەس هەڵگرتنەش دەبێ بەبابەتی رێکەوتنێکی تایبەت لەنێوان گرنگترین دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و تورکیا. لە حاڵەتی ئەم وازهێنان و دەس هەڵگرتنە حکوومەتی عوسمانی هیچ کۆسپێك دروست ناکا و هیچ نارەزاییەکیش لە لایەن هاوپەیمانانەوە روونادا ئەگەر ئەو کوردانەی لە بەشێ لە خاکی کوردستاندا دەژین کە تا ئەمڕۆ بە شێکە لە و یلایەتی موصل و یستیان بە ئارەزووی خریان یەکبگرنەوە لەگەڵ حکوومەتی سەربەخۆی کوردیدا.

عیراق[٥] (سرپرسی) بە وەزرارەتی موستەعمەراتی راگەیاند کە کۆبونەوەییێکی لەگەڵ شارەزایانی کورددا کردوە و تیایدا بە کۆی گشتی دەنگ بریاردرا کە باشترین چارەسەر کە

---

(٥) من وای بۆ دەچم کە (السرپرسی کوکس) ئاماژە بە بڕیارێك دەکا کە پەیوەندیی بە کاروباری سلێمانیەوە هەبوو لە لایەن وەزرارەتی بەکەمی (النقیب)ەوە دەرکرابوو، لەو بڕیارەدا نارەزاییان دەربڕیبو سەبارەت بەوەی کە (السرپرسی) خۆی سلێمانی بەڕێوە دەبا (لەبەر گرنگیی شوێنی سلێمانی لە رووی جوگرافیەوە ئەو پەیوەوەندیە ئابووری و سیاسیانەی بە عیراقیەوە دەبەستیّ و داب ونەریتی هاوبەشی کۆن لە نێوان هەردوو پلانەکەدا ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیار دەکا کە فەخامەتی نوێنەری بالاّ — کۆن لەسەر کۆنیەتی خۆی بهێڵێتەوە و ئەولیوایە لەگەڵ ئیدارەی عیراقدا یەکیگرێتەوە وەك هەموو لیواکانی دیکەی عیراقی و بەهەموو کاروبارێکەوە. لە ٧/ی ئازاری ١٩٢١ (السرپرس کوکس) خۆی وەلاّمی ئەو پێشنیارەی نەدایەوە بەڵکو داوای لە سکرتێرەکەی کرد وەلاّم بداتەوە بەمجۆرە ژمارە ٤٥/ ٣٣٣

فەرخامەتی نوێنەری بالاّ فەرمانی پێکردم کە دەربارەی کاروباری بەرێوەبردنی لیوای سلێمانی ئەمەتان پیّ رابگەێنیم:

ئەنجومەنی وەزیران ئاگادارە کە رێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا دەڵێ نابیّ وولاّتە گەورەکانی هاوپەیمانان بەرهەڵستی ئەوەبکەن ئەگەر ناوچە کوردیەکانی سەر بەلیوای موسڵ و یستیان بچنە پاڵ حکوومەتی کوردستان لە ماوەی سالێکدا لە رۆژی بە ستنی رێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا.فەخامەتی نوێنەری بالاّدان بەو بەرژەوەندیە ئابووریانەدا دەنیّ کە لیوای سلێمانی بە عیراقەوە دەبەستیّ، لە بەرئەوەی ئەمە بۆی روون دەبێتەوە کە ڤەخامەتی دەکریّ ئەوەی لەسەر یەتی بەرانبەر نەتەوەی کورد لە لاییێك و حکوومەتتی نیشتمانی لە لاییێکی دیکەوە، بکریّ، ئەویش بەهۆی دانانی، ئیدارەیەك لە سلێمانی لەم کاتەدا کە خۆی بەرێوەی ببا و بەراوێژی چەندوە زیریّ، ئەمەش وەك لە باتیەك بۆ ئەوەی ئیستاهەیە. واتە بەرێوەبردنی کاروبارەکەی لەرێی دەستەی وەزارەتەوە و بەراوێژی ڤەخامەتی نوێنەری بالاّ بەلاّم ئەم ئیدارەیەش کاتی - مؤقت — دەبیّ و دوای- کۆتایی هاتنی ئەوماوەیەی لە رێکەوتننامەی ئاشتیدا دیاری کراوە چاوی پێدا دەخسێنرێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە (السرپرس کوکس) سیاسەتێك پیادە دەکا لەوانەیە لایەنگری حوکمی زاتی بیّ.

ڤەخامەتیش (متصرف) ی بۆلیوای سلێمانی دانا.

سیاسەتی عیراق و سلێمانی لەگەڵ ئەوەی یەك ئامانج و یەك مەبەستە، بەلاّم دەبیّ پەیوەندیی (متصرف)ی لیوای سلێمانی یەکسەر لەگەڵ نوێنەری بالاّدا بیّ نەك لەگەڵ وەزیرەکان. بۆیە فەخامەتی نوێنەری بالاّ دەیەویّ لەم بارەوە رای ئەنجومەنی وەزیران بزانیّ و بە ئومێد یشە ئەم پلانە جێی رەزامەندی ئەوانیش بیّ (لە — مێژووی وەزارەتەکانی عیراق — ەوە وەگیراوە کە لە نووسنی — الحسنی- یە. چاپی پێنجەم. بەرگی (١) ٢٨ -٢٩.



هەموو بیر و بۆ چوونەکان لە بەرچاو بگریّ ئەوەیە کە کوردستان وەك بەشێکی جیانەکراوە لە عیراق بمێنێتەوە بۆ مەبەستە دراراییی و بودجەییەکان بەلاّم بایی ئەوەندەی لەگەڵ بیرۆکەی حوکمی زاتیدا دەگونجیّ — نوێنەری بالاّ سەپەرشتی بەرێوەبردنی دەکا راستە و خۆو لە رێی فەرمانبەری کورد و بەریتانیەوە و لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی — الاتونومیة المجلیة- بەمجۆرە بۆمان دەردەکەویّ کە (کوکس) ئەو ماددەیەی رێکەوتتنامەی سیڤەر (مادە ٦٤) کە باسی دوا رۆژی کوردستان دەکات ئەو وای بۆ دەچوو کە لە باشترین حاڵەتدا حوکمی زاتی بیّ. پاشان دەڵێ هەموو ناوچە کوردیەکان جگە لە سلێمانی حەز دەکەن بچنە پاڵ عیراق و دڵنیاشە کە ئەمە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە — عصبە الامم- و ناوەندوە کوردیەکانیشەوە قبووڵ دەگریّ و ئەم سیاسەتەی ئەویش باشترین چارە سەرە و ئومێدیش دەکا کە (چرچل) رەزامەندی لەسەر ئەم رایەی دەربڕیّ.

شایانی باسە کە مەسەلەی کورد بە دوور و درێژی لە کۆنگرەی قاهیرەدا لێی کۆ لرایەوە[٦] و رۆژنامەکانی بەغداش کە لەو کاتەدا دەرچوون باسی هیچ شتێکی کۆنگرەی قاهیرەیان نەکرد جگە لە مەسەلەی پالاّوتنی شاە فەیسەڵ بۆ عەرشی عراق.

(چرچل) وەلاّمی راڤە کردنەکەی (السرپرسی)ی دایەوە بەبیّ دواکەوتن بە بروسکەییێك کە مێژووی (٢١) و ژمارەی (١ — ٢)ی بەسەرەوە بوو، بەمجۆرە

«قاهیرەم بەجێهێشت و بیرێکی جیاوازم لادروست بو لە بارەی بەراورد کردنی رایەکان سەبارەت بەمەسەلەی کورد.

وای بۆ دەچمم کە ئێوە ئەو بەشەی میسۆ پۆتامیا کە دەبیّ راستە و خۆ ببریّ بەڕێوە جاچارەنوسی لەدواییدا هەرچیەك بیّ، لەگەڵ ئەو بەشەی کە لە دواییدا دەبەستریّ بەعیراقەوە،

---

(٦) یەکێك لە مەبەستەکانی نوسەری ئەم باسە پەردە لادانە لەسەر لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی نویّ عیراق کە نووسەر و مێژوو نوسەر عیراقیەکان بە دەستی ئەنقەست خۆیان لیّ لاداوە و شاردویانەتەوە — مەبەستی ئەم باسە ئەوەنیە بەدوای هۆو مەبەستەکانیدا بگەڕیّ، کە ئەمەش زۆر روون و ئاشکرایە و پێویست بەباس کردن ناکا. بۆ نموونە هەردوو کتێبی (السید عبدالرزاق الحسنی) (تاریخ الوازرات العرقیە و تاریخ العراق السیاسی) و کتێبەکەی دوکتۆر فازل حسێن (مشکلە الموصل) و (محمد طاهر العمري) دانەری کتێبی (تاریخ مقدرات العراق السیاسیة) زۆری دیکەش لە مێژوونوس و نوسەر بە ئەنقەست خۆیان لەم ووت وێژە چارەنوسسازە لاداوە کە لەکۆنگرەی قاهیرەدا دەستی پێکرد، لەنێوان ئەو کەسەی کە بەراستی قەوارەی عیراقی بینات ناو یەکێکی دیکەکە گەورەترین پیاوانی مێژووە لە هەموو کات و شوێنێکدا.

لەیەك جیادەكەنەوە») (چرچل) ئاماژەی بەوەش دابو كە (كوكس) بەهیچ جۆرێ باسی ناوچەی دووەمی نەكردبو كە كركوك و هەولێر دەگرێتەوە. پاشان ئەو بروسكەیەی لە ٢٥/ی ئایارردارەوانەی كردبو بۆ (كوكس) بە بیری هێنایەوە كەتیایدا كوتبوی كەركوك ناخرێتە سەر عیراق و راكەی پێشوی خۆیشی دووبارە كردبوەوە (دەوڵەتێكی كوردی جیا كەرەوە كە لە رووی — اتنولوجیا — رەگەزیەوە، لە رەگەزی غەیرە عەرەب پێكهاتبێ.

پاشان (چرچل) چەند فەرمان و رێنماییەكی بۆ فەرمانگەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەركرد، یەكێكیان ئەوەبو كە دەبێ (المیجر نوئیل) بگەڕێتەوە كوردستان، هەروەها رێنمایی دەركرد كە دەبێ پابەندبن بە بڕیاری كۆنگرەی قاهیرەوە، و دەبێ شێخ مەحمودیش بهێنرێتەوە سلێمانی (كوكس) ئەمەی پێ خۆش نەبوو و ناكۆكی كەوتە نێوان هەردوو بۆ چوونەوە سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێ كردن، بەلام لە دواییدا جیابونەوە بۆ ئەوەی بێ بە دوو رێگەی دژبەیەك لە جێبەجێ كردنی بڕیارەكەدا، یەكێكیان دەبوە هۆی دروست كردنی قەوارەیێكی خاوەن حوكمی زاتی جیا كراوە لە عیراق ئەوی دیكەشیان بە ئاشكرا هەوڵی لكاندنی باشوری كوردستانی دەدا. بە دەوڵەتی تازە دروستكراوی عیراقە.

لەنۆی حوزەیران (چرچل) دیسانەوە بڕیاری دا كە دەبێ سود لە خزمەتی (نوئیل) وەربگیرێ، ئەمەش سەبارەت بەكێشەی شێخ مەحمود بو كە دور خرابوەوە بۆ هێندەستان چونكە (چرچل) لە ١١/ی نیسانەوە داوای كرد بو بەری بدەن بەلام (كوكس) ئیشەكەی دوادەخست بێ ئەوەی گوێ بداتە رق هەڵسانی (چرچل، كە بۆی دەركەوتبو ئەم كابرایە چەند دژی گەڕانەوەی هەردووكیانە(شێخ مەحمود و نوئیل) چونكە نەبوونی ئەوان لە گۆڕەپانەكەدا رێی بۆ ئەم خۆش دەكرد كە هەوڵی بێ چان بدا بۆ لكاندنی ناوچە كوردیەكانی باشوری كوردستان بە دەوڵەتی عراقەوە، بۆیە وەلامی داواكاری و پرسیارەكانی ٠چرچل) ی نەدایەوە تا دوومانگی بەسەردا تێپەڕی (لە ٨/ی حوزەیران) لەو كاتەدا ئەو سیاسەتە ئیدارەیەی (كوكس) پەویرەوی دەكرد) بە قوولی رەگی لەخاكی كوردستاندا داكوتابوو.

(كوكس) هۆی دیكەی بەكارهێنا بۆ ئەوەی فەرمانگەی رۆژهەلاتی ناوەراست قەناعەت پێ بكا كە پلانەكەی ئەو بۆ چارەسەركردنی كاروبارەكان لە رووی ناوخۆییەوە پلانێكی باشە. لە حوزەیراندا، لە كاتێكدا ئەو ئاگاداریی تەواوی هەبو سەبارەت بە شۆڕشی (كوك جیری) لە دەرسیم، كۆمەڵێ بروسكەی رەوانە كرد بۆوەزارەتی موستەعمەرات تیایدا باسی پشێوەی ناوچەكوردیەكان دەكا ئەو رووداوە توند تیژانەی لە ئەنەدوڵدا روو دەدەن دژ بەكە مالیەكان.



پرسیاری ئەوەشی كرد بوو ئایا دەكرێ ئەم رووداوانە بۆ بەرژەوەندیی بەریتانیا بەكار بهێنرێ «ئەمە بەكەڵكی ئێمە دێ زیاتر لەوەی بەكەڵكی نەتەوەییە كوردەكان بێ بۆ ئەوەی دژی نەتەوەی تورك بەكاری بهێنین» شۆڕشی (الكوك جیری) چەكێكی تازە بو بەدەست (كوكس) ەوە.

بەلام ئەم رووداوە تازەیە (چرچل)ی لە پەیڕەوەكردنی پرۆگرامی خۆی پەشیمان نەكردەو بۆیە وەلامی دایەو سوڕیش بو لەسەرئەوەی دەبێ پەیڕەوی سیاسەتی دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردیی جیا كەرەوە (عازل) لەنێوان تورك و عەربدا، بكرێ وەك ئەوەی لە قاهیرە بڕیاری لەسەردرا. بەلام (كوكس) دەستی كرد بە هەوڵدان لە زۆربەی ناوچە كوردیەكاندا بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن سیاسەتەكەی خۆی سەربكەوێ و رژێمی عیراق بگاتە (بەشەكانی) كەركوك و هەولێر و سلێمانیش لە ژێر دەسەلاتی راستە و خۆی بەریتانیادا بمێنێتەوە هەموو هەوڵێكیش دا بۆ گەشە پێكردنی ئیدارەی نیشتمانی بەشێوەێكی ئاسایی، و رووبەڕووی ئەوەش بوەوە كە لە لەندەن هێشتا هەر خەلك هەبوون داوای رێزگرتنی ئەو بەلێنانەی دەكرد كە بە كورد درابو، زۆریش دەورو خولی (چرچل) ی دەدا بۆ ئەم مەبەستە، تا لە كۆتاییدا (چرچل) بۆی نووسی «حوكمی عەرەبی دەبێ تەنها ناوچەی عەربیەكان بگرێتەوە» بەلام (كوكس) ئێستا دەیتوانی بلێ كە راوێژ بەزۆربەی كورد كراوە(لە ٦/ی ئایار) و خۆیان نایانەوێ جیاببنەوە، بۆیە زەحمەتە و یستی ئەوان پشت گوێ بخرێ، هەروەها نەتەوەییە عەرەبەكانیش ئێستا پشت یەوە دەبە ستن كە عیراقێك بنیات بنرێ و یلایەتی موسلی تێدابێ، نەهاتنەدی ئەم ئاواتە یان مانای وایە لەوانەیە تووشی تەقینەوەیێكی دیكەی وەك ئەوەی ١٩٢٠ ببن. (چرچل) دوبارە بیری (كوكس)ی خستەوە كە نەخشەی بەشداری پێكردنی كوردەكان ل ئەنجوومەنی (تاسیسی) ی كەنیاز وایە پێك بهێنرێ بۆ دانانی دەستوری دەوڵەتی عیراق، دەبێ مەبدەئی ئەوەی كە كورد نابێ بخرێتە ژێر حوكمی عەرەبەوەبە پێچەوانە ودژی ویستی خۆیان دەبێ رێزی لێ بگیرێ[7].

لە كۆتاییدا (كوكس) نیازی خۆی بە ئاشكرا دوای ئەوەی هیچ بواری فرت و فێڵی نەما، دەربڕی و بەمجۆرە كارەكەی خستە بەردەم وەزارەتی موستەعمەرت «لە كۆنگرەی قاهیرە دوورێگە هەبوو ناوچە كوردیەكە ببێ بە بەشێ لەعیراق، یان ناوچە كوردیەكە هان بدرێ بۆئەوەی حوكمێكی جیای ئۆتۆنۆمی هەبێ، پاشان گوتی، دوای بەراورد كردنی بیروراكان و راوێژكردن لەگەڵ خاوەن رایەكان یەكەم هەڵبژێردرا، پاشان بەردەوام بو گوتی هیچ هەنگاوێك

(٧) لە وەزیری موستەعمەراتەوەبۆ نوێنەری بالا ٢/ی تشرنی یەكەمی ١٩٢١ Fo - 371 - 6347

بۆ ئەم دوو ڕێگە نانرێ، تا ئەوکاتەی وەڵامێکی روون و ئاشکرای لە وەزارەتەوە پێ دەگا، بۆ ئەوەی خراپ لێك تێگەیشتنە نەبێ)).

(کوکس) دەیویست رایێکی روونی (چرچل) ببیسێ، سەبارەت بەوەی دەیویست رایکێشێتە رازی بوون بەرێگەی یەکەم، یان هەر هیچ نەبێ لە کاردانەوەی ئەودا هەر لاوازی یان مەیلێك ببێ کە بتوانێ بە هەوەسی خۆی سیاسەتەکەی خۆی پەیڕەو بکا و کوردستان بە عێراقەوە بلکێنێ کە بڕیاری دابو هەر ببکا.

دوای بەدوا بە یەکدا هاتنی راپۆرت و نامەی زۆر، (چرچل) وای بەباشی زانی فەرمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەراست کۆبونەوەیەك بکا و نوێنەری هەموو ئەو وەزارەتانەی تێدا بێ کە پەیوەندییان بە ئیشەکەوە هەیە، پاشان (مبجرسون) یش کە هێشتا لە سلێمانی دەرنەکرابو، بەشداریی کرد لەگەڵ یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی (النقیب ستیڤن لونگریك) لەلیوای کەرکوکەوە کە ئەو سا لە لەندەن بوو. ئەو کۆبونەوەیە لە ٢٦/ی حوزەیرانی ١٩٢١دا. کرا و زۆربەی پێشنیار و راپۆرتەکانی (کوکس) قبووڵ نەکرا لە بەر ئەوەی پێچەوانەی ئەوەن کە لە کۆنگرەی قاهیرە دا لەسەری رێك کەوتبوون رێگە چارەی دووەمیان بە باشتر زانی. (میجرسون) و (النقیب لونگریك) پشتگریی ئەمەیان کرد. پاشان فەرمانگەی سیاسی وەڵامی خۆییدایەوە ئاماژەی بۆ ئەو دوانە کرد بو بە شێوەیێکی توند «فەرمانگەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەراست وای بۆ دەچێ کە لە نێوان راوێژکارەکانی (کوکس) دا کەسیی تێدا نیە بە دڵنیایی و شارەزاییەوە قسەبکا و ئەوشارەزایی و لێهاتوویەش تەنها (سون و لونگریك) هەیانە».

دوای ئەوە نامە گۆڕینەوە لەنێوان (کوکس) و (چرچل) دا تاکۆتایی ساڵی ١٩٢١ و سەرەتای ساڵی ١٩٢٢ هەر لەو خاڵە ناوەندیەی دەکۆڵێتەوە: ئایا دەبێ بەریتانیا پشتگیری دروست بونی کوردستانێکی ئۆتۆنۆم بکا یان ئەو ناوچەیەی ناوی (باشوری کوردستان)ی لێنراوە بخرێتە پاڵ عێراق.

(کوکس) نەیتوانی وەزارەتی موستەعمەرات وا لێ بکا واز لە بڕیاری کۆنگرەی قاهیرە بهێنێ و جێ بەجێی نەکا تاکو کەوتە پەنابردنە بەر پێویستیی ستراتیجی ئیمپراتۆریەت و بیرکردنەوە لە دروست کردنی ئیدارەیەکی (ئەنگلو کوردی) بێ ئەوەی هەستی نەتەوەییە کوردەکان بریندار بکرێ کە لە دواییدا باشترین سیاسەت ئەوەیە کورد وەك کە مایەتیەکی عێراقی لەقەڵەم بدرێن بەڵام هەلی ئەوەشیان پێ بدرێ کە دوای سێ ساڵ بۆیان هەیە چاو بەو



بڕیارەیاندا بخشێننەوە[٨] (سون) هەردژی ئەم سیاسەتە بوو لە کۆتایی ساڵدا رای خۆی دەربری و راشکاوانە کە دەبێ مل کە چ پێکردنی سلێمانی بۆ حوکمێکی عەرەبی کاتی رێ خۆشکەربێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، ئەوەبو یەکسەر لە پوستەکەی دەکرا. (سون) وەك هاوڕێکانی(النقیب) لیز) و (المیجرنوئیل) وای بۆ دەچو کە ئەمە باشتربن شتە پێشکەش بەگەلی کورد بکرێ.

بەڵێ فەرمانگەی نوێنەری باڵا و حوکوومەتی بەغداش ئامادە بون دان بە پێناسەی کوردیدا بنێن بە مەرجێ لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا بێ. بەڵام _کوکس) ویستی بەرگێکی دیموکراتیانە بکا بەبەر ئەم بۆچونەدا بۆیە گوتی پێویستە رای کوردەکان وەربگیرێ وراوێژیان پێ بکرێ بەرەسمی لە شەشی ئایاردا بۆ ئەوەی و یستی رراستە ڤینەی (کۆمەڵە کوردیەکان The Kurdish communities) بزانرێ و ئایا دەیانەوێ لە چوارچێوەی حکومەتی عێراقدا بن؟[٩] ئەگەر کوردەکان بیانویستبا ناسنامەی نەتەوەدەیی خۆیان کە لە لە حوکمی زانیدا خۆی دەتواند دەرخستبا ئەوە باشترین کات بو، چونکە ئەوەی (کوکس) ناوی (راپرسی — استفتاء) یان (راوێژ)ی کۆمەڵە کوردیەکانی لێ نابو، هیچ شتێ نەبو جگە لە مەسەلەی راوێژ کردن بەکۆمەڵە کە سانێ لەگەورە پیاوان کە سایەتییە هەڵبژێردراوەکان لە ناوخۆدا هە روەها ئاغا سەرەك هۆز کە زۆربەیان دەیان زانی سیاسەتی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیا بەرەو کۆی دەڕوا و کەمێکیشیان ئامادە بوو رووبەڕووی ئەو سیاسەتە بوەستێ و (تحدی)ی بکا. تەنانەت ئەگەر وامان دانا ئەو کەسایە تیانە حەزیان بەوە دەکرد کە بەرەیێکی یەکگرتوو دروست بکەن نەیاندەتوانی و هەڵیان بۆ نە دەرەخسا خۆیان رێکخەن و بەرەیەك دروست بکەن، بۆیە وەڵامەکانیان هەمووی شێوازێکی ناوخۆیی وەرگرتبو. سلیمانیەکانیش دژی هەر گرێ دانێك بە حکوومەتی عێراقیەوە وەستان، بەڵام ئەوان لەم هەڵوێستەدا هەرتەنیا خۆیان بوون و کەسیان لەگەڵدا نەبو، چونکە لەو سەردەمدا هۆشیاری نەتەوەیی نەگەیشتبوە رەگ و ریشە.

لە ساڵی ١٩٢٢، ئەم کێشە یە لە خشتەی کاری نوێنەری باڵادا نەماو کێشەیێکی دیکە جێی گرتەوە کە مەترسیەکی هەنووکەیی دروست دەکرد لەسەر پایەی بەریتانیا لە کوردستان،

---

(٨) لە نوێنەری باڵاوە بۆ وەزیری موستەعمەرات (٢١ حوزیران ١٩٢١) Fo – 3471 - 6346

(٩) ئەم زارایە (کوکس) بەکاری هێنا بو بۆ ئاماژە کردن بەگەلی کورد و خۆی لە زاراوەی دیکە کە کۆمەڵگەیێکی یەکگرتوو دەگە یەنێ دوور خستبوەوە

مەیە ستیش دەس تێوەردانی سەربازی تورکی بوو لە ویلایەتی مووسڵ و ئەو بارودۆخەی کە خەریك بوو دەتەقیەوە.

ئەوماوەیەی پێش گەڕانەوەی شێخ مەحموود بان لە راستیدا گێڕانەوەی، گێژاوێکی فیکری و سەر لێشوانێکی تەواو دەرونی نە تەوەییە کوردەکانی لە باشوری کوردستاندا گرتبووەوە ماوەیێك بەریتانیە کان هانیان دەدان و پاشان خیانەتیان لێکردن و بەڵێنە کانیان نەبردوە سەر. چاویان لە براکانیان بو لە باکوری کوردستان و بەتایبەتی لە ئەستەنیولی پایتەخت کە ئاشکرا داواکانی خۆیان باس دەکەن دوای ئەوەی حکوومەتی سوڵتان لە ئەنجامی بەڵگە نامەیێکی نێو دەوڵەتیی گرنگەوە ملی شۆڕ کرد بۆ داوا کاریەکانیان.

هەروەها چاودێری ئەو ووت درێژەیان دەکرد کە ئەوان لەگەڵ حکوومەتدا لە پایتەخت و لەسەر بنەمای ئەو رێکەوتننامەیە دەیانکرد، و دان نان بەمافی کورد لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بەپێی پەیڤینەکانی هاوپەیمانان و بنەماکانی و لسن. دژایەتیەکی گەورەیان دەبینی لەنێوان ئەوەی لەوێ روودەدا و هەوڵی نورکەکان لەباشور کە نوێنەر و جاسوسەکانیان داواکاری برایەتی تورك و کورد بڵاو دەکەنەوە و بەناوی ئایینەو خەڵکی هان دەدەن دژی کافرەکان راپەڕن بێ ئەوەی دەسەڵاتی بەریتانی هەوڵ بدا چالاکیەکانیان راگرێ، ئەو چالاکیە سەرکەوتنێکی باشی بە دەس هێنابو لە راکێشانی هەندێ عەشایر بە تایبەتی ئەوانەی دژی ئەو سووکایەتیە بوون کە دژی شێخ مەحموود کرا.

لە باکوری کوردستان حکوومەتی سوڵتان هەوڵی دەدا پەیوەندیی کوردەکان بە عەرشی تورکیەوە بپارێزێ و بهێڵێ، ئیتر ئەو قەوارە سیاسیە شێوەی هەر چۆنێك بێ کە لە دواییدا لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی رێکەوتننامەکەوە دێتە ئاراوە، لەهەمان کاتیشدا هەوڵی دەدا کە کوردە وت و وێژ کەرەکان قەناعەت پێ بکا بە جۆرێك لە حوکمی زاتی فروان رازی بن وەك لە باتیەك - بدیل — بۆ ئەو سەر بەخۆییەی دەبوە هۆی جیابونەوە، ئەمەش لەرێی و رژواندنی هەستی ئایینەوە لای کوردەکان. لەلاییێکی دیکەوە بزوتنەوەی کەمالی لە ئارادا بو و هەڕەشەی لە عەرشی سوڵتان دەکرد، حکومەتی تورکیاشی هەوڵی دەدا لە کاتی وت وویژدا هاوکاریی کورد دژی ئەو بزوتنەوەیە بکاتە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی وت وویژەکە. سەبارەت باشوری کوردستانیش حکوومەتی ئەستەنبول و بزوتنەوەی مستەفا کەمال رێك بوون لەسەر ئەوەی کەدەبێ لە دەس بەریتانیەکان دەرهێنرێ، وەها دەهاتە پێش چاو کە حکوومەتی



ئەستەنبول زۆر لەو هەوڵەی ئەوان رازییە. لێرەدا کیشەی سیاسی[١٠] و (فوضی)ی فیکری و گرفتی پەیوەندی، ئەمانە هەموو لەسەر هەڵوێستی هۆزە کوردییەکانی دانیشتوی هەر دوو دیوی سنور رەنگدانەوەی خۆی هەبو، لە دوایشدا لە باشوری کوردستاندا (سۆران)

---

(١٠) ئەم بروسکەیە وەك نموونەی بەکارهێنانی کورد و سەوداو مامەڵە کردن بەدواکاریەنیانەوە، لەو ململانێیەی لەنێوان حکوومەتی ئەستەنبول و بزاڤی چاکسازی کە مستەفا کەمال سەرۆکایەتیی دەکرد لەناوە راستی تورکیا، دەکرێ نموونەیێکی لە باربێ. بروسکەکە (الامیرال السر جون دی روبیك) ئەندامی لێژنەی هاوپەیمانی بەریتانی کە لە ئەستنبول بوو بۆ وەزیری دەرەوە (اللورد کرزن) ناردبوی. ئەمەش دەقەکەیەتی لە (الامیرال سرجی، دی روبیك) ژمارە ٨٦١ بۆ (الورد کرزن) وەزیر دەرەوە. زۆر پەلەیە
[دووبارە — بۆ بەغدا]
دوایە دوای بروسکەی پێشومدا، ئایا دەکرێ رای خۆ تائم بۆ روون بکەنەوە سەبارەت بە پێشنیارەکان دەربارەی کورد، ئەگەر شێوەیێکی دیکەی لە ئیستە روونتری وەرگرت؟ سەرەك وەزیران (فەرید پاشای تورك) پەیوەندیی بەکوردە (محافظ) کارەکانەوە هەیە کە حوکمی زاتیی لە رێکەوتنامەدا تۆمارکرا و بیان لا باشە، بەڵام لە پشت مستەفا کەمالەوە سێبەری بە لشەفی و لە بەویەك هەڵوەشانەوەی سیستەمی ئاسایی کۆنی کورد دەبینیێ؟
هەڵویستی سەرەك وەزیران (الصدر الاعظم) ئەمەیە «کوردستان حوکمی زاتیی دەدرێتێ بەرێکەوتنامەیەك (لەگەڵ تورکیا). سەرکردەکانی کورد رقیان لە مەستەفا کەمالە چونکە دەیەوێ وڵات وێران بکا. ئۆش (مەبەست — الامیرال — ه) رقت لە مستەفا کەمالە چونکە رێکەوتننامەکەی ئێوەی ناوێ (مەبەست لە رێکەوتننامەی سیڤەرە). کەواتە بابە هەردوولامان کورد دژی ئەو بەکار بهێنین. ئەم پلانە، هەرچەندە هەندێ زەحمەتیی تێدایە بەڵام (نا عەمەلی — غیر عملی) یش نییە — ئەمەش لەبروسکەی خۆمدا ژمارە (٤٠١) ئاماژەم پێداوە، لەگەڵ ئەو وەڵامەی کە ئێوە لە سان رێمووە رەوانەتان کردبو بەمێژووی ٢٤/ی نیسان. زۆر زەحمەتە پێ هاوکاریەکی نیازپاکی فەرەنسیەکان بتوانین کاربکەیین چونکە بەشێکی زۆری خاکی کوردان دەکەوێتە ناوچەی دەسەڵاتی فەرەنسیەوە.
بریکاری هەمیشەی وەزارەت (د. گ. اوسبورن D. G. osbrne) بەمجۆرە وەڵامی دایەوە هیچ هۆیێك نابینم بۆ پاشگەز بونەوە لەوسیاسەتەی وەزارەتی دەرەوە لەبروسکەی ژمارە E 3747 ی خۆیدا دیاریی کردبو کە لە (سانریمو) وەنێردرابو. بەڵام ئەگەر کوردەکگان خۆیان داوایان لە ئێمە کرد یان لە فەرەنسیەکان کە چەکیان بدەنێ دژی مستەفاکەمال، ئەوسا کارەکە جیاوازە. من داوا لە (الامیرال دی روپێك) دەکەم کە سەرەك وەزیران (تورك) ئاگادار بکاتەوە کە حکوومەتی خاوەن شکۆ (بەریتانی) هیچ هەلێك نابینێ بۆ قبووڵ کردنی پێشنیارەکەی لەم کاتەدا. (ئەو شانەی خرانەتەونێوان کەوانەوە ئێمە خستومانە).

تەقینەوەییێکی گەورەی لێ کەوتەوە بزوتنەوەی کەمالی دانی بەشەرعیەتی رێکەوتننامەی سیڤەردا نەنا، بەڵام پروپاگەندەی خۆی لای کوردەکان لە سەربنەماییێکی ئایینی بنیات نا، بەڵام ئەو پرو پاگەندەیە زۆر لاواز بوو هیچ دەنگدانەوەییێکی نەبو لە سلێمانی بەو رادەیەی کە (میجرسون) هیچ هەستی پێ نەکرد تەنانەت دوای ئەوەش کە راپەرینی مەزنی بیست دەستی پێکرد، زۆر بەنا بەدڵیشە ئەو شارەی بەجێ هێشت بۆ (میجر گولد سمث). پاش ماوەیێکی کەم لە هاتنی (سمث) ئاسایشەکەی سلێمانیش تێکچوو وەك بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەم ناشوب و ئاژاوەیەش ئیشی تورکەکان بوو.

زستانی هەردوو ساڵی (١٩٢١ — ١٩٢٢) محەمەدخان) دزڵی — کە پەوەندیی هەبو لەگەڵ جا سوسەکانی تورك — زنجیرەیەك هێرشی کردە سەناوچەی هەڵەبجە بۆ راوورِوت. ئیدارەی بەریتانی بریاری دا کە دەبێ بەجیددی کێشەکان چارەسەربکرێن دوای ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە چالاکیی تورکەکان بێدەنگ بوون. ئیتر دەبایە ئەو چالاکیە رابگیرێ ئەگەر لەرێی بەکارهێنانی هێزیشەوە بێ. بەڵام توانییان محەمەد خان دزڵی لە ئایاری / ١٩٢٢دا رازی بکەن و ئیتر چالاکیی خۆی راگرت. بەڵام تورکەکان لەسەرەتای بەهاری ئەو ساڵەدا هەنگاوێکی بوێرانە یان نا کە دواتر بوە سەرەتای هەنگاوەکانی پێشکەوتنی تورك لە ناوەوەی کوردستان و نقوم کردنی هەموو ناوچەکە لە لێشاوی ئاشوب و ناسە قامگیریدا بۆ چەندین  مانگ لە ١٧/ی ئازاری ١٩٢٢ دا حکوومەتی تورکیا بریاری دا بەدامەزراندنی (رمزی بگ) یە قایمقامی قەزای رەواندز و رەوانەی ئەوێی کرد.

دوای ئەوەی گەیشتە رەواندز کەوتە بڵاوکردنەوەی لێشاوێك لە هەرِەشەو بەڵێن و قسەی لووس لە نێوان هۆزەکاندا باسی ئەوەی دەکرد بەمزوانە هێزی گەورەی تورك دەگاتە ئەوێ بۆ ئەوەی ناوچەکانی سلێمانی کەرکوك و هەولێر لە دەس بەریتانیاییەکان دەربکەن[11]. لە

(١١) کورد و تورك و عەرەب (سەرچاوەی پێشوو لەوەگێرِانی ئێمە (٢٢٢ — ٢٢٣) لەم فەسڵەدا کە فەسڵی هەڤدەهەمی کتێبەکەیە (رانیکول) نوسەر کە ئەفسەری سیاسیی بەشی کەرکوك بو بە دووردرێژی وورد باسی چالاکی ی تورکەکان دەکا لەناوچەکەدا و ئەورێ و شوێنانەی بۆ خۆی پێشنیاری کرد بو. نامەکانی ئاراستەی ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی «گولد سمث» دەکرا، بەڵام یەکسەریش بۆ نوێنەری باڵا (سسر پرسی کوکس) یش رەوانە دەکرا، بۆ ئەوەی رەفتار بکا بەوپێ یەکە نامەکان هەر لە بنەرِەتدا بۆ ئەو نێردراون. [لەم بارەدە بگرێرەوە بۆ — راپۆرت دەربارەی ئیدارەی عیراقی بۆ هەردوو مانگی نیسان و ئازار ١٩٢٣ کە زانیاریی دیکەی تێدایە زیاتر لەوەی لە فەسڵی (رانیکول) دا نوسراوە]



ناوەراستی حوزیرەانی هەمان ساڵ ئەفسەرێکی تورك بە پلەی (عقید) کە ناوی (علی شفیق المصری) بو بەنازناوی (أوز دمیر)[12] ناسرا، گەیشتە لای (رمزی بگ و ئەرکی خۆیشی نەشاردەوە بەڵکو بڵاوی کردەوە کە هاتووە بۆ ئەوەی دوبارە (فتح)ی و بلایەتی موسڵ بکا.

چلاکی تورکەکان بەرهەمی هەبو. سەید محەمەدی سەرۆکی جەباریەکان هێرش کردە سەر بەرێوەبەری — نا حیە —ی چەمچەماڵ و برینداری کرد و هۆزەکەی خۆشی هاندا بۆ شۆرِش دژی حکوومەت. پاشان کەریمی فەتاح بەگ کە سەرۆکی هەمەوەند بو چووە پاڵی و دەستی کرد بەنامەی هەرِەشە ناردن بۆ یاریدەروەی ئەفسەری سیاسی (بوند Bond) پاشان وای پیشاندا کە هەڵوێستی خۆی گۆرِیوە بۆیە (بوند) و (النقیب ما کانت Makant) ی بانگ کرد بۆ دیدەنی، ئەوانیش چوون بۆ لای هەرچەند هەندێ سەرەك هۆز و شێخ ئامۆژگارییان کرد کە نەچن، لەوکاتە داکە پێشوازیی لێ کردن و بە سواری ئەسپ بەرەو پیری چوون بە فەرمانی ئەو لە دواوە تەقەیان لێکرا و کوژران وپاشان چووە پاڵ جەباری، هێزی (لیڤی) و فرۆکە چەندین مانگ بەدوا یەوە بوون، بەڵام توانیی خۆی رزگار بکا و پەنای بردە بەر تورك. لە هەمانکاتدا هێزەکانی (لیڤی) کەنێردرابون بۆ پشدەر توانیان بابەکر ئاغا رزگار بکەن کە لەلایەن تیرەیەکی پشدەرەوە کە دوژمنی ئەوبوون هەرِەشەی لێدەکرا، دەسەڵاتەکەیان بۆ گەرِانەوە. بەڵام دۆخەکەلە رانیە زۆر مەترسیداربو، چونکە تادەهات ئەو هەوڵانەی ئوزدەمیر دەیدا، ئەو یاخی بوونەش کە عەباسی مەحموود ئاغا لەسەر کردەکانی پشدەر سەرکردایەتی دەگرد، تادەهات زیادی دەکرد. (ادموندز) دەڵێ:

مەسەلەکەم لەو نامەیەدا کە لە ٢/ی تەموزدا رەوانەم کرد بۆ هەردووك (گولد سمث) و نوێنەری باڵا بەکورتی باس کردبو، گوتبوم کە ئاغا کانی پشدەر کە شۆرِشیان کردوە شاندێکیان لە چوار کەس ناردوەتە لای تورکەکان زۆریان لێدەکردن یارمەتییان بدەن بۆ ئەوەی دژی بەریتانیەکان هەڵبسن و شۆرِشی بکەن. لە دەوربەری ٢٨/ی حوزیراندا سیان لە ئەندامانی ئەو شاندە گەرِانەوە هەر یەکێکیان تفەنگێك و پێنج سەد فیشەکی پێ بو وەك دیاری پێیان درابو، جگە لە نامەییێك کە لەسەر کاغەزێکی حکوومەتی نوسرابوو ناونیشانی سەرۆکی گەلی موسلمان لە فەلەستین و سوریای لەسەربو و (سەرکردەی گەلی لە عیراق و کوردستان ئیمزای کردبو. لەونامەیدا نوسرابو ((مستەفا کەمال و جەودەت)) باش ئاگایان لە خزمەتەکانی

(١٢) بەتورکی مانی «منکب»ی ئاسن دەگرێتەوە ئەمەش ئەفسەرێکی بەبنەچە چەرکەسی بو بەڵام لەمیسر لە دایك ببوو و بو بەلایەنگری تورکە کە مالیەکان.

ئاغاكانی پشدەر هەیە و جەنگ لە رۆژهەلاَت و رۆژاوا سەرقاڵی كردن و نەیانتوانی یارمەتییان بدەن ئێستاش كە بواریان هەیە (احمد تقی) دەنێرن كە نێردەی (موفد) كوردستانە بۆ (وزنە) لە ئێران لە نزیك كۆڵەكەی — عمود — سنوور ژمارە (١٦) لەگەڵ پەنجا سەربازدا تاكو یارمەتیی باش پێشكەش بكا[١٣]

(میجر ادموندز) داوای هێزێكی دەكرد بەلاَم بێسوود بو. پاشان باودۆخەكە زۆر ئاڵۆز بو تاگەیشتە رادەی مەترسی، كاتێ كە كەریمی فەتاح بەگ دووبارە لەگەڵ توورکەكان پەیدا بوەوە و چەند كە سێكی كەمیان رەوانەی رانیە و پشدەر كرد. وەك بەشێك لە پلانەگشتیەكە (ئوزدمیر) نامەی نارد بۆ هەموو سەرۆكەكان لەناو دەشت و هانی دەدان بێنە پاڵ هێزەكانی ئەو لەوە دەچی كەگەیشتنی هێزێ بەفەرماندەیی (العقید منیت Minet) بۆ سلێمانی كاریگەریی هەبو لە دامركاندنەوەی ئەو ئاشۆبە هزریەی — الهیاج الفكری — كە لە ئەنجامی سستی نواندنی بەریتانیاكان لە رووبەرووبونەوەی پرو پاگەندەی تورەكاندا، پەیدابوو — هەروەها كاریگەریەكی بەهێزیشی هەبو بۆ لەناوبردنی دوو دڵی هۆزەكان لە دەوربەری رانیە دا.

ئیتر هێمنی یەكی كاتی باڵی كێشا بەسەرناوچەكاندا بەلاَم زۆری نەخایاند، چونكە كەریمی فەتاح بەگ گەیشتە رەواندز بەسەرۆكایەتی هێزێ لە هەمەوەند، ئەمەش ورەی كردەوە بەبەر توركاندا و ئەوانیش كاتیان بەفیڕۆ نەدا و خۆیان ئامادە كرد بۆ هێرش بردنە سەررانیە.

(أدموندز) ی ئەفسەری سیاسی كەركورك زۆر بەتووندی داوای لە نوێنەری باڵا دەكرد كە هێزی پیادە رەوانەی ناوچەكە بكا و هێرشی ئاسمانیش بكاتە سەر ئەو كۆمەڵە عەشایریانەی توركەكان ئامادەیان كردبو بۆ هێرش بردنە سەر رانیە.

لەدواییدا فەرمانگەی نوێنەری باڵا بەدەنگ داواكاریەكانی (أدموندز) ەوە چوون و لەئێوارەی ١٧/ی ئابی ١٩٢٢ بە بروسكە پێیان راگەیاند كە (رتل) یێكی سەربازی پێك دەهێنرێ بۆ هێرش كردنە سەر هێزەكانی تورك — كورد لەناوچەی رانیە و ناوی (رتل رانیە Rania column) لێنراوە كە بەكورتی (رانیكول Rania col) ی پێ دەگوترێ بەلاَم ئامادە كردنی ئەو هێزە ماوەییێكی پێچوو و كە دروستیش كرا زۆر لاواز بو وەك ئەوە نەبو كە (ادموندز) دەیویست. لە ٢٩/ی ئابدا ئەو هێزە لە (دەربەندی رەمكان) مۆڵی خوارد بوو لە پڕ هێزەكانی (أوزدمیر) لەبەرەبەیانی رۆژی ٣١ی ئابدا هێرشیان كردنە سەر و تێكیانشكاند.

(١٣) كورد و تورك و عەرەب: هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٢٢٤



لاوازی فەرمانەدەیی و دوو دڵی هۆی سەرەكیی تێكشكانەكەبو كە بۆ فەرماندەكەی روون بوەوە ناتوانێ خۆی رابگرێ لە (دەربەند) بریاری كشانەوەی دا. لەبەر ئەوەی چەند فەرمانێكی دژ بەیەكی بۆ هێزەكانی خۆی دەردەكرد لەرانیە شارەكە كەوتە دەست توركە كان و بۆ خۆیشی ناچار بوو بەرەو كۆیسنجاق بكشێتەوە، بەلاَم ئەو كشانەوەی كە دەبایە رێك وپێك بێ بوو بە تێكشان و پاشانیش راونانی ئەوهێزە لەلایەن ئەوانەی لەناوچە شاخاویەكانی دەوروبەرەوە دەهاتن و هێرشیان دەبرد، بوە هۆی ئەوەی هێزەكە بكەوێتە نێوان دوو ئاگرەوە، كە لە هەردو لاوە و لە پشتیشەوە ئاگر بارن كران و ژمارییێكی زۆریان لێ كوژرا و زۆربەی چەكە قورسەكانیان لە دەس چوو و تەنها هاتنی هێزی ئاسمانی ئەوانی رزگاركرد، كە هێرش بەرانی لە ئاسمانەوە دایە بەررەشاش و ناچاری كردن واز لە روانانی هێزەكە بهێن.

(سون) دەڵێ ئەو سەركەوتنەی توركەكان لە رانیە بە دەستیان هێنا لە پلەی یەكەمدا دەگەرێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە (متقلب — ناسەقامگیر) ەی ئیدارەی بەریتانی لە كوردستاندا پەیرەوی دەكرد، ئەمە جگە لەوەی كە تێكشانی سمكۆ لە ئێران و پەرت و بڵاو بونەوەی پیاوەكانی وایكرد كە هەندێكیان بدەنە پاڵ تورك كەیە كسەر بەكاریان هێنان و زۆربەی هێزەكەی (اوزدمیر) لە كوردەكانی سمكۆ بوون[١٤]

هۆی دیكەش هەیە بۆ سەركەوتنی توركەكان كە ئیدارەی بەریتانی لە راپۆرتەكانی خۆیدا دانی پێدا نا. هێزێكی بچووكی كەم دەرامەت بتوانێ ئەو ئاشویە گەورەیە لە كوردستان دروست بكا و هێزە (نیزامیەكانی) بەریتانیا تێكبشكێنێ، دەگەرێتەوە — بێ گومان — بۆ زیرەكی ئەو ئەفسەرە توركانەی فەرماندەیی ئەو هێزەیان دەكرد، جگە لە بڵاو بوونەوەی پروپاگەندەی ئەوەی كە بەم زوانە هێزێكی گەورە و زۆری نیزامی توركان دەگاتە كوردستان داگیركردنی رانیە و دەستگرتن بەسەر زۆربەی ناوچەی پشدەردا، و ترسی ئەوەش كە سلێمانی ئامانجی داهاتوی ئەو هێزەبێ، ئیدارەی والێكرد كە رێ و شوێنی بەپەلە بگرێتەبەر و نوێنەری باڵا بریاری دا فەرمانبەر و ئەفسەرە بەریتانیەكان شارەكە بەجێ بهێڵن نەبادا نوشی مەترسی بن. ئەفسەری سیاسی (میجر گولدسمث) پێش ئەوەی شارەكە بەجێ بهێڵێ كاروباری ئیدارەی دایە دەست ئەنجومەنی شارەوانی كەیەكسەر شێخ قادری برابچووكی شێخ مەحمود یان هەڵبژارد

(١٤) سون: وتارێك كە لە گۆڤاری كۆمەڵەی ئاسیەوی JcAs نوسیبوی. ساڵی ١٩٢٣ — ژمارە (١٠) بەشی یەكەم ل٧٣

به سەرۆك، شێخ قادر دورخرابوەوە بۆ بەغداو چەند رۆژێك بو گەڕابووەوە گواستنەوەی دەسەڵات چی لەناو خەزینەدا بوو جگە لە چەك و تەقەمەنی و فەرماندەیی دوو سەد سەربازی کوردیشی گرتەوە[١٥] پاشان لەناوەندە جیاوازەکانی کوردەوە و لە سەرەك هۆزەکانیشەوە دەنگ بەرز بوەوە بۆ پشتگیری کردنی بنەماڵەی بەرزنجە کە داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان دەکرد.

ئیدارە زۆر بێ دەسەڵات دەهاتە پێش چاو سەبارەت بەجم و جۆڵی تورکەکان. تێکشکانی رانیەو چۆڵ کردنی سلێمانی نورکەکانی هان داو ئەوانیش کاتیان بەفیڕۆ نەدا، هێزێکی چاودێری کەریان لەرۆخی زێی بچوکدا پەیدابو و هەڕەشەی لەهێڵی هات و چۆی بەریتانیەکان دەکرد. پێش ئەوەش هێزێکی بچووکی تورك (کویسنجق)ی داگیرکرد پاشان پێشرەوی کرد بۆ داگیرکردنی (طقطق) لەسەر زێی بچووك، لە (کویسنجق) یش قایقامێکیان دانا و بەرێوەبەری (ناحیە)ش لە (طقطق). دوای ئەوە هۆزی شێخ بزێنی کە لە هەردو بەری زێی بچووك نیشتەجێن لەسەر رێی کەرکوك و کۆی، چوونە پاڵیان.

تورکەکان کردەوەی بوێرانەی دیکەیان کرد و عەباسی مەحمود ئاغا سەرۆکی ئەو لقەی دوژمنی ئینگلیز بوو لەپشدەر، هانیاندا لەگەڵ ژمارەیەك لەسەربازی نیزامی تورك هەڕەشە لەسلێمانی بکات، بەڵام گەورەپیاوانی شارەکە توانیان سەرکردە پشدەریەکە قەناعەت پێ بکەن هێرشەکەی لەناوچەی سورداش رابگرێ تا شێخ مەحمود دەگەڕێتەوە، واش بڵاو بوکە تورك خەریکن خۆ ئامادە دەکەن بۆ هێرش بردنەسەر ئاکرێ بەڵام مانگێ تێنەپەری و لە ئەنجامی هێرشی توندی ئاسمانیی هێزی ئاسمانی بەریتانی، نەخشەی هێرش کردنە سەر سلێمانی تێکشاو دەسەڵاتی بەریتانی گەیشتەوە ئەو ناوچانەی پشێویی پێ نەگەیشتبوو.

---

(١٥) (سون) باس ئەوە دەکا- سەرچاوەی پێشوو- کەخەزێنە (١٤٥) هەزار روپیەی تێدابو. لە (مستودع)یشد (٥٠٠) تفەنگ هەبوو





بابەکر ئاغای پشدەر و محەمەد پاشای جاف

# فەسڵی چواردەیەم

ئەو روونکردنەوە رەسمیەی ئیدارەی بەریتانی بۆ بەخشینی شیخ مەحموود و ئاسانکاری بۆ کردنی تاکو بگەڕێتەوە نیشتیمانی خۆی، وەها دەهاتە پێش چاو کە پاداشتێك بێ بۆ ئەو بەرانبەر هەڵوێستی بنەماڵەکەی لەو ئاژاوەیەدا کە روویدا و بەشداری نەکردنیان تیایدا، نەك لەبەر ئەوەی پێویستیان پێ هەیە، ئەوسا شێخ لە کوێت بو[1]. واش باس دەکرا کە دوا رۆژی ئیدارە لە ناوچەکەدا لەگەڵ گەڕانەوەی ئەودا یەکلایی دەکرێتەوە، ئەمەش ئاماژە بەوە دەکا کە دووبارە رۆڵێکی سیاسی پێ دەسپێردرێتەوە دوای ئەوەی ئەو رۆڵە دیاری دەکرێ، هەروەها ئەوەش پیشان دەدا کە ئیدارە بە تەنیا خۆی ناتوانێ کاروبارەکان بەڕێوە ببا. گەڕانەوەی شێخ یان بەکارهێنانی و پەنا بۆ بردنی لە پایە ئایینیەکەیەوە نەبوو بە تەنها، بەڵکو لەبەر ئەوەش بوو کە ئەو نوێنەرایەتی هێزی نەتەوەیی ئازاو چالاك دەکا لە کۆمەڵگای مەدەنیدا و تارادەیەکیش لە کۆمەڵگای عەشایریشدا، ئەمە جگە لەوەی دەکرێ بەکاریش بهێنرێ دژی پرو پاگەندەی تورکەکان. لەنێو رۆشنبیرانی کورد و ئەفسەرە دەرکراوەکان و ئەو ئەفسەرو سەربازانەی بەردران دوای کۆتایی هاتنی جەنگ[2]،بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی هەبوو، کە بە تەواوی پێچەوانەی ئەو رێو شوێنە ئیداریە بوو کە (السر پرس کوکس)دەیویست جێ بەجێی کا، ئەمان وایان چاوەروان دەکرد حوکمێکی زاتیی دیاری کراو پیادە بکرێ، کە بانگەشەی ئەمەشیان دەکرد پشتیان بە دوو بنەما دەبەست گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی لە شارو کۆمەڵگە ئاوەدان و (حضری)یەکاندا، هەروەها تەقینەوەی ناوبەناوی هۆزەکان کە بە زۆری دژی حکوومەت بوو کە زۆر لە بنەمای یەکەم روونتر و درامی تر بوو و لە بناغەشدا لەوەوە دەهات کە رقیان لەوە دەبوەوە دەست بخرێتە ناو کاروباریان،

(١) لەوە دەچێ پێشتر بڕیاردرابێ کە بەکار بهێنرێ، ئەمەش لەوەوە دەردەکەوێ کە لە هیندەوە گواستیانەوە کوێت پێش ئەوەی بانگی بەغدای بکەن، بە ماوەی نزیکەی ساڵێك، بەڵکو هەڵبژاردنی شێخ قادری براشی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن رێ خۆشکەرێ بوو بۆ گەڕانەوەی

(٢) ژمارەییێکی زۆری دیلی جەنگ لە ئەفسەر و سەرباز کە لە (سورمارپور) و (ناوکاتك) و (پیلای) لە هیندستان گیرابوون بەردران، لەوەش دەچێ لەوێ بیرو بۆچوونی ئەو هیندیە تورە و نارازیەیان وەرگرتبێ کە دژی حوکی بەریتانی (الراج) بوون. جگە لەوەش پرو پاگەندەی دژ لە رێی موسڵەوە دەگەیشت ﴿تقریر الادارە ـ سەرچاوەی پێشوـ سلێمانی ل٨١﴾.



کاریگەری ئەم هۆیەش زۆر زیاتر بوو لە کاریگەری ئایدیۆلۆجیاییێکی نەگۆڕ سەبارەت بە دوا رۆژی کوردستان .

گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە لایەن هەموانەوە پێشوازی لێنەکرا، لە واقیعشد ئیدارەی سەرەتا پەیوەندیی کرد بە بەگزادەی جافەوە کە هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری لەژێر دەسەڵاتیاندابو، بەریتانیا ویستی بە هیوای حوکمێکی ناوخۆیی و حوکم گرتنە دەست لەسەر ئەم بنەمایە لەگەڵیان رێك بکەوێ، بەڵام بەگزادەکان زۆر رەشبین بوون و لەوەش دەترسان کە ((گەمە لەسەر ئەسپی دۆڕاو بکەن))[3] یانیش بەریتانیەکان وایان لێ تێگەیشتبوون.

لەباکوریش پشدەریەکان بوون بە دوو بەشەوە، یەکێك پێی باش بو، یەکێك دژبوو، جەماعەتی عەباسی مەحمود کە دژی بەریتانیەکان بوون ولایەنگری تورکەکان بوون پێیان باش بو بگەڕێنەوە، لەکاتێکدا بابەکر ئاغا لایەنگری بەریتانیەکان بو، لەسەرەتاوە تاکۆتایی، دژی ئەوە وەستا، بۆیە بەریتانیەکان وەك لەبابەتێك- بدیل- پەنایان بردە بەر ( سید طە) ، بۆ ئەوەی یەیکێك بدۆزنەوە جگە لە شێخ مەحمود کە کوردەکان یەکبخا یان بەشێکی زۆریان یەکخاو لەدەوری خۆی کۆیان بکاتەوە بەڵام پاش ماوەیەك وازیان لەو بیرۆکەیە هێنا.

شێخ عەبدولکەریم قادرکەرم- تەکیەی تاڵەبانی- کە ئامۆزای شێخ بو و هاوڕاش بو لەگەڵیدا سەبارەت بەسەربەخۆیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بنەماڵەی بەرزنجە، بەڵام ئەویش زۆر لەوە دەترسا کەخزمەکەی زۆر پەلە دەکا لەبڕیارەکانیدا، جگەلەوەش زۆر ئاگای لەسیاسەت نەبو و بۆخۆشی زۆر جار ئەمەی دەدرکاند[4] لە دوانزەی ئەیلولی ١٩٢٢ شیخ گەیشتە بەغدا. لەو ووتووێژەدا کە لەوێ کرا

(٣) راپۆرتی لەفەرمانگەی هەواڵگری نوێنەری باڵا (استخبارات المندوب السامی) fo. 371-7772 iraqi intelligence report مێژووی ١/ی ئەیلویلی ١٩٢٢

(٤) ادموندز: سەرچاوەی پێشو ل ٢٨١ " وارێکەوت لەم دوو ساڵ و سێ ساڵەی دوییدا زۆر چاوم بە شێخ عەبدولکەریم بکەوێ، هیوای هەرە گەورەی ئەو —وەك پێشتر باسم کرد- دروست بونی دەوڵەتێکی کوردی ببینێ بەسەرۆکایەتی شێخانی بەرزنجە. بەڵام ئەوەندەش زیرەك و دووربین بو کەدژی پاڵاوتنی شێخ مەحمود نەوەستێ بۆ باڵاترین پۆستی ئەو دەوڵەتە، چونکە ئەو دوژمنی بو، بەڵام ئەو بڕیارەی پەسەندکرد هەرچەندە لە هەڵسوکەوتی تاقە پالوێرا رازی نەبو و رەخنەی لەشێوازی کارکردنی ئەگرت چونکە هەڵەبو، بەڵام لەوەش دەترسا کە ئەو هەڵوێستە ببێتە هۆی ئەوەی دڵی ئێمەی لێ بڕەنجێ ئەمەش هەڕەشە دەکا لە هێنانەدیی هیوا نیشتیمانیەکان. شێخ دوژمنی زۆر بوو بە تایبەتی لە فەرمانگەی نوێنەری باڵاو لە نێو ئەفسەرە سیاسیەکانیشدا و (ادموندز) یەکێك بوو لەوانە، هەروەها (النقیب های) ئەفسەری سیاسیی بەشی هەولێر.

بەڵێنی دا بەرگری لە سلێمانی بکات و نەهێڵێت بکەوێتە دەس تورک، هەروەها بەڵێنی ئەوەشی دا کە لە بەشەکانی دیکەی سلێمانیش دەریان بکا و کاری بەسەر هەردوو بەشی کەرکوك و هەولێرەوە نەبێ و رازیش بێ (میجر نوئیل) راوێژکاری بێ. بەرانبەر بەمەش پێی گوترا کە هەردوو حکوومەتی بەریتانی و عیراقی هەوڵ دەدەن، ئەوەندەی لە توانایاندا بێ، یارمەتیی بدەن لە "گەشە کردنی گیانی نەتەوایەتی و هەستی نەتەوایەتیدا" مەلیك فەیسەلیش رێی دا بە ژمارەییێك ئەفسەری کورد لە سوپای عیراقیدا کە بچنە سلێمانی بۆ مەشق پێکردن و رێکخستنی (لیڤی)ی تایبەت بە شێخ لەوێ. شێخ چی لەمە تێدەگەیشت؟ ولەم رێ و شوێنەدا ئیداریەدا دەسەڵاتی ئەو تاکوێ بڕ دەکا؟

کارێکی سەرسوڕهێنەر بوو ولەگەڵ ئەو هەموو شتە دژ بە یەکەی لەو مەرجانەدا هەبوون، کە لە واقیعدا هەوڵەکانی (السر پرس کوکس) یان دەشاردەوە لە وەی دەیویست کە چارەسەرێکی کۆتایی بۆکێشەی کورد دابنێ، بەڵام دوور لەو بەڵێن و پەیڤانەی کە دەدران و بەپشت گوێ خستنی بڕیارەکەی کۆنگرەی قاهیرە، چونکە ئەو دەیویست عیراقێکی بەهێزی سەربە بەریتانیا دروست بکات، ئەمەش بەبێ ویلایەتی موسڵ-باشوری کوردستان- قەت رێك نەدەکەوت دەوڵەتێك کە لەگەڵ مەبەستە ستراتیجیەکەی بەریتانی رێك بێ و بیهێنێتەدی (کوکس) و سکرتێرە دەس رۆیشتوەکەی کە گوێ لە قسە و پێشنیارەکانی دەگیرا، لەو دووبڕیارەی کۆنگرەی قاهیرەدا دژایەتیان دەدیت، واتە بڕیاری دروست کردنی قەوارەییێکی کوردیی سەربەخۆ، یان ئۆتۆنۆمێك کە لەژێر پرێزگاری بەریتانیادا بێ، لەگەڵ بڕیاری حوکم تەسلیم کردنە دەستی کەمایەتیە عەرەبیە سوننەکە لە عیراقی دوا رۆژدا یانیش بەواتاییێکی وردتر حوکم بدرێتە دەست چینێکی فەرمانڕەوا کە هەر هەموویان سوننی بن و مەرجیش نیە عەرەب بن و مەلیکێکی عەرەبی سوننە حوکمی بکا. عیراقی ئەوسا ویلایەتی موسڵی نەدەگرتەوە کەزۆربەی هەرە زۆریان کوردن، عیراقی عەرەبی کەبریار بوو دروست بکرێ لەهەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسر پێکهاتبو، پێش کۆنگرەی قاهیرە نیازی ئەوە نەبوکە ویلایەتی موسڵ کە دانیشتوانی کورد و لەسەر مەزهەبی شافعین بخرێنە سەر ئەو دەوڵەتە، بەڵکو ئەوەی لە (وایت هول) دا باس دەکرا ئەوەبو کە زیاتر لەیەك قەوارەی سیاسیی کوردی دروست بکرێ وەك باسمان کرد، ئەم بۆچونەش لەرێکەوتنامەی سیڤەر کۆنتربوو، بەڵکو دەکرێ بڵێین کە رێکەوتنامەی سیڤەر لەو بیرو بۆچونەوە هاتە ئاراوە، ئەمەش بەڵگەنامە رەسمیەکانی بەریتانیا کە هەندێکمان خستە روو، پشتگیریی دەکا بەمجۆرە کە بریاردرا فەیسەڵ بکرێ بە ملیك پێش بریاری خستنە پاڵی موسڵ تەماشایان کرد کە دەوڵەتە تازەکە لە ٧٩٪ شیعەی عەرەب دەبن لەگەڵ ١٨٪ سەننەی عەرەب، جگە لە ٣ بۆ ٤٪ شیعەی کوردو مەسیحی. بەڵام ئەگەر ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەردەوڵەتە تازەکە جیاوازیەکە کەمتر



دەکا و لەیەکیان نزیك دەکاتەوە چونکە دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کە کوردی شافعین رێژەکە بەمجۆرە دەگۆڕێ و دەبێتە ٤٠٪ لەسوننەو کومایەتییەکان بەرانبەر ٥٥٪ لە شیعە ئەمەش تارادەییێکی زۆر گەرەنتی ئەوە مسۆگەر دەکا کە حوکم بەدەس چینە سوننەکەوە بمێنێتەوە، چونکە بەریتانیا زۆر لە هەڕەشەی هەمیشەیی زۆرینەی شیعە و شۆرشی بیست کەیادی هێشتا زیندو بو، دەترسا. هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی حوکم لە عیراقدا بەو شێوەیە زۆر رێك دەبێ لەگەڵ ئەو شوێنە سیاسیە نایابەی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیای لە رۆژهەڵاتی ناوەراستی و ئوردن و پایەی نایابی لە میسردا، ئەمە جگە لەبونی ئێرانی دراوسێی شیعە کە قەت بەریتانیەکان لەگەڵیاندارێك نەبون ئەمانە بیرو بۆچوونی نوێنەری باڵابوون کاتێ کە تورکەکان دەستیان خستە ناو کاروبارەکانەوە لەرووی سیاسی و سەربازیە و هەڕەشەی راستەقیتە یان لەنەخشەو پلانەکانی کرد.

نەشێخ مەحمود و نە ئەوانەی دەوروبەری و نەرۆشنبیرە نیشتمان پەروەرەکان لەسلێمانی بەنیازی راستەقینەی بەریتانیا یان دەزانی کاتێ شێخی هێناو دەسەڵاتی دایە دەستی لەسلێمانی هەروەها بوونی (میجر نوئێل)یش وەك راوێژکار کە دەبێ قسە هەر قسەی ئەو بێ بەو جۆرە تەماشایان نەدەکرد، بەلکو وەك (کونسڵ) و نوێنەری حکوومەتی بەریتانی لە کوردستانێکدا کە بەعەمەلی (DE FACTO)[٥] سەربەخۆیە حیسابیان بۆ دەکرد، لە ١٠/ی تشرینی یەکەم شێخ مەرسومێکی دەرکردو حکومەتێکی پێکهێنا لەهەشت وەزیر لە ((سلێمانیی پایتەختی کوردستان)) کە شێخ قادری برای سەرۆکایەتی دەکرد[٦]، هەروەها پولیشی دەرکرد بۆ پۆستە و رۆژنامەییێکیش بەناوی (رۆژی کوردستان شمس کوردستان).

---

(٥) ادموند- سەرچاوەی پێشو ل ٢٧٢ رەنگە شێخ مەحمود نیازی هەر ئەوە بوبێ کـە بەغـدای بەجێهێـشت و گوتی چالاکیی ئەو هەر لیوای سلێمانی دەگرێتەوە، بەڵام ئەوپێشوازیە گەورەیەی لەوێـستگەی شـەمەندەفەری کنگربان بۆی کرا و هەوای کوردستان کە لەرێگەدا بەرەو سلێمانی هەڵبمژێ بـەو هـەموو وەسـتان و رۆیـشتنە لەسەرخۆیەدا، لەوانەیە ئەو سنورە تەسکەی بەسەریدا سەپێنرابو، لەبیر بردبێتەوە ژمارەیـەك لەسـەرکردەکانی کفری و شێخەکانی و تەنانەت (البیات)یش لەگەڵی تا پایتەختەکەی چوون. پاشان عـەریزەییێکم پـێ گەیـشت لەلایەن هەندێ لە شێخەکانی تاڵەبانیەوە کەشێخ مەحمود ناچاری کـردن بەڵگەنامـەییێك ئیمزابکـەن کـەداوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی تێـدابو بەسـەرۆکایەتی ئـەو. لـە ٣٠/ی ئـەیلول شـێخ گەیـشتە سـلێمانی و جەماوەر وەك حوکمدا و یان سەرکردەی کوردستان سەربەخۆ پێشوازییان لێکرد

(٦) ئەندامەکانی ئەو وەزارەتە: سـاڵح زەکـی سـاحێبقران کـە لەبنەماڵـەیێکی ناسـراوە، وەزیـری بـەرگری و عەبدلکەریم عەلەکـە کـە مەسـیحیەکی ناسـراوبو، وەزیـری دارایـی، حـاجی مـستەفا پاشا یـامولکی کـە

(ادموندز) دووبرگە لەوتارێکی سەرەکی ئەو ڕۆژنامەیە وەردەگرێ کە زۆر هیمایان تێدایە سەبارەت بە بۆچونی رای گشتی کوردی دەربارەی دوا رۆژی سیاسی کورد. ئەم بەشەم هەلبژارد کە پەیوەندیی بەبیرکردنەوەی کوردەکانەوە هەیە دەربارەی ئەوەی دەیانەوێ بیگەنێ دوای ئەو گۆڕانە لەناکاوە، ئەمەش لەژمارە (٦)ی رۆژی ٢٧/ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ ((کوردستان، کاتێ کە پیاوێکی رۆشنبیر ئەم وشەیە دەڵێ مەبەستی سلێمانی نیە بەتەنها بەڵکومە بەستی هەرێمێکی جوگرافی فراوانە، هەروەها بیر لەگەلێکی کوردی یەکگرتو و ژمارە زۆردەکا، سنوری سروشتی ئەم وڵاتەروونە، کە هەموو دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ کورد بن ئیتر بۆچی گەلێکی نامۆ بیەوێ ئەم ویلایەتە وەربگرێتەوە؟ بۆچی گەلێکی دیکە دەیەوێ کۆنترۆلی بکا؟ ئەو داواکاریەی خستمانە بەردەم کۆنگرەی (لوزان) بۆ پاراستنی کەمایەتیەکی نەتەوەیی نەبو، بەڵکو بۆ چەسپاندنی مافی ژیان بۆ گەلێکی مەزن و ئازا و سەربەست لەنێو وڵاتی خۆیدا))[7] فەرمانگەی نوێنەری باڵا نارەحەت بو[8] بو و ماوەییێکی زۆری پێ نەچو کە ناکۆکی کەوتە نێوان شێخ و ئەو فەرمانگەیەو شتێکیش بوکە هەردەبایە رووبدا. شێخیان هێنا بۆ ئەوەی دەیدەنێ وەریبگرێ و پێی رازی بێ، ئەویش رەزامەندیی خۆی دەربڕی، بەڵام هەرکە بینیی دەسەڵاتی دوبارەکەوتە وە دەست و لەلایەن (نوئیل) یشەوە بەرهەڵستیەکی ئەو تۆ نەدەکرا، چونکە ئەوپیاوە باشە (مەبەست نوئیل)ە زۆر داخ لەدڵ بو لەسیاسەتی فەرمانگەی نوێنەری باڵا و هەستی دەکرد بەو پیلانەی بۆ چارەنوسی کوردستان دانراوە، ئەمە جگە لەوەی لەلای خۆیەوە شێخ مەحمودی خۆش دەویست[9] ئەو هەستی دەکرد، هەروەکو شێخیش هەمان هەستی هەبو، کە شێخ خاوەن پەیامە بەهەموو ئەو باشە و کەم و کوریانە و چاکە و هەڵانەی لەو خاوەن پەیامەدا هەیە، گومانیش لەوەدانیە کە شێخ نەتەوە پەرستە و بڕواشی وایە کە ئەو یەکەم پێشەنگ و ئەو تەوەرەیە کە

---

جەنەڕالێکی پێشوی عوسمانی بو وەزیری خوێندنی باڵا شایانی گوتنەکە مستەفا پاشا سەرۆکی ئەنجومەنی سەربازی بو (المجلس العرفی) کە لە ئاستانەپێکهات لەساڵی ١٩٢٠ بۆ دادگایی کردنی مستەفا کەمال و هاوەڵەکانی و حوکمی ئیعدمی بەسەردا دا.

(٧) ادموندز: سەرچاوەی پێشو ل ٢٧٢-٢٧٣

(٨) ئەمە لەراپۆرتی ئیدارە لەعیراقدا کە نیسانی ١٩٢٢ تاکو ئازاری ١٩٢٣ دەگرێتەوە، دەردەکەوێ. بڕوانە سەرچاوەی پێشو ٣٧.

(٩) رەفیق حلمیی- یادداشت- بەغدا چاپخانەی- لمعارف ١٩٥٧-ل٦٧ ە دەڵێ (میجر نوئیل) پیاوێکی لەسەرخۆ و زۆر گران بو و شارەزاییەکی زۆری هەبو لەخوو نەریتی کوردەواریدا زۆریش ریزی شێخ مەحمودی دەگرت، تەنانەت بۆ خۆی نوسەرێکی بچوك یان خزمەتکارێکی دانەدەمەزراند بێ رەزامەندیی شێخ



دەوڵەتی کوردستانی داهاتوی لەسەربنایات دەنرێ، ئەم هەستەی وای لێ کردبو کەهەندێ جار وەك خۆپەرست بێتە بەرچاو کەزۆر پابەندی بنەماو رەوشتیەکان نابێ بەڵام هەمیشەش دوژمنێکی شەریف و پیاوانە بو ئەو لەوەش بێ ئاگانەبو کە گێڕانەوەی پێویست بوو لەبەر هۆی گرنگیش بو، جا ئەمە لەبەر ئەوە بووبێ کە بەریتانیەکان ملیان دابۆ داوا کاریی میللەت کەداوای گەڕانەوەی ئەوی دەکرد یان لەبەر ئەوە بوبێ کە زۆر لاواز و بێ دەسەڵاتن کە بێ ئەو ناتوانن دەست بەسەر کوردستاندا بگرن، گێڕانەوەکەشی ئەوەی زۆر بەچاکی روون کردەوە کە بەگرنگترین کەسی باشوری کوردستانیان دەزانی.

تورکەکان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەس هێناو بەریتانیەکان نەیاندەتوانی پێشیان لێ بگرن، باردۆخەکە بەتەواوی روون نەبو، کەشێخیش گەڕایەوە مەسەلە ناوەندیەکە بەمجۆرەی لێهات: ئایا شێخ دەتوانێ سەلامەتی وڵات بپارێزێ بەرانبەر بەو پاداشتە بێ نرخەی درابویە" حاکمیەتی سلێمانی دەوربەری"؟ ئێستا روبەروی مەترسیی جیددی دەبێتەوە کە لەرووی تورکدا دەوەستێ و بەرهەلستییان دەکا، چونکە ئەوان هێشتا بەهێز بوون و بەجیدودیش باسی گەرانەوەیان دەکرد. ئیشەکە زۆر ئاسان بو کە پاداشت دەبێ بەقەد گرنگیی ئەو کارەبێ کە دەکرێ پێویستە لەوە زیاتری پێ بدرێ کە فەرمانگەی نوێنەری باڵا بۆی دیاری کردبو.

(السرپرسی کوکس) و ئەو ئەفسەرانەی بانگەشەی شەری سیاسەتە نویەکەیان دەکرد، هەستیان بەمەترسی دەکرد لە ئاواتەکانی شێخ پێش ماوەییێکی کەم شۆرشگێڕە عەرەبەکانی باشوری عیراق، ئەوانەی سازشیان نەدەکرد، (جائزە)یەکی گەورەیان دەسکەوت، راستە شۆرشەکە یان لەناوبرا بەڵام داواکاریەکانی رۆشنبیرو نیشتمان پەروەرەکانیان کە داوای حکومەتێکی عەرەبییان دەکرد هاتەدی و هیچ کام لە سەرکردەکانی هۆزە راپەریوەکان و ئەوانەی بانگەشەی شۆرشیان دەکرد لە شارەکاندا تووشی زیان نەبوون بەپێچەوانەوە دەسکەوتی زۆریان دەس کەوت. جا ئەگەر شێخ لەیاریەکەی باش بزانیایە ئەوا دەسکەوتی زۆری بۆ کورد بەدەسدەهێنا و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەبوو و بۆخۆشی دەبوو بەمەلیك و ناوبانگێکی هەمیشەییشی بۆ دەبو ئەمەجگە لەوەی کە نەتەوەییە کوردەکان لێی کۆدەبونەوەو ئامانج و خەونەکانی ئەویان بەدی دەهێنا و بەرەو پێشەوەیان دەبرد.

ئەم بیرو بۆچونانە لەویژدانیدا بون کاتێ کە گەڕایەوەو یەکسەر وەك پیاوێکی کەللەرەق دەهاتە پێش چاو کە بەدوو چاوی برسی دەیڕوانیە ئەو هەرێمە کوردیانەی دەوروبەر کە بەڵێنی دابو کاری بەسەرییانەوە نەبێ جگە لەوەی کە زۆر حەزی لەوە دەکرد دەسەڵاتی خۆی زۆر زیاتر بکا لەوەی بۆی دیاری کرابو.

لەتشرینی دووەمی ١٩٢٢ دا نازناوی (مەلیکی کوردستان)ی لەخۆی ناو خۆی بەخاوەن دەسەلات دانا بەسەر هەموو ولاتی کورداندا لەعیراق بە ویلایەتی موسلیشەوە "ئەمەی کرد بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی کە قەزاکانی کەرکوك و هەولێر لە ویلایەتی موسلدا هیچ ئاوەزوێیکیان دەرنەبری کە دەیانەوێ مل کەچی حکومەتەکەی ئەو بن[١٠]. بەریتانیەکان دوای مانگی لە گەڕانەوەی شێخ بۆیان دەرکەوت کە پەیوەندی بەتورکەکانەوە دەکا ئەو نامانەی (اوزدمیر) ناردبوی بۆ بارەگاکەی خۆی لە (جزیرە ابن عمر) ئەم جۆرە پەیوەندی و گفت و گۆیە ئاشکرا دەکات "ئەو- واتە اوزدمیر- خۆی لەقەرەی ئەوەنەدا کەوتەیێك بدا سەبارەت بە قبولێ کردنی حوکمی زاتی بۆ کوردەکان. لەنامەییێکیدا کە بۆ لیژنەییێکی تورکیی رەوانە کردبو و لە کەرکوك پێکهێنرابو زۆر سوور بو لەسەر ئەوەی دەری ببڕێ کە حکومەتەکەی نیازی ئەوەی نیە پشتی داواکاریەکانی شێخ مەحمود بگرێ و پروپاگەندەکانی بلاو بکاتەوە. ئەو —اوزدمیر- شێخ وەك سەربازێك بەکار دەهینێ لەیاری شەترەنجدا ئامانجیش تەنها گێڕانەوەی ویلایەتی موسلە جا خەڵکەکەی پێیان خۆش بێ یانا خۆش بێ"[١١] واش پێدەچێ کە شێخ وایدەزانی ئەگەر تورك دژی بەریتانیەکان هان بدا خزمەتی بەرژەوەندیەکانی کورد دەکا، واتە لەیەکیان بەربدا. بەلام نەتەوەییەکانی سلێمانی ئەمە یان بەگەمەییێکی ترسناك دانا و بە دڵەڕاوکێوە سەرنجیان دەدا، زۆریشیان ناچار بوون خۆیان بکشێننەوە و لێی دووربکەنەوەو لەحوکمی توند و زۆر دارانەی ئەو کەچاوەروان نەدەکرا وابێ خۆیان لادەن[١٢] .

پێدەچێ نوێنەری بالا تووشی بێ ئومێدی بوبێ لەوەی کە بتوانێ شێخ رابهێنێ، لەوەش دەترسا کە هەڵوێستی ئەو شۆرشگێڕە ببێتە هۆی سەرنەکەوتنی سیاسەتەکەی وەك دوا هەوڵ لەمانگی تشرینی دووەم وەفدێك لەسلێمانیەوە گەیشتە بەغدا و مەبەستیش ئەوەبو کە زەمینەییێکی هاوبەش بدۆزنەوە بۆ رێکەوتن لەگەل شێخ و شێوازێك دیاری بکەن بۆ پەیوەندی نێوان سلیمانی و بەشەکانی دیکەی

(١٠) راپۆرت سەرچاوەی پێشو بەلام راپۆرتەکە لەهەمان کاتدا دان بەوەشدا دەنێ کە هۆزەکانی کفری و کەرکوك لایەنی شێخ مەحمودیان گرت و چوونە پالێ

(١١) هەمان سەرچاوە

(١٢) ادموندز- ئاماژە بەچەن کەسایەتیك دەکا کە خۆیان لە شێخ بەدوورگرت لەوانەش خزمی خۆی تێدابوو، جگە لە شێخ عەبدولکەریم قادرکەرەم و بەگزادەکانی جاف و لەپێش هەمووشیانەوە کەریم بەگی جاف و هی دیکەش.



عیراق. بەلام نەدەکرا بگەنە هیچ ئەنجامێك بەهۆی داواکاریە توندەکانی شێخ و وەفدەکە گەڕایەوە بێ ئەوەی هیچ بەدی بهێنێ.

لەهەمان کاتدا ئەو وت ویژەی لە (لۆزان) دەکرا وا چاوەڕوان دەکرا کە کاریگەریەکی بنبڕی هەبێ لەسەر دوا رۆژی کورد لە عیراق و هەموو کێشەی کوردستانیش شێخ هەولی دا وەفدێك بنێرێ بەلام رێی پێنەدرا، لەبەریەك هەلوەشاندنەوەی رێکەوتننامەی (سیڤەر)یش مانای وابو دەبێ دوبارە چاو بە دوارۆژی پەیوەندیەکان لەگەلێ عیرقدا بخشێنرێتەوە، هەر بەتەواویش کوردستانی تورکیا پشت گوێ خراو باس نەکرا تورکەکان لە (لوزان) سووربون لەسەرئەوەی کە دەبێ ویلایەتی موسلێ بدرێتەوە بەوان بەو مەهانەیەی کەزۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە عەرەب نین. بەریتانیەکانیش بەرپەرچیان دانەوە بەوەی کە زۆربەری دانیشتوانی ناوچەکە تورك نین بەلکو کوردن و ئەم ویلایەتە لەرووی ئابوری و ستراتجییەوە لەعیراقەوە نزیکترە.

لێرەوەوا پێویست زانرا کەبەپەلە هەولێ بدرێ هۆیەك بۆ پێکەوە ژیانی کوردو عەرەب لەژێر یەك تاجدا بدۆزرێتەوە، واش دەگوترا کە فەیسەل حەزی دەکرد هەرێمە کوردیەکانی چوارچێوەی عیراق حوکمی زاتیی تەواویان بدرێتێ.[١٣] .

بۆ رووبەروبونەوەی سووربونی کوردو بەرزبونەوەی بانگەشەی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی کە توانیشیان دەنگی خۆیان بگەیەننە ناوەندە نێو دەولەتیەکان، هەردو حکومەتی بەریتانیا و عیراق بریاریان دا وتەیەك بدەن بۆ رازی کردنی یان راکێشانی نەتەوەییە میانڕەوەکان بەلای خۆیاندا ئەگەر بکرێ، هەروەها رای گشتیی کوردیش کەهێشتا هیچ ڕاییێکی خۆی دەرنەبڕیوە.

"حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانی و حکوومەتی عیراق دان بەمافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لەناو سنوری عیراقدا دەژین، کە حکومەتێکی کورد لەچوارچێوەی ئەم حکومەتەدا دابمەزرێنن. هەردو حکومەت ئومێددەکەن کە کوردەکان بەهەموو رەگەزە جیاوازەکانیانەوە بەزوترین کات دەگەنە رێکەوتنێك لەنێو خۆیاندا سەبارەت بەجۆری ئەو حکوومەتەی دەیانەوێ هەروەها ئەو سنورەش کە دەبێ ئەو حکوومەتە بیگرێتەوەو نوێنەری خۆشیان بنێرنە بەغدا بۆ قسەکردن سەبارەت پەیوەندیە ئابوری و سیاسیەکان لەگەلێ حکوومەتی خاوەن شکۆ و حکومەتی عیراقدا".

-ادموندز- لە لێدوانێکیدا سەبارەت بەم وتەیە راستی ناشارێتەوە و دان بەوەدا دەنێ کە "جدی" نەبوە. لەبەر ئەوەی کە خۆیشی یەکێك بو لە ئەفسەرە سیاسیەکانی ناوچەکە کە دەبایە ئەو وتەیە

(١٣) سەرچاوەی پێشو: تقرير عن الادارة في العراق- نيسان ١٩٢٢ ازار ٩٢٣ ل٣٧

لەنێو هۆز و سەرکردە و شێخەکاندا بڵاوبکاتەوە، وەسفێکی بۆ بەجێهێشتوین سەبارەت بەکاردانەوەی شێخ عەبدولکەریم قادر کەرەم کاتێ ئەو وتەیەی بۆ کردوە بە کوردی .

"شێوازی ئەو وتەیە، بەتایبەتی بەکارهێنانی حکومەتی کوردی لەبری ئیدارەی کوردی، دەس نیشان نەکردنی ئەو سنورە جوگرافیەی بۆی دیاری کراوە، زۆر لەوە دورتر بو کە من چاوەڕوانم دەکرد بەبەراورد لەگەڵ هەڵوێستی پێشوی حکومەتی عیراق و نوێنەری باڵا. ئەم وتەیەم کرد بەکوردی بۆ عەبدولکەریم هەرچەندە زۆریش بەگومان و دوو دڵ بوم بەڵام بەرپرسانی بەغدا هیچ گوێیان نەدایە ئەو هەستەی من وەك بەیانێکی رەسمی بڵاویانکردەوە" [14] هۆ و پێویستیەکانی خەڵق کردنی دەوڵەتی عیراق و دانانی بنەماکانی، زاڵ بوون بەسەر پێویستیەکانی تایبەتمەندیە کوردیەکان، و هەمولایەنێکی عەقڵی بەریتانیەکانی گرتەوە و هەموو هەوڵی خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەو مەبەستە، هەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەو دەوڵەتەوە تا هەڵبژاردنی پەرلەمانەکەی و ئەنجومەنی وەزیران و دەستوریش.

بەگوێرەی فەیسەل، دوای ئەوەی هەموو شتێکی بۆ ڕێکخرا مەسەلەی باشوری کوردستان تەنها مەسەلەی نەوت یان لایەنی ستراتیجی نەبو، ئەوەبو لە ئەیلولی ١٩٢١ واتە دوای چوار هەفتە لەکردنی بە مەلیك بەهاندان و پشتگیری نوێنەری باڵا روونی کردەوە کە بەهەموشێوەیێك دژی ئەوە دەوەستێ کەناوچە کوردیەکان لەشانینەکەی جیابکرێنەوە، وەك ئەوەی لەرێکەوتننامەی سیڤەردا باسکراوە. ئەمەجگە لەوەی نەیدەویست زۆرینەی هاووڵاتیانی شیعە لەمیسۆپۆتامیادا وەك هێزێکی خاوەن برەو دەرکەون لەگۆڕەپانی سیاسەتی عیراقیدا، کوردە سونییەکانیش وەك رووغان کردەوە- دەبنە هۆی پارسەنگ راگرتن بەرامبەر زۆرینەی شیعە. ئەمەش بیرۆکەیێکی نوێ بو زەینی بەریتانیەکان و سیاسەتمەدارەکانیان تا ئەو کاتە بەلایدا نەچوبو چونکە هیچ شتێ نیە لەنێو بەڵگەنامەکانی بەریتانی و راپۆرت و نامە گۆڕینەوەکانیاندا ئاماژە بەوە بکا کە ئەوان ئاگاداری ئەم لایەنە بوون. فەیسەل و

(١٤) سەرچاوەی پێشو ل ٢٨١. ادموندز کە ئەو بەیانەی برد بۆ شێخ عەبدولکەریم قادرکەرەم دەڵێ: لەم دوسێ ساڵەی دواییدا چەند جارێ چاوم بە شێخ عەبدولکەریم کەوتوەو ئاواتی ئەو ئەوە بو کە دەوڵەتێکی کوردی دروست ببێ بەسەرۆکایەتی شێخانی بەرزنجە بەڵام ئەوەندەش زیرەك و دووربین بوو کە وای لێبکا دژی ئەوە نەبی کە شێخ مەحمود بۆ بەرزترین پۆستی ئەو دەوڵتە بپالێورێ چونکە زۆری رق لێی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی زۆرینە لەگەڵ ئەوەدا بون دەنگی نەکرد، بێ ئەوەی چاو لە هەڵەکانی بپۆشێ و هەمیشە لۆمەی دەکرد و رەخنەی لەسیاسەتەکەی دەگرت نەك هەر لەبەر ئەوەی کە هەڵە بوون، بەلکو لەبەر ئەوەش کە دەترسا ئەو سیاسەتە ببێتە هۆی ئەوەی پشتگیری ئێمە لەدەس بدا و ئەمەش هەڕەشە لەهەلی بە دیهێنانی ئاواتە نەتەوەییەکانی دەکا.



سیاسیە عەرەبەکانی بەغدا لەوە دەترسان کە یەکخستنی کوردستانی سەربەخۆ دەبێتە هۆی ئەوەی هەوڵی خۆیان یەك بخەن لەگەڵ کوردەکانی ئێران و تورکیا و ببنە هەڕەشەیێکی هەمیشە بۆ عیراقی نوێ کوکس بریاری خۆی دا بو لەنێوان ئەوەی " کوردەکان ناچار نەکرێن دژ بەویستی خۆیان بچنەپاڵ دەوڵەتێکی عەرەبی" و لەنێوان " پێویستی سیاسیی بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی گەورە کە نرخ و بایەخێکی هەبێ". بۆیە بۆ فەیسەلی روون کردەوە کە کوردەکان لەنێو یەکیەتیەکی سیاسی و ئابوریدا و لەژێر تاجی عیراقیدا دەمێننەوە ئەگەر دۆخێکی ئیداریی جیاوازیشیان هەبێ. و هەوڵی بێ ووچانی دا بۆ ئەوەی کوردەکان لە ئەنجومەنی دامەزراندنی عیراقی و لەپەرلەماندا بەشداری بکەن بۆ ئەوەی ببن بەچەقی قورسایی لەشانیشینە نوێیەکدا پێش یەکلایی کردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ. دوای ئەوە بەیەك ساڵ ئەمە هاتەدی فەیسەل "ارادە ملکیە"یێکی دەرکرد و بانگی ئەنجومەنی دامەزراندنی کرد کە بریاردرا ناوچە کوردیەکان تا کەرکوك ( هەرچەندە دەنگیشی نەدابو بۆ مەلیك) بخرێنە سەر عیراق جگە لەسلێمانی. هەموو شتێکیشی بۆ "نوئیل" روون کردەوە ئەوە تا من دژی گومانی گشتی دەوەستم لە مەسەلەیکدا کە زۆر نزیکە لەراستیی چەسپاو ئێمە بڕیارماندا کوردەکان بخەینە ناوسنوری عیراقەوە بەهەر رێگاییێك بێ By Hook or by Crook مەسەلەی هەلبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن هەر بۆ چاوبەستەکێ بو... دەبێ لێرەش ئاماژە بەوە بکەم کە بیرۆکەی ناچارنەکردنیان بۆ هاتنەپاڵ عیراق بیرۆکەیێکە کوردەکان وای بۆ دەچن لەگەڵ حیساب کردنی کەرکوك وەك "ناوچەیێکی هەڵبژاردن" دائیرە انتخابیە- ناگونجێ [15] . (کوکس) لەلای خۆیەوە بۆ مەلیك فەیسەلی روون کردەوە کە زۆر لە وتەکەی و ئەنجامەکانی دەترسا هەرچەندە ناچاریش کرا ئەو وتەیە بدا، کە بەهیچ شێوە و هیچ جۆرێ جیابوونەوەی سیاسی و ئابووری ناگەیەنێ لە عیراق [16] .

ئەوانەشی کە ئەو وتەیەیان دەرکرد بوو باشیان دەزانی کە کوردەکان لە ناو خۆیاندا رێك نین تا ئەو رادەیەی کە ناتوانن بگەنە رێکەوتنێك لە ناو خۆیاندا [17] لە هەمان کاتیشدا شێخ مەحمود لایقی ئەو ئەرکە "دیبلوماسی"یەی بۆی دانرابوو ولێی داوا دەکرا نەبو. هەرچەندە کوردەکان لەڕێی شێخ مەحمودەوە دەسکورتی و نەزانیی سیاسیانەی خۆیان دەرخست بەڵام بەریتانیەکانیش لەرێی

(١٥) لە (نوئیل)ەوە بۆ (بوردیللون): سلێمانی لە ١٠/ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ (لە سلوکیت: بەریتانیا فی العراق ل ١٩٢ B.H.C.F. Events in Kurdistan)

(١٦) راپۆرتی هەواڵگری ـ استخبارات ـ لە عیراق. ژمارە (١) لە ١/ی کانوونی دووەم ١٩٢٣: Fo. 371-9009

(١٧) یاداشتی ادموندز سەبارەت هەڵویستی کورد لە ٤/ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ لە Fo. 371- 9004

(کوکس)ەوە وەك خاینی غەددار(خونە غەدارین) هاتنە پێش چاو. هەرکە هێزەکانی بەریتانی سلێمانییان داگیر کردەوە ـ با تۆزی پێش رووداوەکان بکەوین ـ سەرەك وەزیرانی عیراق رەوانەی سلێمانی کرا تاکو لەگەڵ گەورە پیاوانی شارەکە باسی دامەزراندنی کوردستانێکی خاوەن حوکمی ناوخۆیی و پەیوەندیەکی کەم و لاواز بە عیراقەوە بکا کە فەرمانبەری کورد بیبا بەڕێوە و پێویست بە رەزامەندی مەلیك و (کوکس) ناکا لە دامەزراندنیاندا جگە لە فەرمانبەرە گەورەکان. هەروەها نوینەرانیشیان داوایان لێ ناکرێ سوێندی مل کەچی بۆ مەلیك بخۆن، تەنها ئەوەندەیان لە سەرە کە ئامادەن. رەنگە حکوومەتی فەیسەل لە شۆڕشێکی نەتەوەیی دیکە دەترسا لە سلێمانی هەروەها لەوەش کە کۆمەڵی گەلان ـ عصبە الامم ـ ویلایەتی موسل بداتەوە بە تورکەکان کە ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ئەوەی یەکسەر حوکمی زاتی بدەنە سلیمانی. بەڵام داڕمانی بەرەی بەرهەڵستکارانی شێخ مەحمود لە مانگی تەمموزدا و دوای کشانەوەی سوپای بەریتانی، فەیسەل و حکومەتەکەی رزگارکرد کاتێ دەسەڵاتی ئینگلیزی بڕیاری یەکجارەکیی دەست لە شێخ مەحموود هەڵگرتنی دا. لە لایێکی دیکەوە فەیسەل روبەروی بەشداری نەکردنی کوردەکانی کەرکوك و هەولێرلە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندندا بوەوە چونکە ئەو بەشداری کردنی ئەوانی بەشتێکی جەوهەری دادەنا بەو پێیەی بەشێکن لە دەوڵەتی عیراق، هەروەها بۆ دابڕاندنی ـ عزل ـ سلێمانی کە عینادی دەکرد. ناتوانم ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق کە لە ١١/ی تەمموزی ١٩٢٣ دەری کرد بخەمە خانەی رێکەوتی مێژوویی چونکە بڕیارەکە لە سێ خاڵ پێکهاتبوو: یەکەمیان ئەوەبو کە حکوومەت هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لە ناوچە کوردیەکاندا دانامەزرێنێ جگە لەوانەی پسپۆرن لە کاری تەکنیکی دا. دووەمیشیان ئەوەیە کە دەڵێ بە هیچ جۆرێ خەڵکی ناچار ناکرێن زمانی عەرەبی بەکار بێنن لە کاروباری رەسمیدا، سێیەمیشان مافی خەڵکی و تایەفە ئایینی یەکان و مەدەنیەکانی ئەو ناوچانە پارێزراو دەبێ. رۆژی ١١/ی تەمموزی ١٩٢٣ رۆژی گەیشتنی شێخ مەحموود بوو بۆ سلێمانی!! ئایا بڵاوکردنەوەی ئەو سێ خاڵە وەڵامێکی یەکسەری ـ فوری ـ بوو بۆ ئەوە؟ لە ١١/ی تەمموزی هەمان ساڵدا (چرچل) لە پەرلەمانی بەریتانیدا دووپاتی کردەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان لەلایێك و بۆ کوردەکان لەلایێکی دیکەوە کە کوردەکان هەلێکی عەمەلی و راستەقینەیان بۆ دەرەخسێ تاکو هەڵوێستی خۆیان بە خۆیان دیاری بکەن[١٨].

(١٨) ئەم رێکەوتە سەرنجی ( السید عبدالرزاق الحسنی)ی رانەکێشا هەرچەندە بە هەردوو مێژووکەشەوە تۆماری کردبوو (بڕوانە ل١٦١ و ل٢٧٤) ـ تاریخ الوزارات العراقیە- چاپی پێنجەم لە ١٩٧٨



ئێستا کوردەکان ـ جگە لە سلێمانی ـ بەشداری لە ئەنجومونی دامەزراندندا دەکەن، لە واقیعشدا زۆر لە خەڵکەکە چوونە دەنگدان،لە ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی و لە ئەنجامدا سلێمانی پێنج نوێنەری هەبوو کە یەکێ لەوانە شێخ قادری بەرزنجی بوو.

حکومەتی بەریتانی لە بەغدا دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بیریان لەوە دەکردەوە لە باتیەك ـ بدیل ـ بدۆزنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەید تاهای نەهری یان هەڵبژارد تاکو ئەو دەورە ببینێ کە بە شێخ مەحموود درابوو. بەڵام رۆیشتنی لە ناکاوی سەید تاها بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٢١ دا وای کرد کە کارەکە سەر نەگرێ.بەڵام لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا گەڕایەوە دوای ئەوەی سوپای ئێران توانیی هێزەکانی ئەو و هێزەکانی سمکۆی هاوپەیمانی تێك بشکێنێ. واتە لە هەمان کاتدا کە نوێنەری باڵا گەیشتبوە ئەو بڕیارەی کە دەبێ شێخ مەحموود لا ببرێ، بە تایبەتی دوای ئەوەی رێکەوتننامەی لۆزان ئاواتی کوردی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا لە ناو برد. بۆیە دوبارە بیر لەوە کرایەوە کە دەوری (تشریفاتی) و دیبلۆماسی بدرێتە دەست سەید تاها، کە نەوەی شێخ عوبەیدوللای نەهریی بەناوبانگە و سەرۆکی تەریقەتی نەقشبەندیە لە تورکیا. هەرچەندە رەگەزنامەی تورکیی هەیە بەڵام ماڵ و موڵکی لە رەواندز هەیە. ئەویش لەلای خۆیەوە هاوکارییان بکا و دەتوانێ ناوچەی رەواندز لە تورکەکان پاك بکاتەوە، دیاریش بو کە دوژمنی کەمالیەکانەو نایەوێ لە گەڵیان رێك بکەوێ. هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە دەتوانێ هۆزەکان دژی تورکەکان هان بدا چونکە ئەو لە ناوچەکەدا رێز و دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە، بۆیە داوای تفەنگ و تەقەمەنی و پارەی کرد بۆ ئەوەی بەرەنگار بوونەوەیێکی عەشایری دژی تورك رێك بخا. رێ و شوێنی دیکەشی بۆ رەخسێنرا لەوە، هێزی کوردی خۆبەخشیان خستە بەردەستی، کەلەو کەسانە پێکهاتبوون لە سوپای عیراقی تازە دروست بوو ( تسریح) کرابوون تاکو هێزە عەشایریەکەی بەهێزتر ببێ[١٩] دەڵێن بارانێکی بەخوڕی لە ناکاو وایکرد

(١٩) ادموندز: سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٦ و دواتر: کاتێ کە گوێی لەوە بوو کە نوێنەری باڵا پێشنیارەکەی ئەو لە بەر چاو ناگرێ سەبارەت بە چالاکی ی لە دەرەوەی سنوری عیراق نائومێدیەکەی زۆر باش هەست پێ دەکرا. پاشان پێشنیاری کرد کە یارمەتیمان بدات لە دووبارە دەست بەسەردا گرتنەوەی رەواندز و وای بۆ دەچوو کە ئاسانە تورکەکان دەربکرێن لە ناوچەکە چونکە تەنها (١٣٠) کەسیان هەیە لە ناوچەی رانیە و (١٢٠) لە رەواندز و (٥٠) لە زێبار لە رۆژئاوا، گوتی کە پیاوەکانی هۆزەکەی خۆی بەکار دەهێنێ کە نزیکەی (٣٠٠) خێزانیان لە عیراق بوو، هەروەها دەشتوانێ هۆزی هەرکیی رەوەندیش بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێنێ، تەنها ئەوەندەی دەوێ هەندێ پشتگیریی ئاسمانی و ژمارەیێکی کەم لە تفەنگ و تەقەمەنی و هەندێ پارەش بۆ ئەوەی ئازوقەی بۆ (لەشکر) دابین بکرێ و هیچیشی بۆ خۆی داوانەکرد تەنها ئەوەندەی گوت کە وەك قەرەبوییێك

سەید تاها کردەوەی سەربازی نەکا، بەلاّم پرو پاگەندەی ئەوەی نیازی شتێکی وەهای هەیە لەناو هۆزەکانی ناوچەی رەواندزدا ئەنجامی باشی هەبوو، ئەمە جگە لەوەی کە هێزی ئاسمانی بەریتانی دەستی بەهێرش بردن کرد بۆ ناچار کردنی تورك تا لە رانیە بکشێنەوە و کاروباری عەشیرەتی پشدەر بهێنێتەوە بە دەست بابەکر ئاغا. راپۆرتەکانی نوێنەری بالاّ[٢٠] باسی ئەوەی دەکرد کە بەرهەڵستکارانی شێخ مەحمود لە سلێمانی زۆریان پێ خۆش بوو کە سەید تاها وەك هێزێکی تازە لە ئاسمانی سیاسی کوردستاندا دەربکەوێ وئەمەیان بە هەنگاوێك دانا کە ئومێدی ئەوە زیندو بکاتەوە کە لە رووی دوژمندا بوەستن ئەو رۆڵەی نوێنەری بالاّ بۆ سەید تاهای دیاری کردبوو نەهاتە دی، هەروەها ئەوەی کە سەید تاهاش دەیویست هەر نەهاتە دی، چونکە جگە لە لێزمەی باران کە رێگەی جم و جۆڵی لێ گرت، هۆی دیکەش هەبوو وەك ئەوەی کە ئەو چەکەی پێی درابوو جۆرێکی زۆر خراپ بوو و ئیشی نەدەکرد، هەروەها لەوەش دەچێ زێدەڕۆیی کرد بێ سەبارەت بە دەسەلاّتی لە نێو عەشایردا، تەنانەت هەرکیەکانیش کە ئەو زۆر پشتی پێ دەبەستن نەچوون بە دەنگیەوە، ئەمە جگە لەوەی پلانێکی نەبوو بۆ چالاکیی سیاسی وەك ادموندز دەیگوت، بەڵکو تەنها پشتی بە بوردومان کردنێکی کوێرانە دەبەست، نەك تەنها دژی دوژمنەکانی بەڵکو دژی ئەو سەرەك هۆزانەش کە دوودڵ بوون لە هاوکاری کردنیدا. لەگەڵ ئەمەشدا نوێنەری بالاّ (هنری دوبس) کە هاتە جێی (کوکس) سوور بوو لەسەر ئەوەی بە قایمقامی رەواندز دا بمەزرێ و لە نیسانی ١٩٢٣دا دایمەزراند هەرچەندە حکوومەتی عیراق و ژمارەیێك لە ئەفسەری سیاسی بەریتانی دژی ئەو دامەزراندنە بوون، بەو سیفەتەی کە هێزی کوردیی دووەمە بەرانبەر شێخ مەحموود وتێك چوونی باری سلێمانی کە هیچ ئومێدێك نەبو بۆ چاك کردنی و رزگار کردنی.

لە سلێمانیش شێخ مەحموود تووشی کێشەیێکی دارایی توند بوو وپێویستیەکی زۆری بە پارە هەبوو، چونکە هەرچی پارەیێك کە لە (بیت مال)ی سلێمانیدا هەبوو هەر هەمووی لە سێ هەفتەی یەکەمی گەیشتنەوەی بۆ سلێمانی خەرج کرد و دابەشی کرد بەسەر ئەو سەرەك هۆز ومیوانانەی

سەرپەرشتی قەزاکانی رەواندز و ئاکرێ و ئامێدی بەو بسپێردرێ وەك شێخ مەحمود کە سلێمانیی پێ سپێردراوە. دەڵێن ئەمە ئەو بیرۆکەیە بوو کە ادموندز پێی باش بوو بەلاّم (نوئیل) لەگەڵی نەبوو، ( نوئیل) وای پێشنیار کرد کە سەید تاها و شێخ مەحمود و سمکۆ کۆ بکرێنەوە و بەیەکەوە کارێکی هاوبەش بکەن بێ ئەوەی بزانێ کە شێخ لەگەڵ سمکۆدا ناگونجێ و لەسەریەك مێز لەگەڵی دانانیشێ.

(٢٠) راپۆرتی ئیدارە: سەرچاوەی پێشوو.نیسانی ١٩٢٢ـ ئازاری ١٩٢٣



هاتبوونە لای بۆ پیرۆزبایی. بەلاّم لە دواییدا سەرچاوەیێکی دۆزیەوە بۆ پڕ کردنی خەزێنەکەی لەرێی باج دانان لەسەر توتن و(دەیەك-الاعشار) و دەڵێن توانیی بیست و پێنج هەزار روپیە لەم دوو سەرچاوەیەوە دەس بکەوێ. داوایان لێکرد لە کۆنگرەیەکدا لە کەرکوك ئامادە بێ بەلاّم قبوڵی نەکرد، بەلاّم دوایی لە ٢٣/ی کانوونی دووەمدا دوو نوێنەری خۆی نارد کە هەڵوێستێکی زۆر توندیان هەبوو. پاشان رووداوەکان بە خێراییەکی سەیر روویان دا. لە کۆتایی کانوونی دووەمدا چەند ئەفسەرێکی تورك گەیشتنە سلێمانی.

پلانێك دانرا بۆ هێرش کردنە سەر کەرکوك و کۆیە، پەیوەندی کرا بە زانایانی شیعەوە لە کەربەلاّ و نەجەف. "کۆمەڵەی تورکی" لە کەرکوك دەستی کرد بە بلاّوکردنەوەی بانگەشەی شۆڕش و خۆ ئامادە کردن بۆی[٢١]. (اوزدمیر)یش لەلای خۆیەوە پرۆگرامی هێرشێکی دانا بۆ سەر هەولێر و پاشان کەرکوك و بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی کرد بە فەرماندەی سەربازی ئێرانەوە تاکو رێی پێ بدرێ خاکی ئێران بەکاربهێنێ و داوای یارمەتیش لە هۆزە کوردیەکانی ئەوێ بکا.ئیتر نوێنەری بالاّ بریاری دا پێش شۆڕشی شێخ بکەوێ و دەستی کرد بە پەیوەندی کردن بە هۆزەکانی هەمەوەند و جاف و پشدەر وکەوتنە ئامادە باشیەوە [٢٢].لە ١٦/ی شوباتدا[٢٣] کۆنگرەیەك لە بەغدا بەسترا بۆ باس کردنی بارودۆخی، سلێمانی جگە لە (هنری دوبس)ی نوێنەری بالاّی نوێ، ئەفسەرو فەرمانبەری بەریتانیشی تێدا بەشدار بوون و ئەم بریارەیان دا:

یەکەم: لە ٢١/ی شوبات نوێنەری بالاّ بروسکەیێك دەنێری بۆ شێخ مەحموود و داوای لێدەکا بێتە بەغدا

دووەم: ئەگەر شێخ قبولی نەکرد چەند فرۆکەیێك بە ئاسمانی سلێمانیدا دەسورێنەوە و کاغەز فڕێ دەدەنە خوارەوە کە تیایدا نوسراوە شێخ دەرکراوە و پێنج رۆژی بۆ دانراوە لەگەڵ هەموو ئەندامانی ئەنجومونی ئیدارە بێتە بەغدا

(٢١) سەرچاوەی پێشوو: راپۆرتی ئیدارە لە عیراق. نیسانی ١٩٢٢ـ ئازاری ١٩٢٣ ل ٣٩ (ادموندز) سەرچاوەی پێشوو. لونگریك (العراق ١٩٠٠ـ ١٩٥٠) سەرچاوەی پێشوو ل١٤٥ـ١٤٦

(٢٢) راپۆرتی ئیدارە لە عیراق. سەرچاوەی پێشوو ل٣٩

(٢٣) کرد و ترك و عرب: سەرچاوەی پێشوو ل٢٨٣ـ٢٨٤ ٠ئەم برگەیەم لە وەرگێرانەکەی خۆمەوە وەرگرتوە وواش دەزانم یان هەڵەی چاپە یان هینی خۆمە کە (کانوونی دووەم)مە لە بری (شوبات) داناوە تکایە تێبینیی ئەوە بکرێ.

سێیەم: دوو سریە لە کەتیبەی سیخی چواردە بە شەمەندەفەر تا(کنکربان) دەچێ و لە وێشەوە بە فرۆکە دەبرێتە کەرکوك[٢٤] بۆ بەهێز کردنی هێزەکانی (لیڤی) و وەك بەرپەرچ دانەوەیەك دژی هەر هێرشێکی لە ناکاو.

چوارەم: ئەگەر شێخ شاری بەجێ نەهێشت فرۆکە دەس دەکا بە بوردومان کردنی سەربازگەکان و بارەگای شێخ.

دەس کرا بە جێ بەجێ کردنی ئەو مەرجانە و (ادموندز) نامەی نوێنەری بالاّی لە ئێوارەی رۆژی٢٠/ی شوباتدا گەیاندە شێخ، ئەویش داوای هەندێ روونکردنەوەی کرد، بەلاّم (ادموندز) پێی راگەیاند کە دەسەلاّتی ئەوەی نەدراوەتێ لە بارەی بریارەکانی سەرۆکەکەیەوە ووت و وویژ بکا. بە گوێرەی راپۆرتی نوێنەری بالاّ کە بۆ وەزارەتی موستەعمەرات رەوانە کراوە "شێخ سەرپێچی کردوە لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکاندا کە دەبێ بێتە بەغدا، قسەش هەیە کە خۆی ئامادە دەکا بۆ هێرش کردنە سەر کەرکوك[٢٥].

لە رۆژانی ٢٣ و ٢٤ی شوبات فرۆکە پەخشنامەی لە ئاسمانەوە فڕێ دایە خوارەوە کە تیایدا نووسرابوو شێخ مەحموود دەرکراوە و هیچ دەسەلاّتێکی نەماوە. ئێوارەی بیست و چواری مانگ شێخ دوا هەوڵی خۆی دا بۆ لێك گەیشتن، بەلاّم چەند سەعاتێ خەریکی بروسکە گۆڕینەوە بوو لەگەڵ (ادموندز) دا بێ ئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێ، لەوانەشە شێخ بەم دواخستنەی مەبەستی بووبێ کاتی هەبێ و گوایا دەیەوێ دەس لەکار بکێشێتەوە، لە کاتێکدا هەواڵەکان رایاندەگەیاند کە هێزێکی (لیڤی)ی ناردوەتە چەمچەماڵ بە مەبەستی هەڕەشە کردن لە کەرکوك[٢٦].

فەرمان بە شێخ کرا کە ئەو پەڕی لە یەکی ئازاردا دەبێ شاری سلێمانی بەجێ بهێڵێ و خەلکەکەش ئاگادارکرانەوە کە شار بۆردومان دەکرێ ئەگەر شێخ نەڕوا و تووشی کردەوەیێکی سەربازیش دەبن. لە ٣/ی ئازاردا سلێمانی بووردومان کراو لەگەڵ بۆردومانەکەدا وەفدێك لە سلێمانیەوە گەیشتە کەرکوك و لە ناو وەفدەکەدا شێخ قادر و مستەفا پاشای یامولکی، لە کەرکوك

(٢٤) ئەمە یەکەم گواستنەوەی ئاسمانی بوو لە مێژووی جەنگەکاندا. کە یەکەی سەربازی تەواو بە هەموو کەل و پەلێکەوە بگوازرێتەوە بۆ مەیدانی شەڕ و بەو جۆرەش، بۆیە رۆژنامەکانی بەریتانیا ئەو هەواڵەیان بە ناونیشانی گەورە و دیار لەکاتی خۆیدا بلاّو کردەوە.

(٢٥) راپۆرتی ئیدارە. سەرچاوەی پێشوو ل٣٩

(٢٦) راپۆرتی ئیدارە (سەرچاوەی پێشوو) ل٣٩



بەبۆردومانەکەیان زانی، وەفدەکە هەوڵی زۆری داو بروسکەی زۆری بۆ شێخ کردو داوای لێکرد شار بەجێ بهێڵێ ئەوە بو شێخ چو بەدەنگیانەوەو لەبەرە بەیانی چواری مانگدا لەگەڵ دوو سەدکەس لە سوپای لیڤی و هەرچی لە خەزینەدا[٢٧] بو شاری بەجێهێشت و دەڵێن پەنای بردبوە بەر بەرزانییەکانی سورداش لە باکوری شار و (اوزدمیر) سەردانی کردبوو و هانی دابو دوبارە سلێمانی بگرێتەوە.[٢٨]

لەڕۆژانی سەرەتای ئازاردا هێزی ئاسمانی بەریتانی بلاّوەی کردبەو کۆمەڵە کەسانەی لایەنگری شێخ بوون و لەدەرەوەی سلێمانی کۆ ببونەوە. هیچ شتێ لە شێخ دەرنەکەوت کە نیازی هەیە چەك فڕێ بدا یان خۆی بدا بەدەستەوە، بەپێچەوانەوە ئەشکەوتی جاسەنەی لە سورداشدا کردە بارەگای خۆی و هێزەکانی بە گوندەکانی دەوروبەردا بلاّوکردەوە و دەسەلاّتی خۆی پیادە کرد وەك جاری جاران. چاپخانەکەشی لەگەڵ خۆی برد و بەکاری هێنا و لە ٨/ی ئازاردا واتە دوای چوار رۆژ لە بەجێهێشتنی شار ژمارەیەکی رۆژنامەکەی دەرکرد کە ناوی "بانگی هەق"ی بۆ هەڵبژاربو[٢٩] لەبری رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) کە جاران دەری دەکرد. لەژمارەیەکدا و لە خوارەوەدا ئەم دەستەواژەیە نوسرابو "لەبارەگای گشتی سوپای کوردستان دا چاپکراوە" بەریتانیەکان مەترسیی مانەوەی شێخیان لەسورداش دەزانی و دەیانزانی تەگەرە دەخاتە بەردەم سیاسەتی لەناوبردنی دەسەلاّتی تورك لە ناوچەکەدا و کاردانەوەشی بۆ سەر ویلایەتی موسل باش نابێ، چونکە بونی (اوزدمیر) لە ناوچەکەدا بەچەند قۆناغێ لە هەڕەشەکانی شێخ مەترسیدارتر بو. بۆیە فەرماندەی گشتی نوێ لە عیراق (مارشال الجوسرجون سالمون) بریاری دا کات لەدەس نەدا و دەستی کرد بەهێرشی ئاسمانی چڕ بۆسەر گوندەکانی (شێخ بزێنی) کە هاوپەیمانی (اوزدمیر) بوون، بەردرێژایی هەردوبەری زێی خوارو و سەربازگەکانی کۆیەو ئەو (رتل)ەی بەفەرماندەیی (العقید مینیت) هێرشی کردە سەر ئەوشارە هیچ بەرەنگاربونەوەیەکی نەهاتە رێ و کەگەیشتە شارەکە ( لە ٧/ی تشرینی یەکەم) بینی تورکی تێدانەماوە، و زۆربەی شێخەکانی (شێخ بزێنی) مل کەچی خۆیان نواند.

(٢٧) سەرچاوەی پێشوو ل ٣٩-٤٠. هەروەها بڕوانە ادموندز: ل٢٨٤-٢٨٦

(٢٨) ڕاپۆرتی ئیدارە (سەرچاوەی پێشوو) ل ٤٠

(٢٩) بە عەرەبی ماتای (صوت الحق) ە، بەلاّم بەزاراوەی سۆفیگەری ماناکەی لەمەزیاترە. وشەی (الحق) لای سۆفیەکان مانای (زاتی خوایە) یان (خوا) بۆیە هەڵبژاردنی ئەو ناوە لەلایەن شێخ مەحمودەوە مەغزا و مانای خۆی هەبوو.

پاشان شەڕگوازرایەوە باکور و هێزە دوژمنەکان لەمەرگەو رانیە و پشدەر دوچاری بۆردومانێکی توندی بەردەوام بوون. هێزی ئاسمانی زیاتر بۆردومانی دۆڵی (شاور)ی کرد چونکە ریگەی بەستنەوەی ئەم ناوچانە بو بەرەواندزەوە. لەوەش دەچێ بەدرێژایی پاییزی ١٩٢٢ و زستانی ١٩٢٣ هێرش و بۆردومان بەردەوام بوبێ.

لە کۆتایی ئازاردا هێزە زەمینیە گەورەکە بەرەو بەرەنگار بوونەوەی (اوزدمیر) دەڕۆیشت. ئەو هێزە لە دوو رەتل پێکهاتبو. رەتلێکیان بە فەرماندەیی (العقید ڤنسنت) و بەناوی (رتل کوی Koi Col) ناسرابو، رەتلێکیش بە فەرماندەیی (العقید دوبس) کە بە ناوی (رتل الجبهە- Front Col) ناسرابو ئەم دوو رەتلە بەیارمەتی هێزی ئاسمانی دەوری شوێنەکانی (اوزدمیر) یان دا لە کەرتی سپیلك و ناچاریان کرد لەشەوی ١٩/٢٠ی نیسان شوێنەکانی خۆی بەجێ بهێڵێ و بکشێتەوە لەدەربەندەکە. سەید تاها کاروباری پۆستەکەی خۆی گرتەدەست لە رەواندز کە لە ٢٢/ی نیسانی ١٩٢٣ دا داگیرکرا و دوای ئەوە ئیتر کەس ناوی ئەو ئەفسەرە تورکەی نەبیست دوای ئەوە ئەوجا بریاردرا کێشەکە لەگەڵ شێخ مەحمودیشدا چارە سەربکرێ. (رتل کوی) دانرا بۆ ئەوەی سلێمانی داگیر بکا. لە هەشتی ئایاردا لەفرۆکەوە پەخشیان بۆ خەڵکی سلێمانی فڕێ دایە خوارەوە و تیایدا باسی ئەوەیان کردبو کە دەیانەوێ شارەکە بگرن. لە هەمان کاتدا شێخ لە پشدەر گەرابوەوە کە بەمەبەستی هاندانی هۆزەکان چوبو تاکو لە دواوە هێرش بکەنە سەر ئەو (رتل)ەی بەرەو شوێنەکانی (اوزدمیر) دەڕۆیشت، بەڵام کەس بەگوێی نەکرد، لە هەمانکاتدا شێخ ئاگاداری فەرماندەی ئەو هێزەی کرد کەنیازی هەبو بەرەو سلێمانی بێت کە یەك هەنگاو لەچەمچەماڵ بە دواوە نەنێ. بۆ رۆژی دوایی بارەگای خۆی بەجێهێشت و رۆیی بۆ سلێمانی و بەنیازی ئەوەی بەرەنگاری (رتل)ەکە ببێتەوە، بەڵام هەر کە زانیی (رتل)ەکە لە دەربەندی تاساڵوجە تێپەڕیوە، کە تاقە خاڵی بەرگری بو لەنێوان دەربەندی بازیان و سلێمانی یەکسەر و بەپەڵە بەرەو سنوری ئێران کشایەوە، پاشان زانرا کە لە گوندی (پیران) نیشتەجێ بوە کە دوو میل لەناو سنوری ئێراندایە.

(رتل)ەکەگەیشتە سەرچنار، پێش ئەویش ئەفسەری سیاسی کە بۆ سلێمانی دانرابو کە هەر (ادوموندز) بو گەیشتبوە سلێمانی و یەکسەر ئیدارەیەکی حکومەتی ی دانا و (احمد بگ تۆفیق) ئیدارەی مەدەنیی پێ سپێردرا کاروباری ئاسایشی ناخۆش درایە دەست شێخ قادر بەرزنجی. (ادموندز) دەڵێ:

"کاروبارەکانم هەمو لەو ژورەوە بەرێوەبرد کە شێخ بۆ بەرێوەبردنی کاروباری حوکمەکەی بەکاری دەهێنا لە قوتابخانەی دواناوەندی کە فەرمانگەی ئەفسەری سیاسی بوو لە ساڵی ١٩١٩. چومە



کتێبخانەکە و وێنەی شێخم بینی هەڵواسرابو لەپشت کورسیەکەیەوە. هەروەها ئاڵایێکی کوردیشم بینی لەگەڵ تاجێکی رازنیراو کە ئامادە کرابو لەسەر ئاڵاکە دانرابێ وەك هێماییێك بۆ ئاڵای شاهانە" [٣٠].

لەکۆتایی ئایاری ١٩٢٣دا نوێنەری باڵا (هنری دوبس) پێش سەرەك وەزیرانی عیراق (عبدالمحسن السعدون) سەردانی سلێمانی کرد. پاشان هەردوکیان لەگەڵ هەندێ گەورە پیاو و کەسی ناسراوی شارەکەدا کۆبونەوە لەبەرئەوەی (السعدون) ئامادە نەبو گوێ لەداواکاریە نیشتمانییەکانی کوردەکان بگرێ یان (تنازل) ات پێشکەش بکا، کۆبونەوەکە سەری نەگرت و شکستی هێنا.

ئەم سەرنەکەوتنە لەرەواڵەتدا هۆی ئەوە بو کە نوێنەری باڵا سووربو لەسەر ئەوەی یەکە سەربازیەکانی بەریتانی بکشێنەوە لەکاتێکدا لایەنی عیراقی دەیویست بمێنێتەوە تاکو بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە [٣١] بەڵام هۆی راستەقینە ئەوە بو کە سەرك وەزیران سوور بو لەسەر ئەوەی هیچ

---

(٣٠) ( ادموندز): سەرچاوەی پێشوو ل ٢٩٧

(٣١) راپۆرتە رەسمیەکانی بەریتانی ئاماژە بەوە دەکەن (ادموندز- ل٣٠٩) کە نەخشەی گشتیی بەریتانی لە ساڵی ١٩٢١ەوە ئەوەبو کە بونی سەربازیی بەریتانی لە عیراقدا تەنها بە هێزی ئاسمانی شاهانە بسپێردرێ "R.A.F" و بە تەواوی هێزی پیادەی بەریتانی ئینگلزی بێ یان هیندی لە عیراقدا نەبێ. بۆیە (٤٨ سرب) لە عیراقدا مۆڵ درا کە ئەمەش گەورەترین هێزی ئاسمانی بو لە هەردوو رۆژهەلاتی نزیك و ناوەندا لە کاتی خۆیدا لەپاڵ ئەمانەشدا چەند فەوجێکی کەمی خۆبەخش —متطوع- لە ئاشوریەکان (الليڤی) دانرا بو بۆ پاراستنی فرۆکەخانە و دام و دەزگا بەریتانیەکان نەك بۆ شەڕیان وەك هێزێکی شەڕکەر. لە ١٩٢٣دا لەندەن داوای لەنوێنەری باڵا دەکرد و زۆر بەتوندیش کە ژمارەی سەربازە بەریتانیەکان کەم بکاتەوە بۆ کەمتر لەشەش (فوج) بەمەرجێ لەماوەی چەند مانگێکدا بیانگەڕێننەوە، بۆیە لەندەن قبوولی نەکرد (رتل کوی) کە ئەوسا لە سلێمانی بو هەر لەوێ بمێنێتەوە و حکوومەتی عیراقیش هێزێکی ئەو تۆی نەبو لەجێی ئەو (رتل)ەی دابنێ. بۆیە ترس و دڵەڕاوکێی حکوومەتی عیراق و خەڵکی سلێمانی لەم مەسەلەیەدا یەکیان گرتەوە، چونکە خەڵکی سلێمانی لەوە دەترسان کە هێزی عیراقی (ئەگەر بتوانن) جێی (رتل)ەکە بگرێتەوە کە نیشتمان پەروەرە کوردەکان وەك هێزێکی بیانی داگیرکەر تەماشایان دەکرد لەوکاتەدا ژمارەی سوپای عیراق بریتی بو لە (٤٠٠٠)ئەفسەرو سەرباز. بەڵام سەیرەکە لەوەدایە، کە هێزی بەریتانی سلێمانی لەمانگی ئازاردا داگیرکرد- واتە پێش دوومانگ- هێزێکی دوژمن بو، کەچی خەڵکی سلێمانی ئیستا گەورەو بچوك دەیانەوێ بمێننەوە و نەڕۆن حکوومەتی عیراق و عیراقیەکانیش کە خۆپیشاندانیان دەکرد دژی بونی سەربازیی بەریتانی لە عیراقداو دژی ئەو پەیماننامەیەی کە بوونی سەربازی بەریتانی لەعێرقدا سەپاندبو، کەچی ئێستا والێیان دەپارێنەوە نەڕۆن چونکە بێدەنگیی کوردیان بۆ مسۆگەر دەکەن.

(تنازل)اتێ بەرانبەر داوا کاریە سیاسیەکانی کوردەکان پێشکەش نەکا. (ادموندز) " کە کتێبەکەی باشترین سەرچاوەیە بۆ ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە" باسی شتێ ناکا کە بۆمانی ڕوون بکاتەوە ئایا گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی لە ١١/ی تەموزدا پلانێکی نەخشە بۆ دانراوبوو بەرێکەوتنێکی پێش وەخت لەگەڵ بەریتانیەکاندا یان "مفاجاە"یێکی سیاسی بو و ئەوانیش ناچار بوون لێی بێدەنگ بن و پێی ڕازی بن چونکە تارادەیێك خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دەکرد لەو ماوەیەدا.

لەبەڵگەنامە بەریتانییەکاندا هیچی تێدا نییە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بڕیارێك لەو جۆرە وەرگیراوە یان ڕێکەوتنێك لەگەڵ شێخدا کراوە پێش ئەوەی ڕێی پێ بدرێ بگەڕێتەوە هەروەها هیچ بەڵگەیێکیش بۆ سەلماندنی قسەی سەرەك وەزیران (عبدالمحسن السعدون) نیە کە دەیگوت گوایا نوێنەری باڵا ڕێی خۆش دەکرد بۆ گەڕانەوەی بەڵگەشمان نییە بسەلمێنێ کە بەریتانییەکان تووشی (مفاجاە) نەبوون بەگەڕانەوەی.

(عبدالمحسن السعدون) نامەیێکی لە ٣١/ی ئایاری ١٩٢٣دا بۆ مەلیك فەیسەل نووسی و گوتی "بەبۆنەی هەواڵی هاتنی نوێنەری باڵا بۆ سلێمانی ڕۆژی شەممەی داهاتوو لە خاوەن شکۆ دەپاڕێمەوە کە قەناعەتی پێ بکا واز لەبیرۆکەی گێڕانەوەی شێخ مەحموود بهێنێ چونکە بەگەڕانەوەی ئەو پشێوی و ئاژاوەش دەگەڕێتەوە ناوچەکە.[٣٢]

(ادمۆندز) دەڵێ: ئەو سێ ڕۆژە مێردەزمەیێکی- کابوس- ڕاستەقینە بوون ئەو کۆمەڵە خەڵکەی دەترسان گەمارۆی فەرمانگەیان دابو و لێیان دەپرسین چارەنوسیان چی دەبێ و چییان بەسەردێ و داوای ئاژەڵیان- حیوان- دەکرد بۆ ئەوەی کۆچ بکەن من و (چاپمان) و (دوغلاس) خۆمان شاردەوە چونکە هەرکە ئێمەیان دیبایا لە جادەوبانەکاندا ژنان دەوریان دەداین و خەڵکی دیکەش لەوانەی خەم و دڵەراوکێ سەرۆدڵیانی گرتبو. باشترین شت بەلامەوە کەهات بەخەیاڵمدا بیکەم ئەوەبوو کە پیاوە ناودارەکانی شارم بانگ کرد و کە هەریەکە بەرپرس بێ لە هەر تاوانێك لە گەڕەکەکەیدا ڕوودەدا، ئەگەر شتێکیش لەدەرەوەی شار ڕووبدا ئەوا ئەوان لێی بەرپرس نین، شێخ قادر بەڵێنی دا چەند ڕۆژێ بمێنێتەوە دوای کشانەوەی هێزەکە تاکو ڕێگە لەدزی و تالانی و ئاگرتێ بەردان بگرێ، چونکە چاوەڕوان دەکرا شتی لەو بابەتە ڕوو بدا، وەك یەکەم کاردانەوەی نەمانی دوا دیاردەی دەسەڵاتی حکوومەت. قەتارێك لەپەنابەران کە نزیکەی (٢٠٠٠) کەس دەبوون. جا تاکە تاکە بێ یان بەکۆمەڵ لەگەڵ (رتل)ەکەدا کە کشایەوە ئەوانیش شاریان بەجێهێشت. کشانەوەی (رتل)ەکە لە ڕۆژی ١٧/ی حوزەیراندا ڕووی دا (ل ٣٠٢ ی سەرچاوەی پێشوو).

(٣٢) لطفي جعفر فرج عبداللة: (عبدالمحسن السعدون و دوره في تاريخ العراق السياسي المعاصر) مكتبة اليقظة العربية: بغداد ١٩٨٨ ل١٠٥ (نووسەر ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی دەکات کە فایلەکانی کۆشکی شاهانەیە (فایلی ئیدارەی کوردستان ژمارە س/ا کاغەز ٤٧).



هەروەها ئەوەشی نوسیوە، وەك بڵێت مەسەلەی گەرانەوەی شێخ باس کرابێ «... زیانەکانی گێڕانەوەی شێخ مەحمود تەنها بەر لیوای سلێمانی ناکەوێ بەڵکو تەشەنە دەکا بۆ هەموو ناوچە کوردیەکانی سەر بەحکوومەتی عیراق، ئەمەش ناوچەکانی دەوروبەر دەخاتە بەر مەترسیەکی هەمیشەییەوە»

پاشان بۆی نوسی کە نوێنەری باڵا قەناعەت پێ بکا « هێزەکانی بەریتانی بۆماوەی دوومانگ یان سێ مانگ بمێننەوە تاکو حکوومەت تەشکیلاتی بنەڕەتیی ئیدارە تەواو دەکا لەبەر ڕۆشنایی ئەومەرجانەی کوردەکان خۆیان پێشکەشیان کردبوو، دوای ئەوە هێزەکانی بەریتانی دەتوانن بکشێنەوە بە (تدريج) و لەبری ئەوان هێزێك لەسوپای عیراق دادەنرێ کە لە (٥٠٠) سەرباز زیاتر نابێ»[٣٣] لەشێوازی ئەم دوو نامەیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە ناتوانین بڵێین کە ناوەندە حکوومەتیەکان لە بەغدا ئاگاداری نیازی تایبەت بە شێخ مەحموود لای نوێنەری باڵا پێش سەفەرەکەی (السعدون) بۆ سلێمانی نەبووبن لەبەر ڕۆشنایی بارو دۆخی سیاسی لەبەغدا دەتوانین بگەینە ڕاڤەیێك (تفسير) کە هەندێ (منطق- لۆجیکی) تێدایە سەبارەت بەم گۆڕانە تاکتیکیە. چونکە مەترسیەکی ڕاستەقینە هەبو کە ئەو ئەنجوومەنی دامەزراندنەی هەوڵ دەدرێ کۆببێتەوە بۆ دانانی دەستوور و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ڕێکەوتننامە نوێیەکە، بەگوێرەی ویستی لایەنە بەریتانیەکان نابێ، هەروەها کە تەنها نوێنەری دوو ویلایەتیش بەشداری تێدا بکا لەگەڵ چەند نوێنەرێکی غەیرە کورد مانای وایە لە کۆتاییدا کێشە دروست دەبێ بۆیە پێویست بوو کوردەکانی باشوری کوردستان بەشداری بکەن و دەبێ هەوڵ بدرێ ئەوانیش نوێنەری خۆیان بنێرن تاکو لایەنی ئەوانەی بەرێکەوتننامەکە ڕازین بەهێز بێ، چونکە کوردەکان دوای ئەوەی بێ ئومێد بوون لەهێنانە دیی داواکاریە نەتەوەییەکانیان لەوە دەترسان راپێچی حوکمێکی عەرەبی بکرێن، بۆیە دەنگدانی نوێنەرانی کورد بۆرێکەوتننامەکە لایەنی ڕێکەوتنەکە بەهێز دەکا و ئەو کۆسپانەش لادەبا کە لەوانەیە بێتە ڕێی، چونکە ئەمە گەرەنتی مانەوەی بەریتانیایە لەعیراق، هەروەها گەرەنتی ئەوەشە کە حوکم نەکەوێتە دەس چینی فەرمانڕەوای عەرەبی بەتەنها[٣٤] هەرئەمەش بو نهێنیی ئەو گۆڕانە لەناکاوەی بەریتانیا، ئەمەش وەك دەردەکەوێ

(٣٣) نامەکە مێژووی ٦/ی حوزەیرانی ١٩٢٣ی بەسەرەوەیە (هەمان سەرچاوە) ل١٠٦، ژمارە (٤٢٠٤).

(٣٤) بەسی و پێنج نوێنەرەوە بەتەنها بڕیار لەسەر ڕێکەوتننامەکەدرا، زۆربەی ئەو نوێنەرانەش نوێنەری لیواکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و قەزا کوردییەکانی موسل بوون کە هەمویان (١٠٣) نوێنەر بوون. لەو دانیشتنەدا (سی و دوو ٣٢) نوێنەر ئامادەنەبوون و هەشتیش دەنگی نەدا و بیست و چواریش ٢٤) لەگەڵی نەبوون، دوانیش کوژرا بوون، هەوڵی دیکەش بۆ زۆر کەس درابوو تاکو بیانکوژن. ڕازی بوون و

گۆڕانێکی تەکنیکی جارەکی —موقت- بوو جەوهەری هێڵە گشتیەکەی نە دەگۆڕی کە بریتی بو لەوسیاسەتەی (السرپرس کوکس) پەیڕەوی دەکرد واتە بەستنەوەی باشوری کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە، هەر ئەمەش بو هۆی دەرچوونی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق لە یازدەی تەموزدا وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد.

وەك ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا پیاوەکانی شێخ مەحمود یەکسەر دوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا هاتنە ناو شار. لە ١٤/ی حوزەیران ئەنجوومەنی بەرێوەبردنی کاتی کە (ادموندز) داینابوو، دوای ئەوەی پیانی راگەیاند کە هێزەکانی بەریتانیا لەماوەی سێ رۆژدا شارچۆڵ دەکەن دەستی لەکار کێشایەوە بەڵام شێخ تا ١١/ی تەموز نەهاتە ناوشار، و (ماجد مصطفى) کە پێشتر ئەفسەر بوو لە سوپای عوسمانیدا بە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی خۆی دامەزراند کە بە (سوپای نیشتمانی کورد) ناسرابوو، لەبری (صالح زکی صاحیبقران).

لەگەڵ گەڕانەوەی شێخ بەریتانیەکان یەکسەر دەستیان کرد بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی پێگەی شێخ و دیاری کردنی بواری دەسەڵاتەکەی. ئەمەش لەم نامەیەدا دەردەکەوێ کە (ادموندز) نوسیبوی و ئەمەش دەقەکەیەتی « نوێنەری باڵا بیستویەتی کە گەڕاویتەتەوە سلێمانی بۆیە فەرمانی پێکردم پێت ڕابگەیێنم کە هەموو رێ و شوێنێك گیراوەتە بەر بۆ بەرێوەبردنی قەزاکانی رانیە و قەڵادزە و چەمچەمال و قەرەداغ و سەنگاو لەگەڵ (ناحیەی) ماوەت، بۆیە نابێ بەهیچ شێوەیەك دەس وەردەیتە کاروباری ئەو ناوچانە و هەروەها ئەو گوندانەش کە هی سەیدەکانی (سەرگەلۆ)ن. ئەگەر خوا نەخواستە سەرپێچیت کرد و دەستت وەردایە کاروباری ئەوناوچانەی  باسکراون یان پیلان و دەسیسەت دژی حکومەت پەیڕەو کرد. ئەوا توندترین رێ و شوێن لە دژت دەکرێ، بەڵام ئێستا نوێنەری باڵا نایەوێ هیچ شتێکت دژ بکرێ بەمەرجێ کارت بەسەر ئەو ناوچانەوە نەبێ کە باسکراون و ئیشی خراپ و دژ بە ئێمە نەکەی»

شێخ گوێی بەو ئاگاداریە نەدا و هەوڵی دا دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنێ کە لە نامەکەی (ادموندز)دا باسکرابوون، بۆیە بارەگاکەی بۆردومان کرا، بەڵام ئەو هەر گوێی نەداو لە هەوڵی خۆی نەکەوت بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو ناوچانەو لەهەمانکاتیشدا نامەشی بۆ (ادموندز)

(موافقە)تەکەش مەرجێکی بنەڕەتیی لەگەڵدا بوو کە ئەو رێکەوتننامەیەی بریاری لەسەر دراو ئەوانی دیکەش، هەرهەموو (باطل) دەبن ئەگەر حکوومەتی بەریتانیا مافی عیراق لەهەموو ویلایەتی موسڵ نەپارێزێ.



دەنارد، جارێکی دیکە لە ٢٣/ی کانونی یەکەمی **١٩٢٣** دا بۆردومان کرایەوە و فڕۆکەکانی بەریتانیا بۆ چەند مانگێ بە ئاسمانی سلێمانیەوە دەسوڕانەوە. دوای ئەوەی بەریتانیەکان دڵنیابوون لەوەی بەشی زۆری خەڵکی باشوری کوردستان بەشداری دەکەن لەدەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان بریاریان دا سلێمانی داگیربکەن و بەزەبری هێز شێخی لێ دەربکەن.

لە ١٤/ی مانگی تەموزی **١٩٢٤** دا هێزێك ئامادەکرا لە فەوجێکی عیراقی و فەوجێکی لیڤی ئاشوری و هێزێکیش لە پۆلیس، شێخ هیچ بەرەنگاریەکی نەکردو لەشار دەرچوو حوکم درایە دەست ئەفسەری سیاسی ( چاپمان A.J.chapman) کە یەکسەر وەك (متصرف)ی سەر بەحکومەتی عیراق دەس بەکار بو، بەڵام لەراستیدا بەرانبەر نوێنەری باڵا بەرپرسیار بوو هەر لەویشەوە فەرمانەکانی وەردەگرت. شێخیش مایەوە و بەینابەین هێرشی دەکردە سەر ناوچە دوورەکان و باجی وەردەگرت، یانیش خەڵکەکە خۆیان و بەویستی خۆیان دەیاندایە[٣٥].

(٣٥) لەو توێژینەوەیەکدا کە (العقید الفنستون) کە ئەوسا لەعیراقدابوو نوسیبوی و لەگۆڤاری کۆمەڵەی مەلەکی ئاسیای ناوەراست بلاوی کردەوە (ژمارە- **٣٥** بەشی یەکەم، کانونی دووەم **١٩٤٨** ل٤٥) بەناونیشانی «کوردو مەسەلەی کورد» Kurds and Kurdish Question

دەڵێ: لەبیرمەکە ئەو- مەبەستی شێخ مەحمودە- لە ساڵی **١٩٢٧**دا کە پەنای بردبوە بەر سنوری ئێران و رایکردبو، نەخشەی ئێمە ئەوەبو کە بەپارێزگاری هۆزە کوردە « رەوەند و نیشتەجێ» کان کە لە ناوچانە دان بتوانین نەهێڵین باج کۆ کەرەوەکانی شێخ مەحمود ئیشی خۆیان بکەن، بەڵام لەدواییدا بۆمان دەرکەوت کە ئەم هۆزانە کە بەرۆژ سوپاسی ئێمەیان دەکرد چونکە دەیانپارێزین لە شێخ کەچی بەشەو و بەویست و ئارەزوی خۆیان ئەو باجەی بەسەریاندا سەپێنرابوو دەنارد بۆ شێخ وەك بەڵگەیێك بۆ رێز و پایەی شێخ کەلایان هەیبوو.

# فەسڵی پانزەیەم

کورد یارمەتیەکی گەورەیان دا لەبنیات نانی تورکیای نوێدا. سەرەتا و پێش ئەوەی بزاڤی کەمالیزم شێوازی کاری جیدی وەربگرێ دژ بە حکومەتی سوڵتان لە ئاستانە، ئەم بزاڤە لای هۆزە کوردەکانی بەشی باشوری کوردستانی تورکیا وەك بزاڤێکی ( نادینی- الحاد) دەهاتەپێش چاو بۆیە دژی وەستان، بەڵام دۆخەکە بەتەواوی گۆڕا کاتێ یۆنان هێرشی کردە سەر کەنارەکانی رۆژاوای تورکیا، بێ لەمەش کەمالیەکان دەبایە شەڕی سەربازی و سیاسی دژی ئەرمەن و فەرەنسییەکان و بەریتانیەکان بکەن کە بە (جەنگی سەربەخۆیی) ناونراو ئەمەش شەڕ بو دژی «کافر»ەکان.

کورد ڕێیان گرت لەداگیرکردنی وڵات و تائیستەش روون نییە ئایا کەمالییەکان پێشتر نەخشەی ئەوەیان دانابو کاتێ کەدژایەتی حکوومەتی ئاستانەیان دەکرد هەستی نەتەوەیی لەناوببەن یان لەپاشان و لە ساڵی ١٩٢٣دا لەپڕ گۆڕان و کردیان بەهێڵێکی سیاسی روونی خۆیان، هەرچی چۆنی بێت و بە چاو پۆشین لەکات، کوردەکان نەیاتوانی بەرهەڵستیەکی کاریگەر دروست بکەن لەرووی ئەو ئیجرائاتە توندەی بەرانبەریان کرا. لەرووی جوگرافیەوە تارادەیەکی زۆر پەرت و بڵاو بوون و دابەش ببوون بەسەر چەندین تایەفەو مەزهەبدا کەلێکی جیا دەکردنەوە جگە لەپەیوەندیی هۆزایەتی و جیاوازیی شێوەزاری زمان و چالاکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەو جیاوازیە گەورەیەی لەنێوان رۆشنبیرەکانیدا هەیە کە ئەمانەش زۆربەی زۆریان جگە لەوەی کە هەست بە پێناسی خۆیان بکەن یان هەر هیچ نەبێ لەگەڵ پابەندی هۆزایەتیدا یەکسان بێ، هەروەها بیرۆکەییێکی روون سەبارەت بەکاری نەتەوەیی یان لەرووی سیاسیەوە چیی لێ دەکەوێتەوە، ئەمانە نەبوون.

لەو کاتەی کە دەوڵەتی عوسمانی دەیتوانی راپەڕین لە دوای راپەرین لەناو ببا و ئایدیۆلوجیاییێکی ناوەندی بسەپێنێ، بەڵام توندو تۆڵی ئەو ئایدیۆلۆجیایە زۆر لەوپەیوەندیە رەسەنە کەمتر بوکە کوردەکانی بەیەکەوە دەبەست، خاك، زمان و داب و نەریت و هۆزایەتی، ئەم پەیوەندیانە بوون کە راپەرینی «کوك جیری» لە ١٩٢١ و شۆرشی شێخ سەعیدی پیرانیان لە ١٩٢٥دا هەڵگیرساند. نەتەوەییە کوردەکان- بە تایبەتی



ئەوانەی بە دوای هەلێکدا دەگەڕان بۆ هاوپەیمانی کوردی ئەرمەنی- هەر ئەوەندەیان پێ کرا کە هەستی نەتەوەیی لەنێو ئەو کەسانەدا بڵاوبکەنەوە کە هیوا نەتەوەیە ئەرمەینەکە هەڕەشەی لێدەکردن، لەوانەش کوردە عەلەویەکان کە لەگەڵ زۆر لەخەڵکی سوننەدا یەکیان نەدەگرتەوە لەوەی لەهەڕەشەی ئەرمەن بترسن لەلای رۆژهەڵاتەوە [1] , لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵەی (تعالی و ترقی) لەئەستەنبول لەدوای جەنگی گەورە دروست بو تەنها یەکێ یان دوان لەعەلەویەکان ئەندام بوون تیایدا، ئەوانیش (مستەفا پاشا) سەرۆکی (الکوك جیری) لە رۆژاوای شاری دەرسیم و کوڕەکەی (علیشان بگ) و نوری دەرسیمی کە کوڕە ئاغا بو. ئەمانە زۆر بایەخیان بە دروست کردنی هاوپەیمانیەکی سوننی شیعی دەداو لقیان بۆ کۆمەڵەکە کردەوە لەنێو کۆمەڵە هۆزەکانی (کوك جیری) لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا وەك رێ خۆشکەرێك بۆ ڕاپەرینێکی گەورە لە تشرینی دووەمدا بە فەرماندەیی (علیشان) دژی کەمالیەکان.

لێرەدا دەبێ باسی تێکۆشەری نیشتمان پەروەر (علی شیر الحسنانی) لە زەمینە خۆش کردن بۆ شۆرش و بەشداری کردن تیایدا، بکرێ.

(علی شیر) لە گوندی (اومرانی) لە کۆتایی دەیەی هەشتەمی سەدەی نۆزدە لە دایك بوە، ئەم گوندە لە (کوك جیری)یەوە نزیکە. لە ئامادەیی (سیواس) خوێندبوی پاشان لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدا ناوبانگی دەرکرد وەك شاعیرێك کە چامەی نیشتمانی کوردی دەنوسێت. مستەفا بەگی سەرۆکی هۆزی (کوك جیری) کردی بە (کاتب- نوسەر)ی خۆی. پاشان بەراسپاردەی والی ی دەرسیم لەکاتی خۆی بوبە مامۆستای کوڕی ئەو

---

(١) رووبەروو بونەوە لەنێوان سوننە و عەلەویە کوردەکان زۆر کۆن و رەگ داکوتا و بو و هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی نێوان شیعەو سوونە لە ئەنەدۆڵدا لەسەدەی شازدە. شایانی گوتنە هەندێ لەسەرکردەکانی (ئاغاکان)- الا لايات الحميديه- لە کۆتایی سەدەی نۆدا توانا و ئەو دەسەڵاتە زۆرەی پلەکەیان بۆیانی رەخساندبو، بەکار دەهێنا بۆ دەس درێژکردنە سەر عەلەویە نێو خۆییەکان کە «منافس» یان بوون. ئەو کێشەیە ناوچەییێکی فراوانی گرتەوە، لە رەواڵەتەکانی ئەو کێشەیە کە سەرنج راکێشە ئەو تۆڵە و تۆڵەسەندنەوەیە خوێناویە بو کە لە نێوان سەرکردەکانی (الخورماك)ی عەلەوی و هۆزەکانی (جبران)ی سوننی. یەکەمیان بنەماڵەییێکی دیاری دەرەبەگ بو، و (جبران)یش یەکێکە لە بەهێزترین و گەورەترین هۆزەکانی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٤ دا (جبران)نیەکان (ابراهیم تالو) یان کوشت کە سەرکردەی (الخورماك) بو پاشان لەساڵی ١٩٠٦ دا کوڕەکەشیان کوشت.

سەرۆکە، ئەمەش هەلی بۆرەخساند کە بیرورا نەتەوەییەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە و دەسەڵاتێکی (فیکری)ی زۆر مەزنی بەسەر هۆزەکانی ناوچەی (کوك جیری) دا هەبێ و رۆڵێکی گەورەشی گێڕا لە یەکخستنی ئەو هۆزانە لەساڵی ١٩١٧ و دوای کشانەوەی هێزەکانی روسیا لە کوردستانی باکوری رۆژهەڵاتی تورکیا، دەسەڵاتی سەربازی تورکی وای بە باش زانی چاو لەو چالاکیە پێوشێ کە عەلی شیر لە هەرێمی (اوڤاچك)دا دەیکا لەبەرخاتری پاراستنی پەیوەندیی خەڵکەکەی بە دانیشتوانی دەرسیمەوە.

لەوماوەیەدا بەردەوام بو لە چالاکی سیاسی و بڵاوکردنەوەی چامە نیشتمانیەکانی. هەروەها زانیویشمانە کە لە ساڵی ١٩٢٠دا لقێکی کۆمەڵەی- التقدم الکردی-(تعالی جمعیتی) دروست کرد، پاشان لقێکی دیکەی لەدەرسیم دروست کرد و داوای لەلایەنە کوردیەکانی ی ئەستەنبول کرد کە ناوچەی دەرسیم بخەنە نێو پرۆژە سیاسیە کوردیەکە لەکاتی وت وویژەکەیاندا لەگەڵ حکوومەتی تورکیادا. لەساڵی ١٩٢١ هەڵمەتێکی یادداشت و سکاڵانامەو بروسکەی رێکخست بۆ جێ بەجێ کردنی رێکەوتنامەی سیڤەر. هەروەها چەند کۆنگرەیێکی نێو خۆیی کوردی رێکخست و بەست و هاوبەشیەکی چالاکیشی کرد لە شۆرشی (الکوك جیری). حوکمی مردنی بەسەردا درا بەڵام دەسەڵات نەیتواننی دەسگیری بکا [2] هەر بەتەنها (کوك جیری) دژی کەمالیەکان رانەوەستان[3]

---

(٢) زانیاری زۆر سەبارەت بەم کەسایەتیە نیشتمان پەروەرە نیە، بەڵام لە پڕ ناوی دەرکەوت و درەوشایەوە وەك یەکێك لە سەرکردەکانی شۆرشی (درسیم) لەساڵی ١٩٣٧دا. بەشداریی بزاڤە سەربازیەکانی کرد و چەندینن بەیان و شیعری نیشتمانیی نوسی کە کوردەکانی هان دەدا پشتگیری شۆرش بکەن و لەدەوری سەرکردەکەی (سید رضا) کۆببنەوە. لە حوزەیرانی ١٩٣٧دا (سید رضا) داوای لێ کرد پەنابباتە بەر عیراق یان ئێران و بەنهێنی هەوڵ بدا پەیوەندی بکا بەفرەنسا یان ئینگلتەرەوە و داوایان لێ بکا هەوڵ بدەن خوێن رشتن لە کوردستان کەدیسان دەستی پێکردوەتەوە، ڕأبگرن، بەڵام تورکەکان بەفەرمانی جەنەرال (الپ دوغان) فەرماندەی هێزە سەربازیەکان هەولی کوشتنیان دا، کاتێ کەمیوان بو لە بارەگای (رهبر)ی برازای سەید رەزا، کە لە رەواڵەتداوای پیشان دەدا بێ لایەنە بەڵام بە نهێنی هاوکاری تورکەکانی دەکرد دژی مامی (بگەڕێتەوە بۆ کتێبی دوکتۆر نوری دەرسیمی: کوردستان تار یهندە درسیم-دەرسیم لەمێژووی کوردستاندا. بە تورکی. چاپی حەلەب ١٩٥٢.

نوسەر لەجەنگی جیهانی یەکەمەوە بەشداری لە بزاڤی نیشتمانی کوردی کردوە لە تورکیا، بەتایبەتی لە شۆڕشی دەرسیمدا لە ساڵی ١٩٥٧دا لەسوریا مرد.



بەڵکو ئەمان لەگەڵ هۆزەکانی باشوردا بێ لێك گەیشتن و پەوەندیی پێش وەخت، یەکیان گرت هەوڵیان دا کۆنگرەی سیواس لە ئەیلولی ١٩١٩ سەرنەگرێ، بەهۆی داخستنی دەربەندی (ازربحان)ی شاخاوی، هەروەها دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێی تورك بون چونکە ئەمە مانای وابو دەس بەسەر دەرسیمدا بگیرێ، ئەم رووداوە لەگەڵ بونی (میجر

---

(٣) لەو بەڵگەنامانەی ئاماژە بە پەیوەندی هۆزەکانی باشور لەگەڵ بزاڤی کەمالیەکاندا دەکات-Fo. 371-4913-15.3673.B.l-687M.l.2 لە بەرێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازیەوە- الاستخبارات العسکریە-(استانبۆل) بۆ وەزارەتی دەرەوە ١٩/ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ بەرێوەبەری هەواڵگری سەربازی سڵاو لە بریکاری وەزارەتی دەرەوە دەکا و لەگەڵ ئەم نامەیەدا چەند بڕگەیێك کە لە راپۆرتی ئەفسەری سیاسی لەبەشی (جرابلس) لە ٢٢/ی ئەیلولی ١٩١٩ دا وەرگیراوە هاوپێچ دەکەم. دەربارەی هەڵوێستی هەندێ لە کوردەکان لە بزاڤی مستەفا کەمال لە بارەگای گشتیەوە لە میسر گەیشتووە.

(دانەیێکی لێ رەوانەکرا بۆ وەزارەتی هیند)

(ژمارە ٧٨ کە لەراپۆرتەکە وەرگیراوە)- میجروولی- دەڵێ کە کوردەکانی (الرشوان) دژی مستەفا کەمالن و رەنگە هەنگاوی کاریگەر دژی بهاوێن. (عبدالرحمان خرتاوی) و سەرکردەی دیکە لە (البیسکی) دەکرێ واحیساب بکرێن کە دەیانەوێ بە هێمنی دانیشن. هۆزی (المللی) لەوانەیە پروپاگەندەکانی (سیڤریك) و (دیاربکر) و (ماردین) کاری تێیان کردبێ. (محمود خرتاوی) جێی گومانە، (عبدالرحمن خرتاوی) برای لەگەڵیدا رێك و هاوڕانیە و حەز دەکا بێتە (اورفە) بۆ وت وویژ لەگەڵماندا. سەرکردەکانی (البرازی خیتکان) و گشت هۆزەکانی ناوچەی (سروج) و بەرەو باشور کاریان بەسەر مستەفا کەمالەوە نیە. (البـاراك)ی تورکمان لە رۆژاوای روباری (جرابلس) تاکو (بیرەجك) نابزوێن. (متصرف)ی (اورفە) لەوە دەچێ دوو دڵ بێ و لەو بەینەدا ئەمبەرو ئەو بەر بکا، بەڵام بەهۆی بونی هێزە سەربازیە تورکەکان لە جێی خۆی ماوە و نابزوێ. هەر چۆنێ بێ، ئەفسەری سیاسی لە ناوچەی باکور هەست دەکا کە سەرکەوتنی گشتیی بزاڤی نیشتمانی لەوانەیە هەڵوێستی گوێ نەدان کە لەنێو کوردەکاندا بڵاوە بگۆڕێ. واشی بۆدەچێ کە نیشتمان پەروەرە تورکەکان بەکارێکی دژ وەڵام دەدەنەوەو یارمەتیی کوردە میانڕەوەکان دەدەن لەو دەورو بەرە، بەڵام زۆر بەتوندی دژی دەس تێوەردانی چەکدارانەی هێزی هاوپەیمانانە.

والی (خربوط) سوورە لەسەر ئەو رایەی کە هەر دەس تێوەردانێکی دەرەکی بەهەر جۆرو شێوەیێك بێ وەك ئەوەوایە دەنکە شقاتەیێك لەنزیك بەرمیلێکی بارود دا بگیرسێنێ و ئەمەش کوردەکان فڕێ دەداتە باوەشی مستەفا کەمال..

نوئیل) دا یەکیانن گرت کاتێ هەوڵی دەدا دەوڵەتێکی کوردی بخولقێنی، ئەمەش کەمالیەکانی ترساند.

کات و شوێنەکە سەرنج رادەکێشن، چونکە دەرسیمی رۆژاوا دەکەوێتە رۆژاوای فورات، کەواتە لەم حاڵەتەدا دەکەوێتە دەرەوەی ئەوسنورەی رێکەوتننامەی سیڤەر بۆ دەوڵەتی کوردیی دانابو. لەمانگی (تموز و اب) دا چەتەکان دەستیان کرد بە هێرش بردنە سەر مەخفەرەکانی پۆلیس و ئەو کاروانانەش کە تەقەمەنی دەگواستەوە. کەمالیەکان (علیشان بگ) و (حیدر)ی برایان کردبو بە قائیقام لە هەردوو شاری (رفاهیە و عمرانیە) کە دەکەوتنە سەر رێی سیواس و (ارزنجان) بەو هیوایەی دزە کە ببێ بە پاسەوان[٤] لە ئەیلولی ١٩٢٠دا بارۆدۆخی کەمالیەکان بەرەو خراپی و لاوازی دەچو، لەوکاتەدا ئەرمەنەکان لەرۆژهەلاتەوە هێرشێکی گەورەیان کرد و دوایی ئەوانیش بەیەك مانگ یۆنانیەکان لەرۆژاواوە هێرشیان کرد. لە ٢٠/ی تشرینی یەکەمدا کوردەکان بارێکی گەورەی چەکیان دەسکەوت و رازی نەبوون بیدەن بەکەمالیەکان، بەڵکو (علیشان بەگ) ئەو بارە چەکەی بەسەر هۆزەکانی دەرسیم دا دابەشکرد و پاشانیش شۆڕشی بەوچەکانە هەڵگیرساند.

دوای ئەوەی رێگەی نێوان سیواس و ئەرزنجان یان بری سەرکردەکانی شۆڕش داواکاریان نیشتمانیەکانی خۆیان لە ناوەراستی تشرینی دووەمدا پێشکەش بە ئەنقەرە کرد. لەجۆر و سروشتی ئەو داواکاریانەدا کاریگەریی «تعالی و ترقی جمعیتی» دەردەکەوێ، بەڵام زۆر لەوەش زیاتر بو کە لە پرۆگرامی کۆمەڵەکەدا نوسرابو و دەکرێ کورتی بکەینەوە لەم خاڵانەدا.

(١) ئەنقەرە حوکمی زاتی بۆ کوردەکان قبوڵ دەکا و بلاویشی دەکاتەوە وەك حکومەتی ئەستەنبول کە دانی بەو مافانەدا ناوە.

---

(٤) دەربارەی ئەم ئەم راپەرینە سنورداره تەمەن کورتە، سەرچاوەی سەرەکیمان- دیڤد ماکداویل- مێژووی نوێی کوردبو- David McDowall: AModern History of the Kurd چاپی لەندەن ١٩٩٧ ل ١٨٤ و دوای ئەو دانەری کتێبەکە دەڵێ ئەوپشتی بەیەك سەرچاوە بەستوە ئەویش کتێبەکەی (اولسن)ە: دەرکەوتنی نەتەوەی کورد شۆڕشی شێخ سەعید-١٨٨-١٩٢٥. olson: The Emergence of Kurdish Nationalism and sheikh said rebellion 1880-1925 چاپی ئۆستن ١٩٨٩ ل ٢٦-٤١( ناراستەوخۆ پەیوەندیمان کرد بە (روبرت اولسن)ی دانەری کتێبەکە بەڵام بەداخەوە گوتی ئەو ژمارەکەمەی لەکتێبەکەی چاپ کرا تەواوبوە و نەماوە.



(٢) هەموو بەندە سیاسیە کوردەکان بەر دەدرێن کەلە بەندیخانەکانی (العزیز) و (ملاطیة) و (سیواس) و (ازرنجان) دان.

(٣) هەموو فەرمانبەرە تورکەکان لەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردن بکێشرێنەوە.

(٤) کشانەوەی هەمو هێزەکانی تورك لەناوچەی (الکوك جیری).

ئەم داواکاریانە زۆر لەوە زیاتر بو کە کۆمەڵەی (التعالی والترقی) لەپەیرەو و پرۆگرامی خۆیدا نوسیبووی. شۆڕشگێران مۆڵەتی دە رۆژیان بۆ وەلام دانەوە دانا حکومەتی ئەنقەرە لەبارودۆخێکی زۆر نالەباردابو، ئامادە نەبو ئەوداواکاریانە جێبەجێ بکا بەلام لەهەمان کاتیشدا نەیدەتوانی رێگەی هات و چۆی سەرەکی خۆی بۆ هێنانی پێویستیەکانی بخاتە مەترسیەوە لەکاتێکدا کە لەگەڵ دوژمنی دەرەکیدا لەشەردایە، بۆیە پەنای بردە بەر خۆدزینەوە و خافڵاندن و خۆ ئامادەکردن بۆ لەناوبردنی شۆڕشگێران لەکاتی لەباردا. وەفدێکی ناردە دەرسیم بۆ وت وێژکردن بەلام گێرایانەوە دواوەو پێیان گوترا کەمۆڵەت دیاری کراوە بۆ وەلام دانەوەی ئەو داوا کاریانە. بەلام پێش ئەوەی ماوەی مۆڵەتەکە کۆتایی بێت لە ٢٣/ی تشرینی دووەمدا بەیانێکیان دەرکرد و تیایدا گوتبوویان: «ئەگەر رەزامەندی دەر نەبردێ لەسەر دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ وەك لەرێکەوتننامەی سیڤەردا باسکراوە سەرکردەکانی دەرسیم بەردەوام دەبن لەشۆڕشدا، ئەمەش مانای گۆڕانێکی بنەڕەتی بو لە داواکاری ئەواندا لەحوکمی زاتی بۆ سەربەخۆیی. لێرەدا ئەنقەرە هەستی بەو گۆڕانکاریە لەناکاوە کرد لەداواکاریەکاندا کە لەوانەیە دوو دڵی یان ناکۆکی هەبێ لەنێوان شۆڕشگێراندا- بۆیە بنەمای بیرۆکەکەی نەدایە دواوە بەلکو بەردەوام بو لە پەیوەندیی کردن بە شۆڕشگێرانەوە لەهەمانکاتیشدا سوپای رەوانەدەکرد بۆ بەهێز کردنی حامیەکەی لە سیواس. مستەفا کەمال و (علیشان بگ) چاویان بە یەکترکەوت پاشان (علیشان بگ) رازی بو بەوپێشنیارەی سەرکردە تورکەکە پێشکەشی کرد بۆ ئەوەی بیپالێون بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە لە ئەنقەرە بەراستی پۆستێکی سەیر بوکە سەرکردەی شۆڕشێکی کوردی قبووڵی کرد.

زستانی بەسەردا هات بێ ئەوەی هیچ شتێ لە شۆڕشگێران دەربکەوێ کەنیازی ئەوەیان هەیە ئەو قسانەی کردویانە بەکردەوە بیسەلمێنن.

نە سەربەخۆییان راگەیاند نە حوکمی زاتیش و هیچ شتێکیان نەکرد بەڵگەی ئەوەبێ کە سوورن لەسەر جێبەجێ کردنی داواکاریەکانیان، بەندیەکان لە بەندیخانەکانیاندا مانەوە و فەرمانبەرە تورکەکان لە شوێنی خۆیان جێگیربوون. لەوەش دەچێ کە وەرزی زستان بە هەموو ساردوسریەکەیەوە کاریگەری هەبوبێ لەسەر شۆڕشگێران، لەکاتێکدا کەمالییەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە بۆ بەهێزکردنی حامیەکانیان لە (ارضروم) و (ارزنجان) و (سیواس) و (العزیز) مەبەستیش ئەوە بو رێ بگرن لەبڵاوبونەوەی شۆڕش و لە بوارێکی تەسکدا بیهێڵنەوە. شۆڕشگێرانیش بۆیان نەلوا هێزی پێویست ئامادەبکەن و بڵاوی بکەنەوە لە ناوچەکانی شۆڕشدا و کەسیشیان ئەوەی بەخەیاڵدا نەهات کە تا زستان تەواودەبێ پەناببەنە بەر شاخەکان.

ئەم کوردە عەلەویانە کە ئەم داواکاریە زۆرەیان داواکرد لەوە دەچوو مەبەستیان ئەوە بوبێ کە پانتایی شۆڕشەکەیان فراوان بکەن و کوردە سوننەکانیش هان بدەن بێنەپاڵیان. بەڵام کات تێپەڕبو و هیچ کاردانەوەیەك نەبو بۆیە توشی نائومێدی بوون لەبەر ئەوەی ژمارەییێکی کەم چووە پاڵیان، لە یانزەی ئازاردا هەندێ داواکاریی کەمیان پێشەکەش کرد کە بریتی بو لە دروست کردنی ویلایەتێك کە لەلایەن کوردەکانەوە بەڕێوە ببرێ، ئەگەر زۆربەی دانیشتوانی کوردن، بەڵام ئەنقەرە هیچ بایەخێکی بەم گۆڕانکاریە نەدا و هەر کە بەفریش دەستی بەتوانەوە کرد لەئازار و نیساندا شۆڕشگێران کاتێکیان زانی لەلایەن هێزەکانی تورکەوە گەمارۆ دراون و بەرەو پێشیشەوە دەهاتن بۆ شوێنەکانی ئەوان. شەری توند و خوێناوی رویدا لەنێوان هەردولاداو کاری خراپی زۆریشیان بەرانبەر یەکدی کرد، ئەو بارودۆخە وای لە ژمارەییێکی زۆری هۆزە کوردیەکان کرد نەچن بەهانای شۆڕشگێرانەوەو یارمەتیی ئەو شۆرشە بچوکە (الثورة الصغیرە) نە دەن. هەروەها نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەدا لە ئەنقەرە نەجووڵانەوە و نەناڕەزاییشیان دەربڕی. لەباشوریش لە دەوروبەری (ملاطیة) هۆزە عەلەویەکان کە (میجر نوئیل) لە کۆتایی ساڵی ١٩١٩دا سەردانی کردن، بێدەنگ مانەوەو نەجوڵان. لەکۆتایی مانگی نیسانی ١٩٢١ دا شۆڕش کۆتایی هات و (حیدر بگ) گیرا و خرایە بەندیخانەوە بەڵام براکەی نەگیرا.[٥]

(٥) ئەم بڕگەیە زۆربەی ئەوەیە کە وەرمگرتوە:{ نوئیل، سەرچاوەی پێشو. ویل: تقریر الادارە سەرچاوەی پێشو ل٤٦}.



بەپێویستی دەزانم کورتەییێکی چڕی بنەمای دروست بوونی بزاڤی کەمالی لە دواییشدا سەرکەوتنی بەهۆی یارمەتی کوردەکان و توانا مرۆیی و ئابوریەکەی کوردستان کە هەر لەوێش تۆوی یەکەمی گەشەی کرد، بۆ خوێنەر باس بکەم.

رووخانی حکومەتی (اتحاد) یەکان و ڕاکردنی سەرکردەکانی دوای کۆتایی هاتنی جەنگ بۆشاییێکی سیاسی بەجێهێشت رژێمی سولتانیش هەوڵی دا بەیارمەتیی بەرتانیەکان بوونی خۆی دوپات بکاتەوە، بەریتانیەکان یارمەتی حکومەتی سوڵتانیان دەدا بەو هیوایەی بتوانێ دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێتەوە و رێکەوتننامەی ئاشی جێبەجێ بکات. خەریك بو حکومەتی سوڵتان سەربکەوێ بەڵام هێزەکانی یۆنان هێرشیان کردە سەرۆخی رۆژاوای تورکیا لە ئایاری ١٩١٩ دا بەنیازی ئەوەی بیخەنەسەر وڵاتی خۆیان، بەڵام ئەم هێڕشە و مەترسیی دابەشبوونی وڵات بوە هۆی بوژانەوەی گیانی بەرەنگاربونەوەو "اتحاد"یەکان کەوتنەوە چالاکی و ئەمجارە ناوی خۆیان نابو "الوطنیین قیادە حرکات المقاومە- نیشتیمان پەروەران سەرکردایەتی بزوتنەوەی بەرەنگاربوونەوە-" بەڵام سوڵتان (وحید الدین)- محمەدی شەشەم- ئەو هەلەی نەقۆستەوە تاکو سەرکردایەتی رووبەروبونەوەکە بکا چونکە پیاوێکی بێ ئیرادەو توانابو وەهاش دەهاتە پێش چاو کە چارەنوسی خۆی دابێتە دەس زلهێزەکان.

سوپا کەوتە تەنگژەوە، دوای رووخانی حکومەتی (اتحاد)یەکان ئەفسەرەکان دڵسۆزی خۆیان بۆ سوڵتان راگەیاند، بەڵام کەبینییان ناتوانێ رووبەروی هێڕشەکە بوەستێ، یەکسەر لایەنگری مەسەلە نەتەوەییەکان کرد کە مستەفا کەمال لە ناوەراست و رۆژهەڵاتی تورکیادا سەرکردایەتیی دەکرد و خۆی بە (المفتش العام)"ی سوپا لە ئەنەدۆڵ دانابو کەبریاریشی دا روبەروی هێڕشی یۆنانییەکان ببێتەوە رووی کردە رۆژهەڵات بۆ ئەوەی داوای یارمەتی بکا، لە هاوینی ١٩١٩دا پەنای بردە بەر کوردەکان و هەستی ئایینی ئەوانی دەبزواند لەکاتێکدا کوردەکان وەك سەرکردەیەکی سەربازیی مل کەچی حکومەتی ئەستەنبول و بەپێی فەرمانی ئەو کاردەکا و سیاسەتی ئەوانیش جێبەجێ دەکا، بەو جۆرە دەیانڕوانیە مستەفا کەمال.

کوردەکان ئەوکاتە مستەفا کەمالیان ناسی کە فەرماندەی حامیەی دیاربەکر بو لەساڵی ١٩١٦، ئەو پۆستەی بواری بۆرەخساند تاکو ژمارەییێکی زۆری سەرکردە عەشیریە کوردەکان بناسێ لەو ناوچەیەدا و پەیوەندیی لەگەڵ هەندێکیان دروست بکا. لەتەموزی

١٩١٩دا پاش کۆنگرەی (ارضروم) نامـەی بـۆ ئـەوان نوسـی و داوای یارمـەتیی لێکـردن، هــەروەها هــەوڵێ:ی زۆریـشی لەشـارەکاندا دا بــۆ دابــین کردنــی دڵـسۆزی و پابەنـدبونی خەڵکەکەی و دەوڵەمەندەکانی لەهــەردوو بــواردا سـەرکەوتنی باشـی بـەدەس هێنـا بۆیـە توانیی کاتی هەبێ تاکو تەرخانی بکا بۆ ڕێکخـستنی ئـەو سـوپایەی کەیۆنانیـەکانی پـێ دەرکرد و زۆربەی سوپاکەش کوردبون دەبێ ئەو ڕاستیەش فـەرامۆش نەکـەین کەمالیـەکان تـاکو دامەزرانــدنی کۆمــاری تورکیــا و هەڵوەشــاندنەوەی خەلافــەت و گەشــەکردنی ئایدیۆلۆجیای کەمالیەت لەساڵی ١٩٢٣ خۆیان واپیـشان دەدا کـە دەیانـەوێ دەوڵـەتێکی ئیسلامی دروست بکەن کە لەتورك و ئەو کوردانە پێکهاتبـێ کـە لەچوارچێوەی دەوڵـەتی عوسمانیدا بون و "الميثاق الـوطنی- پەیمانی نیشتمانی" زۆر بـەرونی ئامـاژەی بەمـە دابـو هەروەها لەڕێرەوی کەمالیزمیشدا بە قسەوکردەوە مەسەلەیێکی ڕوون و ئاشکرابوو.

ئەتاتورك[٦] بۆ خۆی زۆر چاك نیازی جیاوازی خوازی کـوردی دەزانـی لـەڕێی چـاودێری کردن و بەدواداچونی چالاکی یانەو کۆمەڵە کوردیەکان لە ئەستەنبول کە ژمـار یـان لـەوێ زۆر بوو و لقیـشیان لەشـارە کوردیـە گەورەکانـدا بڵاوکردبـوەوە. هـەروەها هەسـتیش بـە مەترسیی ئەرکی (میجر نوئیل) دەکرد کـە دیـشوبهاند بـە فێڵـی گریکـەکان کـە بـەهۆی ئەسپەدارینەوە توانییـان بـچنەناو (طـرواده)وە. لێـرەدا ئینگلیـز و ئەرمـەن گریـك بـوون ئەسپەکەشی کورد بو، ئەرکە کەشی دەرهێنانی ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات بو لەدەس تورك.

---

(٦) لەمەو پاش نازناوی ئەتاتورك لەبری مستەفا کەمال بەکار دەهێنیین، ئەم نازناوە بۆ خۆی هەڵیبژارد بەپێی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە دەری کرد کەدەبو هەمو باوکی خێزانێکی تورك ناوێك بۆ خێزانەکەی هەڵبژێرێ. پێشتر لە تۆماری نفوسدا تەنها ناوی یەکەم پاشان ناوی باوك دەنوسرا ئەو لە خۆیەوە دەستی پێکرد ناوی باوکی (علی رضا)ی لابرد و لەبری ئەو (ئەتاتورك)ی دانا. (عصمت) کە کەسی دووەم بو، هــەمان شـتی کرد و نازناوی (اینونو)ی بۆ خۆی هەڵبژارد وەك ئاماژەییێك بۆ شەڕی (اینونو- این اونی) کـە بەسـەرکردایەتی ئەو دژی یۆنانیەکان روویدا بەیەکجاری هێرشی یۆنا لەناوبرا.





مستەفا کەمال (ئەتاتورك)

جاکارەکە بەهۆی نیازپاکی و باوەڕەوە بوبێ یان تەنها فێلێکی هەڵخەڵەتێنەر بێ، ئەتاتورك هەمیشە باسی یەکیەتی تورك و کوردی دەکرد و دژی پیلانی بێگانەکان دەوەستا کە دەیانەوێ ئەو دووگە لە لەیەك بکەن بەزۆریش مەبەستی لە بێگانەکان بەریتانیا بوو.

ئەم رێرەوە لەگەڵ بزوتنەوەی بەرەنگاریدا کە لە ئەستەنبول چالاك بو کاتێ ئەتاتورك گەیشتە ئەوێ لەبناغەدا رێك بوو. لەوێ کۆمەڵەییێك هەبو بەناوی (کۆمەڵەی بەرگری کردن لەمافەکانی ئەنەدۆڵی رۆژهەلات- جمعة الدفاع عن حقوق الاناضول الشرقية)، ئەم کۆمەڵەیە زۆر بەدڵی ئەوانەبو بانگەشەی یەکیەتی (الکردو ترکیة) یان دەدا وەك لەباتیەك —بدیل- بۆ پێناسەی نەتەوەیی هەردوو نەتەوەکە، کەلێك جیاوازبوون، بەڵام ئەمەیان پشتی بە یەکێتی ئایینی دەبەست کەمەڵبەندەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبێ. ئەم بانگەشەیە بەدڵی ئەتاتورك بوو و لە وتارەی لەئەیلولی ۱۹۱۹ دا لەئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی دا دای گوزارەی لەم بۆ چوونە کرد "مادام پیاوی گەورە کە عیززەت وشەرەفیان هەیە لەم وڵاتەدا هەن، کورد و تورك هەمیشە وەك برا پێکەوە دەژین و شوراییێکی مەزن لەدەوری خەلافەت دروست دەکەن و قەلاییێکی پۆلاینیش دەبن و لەروی دوژمنانی دەرەوە و ناوەوەدا دەوەستن"[٧] ئیسلام لەو قۆناغەدا ئەو تەوەرە بو کە خەباتی کەمالیەکانی دژی هێرش بەرە مەسیحیەکان هەڵدەسوڕاند، ئەتاتورکیش باش دەیزانی ژمارەی ئەو نەتەوە جیاوازانە چەندە کەلەم "نیشتمانە" ئیسلامیەدایە[٨] " تورك و کورد هەن و هیچ جیاوازیشیان نییە، هەموشمان ئامادەین بۆ پارێزگاری و بەرگری وولات لەیەك رەگەز پێك نەهاتوە، رەگەزی ئیسلامی جیاواز و یەکگرتو هەیە، هەمو رەگەزێکی ئیسلامی لە پێکهێنەرەکانی ئەم یەکێتیە هاوڵاتیە، ئەندامەکانی رێزی یەکتر دەگرن و هەر هەموشیان هەمان مافی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی یان هەیە. ئەمە دوپات دەکەینەوە و هەموو کاتێکیش دووپاتمان کردوەتەوە، ئێمەدان

(٧) لەوتارێکی ئەتاتورکەوە: لە فایلی ژمارە(٣٩) نیسانی ١٩٨٧ەوە وەرگیراوە" کۆی وتارە تۆمارکراوەکان و رێنماییەکان و تۆماری کۆبوونەوە نهێنی یەکانی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی. هەروەها بڕوانە —ثریا امین بدرخان- لەمەسەلەی کوردستان دژی تورکیا The case of Kurdistan Against Turkey فیلادلفیا ١٩٢٩ ل ٤٦.

(٨) وشەی Watan ی تورکی هەر وشەی (وطن) ی عەرەبیەو لە وەوە وەرگیراوە.



بەم ئەمانەتەدا —الامانە- دەنێنین. بەرژەوەندی ئێمە هاوبەشە و ئەم یەکێتیەی دەمانەوێ بیخولقێنین نە تورکیە و نە چەرکەسی، بەڵکوتێکەڵەییێکی ئیسلامیی یەکگرتوە"[٩]

بیرۆکەی کورد وەك کورد و دانانیان وەك بنەماییێکی سەرەکی لەپێکهێنەرەکانی تورکیا بەشێکی سەرەکی بیرکردنەوەی ئەو بوو لەم قۆناغەی بزوتنەوەکەیدا. لەساڵی ١٩٢١ نامەییێك بۆ یەکێ لەسەرکردەکانی کورد دەنوسێ و دەڵێ "دڵسۆزیی گەلی کورد ماوەییێکی زۆر بو ئێمە دەمانزانی، کورد هەمیشە وەك پالپشتێکی بەنرخ بوون بۆ تورك و هەرواش دەمیننەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین هەردوو گەل یەکن"[١٠] بەڵام ئەتاتورك روون نەبو سەبارەت بە دوا رۆژی پەیوەندیی نێوان هەردو گەلْ. وای دادەنا کە ئەمە بریاری لەسەر نادرێ تاکو هێرشی دەرەکی لەناو نەبرێ. ئەوەتا بەمجۆرە قسە لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیدا دەکا.

"نابێ وای بۆ بچن کە یەك جۆرە نەتەوە هەیە لە نێو سنورماندا، تورك هەیە، چەرکەس هەیە جگە لە رەگەزی جیاوازی موسڵمان، ئەوە سنوری نیشتمانی گەلە براکانە کە بەرژەوەندی و ئامانجیان بە تەواوی یەکی گرتوە ئەو هۆیەش کە سنورەکە دیاری دەکا مەبدەئی مەزنی ئێمەیە کە تاکە مەبدەئە هەموو رەگەزە مەسڵمانەکان کە لەناو سنوری ئەم نیشتمانەدا دەژین

(٩) لە وتەییێکی لە یەکی ئایاردا (سەرچاوەی پێشو).

(١٠) "حاکمیتی مللیة- ٦ اذار، فی النشرة الدوریة للفترة بین ١٢ نیسان و ٢٥ ایار ١٩٢٥" (مکداول) باس دەکا ل ٢١١ سەرچاوەی پێشو، ئەویش ئەو سەرچاوەیەیە کە پشتمان پێ بەستوە، ئەویش لە کتێبی — حمید بوز ارسلان- بەناونیشانی (مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی لە تورکیای کەمالیدا) وەری گرتوە Le problem national kurd en Turkaie Kamaliste چاپ نەکراوە (ادموندز) بڕگەییێك لە نامەییێکی فەرماندەییێکی تورك لە بەرەی (الجزیرە) دەنوسێ کە بۆ پیاوە ناسراو و سەرکردەکانی هۆزەکانی کوردستانی باشوری ناردوە هەروەها بۆ کەسایەتیە دیارەکانیشیان.

"ویلایەتی موسڵ بەشێکی دانەبڕواە لەتورکیا و قەتیش ناخرێتە سەر عیراق. دەبێ هەموو برایانی ئایینی هەوڵ بدەن ئەو یەکیتیە پێك بهێنن کە دەوڵەتی عوسمانی دەیخوازێ، بۆ ئەوەی موسڵمانە راستەقینەکان دوبارە هەوای ئازادی هەڵمژن. ئەگەر تەقەمەنی یان پێویستیەکانی دیکەتان کەمە ئێمە یارمەتیتان دەدەین و بۆتانی رەوانە دەکەین. خوا موجاهیدەکان کە لە پێناو ئایینی پیرۆزدا جیهاد دەکەن سەردەخا، هەروەها ئەوانەش کە خوێنی خۆیان بەهەرزان دەرێژن لەپێناو بەرزکردنەوەی وشەی حەق و لەعنەتی خواش لەو کافرانەبێ کە ئایینی خۆیان فرۆشت بە ئینگلیز و لە فەیسەل و هاوکارانی بێ ئامین".

بڕوایان پێی هەیە. بە دڵسۆزی و ئەمانەتەوە دان دەنێین بەوەدا کە قبولی یەکتر دەکەین وەك نەتەوەو داب و نەریت و ژینگەی هەرنەتەوەییێك.

ئێستا وردەکاری و راڤەکردنی ئەو داب و نەریتە لە ئارادا نییە چونکە کاتی ئەوە نەهاتووە وەڵامی ئەو وردەکاری و راڤەکاریە بدەینەوە. بەڵام ئیشەڵڵا بۆ ئەوە دادەنرێ دوای ئەوەی قەوارەکەمان رزگار دەکەین".[11]

هەرچی چۆنێك بێ و سەرەرای دوپات بوونەوەی ئەم ووتانە بارودۆخ لە کوردستاندا بەرەو تەقینەوە دەچو. لە ٩/ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١ دا نوێنەری دەرسیم لە دانیشتنێکی نهێنیی ئەنجومەنی نیشتمانیدا، هەڵساو بۆ ئەندامانی روون کردەوە کە چۆن " کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی کورد- العصبە الاجتماعیە الکردیە-" کە باڵێکی بزاڤی نەتەوەیی کوردی بوو، جیاوازیخوازە، بەسەرکردایەتی بەدرخانیەکان و بەرێکەوتن لەگەڵ (علیشان بگ) بارەگایان لەدەرسیم داناوە لەشوێنی دیکەش بۆ بڵاوکردنەوەی داوای جیابونەوە بەکەڵك وەرگرتن لەبێزاری خەڵك لەو باجە زۆر و قورسەی خراوەتە سەرشانی کۆمەڵاتی خەڵك. دوای ئەوە ووتوێژێکی گەرم کرا وتیایدا هەندێ نوێنەری تورك داوای بەکارهێنانی توندوتیژی و زەبروزەنگ یان کرد. لەوکاتەدا نەك دەرسیم بەتەنها بەڵکو زۆربەی کوردستان لەئاژاوە و پشێویدا نوقم ببو و هیچ کەڵکی نەدەبو. پاشان ڕای نوێنەرە میانرەوە کوردەکان سەرکەوت کە داوای وتووێژیان کردو بریاردرا لیژنەی ئاشتبونەوە بنێرنە ئەو ناوچانە و لەمەسەلەی ئیدارە لە کوردستاندا بکۆڵنەوە، بەڵام ئەندامانی لیژنەکە زۆریش لەوە دەترسان کە داواکاریی کوردەکان لە حوکمی زاتیەوە بپەڕێتەوە بۆ ئەو سنورەی هاوپەیمانان لەرێکەوتننامەی سیڤەردا دیارییان کردبو، جگە لەو مەسەلە زۆر ئاڵۆزە، مەسەلەی سووربونی کوردەکان لەسەر کشانەوەی فەرمانبەرە تورکەکان بەتەواوی لەو ناوچەیەی وەبەر حوکمی زاتی دەکەوێ. ئەنقەرەش نیازی نەبو ئەو دووداواکاریە وەك ئەوەی نەتەوەییە کوردەکان دەیانویست جێبەجێ بکا، بۆیە پاش ماوەیێکی زۆر ئەوجا ئەو لیژنەیە پێکهێنرا، لەو ماوەیەشدا گفت و گۆ لەسەر بارو دۆخی گشتی بەردەوام بوو.

لە ١٠/ی شوباتدا ئەنجومەن بەڵێنی دا کە ئیدارەیەکی زاتی بۆ گەلی کورد دادەنێ بەو شێوەیەی لەگەڵ پێناسە نەتەوەییەکەیدا بگونجێ و ئەمەش بەچەند مەرجێ سنوردارکرد کە زاراوەی حوکمی زاتی پوچ کردەوە، لەو مەرجانە هەلبژاردنی ئەنجومەنێکی نیشتمانی کوردی

(١١) لەوتاریکی ئەتاتورك لەبەردەم ئەنجومەندا لە رۆژی ٢٤/ی نیسانی ١٩٢٠ هەمان سەرچاوەی پێشوو.



بەدەنگدانی گشتی لەو ناوچەیەی ئەنجومەن دیاریی دەکا و دەبێ زمانی تورکیش زمانی رەسمیی ئەنجومەنەکەبێ. ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە مافی ئەوەی بەخۆیدا کەبڕیار بدا یان نەدا لەسەر ئەو (حکمدار)ەی میللەت هەڵیدەبژێرێ، هەروەها ئەو مافەشی بەخۆیدا کە فەرماندەیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ (الجندرمە) بە دەست خۆیەوە بێ.

لەپێشنیارەکانی دیکە ئەوە بو کەماددەی شازدە دەڵێ یەکەم ئەرکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی دامەزراندنی زانکۆیەك بێ لە کوردستاندا کە کۆلیجی ماف و کۆلیجی پزیشکی بگرێتەوە" وەك بڵێیت حوکمی زاتی بۆ ئەوەبێ زانکۆییێك دامەزرێنی و هیچی دیکە[12] ماددەی پازدەش رێی بە (حکمدار) دەدا کە هان بدا زمانی کوردی بەکاربهێنرێ بەمەرجێ نەبێ بەبناغەی ئەوەی وەك زمانێکی رەسمی بۆ خۆبەرێوەبردن لە دوارۆژدا دانی پێدابنرێ.

بریاریش درا کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی زمانی تورکی بەکار بهێنێ، ئەمەش بەلای ئەنجومەنی گەورەوە چەوساندنەوەی نەتەویی نەبو، هەرئەمەش بو ئەو نامەیەی باڵاترین دەسەڵات لە حکومەتی ئەنقەرەدا بۆ نیشتمان پەروەرە کوردەکانی نارد.

ئەو نوێنەرانەش کە نێردرابون بۆ گەڕان بەدوای راستیدا لە دەرسیم و دەوروبەری و ناوچەی دیکەی کوردستان، یەك ئەندامی کوردی تێدانەبو و بریاریشیان دا کە ئەو پێشنیارانەی ئەنجومەن لەم بارەوە قبوڵ ناکرێ هەروەها نوێنەرە کوردەکانیش زۆر بەتوندی قبوڵیان نەکرد و بەهەر دوولا (لائحە) کە یان ناشت. لەئەنجومەندا نوێنەری (ارضروم)- خواجە صالح افندی- لە باتی هاورێ کوردەکانی حکوومەتی بەزۆرداری و پشت کردنە مەسەلەی کورد تاوانبار کرد. ئەو باجە تازانەشی وا لێکدایەوە کە بۆ مەبەستی سەربازی سەپێنراوە بەتایبەتی بەزۆر تالان کردنی مەڕ و ماڵات و رەشەوڵاخ و ئاژەلی سواری. هەروەها بەتوندی دژی ئەوەش قسەی کرد کە شێوازی زۆر ناپەسەندو نزم بەکاردێ بۆ (وصل) دان دوای ئەوەی دەس بەسەر ئاژەلەکاندا دەگرێ و ئەمەش تووڕەییێکی گشتیی خولقاندوە. پاشان سەرنجی هەڵوێستی حکوومەتی ئەنقەرەشی دا سەبارەت بەمەسەلەی

(١٢) نامەییێك لە (رامبول)ەوە بۆ (لورد کرزن)ی وەزیری دەرەوە. ئەستەنبول Fo.371-7858 مێژوی ٢٩/ی ئازاری ١٩٢٢ی لەسەرە.

خەلافەت[١٣] هەرچەندە (لائحە)ی ئۆتۆنۆمی لە رووی یاساییەوە بڕیاری لەسەردرا بەڵام قەت جێبەجێ نەکرا.

هەرێمەکانی ئەنەدۆڵی رۆژهەڵات وەك خۆیان مانەوە بە پشێوی و ئاژاوە بەدرێژایی وەرزی بەهار و هاوینی ساڵی ١٩٢٢، لەکاتێکدا کە مالیەکان لەگەڵ یۆنانیە هێرشبەرەکاندا بەسوپاییێك شەڕیان دەکرد کە زۆربەی لە کوردپێکهاتبوو کوردستانیش تەنها سەرچاوەی ئازوقەی بو، بەڵام سەرکردایەتییەکی کوردی نەهاتەکایەوە کە پشتی پێ ببەسترێ و خەڵك رێك بخا بۆ ئەوەی لەرووی کردەوەکانی ئەنقەرەدا بوەستن.

(العقید راولنسن) دوای ئەوەی ماوەییێکی زۆر لە (ارضروم) گیرابو، دەنوسێ "کوردەکان لەبەشی رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا زۆرینەن، و بارەگا تورکیەکانیش کە زۆر لاوازبوون لەژێر رەحمەتی کوردەنێوخۆییەکاندابوون و نیشانەییێکی ئاسان بوون ئەگەر کوردەکان یەکیان بگرتایە و بەکردەوەیەکی سەربازی یەکگرتو هێرشیان بکردایەتەسەر بارەگاکانی تورکەکان لەیەك کاتدا و لە ماوەی مانگێکدا. بەڵام سەرکردە گەورەکانی کورد زۆر بێزارن"[١٤]

بێزارن، بەڵام ناشتوانن کارێکی رێك و پێویست بکەن بۆ دەرکردنی تورکەکان. ئەنقەرەش چاوەڕێی دەکرد لە یۆنانیەکان رزگارببێ بۆ ئەوەی روبەروی کوردستان بێتەوە. لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٢ بزوتنەوەی کەمالی دەستیان کرد بەتەواوکردنی ئەوکارەی (الجون ترك) کردبویان کە لێکۆڵینەوە بو لەبنەماکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، لێرەوە کەمالیەکان بایەخیان دا بەدامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز کە بتوانێ هەموو گۆشەییێکی تورکیا کۆنترۆڵ بکا ئەمە جگە لە تورکچیەتیەکی بەهێز کە دەبو بڕوای " عقیدە" هەموو هاوولاتیەکی وولات بێ بەدەر لەمەسەلەی پێناس و تایبەتمەندی نەتەوایەتی، بەتایبەتی دوای ئەوەی بیرۆکەی نەهێشتنی پۆستی (سلطان) و لە دواییشدا (خلیفە) هاتەکایەوە و سور بوون لەسەر راگەیاندنی کۆمار و دروست کردنی

(١٣) ئەمە پێش هەشت مانگ لە هەڵوەشاندنەوەی (سلطنە) و دوو ساڵ پێش هەلوەشاندنەوەی (خلافەت) کە ئەمەش مانای سوربون لەسەر ئەم مەسەلەیە و سەیریش نەبو کە لەلایەن کوردە سوننیەکانەوە بەنیگەرانیەوە تەماشا دەکرا

(١٤) راولنسن Rawlinson یادداشتی لە ٤/ی ئازاری ١٩٢٠ دا Fo,371-7858.



دەوڵەتی عولمانی کە هەموو پەیوەندیەکی لەگەڵ ئاییندا دەپچڕێنێ. کوردەکانیش ئەوانەش کەنیشتمان پەروەر بون و هەوڵی دامەزراندنی قەوارەییێکی کوردییان دەدا، بیانەوێ و نەیانەوێ بانگەشەکەی خۆیان بە ئایینەوە دەبەستەوە کە رەگی قووڵ داکوتابو لە کۆمەڵگەی نیمچە سەرەتایی کوردیدا. چالاکیی فەیلەسوفەکانی "تورکچیەتی- الترکیە" لەو قۆناغەدا و لە قۆناغەکانی پێشتریشدا بەهۆی مامۆستاکەیان (ضیاء گوك الپ) کە بیروراکانی خۆی لە کتێبی "بنەماکانی تورکچیەتی- مبادئ الترکیە" کە لەساڵی ١٩٢٠ دا بلاوبوەوە، روون کردبوەوە لەو کتێبەدا ئەو هێڵەی دەس نیشان کردبو کە چۆن دەکرێ نەتەوە نا تورکەکان لەناو پێناسەی تورکچیەتیدا بتوێنرێنەوە.

"لەبەر ئەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی هیچ پەیوەندیەکی بەتایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکان و —هاوولاتیەتیەوە- المواطنة- نیە کە ئەنجامی کۆکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانە، بۆیە یەکگرتنی کۆمەڵایەتی-التضامن الاجتماعی- لەبنەڕەتدا لەسەر یەکێتی رۆشنبیری دروست دەبێ کە ئەویش بەرهەمی فێرکردنە —التعلیم-، بۆیە هیچ پەیوەندیەکی بەرەگەزەوە نییە، نیشتمانیش کۆمەڵە رەگەز یان نەتەوە یان جوگرافیا یان سیاسەت یان هەڵبژێردراو، نییە، بەڵکو یەکیەتیەکە لەکەسانێك کە هاوبەشن لە زمانێکداو لە ئایینێکدا، هەروەها لە تەبیعەت و ویستدا، مەبەستم ئەوانەیە کە هەمان رۆشنبیرییان وەرگرتوە"[١٥]

(١٥) Gokalp مبادئ الترکیە (بنەماکانی تورکچیەتی) لە ئەنقەرە ١٩٢٠ دەرچوە. وەرگێڕانی Robert Devereux ل١٢-١٥.

(گوك الپ) ئەمەی پێش ئەوەی کوردستان بە کۆماری تورکیاوە بلکێنرێ نوسیوە، نەما بۆ ئەوەی بەچاوی خۆی ببینێ چۆن کوردەکان دژی سیاسەتی کەمالیەکان ڕاپەرین. ئەو وەك بزاڤێکی رۆشنبیری رەگەزایەتی جیاواز تەماشای کوردی دەکرد کە دەڵێ: لەلای عەرەب و کوردیش نەتەوایەتی وەك بزاڤێکی رۆشنبیری پەیدابو و شێوازی سیاسی و ئابوری نەتەوایەتی لەدواییدا پەیدا بو وەك قۆناغی دووەم و سێیەم" ئەو خۆی بە کورد دانە نا، چونکە رۆشنبیریەکی تورکی بو " من هیچ دوودڵ نیم کە بڵێم تورکم، تەنانەت ئەگەر بشزانم کە باپیرم کوردبوە یان عەرەب، چونکە لە ئەنجامی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکانمەوە بۆم دەرکەوت کە تاکە بنەمای نەتەوایەتی پەروەردەو پێگەیشتنە —التربیە والنشاە)

هەوڵێکی زۆردرا بۆ لەناوبردنی پێناسەی نەتەوایەتی کوردی لەرێی رێکخراوی (الاوجاق)ەوە. سەرەتای دروست بونی ئەم رێکخراوە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٩١٢ بەمەبەستی سەرکەوتن بەسەر بیروبۆچوونی ئیسلامی و و

هەر کە ساڵی **١٩٢٣** هات تیۆری " گوك الپ" سەبارەت بە پێناسەی تورکی کەوتە پێشی پێشەوەی چەمکە سیاسیە گشتیەکان، بەتایبەتی ئەوەی کە دەڵێ نیشتمان (گەل) گوزارەی راستەقینە و رەواڵەتی ئەو رۆشنبیریەیە کە خاوەنی تایبەتمەندیەکی دیاری کراوە، واتە هەمو ئەوانەی لە نێو سنوری کۆمارە نوێ کەدا دەژین، ئەمەش وەرچەخانێکی چاوەروان نەکراوبو لەبیرو بۆچوندا.

تاکو کانونی دووەمی **١٩٢٣** کە وتوویژ لە لۆزان بەردەوام بو بۆ رێکەوتننامەیێکی ئاشتبوونەوەی نوێ، هیچ کام لەسەرکردە تورکەکان و سیاسیەکانیان دودڵ نەبون لەوەی ئاماژە بەکورد بکەن وەك نەتەوەییێکی جیاواز لەتورکیا. بەڵام نوێنەرەکە یان جەنەرال (عصمت اینونو) ئاوازێکی نووێ ژەند کە وەڵامی نوێنەری بەریتانیا( اللورد کرزن)ی دایەوەو گوتی کوردەکان لەرەگەزی تۆرانین و ئیسکلۆپیدیای بەریتانی وا دەڵێ. سەبارەت خوورەوشت و هەڵس کەوت بەهیچ جۆرێ فەرق و جیاوازی لە نێوان کوردو تورکدانییە[١٦]

هەروەها گوتی " حکومەتی ئەنجومەنی گەورەی تورکی چۆن حکومەتی تورکە ئاوهاش حکومەتی کوردە و نوێنەرە راستەقینە یاساییەکانی کورد لە ئەنجومەندا دانیشتون و ئەوانیش حوکمی وڵات دەکەن و بەڕێوەی دەبەن بەهەمان شێوە وەك نوێنەرە تورەکەکان". [١٧]

بەڵام لەهەمان کاتدا دوور لە کۆنگرەی لوزان، هەندێ دو دڵی هەبو، چونکە هێشتا چارەنوسی ویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان) یەکلایی نەکرابوەوە، حکومەتی

---

عوسمانیدا و نەتەوایەتی تورکیی لە جێی یان دابنرێ. (ضیاء گوك الپ) ئەم ئامانجەی لە دیاربەکر پەرەپێدا و جێگەی گومانیش بولای (اتحاد) یەکان (الباب العالی)یش لێی دەترسا چونکە بانگەشەکەیان بۆ نەتەوایەتی لەسەر بنەمای رەگەز لەوانەیە رەگەزە نا تورکەکان هان بدا بۆ شۆڕش، پیاوانی ئایینیش دژی وەستان. ئەم رێکخراوە دوای سەرکەوتنی کەمالیەکان کەوتە چالاکی و بوژانەوە. لە ساڵی **١٩٢٤** دوبارە زیندوکرایەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری تورکچیەتی لەویلایەتەکاندا و کادیری تایبەتیشی رەوانەی کوردستان کرد بۆ ئەوەی قەناعەت بە خەڵکەکەی بهێنێ کە ببن بە تورکێکی باش، ئەمەش دوا قۆناغی پەیامەکەی ضیاء گوك الپ" بوو —هەمان سەرچاوە-.

(١٦) بەریتانیای مەزن: روداوەکانی کۆنگرەی لوزان ل٢٤٢ (بۆ ئەمە بگەڕێرەوە بەشی دووەمی راپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەر بە کۆمەڵەی گەلان لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە).

(١٧) هەمان سەرچاوە ل٣٤٥.



ئەنقەرەش کوردەکانی خۆی هان دەدا نەك وەك تورك بەڵکو وەك کورد، بەتایبەتی ئەتاتورك کە لە هەموو ئەوانی دیکەی دەوری دوور بینترو وردتر بوو هەستی بە ئەنجامەکانی بارودۆخەکە دەکرد بوار هەبو بۆ راکێشانی کوردەکان و رازی کردنی هەستی نەتەوەییان بە هەندێ بەڵێن و پیادەکردنی هەندێ رێوشوێن، مادەم لەلایەن هێزە دەرەکیەکانەوە ناچار نەکراون بیکەن و ئەنقەرەش بۆ خۆی خاوەنی قسەو بریارە، ئەتاتورکیش بیری لەوە دەکردەوە چوار چێوەیەکی بەرێوەبردنی تایبەت بۆ ناوچە کوردیەکان دامەزرێنێ بەڵام بەو ڕادەیەش نا کە ببێتە حوکمێکی زاتیی روون زۆر بەروونی ئەم بیروبۆچونانەی خۆی دەربڕی کاتێ سەردانی (ازمیت)ی کرد لە ١٥/ی کانونی دووەمی **١٩٢٣** دا، لەوەڵامی پرسیارێکدا کە رۆژنامە نوس (امین) لێی پرسی و لە رۆژنامەکانیشدا بڵاوکرایەوە و بوە هۆی چەندین لێدوانی رۆژنامەنوسی لەو رۆژنامانەدا کە لە ١٦/و ١٧ی هەمان مانگدا دەرچوون.

"ئەمانەی کە لە ناو سنوری نیشتمانماندان، زۆرایەتی کوردی لە هەندێ ناوچەی دیاری کراودا دروست دەکەن. بەتێپەڕبونی کات و لەبەرنەمانی چری نیشتەجێ بونیان لەگەڵ رەگەزە تورکیەکەدا نیشتەجێ بوون، بەڕادەیەك ئەگەر بمانەوێ سنوری لایەنی کوردی دیاری بکەین لە "تورکچیەتی" و تورکیا دا دەبێ کۆتایی پێ بێنین بۆ نموونە لە ناوچەکانی (ارضروم و ازرنجان و سیواس و خربوط) نابێ هۆزە کوردیەکانی دۆڵی (قونیە)ش لەبیربکرێن، لەبری ئەوەی کوردایەتی —الکردیە- لە دۆخێکی دابڕاودا بەجێ بهێڵین، حوکمێکی زاتی یان بۆ دادەمەزرێنرێ بەگوێرەی دەستورەکەمان هەر ناوچەیەك کە زۆرینەی کوردی تێدا دەژی، خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن لە شێوەی ئۆتۆنۆمی دا بەڵام جگە لەمە دەبێ وەسفی گەلی تورکیا بەیەکەوە بکەین، ئەگەر بەو جۆرەش وەسفیان نەکەین تووشی کێشە دەبین بە تایبەتی لای ئەوان.

بۆ شمان نییە هەوڵ بدەین سنوری دیکە لە نێوان تورك و کورددا بکێشین، بەڵکو پێویستە بەرنامەییێکی نوێ دابنێین"[١٨] لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەتاتورك تا کۆتایی ساڵی **١٩٢٣** مەیلی ئەوەی هەبو نەتەوەی کورد لە نەتەوەی تورك جیابکرێتەوە،

---

(١٨) Turk Tarib Turumu- Ataturk ve Turk Devrimi Arastirma merkezi No 1089 lkibine Dogru, 6 November 1988 لە لاپەڕە (١٠) بەرگی دوەم ژمارە (٤٦)ەوە وەرگیراوە.

ڕێگریش نەبو لەوەی حوکمی زاتی بە کوردان بدرێ، ئەی چۆن بو وا پاش ماوەیێکی کورت بیروبۆچونی گۆڕا.

ناتوانین هەندێ هۆی ئەم گۆڕانە پشت گوێ بخەین شۆڕشێکی کۆمەلایەتی لە ئارادا بو کە بنەمای کۆمەڵگەی تورکیی لە ڕەگەوە هەژاند، ئەم شۆڕشە بزوتنەوەی کەمالیزم بەشێوەازێ دەیسەپاند کە هەندێ جار دەگەیشتە رادەی توندوتیژی. هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و بانگەشەی عەلمانیەتی دەوڵەت و جاڕدانی جەنگ دژی تەکیە و خانەقاکانی سۆفیگەری پیادەکردنی شێوازی ڕۆژاوا هەر لە گۆڕینی پیتەکانی نوسین تا دەگاتە سەپاندنی جل و بەرگی ئەوروپایی. گومانی تێدانیە کە پابەندبونی ئایینی و داب و نەریتی کوردانەی لە باپیرانەوە بەجێ ماو، ئەمانە هەموو ڕێگربوون و ئاسانیش نەبو بە سەریاندا زاڵ بن، جگە لە نارەزایی گشتی نێو کوردان کە لەتەقینەوەدابو، لەکاتێکدا کەمالیەکان خەریکی شەڕی مان و نەمان بوون لە کۆتاییدا گفتوگۆکانی لوزان کۆتایی بەکێشەی "عائدیە"تی موسڵ هێناو هێڵێکی نوێ سنوری بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کێشا.

تورکەکان بۆیان دەرکەوت کە بەریتانیا دەیەوێ کوردەکان لە باشوری کوردستاندا ڕادەیێك لە حکومی زاتی یان بدرێتێ، ئەمەش بەلای ئەوانەوە هۆیەك بو بۆ هەڕەشە لەیەکێتی خاکی تورکیا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی مەیلی جیابونەوە لە باکور زیندو بکاتەوە. زۆریش لەوە نیگەران بوون کە (لورد کرزن) هەوڵی دا لە کۆنگرەی لوزاندا) عصمت اینونو) و لەرێی ئەویشەوە تورکیا والیێ بکەن دان بە کورددا بنێ وەك کەمینەیەکی نەتەوایەتی، لەکاتێکدا کەمالیەکان کە شەڕی "سیڤر" یان کرد بۆ ئەوە یان نەبو دەس لە دەسەڵاتی خۆیان هەڵبگرن و کەسایەتیەکی حوکم و بەڕێوەبردن بەکورد ببەخشن لەرێی ڕێکەوتننامەیێکی دیکەی نێو دەوڵەتیەوە.

تورکەکان نەیانتوانی لە باشوری کوردستاندا هیچ بکەن و جاسوسەکانیشیان دەرکران و بەریتانەکانیش دۆستەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا ڕێکخست، ئەگەر چی نەدەتوانرا ڕووداوەکانی سەر سنور بەربەست بکرێ، بەڵام دەبایە لای کەمالیەکان بەربەست بکرێ چونکە پێویست بو بۆ بنیات نانی تورکیای کەمالی مەشخەڵی نەتەوایەتی کوردی لەناوەوەدا بکوژێنرێتەوە.



لە هاوینی ١٩٢٣ دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورە دەستی پێکرد و نوێنەرە کۆنەکان ڕێیان پێ نەدرا بگەڕێنەوە ناوچەکانی هەڵبژاردنی خۆیان، پاڵێوراوە تازەکانیش لە ناوچە کوردیەکان خۆیان هەڵبژارد و دەریش چوون، لەلای کوردەکان ئەمانە نوێنەری حکومەت بوون چونکە ئەو ناوی دیاری کردن و ڕێوشوێنی سەرکەوتنی بۆ ڕەخساندن و کوردە بەرهەڵستکارەکانیش لە ڕێوشوێنی دیموکراسی کۆمارە نوێیەکە دوورخرانەوە. پاشان بەڵگەکانی سیاسیە نوێ یەکە یەك بەدوای یەکدا هاتن، لەوانە پڕ کردنی پۆستە ئیداریە گەورەکان هەرهەموو بە فەرمانبەری تورك جگە لە تیوە زیاتری پۆستەکانی پلە دووش.

هەموو ئاماژەیێك بۆ کوردستان لە نوسراو ودام و دەزگا ڕەسمیەکاندا سڕدرایەوە. ناوی تورکی لەبری ناوە کوردیەکان بۆ ناوچە و شوێنەکان دانران، بەڵام سکاڵای گەورە لەناوەندە سەربازیەکەدا بوو، چونکە سەربازە کوردەکان بە تەواوی هەستیان بەو ڕەفتارە خراپەی دەکرا بەرانبەریان دەکرد کە خراپترین و قێزەونترین ئەرکیان پێ دەسپێردرا.

لە ئازاری ١٩٢٤ مەرسومێك دەرچو تیایدا بڕیاردرا تەنها زمانی تورکی لە دادگا و ئەنجومەنی قەزا دا بەکار دێ و بەکار هێنانی زمانی کوردی لە ئاڵوگۆڕی ڕەسمیدا قەدەغەکرا، لە قوتابخانە و بۆ فێرکردنیش لە قوتابخانەکاندای گرتەوە[19]. دەسەڵات دەستی گرت بەسەر هەموو ئەو زەویانەدا کە کوردو ئەرمەنی لێ دەرکرا یان کۆچیان لێ کردبو لەکاتی جەنگدا، و بەسەر سەربازە تورکەکاندا دابەشکرا دوای ئەوەی ماوەی خزمەتی سەربازییان کۆتایی دەهات، ئەمەش خراپترین ئەنجامی هەبو لە ٤/ی ئازاری ١٩٢٤ پۆستی خەلافەت هەڵوەشێنرایەوە، ئەمەش کار دانەوەیێکی زۆر توندی هەبو، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە چاوەڕێی ئەو کاردانەوەیە توندەبوون بۆیە لەگەڵ بڕیاری

---

(١٩) بڕیاری قەدەغە کردنی زمانی کوردی کاریگەریەکی قووڵی هەبو لەسەر فێرکردن لە کوردستاندا. ساڵی ١٩٢٥ تەنها ٢١٥ قوتابخانە لە کوردستاندا مابو لە کۆی (٤٨٧٥٥) قوتابخانە، ئەمەش ڕێگە بۆ هەشتا کەس لە کۆی قوتابیانی زانست لە تورکیا خۆش دەکا کە ژمارەیان (٣٨٢٠٠٠)بو واتە بەرێژەی ١-٢٪. ئەمەش پێچەوانەی یاسای حوکمی زاتی بو کە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە پیش دووساڵ بڕیاری لەسەر دابو (بڕوانە پێشتر) هەروەها پێشێل کردنی ماددەی ٣٩/ی ڕێکەوتنامەی لوزانیش بوو کە پێش ساڵێ بڕیاری لەسەر درابو و تورکیاش بەڵێنی دابو کە ڕێز لە مافی نەتەوایەتیەکان بگرێ بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە زمانەوە هەیە.

هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت دادگای تایبەتیان پێکهێنا بەناوی (دادگای سەربەخۆیی) کە یاساکەی ئەو دادگایە وای دانابو یەك پلەبێ و حوکمە کانیشی یەکسەر جێبەجێ دەکرێ دەسەڵاتێکی تەواوی درایێ سەبارەت بە مردن و ژیان و چەمکی " خیانەتی مەزن"یش فراوان کرایەوە بۆ ئەوەی ئەوانەش بگرێتەوە کە دژی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت دەوەستن یان باس لە شەرعیەتی دەکەن یان ژیانی ئایینی بڵاودەکەنەوە و لای خەڵك خۆشەویستی دەکەن. دوابەدوای ئەوەش قوتابخانە ئایینی یەکان و پەیمانگەکانی هەرهەموو داخران کە ئەمەش دوارێگەو سەرچاوەی رۆشنبیری بو لە ناوجەرگەی کۆمەڵگەی کوردیدا.

ئەو شێخ و ئاغابانەی بە ئەرکی خۆیان زانی بەرگری لە خەلافەت بکەن بە خائین لەقەڵەم دران لەکاتێکدا ئەمانە هەر ئەوانە بوون کە بەرگرییان لەقەوارەی تورك کرد لە رۆژە ناخۆشەکانی ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٢، لەروی هێرشی ئەرمەندا لەرۆژهەڵات و باشوری رۆژاواوە وەستان و خوێنێکی زۆریان رشت لەپێناو بەرگری کردن لە حکومەتی ئەنقەرە بەرانبەر هێرشبەرە یۆنانیەکان.

نەتەوەییە کوردەکانیش هەر روویان لەمان کرد بۆ رێکخستنی بەرگری و روبەروبونەوە.





وێنەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم

# فەسڵی شازدەیەم

گواستنەوەی بزوتنەوەی نەتەوییە کوردەکان لە ئەستەنبولەوە بۆ دەرسیم، لە ساڵی (١٩٢١)ەوە دەستی پێکردبو، بەڵام دەرکەوتنی بزوتنەوەی روبەروبونەوە و فراوان بونی تۆڕەکانی هاوکات بو لەگەڵ دروست کردنی رێکخراوی (ازادی) یان کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان، دەرسیم یەکەم مەڵبەندی راستەقینەی کۆمەڵەکە بو، ئەمەش باشترین بەڵگەی گەیشتنی هەستی نەتەوەییە بۆ باشوری کوردستان و بەرزبونەوەی هۆشیاریی کۆمەڵاتی خەڵك.

تا ئەوکاتە هەستی نەتەوایەتی تەنها لە نێو چینی دەس ڕۆیشتوی رۆشنبیردا لە ئەستەنبول و شارە گەورەکانی کوردستان لە تورکیادا هەبو جگە لەچەند ئاغاییێکیش. ئەم بزوتنەوە تازەیەی لە ساڵی ١٩٢٣دا هاتە کایەوە، رەنگە تۆوی یەکەمی لە (ارضروم)دا پەیدابوبێ، پاشان بە خێراییێکی زۆر و لەڕێێ وتارو دەرس و وەعز لەتەکیەی شێخەکانی سۆفیگەری و دیوەخانی ئاغاکانی (الحمیدیە)ی پێشو و لەدوایشدا گەیشتە ئەفسەر و سەربازە کوردەکان لەفەوجەکانی سوپای تورکیدا کەبو یەکەمجار هەر هەموویان کوردبون.

سەرکردایەتی (ازادی) بەڵگەی ئەوەیە ئەم رێکخراوە چەند تەشەنەی کردبو. (یوسف ضیاء بگ) سەرکردەی بنەماڵەیێك لە میرەکانی (تبلیس) بوو یەکێکیش بو لەو نوێنەرانەی کورسیەکەی خۆی لە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەدا دۆڕاند چونکە گیرابو هەروەها (خلیل بگ جبرانلی) کە یەکێك بو لە ئەندامە دامەزرێنەکان[1] و لەکاتی خۆیدا فەرماندەی دوو فەوجی (الالایات الحمیدیە) بو و بە حوکمی ژن و ژن خوازیش بە خزمی شێخ سەعیدی پیران دادەنرا کە شێخێکی سۆفیی نەقشبەندی بو و تەکیەکەشی شوێنی ئیمانداران و دیوەخانی گفت و گۆی نەتەوەیی و سیاسی بو بۆ ئەندامانی ئازادی. پاشان هاوڕێکەی (العقید نورس)- ئەمیش لەوانەیە کە هیچی دەربارە نازانین- هەروەها (یوزباشی- نقیب- احسان نوری) و (رضا)ی برای (یوسف ضیاء) کە هەر دوکیان ئەفسەر بوون لە سوپای حەوت کە لە دیاربەکر بو، پێدەچێ

(١) (احسان نوری) ئەوی کرد بە سەرۆك، "هەردوا بەدوای ئەوە- خالد بگ جبرانلی- فەرماندەی فیرقەکانی حەمدیەی عەشایری لەشاری (ارضروم) کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستانی دروست کرد بە یارمەتی ئەفسەرە کوردەکان" یادداشتەکان. سەرچاوەی پێشو.



هاتنە ناوەوەی ئەم دوانە بە کۆشش و لەڕێی (اکرم بگ جمیل زادە)ی سەرۆکی لقی رێکخستنەکە لەیادبەکر، بووبێ.

لەساڵی ١٩٢٤ کۆبونەوەیێك بۆ سەرکردەکانی رێکخراوەکە سازکرا و بڕیاری شۆڕشیان[2] دا و ئامانجیش دیاری کرا کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بو بۆ کوردستان و مانگی ئایار بە دەستپێکی شۆڕش دیاری کرا.

کەی ئەم کۆبونەوەیەکرا؟ لە کوێ؟ کێ ئامادەی بو؟ سەرچاوەکانی بەردەستمان لەم بارەوە یارمەتیمان نادەن، بەڵام ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە لە مانگی ئایاری ئەو ساڵەدا خەڵکانێك هەبون لە (ارضروم) کە پەیوەندییان بەرێکخستنەکەوە هەبو و یارمەتیشیان لە بەلشەفیکەکان وەرگرت.وەك لە دواییدا دەردەکەوێ زەحمەتی رێ بان و هاتوچۆ رێکخستن و شێوازەکانی کاری نهێنی و سەرکردایەتی، هەموو ئەمانە لەوە نەبوون رێکخراوێکی وەك (ئازادی) بتوانی رێکیان بخا ئەم کۆسپانەش دەردی هەموو شۆڕش و راپەرینێکی کوردی بووە چ پێشترو چ دوای ئەوەش.

لەمانگی ئابی ١٩٢٤ دا چەن فەوجێك لەلیوای هەژدەی سوپای حەوت گوازرانەوە بۆ (بیت الشباب) لە هەکاری بە مەهانەی روبەرووبونەوەی ئاشوریەکان لە ناوچەی سنوردا. ئەو قسەیەش هەبو کە ئەم بزوتنەوەیە پێشەکیەکە بۆ کۆکردنەوەی هێزی دیکە بۆ ئەوەی هێرشی

(٢) Arnold J.Toynbee: The lslamic world Since The peace settlement-Vol: survey of the lnternational Affains چاپخانەی ئۆکسفۆرد-١٩٢٥- ل٥٠٧ (جیهانی ئیسلامی لە رێکەوتنی ئاشتیەوە) بەرگی یەکەم : (خستنەروی کاروباری نێو دەوڵەتی) (ارنولد جوزیف تونیبی) ١٨٨٩-١٩٧٥ یەکێکە لە مێژونوسە هەرە دیارەکانی سەدەی بیستەم. ئیش کردنی لە وەزارەتی دەرەوەدا یارمەتی ئەوەی دا کە ئاگای لەهەموو ئەو نامەگۆڕینەوانە هەبێ کە تایبەتن بەو ماوەیە لە نێوان ئەندامی لیژنەی هاوپەیمانان لە ئەستەنبول و وەزارەتی دەرەوە. بۆیە زۆر پشتمان پێی بەست، جگە لەسەرچاوەی کوردی کە ئاماژەمان پێداوە هەروەها بە دواداچونی بەڵگەنامە بەریتانیەکان- بەم بۆنەیەوە دەڵێین کە ئەوەی ناوی " یادداشتەکانی ئیحسان نوری" ی لێ نراوە لە واقیعدا باسکردنی شۆڕشی ئاگری داغە کە ئەو فەرماندەی سەربازیی بوو لە ساڵی ١٩٢٧، ئەو یادداشتە باسی ئەم بزاڤەی (حرکە بیت الشباب) ناکا مەگەر لەچاپە عەرەبی و فەرەنسیەکەدا نوسراوە دەڵێ {لە ساڵی ١٩٢٤دا- احسان نوری الجبرانلی- دانەری کتێبەکە) و بەیارمەتی چوار ئەفسەری کورد کە : راسم و توفیق و خورشید و عەلی رەزا بوون هێزیان لە ناوچەی- بیت الشباب- کرکردەوە بەمەبەستی رزگارکردنی کوردستان بەڵام سەرنەکەوتن لە هەوڵەکەیاندا چونکە عەلی رەزا روخا و هێزەکەی بڵاوەی کرد، دوابە دوای ئەوەش خالد بەگ گیرا و رەوانەی بەدلیس کرا.}

پێ بکرێتە سەرویلایەتی موسڵ. لەم هێزەدا هەردو ئەندامی رێکخستنی ئازادی (النقیب علی احسان) و (النقیب علی رضا ضیاء بگ) کە فەرماندەی (سریە) بوون، جگە لە ژمارەیێکی زۆری ئەفسەرو سەربازی کوردی تێدابو.

لەکۆتایی مانگی ئابدا عەلی رەزا نامەییێکی بەجیفرە لەبراکەیەوە (یوسف ضیاء) پێ گەیشت لە ئەستەنبولەوە ئاماژە بەو نائومێدیە دەکا کە لەنێو ناوەندە نەتەوەییە کوردەکە بڵاوبوەتەوە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی (خلافەت) و پشت کردنی کەمالیەکان لەو بەڵێنانەی دابویان، لەوانەشە ئەوەشی تێدابوبێ کە (ازادی) خۆی بۆ شۆڕش ئامادە دەکا و بریارێشە لەگەڵ بەرهەڵستکارانی کەمالیەکاندابێ.

لەشەوی ٤\٣ ئەیلول عەلی رەزا و ئیحسان نوری یاخی بونێکیان لە "بیت الشباب" رێکخست بەڵام سەرنەکەوتن لە هاندانی هۆزەکانی دەوروبەر و یاخی بونەکە سەری نەگرت و نزیکەی پێنج سەد ئەفسەروسەربازی کورد ڕایان کردە عیراق ئەم هەوڵەی یەکەمینەی ئازادی دەری خست کە رێکخستنێکی لاوازە و نهێنیەکانی نەپارێزراوبوون، چونکە فەرماندەی لیوا پێش رودانی یاخی بونەکە ئاگادارکرابوەوە، بۆیە یەکسەر دەستی کرد بەگرتنی ئەوانەی گومانی لێدەکردن پێش ئەوەی شۆڕشگێڕان هیچ شتێ بکەن. لەواقیعیشدا دەسەڵات ئاگای لەو نارەزایی و تورەییە بو کە لە کوردستاندا بڵاوبوەتەوە و ناخۆشی ژیانی کەسانی ئاسایی بەهۆی شەڕی ناوخۆ لە رۆژهەڵات و رۆژاوا و ئەو بارەگرانەی کەوتبوە ئەستۆی ئابوریی کۆمەڵگەی کوردی قورسایی ئەمەش هەموی دەکەوێتە سەرشانی ئەنەدۆڵی رۆژهەڵات کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن.

هەروەها مەسەلەی چارەنوسی باشوری کوردستان کە چەن هەفتەیەك بو کۆمەڵەی گەلان بریاری دابو کێشەکە بخرێتە بەردەم لیژنەیێکی نێودەوڵەتی ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێ و زەحمەتیی تازەی هێنایە ئاراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی جەنگ بەرپایوون، لەیەکی ئاب و پێش هەوڵی لەباربراوی (بیت الشباب) سەرکردەکانی کورد لە دیاربەکر کۆبونەوەییێکی سیاسییان رێکخست بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگەی چارەسەکردنی رق و تورەیی و بێزای خەڵك ئەم کۆبونەوەیە بە ئاگاداری و بەشدار بونی دەسەڵاتی تورك بوو. کۆبونەوەکە چەن مەرج و رێ و شونێکی دانا کە تورکەکان بەڵێنیان لەبارەیەوە دابو، لەوانە دامەزراندنی ئیدارەیەکی تایبەت بۆ ئەو ناوچانەی کوردتیایاندا زۆرینەن هەروەها پارە تەرخان کردن بۆ هەندێ پرۆژەی ئابوری بەمەبەستی بوژاندنەوەی ناوچەکە و ڕاگرتنی خزمەتی سەربازی (تجنید) بۆماوەی پێنج ساڵ و



گێرانەوەی دادگا شەرعیەکان و گواستنەوەی ئەو فەرماندە سەربازیانە و فەرمانبەرە تورکانەی خەڵکی لێیان نارازیە و گیراوەکانیش ببەخشرێن و بەربدرێن. بەرانبەر بەوە دەبی کوردەکان هاوکاری تورکەکان بکەن لەداوا کردنی ویلایەتی موسڵ دا. حکومەتی ئەنقەرە ئاگاداری تورەیی کوردەکان بو هەروەها بێ ئاگاش نەبو لەبوونی (اللجان- لیژنەکان) چونکە پێشتر پێشنیاری ئەوەی بۆ کردبون کە ئەفسەری تورکیان بداتێ تاکو مەشقیان پێ بکا. بۆیە باش ئاگای لەومەترسیە بو کە لەوانەیە شۆڕش هەڵگیرسێ ماوەیێکی زۆری نەبرد ئەنقەرە چەن سەرکردەیێکی (ازادی)ی ناسی و لەمانگی تشرینی دووەمدا دەستی کرد بە شاڵاوێکی گەورەی گرتن کە (یوسف ضیاء بگ) و دووان لەسەرکردە پێشوەکانی (الالایات الحمیدیە) گرتەوە لەگەڵ (خالد بگ جبرانلو) و (حجی موسی بگ موتکی البدلیسی)، ئەمەش لەدوای کۆبونەوەیێکی بێ ئەنجام بو لەنێوان نوێنەرانی حکومەت و نەتەوەییە کوردەکاندا لەدیاربەکر. دوای سێ هەفتەش والیی دیاربەکر کوژرا. گرتنی گومان لێکراوان تێکشکانێکی گەورەبو، لەوەش دەچێ گرتنەکە زۆربەی ئەفسەرانی سوپای گرتبێتەوە کە ئەندام بون لە (ازادی) یان دۆستایەتیان دەکرد زۆریش لەوانەی بەرگرتن نەکەوتن وازیان هێنا مەگەر ژمارەیێکی کەم نەبێ کە هەر بە هیوا بوون لە بەهاری ١٩٢٥ ڕاپەرینێکی گشتی هەڵگیرسێ. بەڵام ئازادی ئەوانەی لەدەس چو کە باوەڕی ئایینی زیاتر ورەو ئازایەتی پێ دەبەخشین. ژمارەیێکی زۆر هەبون لەو شێخە رۆحانیانە و دەس و پەیوەندەکانیان کە حەزیان دەکرد خۆیان بخەنە مەترسیەوە تا ڕادەی شەهید بون لەپێناو گێرانەوەی خەلافەتدا، لە هەموشیان دیارتر بێ مشت و مڕ شێخ سەعید (پالو) پیران بوو.

شێخ سەعید کێیە؟ شێوەی چۆنە؟ لەکاتی هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕشدا تەمەنی چەن بوو؟ ئەوەی رۆژنامە تورکیەکان لەبارەیەوە نوسیبو یان، ئەوەش کە لەو نوسەرانەوە پێمان گەیشتوە کە بایەخیان پێی دابو هیچی ئەو تۆمان لەبارەی کەسایەتیی ئەوەوە بۆ روون ناکەنەوە، تەنانەت ئەوقەڵەمانەش کە خاوەنەکانیان هاوچەرخی بوون و تیاشیاندا هەبو کە بەشەخسی ناسیبویان، بەڵام گوێ یان بەوە نەداوە کەوێنەیێکی ئەم کەسایەتیە مان بۆ بکێشن، وەك نوسەران کردبویان بە عادەت ئەمانیش هەروەها تەنها باسی رووداو و رۆڵی دروست کەرانی رووداوەکانیان دەکرد بێ ئەوەی بچنە ناو کەسایەتی ئەوکەسانەوە و بەدوای وردەکاریەکانی ژیانیاندا بگەرێن. ئەوەندەی سەبارەت بە شێخ سەعید زانیومانە بریتییە لەوەی کە لەکاتی دەس پێکردنی شۆڕشدا لەتەمەنی پیری نزیك دەبووەوە و خەلیفەی باوکی بو (شێخ عەلی) کە شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بو لە ناوچەی (پالو) و دەوروبەری و پیاوێکی بەئیمان بوو هیچ

پەڵەیێك بەناوبانگ و رەوشتیەوەنەبو، هەرچەندە رۆژنامەكانی تورك وەك پیاوێكی وشكی نەزان و نیمچە شێت و كەسایەتیەكەی مایەی گاڵتەجارییە، بەو جۆرە وێنەیان كێشابو شۆڕش دەستی پێكرد كە لە بڵاوكراوە كوردیەكاندا بەناوی "شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران" ناسراوە ئەو شۆڕشە لەكاتێكدا هەڵگیرسا كە ناكۆكی سەبارەت ویلایەتی موسڵ گەیشتبوە ناسكترین پلە، گومانیشی تیانیە كە تارادەیەكی زۆر داواكاری توركی سەبارەت بەوەی كە ئەو ویلایەتە هی ئەوانە، لاوازكرد توینبی دەڵێ: بەرپابونی شۆڕش لەباكوری ئەو ناوچەیەی كێشەی لەسەر بو هەروەها لەهەندێ ناوچەش كە دەسەڵاتی تورك لەوێ و لەوكاتەدا مایەی هەڕەشەوكێشە نەبو لەگەڵ هێزە دەرەكیەكاندا، ئەمەش شتێكە مایەی سەرسوڕمانە.[3] ئەو شۆڕشە لاپەڕەیێكی دیكە بو لەو درامایەی ئەم گەلە لەپێناو ئاواتە نەتەوەییەكانی دەینەخشاند و لە كاتێكیشدا هەڵگیرسا- ئازاری ١٩٢٥- كە هەموو چاوەكان بڕابونە كوردەكانی ئەو ولایەتە كە لیژنەی كومەڵی گەلان خەریكی لێكۆڵینەوەی مەیدانی بو لەویلایەتی موسڵ. لەلاییێكی دیكەوە بەڵگەییێكی باشی دایە دەست بەریتانیەكان و هەلوێستیانی بەهێز كرد، ئەمەش وای لەتوركەكان كرد كە مەزەنەی ئەوە بكەن ئینگلیز لەپشت شۆڕشەكەوە بێ.

سەركردەی شۆڕش شێخ سەعیدی پیران خەلیفەیەكی نەقشبەندی بو و ناوو دەسەڵاتێكی زۆری هەبو لەو ناوچەیە و لەدەوری بەری. ئەم دەسەڵاتەش تەنها لە (پایە رۆحی- المقام الروحی) یەكەیەوە نەبو كە بە میرات بۆی مابوەوە بەڵكو لەرێی ژن و ژن خوازیشەوە بو لەگەڵ سەرەك هۆزەكانی دەوروبەری بەتایبەتی چیانشینەكانی (زازا) و (دەرسیم) یەكان و (الجبرانلی)یەكاندا هەیبو.

ژمارەیەك نوسەر پێشتر ئەوەیان تەئكید كرد بو كە هەرچەندە ئەو (مرشد) و فەرماندەی شۆڕشەكە بو بەڵام یەكێكیش بو لەزۆر كەس كەهەمان بۆ چونیان هەبو و پیادەشیان كرد. دەگوترا كە ئەمە ئەنجامی پلانێكە كە زۆر بەوردی و ماندو بونەوە كێشرابو لەلایەن ژمارەیەك لەنەتەوەییە كوردەكان و بەرێوەبردنیشی درابوە خەلیل بەگ كە یەكێك بو لەسەرەك هۆزەكانی (جبرانلی) و لە دامەزینەرانی كۆمەڵەی سەربەخۆیی كوردستانیش (ازادی) بو، وەك پێشتر باسمان كرد، بەڵام شێخ سەعید ئامرازی چالاكی یەكریزی و لەناو بردنی ناكۆكیی هێزەكوردیە بەشداربوەكانی شۆڕش بو.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشو ل٥٠٩.



شێخ شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی لە (خنیس) بەجێهێشت لەترسی گرتن لەلاییێكەوە، لەلاییێكی دیكەوە بۆ ئەوەی دەس بكا بەگەشتێ بۆ هاندانی خەڵكی ئەو ناوچانەی هۆزەكانی بەشێوەزاری زازا قسە دەكەن لە (پالو) و (لجە) و (چبكچور) و (هانی) هەروەها بۆ نەهێشتنی ناكۆكی و رێكخستنی مریدەكانی بۆ ئەو بزوتنەوەیە ئەمەش زەحمەت نەبو بۆ ئەو بەڵام ئەوەی زەحمەت بو بۆ ئەو ئەوەبو كە نەیتوانی ئەو هۆزانەی لەدەوروبەری باكوری زازا نیشتەجی بوون رازی بكا واز لەناكۆكیەكانیان بهێن و تۆلە عەشایریەكانیان هەڵگرن بۆ كاتێكی دیكەو پەیمانی ئەوەبدەن كە بەشداریی شۆڕش بكەن، بەتایبەتی سەرنەكەوتنی لەڕاكێشانی (الخورماك)ە عەلەویەكان لەگەڵ (لۆلان)ەكان دوو هۆی زۆر سادە هەبو بۆ بەدەنگەوە نەچوونی ئەمانە و پشتگیری نەكردنی شێخ:

یەكەمیان پایەی شێخی نەقشبەندی لای ئەوان مایەی رێز نیە و مەزهەبە سونیەكەشی لەگەڵدا هۆی دووەمیش ئەوەیە كە (الخورماك) قەت ئەوەیان لەبیر نەدەچو و ئامادەش نەبون لەبیری بكەن ولێی خۆش بن، كە (جبرانلی)یەكانی هاوپەیمانی شێخ بەدرێژایی سالانی جەنگ ئەوانیان دەچەوساندەوە بۆیە ئێستەش ئەوەیان ناوێ سەربكەون و دوبارە دەسەڵاتی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن. بڕیار درا لەناوەراستی مانگی ئازاردا شۆڕش بەرپا بكرێ و نەخشەكەش وابو كە هۆزەكان بەفەرماندەیی سەرۆكەكانیان هەریەكە و دەس بەسەر ناوچەكەی خۆیدا بگرێ و فەرمانبەرە توركەكانی لێ دەربكا یان بیانگرێ، یانیش بچنەیەكێ لەو پێج بەرەیەی شۆڕش دەس نیشانی كردبو بۆ بەرەنگاربونەوەی هەرهێزێكی تورك كەبیەوێ هێرش بكا.

بەڵام ئیشەكە رێرەوێكی دیكەی گرت. لە ٨/ی شوباتدا شەڕ دەستی پێكرد لەپیران لەنێوان پیاوەكانی شێخ و (فصیل)ێك لە (الدرك)ی تورك كە دەیویست چەند كەسێ بگرێ چونكە حكومەت داوای دەكردن و بەتۆمەتی جیاجیا تومەتبار كرابون و ئەوانیش هانایان بۆ شێخ بردبو، ئیتر شۆڕشگێڕان ناچاربون یەكسەر دەس بە شۆڕش بكەن. لەوانەشە ئەمە پلانێكی تورك بێ بۆ ئەوەی پلانی شۆڕشگێڕان ئاشكرا ببێ، چونكە ئەنقەرە لە دواییدا ڕایگەیاند كە پێشتر ئاگای لەنیازی سەركردەكانی كورد هەبوە و چاوەڕێشی دەكرد كە لە كۆتایی ئازاردا شۆڕش هەڵگیرسێ.

لە١٥/ی شوباتی ١٩٢٥ دا ئاژانسی دەنگ و باسی ئەنەدۆڵ بڵاوی كردەوە كەشەڕی لەگوندی پیران لەنزیك (گنج) رویدا لەنێوان فەسیلێك لەجەندرمە و چەند كەسێك لەپیاوەكانی شێخ سەعید كە پەنجا كەس دەبوون لەو شەڕەدا دوو جەندرمە كوژران.

لە ٢٣/ی شوباتدا رۆژنامەكانی توركیا بڵاویان كردەوە كە هێرشی ئەم چەتانە مەترسیدارە، بەڵام نوێنەری سەربازیی بەریتانیا لە باڵوێزخانەی بەریتانی لە ئەستەنبول لای وابو كە

تورکەکان مەسەلەکە زۆر گەورە دەکەن تارادەی شۆڕش بەمەبەستێکی سیاسی ناوخۆیی، جایان بۆ راکێشانی بەرهەڵتسکاران بێ بەلای خۆیاندا یان بۆ لێدانیان بێ.(٤)

له ٢٤/ی مانگ وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند کە نیشانەی ئەوە هەیە شۆڕشێکی گشتی لە کۆتایی ئازاردا بەرپابێ ئەو شۆڕشە بەسەرکردایەتی شێخ سەعید و ژمارەیێك لە پشتیوانەکانی لەوانەیە بگەنە حەوت هەزار کەس، لەناویاندا ژمارەیێکی زۆری ڕاکردو لەسوپا هەیە، هەندێ رۆژنامەی دیکەش ئاماژەی بەوەدا بو کە شۆڕش لەلایەن بەریتانیاوە یارمەتی دەدرێ. بەڵام تەنها یەك رۆژنامە کە رۆژنامەی (وطن) بوو گوتبوی هۆی شۆڕش دەگەرێتەوە بۆ خراپی بەڕێوەبردن- ئیدارە-.

له ٢٦/ی شوباتدا رۆژنامەکان ڕایانگەیاند کە هەموو هەرێمەکە کەوتە دەس شۆڕشگێران و بزوتنەوەکەش بزاڤێکی ئایینی رووتەو داوا دەکا میر سەلیم کە کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمە بکرێ بە سوڵتان.(٥)

شۆرش پێش دوو هەفتە لەکاتی دیاری کراوی راگەیێنرا(٦) کە ٢١/ی ئازار بو و بەپەلەش بڵاوبووەوە و شۆڕشگێران بەرەو شارە گەورەکان چون و هەڕەشەی گرتنیان دەکردن و توانیشیان بۆ ماوەیێکی دیاری کراو (خربوط) داگیر بکەن، بەڵام نەیانتوانی (ارغانی) بەدەستیانەوە بمێنێ هەروەها نەشیانتوانی (ملاطية) و (دیاربەکر) و شوێنی دیکە داگیر بکەن، بەڵام (لجه) و (هانی) کەوتنە دەس شۆڕشگێران لە هەفتەی یەکەمی شۆڕشدا و پاش ماوەیەکی

(٤) راپۆرتی (میجر هاریك) Harec به مێژووی ٢/ی ئازاری ١٩٢٥ Fo.371-19867

(٥) کریس کۆچیرا: بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی Chris Kutschera: Le Mouvement National kurd پاریس ١٩٧٩ ل٧٩

(٦) بلە چ شێرکۆ (جەلادەت بەدرخان) سەرچاوەی پێشو ل ٤٦ دەڵێ" هێزێکی تورك گەیشتە گوندی شێخ سەعید کە شەڕی تێدا بو لەسەر مەسەلەیێکی بێ بایەخ لە نێوان مریدەکانی شێخ و پیاوەکانی لەگەڵ ئەو هێزەدا، ئیتر گڕکانی شۆڕش لە هەموو لاییێکەوە تەقیەوە (چاپی عەرەبی: ل ٩٤یش لە بڵاوکراوەکانی کاوا بەیروت ١٩٨٦. هەروەها رامبۆ Rambout کورد Les kurds ل ٢٦ سەرچاوەی پێشو. سفر ستیان (سەرچاوەی پێشو) کورد و کوردستان kurds and Kurdistan"... بەڵام بەهۆی کارێکی جاسوسی سەرکەوتو تورکەکان پێش رووداوەکان کەوتن و شێخیان بانگ کرد بۆ ئەوەی بێتە مەڵبەتدی گشتی یان بەڵام شێخ بە فێڵەکەی زانی و گومانی لێ کرد و فەرمانی دا بە پاسەوانەکانی خۆی کە چەن سەدکەسێك دەبون دەس بە شۆڕش بکەن لە ٧/ی ئازاردا لەبری ٢١/ی ئازار. ل٨٢-٨٣".



کەم (چبکور) یش گیرا و ئەو هێزە تورکیەی هێرشی کردە سەر شۆڕشگێران تێکشکا و هەندێکیان ڕایان کردو هەندێکی دیکەیان چونە پاڵ شۆڕش.

شێخ بەیانێکی دەرکرد داوی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردستانی و گێڕانەوەی خیلافەی دەکرد. پاشان بەیانی دووەمی دەرکرد و میر (سەلیم) کە یەکێ بو لە کوڕەکانی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم، کردی بە مەلیکی کوردستان، رەنگە ئەمەی بۆ ئەوە بوبێ کەرای گشتی تورکی یان ئەو بەشەی کە سۆزی بۆ سەردەمی خەلافەت هەیە ڕاکێشێ بەلای خۆیدا.

هێرشی گەورەی شۆڕشگێران بەرەو دیاربەکر هیچ ئەنجامێکی نەبو چونکە نزیکەی پێنج هەزار لە شۆڕشگێران تێکشکان و ناچار بون بکشێنەوە دواوە دوای ئەوەی چوار دەوری شارەکەیان گرتبو. لەشەوی ٨/٧ی ئازار چەن کەسێ لە چەکدارەکان دزەیان کردە گەڕەکی (زازە) لەرێی رێرەوی (مجاری) ئاوەوە کە تازە هەڵکەنرابو، بەڵام ئەوانیش ناچارکران بکشێنەوە.(٧)

شێخ (العون)لەسەرکردەکانی هۆزی (الملّی)ی سەرو داوای لە (محمود ابن ابراهیم) کرد، چونکە وایدەزانی ئەندامی (ازادی)یە، بۆ ئەوەی دیاربەکر داگیر بکەن بەڵام هیچ وەڵامێکی لەوەوە دەس نەکەوت لەبەرەکانی دیکە هاتنە پێشەوە هەبو و (ماردین) و (ارغانی) لە هەفتەی یەکەمدا کەوتنە دەست شۆڕشگێران. لە باکوری رۆژهەڵاتیش هۆزەکانی (الحسنان) و (الجبران) (ملازگرت) و (بولانیك) یان یەك لەدوای یەك گرت. بەڵام لە (خورماك) و لۆلان بەتوندی رووبەروویان بونەوە. لە ١١/ی ئازار (ڤارتو) کەوتە دەس (الجبرانلی) و ژمارەیەکی زۆری چەندرمە چونە پاڵ شۆڕش لەگەل ژمارەیەکی زۆری مریدەکانی نەقشبەندی، بەڵام دوایی ناچارکران چۆڵی بکەن بەهۆی هێرشی هێزەکانی تورك و عەلەویەکانی هاوپەیمانیان لەو ناوچانەدا لە واقیعشدا (الخورماك) و لولان نەیانهێشت شۆڕشگێران بەرەو (ارضروم) و (ارزنجان) بڕون وەك پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابو لە هەمان کاتدا شۆڕشگێران کە بەدەشتاییدا بەرەو (موش) و (بتلیس) دەچون بۆ یان روون بوەوە کە هۆزە ناوخۆییەکان حەز ناکەن یارمەتییان

(٧) توینبی سەرچاوەی پێشو ل ٥٠٩: (سفرستیان سەرچاوەی پێشو ل ٨٣) شایانی گوتنەکە شۆڕشگێران توانییان بەشی باشوری شار بگرن. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکا (هەمان سەرچاوە ل ٥٠٩) کە پێش ئەوەی ئەو هێزە سەربازیەی نێردرا بۆ ئەوەی بەهانایانەوە بچێ بگاتە جێی مەبەست و بارودۆخەکە بگۆڕێ هەمو ئەو هەوڵە سەرنەکەوتوانەی شێخ سەعید دای بۆ داگیرکردنی دیاربەکر بوە هۆی لاوازکردنی زۆری شۆڕشگێران و زیانێکی زۆری تووشی شۆڕشگێران کرد.

بدەن. لە رۆژاوا پێش کەوتن بە دەست هات و توانرا (الزيك) لە ٢٤/ی ئازاردا داگیربکرێ، بەڵام داگیرکەران کە زۆربەیان لە (الاوشاب) بوون ئەوەندە خراپەیان کرد لە دزی و جەردەیی و تاڵانی کە ویژدان قبوڵی نەدەکرد و هێزە سەرەکیەکەش هیچی نەکرد بۆ راگرتنی ئەو کارانە، بەڵکو رۆیشت و شارەکەی بەدەس ئەمانەوە بەجێ هێشت، بۆیە دانیشتوانە کوردەکان ئەو چەتانەیان دەرکرد. لەکۆتایی مانگی ئابدا نیشانەکانی گیانەڵلا بەروونی دەرکەوت. ئەنقەرە لە رووبەرو بونەوەی شۆڕشدا لەمەیداندا دواکەوت بەڵام هیچ لە گرنگی و قەوارەی شۆڕشی کەم نەکردەوە لە هۆیەکانی راگەیاندندا و دوو هەفتەشی دەویست بۆ ئەوەی هەواڵەکانی بگەنە خەڵکی بەڵام بەشێوە پروپاگەندەی جیاوازەوە.

حکومەتی ئەنقەرە رێی بەهیچ دیپلۆماتێك و رۆژنامەسێك نەدا بگەنە ناوچەکانی شۆڕش بۆیە زۆر زەحمەت بو رووداو و قۆناغەکانی بەوردی بزانرێ، ئەم قەدەغە کردنە تا سێ ساڵ دوای لەناوبردنی شۆرش مایەوە، بۆیە نەتوانرا لەسەری بنوسرێ یان بیروکەیێکی راستی دەربارەپێك بهێنرێ یان رێکەوتنێکی گشتی دەربارەی وردەکاریەکان و قۆناغەکانی بزانرێ و بنوسرێ.

کە حکوومەتی تورکیا حوکمی سەربازیی (الاحكام العرفيه) لە هەموو ویلایەتەکانی ئەنەدۆڵی رۆژهەڵات واتە کوردستان جاڕدا، ئەمە خۆی لەخۆیدا دان پیانانێك بو کە ئەو پشێوی و هەرا گۆشەگیر و کەم بایەخەی رۆژنامەکان باسیان دەکرد و لە کۆتایی مانگی شوباتدا هەواڵەکانیان بڵاودەکردە، شوڕشێکی گەورە و فراوان بوە.

حکوومەتی ئەنقەرە هێزی ئەوەندە نەبو بتوانێ رووبەروی شۆڕش ببێتەوە، لەرووی "معنوی" یشەوە سەربازەکانی هەردو سوپای حەوت و هەشت کە لە دیاربکر و (ارضروم) دا بوون، جێی متانە نەبوون، چونکە یەکەمیان ژمارەییێك زۆری ئەفسەری کوردی تێدابو، دووەمیشیان تا پێش ماوەییێکی کەم لەژێر فەرماندەیی (كاظم قرة بكير) دابوکە دوژمنی ئەتاتورك بو، جگە لەوەی ئەفسەرەکانیشی دڵسۆزی (کاظم) بوون. لە کۆتایی شوباتدا هەشت فیرقەی پیادە کە نزیکەی (٣٥٠٠٠) سەرباز دەبوون ئامادەکران، لەسەرەتای ئازاریشدا دەسەڵاتی فەرەنسی لە سوریا ڕێگەی دا کە ئەوسکەی شەمەندەفەرەی کە بەخاکی سوریادا تێدەپەڕی، بەکار بهێنرێ لەلایەن تورکەوە بۆ گواستنەوەی بەشێ لەو هێزانە بۆ ناوچەکانی شۆڕش. لە مانگی نیساندا ژمارەی هێزە کۆکراوەکان گەیشتە نزیکەی (٥٢٠٠٠) ئەفسەرو سەرباز، ئەمەش کەمێ لەنیوەی هەموو سوپای تورك لەکاتی ئاشتیدا کەمترە.



لە ٤/ی ئازار سەرەك وەزیرانی نوێ (عصمت اینونو) چەند بڕیارێکی توندی دەرکرد لەوانە فەرمانی ئەوەی دا دوو دادگای (الاستقلال) پێك بهێنری، یەکێکیان لە ئەنقەرە و ئەوی دیکەیان لەرۆژهەڵاتی وولات.

ئەم دوو دادگایە دەسەڵاتی سەپاندنی حوکمی مردنی درایە و یەکسەریش جێبەجێ بکرێ بێ ئەوەی پێویست بکا بنێردرێتە ئەنقەرە، ئەمەش بەگوێرەی یاسای "پاراستنی ئاسایش و نیزام- صيانه الامن و النظام- [8] "پێکهێنرا. لەبریاری دامەزراندنی ئەو دادگایانەدا گوتیان :" حکوومەت بەرەزامەندی سەرەك کۆمار رێی پێ دراوە هەموو بزوتنەوەیێکی کۆنە پەرستانە یان شۆڕشی، یان هەرکارێ هانی شتی وەهابدا، رێ بەحکوومەت دراوە لەناوی ببا. هەروەها قەدەغە کردنی چاپ و پەخشی هەر شتێ کە ئاسایش و بنەمای- القوام- کۆمەڵایەتی بخاتە مەترسیەوە، ئەوانەی ئەم کارانەش دەکەن دەدرێنە دادگاکانی —الاستقلال-"[9]

باڵوێزی بەریتانی سەری سوڕمابو و بەزەحمەت بڕوای دەکرد "کە مرۆڤ بتوانێ بیر بکاتەوەچۆن تۆڕی سەرکوت کردن -شبكه القمع- دەتوانێ ئەم بوارە فراوانە بگرێتەوە و دەستی حکومەتیش بەرەڵڵا بکا بۆ ئەوەی هەرچیەکی بۆی بیکا"[10]

ئەم یاسایە دوای دوو ساڵ کوتایی هاتنی شۆڕشیش هەرمایەوە و کاری پێدەکرا.

کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لە ناوچەکەدا بوە هۆی ئەوەی شۆڕش بە خێرایی بەرەو دواوە پاشەکشە بکا و لە ٢٦/ی ئازار شۆڕشگێڕان گەمارۆ دران و گوندەکانی دەوروبەریش ئاگادار کرانەوە کە ئەگەر یارمەتیی شۆڕشگێڕان بدەن خۆیان تووشی سەختترین سزای ( سەربازی) دەکەن و دەبێ بۆ سەلماندنی دڵسۆزی خۆیان هەر شۆڕشگێڕێك لە ناویاندایە بدەنە دەس سوپا.

لە کاتێکدا گەمارۆکە تا دەهات تەسکتر دەبوەوە، هەندێ لە هۆزەکان توانییان دوای شەڕێکی خوێناوی کە زۆری تێدا کوژرا یان بەدیل گیرا، خۆیان دەرباز بکەن . دوا شەڕیش لە شوێنێك بوو لە نێوان (گنج) و (پالو)دا کە شێخ سەعید و ژمارەیەك لە پیاوەکانی توانییان گەمارۆکە بشکێنن، بەڵام لە مانگی نیسان کە ویستیان لە روباری (مراد) لە نزیك (موش) بپەڕێنەوە کەوتنە دەس سوپا و گیران، ئەمەش لە ئەنجامی خیانەتی سەرەك هۆزی (جبرانلی) بوو.

---

(٨) ناوی رەسمی ی" تقريری سكون" بوو.

(٩) رۆژنامەی —التايمس- ٦/ی ئازاری ١٩٢٥.

[10] نامەیێك لە باڵوێز (لندسی) بۆ (چمبرلين) رۆژی ١٠/ی ئازاری ١٩٢٥ (Fo 371-10687).

سزاكە لە ئەو پەڕی وەحشیەت و دڕندەییدا بوو و زۆریش بە پەلە بوو، گۆمانیشی تێدانییە کە بەناوبانگترین دادگا و لە هەر هەمووشیان خوێناوی تر، دادگای (الاستقلال) ی گەڕۆکی (المنتقلە)ی –ارضرم- بوو ئەمەش بو دادگایی کردنی شێخ سەعید و ژمارەیێکی دیکە لە سەرکردەکانی بزوتنەوەکە کرد.

یەکەم دانیشتن لە ٢٧/ی ئایاری ١٩٢٥ دابوو وتا ٢٨/ی حوزەیران بەردەوام بوو.خوێندنەوەکەی دادوەر بیری وەهای تێدایە کە مایەی سەرنج لێدانە، بەم بڕگەیەش دەستی پێکرد:

"هۆیەکانی شۆڕشی ئەم دواییە کە لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی نەمرمان تورکیا دا هەڵگیرسا بە تەواوی لەو هۆیانە دەچن کەبوە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕش لەسەردەمێکی زۆر دوردا نەبو لەهەردوو هەرێمی بوسنیا و هەرزگۆڤینیا- البوسنە والهرسك[11] کە لە سێ لاوە نەتەوەی غەیرە تورك و غەیرە موسڵمان هاوسنورن لەگەڵیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای برایەتی پێنج سەدە ئەڵبانەکان خەنجەرێکیان لەپشتەوە دا لە تورك لەکاتی شەری بەلقاندا.

تورك کە هەمیشە گەروەترین خۆشەویستی خۆی بۆ برا هاونیشتمانیەکانی دەربڕیوە. بیرۆکە و ئامانجی شاراوەی شۆڕشی کوردی هەر ئەوەیە کە لە جەنگی گەورەدا سوریا و فەلەستینی تێکدا، ئەو مەبەستەیە کە پاڵی بەم خائینانەوە ناوە لەناوەوە و دەرەوە دا یەك بگرن لەئامانجەکانیاندا کە ئامانجی دوژمنانی نزیك  سنوری نیشتمانیمانە و بەپارێزگاری کردنیان لەلایەن دوژمنەکانمانەوە" لەکاتی باسکردنی بەڵگەکانی تۆمەتبارکردن لە بریاری سزاداندا ئەم بڕگەیە لەلایەن سەرۆکی دادگاوە گوترا "هەندێکتان مەبەستی کەسیی- شخصي- پاڵی پێوە نابون، هەندێکی دیکەتان لەلایەن بێگانەوە هان درابون و بەتەماعی سیاسی، بەڵام هەر هەموتان یەك ئامانجتان لەپێش چاوگرتبو، کاتێ کە دەستتان بەشۆرش کرد، ئەویش بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، لەسەر سێدارە باجی ئەو ماڵانە دەدەن کەوێران کران و ئەو

(١١) دوور ناوچەن کە تورکە عوسمانییەکان لە کۆتایی سەدەی پازدەدا داگیریانکرد. شۆڕشەکەیان لەساڵی ١٨٧٨دا بو و لەساڵی ١٩٠٨دا خرانە سەر ئیمپراتۆریەتی نەمساو مەجەر. بەڵام ئەلبانیا کە داگیرکەری عوسمانی وردە و بەدرێژایی چواردەسەدە لەداگیر کردن، کرد یانن بە موسلمان، ئەمانیش تێوەگلانی تورکیان بەشەڕی یەکەمی بەلقاننەوە قۆستەوە و لەساڵی ١٩١٢دا شۆڕشیان هەڵگیرساند و لەتورکیا جیابوونەوە



روبارە خوێنەش کەئێوە رشتتان"[12] دادگا پەنجاو دووکەسی حوکمی خنکاندن- شنق-دا جگە لە شێخ سەعید. لەوانەی حوکم دران سەید شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ی ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی "الاعیان" و یەکێك لەگەورە پیاوانی دەوڵەت لە حوکومەتی تورکیدا، هەروەها هەشت سەرەك هۆز و (روحانی- پیاوی ئاینی) ئەمانەیان لەناوەراستی نیساندا ئیعدام کرد، پاشان شێخ و چل و شەش کەشی دیکەشیان لە ٤/ی ئەیلولی ١٩٢٥دا ئیعدام کرد.

دادگای- الاستقلال- زۆر بەخێرایی ئیشەکانی خۆی دەکرد لەم شار دەچووە ئەو شار و هیچ شارێکی بەجێنەدەهێشت ئەگەر دوای خۆی چەن سێدارەیەکی بەجێ نەهێشتبێ بۆ ئەوانەی حوکمی مردنی بەسەریاندا دابو. ژمارەی ئەوکەسانەی گیران نزیکەی (٧٥٠٠) تۆمەتبار دەبوون و (٦٦٠) کەسیان لێ ئیعدام کرا پێش ئەوەی ئەو دادگایانە هەڵبوەشێنرێنەوە (توینبی) دەڵێ: "لەو کاتەی کە حکومەتی تورکیا چالاکی و زیرەکی سەربازیی نواند لە لەناوبردنی شۆڕشدا بەڵام لە رەفتاری لەگەڵ کوردەکاندا دوای شۆڕش کاڵفامی و بۆ چونی خراپ- سوء تقدیر-و نەبونی حیکمەتی سیاسی ی زۆری نواند بەو توندو تیژی و دڵرەقیەی کە دەتگوت بەگیانی تۆڵەی کەسی ی رەفتار دەکا نەك وەك دەوڵەتێکی دووربینی و حەماقەتێکی زۆری پیشاندا. هیچ گوێی بە سکاڵای ئەو خەڵکە نەدەدا و هیچ بایەخێکی بۆ هیواو ئاواتە نەتەوەییەکانی کوردی دانە نا، بەڵکو بەردەوام بو لەسیاسەتی ناوەندی- السیاسە المرکزیە-ی خۆی و پرۆسەی بەتورك کردن و عەلمانیەت و راگواستنی بە زۆرەملێی خەڵك بەرەو رۆژاوا، ئەمەش هەر ئەوسیاسەتە بو کە ئەنجامەکەی بەچەند شۆڕشێکی دیکە شکایەوە".[13]

لەکۆبونەوەی دیاربەکردا بریار درا "پاشماوەی دەرەبەگایەتی"[14] لەناو ببرێ و نەمێنێ و دوا بەدوای ئەویش بڕیارێك لە ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەوە دەرچوو بە داخستنی هەموو

(١٢) بەدرخان: سەرچاوەی پێشوو The Case of Kurdistan ل٥٣ (ئەویش دەڵێ کە لەرۆژنامەی (وقت)ی تورکی رۆژی ٢٨/ی حوزیرانی ١٩٢٥ وەریگرتووە. هەروەها بگەڕێرەوە بۆ لوسیان رامبو( الکرد و الحق Le Kurds et le Droit) پاریس ١٩٤٧ ل٢٧ (ئەم کتێبە زۆر بە باشی لەلایەن- عزیز عبدالاحد نباتی-یەوە کراوە بەعەرەبی- هەولێر ١٩٩٨) هەروەها یاداشت سەبارەت بە بارودۆخ لەکوردستاندا Memorandum on the situation of Kurdistan توینبی سەرچاوەی پێشو ل ٥١٠

(١٣) توینبی- هەمان سەرچاوە ل٥٠٩.

(١٤) نامەیێك لە (هوراس)ەوە بۆ (چمیرلن) ئەستەنبول ٣/ی ئاب ١٩٢٥ Fo. 371-10867

تەکیە و قوتابخانە ئایینی یەکان و قەدەغـەکردنی سـۆفیگەری[١٥] وەهـاش دانـدرابو کـە هـەر چالاکیەك لەم بارەوە بەکارێکی تاوان و دژ بەسەلامەتی دەوڵەت حیسابی بۆ دەکرێ.

بەم مەهانەیە چەندین شێخ و ئاغا و سەرکردەی کورد کە راستەوخۆ بەشـداریی شۆرشـەکەیان نەکردبو دوورخرانەوە بۆ رۆژاوای ئەنەدۆل و سوپاش چـەندین گونـدی بەتـەواوی سـوتاند و لەگـەڵ زەویدا تەختی کردن بەو مەهانەیەی گوایا هاوسۆز بوون لەگەڵ شۆرشـگێراندا. لـەکاتی جێبـەجێ کردنی ئەم کارانەشدا چەندین کەس بەبێ ئەوەی هیچیان کردبـێ دەکـوژران، لـەم بـارەوە دەکـرێ کوشتنی بەکۆمەڵی" زازا"کان لەدەوروبەری دیاربەکر تۆمـاربکرێ، جگـە لـەدەس بەسـەراگرتنی هەزاران مەڕو ماڵات، وەك باس دەکرێ سی هەزار (٣٠٠٠٠) سـەر مـەڕ لـە (لجـە) و دیاربـەکر دەستی بەسەردا گیراو لە زیادکردنێکی ئاشـکرا- المـزاد العلنـی- فرۆشـران. تەنانـەت عەلەویـە کوردەکانیش کە لەگەڵ حکوومەت بوون رزگاریان نەبو و قوتابخانە ئایینییەکانیان داخران.

لەدوای ئەمانە ئەتاتورك لە وتارێکدا پاساوی بۆ ئـەم کـردەوە "عـەلمانیانـە!!" هێنایـەوە و گوتی "ئایا دەکرێ گەلێکی مەدەنی چاو لەوە بپۆشێ کە چەند کۆمەڵـە کەسـێ ئـەوە قبـووڵ بکەن چەند شێخ و (الددی) و سەید و (الچلبیە: کۆی چەلەبی) و (البابات: کۆی بابـا) و مـیر، لە لوتەوە ڕایان بکێـشن و سـەرکردایەتییان بکـەن"[١٦] ئەنقـەرە شۆرشـی کـردە مەهانـە بـۆ لەناوبردنی ژمارەیێکی زۆر لەناحەزەکانی و لەنیشتمان پـەروەرە کوردەکـانیش (یوسـف ضـیاء بگ) و (العقید خالد بگ جبرانلی) کە پێش شـۆرش گیرابـوون درانـە دادگـای- الاسـتقلال- و هەردوکیان حوکمی ئیعدام دران و خنکێنران (شنق) پاشان بازنـەی لـەناوبردن فـراوان کـرا بـۆ ئەوەی ئەو تورکانەش بگرێتەوە کە ناحەزی رژێم بوون و ئەندامـە گـەورەکانی پـارتی کۆمـاری بەرهەڵست- کبار اعضاء الحزب الجمهوری المعـارض- کە رەخنەیان لە ئەتاتورك دەگرت[١٧] بـۆ

(١٥) توینبی: هەمان سەرچاوە ل ٥١١.

(١٦) سەرچاوەی پێشو: وتارەکانی ئەتاتورك ل٧٢٢ –ثریا بـدرخان- هـەمان سەرچـاوە ل٤٥ The case of Kurdistan Against Turkey فیلادلفیا ١٩٢٩.

(١٧) (الجنرال قرە بکـیر) و سوپاسـالارەکەی- رئـیس ارکانـە- پـێش شـۆرش گـیران. دووان لـە (الخوجـات) بەهاوکاری کردنی شۆڕشگێران بۆ گێڕانەوەی خلافەت و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ- خالد بگ جبرانلو- پێش ئـەوە بەدوو ساڵ کەتیایاندا سکاڵای ئەوەی کردوە "کەمالیەکان هێـرش دەکەنـە سـەر ئـەو بنەمایانـە کەمانـەوەی جیهانی ئیسلامی یـان لەسـەر وەسـتاوە" بەمانـەتاوانباریان کـرد، هـەروەها پارتـە کۆماریەکەشـی- حـزب الجمهوری- بەوە تاوانبارکرا کە نوێنەری رەوانەی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات کردوە بۆ ورژانـدنی هەسـتی ئـایینی



هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکەی شێخ سەعید ناتوانم بڵێم کە چانـسی سـەرکەوتنی زۆر بـو. شۆڕشـەکە هەمەلایەنە نەبو، هەروەها نەیەکگرتوو بو نەخاوەن ئامانجێکی روون و سـەرکردایەتییەکی ناوەنـدی بو. هەموو ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندان بەڵگەیێکیان تێدانییە بیـسەلمێنن کـە شـێخ هیـچی نەویستوە لەوەزیاتر کە لەدەسەڵاتی ئەنقەرە رزگاری ببێ و بگەڕێتەوە بـۆ حـوکمی خلافـەت. ئـەو مەلیکە غەیرە کوردەش کە بۆ کوردستانی دانابو پرسیاری گرنگمان لا دروسـت دەکـەن سـەبارەت بەگەوهەری نەتەوەیی شێخ کە بانگەشەی بۆ خەلیفە دەکرد نـەك پـالێوراوێکی کـورد بـۆ عەرشـی کوردستان، ئەمە وامان لێدەکا بیرمان بۆ ئەوە بچێ کە تێگەیـشتنی ئـەو بـۆ کوردایـەتی لەسـەر هەرێمایەتیی ئایینی کوردی –الاقلیمی الدینیە الکردیە- بنیات نراوە، زیاتر لەوەی لەسەر خـودی پێناسەی ئایینی بنیات بنرێ یان روونتر دەکرێ بڵێین: کە پابەندبوون بە شافعیەت کە لە مەزهـەبی حەنەفی جیاوازە لەوەدا کە جیاوازی دەکا لە دڵسۆزی بۆکەسی خەلیفە و دان نان بەسەروەری رەهای دەوڵەتدا، هەر ئەمەش بو کە سوڵتان عەبدولحمید بۆ ماوەی سی سـاڵ(٣٠) بـەکاری هێنـا و هـەر بەهۆی ئەمەشەوە بو کە توانیی سـەربکەوێ بەسـەر داوکاریـەکانی چاکسازی ئیداری دا. ئەگـەر لەروانگەی شێخ سەعیدەوە خەلیفە لەمەسەلەی سەروەری گرنگتر نەبایە، ئەوسا هەر بۆ نموونە شێخ عەبدولقادری نـەهری یـان یـەکێك لـەکوڕەکانی مـیر بـەدرخانی هەڵدەبـژارد تـاکو بیپـاڵێوێ بـۆ سەرۆکایەتیی دەوڵەتی سەربەخۆی کـوردی، بـەڵام دڵـسۆزی بـۆ خەلافـەت ئامـاژەیێکی روون بـو بۆجیاوازی نێوان (امە)ی ئیسلامی کوردی و هەموو جیهانی ئیسلامی. ئەمە دواجار بـو کـەکورد لەتێکۆشانی نەتەوەیی خۆیاندا هانا بۆ خەلافەت ببەن تا کوردەکان لەژێر ئەم دروشمەدا رێـك بخـەن، بەڵام ئەمەش کۆتایی هەرێمایەتی ئایینی کوردی –إقلیمیە الکردیە الدنییە- نەبو لەگـەڵ هـەموو ئەمەشدا تورك وەك شۆڕشێکی نەتەوەیی رەفتاریان لەگەڵدا کرد.

سەرەرای تیرۆر و شێوازەکانی سەرکەوت کردنی وەحشیانە بـەرگری بەدرێـژایی مانگـەکانی ساڵی ١٩٢٥ و مانگەکانی سەرەتای ساڵی دوای ئـەوەش بـەردەوام بـو، هـەروەها تـەنها ئـەو هۆزانەش نەبوون کە لەناوچەکانی شۆڕشدا نیشتەجێن، بەڵکو تارادەیەك وەڵامێك بو بۆ هەموو

ئەو تۆمەتانە بێ مانابوون، چونکە ئەو پارتە چەندین جار دژی شۆڕشی شێخ سـەعید بـوو، بـەڵام حکومـەتی ئەنقەرە دەیویست بەهەر مەهانەو هۆیێك بێ پارتەکە لەناوبەرێ. لەهەفتەی دووەمی نیـسانی ١٩٢٥ پیـاوانی ئاسایش شەوێك هێرشیان کردە سەربارەگای حیـزب و هـەموو بەڵگەنامـەکانیان بـرد و حکومـەتیش بڕیـاری هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەی دەرکرد.

ئەو سەرکوت کردن و زەلیل کردنەی هێزەکانی ئاسایشی تورکیا پەیرەوی یان دەکرد، لەمانگی نیسان هۆزەکانی (الگویان) داوایان لە لیژنەی موسڵ کرد کەلەلایەن کۆمەڵی گەلانەوە نێردرابو بۆ لێکۆڵینەوە، بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی بەریتانی، لەمانگی حوزەیراندا ناچار کران بکەونە شەڕەوە لەگەڵ هێزەکانی تورکیادا، پاشان بەشێکیان پەنایان بردە بەر هۆزەکانی (الشرناخ)ی نزیك سنوری عیراق، ئەمەش لەمانگی دواییدا بو (واتە ماگی ئاب) و بەشێکیش لە شۆڕشگێران لە "مدیاث" و ماردین رایانکردە سوریا.

شێخ عوبەبدوڵلای نەهری لەشەمدینان مایەوە و بۆسەی بۆ سوپای تورك دەنایەوە تاکو لەمانگی ئابدا ناچارکرا لەگەڵ دووسەد خێزان لەسنوربپەڕێتەوە بەرەو عیراق.

کردەوەی توندوتیژی و چەوساندنەوە گەیشتە مەسیحیەکانی —الیعاقبە والکلدان-یش لەم بەشەی وڵاتدا بەتۆمەتی ئەوەی یارمەتی شۆڕشیان داوە[18] لە "تبریز" شێخ عەلی رەزای کوڕی شێخ سەعید داوای لە کونسوڵی بەریتانی کرد لەوێ، پاسەپۆرتی بداتێ تاکو بچێتە لەندەن و داوای یارمەتی بکا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، هەرکە کونسۆل ویستی بایەخ بەو داواکاریە بدا یەکسەر باڵوێزی بەریتانیا لەتاران زۆر بەتوندی ئاگاداری کردەوە "بێ گومان تۆ دەزانی کە سیاسەتی حکوومەتی خاوەن شکۆ هانی ئەوە نادا و قبووڵی ئەو لێپرسراویەتەش ناکا کە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆم دروست ببێ"[19]

---

(١٨) ستیڤن لونگریك: عیراق ١٩٠٠-١٩٥٠ ل ١٥٧ ( ژمارەییێکی زۆر لە کوردەکان رەویان کرد لە ناوچەکانی شۆڕشی شێخ سەعید نەقشبەندی لەمانگی شوباتی ١٩٢٥ ئەو سەرکەوتنانەی شۆڕش لە سەرەتادا وایکرد کە تورکەکان کردەوەی زۆر توند و دڵڕەقانە پیادەبکەن وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لەوانەی لە تۆڵەسەندنەوە رزگاریان بو کۆمەڵێك بوون کە کوڕی سەید قادری نەهری و کوڕی شێخ سەعید و براکەی سەرکردایەتیان دەکردن- لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٦ دا کۆمەڵێ لە هۆزی میران بەسەرۆکایەتی "نایف بەگ" سنوری عیراقیان بەزاند، هەروەهـ (٧٠٠٠)یش لە هۆزی (الگویان) نیشتەجێکران. هەر دوابەدوای ئەمانە نزیکەی هەزار مەسیحی لەناوچەی (طورعابدین)ەوە هاتن، نزیکەی دەهەزار کەسیش لە هۆزەکانی (الارتوشی) هاتنە ناوچەی ئامیدی، بەهۆی راونانی هێزەکانی تورکیاوە کە دەیویست بەرەو دەرەوەی سنوریان دەربکا) هەروەها بڕوانە (راپۆرتی بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە —ئیدارە لەعیراقدا بۆ ساڵی ١٩٢٥- ل٢٢ Report to the council of the League of Nation on the Administration of lraq for the your 1925

[19] نامەیێك لە (السرپیرس لورین) باڵوێزی بەریتانیا لەتاران بۆ کۆنسوڵی گشتی لە —تبریز- "گیلیاث سمث" (طهران- ٧/ی تشرینی یەکەم Fo.371-10835)



هەرپێنج ساڵ بەسەر خەونی "سیڤر"دا تێپەڕیبو کە نەك هیچ شوێنەوارێکی نەما بەڵکو گەورەترین کارەساتیش لەدوای جەنگی مەزن تووشی گەلێك هات لەماوەی ئەوحەوت ساڵەی ئاشتیی دوای جەنگ کە لەجیهاندا روویندابو[20]

تورکەکان بە ئەنقەست لایەنی سیاسیی رزگاریخوازیی شۆڕشی شیخ سەعیدیان شاردەوە لە راگەیاندنی خۆیاندا و لە سیاسەتیاندا و وەك بزاڤێکی کۆنە پەرستانە پیشانیان دەدا کە دەیەوێ وڵات بەرەو دواوە ببات، بەرەو رژێمی حوکمی عوسمانیی لەناوبراو، بەرەو دەوڵەتێك کە کۆمەڵە کەسێکی نەزان و سەرەك هۆز و پیاوانی ئایینیی دەمارگیر و کەم عەقڵ بیبات بەڕێوە و لەمافی بۆ بەجێ ماوی خۆیان- الحقوق المورثة- دەس هەڵناگرن، ئەمەش هەڕەشەی لەناو چونی لەهەموو چاکسازیە پێشکەوتنخوازی و مۆدێرنەکان دەکرد کە ئەتاتورك پیادەی دەکرد، هەروەها ئەوە شیان بڵاو دەکردەوە کە بەریتانیا لە پشت شۆڕشەکەوە بو. چەن لەم قسانە دەتوانین قبوڵ بکەین؟

ئاشکرایە کە تاوانبارکردنی بزاڤەکە بە کۆنە پەرست و ئایینی، نەك نەتەوەیی کەڵکی بۆ حکومەت هەبو، هەروەها دەبێ ئەو هەوڵە زۆرەشمان لەبیر بێ کە تورکەکان دەیاندا بۆ

---

(٢٠)زەحمەتە قەوارەی ئەو زەرەر و زیانە ماڵی و گیانیە بە وردی یان بە "نزیکە- تقریبی-" بزانرێ، بە هۆی ئەو گەمارۆ چڕەی دەسەڵاتدارانی تورك خستبویانە سەر کوردستان هەروەها گەمارۆی توندی راگەیاندنیش کە دوو ساڵ بەردەوام بوو. ئێمە سەرچاوە کوردیەکانمان هەیە و هەندێ سەرچاوەی رەسمیش کە تایبەتن بە ژمارەی پەنابەرانی کورد بۆ سوریا و عیراق و ئێران، ئەمانیش ژمارەی تەواو نین بەڵکو "نزیك- تقریباً-"ەن و ئێمە نموونەییێکمان لێ تۆمار کردووە بە گوێرەی سەرچاوە کوردیەکان (٢٠٦) گوند بە تەواوی وێران کران و (٨٧٥٨) ماڵ سوتێنران {جەلادەت بەدرخان — بلەج شێرکو — Le Question kurd سەرچاوەی پێشوو ل٤٩-٥٢. رامبو لەوەوەی وەرگرتووە —سەرچاوەی پێشوو ل٢٨} — ثریا بدرخان — ( سەرچاوەی پێشوو ل٥٢-٥٣، دەڵێ یەك ملیۆن کورد یان ئیعدام کران یان کوژران یان کۆچیان کرد. هیچ رێگاییێکمان بۆ ناهێڵێتەوە تاکو بزانین لەمانە چەندیان ئیعدام کران و کوژران (سەرنجی ئەوە بدەن کە ئەم ژمارانە بۆ ماوەی نێوان ١٩٢٥-١٩٢٨)ە.لە کاتێکدا ·بلج شیرکو) دەڵێ — سەرچاوەی پێشوو) لە زستانی ١٩٢٥-١٩٢٦دا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس گوازرانەوە بۆ رۆژاوای ئەنەدۆڵ، کە ژمارەییێکی زۆریان ( نزیکەی سەد هەزار) لێ مرد بە هۆی راگوێزان و ئاوو هەوای سەختی زستانەوە. هەر ئەو سەرچاوانە دەڵێن ژمارەی کوژراو وبزر کراو لە شەڕەکاندا گەیشتە ٢٤٠٠ کەس لە نێوان کوشتن و بریندار بوندا. ژمارەی دیکەش هەن بە پێویستمان نەزانی تۆماری بکەین چونکە زۆربەیان پشتیان بەم سێ سەرچاوەیە بەستوە و زێدەڕۆیی زۆریشی تێدا کراوە.

گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵ کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و ئەم کێشەیەش لەبەردەم کۆمەڵەی گەلان بو. گومانیشی تێدانییە هەر شۆڕشێکی کوردی لەباکوری هێڵی بروکسل کە روخسارێکی نەتەوییی هەبێ و داوای رزگاری و مافە نەتەوەییەکان بکا، ئەمە گورزێکی توند لەبەڵگە و داواکاریانی تورك و هەموو کێشەکە لەبەردەم دەزگا دەوڵەتیەکەدا دەدا. ئەگەر تورك دانیان بەوەدا بنایە کە ئەم شۆڕشە لە گەوهەردا ئامانجی نەتەوەییی هەیە و کوردو تورك لەسەر ئەمە شەڕیخوێناوی دەکەن، چیتر کەس بڕوای بەقسەکانی تورك نەدەکرد کە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ دەیانەوێ  بگەرێنەوە ژێر حوکمی تورکی، بۆیە رۆژنامەکانی تورکیا و بەڵگەنامە رەسمیەکانیشیان (جگەلە- لائحە-ی تاوانبارکردن کە لەلایەن داواکاری گشتی خوێنرایەوە لەدادگایی کردنی شێخ سەعید و هاوڕێکانی) ئەوشۆڕشە یان وەك بزوتنەوەیەکی کۆنە پەرستانە باس دەکرد کە دژی چاکسازی بەرپابوە. بێگومان شێخ سەعیدیش خزمەتێکی باشی ئەم کردەوە شێواندنەی شۆڕشی زۆرکرد کاتێ کەیەکێ لە کورەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی کرد بە مەلیکی کوردستانی سەربەخۆ[21] هۆیێکی دیکە هەیە کە حکومەتی تورکیا سووربوو لەسەر ئەوەی رووی کۆنەپەرستانەی شۆرشەکە بەرجەستە بکا، چونکە ئەمە هەلێکی زێرینی بۆ رەخساند بۆ ئەوەی زەبری کوشندە لەوانە بوەشێنێ کە دژی رژێم بوون و بەرهەڵستیان دەکرد، هەموو ئەوانەی دژی چاکسازیی کەمالی بوون یان نارەزایی خۆیان دەربڕی سەبارەت بەو و بە

(٢١) توینبی: بەدرێژایی باسی ئەو نەخشە رەسمیەی حکوومەت دەکا کە بزوتنەوەکەی وەك بزاڤێکی کۆنەپەرستانەی ئایینی پیشان دەدا و نمونەی زۆر و شتی لەم بارەیەوە باس کردوە. لەوانە بڕگەییێك لەوتارێکی (عصمت اینونو)ی سەرەك وەزیران کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەدا رۆژی ٧/ی نیسانی ١٩٢٥دا خوێندیەوە، هەروەها وتارێکیش کە —حلمی بگ-ی والیی (معموره العزیز) لە رۆژنامەی (طنین) و لە ١١/ی نیسانی ١٩٢٥ دا بلاوی کردبوەوە. جگە لە مەحزەرەی رەسمی —المحاضر الرسمیة- رووداوەکانی دادگایی کردنی ژمارە-٣-) و قسە لەسەر راستیی ئەو تۆمەتانەوە دەکا کە ئاراستەیان کراوە و لێیان دەکۆڵێتەوە و لەو نموونانەی پێشکەشی کردبو، دادگایی کردنی (حسین جاهدبگ یالچین) کە رۆژنامەنوسێکی ناسراو و سەرنوسەری رۆژنامەی (طنین) بوو. ئەمە بەچالاکیی کۆنە پەرستانە تاوانبارکراو حوکمی دوورخستنەوەی تاهەتا- النفی المؤبد- بەسەردا درا. ئەم رۆژنامەنوسە وەك (توینبی) دەڵێ هەواداریکی زۆر توندی رۆژاوا بو. ئەوەندەی ئەم مێژوونوسە بەناوبانگە بۆی چوبو هیچ کام لەوانەی بەوە تاوانبار کران کە هاوکاری شۆڕشی شێخ سەعید یان کردوە بەتایبەتی تورکەکان، هیچ بەڵگەیێك نەبو بیسەلمێنی کە لێپرساون لەو مەسەلەیەدا (سەرچاوەی پێشوو)



سیاسەتەکەی، هەموو ئەوانەی رژێمێکی دیموکراسی لەسەربنەمای فرە حیزبی یان دەویست.. ئەمانە هەرهەمو بە پیلانگێڕان لەگەڵ شۆڕشگێراندا تاوانبارکران و رێ و شوێنی زۆر توندیان دژ بەکارهێنرا و هەندێکیشیان درانە دادگاکانی —الاستقلال- بەتۆمەتی تێکدانی (نظام) و بەگوێرەی یاسای( تقریر سکون) و سزای زۆر توندران، وەك باسمان کرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ژمارەییێك لە رۆژنامە نوسان و خاوەن قەڵەمە رۆژاواییەکان (التفسیر) راڤەکردنی تورکیان پەسەند کرد، نەك سەبارەت بە ناوەرۆکی کۆنە پەرستانەی شۆڕش بە تەنها بەڵکو بەو پەیوەندیە هەڵبەستراوەی بلاویان دەکردەوە گوایا لەنێوان بەرهەڵستکاران و شۆڕشگێڕان هەیە، ئەمەش یەکێکیانە " بە بەڵگە سەلمێنراوە کە ئەو سەرکردانە بە سەرۆکایەتی شێخ سەعید لە (گنج)ی رۆژاوای دەریاچەی وان، پەیوەندییان هەبوە لەگەڵ برادەرە کەسییەکانی- الاصدقاء الشخصیین- دووا خەلیفەکە داوای- عرش- دەکا میر سەلیم، کە لە سوریا و لە نزیك سنور دەژی. ئامانجی شۆڕش لە دروشمەکەی "بەرگری کردن لە ئایین لەمەترسی" ئەوە بو کەوەك بروسکە بگاتە رۆژاوای ئەنەدۆل و لە دوایشیدا پایتەخت داگیر بکرێ. بەلام نەیتوانی لەو (الایالات)ە نزیکانەی شوێنی بەرپابونی زیاتر تەشەنە بکا.[22]

نوسەرێکی دیکە زۆر لەم راشکاوانەتر دەنوسی " حیزبێکی تازەیان دروست کرد و ناویان لێناحیزبی کۆماری پێشکەوتنخواز- الحزب الجمهوری التقدمی-نفوذ-ی ئەم حیزبە لەونامەیەوە دەپێورێ کە بۆ شێخ سەعید نێردرابو و تیایدا گوتبویان کە حیزبەکەی —کاظم قرە بکیر- یارمەتیی شۆڕشگێران دەدا، لەواقیعیشدا لەلایەن حیزبە ئایینیەکەوە زۆر هان درا"[23]

(چانیتزون) وتارێکی دوای لەناوبردنی شۆڕش بە ماوەییێکی کەم نوسی و تیایدا دەڵێ" هۆیە بنەڕەتییەکانی شۆڕشی کورد سروشتێکی ئیداری و ئایینی یان هەیە. بزوتنەوەکە لەبنەڕەتدا بۆ گەڕانەوەی دەربەگایەتی کوردیی دژبە دەوڵەت بو، وەك ناکۆکیەك وابو لەنێوان تورکیای کۆنی پابەندی رێ و شوێنی ئیسلامیی کۆن و تورکیای نوێی ئازادیخوازی عەلمانی"[24]

(٢٢) (اوغست ریتر فون کرال) August Ritter von kral خاکی کەمال ئەتاتورك- کینیت نبیون- کردویەتی بەئینگلیزی بە ناونیشانی Kamal At aturks Land ڤیەنا ١٩٣٨ ل ٢١

(٢٣) سرتلفورد ووف Sir Telford Wangh لە کتێبی تورکیای دوێنی و ئەمرۆ و سبەی ) Turky Yesterday,Today and Tmorrow لەندەن ١٩٣٠ ل٢٦٣

(٢٤) وتارێك لە ١٥/ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٥ لە ریڤیودی پاریس شۆڕشی کورد Linsurrection Kurds

نوسەر بەردەوام دەبێ لەنوسینەکەیدا شۆڕش وەك بزاڤێکی کودەتای بەرهەڵستکاری حکومەتی- الجون تورك- دەخاتە روو و بەتەقینەوەی دەمارگیریەکی ئایینی ناوی دەبا کە ئیسلامی هەڵکردوە و سوورە لەسەرگەڕانەوە بۆ پیادە کردنی شەریعەتی ئیسلامی".

رامبو[٢٥] وەڵامی (چانتیزون)ی دایەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە هەر یەك لە دواکاری گشتی و سەرۆکی دادگا بە جۆرێ روونیان کردەوە لەکاتی دادگایی کردنی شێخ سەعید و هاوەڵانیدا کە هیچ گومانێ نامێنێ لەوەی هۆی گرنگی شۆرشەکە نەتەوایەتی بو و پاشان بە گاڵتە پێکردنەوە دەڵێ"ئایا مسیو (چانیتزون) لەداواکاری گشتی و سەرۆکی دادگا زیاتر ئاگای لە مەسەلەکە هەبو؟"

بەڵام سەرچاوە کوردیەکان وەك چاوەروان دەکرا خەریك بو پێناسەی نەتەویی شۆڕشەکەیان لەناو دەبرد (توینبی) توشی سەرسوڕمان و دوودڵی هاتبو کاتێ کە دەیویست هەردو هۆکاری نەتەوەیی یان ئایینی بەراورد و زال بکا بەسەر ئەوەی دیکەدا کاتێ هەوڵی ئەوەی دەدا شۆڕشەکە هەڵسەنگێنێ، ئاماژەی بەوە دەدا کەزەحمەتی ئەم کارە لەوە هاتوە کە سەرچاوەی زانیاری سەبارەت بە بزوتنەوەکە خەریکە هەر هەمووی هەر تورکی بێ کە حکوومەتەکەی هۆی دیاری کراو و قەناعەت پێ کراوی خۆی هەبوو بۆ کەمکردنەوەی لایەنی نەتەوەیی شۆڕشەکە و زیدەرۆیی زۆریش بکا لە دەرخستنی رووە ئایینییە کۆنە پەرستانەکەی بەڵام لە دواییدا دەڵێ

"ئەوەی شایانی سەرنجە ئەوەیە کە شۆڕشەکە نەگەیشتە هاووڵاتیە تورکەکانی (ارضروم) و (طرابزون) و (سامسون)ی کۆنەپەرست و دواکەوتو لەرووی کۆمەڵایەتیەوە کە بەهاوتای دراوسێ کوردەکانیان پابەند بوون بە ئایین و خلافەتەوە، هەر ئەوان دوای چەن مانگێ لە لەناوبردنی راپەرینی کوردەکان لە مانگی تشرینی دووەمدا بزاڤێکی هاوشێوەیان کرد دژی چاکسازیە رۆژاواییەکان کە حکومەتی ئەنقەرە پیادەی دەکرد.

ئەو بۆچوونەی دەیگوت شۆرشی کورد شێوازی سەرکوت کردنەکەی، ململانێی نێوان نەتەوەییە تورکەکان و نەتەوییە کوردەکانەو ململانێی نێوان کۆنە پەرستی و پێشکەوتنخوازی نیە، ئەم زانیاریانە روونی دەکەنەوە کە برادەرێکی تورکی شارەزا دای بە نووسەری ئەم تێ بینیانە سەبارەت بەوەی رویدا و گوتی: کاتێ کە شۆڕشگێڕە کوردەکان چوونە ناو (خربوط) خەڵکی شارەکە هەر هەموویان بە جیاوازیی بیروبۆچوون بیرکردنەوەیان دژیان وەستان بەسەر کردایەتی (نوری أفندی)ی پاڵوێراوی حیزبی کۆماریی پێشکەوتنخواز بۆ هەڵبژاردنە

(٢٥) رامبو، سەرچاوەی پێشو ل ٢٧ بروانە وەرگێرانە عەرەبییەکەی.



تەواوکەرەکەی —الانتخابات التکمیلیە- ئەنجومەنی نیشتیمانی. لە واقیعدا شۆڕشگێڕە کوردەکان لە شارەکە، بۆ رۆژی دوایی هاتنە ناو شار، دەرکران، لەم کارەدا ئیرادەی دەوڵەمەندانی شارەکە کە سەر بە دوو حیزبی سیاسیی بوون یەکیان گرت. ویلایەتی (خربوط)یش — معمورە العزیز- یەکێکە لەویلایەتە هەرە توندڕەوەکانی رۆژهەڵاتی ئەنەدۆل، هەڵوێستی دانیشتوانی ئەم ویلایەتە دەیسەلمێنێ کە شۆڕشەکەهەر هیچ نەبێ خاوەن سروشتێکی ئایینی نەبووە و حیزبی بەرهەڵستکاری تورکیش کە بەرهەڵستیی ئەتاتورك یان دەکرد هیچ پەیوەندیەکی بە شۆڕشگێڕانەوە نەبووە."[٢٦]

کەواتە زۆر بە روونی دەتوانین —لەم حاڵەتەدا-کە بڵێین شۆڕشەکەی شێخ سەعید شۆڕشێکی نەتەوەیی بۆ سەرەڕای ئەو بۆ چونە ئایینی یەی کە هەیبو. بڵاوبوونەوەی چەمکە نوێیەکانی نەتەوە لە نێو خوێندەوارانی کورددا و پەیدا بوونی وە چەپێکی نوێ لە نەتەوەییەکان کە زۆر پەرۆشی بۆ چونەکانیان بوون و بانگەشەیان بۆ دەکرد، ئەمە وایکردبوو کە زۆر هەستیار — حساس- بن دژی هەر هەوڵێك کە بیەوێ نەتەوەکەیان پشت گوێ —انکار- بخا، بێ گومان سەرکوت کردنی چالاکیی نەتەوەیی و قەدەغە کردنی بەکار هێنانی زمانی کوردی دووشت بوون کە زۆر هۆیەکانی تورەیی و رووبەڕوو بوونەوە و بەرەنگاربوونەوەیان دەوروژاند، بە تورك کردنیش —تتریك- مانای ئەوەبوو کە کوردەکان دەبێ ببن بە تورك یەکسان بوو بەوەی داوا لە کورد بکەی کە کوردیەتی خۆی لە بیر بکا. ئەگەر بە جۆرێکی تر بۆی بچین، ئەگەر بە کوردەکان گوترا بەڵێ ئێوە کوردن وەك ئێمە کە تورکین، دەوەرن بەیەکەوە هاوکاریی یەکتر بکەین بۆ چاکسازی، لەوانە بۆ کارەکە بە بڕوای من شێوازێکی دیکە وەربگرێ جیاواز بێ لەوەی هەبوو، رووکردنە رۆژاوا و چاکسازیەکانی کەمالیەکان کە لەگەڵ گیانی سەردەمدا ریك بوون، قەت لای نەتەوەییە کوردەکان مایەی رق لێبوونەوە نەبوو، رەنگە بەهۆی نەزانی و دەمارگیریەوە لای نەخوێندەوارانی کورد و سەرەك هۆزەکان و پیاوانی ئایینی، شتێك بوو کە رقیان لێی دەبووەوە، بە تایبەتی پیاوانی ئایینی کە زۆر دژی ئەو سیاسەتە بوون لە بەر ئەوەی لەگەڵ بڕوای ئەواندا ناتەبا بوو و لەبەر ئەوەش کە هەڕەشەی لە دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی دەکرد، هەروەها دەسەڵاتی سەرەك هۆزە تەقلیدیەکان بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی عەشایر، جگە لەو دەسکەوتانەی —امتیازات- کە خەلیفە دەیدانێ.

(٢٦) توییینی: سەرچاوەی پیشوو. پەراوێزی ٣ ل٥٠٨-٥٠٩,٥

بەبڕوای ئیمانداران هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و کارنەکردن بە شەرعی ئیسلامی دەبێتە هۆی پچڕاندنی ئەو پەیوەندیە دێرینەی برایەتی ئیسلامی کە تورك و کوردی بەیەکەوە بەستبوو بۆ چەند سەدەیەك. ئیستا هەست دەکەن هیچ شتێ نیە بیانبەستێتەوە بە پیاوانی چاکسازیخوازی کەمالیەکان کە ئەوانیش لای خۆیانەوە هەموو پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئیماندارەکاندا پچراند. سەرچاوەی ناروونی و سەرسامی لای نەتەوەییە کوردەکان و هەموو کوردێکیش، ئەوە بوو کە چەن سەدەیێکە دراوسێکانیان پێیان دەڵێن کورد، کەچی ئەم حکوومەتە تازە رۆژاواییە پێیان دەڵێ لە ئیستە بە دواوە ئێوە کورد نین بەڵکو تورکن. ئەم ئینکار کردنی نەتەوەیە لای کوردەکان یەکسانە بە هەڵگەڕانەوە, ئەمەش کارێکە پێیان قبوول ناکرێ. بەمجۆرە هەستی نەتەوایەتی کوردی لەو قۆناغەدا. هەرچەندە زۆربەی نەتەوەییەکان ئەو مەیلە ئایینیەی خەڵکەکەیان نەبوو، بەڵام گومانیشی تێدا نیە کە ئەو مەیلەیان هان دەدا تا ئەو رادەیەی دەبوە هۆی یەکخستنی رۆڵەکانی نیشتیمان لە کاتێکدا کە نیشتیمان بە ترسناکترین قۆناغی خەباتی نەتەوەیی خۆیدا تێدەپەڕێ، بۆیە ویستیان کات لە دەس نەدەن ئەم هاوپەیمانەی هێزێکی مەزنە بۆ خزمەت کردنی مەسەلەکەیان بقۆزنەوە، ئەمەش شتێکی رەوایە. ئەمەش یەکەم بۆنە نەبوو کە ئایین بۆ مەبەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی بەکار هێنرابێ، چونکە تورکەکان خۆیان زۆر جار بەکاریان دەهێنا وەك هۆیەك بۆ یەکێتی یان جیاوازی — تفرقە- بەو شێوەیە و رێگایەی خزمەتی مەبەستەکەیان دەکات,

گومانی تێدا نیە کە ئەتاتورك دەیگوت بەریتانیای مەزن لە پشت ئەو شۆڕشەوەیە و چەك و ئازوقە بە شۆڕشگێران دەدا. ئەم رقە پەنگ خواردویەی لە وتارێکدا تەقیەوە کە لەبەر دەم ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەدا خوێندیەوە " ئەوەی بارودۆخەکەی خراپتر کردووە ئەوەیە کە ئینگلتەرە لە پشت ئەم رووداوانەوەیە. ئینگلتەرە هەمیشە کوردەکانی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی زیان بە تورکان بگەیێنێ. لە جەنگی گشتیدا جاسوسەکانی خۆی (لورنس) و (نوئیل)ی نارد بۆ ئەوەی هانیان بدەن. شۆڕش بکەن و لە پشتەوە خەنجەر لە تورکیا بدەن. لە رێکەوتننامەی سیڤەردا بەڵێنیان دانێ حکومەتێکی جیاوازیان بۆ دروست بکەن. جاسووسەکانیان ئیستا دووبارە هاتوونەتەوە چەك بە عەشایرەکان دەدەن و هانیان دەدەن. ئینگلتەرە موسل و نەوتەکەی دەوێ. کوردەکانیش کلیلی موسلن و رێگەی گەیشتنن بە نەوتی عیراق، بۆیە ئەم هۆیە بە کار دەهێنێ بۆ ئەوەی تورکیا ناچار بکا واز لە ویلایەتی موسڵ



بهێنێ[٢٧]" ئینگلیزەکان لە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشەوە هەوڵیان دا هیچ بەهانەییێك نەدەنە دەست تورك یان کارێ نەکەن حکوومەتی تورکیا ئیستیفزاز بکاو وای لێ بکا لەشکر رەوانەی ناوچەکانی سنوری ویلایەتی موسڵ بکا و لە دوایشدا بیاننێرێتە ناو ویلایەتەکە بە مەهانەی لە ناو بردنی ئەو کوردانەی لە ویلاتەکەدا هاوسۆزن لەگەڵ شۆڕشگێراندا و یارمەتییان دەدەن لە ناوچەی وان و دیاربەکر.[٢٨]

بەڵام رۆژنامەکانی تورکیا هەر ئاوازی پشتگیریی ئینگلیزیان دەژەند بۆ شۆڕش.

ئەمەش هەموو دەگەڕێتەوە بۆ رێکەوتێکی مێژوویی سەیر. شۆڕش لە کاتێکدا هەڵگیرسا کە لیژنەی لێکۆڵینەوەی نێردراو لە لایەن کۆمەڵی گەلانەوە خەریك بوو دەس بەکار بێ سەبارەت چارەنووسی ویلایەتی موسل.

تورکەکان نەیاندەتوانی سەرەڕای ئەوەی هەموو رۆژنامەکانیان هاوڕا بوون، کە بەڵگەیێکی قەناعەت پێ کەر پێشکەش بکەن ئەوە بسەلمێنێ کە بەریتانیەکان یارمەتی شۆڕش دەدەن، بەڵام بەریتانیەکان زۆر کەڵکیان لە شۆڕش وەرگرت کە لەو کاتەدا هەڵگیرسا، لەبەر ئەوەی هیچ گومانی تێدا نیە کە هۆیەك بوو لە هۆیەکانی دیاری کردنی چارەنووسی ویلایەتی موسل.[٢٩]

---

(٢٧) ارمسترونگ: الذئب الآغبر- گورگە بۆر- مستەفا کەمال- لێکۆلینەوەیەکی وردی دیکتاتۆرە
H-C- Armistrong: Grey Wolf Musafa Kemal: Intimate Study of a Dictator
ل٢٢٥ لەندەن ١٩٣٢

(٢٨) تەعلیقی Morgan لە ٤/ی ئازاری ١٩٢٥ Fo. 371-10867

(٢٩) سەرچاوە رەسمیە سۆڤیەتیەکانی ئەو کاتە پشتگیریی ئەم بۆ چوونەی تورکیایان دەکرد گوایا بەریتانیەکان یارمەتی شۆڕشی شیخ سەعید دەدەن. لە ماددەی (کوردی) دا لە چاپی یەکەمی ئینسکلۆپیدیای سۆڤیەتیدا دەڵێ" شۆڕشەکانی ١٩٢٥-١٩٣٠ و ١٩٣٧" جۆرێك بوو لە پیلانەکانی ئیمپریالیەت کە پیلانیان دەگێڕا دژی بەرژەوەندیەکانی تورك و سۆڤیەت"، بەڵام چاپەکانی دواتری ئینسکلۆپیدیا ئەم قسەیەی دوبارە نەکردەوە ئەمەش بێ گومان گۆڕانی سیاسەتی سۆڤیەت پیشان دەدا سەبارەت بە تورك و کورد. بەڵام سەرچاوەکانی سۆڤیەت لەو سەردەمەدا. پشتگیریی هەڵویستی تورکیایان دەکرد دژی شۆڕش، بۆیە نوسەرە تورکەکان کە دەربارەی تورکیای نوێ دەنوسن دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەرچاوانە.